

# بەشێک لە وتار، وتووێژ و نووسراوەکانی،

## هاوڕێ ناسر باباخانی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ٢٧٢٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

**بابەتی: ساڵی ............... ٢٠١٤ ....... لاپەڕەی: ٧**

١- لە ڕۆژهەڵات، کوردی هەر بڤەیە!.....

٢- شەماڵێک لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات!.....

٣- زەنگێکی مەترسیدار.....

٤- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاری و ئاستەنگەکانی.....

٥- حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵات تەوەرەیی.....

٦- ڕووحانی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بە ٢٠ وشە.....

٧- چاو لە سەرکردە مێژووییەکان بکەن.....

**بابەتی ساڵی ............... ٢٠١٥ ............ لاپەڕەی: ٢٨**

٨- کوردستانێکی "ئەتۆمیزە".....

٩- دێموکراتیزەی دێموکرات.....

١٠- تراویلکەی هیلالی شیعی.....

١١- لە پەراوێزی دامەزراندنی پارتی فێمینیستی کوردستان.....

١٢- دۆخی خەسیوی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات.....

١٣- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش.....

١٤- بەرەو سازدانی گوتارێکی هاوبەش.....

١٥- خامنەیی و سڕینەوەی سیاسەت.....

١٦- گەورەتر لە حیزب!.....

١٧- بژاردەکانی کۆمەڵگا و کەلێنەکان.....

١٩- دەروازەیەکی نوێ بۆ خەبات.....

٢٠- شار وەک شاخ!.....

٢١- دێموکرات بێ منەتە.....

٢٢- بە پێکهاتەیی کردنی بەشداریی سیاسی.....

٢٣- بۆم بکەنە کەچەڵەکە!.....

٢٤- نامەیەک بۆ شەهید دوکتور قاسملوو.....

٢٥- خاک مەیلبڕە؟.....

---

**بابەتی: ساڵی ................. ٢٠١٦ .......... لاپەڕەی: ٩٠**

٢٦- ترسی ڕۆشنبیری کورد!.....

٢٧- دیسان بەزمی هەڵبژاردن لە ئێران!.....

٢٨- کۆماری ئیسلامی بەراوەژوو!.....

٢٩- ئێرانی پاش هەڵبژاردنەکان.....

٣٠- لە خولیای پێچ‌بەسەرەکانەوە تا سەرڕووتەکانی سەردەم!.....

٣١- بارزانی وەکوو ڕاسپێردراو.....

٣٢- گورگە درۆزنەکان.....

٣٣- کتێبەکان بسووتێنن.....

٣٤- بۆچی کودەتا سەری نەگرت؟.....

٣٥- سێ کوچکەیەک بۆ خەبات.....

٣٦- هەواکە دەگۆڕدرێ؟.....

٣٧- باباخانی: یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ساز بوونی گوتارێکی ڕۆژهەڵاتی کە دەتوانێ دواجار خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا..... دیمانەی ناوەندی ڕۆژی کورد.....

بابەتی: ساڵی ................. ٢٠١٧ ........ لاپەڕەی: ١٠٧

٣٨- ڕۆژهەڵات لە هەناوی باشووردا.....

٣٩- خولانەوە لە بازنەی هەڵبژاردنەکاندا.....

٤٠- «کوردستان»، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان!...

٤١- کڵاوەکە بۆ لای ئێران خوار دەبێتەوە؟.....

٤٢- چەهچەهەی بولبول و شمشێری مەلا!.....

٤٣- کاک سدیق کۆمان دکاتەوە!.....

٤٤- گەورەتر لە حیزب.....

٤٥- بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە ڕکەی فکری و ڕێکخراوەییدا.....

٤٦- ناسیۆنالیزمی سەر شەقام.....

---

بابەتی: ساڵی ................. ٢٠١٨ ................ لاپەڕەی: ١٣٣

٤٧- هێلکەکەی کۆماری ئیسلامی.....

٤٨- زمانەوانی.....

٤٩- ئەم «قەڵا»یە لەبن نایە.....

٥٠- هەر بە بیانووی زمانەکەمانەوە! (بە بۆنەی دووی ڕەشەممە).....

٥١- دیمانە: مەنسوور مروەتی کوردستان» ئێستاش پارێزەری زمانی کوردییە.....

٥٢- زەینی کاریزما و یەکێتی نەتەوەیی!.....

٥٣- پێشمەرگە مەندیل سپییەکان.....

٥٤- تارمایی ژورنالیزمی زەرد بەسەر کوردستانەوە!.....

٥٥- لێکترازان.....

٥٦- چێگواراکان!.....

٥٧- ڕەسووش بارگەکەی تێک نا.....

٥٨- هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵا.....

٥٩- من لە ماڵ نەهاتمەدەر!.....

٦٠- بەرەو سەرەتای خەباتێکی نوێ!.....

٦١- شەقام، سارێژکەری زام!.....

٦٢- ڕێژیم دووانەی «حوسێن - یەزید»ی کردووەتە گوتاری قوتاربوون لە هەموو دۆخێکی قەیران... دیمانە: شەونم هەمزەیی.....

---

**بابەتی: ساڵی** ................. **٢٠١٩** ........... **لاپەڕەی: ١٧٨**

٦٣- ئەوان و کۆمارەکەی ئێمە.....

٦٤- پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور!.....

٦٥- پێویستیی هەرەوەزێکی گەشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بە دژی کۆماری ئیسلامی.....

٦٦- شەقام لە پشت "قەڵا".....

٦٧- خولانەوە لە بازنەی خیانەتدا!.....

٦٨- ئەم بزووتنەوەیە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ! ... دیمانە: عەلی بداغی.....

٦٩- دوا پەردەی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیە!.....

---

**بابەتی: ساڵی** ................. **٢٠٢٠** ........... **لاپەڕەی: ٢١٤**

٧٠- پێشەوا، کاریزمایەکی ڕووناکبیر! .....

٧١- واوێژێکی متمانە پێکراو.....

٧٢- شەقام لە پشت قەڵا! .....

٧٣- ئایا کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ؟.....

٧٤- ئەو چوار پەردەیەی دنیایان جوانتر کرد.....

---

## بابەتی: ساڵی ................. ٢٠٢١ ........... لاپەڕەی: ٣٤٣

٧٥- دڵنووسێک بۆ شەهید مووسا باباخانی.....

٧٦- "سروە"ی هێمن، قوتابخانەیەک بە پانتایی کوردستان.....

٧٧- "کوردستان"، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان.....

٧٨- ئەخلاق لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەییدا.....

٧٩- مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی.....

---

## بابەتی: ساڵی ................. ٢٠٢٢، ٢٠٢٣، ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ ........... لاپەڕەی: ٣٧٤

٨٠- ڕاوەستاو لەسەر دوندی مێژوو.....

٨١- گەلاوێژێک بە تامی بەهار! .....

٨٢- کورد وەک مەرجەع !- بە بیانووی مەنشووری جۆرج تاون.....

٨٣- میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی، بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە! .....

٨٤- وانەکانی ژێر سێبەری دارەکە! .....

٨٥- چەمکی سەربەخۆیی‌خوازی لە ئەندیشەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا.....

٨٦- بەرەو خەباتێکی نوێ: گۆڕینی شێواز، گۆڕینی گۆڕەپان و گۆڕینی بەردەنگ.....

---



سەرچاوە Serchawe

**بابەتی: ساڵی ................ ٢٠١٤**

## لە رۆژهەڵات، کوردی هەر بڤەیە!

بە لای فەیلەسووفی ئاڵمانی ماکس ڤێبەرەوە، مۆدێرنیتە بەگشتی وەک دیاردەیەکی ئەوروپایی پێناسە دەکرێ کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هزری کەرەستەییدا هەیە و تەنانەت یورگێن هابرماس پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مۆدێرنیتە تەنیا ئەوروپای گرتەوە و ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی کەم وێنە لەو ناوچەیەدا گەشەی کرد و بەرەوپێش چوو.

پەرەسەندنی زانستی، هونەری، سیاسی و ئابووری لە ئەوروپادا بە ئاراستەی ئەقڵانیەت رێگەی گرتەبەر و ئەم حاڵەتە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا رووی نەدا. هەر بۆیە لە مێژوونڤیساری (نووسینی مێژوو)ی کلاسیکی ئەوروپاییدا، ئەوروپا وەک ناوەند سەیر دەکرا و مێژووی نەتەوەکانی دیکە وەک پێشەکی دەهاتنە ئەژمار بۆ مێژووی گۆڕین!

بەڵام ئەمڕۆ هەندێ کۆمەڵناس لەسەر ئەو باوەڕەن لەبری مۆدێرنیتەیەک کە ڤێبەر پێیوابوو تەنیا و تەنیا تایبەتە بە ئەوروپا (تەنانەت هابرماسیش وا دەڵێ) دەبێ باس لە چەند مۆدێرنیتەیەک کە من بە "مۆدێرنیتەی چەندبنەکی" ناوی دەبەم، بکرێ. چون لەڕاستیدا مۆدێرنیتە بەپێی مێژوو، فەرهەنگ، زمان و تەنانەت دین و.. لە هەر ناوچەیەکدا فۆڕم و هێماگەلێکی تایبەت بەخۆیەوە دەبینێ.

ئەم پاوانخوازییە لە چەند دەیەی رابردوودا کەوتووەتە بەر رەخنەیەکی جیددی کە مێژوویەک بە سڕینەوەی "ئەوی دی"، دەیەوێ "خۆی" وێنا بکات.

هەر لێرەدایە کە بیردۆزی ئێدوارد سەعید بە هانامانەوە دێ کاتێک دەڵێ: رۆژئاوا بریتییە لەو "خۆ"یە کە رۆژهەڵاتی وەک "ئەوی دی" ساز کردووە بۆ سەپاندنی گوتاری خۆی وەک گوتاری زاڵ. دیارە کە ئەم رەخنەیەش وامداری مەعریفەناسی پۆست مۆدێرنیسمە کە باس لە نەبوونی حەقیقەتێکی یەکە دەکا و لای وایە ئەوە حەقیقەتەکانن کە بوونیان هەیە نەک تەنیا یەک حەقیقەت!

دکتۆر حەیدەر شادی پێیوایە مۆدێرنیتەی ئێرانیش بە شێوەیەکی سەقەت چاوی بڕیوەتە ئەم مۆدێرنیتەیەی ماکس ڤێبەر باسی لێوە دەکرد و لەسەر ئەم بنەمایە، رووناکبیری فارس وەک مۆدێلێک مۆدێرنیتەی ئەوروپایی بۆ مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەکاردەبات. لەڕاستیدا پرۆسەی مۆدێرنیتەی ئێرانی کە خۆی وەک چەق و ناوەند سەیر دەکات، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتی پەهلەوییەوە دەستپێکردووە و هەنووکەش درێژەی هەیە و بە توندی بەگژی پلۆرالیزمی مۆدێرنیتەییدا دێتەوە.

٢

دەکرێ چەند مەبەستێکی تایبەت ئاوێتەی مافی خوێندن بە زمانی زگماگی بکەین و چەند پرسیارێک ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێ کە پێیانوایە فارسی زمانێکی بەهێزترە لە زمانی کوردی:

- لە ڕوانگەی زمانناسییەوە: ئایا ناکرێ قایل بەو بنەما سەرەکییە بین کە زمانی کوردی وەک هەموو زمانێکی سەر ئەم گۆی زەوییە دەکرێ زیاتر پەرەی پێبدرێ ئەگەر دەرفەتی خزمەت بەم زمانە بدرێ؟

- لە روانگەی مێژووی ئەدەبییەوە: بەڕاستی لە بەراوردێکی سەرپێیی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ هی زمانی فارسی، بۆمان دەرناکەوێ کە زمانی کوردی ئەگەر نەڵێم دەوڵەمەندترە لانیکەم بە سانایی خۆی لە قەرەی زمانی فارسی دەدا.

- لە روانگەی ئەخلاقییەوە: گریمان زمانی کوردی بە هۆی گوشاری دەسەڵاتی خوونکارەوە نەیتوانیوە گەشە بکات و لەباری ئەدەبی نڤیسارییەوە لاوازە، ئایا لەباری ئەخلاقییەوە ئەمە پاساوێکی گونجاوە بۆ ئەوەی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە ملیۆنان ئینسان زەوت بکرێ؟

- لە ڕوانگەی سیاسییەوە: گەلۆ خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی چ گرفتێک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ساز دەکات؟ بە سەدان وڵات کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین خاوەنی چەندین زمانی فەرمی جیاوازن کەچی نە وڵاتەکەیان رووخاوە و نە بووەتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان!

- لە روانگەی رەوانناسی و کۆمەڵناسییەوە: بۆچی رووناکبیری فارس ئەم شێوە روانینەی هەیە بۆ زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەی ئێران؟ رووناکبیرێک کە لەهەمبەر فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی رۆژئاوایی باوەڕی بە پلۆرالیزمی

فەرهەنگی هەیە، بەڵام کە دەگاتە نەتەوەکانی دیکەی ئێران حاشا لەم پلۆرالیزمە دەکا.

- لە روانگەی یاساییەوە: لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا بە راشکاوی بە تێکڕای دەنگ (بەبێ یەک دەنگی دژبەر) ئەسڵی ١٥ی ئەم یاسایە پەسەند دەکرێ کە لەودا ئاماژە کراوە بەوەی دەبێ خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوەکانی دیکەش ئازاد بێ، کەچی پاشی ٣٥ ساڵ ئەم ئەسڵە هەر بڤەیە!

٣

بێگومان بۆ هەر نەتەوەیەک زمان سەرەکیترین پێناسەیە و سەرەتاییترین مافێکە کە بۆ مرۆڤ دیاری کراوە و لە زۆر جاڕنامە و مەنشووری نێونەتەوەییدا سەلمێنراوە و تەواوی پسپۆڕانی بواری زمانناسی کۆکن لەسەر ئەمە کە فێرنەبوونی زمان تا چ رادەیەک شوێنکەوتی نێگەتیڤ لەسەر مرۆڤ دادەنێ بەتایبەتی لە سەر منداڵان. بێگومان دەستەواژەی "جینۆسایدی سپی" رێک ئاماژەیەکە بۆ ئەم شوێنکەوتە نەرێنییانە.

ئەگەر پاراستن و پەرەپێدانی زمانی و فەرهەنگی بەهۆی فێرکردنی دووزمانی یان چەندزمانی دروشمی سەرەکی یۆنسکۆیە بۆ رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی وەک مافێکی سەرەتایی، لە زەمانی دەسەڵاتی پەهلەوییەوە تا ئێستا دژایەتی لەگەڵ ئەم دروشمە بەردەوامە.

روانینی نەتەوەی فارس لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا وەک نەتەوەی باڵادەست، بۆ سەر سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد بە تەعبیری ئێدوارد سەعید روانینێکی رۆژهەڵاتناسانە بووە و بەردەوام حەولی ئەوەی داوە شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی لێ بستێنێتەوە و هەر ئەمەش بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سازبوونی ئەم کێشە مێژووییە لەبڕاننەهاتووانەی بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە.

زیاتر لە ٥٥%ی نەتەوەکانی ئێران فارس نین، بەڵام بە تێکڕا لە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان بێبەشن.

٤

ساڵی ١٩٥٢، حکومەتی پاکستان زمانی ئۆردوو کە کەمتر لە ٥%ی خەڵکی قسەیان پێدەکرد وەک زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە رادەگەیەنێ. لە رۆژئاوای پاکستان کە خەڵک بە زمانی بەنگالی قسەیان دەکرد لەدژی ئەم بڕیارە هەستان و رژانە

شەقامەکان و لەو ڕۆژەدا، واتە ٢١ی فێبریوەری، پۆلیس بە شێوەیەکی بێبەزەییانە تەقە لە خۆپێشاندەران دەکات و هەندێ کەس دەکوژرێن. ئەم سەرکوتە فەرهەنگییە لەسەر بنەمای ئینکار و ئاسیمیلاسیۆن تا ساڵی ١٩٧١ درێژەی هەبوو تا وای لێهات بەنگلادیش لە پاکستان جودا بووەوە.

بەم بۆنەیەوە ٢١ی فێبریوەری واتە ٢ی ڕەشەمە لەلایەن یۆنسکۆوە وەک ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی دیاری دەکرێ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی تەواوی زمانەکانی جیهان بەبێ جیاوازی. ئێستا نزیکەی ٢٠٠ دەوڵەت لە دنیادا هەن، بەڵام ٦٠٠٠ زمانمان هەن، ئەوە سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە کە هیچ وڵاتێک لە دنیادا نییە تەنیا بە یەک زمان قسان بکات. چاوخشاندنێکی بەپەلە بۆ سەر وڵاتانی دنیا داکۆکی لەم وتەیەمان دەکات: کەنەدا ٢، بەلژیک ٣، سویسرا ٤، ئەفغانستان ٢، ئیتالیا ٦، هیندستان ٣ زمانی فەرمییان هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەر کام لەم وڵاتانە چەندین زمانی ناوچەیی فەرمییان هەیە. بۆ وێنە هیندستان ٢٢، سوێد ٤، ئۆتریش ٣، نەرویج ٢ زمانی ناوچەیی فەرمییان هەیە. کەچی ئاسایشی نەتەوەییش نەشێواوە و ئەم ڕێزگرتنە لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکە بووەتە هۆی پێکەوەلکانێکی زیاتر نەک هۆکارێک بۆ لێکدابڕان!

## ٥

بڕیاری ئەم دواییەی فەرهەنگستانی زمانی ئێران واتە دژایەتی لەگەڵ خوێندن و نووسینی زمانی نەتەوەکانی دیکە بەڕای من شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەم بڕیارە هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد ڕیشەکەی لە زرە مۆدێرنیتەی ئێرانیدایە، بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر بکەینەوە با زۆر بە کورتی ئاماژە بە هەندێ گرفت بکەین کە لە دنیای ئەمڕۆدا وەک مافێکی سەرەتایی بۆ هەموو مرۆڤێک سەلمێندراوە کەچی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لە ئێران یاساغە، بۆ وێنە: کورد لە ئێران ناتوانێ زۆر ناوی کوردی لەسەر منداڵەکانی دابنێ، بە حەشیمەتێکی زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس تاقولۆق بڵاڤۆکی کوردی هەیە، مرۆڤ هەیە چەندین ساڵە چاوەڕوانی ئیزنی وەرگرتنی بڵاڤۆکێک دەکا، زۆر کتێبی کوردی بۆ چاپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئاودیوی باشووری کوردستان دەبێ، لێکدابڕانی ڕەشبەڵەک لەسەر بنەمای لەناوبردنی نەریتەکان و... بیری زاڵ بەسەر پێکهاتەی فەرهەنگستانی زمانی ئێران بیرێکی شۆڤێنیستییە کە جگە لە زمانی فارسی قایل بە بوونی هیچ زمانێکی دیکە نییە و پێیوایە ئەم داواکارییە یاساییە لە بیرێکی جوداخوازیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ.

با ئەمەش لەبیرنەکەین کە ئەم ویستە ڕاستە سیاسییە، بەڵام بە درێژایی مێژووی نەتەوەی کورد ئەمە دژکردەوەیەک بووە لەهەمبەر ئاسیمیلەکردنی گەلی کورد. سەرەڕای تەواوی ئەو گوشارانەی بۆ تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە، بۆ لەناوبردنی زمان

و فەرهەنگی کراوە، بەڵام قەڵایەک بەناوی ئەدەبی زارەکی لە قاڵبی لایەلایەی دایکان و ڕۆڕۆی خوشکان و چرپاندنی وتەی ئەویندارانەی کچە حەیران و کورە حەیران و بێژەری بەیتوباوەکان و گۆرانیبێژە ڕەسەنەکان شوورەیەکی قایمی بە دەوری زمانی کوردیدا کێشاوە کە هەتاهەتایە پارێزگاری لێدەکات. ئایزا بێرلین گوتەنی هۆکاری سەرەکی گەشەسەندنی نەتەوەخوازی ئاکامی ئەم بە کەمگرتن و جیاوازییەیە کە نەتەوەی باڵادەست بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا دەیسەپێنێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٤

---

## شەماڵێک لە باشوورەوە بەرەو ڕۆژهەڵات!

ئاماژەیەکی نۆستالۆژیک: ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە قوتابی دواناوەندی بووم، زۆر جاران نیوەڕۆیان کە بۆ فراوێن بەرەو ماڵ دەبووینەوە هەمووومان لەسەر سفرە کۆدەبووینەوە. دایکم قابلەمە شۆرباوە بەتام و بۆنەکەی لە تەنیشت خۆی دادەنا و بەشی هەر کاممانی (سێ برا و دوو خوشک) لە قاپەکەمان دەکرد، بابم رادیۆکەی لەلای خۆی دادەنا.. بڕێکی دەست تێوەردەدا.. پاشان.. شمشاڵەکەی قاله مەڕە... چەند ئایەتێک لە قورئان بە دەنگی عەبدولباست... دواتر: ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانه! بێدەنگی باڵی بەسەر سفرەکەماندا دەکێشا... ئیتر ئەوان سەردەمان رووم لە هەر شوێنێک کردبوایە زایەڵەی ئەو دەنگە لە گوێمدا دەلەرییەوە... ئەوەی ئێمە گۆشکراوی ئەم رادیۆیە بوو... ئەمە تەنیا سۆزێکی رۆمانسیانە نەبوو کە لە گۆشەنیگایەکی ئێگزیستانسیالیستییەوە گوزارە لە دڵەڕاوکێکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بکا، بەڵکو گوتارێکی ئاوێتەی حزوور بوو کە باڵی بەسەر تەواوی کەلێن و قوژبنی کۆمەڵگادا کێشابوو.

پێموایە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا چۆناوچۆنە و ئێستا بەرەو چ ئاقارێک دەڕوا. کێشە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بڕستیان لە خەڵک بڕیوە و لە هەموو کاتێک زیاتر بە شێوەیەکی جیددی هەڕەشەی نکۆڵی لە شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی لەسەرە. کۆمەڵگایەکی داخراو کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ئینسانی بێبەش کراوە.

خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان بە داخەوە لە هەمان کاتدا کە لە دۆخێکی خەسیودا ژیان دەبنەسەر، هەر لە دەیەی نەوەدەکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی نائومێدی بوون. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکو ئاماژەم بە نەبوونی گوتارێکە (دواتر باس لەم غیابە- نەبوون- بێدەنگی لەهەمبەر حزوور - بوون - دەکەم) کە لە کۆتایی حەفتاکان تا سەرەتای نەوەدەکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگادا، گوتارێک کە تەنانەت تەواوی رەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و بنەماڵەییشی تەنیبوو. دەستەواژەکانی ئەم گوتارە ببوو بە قەڵای بەرخودانی نەتەوەیی. ئەم گوتارە، گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو، گوتارێک کە گرێدراوی"حزوور" بوو! حزوور بە واتای بوون بە واتای دەنگ!

ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە! ئەم رستە بە رواڵەت ساکارە کە بە دەنگی وێژەرە بە تواناکەی رادیۆی دەنگی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

بڵاودەبووەوە وەها گوڕوتینێکی خستبووە ورەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە کە وەک تاقە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ ساتێکیش لە خەڵک دانەبڕا و بەردەوام لە ناو ماڵ، دووکان، کووچە و مەزرا، کوورەخانە و...هتد حزووری هەبوو. پتەوترین پردی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەهێزترین حیزبی سیاسی ئەوان سەردەمان، پەیوەندییەکی ئۆرگانیک و زیندوو لەگەڵ کۆمەڵگا، پەیوەندییەک لەسەر بنەمای باوەڕ و کوردایەتیەکی بە کردەوە.

تەنیا و تەنیا ئەم رادیۆیە بوو کە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدابێ سەرەڕای پێشکەوتی زانستی و تەکنیکی لە بواری راگەیاندندا وەک کەناڵە ماهوارەییەکان، وێبسایتەکان و...هتد، هیچ کام لەم ئامرازانە نەیانتوانی جێگەی ئەم رادیۆیە پڕبکەنەوە! بێگومان هەروەک ئاماژەم پێکرد هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم "حزوور"ەی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای رۆژهەڵاتدا. ئەم بوونە لەڕاستیدا بوونی نەتەوەیەکی ستەملێکراو بوو و سەلمێنەری ئەو راستییە بوو کە ئەم نەتەوەیە سەرەڕای نکۆڵی و ئاسیمیلەی دەسەڵات بوونی هەیە. هێما فیزیکییەکانی ئەم بوونە پێشمەرگەکانی کوردستان بوون و شەپۆلەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان تەواوکەری ئەم هێمایە بوو. واتە حزووری پێشمەرگەی کوردستان و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران گوزارەیان لە بزووتنەوەیەک دەکرد کە تێکڕای خەڵکی کوردستانی لەخۆدەگرت.

هۆکارەکانی حزوور بۆ غیاب واتە لە بوونەوە بۆ نەبوون، لە دەنگەوە بۆ بێدەنگی کە دواجار بووە هۆی ئەوەی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی تووشی بنبەستێکی ستراتیژیکی درێژخایەن بێ (بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان) زۆرن، بەڵام رەنگە بتوانین بەخێرایی لە چەند هۆکارێکدا پۆلێنبەندییان بکەین وەک:

نەبوونی رێبەرایەتییەکی کاریزماتیک، مەودا گرتنی رووناکبیرانی ناوخۆ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات بە تایبەتی و دواکەوتنی حیزبەکان لە کۆمەڵگا بە گشتی، نەبوونی پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ کوردی نیشتەجێی دەرەوەی سنووری کوردستان تەنانەت لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی باکوور و رۆژئاوا، کزی و لاوازیی راگەیاندنی کوردی تا نزمترین ئاستی خۆی کە تەنانەت نەیانتوانی رۆڵی رادیۆکەی جاران ببینن، ناوچەگەرایی وەک پەتایەکی ماڵوێرانکەر، هەندێ کێشەی تاکەکەسی و ئەخلاقیی تاقمێک کە تا ئاستی نەتەوەیی بەرز کرانەوە تەنیا بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی کە لە ئاکامدا بوونە لەمپەری دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و دواجار بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی سیاسی نادێموکراتیک، لەکەناری ئەمانەوە گەشەی سیاسی لە باشوور و باکووری کوردستان وەک دوو گوتاری شوێندانەر کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لایەنگری خۆی پەیدا کرد. هەروەها ئەو بارودۆخەی کە لە باشووری کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی وەدیهات و پاراستنی ئەم دەسکەوتە وەک بایەخێکی نەتەوەیی سەیر کرا. ئەمە کۆی ئەو خاڵانە بوون کە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆیان بۆ حیزبەکان خوڵقاندووە.

ئیتر وردە وردە دابڕانێکی گەورە لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگەدا ساز بوو، ئیدی رادیۆش نەیتوانی ئەم کارکردەی کە پێشتر هەیبوو سەرلەنوێ بخاتەوەگەڕ، چون لەڕاستیدا ئەمە زۆریش ئاسایی بوو، واتە پێشمەرگەیەک لەگۆڕێدا نەبوو نە لە شار و نە لە دێهات تا وەک هێما و رەمزی نەتەوەیی درێژە بەم گوتارە بدات. ئەم بۆشاییە رادیۆشی پەکخست. دیارە دەکرێ لە زۆر لایەنەوە پاساوی ئەوە بێنینەوە کە بڵێین ئێستاش گوتاری نەتەوەخوازی بە تەواوی کەموکوڕییەکانیەوە هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە کەمتر بەرهەمی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە و زیاتر گوتارێکی بەرگریخوازانەیە لەهەنبەر گوتاری نەتەوەی باڵادەست کە حەولی سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی دەدا.

خەڵکی کوردستان لە رۆژهەڵات بە تێکڕایی هەست بەمە دەکا کە خەباتی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چیتر ناتوانێ وەک سەردەمی ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٩٠ بێت و تازە بە جۆرێ خووی بەم غیابەوە گرتووە. ئەم وەچەیەی دەگاتێ لەگەڵ هێماکانی گوتاری ئەوان سەردەمان نامۆیە، هەربۆیە هیوادارە لە نەبوونی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای وڵاتدا، ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بتوانێ گوتارە زاڵەکەی دەیەی هەشتا و نەوەد پڕبکاتەوە، بەڵام بە هۆی ئەو هۆکارانەی باسکردن حیزبەکانی رۆژهەڵات تا ئێستا نەیتوانیوە بەدیلێک بۆ ئەم گوتارەی گۆڕین بدۆزنەوە.
ئەو گوتارەی وەک گوتاری بێدەنگی باسی لێوەدەکەین، خۆی لە خۆیدا دەستەواژەیەکی دژوازە و راستەوخۆ هەستی پێناکرێ، بەڵام زۆر جاران هەندێ رووداو لەمیانەی غیابدا شرۆڤە دەکرێن، ئێمە بۆ دەڵێین غیابی گوتاری نەتەوەیی؟ ئەم غیابە مانادارە، چون هەر شتێک کاتێک بوونی هەیە کە غیابێکی رێژەیی هەبێ، کەوابوو ئەم غیابە، ئەم نەبوونە، ئەم بێدەنگییەی ئێستا زۆر مانادارە، چون پێشتر حزوور و بوونێک هەبووە، بۆ هەستکردن بە پڕیی پەرداخێک دەبێ بزانی بەتاڵبوون چییە؟ کەوابوو راستە گوتاری نەتەوەیی نەماوە، بەڵام بێگومان گوتاری بێدەنگی وەک ئەودیوی دراوەکە بوونی هەیە.
رەنگە گوتاری گۆڕین سەرلەنوێ بە فۆڕمی پێشووەوە سەرهەڵنەداتەوە، چون ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکردن لەمپەرن لەسەر رێی سازبوونەوەی و لەلایەکی دیکەوە هاوکێشە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی و ناوچەکەش هەواڵی بارینی بارانیان پێ نییە! بەڵام گوتاری بێدەنگی کە باڵی کێشاوە بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە باوەڕی من گوتارێکی زیندووە و وەک ژیلەمۆی بن خۆڵەمێشە و نەرمەبایەکی پێویستە بۆ گەشانەوە. ئەمەش مسۆگەر نابێ مەگەر بە سازدانی گوتارێکی هاوبەشی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە دواجار ئەم گوتارە هاوبەشە دەبێ رەگئاژۆ بکاتە ناوخۆی وڵاتەوە. ئەگەر وتە بەناوبانگەکەی دکتۆر قاسملوو وەبیربێنینەوە کە دەیگوت: ئێمە حیزبێکی مەسئوولین، با ئەم بەرپرسیارێتییە دیسان هەر بکەوێتە ئەستۆی میراتگرانی ئەو شەهیدە، واتە هەردوو باڵی حیزبی دیموکرات. خەڵک چاوەڕوانن... با ئەم شەماڵە لە باشوورەوە بەرەو رۆژهەڵات هەڵبکات!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# زەنگێکی مەترسیدار

یەکێک لە هەرە گرینگترین پێوەرەکانی وڵاتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتوو، هێما (ئیدێکس)ی ئازادیی دەربڕینی بیروڕایە کە بەهۆی ڕۆژنامەنووسانەوە دێتە ئاراوە، واتە پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتی لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەنووسان و دەسەڵاتی دیموکراتیکدا هەیە، هەر ڕادە میدیا و ڕۆژنامە ئازادتر و سەربەستتر بن ئەوا ئەم وڵاتە سیمایەکی دیموکراتیکتری هەیە. ڕێکخراوەی پەیامنێرانی بێ سنوور (RWB) وەک ڕێکخراوەیەکی جێی متمانە و باوەڕپێکراو لەسەر ئاستی جیهان، لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ ساڵی ٢٠١٤، ڕیزبەندی سەرجەم وڵاتانی دنیای لە باری ئازادی ڕۆژنامەنووسانەوە لەسەر بنەمای ئەم هێمایانەی خوارەوە دیاری کردووە کە بریتین لە: بوونی بیروڕای جیاواز لە میدیاکاندا، سەربەخۆیی میدیاکان لەهەمبەر هێزە سیاسی، ئابووری، ئاینی و نیزامییەکاندا، لێهاتوویی ئەو چوارچێوە یاساییانەی کە چالاکی ڕاگەیاندن ڕێکدەخەن، شەفافیەتی ئەو دامەزراوانەی کە چاودێریی چالاکیی ڕاگەیاندنن، توانایی و وزەی ئەو ژێرخانانەی کە خاوەنداریتی لە چالاکیی ڕاگەیاندن دەکەن و هەروەها فەزای گشتی کە تێیدا کاری میدیایی دەکرێ. لەو ڕاپۆرتەدا فینلاند، هۆڵەندا و نەرویج بە پلەی یەک تا سێ دێن و هەروەک جاری جاران وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دوایین پلەکانی ڕیزبەندی ئەم ڕێکخراوەدان.

بە هەڵکەوت خاڵی سەرنجڕاکێش لەناو ١٨٠ وڵاتی دنیادا پلەی ئەو وڵاتانەیە کە نەتەوەی کورد تێیاندا دابەش بووە: تورکیا بە پلەی ١٥٤، ئێران بە پلەی ١٧٣، عێراق بە پلەی ١٥٣ و سووریا بە پلەی ١٧٧!!! دیارە حەوجێ بە گوتن ناکات لەم چوار وڵاتەدا کورد بەردەوام بووەتە قوربانی جینۆساید و تیرۆریسمی دەوڵەتی و دنیاش ئاگاداری ئەم غەدرەیە.

ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ژێر توندترین گوشار لەم وڵاتانەدا خەریکی ئیشن و دواجار کونجی زیندان جێگایانە و دیارە دنیای دیموکراتیک و خوازیاری ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ بەهۆی ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ئاگاداری ئەم کێشانەیە، لێرەدا دەبێ کورد ئەم هەلە بۆخۆی بقۆزێتەوە و خۆی لەم وڵاتانە جیاواز نیشان بدات هەرچەندە با ویژدان سەنگی مەحەک بێ ئازادی دەربڕینی بیروڕا، ڕادەی بڵاڤۆکی کوردی و میدیا و ڕۆژنامەنووسانی ڕەخنەگر لە ژێر چەتری دەسەڵاتی کوردیدا لەچاو ئەم چوار وڵاتەی باسمان لێکرد تەنانەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زیاترە و ئازادتر خەریکی کاری خۆیەتی، بەڵام ئەگەر کورد بەدووی وەدیهاتنی خەونە لەمێژینەکەیەتی دەبێ زۆر وشیارانە لەگەڵ دۆخی ئازادیی میدیا و ڕۆژنامەدا مامەڵە بکات کە ئەمە دواجار دەبێتە هۆی پاڵپشتێکی بەهێز بۆ مسۆگەربوونی ئامانجە گەورەکانی. هەروەک ئاماژەم پێکرد لەسەر بنەمای هێماکانی گۆڕین کە باسکردن لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕادەی

دیموکراتیکبوونی "وڵات"ێک هەڵدەسەنگێنن.

دەمەوێ ئەم باسە گرێبدەم لەگەڵ راپۆرتەکانی چەند رێکخراوێکی نێونەتەوەیی لەسەر بارودۆخی رۆژنامەوانی لە باشووری کوردستان. لە ٦ی دیسامبەری ٢٠١٣ رێکخراوی نێونەتەوەیی رۆژنامەنووسان (IFJ) لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا راستەوخۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکاتە بەردەنگی خۆی و شێلگیرانە داوای لێدەکات دۆسیەی کوشتنی رۆژنامەوان کاوە گەرمیانی بە شێوەیەکی جددی بەدواداچوونی بۆ بکات. لە کۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵدا رۆبێرت ماهوون جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (CPJ) سەردانی باشووری کورستان دەکات و بە دەربڕینی هەندێ دڵەڕاوکێی ئەو رێکخراوەیە لەسەر بارودۆخی رۆژنامەوانان لە باشوور نیگەرانی خۆی دەردەبڕێ. هەر بۆیە کاتی گەڕانەوە لە راپۆرتەکەیدا راستەوخۆ باس لە پێشێلکاری مافی رۆژنامەوانان دەکات و بە تایبەتی کوشتنی سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی دەخاتە بەر باس.

لەلایەکی دیکەوە راپۆرتی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور (RWB) سەبارەت بە پێشێلکاری مافی رۆژنامەنووسان بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی حیزبییەوە واتە PDK لەهەمبەر PYD دێتە ئاراوە. (لە پەراوێزدا ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە بەر لەم راپۆرتە هەر ئەم رێکخراوەیە لە راپۆرتێکی دیکەدا گوشارەکانی PYDی لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای کوردستان بۆ سەر میدیاکاران و رۆژنامەوانان بە توندی ئیدانە کردبوو. یان هەر لەم پەیوەندییەدا لەم دواییانەدا موگەنس بژەرگارد سەرۆکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی ئەورووپا (EFJ) نیگەرانی خۆی بەرامبەر بارودۆخی پەیامنێران لە رۆژئاوای کوردستان دەربڕیوە. نموونەیەکی دیکە راپۆرتە تێروتەسەلەکەی هیومان رایتس ووچ (HRW)ە کە دەستەواژەی "پێشێلکاریی مەترسیدار" بەکاردەهێنێ سەبارەت بە ئەشکەنجە و دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و چەکدارکردنی منداڵانی تەمەن خوار ١٨ ساڵ).

دیارە هەر لە راپۆرتەکەی لیژنەی سەرۆکی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان (CPJ)دا باس لە چەند خاڵێکی ئەرێنیش کراوە کە ئۆمێدبەخشە کاتێک دەڵێ: بە شێوەیەکی رێژەیی هەرێمی کوردستان خاوەنی رۆژنامەگەرییەکی بەهێزە و بە پێی ستانداردەکانی ناوچەکەش ئازادە. بەڵام هەروەک باسمکرد راپۆرتەکانی ئەم رێکخراوانە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سیمای دیموکراتیکی دەسەڵاتی کوردی بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، هەر بۆیە کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بن ستانداردەکانی رۆژنامەوانی بەرزتر بکەنەوە، چونکە بێگومان کوردستان نە ئێرانە، نە عێراقە، نە تورکیایە و نە سووریایە. کوردستان کوردستانە و خەونی دواڕۆژی کاتێک دێتە دی کە خۆی لە قەرەی وڵاتانی ئازاد و دیموکراتیک بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٤

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاری و ئاستەنگەکانی

ئەگەرچی بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چ لە باری چۆنایەتی و چ لە باری چەندایەتییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو تووشی نوشست و نزمی بووە، بە تایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا، بەڵام خاڵی هاوبەشی سەرجەم قۆناغە خوێندکارییەکان لە ئێستا و ڕابردوودا دەگەڕێتەوە سەر هەوڵێکی پیرۆز و ئارمانخوازانەی تایبەت بە لاوانی خوێندکاری کورد کە ئەویش بریتییە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەلماندنی پێناسەیەکی نەتەوایەتی. ئەگەر بە پێی بیردۆزییەکی "ئالێن تۆرێن" بێت کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سێ بنەمای شوناس و دژایەتی و گشتگیربوون دامەزراون، ئەوا بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیش وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی، داکۆکی لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دەکات.

بێگومان بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی بەردەوام بەشێک بووە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هێربێرت مارکووزە گوتەنی بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر هۆکارێک بووە بۆ گەشە و نەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و لە هەمان کاتیشدا دەنگ هەڵبڕینێکی گشتی. کە سەیری قۆناغەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەی لە سەرجەم قۆناغەکاندا سەرەڕای هەوراز و نشێوەکانی، ئەم وتەیەی مارکووزە بەتەواوی بەدی دەکرێ. ئەگەر قایل بە پۆلێنبەندییەکی گشتی بین،

**دەکرێ ئەم قۆناغانە بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکەین:**

**سەردەمی کۆماری کوردستان:** لەم قۆناغەدا چەندین کەس وەک خوێندکار بۆ باکۆ بەڕێدەکرێن بۆ خوێندن، چوونی گەنجانی کورد وەک خوێندکار بۆ ئەوروپا، بەشداری لە خەباتی ساڵانی ١٩٤٦ - ١٩٤٧ لەسەر دەستی چەند سیمایەکی ناسراوی خوێندکاری و دواجار پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی سەردەمی دەوڵەتی ئیسلاحات کە ڕەنگە پرشنگدارترین قۆناغی ئەم بزووتنەوەیە بێت. سەردەمێک کە (حەوزەی عمومی) ئەو بوارەی بۆ ڕەخسا زیاتر پەلوپۆ باوێ بۆ ناو کۆمەڵگا و هەر بەم پێیەش خوێندکارە کوردەکان دەورێکی چالاکانە و بەرچاویان هەبێ، بەڵام بە هەرەسی ڕیفۆرمخوازان تەنگی پێهەڵچنرا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم بازنەیە بەرتەسکتر کرایەوە و دواجار بە یەکجاری پەکیکەوت. دیارە لەم نێوەدا لە کزیدانی گوتاری نەتەوەیی و غیابی حیزبەکان تا ڕادەیەک بووەتە هۆی دوورەپەرێزیی ئەم نەوەیە و دیاردەی بەجیهانیبوونیش وەک پەتایەکی گشتی شوێنکەوتی نێگەتیڤی لەسەر خوێندکارەکان داناوە تا کەمتر سەرقاڵی سیاسەت بن!

بەڵام خوێندکارانی کوردی ئەوان سەردەمان دەکرێ وەک نەوەیەکی ڕچەشکێن سەیر بکرێن، ئەوان بە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوە بەتایبەتی ڕێزلێنان لە ساڵیادی قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە، بەڕێوەبردنی شەوەشیعر و هەروەها دەرکردنی بڵاڤۆکی خوێندکاری (زیاتر لە ٥٠ بڵاڤۆکی خوێندکاری) هەرچەند لە سەرەتای ڕێگایەکی ئەستەم و دژواردا بوون، بەڵام توانییان تروسکەیەکی هیوا بخەنە ناو دڵی هاوپۆلان و هاوڕێیانی خۆیانەوە و پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی بکەنە بایەخێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی. تەنانەت توانییان ئەم بیرە لە بازنەی زانکۆشەوە بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری بگوازنەوە. بێگومان گۆڤاری خوێندکاری "ڕوانگە" کە لە زانکۆی پزیشکی تەورێز دەردەچوو نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم هەوڵە بوو.

پێموایە تۆوی نەتەوەپارێزی عەقڵانی لە گیانی خوێندکارانی کورددا بە تەواوی مانا و بە سەرجەم ڕەهەندە جیا جیا و جیاوازەکانی، لە زانکۆکاندا گوورا وە. واتە زانکۆ نەک وەک "شوێن" بەڵکو وەک "کات" لە پەروەردەکردنی خوێندکاری کورددا، دەورێکی حاشاهەڵنەگر دەبینێ، هەر بۆیە بەشێکی بەرچاو لە نووسەران و ڕۆژنامەوانانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی ئەم زانکۆیانەن. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر زانکۆ وەک شوێنێک بۆ خوێندکارێکی ئاسایی خۆی دەنوێنێ، ئەوا بۆ خوێندکارە بزۆز و سەربزێوەکان - ئەوانەی هەر سەرقاڵی دەرس و دەور نین!- نابێتە شوێن، بەڵکو کاتێکە بۆ تێپەڕین تا لە ڕەوتی ئەم مەودا زەمەنییەدا پرۆسەی گۆڕانکارییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی پێویستیان بەسەردا بێت و دواتر لە زانکۆوە بەرەو کۆمەڵگا بینەوە!

لە ساتەوەختی ئێستادا لەگەڵ تەواوی گوشارەکانی ناوخۆ، کاتی ئەوە هاتووە ئەم بزووتنەوەیە پێداچوونەوەیەکی جددی بەسەر خۆیدا بهێنێ و ستراتیژییەکی تۆکمە بۆخۆی دیاری بکات لەسەر سێ بنەمای ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە و لێکۆڵینەوەیی لە ڕابردوو، پێناسەیەکی سەرلەنوێ بۆ چەمکە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێستا و دواتر دۆزینەوەی ڕێکارێک بۆ داهاتوو. دیارە بۆ مسۆگەرکردنی ئەم بنەمایانە کە دەبنە بناغەی خەباتێکی مەدەنی، دەبێ پەیوەندییەکی تۆکمە و دینامیک لەگەڵ ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەوانان و چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی ناوخۆی وڵات ساز بدا. ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستی بزووتنەوە لە بواری تیۆریکەوە بەرزتر بێتەوە و ئەمەش دواجار دەبێتە پاڵپشتی بزووتنەوە بۆ ئەوەی خۆی وەک باشترین نوێنەری ئەندێشە و عەقڵانییەت لە کۆمەڵگادا بناسێنێ. لەهەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی وشیارانە لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری سەرانسەری دەتوانێ قورسایی ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی وڵاتدا زیاتر بکات. دیارە پەیوەندی ئۆرگانیکی خوێندکارە کوردەکانیش بەیەکەوە لە سەرجەم زانکۆکانی وڵاتدا پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

با ئەوەش لەبیرنەکەین ئەگەرچی شێوە ڕوانینی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بۆ پرسی کورد ڕوانینێکی ئەمنییە، بەڵام لە زانکۆکانی دەرەوەی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەم ڕوانینە کەمترە، هەر ئەمەش دەتوانێ

یارمەتیدەریان بێت بۆ ئەوەی بتوانن چالاکتر دەوری خۆیان بگێڕن. وەک دوا وتە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی ئەگەر دەیەوێ لەسەر ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەیی وەک پاڵنەرێک شوێندانەر و کاریگەر بێت، دەبێ بە رەچاوکردنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە دەنگی خۆی لەڕێی میدیا جۆربەجۆرەکانەوە بگەیەنێتە رۆژهەڵاتی کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٤

---

## حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵات تەوەرەیی

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە (ڕۆژهەڵات تەوەرەیی وەک ئەولەویەتی خەبات) دیاری بکات. ئەم بڕیارە سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرە، لە ناخی خۆیدا هەڵگری چەشنێ رەخنەی نێو گوتاری (نقد درون گفتمانی) بوو، واتە بە باوەڕی من حیزبی دیموکراتی کوردستان بوێرانە دەیەوێ چەشنێ سەربەخۆیی تیۆریک و کرداری لە گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکات و بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و سەرجەم حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بڵێت کە نابێ گوتاری ڕۆژهەڵات چیدی پاشکۆی گوتاری باشوور یان گوتاری باکوور بێ و ناکرێ ئەم گوتارانە ئەڵتەرناتیڤێکی شیاو بن بۆ ڕۆژهەڵات.

قۆناغی ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠، واتە سەردەمی د.قاسملوو، بێگومان درەوشاوەترین قۆناغی خەبات بوو، گوتاری ئەو قۆناغە گوتارێکی زاڵ بوو کە بەهۆی سەرکردەیەکی کاریزمی وەک دکتۆر قاسملوو، وردەگوتارەکانی دیکەی خستبووە پەراوێزەوە، گوتارێکی ئارمانخوازانە کە بەشێوەیەکی بەرهەست و نابەرهەست خەباتی شاخ و شاری لێک گرێدابوو. پاش نەمانی دکتۆر قاسملوو، دیسان بەهۆیحزووری پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لەسەر خاکی کوردستان و بوونی ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک دکتۆر شەرەفکەندی خەباتی چەکداری هەر هەبوو.

بەڵام لەپاش نەمانی ئەم دوو ڕێبەرە کاریزمایە و هەندێ هۆکاری دیکە و هەروەها سازبوونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، دەست و پێی ئەم هێزە سیاسییە بە تەواوی دەبەسترێ و ماوەیەکی نێزیک بە ٢٠ ساڵ قرمەی چەکی پێشمەرگە دەوەستێ و بە گشتی چالاکی سیاسی لە جددیەت دەکەوێ و لەسەر بەستێنی عەینی، واتە خاکی کوردستان و لەناو خەڵکدا نامێنێ. هەربۆیە بۆشاییەک لەسەر ئاستی گوتار پێکدێ و ئەم بۆشاییەش بەهۆی دوو گوتاری سەرەکی دیکە پڕدەبێتەوە:

گوتاری باکوور سەرەتا بە دروشمە بریقەدار و شاعیرانەکەی، واتە کوردستانی گەورە بە شێوەیەکی رووکەشیانە و ئاوێتەی هەست توانی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و حیزبەکانیش کاریگەری هەبێ، تەنانەت وەک نموونەیەکی عەینی، فلان حیزب بەرگی پێشمەرگەکانی ڕێک وەک بەرگی گەریلای باکوور لێدەکات بۆئەوەی لە شەپۆلەکە دوانەکەوێ و تیپۆلۆژی رواڵەتیشی بەرەو ئەم گوتارە بئاژۆێ. بەڵام ئەم گوتارە گشتگیرە دواجار بایدایەوە سەر قەناعەتی خۆسەریی دیموکراتیک!

لە ٢٠٠٣ بەملاوە و دوای پەسەندکردنی فیدرالیزم لە عێراق، ئەوە گوتاری باشوورە کە جێ بە گوتاری باکوور لێژ دەکات، تا هەنووکەش چاوەڕوانیی هێزە رۆژهەڵاتییەکان بۆ گوتارێکی هاوچەشنی باشوور بۆ رۆژهەڵات هەر درێژەی هەیە، کەچی ئەم چاوەڕوانییە جگە لە دەستەوەستانی، شکانی کەرامەتی تاکی رۆژهەڵات و خەسیوی، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێنەکەوتووەتەوە، چونکە لەڕاستیدا پێکهاتەی نەتەوەیی، جوگرافیای سیاسی و سروشتی، دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتی ئێران لەگەڵ عێراق بە گشتی جیاوازە و ناکرێ بە پێودانگی باشوور لە کێشەکانی رۆژهەڵات بڕوانین.

دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، بەرەوپێشچوونی پێشاژۆی ئاشتی لە باکوور و سازبوونی کانتۆنەکانی رۆژئاوا، لەسەر پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کارتێکەریەکی ئەرێنییان هەبووە، بەڵام بەگشتی کێشەی کورد دەبێ لە هەر پارچەیەکدا لەسەر بنەما و چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژی رێکاری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی لەم بڕیارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە دەبێ رۆژهەڵات گوتاری خۆی نوێژەن بکاتەوە. گوتارێک کە بە تەعبیری د.خەدیو بتوانێ خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا و ببێتە هۆی دەست لە دەست کردنی چیا و شەقام و زیندان، ئەمانە نیشانەی پشکوتنی بەهاری کوردە. بەڵام رەنگە پرسیارێک لێرەدا قوت ببێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیدا ئەم خەباتە لێک گرێ بدرێ؟

لەلایەکی دیکەوە بە داخەوە چەشنی پەیوەندییەکانی سەرجەم حیزبەکانی باشوور، باکوور و رۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکە کە ئەوەندەی رۆژهەڵات بەدەم خەم و ئازارەکانی ئەم بەشانەوەیە، ئەوان لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات یان بێدەنگن یان زۆر جاران بەربەستن.

کەوابوو بەم هەموو کۆسپەوە دەبێ میکانیزمەکانی ئەم پرۆسەیە چۆن بێ؟ خۆ ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە بەراورد بە سەرەتای هەشتاکان گوتاری رۆژهەڵات زاڵترین گوتاری هەر چوار پارچە بوو، گوتارێک کە بەتەواوی میراتگری گوتاری سەردەمی کۆماری کوردستان بوو، گوتارێکی ناسیۆنالیستی لەسەر چەند بنەمایەکی سۆسیالیستی، کە سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە دەکەی وەک: کۆمار، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، پێشمەرگە، شەهید، نیشتمان، وڵات، ئەندام، ئێستاشی لەگەڵدا بێ گوتاری پارچەکانی دیکەی کوردستان هەر وامداری گوتاری کۆمارن.

تەنیا رێکارێک کە دەتوانێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بیگرێتە بەر، گەڕانەوەیە بۆ گوتاری نەتەوەیی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەمەش مسۆگەر نابێ مەگەر بە سووکە ئاوڕێک بۆ سەر قەندیل! لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی سیاسی



سەرچاوە
Serchawe

کورد دەبێ لە چالاکی جددی و بە کردەوە لە دەرەوە واتە ئەورووپا و ئەمریکا غافڵ نەبێ. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی رووناکبیرانی ناوخۆ و چالاکڤانانی مەدەنی دەبێ لە راستای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت کە بە خۆشییەوە ئەم پۆتانسییلەش لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە.

دیارە چالاکی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییە و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایە کە دەیەوێ دواجار لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێت، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیە کە بۆی هەیە هەموو تاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەرکردنی ئەم مافانە بدات، ئێستا کە دەرەتانی کردەی سیاسی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ناوخۆی وڵاتدا نییە، کردەی مەدنی لە ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشاییە بکاتەوە، ئەم خرۆشە لە شار و ئەو جووڵەیە لە شاخ، سەرەتایەکی شیاوە بۆ نوێژەنکردنەوەی گوتاری رۆژهەڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

## رووحانی و چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بە ٢٠ وشە

وا یەک ساڵ تێدەپەڕێ کە سەرکۆماری ئێران، عەلی یوونسی وەک راوێژکاری تایبەتی خۆی بۆ کاروباری نەتەوەکان و کەمینە ئایینی و مەزهەبییەکان دیاری کردووە بە مەبەستی - بە وتەی خۆی- چارەسەری کێشەی نەتەوەکان و کەمینە ئایینیەکان و... ئەمەش یەکەمجارە وەها پۆستێک لە پێکهاتەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیدا دەستنیشان دەکرێ، بەڵام تا ئێستا هیچ چەشنە هەنگاوێکی بە کردەوە لەلایەن یوونسییەوە نەهاوێژراوە.

بەر لەوەی بپەرژێمە سەر ئەم باسە، هێنانە گۆڕی بابەتێکی پەیوەندیدار بە پێویست دەزانم. دەوڵەتی رووحانی لە سەرەتای دەستبەکاربوونی، مەنشوورێک بەناوی "مەنشووری مافی شارۆمەندی" وەک ئاڵتەرناتیڤێک بۆ "مەنشووری مافی مرۆڤ" دادەڕێژێ، واتە لەم مەنشوورەدا "شارۆمەند" جێی "مرۆڤ" دەگرێتەوە!

لەڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە ئەم مەنشوورە لەسەر بنیادێکی غەیری مافی مرۆڤ دامەزراوە، پرسیار ئەمەیە: بۆ شارۆمەند؟ بۆچی مرۆڤ نا؟ (کارمان بە لایەنی حقووقیی باسەکەوە نییە). هۆکارەکەی دیارە بۆ هەرچی سنووردارترکردنی ویستی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەکانی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە و لە هەمان کاتیشدا موزایەدەیەکی سیاسییە بۆ ئەوەی وا بنوێنرێ کە دەوڵەتی رووحانی بەڵێنەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی بردووەتە سەر، وەک شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ دەڵێ: "بە خوێندنەوەی مەنشووری مافی شارۆمەندی وەبیر مەسەلەی سەرلەنوێ سازکردنی چەرخ کەوتمەوە و پرسیارم لەخۆم کرد گەلۆ پێویستە دیسان چەرخ سازبکەینەوە؟ ئەوەی وەک مەنشووری مافی شارۆمەندی ئاراستە کراوە، پێشتر لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا هاتووە، هەروەها لە کاتی سەرکۆماری خاتەمی لە مەجلیسی شەشەمدا زۆر بە تێروتەسەلی پەسند کراوە، بەڵام هەرگیز نەهاتووەتە واری جێبەجێکردنەوە".

ئەم مەنشوورە ٢٠ لاپەڕەییە سەرەتا بە ئایەتێکی قورئان دەستپێدەکات و پاشان بە وتەیەکی ئیمامی یەکەمی شیعە! ئەم دەسپێکە هەر لە سەرەتاوە مافی ئایین و ئایینزاکانی دیکە پێشێل دەکات.

مەنشوورێک کە قەرارە رێز لە سەرجەم مەزهەبەکان بگرێ، یەکەوڕێ دەیانخاتە پەراوێزەوە. لە کۆی ئەم مەنشوورەدا تەنیا لە دوو بەندی ٣ - ١١٦ و ٣ - ١١٧دا باسی نەتەوەکانی دیکە کراوە، ئەویش لە ٢٠ وشەدا. واتە دەیەوێ گەورەترین

گرفتی ئەم وڵاتە کە زۆر کێشەی ئەمنی لێکەوتووەتەوە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و مەزهەبی، لە کوردستان و ئازەربایجانەوە بگرە هەتا ئەحواز و هورموزگان و بەلووچستان و تەنانەت خۆراسان، تەنیا و تەنیا بە ٢٠ وشە چارەسەر بکات!

لەسەرجەم ئەم مەنشوورەدا مافەکان مەرجدارن و لێکدا لێکدا دەڵێ دەبێ ئەم مافانە لە چوارچێوەی یاسا لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام و یاسای بنەڕەتی بن، ئاسایشی نەتەوەیی تێکنەدا و... ئەم مەرجدارکردنە خۆی لە خۆیدا بەربەستە بۆ ئازادیی بیروباوەڕی جیاواز. ئەحمەد شەهید ڕێپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ئێران لە مارسی ئەمساڵدا گوتی: "مەنشووری مافی شارۆمەندی دەوڵەتی رووحانی توانای وەلانانی ئەو یاسا و سیاسەتانەی نییە کە بووەتە هۆی جیاکاری و هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی". ئەگەر قەرارە بە وتەی یوونسی، لە چوارچێوەی ئەم مەنشوورەدا کێشەی نەتەوەکان و مەزهەبەکانی ئێران چارەسەر بکرێن، ئەوا هیچ دەراوێکی روونی بۆ بەدی ناکرێ.

ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێ، ئیرادەیەکی جیددی لە گۆڕێدا نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەتەوەکان و کەمینە مەزهەبییەکان، چون لەڕاستیدا ئیدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای دووجەمسەرییەک بە ناوی شیعەگەری و ئێرانیچێتی دامەزراوە و جگە لە مەزهەبی شیعە لەگەڵ ئایین و مەزهەبەکانی دیکە هەڵسوکەوتێکی دادوەرانەی نەبووە و لە هەمان کاتیشدا وەک یەکەیەکی گشتی دەڕوانێتە وڵاتی ئێران نەک وڵاتێکی پێکهاتوو لە پاژە جۆربەجۆرە نەتەوەییەکان، کەوابوو باوەڕی بە فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی لە ئێراندا نییە و تا هەنووکەش گەڵاڵەیەکی تایبەتیشی نییە بۆئەوەی تەنانەت بە رواڵەتیش بووبێ هەنگاوێکی بچووک هەڵێنێتەوە.

رووحانی بەڵێنەکانی خۆی نەبردە سەر، ئەمە لەکاتێکدا زۆرترین دەنگی لە ناوچە کوردنشین و سوننەنشینەکان وەدەستخست کە بێگومان ئەگەر دەنگی ئەوان نەبوایە نەدەگەیشتە شەقامی پاستۆر! کە سەیری پێکهاتەی دەوڵەتەکەی دەکەی وەزیر سەهلە، تەنانەت لە کۆی وەزارەتەکاندا یەک یاریدەدەری سوننە یا کورد نابینی، یەک پارێزگاری کورد نابینی، شووڕای راوێژکاری ئەهلی سوننەت کە بەڵێنی دابوو ساز نەدرا و...

بە باوەڕی من بەپێی ئەوەی کە یوونسی خۆی سیمایەکی ئەمنییەتی بووە - وەزیری ئیتلاعاتی دەوڵەتی خاتەمی - ئێستاش هەر بە شێوەیەکی ئەمنییەتی مامەڵە لەگەڵ دۆزە نەتەوەییەکان دەکات و شیاوی ئەم پۆستە نەبوو، لە هەمووان گرینگتر لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەندێ ناوەندی دەسەڵاتدار و توندئاژۆ هەن کە وەک دەست و پەیوەندی رێبەری کۆماری ئیسلامی لەسەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، بەردەوام رێگر بوون لە چارەسەری کێشە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان. ئەزموونی

٣٥ ساڵەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی نیشانیداوە بە هیچ کلۆجێک باوەڕی بە پلۆرالیسمی نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی و مەزهەبی نییە و ئەم چەشنە پۆست و مەنشوورانە ئاسۆیەکی یەکجار دوورەدەستن و لەئاستی دروشمێکی رووکەشیانە تێناپەڕن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

## چاو لە سەرکردە مێژووییەکان بکەن

ئەگەر قایل بین بەوەی کە گوتاری نەتەوەیی گەلی کورد لە تەواوی قۆناغەکانی زەمەنیدا گوتارێکی دوورەپەرێز بووە لە ئاین و ئاینزا، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ چاوپۆشی لەو راستییە بکرێ کە ئەم گوتارە لە رەوتی خۆیدا بە چاوی رێزەوە سەیری ئاینی کردووە. سووکە ئاوڕێک بۆ رابردوو رەنگە بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێت.

سالانی رابردوو کە تەکنۆلۆژیا و مۆدێرنیزم کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواری نەتەنیبوو، هەندێ کەسایەتی بەهۆی جێگە و پێگەی کۆمەلایەتییان سەرچاوەی بڕیار بوون لە ژیانی مرۆڤی کورددا. مەلا و شێخ و سەید بە باکگراوندە ئاینییەکەیان دیارترین سیمای ئەم کەسایەتییانە بوون.

مرۆڤی کورد بەردەوام گیروگرفتە ئاینی و کۆمەلایەتییەکانی لە مزگەوتەکاندا بە بڕیاری مامۆستایانی ئاینی یەکلایی دەکردەوە، یان بۆ چارەسەری زۆر گرفتی دیکەی کۆمەلایەتی و تایبەتی پەنای دەبردە بەر تەکیە و خانەقاکان، واتە ئەم کەسایەتییانە تەنانەت ئەگەر وەک تاکیش لەباری ئاوەز و بۆچوونەوە لە سەرووی کۆمەلانی خەڵکیشەوە نەبووبن، بەڵام پێگە کۆمەلایەتییەکەیان جێگەیەکی تایبەتی پێدەبەخشین.

کە سەیری بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دەکەی، هەر لەسەر بنەمای ئەم پێگە کۆمەلایەتییە و هەروەها لێهاتوویی و بوونی کاریزمایەکی زاتی لە رێبەری بزووتنەوەکاندا، جووڵانەوەکان شکڵ و بیچمیان گرتووە، بۆ وێنە رەنگە بکرێ شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدللای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، سەید رەزا، پێشەوا قازی محەممەد و مەلا مستەفا بارزانی لەم گۆشەنیگایەوە شرۆڤە بکرێن. لێرەدایە کە بۆ ئانالیزی بزووتنەوەکانی پێشوو وەک دیاردەیەک لە روانگەی زانستە کۆمەلایەتییەکانەوە دەبێ دەوری کارگێڕ (Agency) زیاتر رەچاو بکرێ تاوەکو پێکهاتە (Structure). بیردۆزە کۆمەلایەتییەکان لە روانگەی گرنگیدان بە کارگێڕ یان پێکهاتە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەلایەتییەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکدی هەیە، بۆ وێنە پێداگری لەسەر دەوری کارگێڕ یان گرنگیی پێکهاتەی کۆمەلایەتی یان وەک گیدێنز دەڵێ پەیوەندی دەروونی: کارگێڕ↔ پێکهاتە دەکرێ بۆ ئانالیز کەڵکیان لێوەربگیرێ.

لە سەردەمانی زووتردا کە بزووتنەوەکان لەسەر دەستی ئەم کەسایەتییە کاریزمایانە سەریان هەڵدەدا، دەوری کارگێڕ

شوێندانەرتر بوو - بە نیسبەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - کە خۆی لایەنی ئاینی بە زەقی پێوە دیار بوو.

لەڕاستیدا تایبەتمەندی ئەم کەسایەتییانە ڕێگر بوو لەبەردەم دوو شت، هەم پەراوێز خستنی بیری ئیسلامی و هەم توندئاژۆیی ئاینی. لە ڕوانگەی کارگێڕییەوە تەرکیز لەسەر ویست و ئیرادەی تاک واتە کارگێڕ هۆکاری سەرەکی دیاردەکانە و ئیرادەخوازە. بەڵام لە سەردەمانی ئێستادا بەهۆی کاڵبوونەوەی ڕەهەندە کاریزماییەکانی سەرکردەی کورد، ئەوە پێکهاتەیە کە دەوری تایبەت دەگێڕێ.

مەبەستم لە هێنانی ئەم پێشەکییە ئەوەیە کە ناکرێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دیاردەی ئاین پشتگوێ بخرێ، ئەگەر لێرەو لەوێ دەبیستین گەنجانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە تێکەڵ بە جەرەیانە توندئاژۆ و ڕادیکاڵە ئیسلامییەکانی وەک داعش دەبن، پێموایە ڕەچاوکردنی بەستێنی ڕابردووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و کارگێڕەکانی کە فاکتۆری ئاینیان لەبیر نەکردووە، هۆکارێکی بەربەرگریکارانە بێت بۆ پێشگرتن بەم پەیوەستبوونەی تاقمێکی سنوورداری لاوانی کورد بە جەریانە توندوتیژە ئیسلامییەکانەوە. واتە ڕێکار ئەوەیە هەم بەستێن و هەم ئەندامانی بژاردەی کۆمەڵگا دەبێ بواری ئەوە خۆش بکەن کە ئیسلامی میانڕەو بتوانێ پشوو هەڵبکێشێ و بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت، ئەم ڕێکارە تەعبیرێکی ئەمڕۆژینییە لە دیموکراسی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

**بابەتی: ساڵی ................ ٢٠١٥**

## کوردستانێکی "ئەتۆمیزە"

لە زانستی کیمیادا پرۆسەی ئەتۆمیزاسیۆن(Atomization) بریتییە لە شکاندن و وردکردنەوەی هەر چەشنە ماددەیەک بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی واتە ئەتۆم، وەک بچووکترین یەکەی پێکهێنەری ماددە کە بە شێوەیەکی جیا و رەها دێ و دەچێ. جین شارپ گەورە بیردۆز و ستراتیژیستی خەباتی بێ توندوتیژی دەستەواژەی ئەتۆمیزە دەگوازێتەوە بۆ واقیعی هەندێ کۆمەڵگای جیهانی سێیەم.

بە تەعبیری جین شارپ، ئەو خەڵکانەی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا دەژین، چەشنێ ئەتۆمیزەیان پێوەدیارە، واتە لەتوپەت کراون، بە جۆرێ کە توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان بۆ مەبەستێکی هاوبەش نییە. ئاکامی ئەم ئەتۆمیزاسیۆنە دەبێتە هۆی لاوازیی خەڵک و دواجار هەستی متمانە بەخۆبوون و هێز و وزەی خۆڕاگرییان لەناودەچێ. لەم ساتەوەختەدا ئەم ئەتۆمیزاسیۆنەی بەرۆکی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووە، بەڕوونی لە نێو حیزبەکان و ڕووناکبیرانیشدا دیار و بەرچاوە. بە هێنانەوەی دوو نموونە هەوڵ دەدەم ئەم ئەتۆمیزاسیۆنەی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر شەنوکەو بکەم:

### مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە ورمێ

٢٧ زیندانی سیاسیی کورد کە بە تۆمەتی ئەندامێتی لە حیزبەکانی رۆژهەڵات بە ئیعدام و حەپسی درێژماوە مەحکوم کرابوون، لە کردەوەیەکی کەم وێنەدا بۆ ماوەی ٣٤ رۆژ مان لە خواردن دەگرن! لەم ماوەیەدا جگە لە هەندێ باسی میدیایی بەربڵاو لەلایەن دوو باڵی حیزبی دیموکرات و یەک دوو راگەیاندراو هیچ کارێکی ئەوتۆ نەکرا. پەرش و بڵاویی حیزبەکان هەمان تەعبیری ئەتۆمیزاسیۆنی شارپی دێنایەوە یاد کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیانتوانی ئەم هەلە بقۆزنەوە و دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ یەک و دواجار کۆمەڵگای رۆژهەڵات، بۆ ئەوەی بتوانن حەرەکەتێک سازبکەن، بە زمانێکی ساکار تەنانەت خاوەندارێتییان لە زیندانیانی سیاسی خۆشیان نەکرد!

## سەفەری وەفدی پارلەمانی ئێران بۆ باشوور

دانانی بکوژی دکتۆر قاسملو لە پێکهاتەی وەفدی پارلەمانی ئێراندا بۆ هەرێمی کوردستان، خۆی لە خۆیدا لە هەمان کاتدا کە چەشنێ داڕووشاندنی هەستی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بوو، چەشنێ بێڕێزیشی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوە دیار بوو – مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە کە بۆچی ئەم وەفدە بە پێچەوانەی سەرجەم یاساو ڕێسا دیپلۆماتیکەکانەوە لەبری چوون بۆ هەولێر وەک پایتەختی هەرێم سەرەتا دەچێتە سلێمانی و... – لێرەدا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدەبووایە تەنیا وەک بکوژی سەرکردەی حیزبی دیموکرات سەیری ئەم "کابرا"یەیان کردبا، بەڵکو دەبووایە وەک تیرۆریستێک هاتنی ئەویان لەقاو دابا. کەچی نەتەنیا ئەم حیزبانە هیچ دژکردەوەیەکیان نەنواند، بەڵکو دوو باڵەکەی دیموکراتیش وەک هەڵوێستی ڕەسمی هیچ ڕاگەیەندراوێکیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم نەکرد... دیسان دیزە بە دەرخۆنە کرا!

لە هەردوو نموونەدا بە راشکاوی پەرشوبڵاوی، نایەکگرتوویی و ناکۆکیی تا سەر ئێسقان بەدی دەکرێ. ئەتۆمیزاسیۆنی باسکراو تەنیا لەناو حیزبە جۆربەجۆرەکاندا بەدی ناکرێ، بەڵکو تەنانەت لە حیزبێکیشدا ئەم بەربڵاوییە بەڕاشکاوی هەستپێدەکرێ.

ئەم ناتەباییەی نێو حیزبەکان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتیشدا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی ئەوان کە لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا گرفتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بڕستی لێبڕیون، هەر بۆیە ڕووناکبیرەکانیش کە بە شێوەیەکی لەناخدا هەڵگر خاوەنی بیر و هزری نوێن بواری خۆدەرخستنیان پێنادرێ و زۆر هۆکاری دیکە.

ئەگەر لەنێو حیزبەکاندا زیاتر ئاوڕ لە ڕەهەندە دامەزراوەیی و ڕێکخراوەییەکان دراوەتەوە و ڕەهەندە سیاسی و فکرییەکان کەمتر بەسەرکراونەتەوە، ئەوا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە شارەکانی کوردستاندا ڕەهەندی ڕێکخراوەیی پاشگوێ خراوە. هەر بۆیە گوتارێک کە دەبێ لەسەر بنەمای هاوکاریی هەمەلایانە وەک گوتاری هاوبەشی شاخ بەرهەم بهێنرێ، بوونی نییە و ناگوازرێتەوە ناوخۆ. تەنانەت لە ئەگەری بوونی وەها گوتارێکیشدا لەسایەی کۆمەڵگایەکی ئەتۆمیزە بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوە و دامەزراوەی جددی لەناو شارەکان بەستێن و بواری گەشەکردن پەیدا ناکا. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە ستراتیژیکە، پێویستە حیزبەکان لەژێر چەترێکی هاوبەش گوتاری خۆیان شیفت بدەنە نێو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە تەنیا فۆرمۆلی قوتاربوونی کوردستانە لە ئەتۆمیزەبوون!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٥

# دێموکراتیزەی دێموکرات

ڕەنگە گەرمترین باسی سیاسی ئەمڕۆکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی یەکگرتنەوەی دوو باڵەکەی حیزبی دیموکرات بێ. پرسێک کە دەمێک ساڵە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا هەنووکە بەرۆکی گرتووە و وەک مۆتەکە سینگی لەسەر داکوتاوە و لەم ماوە زەمەنییەدا بەشێکی زۆری وزە و هێزی ئەم حیزبەی بەفیڕۆ داوە و بەردەوام لە بری خەباتی سیاسی سەرقاڵی لێکدابڕان و یەکگرتنەوە بووە! خۆ ئەگەر جودابوونەوەی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨ وەک (ئینشیعاب) واتە جودابوونەوەی بەشێک لە حیزبی دیموکرات نێودێر کرا و ئەو باڵانەی لەم دوو جودابوونەوەیە پەیدابوون بە "پەیڕەوی کۆنگرەی چوار" یان "لادەر" ناسێنران، ئەوا ساڵی ٢٠٠٦ داستانێکی تری هەبوو، لەبری "ئینشعاب"، "ئینشقاق" بە واتای لەتبوون ڕوویدا.

ڕەنگە لە دوو جودابوونەوەی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨دا زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قەناعەتێک گەیشتبوون کە ئەوانەی لە حیزب جودابوونەوە لەڕاستیدا لە ڕێبازی حیزب لایانداوە، بەڵام لە دوایین دابڕاندا خەڵک ئێستاشی لەگەڵدا بێ، نە سەلماندی و نە پێمل بوو بەم لێکترازانە. هەربۆیە خەڵک تا ڕادەیەک ڕووی لە حیزب وەرگەڕاند و لە دیموکراتەکان تۆران. ئەگەر لە دوو جودابوونەوەکەی پێشوودا بەهۆی بوونی ڕێبەرێکی کاریزمایی وەک دکتۆر قاسملوو لەگەڵ باڵی سەرەکی، کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ خۆی هێشتەوە، ئەوا جاری سێیەم بۆشایی کاریزمایەک بە سانایی هەستی پێدەکرا.

هەر بۆیە هیچ لایەک نەیتوانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی لەگەڵ بێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە دابڕانی ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨ سەردەمێک بوو کە حیزبی دیموکرات وەک سەرەکیترین حیزبی کوردی لە ڕۆژهەڵات کوانووی شۆڕش بوو، حزووری لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرچاو بوو، هێزی پێشمەرگە لە شار دانەبڕابوو، جیلەکانی ئەوان سەردەمان بە تەواوی گۆشکراوی بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی بوون، بەڵام ئێستا ئەم فاکتۆرانە هەر نەماون، یان زۆر کاڵ بوونەتەوە، هەر بۆیە ناکرێ بە پێوەری ئەو کات بڕوانینە ئەمڕۆ. خۆ ئەگەر یەکەم دابڕان سێبەری خەستی ئایدیۆلۆژیکی پێوە دیار بوو و لە دووەم دابڕاندا سێبەری ئەم جیاوازییانە کاڵتر بووەوە، بەڵام لە لێکترازانی سێیەمدا هیچ گرفتێکی سیاسی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو! دەکرێ بڵێین ئەوەی کە بوو بە هۆکاری دابڕانی دوایی بەر لەهەموو شتێک کەڵک وەرنەگرتن بوو لە میکانیزمە دیموکراتیکییەکان بۆ چارەسەری گرفتە سەلیقەییەکان!

حەوجێ بە گوتن ناکا کە خەسارەکانی ئەم دابڕانە تا چەند زەرەری لە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و

یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە تا چ رادەیەک دەتوانێ ریزەکانی خەبات لەناو شار و شاخدا هاوتەریب بکات. ئێستا کە شەپۆلێکی گەورە ساز بووە لە کۆمەلانی خەڵک و ئەندامانی هەردوو باڵی حیزب و بەتایبەتی سیما ناسراوەکانی گۆڕەپانی سیاسەت کە خوازیاری یەکگرتنەوەن، بۆ ئەوەی بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ، دەبێ ئیزنی رەخنەگرتن و تەنانەت دەربڕینی رای دژوازیش هەبێ لە هەرسێ قۆناغی بەر لە یەکگرتنەوە، لە کاتی دانوستاندنەکان بۆ یەکگرتنەوە و لەمانەش گرینگتر و چارەنووسسازتر قۆناغی پاش یەکگرتنەوە تا ئەم مژارە بە تەواوی خەسارناسی و تاوتوێ بکرێ. بەدەر لەمانەش کۆنترۆڵی رەوانی پرسەکە دەتوانێ لەبەرەو پێشبردنی ئیجابی بارودۆخەکە دەوری سەرەکی بگێرێ. لە سەرجەم ئەم قۆناغانەی باسم لێوەکردن دەبێ دیموکراتەکان، دیموکرات بن بە مانای راستەقینەی وشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٥

# تراویلکەی هیلالی شیعی

سیاسەتی هەناردە کردنی شۆڕش واتە "صدور انقلاب" بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە ئیستراتیژی سەرەکی ئەم حکوومەتە بووە. بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەم سیاسەتە لە هەمان کاتدا کە ویستوویەتی بازنەی نفووزی خۆی لە ناو وڵاتانی دەرودراوسێدا بەربڵاوتر بکا، دەیەوێ ئاست و زەریبی ئەمنییەتی خۆی لە سەر بنەمای بیردۆزی پێشگیری (تئوری بازدارندگی) بەرێتە سەر. بۆ ئەم مەبەستەش لە فاکتۆری مەزهەبی شیعە کەڵک وەردەگرێ و جوغرافیای "هیلالی شیعی" وەک ژێئۆپۆلێتیکی شیعی کردووەتە مەیدانی تەراتێنی خۆی. ئەم هیلالە کە جەمسەرێکی لە لوبنانە و بە سەر سووریە، عێراق، کووەیت، بەحرەین، ئەمارات، قەتەر وڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا خەرمانەی داوە جەمسەرەکەی تری دەگاتەوە یەمەن. واتە پانتایەکی جوغرافیایی بەرین بە حەشیمەتێکی بەرچاوەوە. بە پێی ئەوەی کە گەورەترین سەرچاوەکانی وزەی دنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، ئەم هیلالەش بەشێکی بەرچاو لەم سەرچاوانە لەخۆدەگرێ و دەورێکی گرینگی ژێئۆپۆلیتیکیان هەیە. بۆ وڵاتێکی وەک ئێران زۆر ئاساییە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە حەسارخەڵوەتی ئەم وڵاتانەدا ببینێتەوە و ئاستی ئەمنییەتی خۆی لەمەڕ هەڕەشە دەرەکی و تەنانەت ناوخۆییەکانیشی بەرێتە سەر، بۆ ئەوەش کە بتوانێ شوێن خۆی لەم وڵاتانەدا جێبێڵێ باشترین فاکتۆر هاوتەریب کردنی ئەم وڵاتانە لەگەڵ خۆیەتی کە خەڵکی شیعەمەزهەبیان تێدا دەژی و ڕێک هەمان سیاسەتی شا ئیسماعیلی سەفەوییە کە بۆ بەرهەڵستی ئیمپراتۆری سوننەمەزهەبی عوسمانی، شیعەگەرێتی کرد بە دوکتورینی سیلسیلەی سەفەوی.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەمەیە کە لە کاتی موناقەشەی ئازەربایجانی زۆرینە شیعەمەزهەب لەگەڵ ئەرمەنستانی مەسیحی لە سەر ناوچەی قەرەباغ، چون ئازەربایجان لە دەرەوەی هیلالی شیعەیە کۆماری ئیسلامی لایەنگری لێناکا و ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئێران لە فاکتۆری شیعەگەرێتی بۆ ئامانجەکان و ئەمنییەتی خۆی کەڵک وەردەگرێ و تەنانەت بەرژەوەندی وڵاتانی تری هاومەزهەبی خۆی کە لە دەرەوەی دوکتورینەکەیەتی بە لاوە گرینگ نییە!

ئەوەی کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقێع بەدی دەکرێ ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتانەی لە ناو هیلالی شیعیدان بۆتە هۆی تێکدانی ئاسایش و ئەمنییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکە. لە ڕاستیدا ئەم ناسەقامگیرییە پەیوەندییەکی ئەمئەوێتی لەگەڵ درێژەی تەمەنی ئەم حکوومەتەوە هەیە و زۆر جاران لەم دۆخەی کە خۆی خوڵقێنەرێتی وەک کارتی کایەیەکی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزەکانی جیهان و

لەسەرووی هەمووان ئەمریکا کەڵکی لێوەرگرتووە. دیارە بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەم کارتەش بە میلیادردها دۆلار لە سامانی نەتەوەکانی ئێرانی تێچووی بۆ داوە و بارودۆخی ئێرانی لە باری سیاسی ئابوورییەوە گەیاندۆتە ئەم قۆناغە کارەساتبارەی کە ئێستا هەیەتی.

بەڵام ئەوەی کە لە تەرراحی ئەم دوکتورینەی کۆماری ئیسلامیدا واتە هیلالی شیعی ڕەچاو نەکراوە و دەتوانێ دواجار پارسەنگی هاوکێشەکە بگۆڕێ و بە زەرەری ئێواندا بشکێتەوە،

**چەند خاڵێکە کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:**

**یەکەم:** دیارە هەر لە خودی ئەم هیلالەدا ڕێژەی شیعەکان لە وڵاتانی شیعە بەیەکەوە جیاوازی بەرچاوی هەیە بۆ وێنە ئەگەر لە عێراق و بەحرەین زۆرینەن لە یەمەن، سووریا و لوبنان کەمینەن.

**دووهەم:** لە ناو خودی شیعەکانیشدا کەلێنی سیاسی گەورە بەدی دەکرێ، کە تەنانەت دەگاتە ئاستی دژایەتی کۆماری ئیسلامی.

**سێهەم:** پرش و بڵاوی نفووسی شیعەمەزهەب لە سەر خەریتەی ئەم هیلالە لێکدابڕانێکی جوغرافیایی سازداوە کە دواجار خۆی بەربەستە بۆ بەرنامەکانی ئێران.

**چوارەم:** ساز بوونی تاقم و گرووپە ڕادیکاڵ و توندئاژۆکانی سوننەمەزهەب وەک دژکردەوەیەک لەبەرامبەر شیعەتوندڕەوەکان.

**پێنجەم:** ناوەندەکانی سوننە مەزهەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە زۆرتر گوزارە لە ڕای جیهانی ئیسلام دەکەن (بۆ وێنە ئەلەزهەری میسر وەک باڵاترین ناوەندی زانستی جیهانی ئیسلام و مەککەی عەرەبستان وەک قیبلەی موسڵمانانی جیهان) ڕێگرن لە بەدیهاتنی خولیای سەرکردەکانی ئێران.

**شەشەم:** بیچم گرتنی ناسیۆنالیسمی عەرەبی لەم ناوچەیە بە دوور لە ئینتیمای ئایینی و مەزهەبی کە لە زۆر قۆناغی مێژوویی‌دا کاریگەری خۆی هەبووە.

**حەوتەم:** ڕکابەرێتی نێوان ئایەتوڵڵا سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان و خامنەیی، کە بۆتە هۆی کەلێنێکی بنەڕەتی لە ناو لایەنگرانی هەردوو لادا.

**هەشتەم:** دەوری تورکیا وەک دراوسێییەکی بەهێزی ئێران کە ئەندامی ناتۆشە نابێ لە بیر بکرێ، وتەکانی ئەم داویی‌یەی ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا سەبارەت بەئێران کە دەیەوێ هێژمۆنی خۆی بەسەر ناوچەدا داسەپێنێ گوزارە لەمە دەکا کە دەوڵەتی ئیسلامیخوازی تورکیا هەرگیز ڕازی بەمە نابێ کە وەها هیلالێک بەسەرکردایەتی ئێران شکڵ بگرێ.

**نۆهەم:** عەڕەبستان هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا گەلێک کێشەی گەورە و گچکەی لەگەڵی هەبووە و ئێستاش لە قەیراناویترین پەیوەندی‌دان، عەڕەبستان وەک گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا و سەرکردایەتی دنیای سوننە و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و لێکنیزیک بوونەوەی لە تورکیا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لە بەرگری کردن لە ساز بوونی هیلالی شیعی.

جەختی ئێران لە سەر ئەم هیلالە وەک پشتێندێکی ئەمنییەتی بۆ پاراستنی خۆی ڕەنگە لەم ساتەوەختە قەیراناوییەدا دا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی‌دا تێدەپەڕێ لە کورتماوەدا جواب داتەوە، بەڵام بە ئەهوەن بوونەوەی ناوچە و بە سرنجدان بەم خاڵانەی ئاماژەمان پێدا و هەروەها دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی لە درێژماوەدا ئێران بەتەنیا دەمێنێتەوە.ئەوهیلالە شیعییەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەدوویەوە،تراویلکەیە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی ئەپریلی ٢٠١٥

## لە پەراوێزی دامەزراندنی پارتی فێمینیستی کوردستان

رۆژی ٨ی مارسی ٢٠١٥ حیزبێکی تایبەت بە ماف و داخوازییەکانی ژن لە کوردستان بەناوی "پارتی فێمینیستی کوردستان" دامەزرا. ئەم حیزبە بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک بۆ رای گشتی و هەروەها بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی، باسی ئەو شتانەی کرد کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی حیزبێکی سەربەخۆ بۆ داخوازیەکانی ژنان، بە کورتی باسێک لە کۆمەڵگەی "پیاوسالار" و ئەو بەربەستانە دەکات کە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر رێی ژن و مافەکانی دایناوە.

سەرەتا ئەگەر بەپێی بیردۆزییەکی "ئالێن تۆرێن" بێت کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سێ بنەمای شوناس و دژایەتی و گشتگیربوون دامەزراون، رەنگە نەتوانین قایل بین بەوەی کە شتێک بەناوی بزووتنەوەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کورستان هەیە، دیارە نکۆڵی لە هەندێ هەوڵی پەراگەندە و نارێکخراوەیی ناکەم، بەڵام لانیکەم بەپێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە وەها بزووتنەوەیەک بەدی ناکرێ.

دیارە لەم کورتە وتارەدا بواری باس و لێدوان نییە لەسەرئەوەی کە بەربەستەکانی سەر رێ کامانەن، بەڵام بەگشتی هەر لە بنەڕەتەوە لە ئێرانیشدا بزووتنەوەیەکی وەها نییە!

ئەگەرچی سازبوونی ئەم حیزبە بەرهەمی بۆشاییەکی بەرچاوە لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵام ژنی کورد لەبری پێداگری لەسەر چەندێتی، دەبێ ئاوڕ بداتەوە سەر چۆنێتی. دامەزراندنی حیزب رێک بەمانای باسێکی چەندێتی دێ و بەپێی ئەزموون و بارودۆخی هەنووکەیی ناوخۆی رۆژهەڵات و خودی حیزبەکان، رەنگە هەر لەسەر کاغەز بمێنێتەوە، چونکە "کردەوە" وەک چۆنێتی گرینگە، شتێک کە دەمێک ساڵە مائاوایی لە خەباتی حیزبەکانی رۆژهەڵات کردووە. بۆ وێنە کاتێ باس لە سەرسامیی دنیا دەکەن لەهەمبەر خۆڕاگریی ژنانی کۆبانی، ئەوەیان لەبیرچۆتەوە کە لە کۆبانی ژن و پیاو، شانبەشانی یەکتر پارێزگاری لە شوناسی نەتەوەیی دەکەن و چون بە کردەوە بوونیان هەیە، توانیویانە لەسەرجەم بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، چەکداری و...هتد دەوری خۆیان وەک نیوەی کۆمەڵگا بگێڕن. کەوابوو لەم پاشاگەردانی حیزبییەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا جەخت دەکەمەوە کە دەبێ پێداگری لەسەر چۆنێتی بێ نەک چەندێتی، بۆ وێنە بەرەیەکی یەکگرتوو لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەتوانێ زۆر شوێندانەرتر بێ لەسەر هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ.

واتە دەبێ ژنی کورد هەوڵی ئەوە بدا هاوتەریبی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵات لەسەر

هەندێ مافی سەرەکی و بنەڕەتی پێداگر بێ و دواجار لەپاش بڕینی ئەم قۆناغانە، وزە و هێزی خۆی لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا کەڵکە بکا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی دیکەی. واتە هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ دەبێ ببێتە ستراتیژی چالاکڤانانی ژن. پێموایە ئەم دۆستانە ئەگەر ڕەوتی بزووتنەوەی فێمێنیزم لە ڕۆژئاوا سەیر بکەن، باشتر لە مەبەستەکەی من، واتە ستراتیژی هەنگاو بە هەنگاو تێدەگەن. بۆ مسۆگەربوونی ئەم ئامانجەش پەیوەستبوونی بە حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی پێویستە کە لەودا هێز و توانای خۆی وەگەڕ بخات. چون پەلکێشی ژنانی حیزبەکانی دیکە بۆ لای ئەم حیزبە و بیرۆکەی بوون بە ئاڵتەرناتیڤی حیزبەکانی دیکە لانیکەم بەپێی بارودۆخی ئێستا زیاتر لە دروشم دەچێ تا واقعییەتێکی سیاسی (هەرچەند ڕەنگە مەبەستیشیان ئەوە نەبێ، بەڵام دواجار ئەم ئاکامەشی لێدەکەوێتەوە).

خۆ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە تەواوی قۆناغەکانی خەباتی سەرجەم حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژن پاشکۆی پیاو و لە ژێر گوتاری پیاوسالاریدا بووە و تەنانەت تا هەنووکەش یەک ژن نەبۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسی هیچ حیزبێک! ئەگەر خۆ لەم هۆکارە دیار و ئاشکرا فەرهەنگی، ئایینی و کۆمەڵایەتییانە ببوێرین و لە هەمان کاتدا پیاوی کورد کە بەربەستی سەرەکی بووە لەهەمبەر ژنی کورد، ئەوا ژنی کوردیش وەک تاک نەیتوانیوە دەوری خۆی بگێڕێ، واتە ژنی کورد لەگەڵ قەیرانی تاک بەرەوڕووە و خۆیشی بەربەست بووە. بۆ قوتاربوون لەم دۆخە، ژنی کورد وەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە دەبێ لەسەر بنەمای میکانیزمەکانی خۆدەرخستن بە شێوەیەکی کردەیی و هەنگاو بە هەنگاو نەک تەنیا لە بواری سیاسیدا، بەڵکو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکەی وەک فەرهەنگ، ئەدەب و هونەردا خۆی دەرخا و بوونی خۆی بە کردەوە بسەلمێنێ، ئەمە دەتوانێ دواجار بارستایی و قورسایی ژنی کورد لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان لەناو خودی حیزبەکاندا چەندین قات بەرز بکاتەوە و بگاتە ئەو شوێنەی کە مافی خۆیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

# دۆخی خەسیوی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات

بارودۆخی ڕۆژنامەگەری لە پارچەکانی کوردستان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە جیاوازیی هەیە و بەپێی زرووفی زەمەنی هەڵکشان و داکشانێکی زۆریان بەخۆوە بینیوە. بەڵام بێگومان خاڵی هاوبەشی هەموویان دەگەڕێتەوە سەر داکۆکی لە بوون و ناسنامەی نەتەوەیی.

لێنانی ناوی کوردستان لە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەلایەن میقداد میدحەت بەدرخان لە سەردەم خۆیدا، بێگومان مەبەستێکی سیاسی لەپشت بووە. ئەوکات کە ئیمپراتۆری عوسمانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرد و زۆربەی میرە کوردەکانی لە ئیستانبوڵ دەستبەسەر کردبوو، زۆر سروشتییە ڕووناکبیرانی کورد بە شوێن هەوڵێکەوە بووبن بۆ لابردنی ئەو بارودۆخە و دۆزینەوەی ئاڵتەرناتیڤێکی دیکەی خەبات. هەر بۆیە ئەم ناولێنانە ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردیشی پێوە دیارە، واتە پێداگری لەسەر بوون و شوناسی کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی کوردی بە نەتەوەی کورد. ڕۆژنامەگەری کوردی لەو کاتەوە تا ئێستا لەم ڕێچکە و ڕێبازە لاینەداوە چون تا هەنووکە ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە.

دیارە لە نێوان گەشەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و ڕادەی کراوەیی فەزای سیاسی، پەیوەندییەکەی ئەم ئەوێتی هەیە. هەرکات لە هەر پارچەیەک خەباتی سیاسیی چەکداری برەوی هەبووە، ڕۆژنامەگەری کوردیش بەرەو هەڵکشان چووە.

سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی دڵسۆزانەی ئەو کەس و لایەنانەی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و لە تاراوگە ئەرکی تاقەتپڕووکێنی ڕۆژنامەگەرییان لەئەستۆ بووە، ڕەنگە نەکرێ دەستەواژەی ڕۆژنامەگەری کوردی بە مانا پڕۆفیشناڵەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکارببەین. لەڕاستیدا بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی کاتی خۆی دەرخستووە و بەردەوام و بێ پسانەوە جگە لە چەند قۆناغێکی سنووردار بوونی نەبووە، ناکرێ لەم بەشە قایل بە بوونی ڕۆژنامەگەرییەکی پیشەیی بین.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بۆ چەند هەوڵێک لە ڕابردوودا ڕەنگە بۆ شرۆڤەی باسەکە یارمەتیدەر بێ: گۆڤاری نیشتمان کە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێ کاف بوو، بەرهەمی فکر و هزری تاکێکی بژاردە بوو. ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حکومەتی کۆماری

کوردستان بەرهەمی خەباتی سیاسی نەتەوەیی بوو کە لە بۆشاییەکی دەسەڵاتی سیاسیدا - بە تەعبیری دێڤید مەک داوڵ - دەردەچوو. گۆڤاری سروە، لە ڕاستیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە کوردستان بڵاوبووەوە، ڕێک لەو کاتەدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوانووی شۆڕش بوو. گۆڤار و بڵاڤۆکە خوێندکارییەکانی سەردەمی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی خاتەمی بەرهەمی کرانەوەی ڕێژەیی کەشوهەوای سیاسی بوون لەناوخۆدا. کەوابوو دەکرێ بڵێین گەشەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵات پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ چەندین فاکتەر هەیە کە ڕەنگە بریتی بن لە: کرانەوەی کەشوهەوای سیاسیی ناوخۆ، خەباتی سیاسی نەتەوەیی و هەروەها ڕۆڵی تاکە بژاردەکانی کۆمەڵگا.

بە پێی ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکردن، ئێستا ڕۆژنامەگەریی کوردی چ لەناوخۆ و چ لە تاراوگە، لە خەسیوترین حاڵەتی خۆیدایە. چون نە کەشوهەوای فەرهەنگی سیاسیی ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، نە حیزبە سیاسییەکان لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا توانیویانە لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆ بچووکترین کاریگەرییان هەبێ. ڕۆڵی تاکیش بە گرێدراویی بەم دوو هۆکارەوە گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی. هەرچەندە لە ناوخۆ بەدەگمەن ئەم وزە و پتانسییلەیان هەیە، بەڵام دەسەڵات بەردەوام ڕێگر بووە لەبەردەمیان. ڕۆڵی تاک لەناو حیزبەکانیشدا بە پێی ماهیەتی دەسەڵاتخواز و بەرژەوەندیی حیزب ئەوەندەی دیکە سنووردار بووەتەوە. بەربەستەکانی دیکەی پرسەکە بریتین لە: نەبوونی ستراتیژییەکی دیاریکراو و پلانێکی تۆکمە، نەبوونی سەربەخۆیی فکری، گرفتە فەنی و تەکنیکییەکان، گرفتی ماڵی، نەبوونی ستافی ئاکادێمیک، نەبوونی ئەزموون، نەبوونی فەرهەنگی کڕین و خوێندنەوەی ڕۆژنامە و...

ئەوەی ڕاستی بێ، لە ساتەوەختی ئێستادا ڕۆژنامەگەریی سوننەتی (کاغەزی) کەوتووەتە پەراوێزەوە و ئەوەی ئەمڕۆ دەتوانێ ژێرخانەکانی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵات سەرلەنوێ داڕێژێتەوە، ئاوڕدانەوەیەکی جددییە لە ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا. ڕەنگە بە کورتی خاڵە ئیجابییەکانی ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەرییە بریتی بن لە: تێچوویەکی کەم، بوردی زۆر، سنووردار نەبوونی لەباری تیراژەوە، بەڕۆژ بوونەوەی لە چرکەساتێکدا، پێویستی بە پرۆسەی دوورودرێژ و تەنانەت چەند ساڵەی وەرگرتنی ئیزنی چاپ و بڵاوکردنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە نییە، بەنیسبەت ڕۆژنامەگەریی سوننەتی ریسکەکەی کەمترە و...

ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دۆخە خەسیوە ڕزگار نابێ مەگەر قەرەبووی ئەم خەسارانە بکاتەوە کە باسمکردن و پانتایی بەرفراوانی دنیای مەجازی بکاتە گۆڕەپانی چالاکیی خۆی بۆ ئەوەی لەم بەرزەخەی ئێستا نەجاتی بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٥

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەر لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێ لە سستی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکو مەبەستم نەبوونی گوتارێکە کە لە کۆتایی پەنجاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگادا، گوتارێک کە تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیشی تەنیبوو. گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی، گوتارێک کە گرێدراوی"حزوور" بوو! حزوور بە واتای بوونی پێشمەرگە لە پانتایی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا کە پاڵپشتی ئەم گوتارە بوو. نزیکەی بیست ساڵە تەقە لە چەکی پێشمەرگە نەهاتووە بە زۆر هۆکار (باس لە هۆکارەکانی بواری تایبەت بە خۆی دەوێ)، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش سەرەکیترین ستراتیژی بۆ بەرگری لە خەباتی گەلی کورد ئەوە بووە کە بەردەوام کەلێنێک، دابڕانێک لە نێوان شار (خەڵک) و شاخ (پێشمەرگە) سازبکا بەهەر شێوەیەک و لەسەر بنەمای ئەم ستراتیژییەش تاکتیکی جۆراوجۆری ڕەچاو کردووە، دواجار ئەم دابڕانە بووەتە هۆی ئەوەی بوون و حزووری شاخ لە ناو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە لە هەر شوێنێ هەر کاتێک هەست بەوە بکا کە وا خەریکە چەکەرەی حزوورێک سەرهەڵدەدا بێ سێ و دوو دەیقرتێنێ.

دەکرێ بڵێین لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەک هەستی پێدەکرێ کە دواجار ئەم بۆشاییە دەبێتە لەمپەری لێکتێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان و چالاکڤانانی ناوخۆ، واتە لە نەبوونی گوتارێکدا کە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو لا لەیەکدی کۆبکاتەوە و لەسەر خاڵە جیاوازەکانیشی موناقەشە بکرێ بۆ خەملاندنی ئەم گوتارە، ئاساییە هەست بەم کەلێنە بکەین.

دیارە لە کەشێکی دێموکراتیکدا ئەمە زۆر ئاساییە کە شێوە ڕوانینی دەرێ و ژووری جیاوازییان هەبێ، دەڵێم جیاوازی نەک دژایەتی! بێگومان ئەم شێوە ڕوانینە ئەگەر لەسەر بنەمای ناسینێکی ورد و تۆکمە نەبێ کەلێنەکە چەند قات بەرزتر دەکاتەوە، کە سەیری ئەم دنیا مەجازییە دەکەی، بۆت دەردەکەوێ کە هۆکاری ئەم کەفوکوڵە کاتی و پۆپۆلیستییەی هەندێ جار لۆمپەنیزمێکی هەوسار پساویشی لەسەر بنەمای وەهم و درۆ پێوە دیارە، بەرهەمی تۆخمی نەناسینی ناوخۆیە لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە. بەڵام جەمسەرەکەی دیکەش، واتە ژوورەوە، لە قۆستنەوەی هەلەکاندا دەورێکی پاسیڤی گێڕاوە. لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا هەندێ جار پێشهات و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن کە بارودۆخی سیاسی وڵاتێک دەگۆڕن. پارسۆنز پێیوایە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی وەک هێزێکی گشتی جەماوەری دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگا و دواجار لەسەر

مێژووی وڵاتێک شوێندانەرین. بە بڕوای من لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا، بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکە، بە مەرجێک پێشهاتەکە بقۆزرێتەوە.

هەربۆیە لە نەبوونی گوتارێکی جددیدا، رووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ ناقۆزرێنەوە و کە نەقۆزرانەوە، دەرەوە بە تەعبیری خۆی سەودا لەگەڵ رووداوەکە دەکات تەنانەت ئەگەر ئاستی ناسینەکەشی لاواز بێ. لێرەدایە کە تێکهەڵەنگوتن ساز دەبێ ئەگەر گوتارەکە بوونی بووایە سەنتێزێک لەم دوو شێوە روانینە دەیتوانی رووداوێکی کۆمەڵایەتی بکاتە خاڵگۆڕانێکی جددی لە کۆمەڵگادا. بەڵام لە نەبوونی گوتاردا زیاتر جیاوازییەکان خۆدەردەخەن. وەک رووداوەکەی شاری مەهاباد کە نە ناوخۆ توانی بیقۆزێتەوە نە دەرەوە توانی کاناڵیزەی بکات!

لەڕاستیدا کێشەکە نەبوونی گوتارە نەک جیاوازیی گوتار، رۆژهەڵات تا ئەم دواییە هەر پاشکۆی گوتاری باشوور و باکوور بووە، بەڵام پێموایە ئێستا بۆ هێزە سیاسییەکان بە خوێندنەوەی رووداوەکانی ناوچەکە و بارودۆخی ئێران دەرکەوتووە کە ئەمانە ئاڵتەرناتیڤێکی گونجاو و کردەیی نەبوون و نین بۆ رۆژهەڵات. لاموایە ئەگەر سەرجەم ئەم هێزانە راستگۆیانە ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆیان بکەن کە لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا چییان کردووە و بەگشتی چ شوێندانەرییەکیان لەسەر نێوخۆی رۆژهەڵات هەبووە و دەیانەوێ چی بکەن بۆ داهاتوو، بتوانن هەست بەوە بکەن کە سازدانی گوتارێکی هاوبەش لە نێو خۆیاندا بە ئاکامێکی ئیجابییان بگەیەنێ و ئەمە بکەن بە سەرەتای خاڵگۆڕانێکی ئەوتۆ بۆ خۆیان و دواجار بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان.

کەوابوو ئەوەی بووەتە "پاژنەی ئاشیل"ی بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوونی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەیە لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا بە هۆی نەبوونی گوتارێکی گشتگیری رۆژهەڵاتی. واتە کورت و کرمانجی دەسەڵات بە "هەند"مان وەرناگرێ، بە هێزمان دانانێ و بەلایەوە کەمترین مەترسیمان هەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی، هەر بۆیە وەک ئاماژەم پێدا لە یەکەم هەنگاودا ئەوەی گرینگە رێکخستنی گوتارێکی هاوبەشە، گوتاری هاوبەش مانای ئەوە نییە کە ئەم هێز و لایەنانەی تووشی لەتبوون هاتوون یەکبگرنەوە، مانای ئەوە نییە رەخنەیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی یەکدی نەبێ، لەهەمبەر یەکدی نەوی بکێشن یان لەگەڵ ناوخۆ هیچ جیاوازییەکیان نەبێ، نا لەڕاستیدا ئاراستەی ئەم گوتارە هاوبەشە دەبێ بگۆڕدرێ و رووی قسەی لە "ئەوی تر" بێ، رووی لە دەسەڵات بێ. ئەم گوتارە دەبێ لەسەر چەمکگەلی هاوبەشی هێزەکانی دەرەوە و ناوخۆ خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی و بارستایی ئەم بزووتنەوەیە بەرزبکاتەوە.

ئەوەش نابێ لەبیر بکەین کە ئەگەری ئەوە هەیە لەم کۆمەڵگای ئێمەدا رووداوگەلێکی لەم چەشنە دووپاتە ببنەوە، ناکرێ و ناشبێ ئەو چاوەڕوانییەمان هەبێ کە یەک شێوە روانین لە دەرەوە و ژوورەوە بەدی بکەین، ئەگەر گوتارێکی گشتگیر بە تایبەتمەندییە رۆژهەڵاتییەکەی بوونی هەبێ، ئەم شێوە روانینانە دواجار دەبنە هۆی پڕبوونەوەی کەلێنەکان. ئەوەی کە سەرەتاکانی ساڵانی شەست دووانەی شوێن - کات، گەورەترین هۆکاری ئەم بۆشاییە بوو لە نێوان دەرەوە و ژوورەوە، ئێستا ئەوا میدیای نوێ بە دوور لە کەشێکی ئێحساسی و لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەتوانێ ئەم کەلێنە بە تەواوی پڕ بکاتەوە.

دیارە چالاکیی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییە و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایە کە دەیەوێ دواجار لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێ، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیە کە بۆی هەیە هەموو تاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەرکردنی ئەم مافانە بدا، ئێستا کە دەرەتانی کردەی سیاسی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ناوخۆی وڵاتدا نییە، کردەی مەدەنیی روناکبیران لە ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشاییە بکاتەوە، ئەمە سەرەتایەکی شیاوە بۆ نوێژەنکردنەوەی گوتاری رۆژهەڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٥

---

## بەرەو سازدانی گوتارێکی هاوبەش

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی شاخ و شار بۆ هەڵوێستەکردنێکی زۆرجیددی دەبن بەدوور لە کەشوهەوایەکی ئێحساسی و تیژتێپەڕ! گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەرلەکۆتایی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێ ناچالاکی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو ئاماژەم بە نەبوونی گوتارێکە کەلە کۆتایی پەنجاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵبوو بەسەر کۆمەڵگادا،گوتارێک کە گرێدراوی «حزوور»بوو! حزوور بەواتای «بوون» بەواتای بوونی پێشمەرگەی کوردستان! ماوەی نیزیک بەبیست ساڵە کەپێشمەرگەی کوردستان بە زۆرهۆکار تەقەی لەچەکی نەهاتووە و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانش سەرەکیترین ئیستراتیژی بۆبەرگری لەخەباتی گەلی کورد ئەوەبووە کە بەردەوام کەلێنێک، دابڕانێک لەنێوان شار(خەڵک) و شاخ (پێشمەرگە) سازبکا بەهەر شێوەیەک و لەسەر بنەمای ئەم ئیستراتێژییەش تاکتیکی جۆراوجۆریشی ڕەچاو کردووە و دواجار ئەم دابڕانە بۆتەهۆی ئەوەکە بوون و حزووری شاخ لەناو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی.

دەکرێ بڵێین لە نەبوونی گوتارێکی ئەوتۆدا، بۆشاییەک هەستی پێدەکرێ کە دواجار ئەم بۆشاییە دەبێتە لەمپەری لێکتێگەیشتنی هێزە سیاسییەکان و چالاکڤانانی ناوخۆ، واتە لەنەبوونی گوتارێکدا کە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو لا لەیەکدی کۆکاتەوە و لەسەر خاڵە جیاوازەکانیشی موناقەشە بکرێ بۆ خەملاندنی ئەم گوتارە، ئاساییە هەست بەم کەلێنەبکەین.

دیارە ئەمە زۆر ئاساییە کە «شێوە ڕوانین»ی دەرێ و ژووورێ جیاوازی بەیەکەوە هەبێ، دەڵێم جیاوازی نەک دژایەتی! بێگومان ئەم شێوە ڕوانینە ئەگەر لەسەربنەمای ناسینێکی وردوتۆکمە نەبێ کەلێنەکە چەندقات بەرزتردەکاتەوە،کە سەیری ئەم دنیا مەجازییەدەکەی بۆت دەردکەوەێ کە هۆکاری ئەم کەفوکوڵە کاتی و پۆپۆلیستییە کە هەندێ جار لۆمپەنیزمێکی هەوسارپساویشی لەسەر بنەمای وەهم و درۆ پێوەدیارە بەرهەمی توخمی نەناسینی ناوخۆیە لەڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە. بەڵام جەمسەرێکیتر واتە ژوورەوەش لەڤۆستنەوەی هەلەکاندا دەورێکی پاسیوی گێڕاوە.

هەربۆیە لە نەبوونی گوتارێکی جیددیدا، ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ ناڤۆزرێنەوە و کە نەڤۆزرانەوە، دەرەوە بە تەعبیری خۆی سەودا لەگەڵ ڕووداوەکە دەکا. لێرەدایە کە تێکهەڵەنگوتن ساز دەبێ ئەگەر گوتارەکە بوونی بوایە سەنتێزێک

لەم دووشێوە ڕوانینە دەیتوانی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی بکا بەخاڵگۆڕانێکی جیددی لە کۆمەڵگادا. بەڵام لە نەبوونی گوتاردا زیاتر جیاوازییەکان خۆدەردەخەن. وەک ئەم ڕووداوەی شاری مەهاباد کە نە ناوخۆ توانی بیقۆزێتەوە نە دەرەوە توانی کاناڵیزەی بکا!

لە ڕاستیدا کێشەکە نەبوونی گوتارە نەک جیاوازی گوتار، ڕۆژهەلات تائەم دواییانە هەر پاشکۆی گوتاری باشوور و باکوور بووە، بەڵام پێموایە ئێستا بۆ هێزە سیاسییەکان بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ناوچە و بارودۆخی ئێران دەرکەوتووە کە ئەمانە ئالترناتیوێکی گونجاو و کردەیی بۆ ڕۆژهەلات نەبوون و نین.

کەوابوو ئەوەی بۆتە« پاشنەی ئاشیل»ی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەبوونی قورسایی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەیە لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا بە هۆی نەبوونی گوتارێکی گشتگیری ڕۆژهەڵاتی. بۆیە ئەم گوتارە دەبێ لە سەر چەمکگەلی هاوبەشی هێزەکانی دەرەوە و ناوخۆ خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی وبارستایی ئەم بزووتنەوەیە بەرزکاتەوە.

ئەوەش نابێ لە بیر بکەین کە ئەگەری ئەوەهەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕووداوگەلێکی لەم چەشنە دووپاتە ببنەوە، ناکرێ و ناشبێ ئەم چاوەڕاونییەمان هەبێ کە یەک شێوەڕوانین لە دەرەوە و ژوورەوە بەدی بکەین، ئەگەر گوتارێکی گشتگیر بە تایبەتمەندییە ڕۆژهەڵاتییەکەی بوونی هەبێ ئەم شێوەڕوانینانە دواجاردەبنە هۆی پڕبوونەوەی کەلێنەکان. ئەوەی کە سەرەتاکانی ساڵانی شەست دوانەی شوێن – کات، گەورەترین هۆکاری ئەم بۆشاییەیە بوو لە نێوان دەرەوە و ژوورەوە، ئێستا ئەوامیدیای نوێ بە دوور لە کەشێکی ئێحساسی و لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەتوانێ ئەم کەلێنە بە تەواوی پڕ کاتەوە.

دیارە چالاکی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییە و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایە کەدەیەوێ دواجار لەپێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێ، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیە کە بۆی هەیە هەمووتاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەر کردنی ئەم مافانە بدا، ئێستا کە دەرەتانی کردەی سیاسی بۆئۆپۆزیسیۆنی کورد لەناوخۆی وڵاتدا نییە کردەی مەدەنی ڕووناکبیران لە ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشایی بکاتەوە، ئەمە سەرەتایەکی شیاوە بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات!

لە ژمارە ٦٥٧ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٥

## خامنەیی و سڕینەوەی سیاسەت

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی نامەیەک بۆ سەرکۆماری ئەو وڵاتە، سیاسەتە گشتییەکانی بەرنامەی شەشەمی گەشەسەندنی دیاری کرد. ئەو ڕاگەیێندراوە کە لە ٨٠ خاڵ پێکهاتووە، هەشت باسی گشتی لەخۆدەگرێ کە بریتیین لە: کاروباری ئابووری، کاروباری تەکنۆلۆژیی زانیاری و پەیوەندی، کاروباری کۆمەڵایەتی، کاروباری بەرگری و ئاسایش، کاروباری سیاسەتی دەرەوە، کاروباری حقووقی و دادوەری، کاروباری فەرهەنگی و کاروباری زانست، تەکنۆلۆژیا و داهێنان. سەرکۆماری ئێرانیش وەک سەرکۆماری خولەکانی پێشوو بەبێ سێ و دوو، بەبێ هیچ چەشنە تێبینی و پێشنیارێک سیاسەتە گشتییەکانی بەرنامەی پێنج ساڵەی شەشەمی گەشەسەندنی، بە یاریدەدەر و سەرۆکی ڕێکخراوەی بەڕێوەبەرایەتی و گەڵاڵەداڕێژی وڵات ڕاگەیاندووە کە هەرچی زووە بیخاتە واری جێبەجێکردنەوە.

بێگومان ئەم پرۆسەیە کە هەرچییەک ڕێبەری وڵات فەرمانی لەسەر بدات وەک "وحی منزل" وایە بۆ حکومەتەکانی کۆماری ئیسلامی (بە ڕیفۆرمخواز و بنئاژۆخوازەوە) شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەوەی کە بۆ چاودێرانی سیاسی لە دەقی سیاسەتە گشتییەکانی بەرنامەی شەشەمدا گرینگە، ئاوڕنەدانەوە بوو لە پەرەسەندنی سیاسی، چون لەڕاستیدا لەکۆی ئەم ٨٠ خاڵەدا هیچ باسێک لە سیاسەتی ناوخۆیی وڵات نەکراوە، گرفتێک کە لەوەتەی کۆماری ئیسلامی دامەزراوە باسی لێوەنەکراوە، واتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی حکومی هەرگیز قایل بە بوونی کێشەی سیاسی لە ناوخۆ و چارەسەری ئەم گرفتە نەبوون، هەر بۆیە لە سیستمی دادوەریی کۆماری ئیسلامیدا هەر لە بنەڕەتەوە تاوانێک بە ناوی تاوانی سیاسی بوونی نییە!

ئەوە لە کاتێکدایە کە هەر ئێستا بوونی سەدان زیندانی سیاسی، دەیان ڕۆژنامەنووسی زیندانی، ئیعدامی سیاسی، ڕاگرتنی چالاکیی ڕۆژنامەوانی و داخستنی ڕۆژنامە، خستنە ژێر چاودێریی چالاکانی مەدەنی و کۆمەڵایەتی، سنووردارکردنی چالاکی NGOکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پرسی سیاسی لە ناوخۆدا نەک هەر هەیە، بەڵکو گەورەترین کێشەی ئاسایشی ئەم وڵاتەیە.

لەگەڵ ئەوەدا کە لەم بەرنامەیەدا هیچ باسێک لە بەشداری هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و NGOکان لەگۆڕێدا نییە، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەبری باس لە پەرەسەندنی سیاسی، بە ئاشکرا لە خاڵی ٥٥ دا دەڵێ:

"پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچە سنوورییەکان بە هەموو شێوەکانی نەرمئامێری و رەقئامێری، بەربڵاوترکردنی یەکەکانی سنوورپارێزی، بەشدارکردنی خەڵکی ناوچە سنوورییەکان لە پلانە ئەمنییەکاندا، بەرفراوانترکردنی چالاکییە ئیتلاعاتییەکان و پشتگیری لە دیپلۆماسی سنووری..."

ئەم خاڵە خۆی لە خۆیدا جۆرێ دژوازی لەگەڵ ئاوڕنەدانەوەی ئەم خاڵە بۆ سیاسەتەکانی ناوخۆ هەیە، واتە ئەگەر لەم خاڵەدا راشکاوانە باس لە چەشنێ بەرگری و داکۆکی لە ئاسایشی سنوورەکان دەکرێ، کەوابوو مانای ئەوەیە کە لە ناوچە سنوورییەکاندا کێشە هەیە! بەڵام کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای سڕینەوەی کێشەکە لەبری دۆزینەوەی رێکار و چارەسەری لە ماوەی تەمەنی خۆیدا، دەیەوێ بە سەرکوتی نەرمئامێری و رەقئامێری بەر بە گەشەی سیاسی لە ناوخۆ و سنوورەکان و بەتایبەتی کوردستان بگرێ.

مەبەستی رێبەری کۆماری ئیسلامی لە سڕینەوەی سیاسەت ئەوەیە لە ناوخۆ و دەرەوە وا بنوێنێ کە کێشەیەک بە ناوی سیاسەت لە ناوخۆدا نییە، خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە هەر چەند رۆژێک پاش راگەیاندنی سیاسەتە گشتییەکانی بەرنامەی شەشەمی گەشەسەندن، لە دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆی سەرانسەری وڵاتدا دەڵێ: دەبێ زانکۆ و خوێندکاران لە سیاسەت دووبکەونەوە!

لە پەیوەندی لەگەڵ ناوچە سنوورییەکان کە بێگومان مەبەست رۆژهەڵاتی کوردستانە، بە تەواوی لە خاڵی ٥٥ دا هەڕەشەیەکی جددی بۆ چالاکی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی رۆژهەڵاتی پێوەدیارە، جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکانی رۆژهەڵات و باشوور بێگومان یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی نووسینی ئەم خاڵە بووە!

بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی وەک رابردوو سوور و پێداگر بێ لەسەر سڕینەوەی چەمکی سیاسەت لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران و بەردەوامبوونی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. دروشمەکانی رووحانی سەرکۆماری ئێران لە کاتی پڕۆپاگەندەکانی هەڵبژاردن بۆ کرانەوەیەکی زیاتری فەزای سیاسیی ناوخۆ بەم بەرنامەیە بەیەکجاری لە گۆڕنرا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٥

## گەورەتر لە حیزب!

هەفتا ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا هەنووکەش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێگومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە کلیلوشەکانی ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری پارچەکانی تردا زاڵ و دیارە.

بێشک دەکرێ زۆر دەسکەوتی گرینگی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی هی سەرەتای دامەزرانی دەسنیشان بکەین کە مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە نییە. جگە لەم دەسکەوتانە، بە دڵنیاییشەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە، لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە تا دابڕان و لەتبوون و شەهید بوونی سەرکردە کاریزماکانی و دواجار ئەم دۆخە کارەساتبارەی ئێستای خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەدەر لەم دەسکەوتانەی وەدست هاتووە و بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە، حیزبی دێموکرات «بەرپرسترین» حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم حیزبە لە زۆر بڕگەی مێژووی تێکۆشانی خۆی دا غەدری لە خۆی کردووە، بەڵام داڵدە و یارمەتیدەری شۆڕش لە پارچەکانی تر بووە، لە ڕێبازی نەتەوەیی لاینەداوە تەنانەت بۆ ساتێک، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی وڵاتانی دراوسێی پارچەکانی تری کوردستان دا هەرگیز بەرژەوەندی براکانی فیدای بەرژەوەندی خۆی نەکردووە و... ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ سازکردووە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێوێنەیەی لە لای خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوایە و پاڵپشتی ئەم گەلە نەبوایە دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو. پەیوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەموێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵ و گیانی خەڵکی کوردستاندا.

ئاوڕێکی خێرا بۆ سەر قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان بۆدەردەخا کە ئێستاشی لەگەڵدابێ سەردەمی کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناغی ئەم حیزبە بووە و لە پاش هەرەسی کۆمار، هەرگیز نەگەیوەتە داوێنی

ئەم لووتکەیە. دیارە زۆر هۆکار هەیە کە ئاماژەی پێبکەین کە بۆچی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەی تێنەپەڕاندووە. بەڵام کە بێینە زەمانی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە دوو ڕەهەندی سیاسی و ڕێکخراوەییدا تووشی قەیران بووە. بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستووە، بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی ناوخۆی حیزب و ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لەم قەیرانانە و بووژانەوی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: (پێشەنگیی و ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕی حیزبێکی سیاسی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ، حیزبێکی شۆڕشگێر نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراوی حیزب لە ناو خەڵکدا دەباتە سەر و «جیددی» بوون و «بەرپرس» بوونی حیزب نیشان دەدا.) دووەم ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکرات کە لە ناوخۆی کوردستان هەیەتی دەکرێ ئەم ئومێدەمان بداتێ کە سەرکردایەتی سیاسی ئەم حیزبە لەم پتانسییەلانە کەڵک وەرگرێ بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار و خەبات، بە ڕەچاو کردنی واقێعبینانەی بارودۆخی ناوخۆیی، ناوچەیی و تەنانەت نێونەتەوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شاخ و شار لە ناو هەناوی یەکتردا بوون و لە دەیەی ٨٠ دا شاخ و شار لێک گرێدرابوون، ئەوە لە ساتەوەختی ئێستادا شاخ و شار بە تەواوی لێکدابڕاون. کەوابوو بە پێی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددی و بەرپرس بووە، دەتوانێ بە ئاوڕدانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ دۆخی خۆی و وەرگرتنی ڕەخنە و گلەیی و گازەندەکانی ناوخۆ بە هەموو جیاوازییەکانەوە، دیسان ببێتەوە حیزبەکەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای دامەزرانیدا حیزبی تەواوی گەلی کورستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ بە مکانیزمی گونجاو و کردەیی و پشتئەستوور بە تیۆری لە مەیدانی خەباتدا گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!

لە ژمارە ٦٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## بژاردەکانی کۆمەڵگا و کەلێنەکان

لە کۆمەڵناسیی کلاسیکدا، چەمکی کەلێن (Cleavage) زیاتر بریتییە لە دابڕان و جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگای سوننەتی و کۆمەڵگای مۆدێرن، بەڵام لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا ئەم چەمکە زۆر بەربڵاوتر دەبێ، بە واتایەکی دیکە ئەگەر لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا کەلێنەکان کەمتر بوون بەهۆی پێکهاتە و ناوەڕۆک و چەشنی پەیوەندییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە، ئەوا لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئاست و جۆری کەلێنەکان زۆر زیاتر خۆی دەردەخا. بۆ وێنە ئەو کەلێنانەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگاکاندا بەدیدەکرێن بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئاینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر رەفتاری سیاسی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن.

ئەم کەلێنانە دواجار دەبنە رێگر لەبەردەم سازبوونی گوتارێکی سیاسیی هاوبەش، دیارە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەهۆی گەشەی ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەم کەلێنانە تا رادەیەکی بەرچاو پڕبوونەتەوە و دەورێکی ئەوتۆیان لە رووداو و رەفتارە سیاسییەکاندا نەماوە، بۆ وێنە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی لەم وڵاتانەدا کەلێنی چینایەتی گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە ئەم چەشنە کەلێنانە زۆر شوێندانەر نین لەسەر رەوتی پێشهاتە سیاسییەکان، بەڵام ئەگەر لەم وڵاتانە مەودا بگرین و بێینە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی وڵاتێکی وەک ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم کەلێنانە نەک هەر پڕنەبوونەتەوە، بەڵکو بەهۆی کولتووری تایبەتی داسەپاو رۆژ بە رۆژ زیاتر بوون.

ئەم کەلێنانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساتەوەختی ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدیدەکرێن تەنانەت زۆر جاران دەگاتە ئاستی رووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێ میکانیزمگەلێک بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، رەنگە بۆ ئەم مەبەستەش رێنیشاندەری بژاردەکانی کۆمەڵگا (Elite-directing) باشترین میکانیزم بێ لەم زرووفە زەمەنییەدا.

بژاردەکان وەک "کارگێڕانی گۆڕان" پێناسە دەکرێن کە توانایەکی شوێندانەریان هەیە بۆ ئەوەی رووداوەکان بۆ لایەکی تایبەت و دیاریکراو بەرن یان تەنانەت بەر بە روودانی پێشهاتێک بگرن، دیارە مەرج نییە ئەم بژاردانە تەنیا و تەنیا سەرکردەی سیاسیی حیزبێک بن، رێک بەپێچەوانەوە بەپێی بارودۆخی رۆژهەڵات ئەوە نووسەران، هونەرمەندان،

چالاکڤانانی مەدەنی، ڕۆژنامەوانان و ئەدیبانن کە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە و هاوتەریببیەکی سیاسی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش سازدەن.

کێشەیەک کە لێرەدا خۆی دەردەخا، ئەوەیە کە خودی بژاردەکان لە ناوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیکیان هەیە، "شێوەڕوانین"یان بۆ پرسەکان لێک دوورە و ڕەنگە ئەمە گەورەترین مەترسی بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی ناتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ئاڵوگۆڕێکی بچووکیش، ئەزموونی 35 ساڵی ڕابردوو سەلمێنەری ئەم ڕاستیيەن. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ناوخۆ و دەرەوە وەک یەکەم هەنگاو پێویستە ڕەخنەیەکی نێوگوتاری لە هەردوولا ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن و دواجار ئەم دوو هێڵە لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکرا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی باسمان لێوەکردن.

لەڕاستیدا دەکرێ قایل بە سێ فەزای تایبەت بین: فەزای ناوخۆی ڕۆژهەڵات، فەزای دەرەوەی وڵات (حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگەنشین) و فەزای مەجازی. دۆخی ئەم سێ فەزایە بەگشتی لێکتر جیاوازە، ڕەنگە گەورەترین جیاوازییەکەش ئەوە بێ کە بزووتنەوەی مەدەنی لە ناوخۆ بێ سەرە و ڕەهەندە ڕێکخراوەییەکانی لاوازە، بۆ وێنە ئەو جووڵانەی لەناوخۆ سازدەبن بەردەوام نابن و لەسەر یەک کەڵەکە نابن، ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی سیاسییانەی ناوخۆ وەک کارگ هەڵدەتۆقن بۆ ماوەیەکی کورت و سەرلەنوێ دادەمرکێنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، لەلایەکی دیکەوە فەزای دەرەوە تاڕادەیەک لەباری بوونی پلانێکی ستراتیژیک و ڕەهەندی فکرییەوە لاوازن. بەڵام وەک خاڵی ئیجابی دەرەوە خاوەنی سیستمێکی ڕێکخراوەیی بەئەزموونە و ناوخۆش پتانسییەلێکی باشی لەباری ڕەهەندی فکرییەوە هەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم دوو لایەنە بەهۆی دۆخی دیکتاتۆری لە ئێران نابزوێ، بۆیە فەزای سێیەم واتە فەزای مەجازی و سۆشیال مێدیا کە نوێنەرانی هەردوو لای تێدایە دەتوانێ ببێتە ئاڵقەیەکی بەهێزی پەیوەندیی نێوانیان، شوێنێک کە هەموو لایەک لێکتر گرێدەدا، هەربۆیە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵگا ئەوەیە لەڕێی ئەم فەزایەوە هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنەکان بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

## دەروازەیەکی نوێ بۆ خەبات

لە ساتەوەختی ئێستادا ئەم راستییە بۆ هەموو لایەک سەلمێنراوە کە یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانیکردنی ئەم پرسەیە.

ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رابردوو لە باشوور و رۆژئاوا و باکوور نیشانیان داوە کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لەناو میدیاکانی جیهاندا لە برەودابێ تا بتوانێ بۆ دوارۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا. سووکە ئاوڕێکی خێرا بۆ رابردووی مێژووی خەباتی گەلی کورد، ئەوەمان پێدەڵێ کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەم بابەتە خافڵ نەبووە و حەولێکی بەردەوامی داوە بۆ ئەوەی سەرنجی میدیاکانی جیهان بۆ لای خۆی رابکێشێ و کەم تا زۆر کاری بۆ کردووە. بەڵام ئەمڕۆکە لە میدیای جیهانیدا رۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو پارچەکانی تر غایبێکی گەورەیە!

لە ماوەی سەرکردایەتی شەهید دکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەهۆی کەسایەتی ناسراوی لە ئەورووپا و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ سیاسەتمەداران و رۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە رۆژهەڵات ببوو بە رۆژڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە، وەک نموونە: گاردییەن (بەریتانیا)، لۆمۆند (فەرەنسا)، دێیلی تێلیگراف (بەریتانیا)، لوسوار (بەلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بەریتانیا)، هیراڵد تریبیۆن (ئەمەریکا)، سەندەی تایمز (بەریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمانیا)، نیوزویک (ئەمەریکا)، فایناشناڵ تایمز (بەریتانیا)، فیگارۆ (فەرەنسا)، فرانکفۆرتر ئالگماینێ (ئاڵمانیا) و... تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە رۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاودەکاتەوە. با دوو نموونە باس بکەین:

رۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین رۆژنامەی فەرەنسا لە کاتی لە لووتکەدابوونی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ: ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک بوونی نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان رادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن.. فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و یەکێتی سۆڤیەت (ی پێشوو)دا دابەشکراوە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان

سەرکوتکراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدێکدا کە لە ٢٨ی مارس پێشکەشی خومەینی کردووە، خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدراسیۆن لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا بووە و... پڕتیراژترین ڕۆژنامەی ئاڵمانیا زوددۆیچە تسایتونگ لە ١ - ٩ - ١٩٧٩دا باس لەوە دەکات کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا لە وڵاتانی ئەندامی Non-Aligned Movement لە هاڤانا داوای کردووە سیاسەتەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەمبەر کوشتاری کوردی ئێران ئیدانە بکەن.

بێگومان قورسایی هەرەزۆری ئەرکی بەجیهانیکردنی پرسی کورد لە دەیەی هەشتای زایینیدا تا ئەوکاتەی دکتۆر قاسملوو مابوو، لەئەستۆی خۆی بوو. با ویژدان سەنگی محەک بێ، سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی میدیایی لەو سەردەمەدا، توانی سەرنجی میدیا بەناوبانگەکانی جیهانی بۆ لای خۆی و نەتەوەکەی ڕابکێشێ. بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبێتەوە، ئەوەیە کە بۆچی لەسەردەمی قاسملوودا سەرەڕای ئەوەی کەرەستەکانی پەیوەندی وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا کە ئەمڕۆ لە چرکەیەکدا هەواڵەکان دەگوازنەوە بوونی نەبوو، یان حیزبەکان وەک ئێستا لە ئەورووپا و ئەمەریکا و کانادا کۆمیتەیان نەبوو، یان ئەندام و لایەنگری حیزبەکان ئاوا بە بەربڵاوی لە دەرەوەی وڵاتدا نەبوون، ئەدی بۆ بە نیسبەت سەردەمی قاسملوو سەرەڕای ئەم هەمووە پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییە پرسی کوردی ڕۆژهەڵات زۆر زۆر کەمترە و لە پەراوێزدایە؟

خۆ ئەوە ڕاستە کە بە شێوەیەکی جەوهەری و بەهۆی ئەوەی دۆخی تایبەتی پرسی کورد لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا لە ڕۆژەڤدایە و میدیاکانی جیهانی ئاوڕی وێدەدەنەوە، بەڵام ئەمە نابێتە پاساو بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو میدیای جیهاندا هیچ حزوورێکی نەبێ و پەیوەندی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەم میدیایانە لە نزمترین ئاستی خۆیدا بێ! دیارە نکۆڵی لە هەندێ حەولی پەراگەندەی تاکەکەسی و حیزبی ناکەم، بەڵام ئەمە بە هیچ کلۆجێک کیفایەت ناکا.

هەنووکە بەپێی ئەم پتانسییەلە میدیاییەوە و بوونی دەیان ڕێکخراوەی سیاسیی نێونەتەوەیی (کە شارەزای دۆزی کوردن) و حزووری کەسانی ئاکادیمیسییەن و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، جێی خۆیەتی بە هەموو چەشنێ ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی تۆکمە و پلاندار سەرلەنوێ سازدرێتەوە و سەرنجی میدیاکانی جیهان کە ئێستا وەک میدیای نێونەتەوەیی دەوردەگێڕن و لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و ڕای گشتی نەتەوەکانی خۆیان و تەنانەت دەوڵەتانی تریش شوێندانەرن، بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕابکێشن. ئێستا کە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستاوە و هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات دەمێک ساڵە لە باشوور قەتیس ماوە، کەڵکوەرگرتن لە وزەی ئەم میدیا جیهانیانە دەروازەیەکی نوێی خەباتمان بەڕوودا دەکاتەوە... ڕێک وەک ئەوەی دکتۆر قاسملوو کردی!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## شار وەک شاخ!

یەکەم جار لە بەرگی ٦ی بیرەوەرییەکانی ڕەوانشاد کەریمی حیسامی (١٩٧٩)دا چاوم بە دەستەواژەی "خەباتی شاخ و شار" کەوت. مامۆستا حیسامی باس لەوە دەکا کە لە خەرمانانی ١٩٧٩ کاتێ کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە لە دەروازەکانی شاری مەهاباد بوو بە تەمای گرتنی ئەو شارە، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی مەهاباد کۆدەبنەوە تا بڕیارێک سەبارەت بە دۆخەکە دەربکەن. بۆچوونەکان جیاواز دەبن بەڵام شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی دەڵێ: "موبارزە شکڵی زۆرن، شەڕ تاقە شکڵی خەبات نییە. من لام باشە ڕێگاکان ئازاد بکەین. ئەگەر بوو بە شەڕ، با لە چیاکان شەڕ بکەین. حیزب (دێموکرات) تێلگرافێک بۆ خومەینی بنێرێ و بڵێ بۆ حوسنی نییەت ڕێگا چۆل دەکەین با لەشکر بێتەوە پادگان. ئەگەر پاسدار و ئەرتەش دەسدرێژیان بۆ سەر خەڵک کرد ئەودەم شەڕ دەکەین با هێزی چەکداری پێشمەرگە بچنە چیا (شاخ) و ببنە پشتیوانی ئێمە لە شار. ئەو دەم ئەوانیش ناوێرن دەست لە شار بدەن." (لاپەڕەی ١٦٥)

ئەمڕۆ ئەم دەستەواژەیە کە دەمێک ساڵ بوو لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تەریک کەوتبۆوە خۆی خزاندۆتەوە ناو گوتاری ڕۆژهەڵاتەوە. لە ڕاستیدا بە چاوخشاندنێکدا بە سەر مێژووی خەباتی سەرجەم گەلانی بندەستی دنیا بۆمان دەردەکەوێ کە جووڵەی خەبات یەکەم جار لە شاخڕا دەستی پێکردووە و دواجار گوازراوەتەوە بۆ ناو شار و پەیوەندی نێوانیان ساز بووە، بەتایبەتی لە سیستمە دیکتاتۆرەییەکاندا کە ناوخۆ دەرفەت و دەرەتانی پشووی سیاسی پێنادرێ، شاخ دەتوانێ وەک پاڵپشت و هێزێکی پشتیوانی بەتایبەتی لەباری سایکۆلۆژییەوە دەورێکی ئەرێنی بۆ شار بگێڕێ. نموونەی ئەم پەیوەندییانە لە وڵاتانی جیهاندا زۆرن بە میکانیزمگەلی هاوشێوە و جیاوازەوە. بەڵام لەهەر هەموویاندا ئەوە شاخ بووە کە وەک پشتیوان و پاڵنەری شار دەوری خۆی گێڕاوە هەربۆیە بە تەعبیری ڕۆژ دوبرە شۆڕشگێڕی لاوی فەرەنسی بۆ هەڵبوونی مەکینەی گەورە دەبێ، سەرەتا مەکینەی بچووک هەڵبێ، واتە دەسپێک دەبێ لە شاخەوە بێ.

قەتیس مانەوەی هێزی پێشمەرگە وەک سابت مانەوە لە مقەڕەکانیان لە باشووری کوردستان و چۆلکردنی ناوچە سنوورییەکان - لە سەرووی هەمووان قەندیل وەک شوێنێکی ئیستراتیژیک کە بۆتە هێمای خۆڕاگری خەباتی چەکداری - و هەروەها ناتەبایی و لەتبوونی هێزە سیاسییەکان و... بە گشتی شاخی لە هاوکێشەی شار = شاخ دەرهاویشتووە و شار بە تەنیا ماوەتەوە.

سەرەڕای زەبروزەنگی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی شار بۆ زۆر بۆنەی نەتەوەیی و حیزبی تەنانەت هی پارچەکانی تریش هەڵوێستی خۆیان نواندووە و هەزینەی قورسیشیان بۆ داوە لە ئێعدام و ئەشکەنجە و زیندان و پەرتەوازەیی‌ڕا بگرە تا بێبەشکردنی بەئانقەستی شارەکانی کوردستان لە گەشەی ئابووری و... ئەوەی ڕاستی بێ هەرچەند شاخ و شار لە نزمترین ئاستی چالاکی خۆیاندان بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی شار لە شاخ لە پێشترە.

ڕەنگە برێک زوو بێ کە کاردانەوەی جووڵەی هێزی پێشمەرگە لە سنوورەکان هەڵسەنگێنین، بەڵام ئەم جووڵەیە نابێ وەک تاکتیکێکی کاتی بێ، بەڵکوو دەبێ ببێتە ئیستراتێژییەکی نەگۆڕ بۆ پاڵپشتی ناوخۆ. ئانالیزی دۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێن کە بەپێچەوانەی جۆری ئەم پەیوەندییە لە وڵاتانی تردا و تەنانەت لە دەیەی ٨٠ی زایینیدا، لەم ساتەوەختەدا ئەرکە قورسەکە دەکەوێتە ئەستۆی شار و بە زمانێکی سادەتر شار دەبێ جێی شاخ بگرێتەوە، بۆیە شارەکان دەبێ لە لانیکەمی زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان کەڵکوەرگرن، نابێ هیچ پتانسییەلێک پشت گوێ بخرێ، دیارە ئەم پرۆسەیە لە باری زەمانییەوە تاقەتپرووکێن دەبێ و گرفت و کێشەی ئەمنی بەدواوەیە، بەڵام ئەگەر قەرارە ئەم گۆمە مەندە بشڵەقێ بێقوربانیدانی شار و شاخ مسۆگەر نابێ هەرچەند دڵتەزێنیش بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

## دێموکرات بێ منەتە

شەهید دکتۆر قاسملوو ساڵی ١٩٧٤ بەر لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، بە گەڕاندنەوەی چەمکی سەربەخۆیی بۆ ناو حیزبی دێموکرات و سەربەخۆیی لە بڕیاردانـدا بنـاغە تیـۆری و فیکرییەکـانی ئەم حیـزبەی سەرلەنوێ داڕشتەوە، ئەمە لە هەمان کاتدا کە پرستیژی حیزبی دێموکراتی لەناو ئێران و لە خودی کوردستاندا بردە سەر، شۆکێکی بەهێزی ڕەوانی بوو بۆ ئەو کەس و لایانانەی دڵیان بۆ حیزبی توودەی ئێران لێیدەدا یان دڵبەستەی پارتی بوون. ئێستا حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و تەنیا هێز و پاڵپشتی حیزب، خودی گەلە!

ئەمە سەرەتای بنیاتنانەوەی فۆنداسیۆنێکی بەهێز و مەنتقی بوو بۆ حیزبێک کە دەیەوێ خۆی لەناو بازنەی خەڵکەکەیدا ببینێتەوە و بێ منەت لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی تر (بە مانا سەربەخۆیی سیاسییەکەی) بەرنامە و پرۆگرامی خۆی بەڕێوەببا و دواجار بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێران و سازبوونی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی ئێران ببێتە گەورەترین حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان.

ئەمە قۆناغی قاسملوو بوو، ئەم قۆناغە لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٩ درێژەی دەبێ و سەرەڕای هەموو کێشە ناوخۆییەکانی ناو حیزب، چەمکی سەربەخۆیی وەها لەناو پێکهاتەی حیزب و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا پراکتیزە ببوو کە نەیدەهێشت پەراوێز بە دژی دەق قوت بێتەوە!

لە پاش تیرۆری دکتۆر قاسملوو و تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی ئێران و خویابوونی یاریکەرێکی ناوچەیی وەک هەرێمی کوردستان، حیزبی دێموکرات تووشی هەرەسێکی سەیر بوو. هەم لەباری سیاسییەوە هەم لەباری ڕێکخراوەییەوە. بە تێپەڕبوونی زەمان قورسایی ئەم هەرەسە بەسەر شان و ملی خەڵکدا زیاتر دەبوو، بێگومان زۆر هۆکار هەن ئاماژەیان بۆ بکرێ کە بوون بەهۆی ئەم دۆخەی هەنووکە، بەڵام شک لەوەدا نییە کە گرینگترینیان هەمان باسی سەربەخۆیی بوو.

پاشکۆنەبوونی حیزبی دێموکرات و پەلکێش نەبوونی بۆ لای حیزبی پارچەکانی تری کوردستان بە مانای نەبوونی پەیوەندیی دیپلۆماتی نییە، بە مانای ئەوە نییە لەمەڕ هاوکێشە سیاسییەکانی دیکە پاسیڤ بێ یان هاریکاری پارچەکانی

تر نەبێ، بەڵکوو بەم مانایە دێ کە خاوەنی گوتاری خۆی بێ و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ.

خۆ ئەگەر لەم ساتەوەختەدا حیزبی دێموکرات لەباری قەوارە و پێکهاتەوە بچووکیش بوویێتەوە و کەمهێزیش بێ، بەڵام سەربەخۆیی خۆی وەک حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی بپارێزێ لەناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەوەندەی تر گەورە دەبێتەوە و پاڵپشتی دوارۆژ بۆخۆی مسۆگەر دەکا. بۆیە شەهید دکتۆر شەرەفکەندی دەیگوت: ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین، چونکە حیزبێکی سەربەخۆین. چ بچووک بین و چ گەورە، چ بێ هێز بین و چ بەهێز، سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان ناگۆڕین!

دەمەوێ لەسەر بنەمای ئەم وتانەی سەرێ باسەکەم گرێبدەم لەگەڵ شێوە ڕوانینی حیزبەکانی پارچەکانی تر بۆ ڕۆژهەڵات و وەک نموونە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: ماوەیەک لەمەوبەر دوو ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی فەرید ئەسەسەرد و سەعدی ئەحمەد پیرە لە بابەت چەشنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ پارچەکانی تر گوتیان: پرسی هاوکارییەکانیان بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان، پەیوەستە بە ئەندازەی گەشەکردنی بزووتنەوەی سیاسی ئەو پارچەیە و دواتر بە نموونە باس لە بزووتنەوەی سیاسی لە باکوور و ڕۆژئاوا دەکەن کە توانیویانە پێگەیەکی بەهێز و بە هەوڵ و کۆششی خۆیان پێکبێنن.

دیارە لەوە پێشتریش مەلا بەختیار باسی لە نەمانی شۆڕش لە ڕۆژهەڵات کردبوو. وا باشە ڕوانینی فەرمیی یەکێتیش لە زمانی مەکتەبە سیاسییەکەشیەوە ببینین، مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ڕاگەیەندراوێکدا لە ١١ - ١٠ - ٢٠١٥ سەبارەت بە گرژییەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە لە بەندی دووەمدا لە ژێر سەردێڕی هەلومەرجی کوردستان باسی باشوور و بەشەکانی تر وەک باکوور و ڕۆژئاوا دەکات وەک ئەوەی ڕۆژهەڵات هەر نەبێ.

دیارە ئەمە مافی یەکێتییە کە چۆن دەڕوانێتە پارچەکانی تر و حیزبەکانیان و لەبەر جۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دووەم پارچەی کوردستان پشتگوێ بخا، بەڵام ئەوەی کە یەکێتی بە کام شاوڵ و پێوەر "ئەندازەی گەشەکردنی بزووتنەوەی سیاسی" ڕۆژهەڵاتی پێواوە جێی پرسیار و دڕدۆنگییە! خۆ یەکێتی زۆر باش دەزانێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات، باش دەزانێ سەرەڕای زەبروزەنگی ئەم سیستمە بە ئیعدام و زیندانی و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی ساتێ هەدادانی نەبووە، تۆ بڵێی یەکێتی نەزانێ کە خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ پارچەکانی تری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی چییان کردووە؟

ڕەنگە سووکە ئاوڕێک بۆ ڕابردوو یارمەتیدەرمان بێ. کاتێ بەڕێز ئۆجەلان دەستبەسەر دەکرێ، ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتن بە

دەیان هەزار کەس دێنە سەر شەقام و دەنگ هەڵدەبڕن و دواجار شەهید دەدەن، کاتێ فیدرالیزم لە باشوور پەسەند دەکرێ، ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتن بە دەیان هەزار کەس دێنە سەر شەقام و شایی و لۆغان دەگێڕن، کاتێ کارەساتی شنگاڵ ڕوودەدا، ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتن سەرەڕای گرفتی ئابووری خۆیان یارمەتی بۆ ئاوارەکانی شنگال کۆدەکەنەوە، کاتێ هاوسۆزیی خۆیان بۆ کۆبانێ لە ڕۆژئاوا دەردەبڕن، ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتن بە دەیان هەزار کەس دێنە سەر شەقام... باشە ئەمانە نیشانەی زیندوویی ئەم گەلە نییە کە لەژێر گوشاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامی دێتە مەیدان؟ ئەمە واتە خەڵک سەبارەت بە گیروگرفتەکانی پارچەکانی تر خەسیو نییە. با دوور نەڕۆین، دەنگهەڵبڕینی جەماوەریی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە کوشتنی شوانەی سەید قادر کە سەرانسەری کوردستانی تەنییەوە نیشانەی زیندوویی خەبات نەبێ چییە؟ داخرانی دووکان و بازاڕ لە ساڵیادی تیرۆری شەهید د. قاسملوو لە کوردستان لە ژێر زەبر و زەنگی کۆماری ئیسلامی ئەگەر نیشانەی بەردەوامیی خەبات نییە ئەدی چ مانایەکی هەیە؟ چالاکیی چالاکڤانە مەدەنییەکان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا واتە زیندوویی و ئاگایی سیاسی خەڵکی کوردستان. لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا کام بزووتنەوەی نەتەوەیی جگە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بوونی هەیە؟ کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی هەیە جگە لە کورد؟ لە ڕۆژهەڵات کۆمەڵگایەکی زیندوو هەیە کە سەبارەت بە هیچ کێشەیەکی ناوخۆیی و پارچەکانی تر خەسیو و بێ هەڵوێست نییە. هەر بۆیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕشەوە تا هەنووکە زیاترین هەزینەی ئەمنییەتی و نیزامی بۆ کوردستان تەرخان کردووە و لە هیچ چەشنە کردەوەیەک بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە درێغی نەکردووە.

لە هەمووان گرینگتر خۆ باشووری کوردستان قەرزداری حیزبەکانی رۆژهەڵاتە. لەبەر ئەو وتە سواوە غەدری لە خۆی و گەلەکەی کردووە کە ئەویش پاراستنی دەسکەوتی هەرێم بووە! بەڵام داخی گرانم ئەوەی وەک هێڵی ٣٦ دەرەجە بۆ باشوور دیاریکرا یان دۆخی سووریا، بۆ ڕۆژهەڵات بووزی نەخوارد!!! کەوابوو دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکەم: سەربەخۆیی حیزبی دێموکرات واتە متمانەی خەڵکی خۆی و بێ منەتی لە حیزب و پارچەکانی تر!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## بە پێکهاتەیی کردنی بەشداریی سیاسی

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی ڕابردوودا هەر ساڵەو یەک هەڵبژاردنی بەڕێوبردووە، وەک هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، پارلەمان، ئەنجومەنی شارەکان، خوبرەگان و...

بە درێژایی ئەمساڵانەدا ڕێژیم سەرجەم ئەم هەڵبژاردنانەی وەک هێمایەک لە دێموکراسی لە ناوخۆی وڵات و مەشرووعییەتی ژوورەکی و دەرەکی بە چاوی خەڵکی ئێران و دەرەوەی وڵاتیشی داداوەتەوە! بەڵام سەرەڕای هەولەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە، چاوەدێرانی سیاسی بەردەوام بە چاوی گومان و دڕدۆنگییەوە سەیری زۆربەی هەرە زۆری ئەم هەڵبژاردنانەیان کردووە، چون لە ڕاستیدا هەرچەند لە هێندیک لەم هەڵبژاردنانەدا ڕێژەی بەشداریی خەڵک بەرچاو بووە، بەڵام جگە لە تەزویر و سڕینەوەی ئەو جیابیرانەی خۆیان بەربژێری هەڵبژاردنەکان کردووە، لە جەوهەری بەشدارییەکەدا دایمە گرفتێکی سەرەکی هەبووە کە بۆتە هۆی ئەوەی هیچکام لە هەڵبژاردنەکان نەتوانن گۆڕانێکی سیاسی ئەوتۆ لە ئێران سازدەن کە ئەمیش بریتییە لە چەمکێک بە ناوی: "بەشداری سیاسی پێکهاتەیی".

سەبارەت بەم چەمکە هانا ئارێنت پێی وایە بەشداری سیاسی ئەرێنی واتە پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لە قالبی حیزب و لایەنی سیاسیدا بێ تا بەر بە دیکتاتۆرییەت بگرێ، بە واتایەکی تر بەشداری سیاسی ناپێکهاتەیی، تەنیا مەبەستی بەشداری پێکردنی گۆترەیی خەڵکە بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی خۆی و مەبەستی سەرەکی بەرلەوەی چاکسازیی ناوخۆیی بێ، سەلماندنی مەشرووعییەتی خۆیەتی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لە سیستمە تۆتالیتێرەکاندا بەدیدەکرێ. ئارێنت دەیەوێ بڵێ کە سیستمی تۆتالیتێر لە هەمان کاتدا کە بە توندی بەر بە بەشداری سیاسی پێکهاتەیی دەگرێ دەیەوێ ئاستی بەشداری سیاسی ناپێکهاتەیی بەرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر بە میکانیزمگەلێکی پڕوپاگەندەیی و فرتوفێڵئامێزیشەوە بێ و دواجار بە زەبری زۆری و تۆقاندن!

بۆیە مادام پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران لەسەر بنەمای بەشداری سیاسی بە شێوەی پێکهاتەیی نەبێ و بۆ وێنە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستان نەیەنە قالبی پێکهاتە و حیزبەوە و ڕەخنەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی نەکەن، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕدرێ. ئەوەی کە تا ئێستا لە کوردستان سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەدیکراوە -سەرەڕای نەبوونی بەشداری سیاسی بە شێوەی پێکهاتەیی- ئەمە بووە کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەنگی خەڵکی کوردستان

بەردەوام پەیامێکی سیاسی بۆ ناوەند پێبووە، بە تەعبیرێکی تر دەنگی خەڵکی کوردستان لەسەر بنەمای شعوورێکی سیاسی و خوێندنەوەیەکی دروست دراوە و تەنانەت بایکۆت کردنەکەشی هەڵگری ئەم پەیامە بووە. شرۆڤەی ناوەرۆکی ئەم پەیامە، ناهەوتەریب بوونی خەڵکی کوردستان بووە لەگەڵ دەسەڵات، واتە کورد هەمیشە دەنگی داوە بەم بەربژێر یان بەربژێرانە کە رەخنەگری حکوومەت بوون یان لانیکەم لێی دوور بوون.

بۆ پێکانی ئەم مەبەستە واتە بەشداری سیاسی بە شێوەی پێکهاتەیی کۆمەڵگای کوردەواری پێویستی بە سەرلەنوێ خۆسازدانەوەی رێکخراوەیی لەناوخۆ هەیە. خۆ رەنگە دیاریکردنی تاقم و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەرهەست دژوار بێ، بەڵام لانیکەم وەک جووڵەیەکی مەدەنی - بە هەموو خۆپارێزییەکانیەوە - بەدیدەکرێن: لە بەرەی یەکگرتووی کورد و ریفۆرمخوازە کوردەکانڕا بگرە تا جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و مەکتەبی قورئان و NGOکان و تەنانەت هەندێ رەوتی فکری بەرچاوی سەربەخۆ کە زیاتر لە پانتای هەندێ لە شارەکاندا بەدیدەکرێن. ئەمە خۆی لە خۆیدا پتانسییەلێکی باشە کە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە گۆڕەپانەکەدا بۆ هۆی نایاسایی بوونیانەوە، خەڵک خۆی تێدابببینێتەوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیەوە لە رێی دەزگا ئەمنی و چاوەدێرییەکانییەوە بە فیلتێرکردن و رەدی سەلاحییەتی بەرفرەوان لە هەڵبژاردنەکان تا ئەو جێگایەی شیری برِیوەیەتی ئیزنی نەداوە جیابیران خۆیان بەربژێری هەڵبژاردنەکان بکەن و هەولی داوە وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر ئەم یوونیفۆرمیزاسیۆنە بپارێزێ. لە پاش ئەم پرۆسەی فلتوبرە ئەوە دێتە گۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی تا چ رادەیەک ئیزن دەدا بەشداری سیاسی خەڵک بەرگێکی پێکهاتەیی بە خۆیەوە بپۆشێ؟ پرسیارێک کە لە ماوەی دەسەڵاتداری ئەم رێژیمەدا هیچ وەڵامێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئەمجارە هەولی چالاکڤانانی سیاسی ومەدەنی ناوخۆ بۆ بە پێکهاتەیی کردنی بەشداری سیاسی خەڵک بە پێی پتانسییەلە جۆربەجۆرەکانی مێدیایی بەتایبەتی سۆشیال میدیا تا چەند دەتوانێ ئەم خەونە بێنێتەدی؟ هەرچەند بە پێی ئەزموون و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئاسۆی ئەمجارەش زۆر لێڵ و هیوابڕە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## بۆم بکەنە کەچەڵەکە!

میدیای کوردی هەر لە سەرەتای هاتنە ئارایەوە لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی تاک و حیزب دامەزراوە و بەرژەوەندیی نیشتمانیشی لە سۆنگەی حیزبایەتییەوە شرۆڤە کردووە، بۆیە ناکرێ بڵێین میدیایەکی لەسەدا سەد سەربەخۆ هەیە. دیارە مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین میدیای حیزبی بەردەوام دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بووە، بەڵکوو چەمکی بەرژەوەندیی نیشتمانی تا ئەو کاتە لە میدیای حیزبیدا هەیە کە نەبێتە هۆی خەسار لە بەرژەوەندیی حیزب! لەڕاستیدا میدیای حیزبی بە پێوەر و شاوڵی خۆی بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەڵدەسەنگێنێ و خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەندێ جار تاریفی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتیمانی لەلایەن دوو میدیای حیزبییەوە نەک هاوشێوە و هاوتەریب نین، بگرە تا ئاستی دژایەتی لێکتر دوورن.

بێگومان بەهۆی نەبوونی سیستمێکی دەوڵەت نەتەوەیی کە نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکا سەبارەت بە پرسە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، تاریفێکی نەتەوەییش لە بەرژەوەندی لەگۆڕێدا نییە. خۆ ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە میدیاکار وەک هەموو مرۆڤێک خاوەنی بیروبۆچوونی خۆیەتی و ئینتیمای تایبەتی هەیە بۆ حیزب و لایەنێکی سیاسی، لە هەمان کاتیشدا میدیای حیزبی وەک تەواوی میدیاکانی جیهان ئاکامخوازە و بەدووی قازانج و ئامانجەکانی خۆیەتی، هەربۆیە ناکرێ قایل بە سەربەخۆییەکی لەسەدا سەدی میدیایی بین. بەڵام شتێک کە دەتوانێ بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەردەنگ و وەرگری میدیایی بۆ لای خۆی پەلکێش بکا چەمکێکە بەناوی "متمانە".

متمانە لە درێژماوەدا بەدەستدێ، واتە تۆ کە سەیری پڕۆگرامە هەمەجۆرەکانی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی دەکەی، بێگومان دواتر فیدباکی بەرنامەکان لە ژینگەی سیاسیی کۆمەڵایەتی خۆتدا بەدی دەکەی و ئاست و ڕادەی ئەم متمانەیەت بۆ خویا دەبێ. بەڵام کاتێک هەستی متمانە بە میدیا دەتوانێ چەند قات بەرزتر بێتەوە کە پرەنسیپی "بێلایەنی" تێدا بەدی بکەی. لێرەدا پرسیارێک قوت دەبێتەوە: ئایا ئەمە خواست و چاوەڕوانییەکی بەجێیە کە لە کوردستان خوازیاری میدیایەکی لەسەداسەد سەربەخۆ و بێلایەن بین؟ لە یەک وشەدا وەڵامی ئەم پرسیارە "نا"یە. چوون حیزب هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکی کوردی تەنیوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکدا حزووری هەیە و ئیتر حەوجێ بە گوتن ناکا کە بڵێین سەرچاوەی سەرجەم قەیرانە ورد و درشتەکان لە کوردستان بەرژەوەندیی حیزبییە. کەوابوو ئاساییە میدیای کوردیش بەپێی ئەوەی بژێو و قووتەکەی حیزب دابینی دەکا لایەنگری لە حیزب بکا. بەڵام لێرەدا فاکتەرێک کە

زۆر گرینگە، متمانەی خەڵک و بێلایەنیی میدیایە لەسەر پێوەرێکی ڕێژەیی نەک موتڵەق.

ئەوەی بووەتە هۆی ئەوەی (ڕووداو) بە تەعبیری خۆی ببێتە یەکەمی بێ ڕکابەر، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، متمانەبەخشین بە بەردەنگەکەیەتی لەسەر بنەمای بێلایەنی لە ڕووماڵی ڕووداوەکاندا. خۆ ئەگەر ڕووداو ئینتیمای پارتی پێوە دیارە، ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی ئەم حیزبە لە تانەوتەشەر و ڕەخنەی تۆڕی میدیایی ڕووداو بێبەش بێ. کەم بەرنامەی ڕووداو هەیە کە پارتی ڕاستەوخۆ نەکەوێتە بەر ڕەخنەی ئەم کەناڵە، بوونی ڕەخنەگرانی ناسراوی پارتی لە بەرنامەکاندا کە تا ئاستی دژایەتی قسەی لەسەر دەکەن لە هیچ میدیایەکی تردا نابینرێ. ڕەنگە کێشەی هەندێ کەس لەگەڵ ڕووداو ئەوە بێ کە بە عەقڵانییەتێکی بێلایەن سەیری ڕووداو ناکەن (ڕێک ئەم عەقڵییەتە بێلایەنەی کە ڕووداو حەولی بۆ دەدا).

هۆکاری ئەمەش خودی ڕووداوە! ڕووداو ئاستی خواستی بەردەنگەکانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بردووەتە سەر. گواستنەوەی هەواڵە گەرمەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کوێرەدێیەکەوە بگرە تا ناو کۆشکی سپی و پڕۆگرامە پڕبینەرەکانی (واتە ڕەهەندی نەرم ئامێری) و کواڵیتی باڵای تەکنیکی ئەم تۆڕە میدیاییە (واتە ڕەهەندی ڕەق ئامێری) بەردەوام بینەر و بیسەر و خوێنەرەکەی تامەزرۆتر دەکا، بۆیە ئەو چاوەڕوانییەی ئەمڕۆ لە ڕووداو هەیە لە هیچ میدیایەکی تری کوردی نییە.

ئاوڕدانەوەی بەردەوام و بەرپرسانە و ڕاستگۆیانەی ڕووداو لە پارچەکانی تری کوردستان، بوونی پڕۆگرامی فیکس و نەگۆڕی تایبەت بەم پارچانە سیمای ئەم میدیایەی لە میدیایەکی حیزبییەوە بەتەواوی گۆڕیوە بۆ میدیایەکی نیشتیمانی.

ئەگەر لەگەڵ سازبوونی یەکەم کەناڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی لەسەر دەستی پەکەکە واتە Med TV خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەوی دووی ڕێبەندان بۆ سەیری بەرنامەی تایبەتی لەسەر کۆماری کوردستان پۆل پۆل بەرەو ماڵ دەبوونەوە بۆ دیتنی ئەم پڕۆگرامە، ئەوە ئێستا ڕووداو بووەتە میوانی نەگۆڕی شاشەی تەلەڤیزیۆنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕەنگە ڕستەیەکی تراژێدی کۆمیکی هاوسەرۆکی پەژاک لە دیدارێکی لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی نەورۆز تی ڤی سەلمێنەری ئەم بۆچوونەمان بێ کە دژبەرەکانی ڕووداویش بەردەوام سەیری ئەم کەناڵە دەکەن: "من بۆخۆم قەت ڕووداو ناگرم بەڵام خۆم لە ڕووداو گوێم لێبوو"!

کەوابوو ئەگەر حەولی تۆڕی میدیایی ڕووداو بردنەسەری ئاستی متمانەیە لە ڕێگای حەولدان بۆ پاراستنی بێلایەنییەکی ڕێژەیی، ئەوە وەرگر و تەنانەت حیزب و لایەنە سیاسییەکانی تریش دەبێ حەول بدەن بۆ ئەوەی زیاتر عەقڵانییەتی لایەنگری میدیای حیزبی خۆیان بخەنە پەراوێزەوە.

بۆم بکەنە کەچەڵەکە! ئەمە قسەی پیرەپیاوێکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە هەموو شەوێ بەم ڕستەیە داوا لە ئەندامانی خێزانەکەی دەکا بەرنامەی کاژێر ٨ی کەناڵی ڕووداوی بۆ بگرن، دیارە مەبەستیشی لە کەچەڵەکە، پێشکەشکاری ئەم بەرنامەیە، شاهۆ ئەمینە. وێدەچێ ئەو، ئەم متمانەیەی بۆ سازبووبێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

---

## دەروازەیەکی نوێی خەبات

لە ساتەوەختی ئێستادا ئەم راستییە بۆ هەموو لایەک سەلمێندراوە کە یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانیکردنی ئەم پرسەیە. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رابردوو لە باشوور و رۆژئاوا و باکوور نیشانیان داوە کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لە ناو میدیاکانی جیهاندا لە برەودابێ تا بتوانێ بۆ دوارۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا. سووکەئاوڕێکی خێرا بۆ رابردووی مێژووی خەباتی گەلی کورد ئەوەمان پێدەڵێ کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم بابەتە خافڵ نەبووە و حەولێکی بەردەوامی داوە بۆ ئەوەی سرنجی میدیا و رێکخراوە جیهانییەکان بۆ لای خۆی رابکێشێ و کەم تا زۆر کاری بۆ کردووە. بەڵام ئەمڕۆکە لە میدیای جیهانیدا رۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو پارچەکانی تر غایبێکی گەورەیە!

لە ماوەی سەرکردایەتی شەهید دوکتور قاسملوودا وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات بە هۆی کەسایەتی ناسراوی لە ئەورووپا و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ سیاسەتمەداران و رۆژنامەنووسانی جیهان پرسی کورد لە رۆژهەڵات ببوو بە رۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە. وەک نموونە: گاردییەنی بەریتانیا، لۆمۆندی فەڕەنسا، دێیلی تێلگرافی بەریتانیا، لوسواری بەلژیک، ئیکۆنۆمیستی بەریتانیا، هێراڵد تریبۆنی ئەمەریکا، ساندی تایمزی بەریتانیا، زوددۆیچە ئاڵمانیا، نیووزویکی ئەمەریکا، فاینەشناڵ تایمزی بەریتانیا، فیگارۆی فەڕەنسا، فرانکفۆرتر ئالگماینێی ئاڵمانیا و...

تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە رۆژنامە پرتیراژەکانی ئەمریکا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاودەکاتەوە. با دوو نموونە باس بکەین:

رۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین رۆژنامەی فەڕەنسا لە کاتی لە لووتکەدا بوونی شۆڕشی رۆژهەڵاتی کورستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ: ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ خەریتەیەک بوونی نییە بەڵام پێنجسەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە بیست ملیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان رادەپەڕێ پێنج وڵات دەلەرزێن... فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیا، ئێران، عێراق، سووریا و یەکێتی سۆڤییەت [ی پێشوو] دابەشکراوە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان

سەرکوتکراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدێکدا کە لە ٢٨ی مارس پێشکەشی خومەینی کردووە خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدراسیۆن لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا بووە و...

پڕتیراژترین رۆژنامەی ئاڵمانی "زوددۆیچە تسایتونگ" لە بەرواری ١ - ٩ - ١٩٧٩ باس لەمە دەکا کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا لە وڵاتانی ئەندامی "جنبش عدم‌تعهد" لە هاوانا داوای کردووە کە سیاسەتەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەمبەر کوشتاری کوردەکانی ئێران ئیدانە بکەن.

بێگومان قورسایی هەرەزۆری ئەرکی بەجیهانی کردنی پرسی کورد لە دەیەی هەشتای زایینی تا ئەوکاتەی دوکتور قاسملوو مابوو لەئەستۆی خۆی بوو، سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی میدیایی لەو سەردەمدا توانی سرنجی میدیا بەناوبانگەکانی جیهانی بۆ لای خۆی و نەتەوەکەی رابکێشێ.

نموونەیەکی بەرچاوی تر وەک هەوڵێکی تازە بۆ بە جیهانیکردنی دۆزی کورد بەئەندامکردنی حیزبی دێموکرات لە رێکخراوەی ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا بوو.

بەڵام پرسیارێک کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی لەسەردەمی شەهید دوکتور قاسملوودا کە کەرەسەکانی پەیوەندی وەک ئینتێرنێت و سۆشیال میدیا کە ئەمڕۆ لە چرکەیەکدا هەواڵەکان دەگوازنەوە بوونی نەبوو، یان حیزبەکان وەک ئێستا لە ئەورووپا و ئەمەریکا و کانادا کۆمیتەیان نەبوو، یان ئەندام و لایەنگری حیزبەکان ئاوا بە بەربڵاوی لە دەرەوەی وڵاتدا نەبوون، ئەدی بۆ بە نیسبەت سەردەمی دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەم هەموو پێشکەوتنە تێکنۆلۆژیکییە پرسی کوردی رۆژهەڵات زۆر زۆر کەمترە و لە پەراوێزدایە؟

خۆ ئەمە راستە کە بە شێوەیەکی جەوهەری و بە هۆی دۆخی تایبەتی پرسی کورد لە باشوور و باکوور و رۆژئاوا لە رۆژەڤدایە و میدیاکانی جیهانی ئاوڕی وێدەدەنەوە، بەڵام ئەمەش نابێتە پاساو بۆ ئەوەی کە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو میدیای جیهاندا هیچ حزوورێکی نەبێ و پەیوەندی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەم میدیایانە لە نزمترین ئاستی خۆیدابێ! دیارە نکۆڵی لە هەندێ حەولی پەراکەندەی تاکەکەسی و حیزبی ناکەم بەڵام ئەمە بە هیچ کلۆجێک کیفایەت ناکا.

ئێستا بە پێی ئەم پتانسییەلە میدیایی و راگەیەندراوییەوە و بوونی دەیان رێکخراوەی سیاسی نێونەتەوەیی (کە شارەزای

دۆزی کوردن) و حزووری کەسانی ئاکادیمیسییەن و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، جێی خۆیەتی بە هەموو چەشنێ ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی تۆکمە و پلاندار سەرلەنوێ سازبدرێتەوە و سەرنجی میدیاکانی جیهان کە ئێستا وەک میدیای نێونەتەوەیی دەوردەگێڕن و لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و رای گشتی نەتەوەکانی خۆیان و تەنانەت دەوڵەتانی تریش شوێندانەرن، بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕابکێشن. ئێستا کە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە کزێی داوە، کەڵکوەرگرتن لە وزەی ئەم میدیا جیهانیانە دەروازەیەکی نوێی خەباتمان بەڕوودا دەکاتەوە، ڕێک وەک ئەم کارەی دوکتور قاسملوو کردی!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## نامەیەک بۆ شەهید دوکتور قاسملوو

لەو ڕۆژەوە دوور بۆتەوە سایەت لە سەری من
سووتاوە لەتاوت هەموو گیان و جگەری من

مەزن سەرکردەم سڵاو!

دەزانی بۆچی بەم دوودێڕە شێعرەی وەفایی دەستم پێکرد؟ چون لە ڕاستیدا هیچ ڕستەیەک وەک ئەم بەیتە گوزارە لە دەروونی شڵەژاوم ناکا، ئەم بەیتە گوزارە لە دۆخی هەموو تاکێکی کوردی وەفادار بە ڕێبازت دەکا کە لە پاش کۆچی سوور و ناوادەت، پەشێو کوتەنی "وەک چنگێک دانەوێڵەی فێرێدراوی ئاشی مێژوو لێرولەوێ پەراکەندە و سەرگەردان بووین."

زۆر کەس لە سەر ژیان و ئەندێشەی تۆیان نووسی، بە سەدان کتێب، وتار، شێعر، کۆنفرانس، بەڵگەفیلم، وتووێژ و... بڵاوکرانەوە بۆ ئەوەی چاکترت بناسین، دەستی هەموو لایەک خۆش بێ، بەڵام منی قەڵەم کول و بیر کورت چ بنووسم و باسی چی بکەم؟ بۆیە شاعیر کوتەنی: "مێرووله نەچێ چاکە بە گڕ قوللەیی قافا!"

ئیزن بفەرموو لەم شەوەدا، شەوی یەلدا، شەوی لەدایکبوونت، چەند ڕستەیەک بۆ دڵی خۆم بنووسم:

من وەک تارماییەک تۆم لەبیرە... وەک شتێکی دوورەدەست، وەک تاسەی دایکێکی دوورخراو لە جگەرگۆشەکەی، وەک تامەزرۆیی پاڵەیەکی ماندوو بۆ قاپێک دۆی ترش و ساردی بەقەزوان، وەک حەزی مناڵێکی هەژاری پێخواس بۆ بەستەنی دەستی کیژۆڵەکی پۆشتە، وەک حەسرەتی پێشمەرگەیەکی کونجی بەندیخانە بۆ ئازادی و سەربەستی...

مناڵ بووم، پێموایە ساڵی ١٣٥٨ بوو. ڕۆژێکیان لە گەڕەکی سەربەرداشی مەهاباد بەرەو مەیدانی چوارچرا بووینەوە، بابم دەستی گرتبووم. تۆ قسەت دەکرد، دوور بە دوور وەک تارماییەک دیتمی، تەمەن بەشی ئەوەی نەکرد لە وتەکانت تێبگەم... ئیتر لە پاش ئەم میتینگە لە هەر کوێ ناوت هاتبا یان قسەت کردبا قوت دەبوومەوە، ئێستاش پاشی نیزیک بە چوار دەیە لە هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکەکەسی و کاریمدا بوونت هەیە...

خوێندکار بووم، لە زانکۆی مازەندەران لە بابولسەر، لە باکووری ئێران، پووشپەڕی ١٣٦٨ بوو، بەرەبەرە بەرەو کۆتایی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ دەچووین... هاوڕێیەک لە پڕ لێمان وە ژوور کەوت، شڵەژابوو، کوتی؛ بیستووتانە دوکتور قاسملوو وەبەر دەسڕێژ کەوتووە و بریندار بووە...؟ گەنج بووم، زۆر لە دنیا حاڵی نەبووم بەڵام بڕوام پێبکە ئاسمان هەرەسی بەسەرەمدا هێنا... شتێکی سەیرت عەرز بکەم، لەم شوێنە دوورەی ئێمە لێمان دەخوێند ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران زمانحاڵی ئەو حیزبەی جەنابت سەرکردایەتیت دەکرد، زۆر باش ئاتێنی هەبوو، ئەوەم بۆیە عەرز کردی بزانی بەداخەوە دۆخی ئێستای ڕاگەیاندنمان وەک هەموو شتەکانی تر گەلێک خراپە! هەر لەوێش لە زمان کاک ئەحمەد شێربەگییەوە گوێمان لێبوو کە تۆ بۆ هەمیشە نەتەوەکەت بە سەغیری جێهێشت!

تاقیکردنەوەکان تەواو بوون، لە بابولسەر بۆ تاران و لەوێشڕا ڕۆیشتمەوە بۆ مەهاباد. ئوتوبۆووسەکانی مەهاباد بەیانیان زۆر زوو دەگەیشتنەوە، وڵات هەر تاریک بوو، شەقامەکانیش چۆلوهۆل. لە هەورازەکەی تەپەی قازی وەسەرکەوتم. لە دەرگام دا. لەو دیوی دەرکەکە بە دەنگی هەناسە و نیخە نیخی سینگی ناسیمەوە. دایکم بوو، ئاخر نەخۆش بوو، ئاسمی هەبوو، پشووی زوو سوار دەبوو (خودا لە مردووی هەموو لایەکمان خۆش بێ)، دەرگای بەڕوودا کردمەوە و لە ئامێزی گرتم و کوتم: دایە دوکتور... بەدەم هەنیسکانەوە کوتی دەزانم ڕۆڵە...

**گەورەم!**

من پێموایە جەنابت بەرلەوەی سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی سیاسی بی، ڕۆشنبیرێکی بە تەواو مانا بووی! چون بە باوەڕی من دوو تایبەتمەندی سەرەکی واتە: "داهێنان" و "شوێندانەری" لە ژیان و سیاسەتەکانی جەنابتدا بەئاشکرایی بەدیدەکرێن. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر ساحەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان نادیترێن. خۆ دەمێک ساڵە بەناو ڕووناکبیرەکانمان تەنیا پۆزی ڕۆشنبیری لێدەدەن و نازانن "داهێنان" بەری چ دارێکە و لە قوللەی قافی گۆشەگیریڕا نوسخە بۆ شاخ و شار دەپێچنەوە بێئەوەی خۆیان لەناو بەتنی ڕووداوەکاندا ئامادە بن، کەچی تۆ نەک لەناو جەرگی ڕووداودا بەڵکوو خودی ڕووداو بووی. تۆ هەم داهێنەر بووی هەم شوێندانەر!

زۆر دژوارە باسکردن لە هەموو ڕەهەندکانی ژیانی تۆ، دەرفەتی دەوێ، دەرفەتێک بەقەرا تەمەنی نەتەوەیەکی فەرامۆشکار. دەزانی، بەردەوام سەرسامم دەکەی. سەرسامم بەو پێشەکییەی بۆ "تاریک و ڕوون"ی مامۆستا هێمنت نووسیبوو، شارەزایی سیاستمەدارێک لە ڕەخنەی ئەدەبی تا ئەم ئاستە؟! سەرسامم کاتێ بەم هەموو زمانە لێدوانت دەدا بۆ ڕاگەیاندنە ناوخۆیی و بیانییەکان! هەستم بە شانازی دەکرد کە تۆ سەرکردەمی. سەرسامم ئێستاش کە دەبینم لە سەردەمی تۆدا پرسی کورد لە

ئێران ببوو بە ڕۆژەڤی میدیاکانی دنیا، سەرسام بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانت لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی جیهان و... ڕاستی ئێمە ناوی ساڵانی سەرکردایەتی جەنابتمان ناوە: قۆناغی قاسملوو.

**سەیرە لە چاخی ئاوابوونی چەمکی کاریزمایی، ئێمە هەرهەموومان ڕوو لە چیا هاوار دەکەین:**

**هۆ شۆڕەسوار کەی دێیەی خوار!**

من دەڵێم جگە لە تۆ و هزری تۆ کەس شک نابەین وەک ڕێنشانیدەر، بۆیە بەخۆم دەڵێم دەبێ بخوێنینەوە و بخوێنینەوە. دەبێ ئاستی پەروەردە و زانستمان بچێتەسەر. خوێندنەوەی سەرلەنوێی جەنابت ئەرکی هەموومانە، ڕاست دەکەن قاسملوو قوتابخانەیە، بەڵام خۆزگە ئەوەشیان درکاندبا چەندە لەم قوتابخانەیە فێر بوون؟!

هەرچەند دۆخەکەمان لەچاو باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا بە گشتی باش نییە، بەڵام تۆ کارێکی واتکردووە کە هەست بە بوون بکەین و هیوادار بین بە دواڕۆژ و یەکبوون و یەکگرتن. چون بەبێگومان بوونمان بە ناوی تۆوە گرێدراوە. لە شەوی لە دایکبوونت واتە یەکی بەفرانبارڕا تا ڕۆژی شەهیدبوونت، بازنەیەک سازبووە کە تێیدا دێین و دەچین، واتە چ شەوی لە دایک بوون و چ ڕۆژی شەهید بوونت بیانوویەکن بۆ زیندووبوونمان.

**گەورەم!**

**تۆ وەها تێکەڵ بە گۆشت و خوێن و ئێسکی ئەم نەتەوەیە بووی کە ئەم جیلەی ئێستا پاش شەهید بوونت سوێندی هەرەگەورەیان "بە قەبری دوکتور قاسملوو"یە. بۆیە گەشبینم بە داهاتووی خۆمان هەرچەند:**

**کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد**
**سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا**

**لە کورتی دەبڕمەوە. مەزن سەرکردەم، لەبری ماڵاوایی سڵاو و هەزاران سڵاو... ئەم نەتەوەیە فێری ماڵاوایی لە تۆ و لە ڕێبازت نەبووە و نابێ هەرگیز!**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## خاک مەیلبرە؟

وا مەزەندە دەکرێ، ژمارەی پەناخواز و کۆچبەران لەماوەی ئەمساڵدا گەیشتبێتە ملیۆن و نیوێک، ئەم ژمارەیە لە پاش کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لەساڵی ١٩٥١ بێوێنە بووە. خاڵی سەرسوڕهێنەر و جێی داخ ئەوەیە لەساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ئێستا نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە دەریای مەدیترانەدا خنکاون!

**ڕێکخراوی لێبووردەیی نێودەوڵەتی دەڵێ:** قەیرانی پەنابەران گەورەترین گرفتی سەدەی ٢١ەو پێویستی بە ستراتیژییەکی جیهانی هەیە! لەم نێوەدا کوردیش بە هۆکاری جیاواز، یەکێک بوون لەو نەتەوانەی ڕەگەڵ ئەم شەپۆلە کەوتوون. سەرەتا بەرلەوەی بچینە ناو کرۆکی باسەکەوە و هۆکارەکانی پەیوەستبوونی کورد بەم شەپۆلەوە، وا باشە چەند تێرمێک پێناسە بکەین:

– **پەنابەر** (Refugee): بەپێی تاریفی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لەساڵی ١٩٥١ و دواتر پرۆتۆکۆڵی هاوپێچی ساڵی ١٩٦٧، پەنابەر بەو کەسانە دەگوترێ کە لەبەر هۆکاری تۆرەمەیی، ئایین و ئایینزایی، نەتەوەیی و ئیتنیکی یان ئەندامبوون لە گرووپە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکاندا، لە ترسی ئەشکەنجە و ئازاری دەسەڵاتی وڵاتی نیشتەجێبوونیان ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

– **پەناخواز** (Asylum Seeker): بە پلەیەک خوارتر پەناخواز دێ، واتە پەناخواز بە کەسێک دەگوترێ کە خۆی رادەستی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و دۆسیەکەی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام هێشتا وەڵامی ئەرێنی یان نەرێنی وەرنەگرتووە.

– **کۆچبەر** (Migrant): بریتییە لەو کەسە کە بە هۆکاری ئابووری و زیاتر لەبەر دۆزینەوەی ژیانێکی خۆشتر پەڕیوەی هەندەران دەبێ و مەترسیی گیانی لەسەر نییە.

بۆ ئەوەی باسەکەمان گرێ بدەین لەگەڵ ئەم کۆڕەوەی کورد، لێرەدا دەبێ هێڵێکی تۆخ دیاری بکەین لە نێوان کۆچبەر و پەنابەردا. لەڕاستیدا کۆچبەر دڵەڕاوکێی خاکی نییە بە مانا سیاسییەکەی، کۆچبەر بۆ ئەوەی لە بەرزەخی وڵاتی دووەم

رزگار بێ و بگاتە بەهەشت، واتە وڵاتی سێیەم، لە هیچ کردەوەیەک ناپرینگێتەوە بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی بۆخۆی مسۆگەر بکا. خۆم وەک ئەزموونی تاکەکەسی شاهید بووم کە بۆ وێنە زۆر کەس بە درۆ دەبێتە مەسیحی و بەهایی، دەبێتە گەی و لێزبیەن، دەبێتە ئەندام و لایەنگری حیزبی و... هتد.

بەڵام کێشەی پەنابەری راستەقینە خاکە، کەوابوو مەبەستی ئەم وتارە نە کۆچبەرەکانە، نە ئەو کەسانەی کە بەناوی پەنابەرەوە خۆیان لە دۆخی پەناخوازی رزگار دەکەن بەرەو ژیانێکی ئاسوودەتر و خۆشگوزەرانتر، بەڵکوو ئەوانەن کە وەک پەنابەر خەمی خاک لە دەروون و هەناویاندایە و ئەگەرچی لەباری فیزیکی و جەستەییەوە لە وڵاتی خۆیان دابڕاون، بەڵام رووحیان لەوێیە.

لە روانگەی زۆر بیردۆزەوە، کۆچ و سەفەر ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە مرۆڤی پەنابەردا سازدەکا و توخمەکانی نەتەوەخوازی تێدا تۆختر دەکا و دواجار گەڕانەوەی جەستەیی یان رووحی بۆ وڵاتی دایک سوودبەخش دەبێ، بەڵام لانیکەم لەم ساتەوەختەی ئێستادا بۆ ئێمەی کورد چون هۆکاری زۆربەی هەرە زۆری سەفەرەکان لەسەر بنەمای کۆچبەرێتییە نەک پەنابەرێتی، تا ئێستا دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتووەتەوە. لەم پەیوەندییەدا بێگومان چەمکی ناسنامە و شوناس گرینگترین کێشەی سایکۆلۆژیکی پەنابەرە!

**هانا ئارێنت دەڵێ:** ئەگەر پەنابەر بتوانێ ناسنامە و شوناسی خۆی بپارێزێ، ئەوە دەتوانێ ببێتە پێشەنگی خەڵکی خۆی، بەڵام ئەوەی بووەتە جێی مەترسی، ئەوەیە کە پەنابەر دەبێتە بوونەوەرێکی دەستەمۆ! ئارێنت لە چەمکی فەرامۆشی بۆ ئەم پەنابەرانە کەڵک وەردەگرێ و دەڵێ: هەر کە پەناخواز رزگار دەبێ و دەبێتە پەنابەر، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا و بە وردی گوێڕایەڵی رزگاریدەرەکانی دەبێ و پێی دەگوترێ هەموو شت لە بیر بکا و ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئەو وڵاتەی تێیدا سەقامگیر بووە.

دیارە رەچاوکردنی یاسا و رێساکانی وڵاتێک نەک بە مانای دەستەمۆبوون نایەت، بەڵکوو جۆرێکە لە کولتووری شارۆمەندیی مرۆڤەکان، هەربۆیە پەنابەر کە دەگاتە وڵاتی مەبەست، بۆ ئەوەی بتوانێ دواجار بەشدارییەکی پێکهاتەیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبێ، دەبێ خۆی بە تەواوی لەگەڵ نۆرمەکانی ئەو وڵاتەدا بگونجێنێ، بەڵام پەنابەری کورد لە مابەینی دەستەمۆیی و یاخیبووندا لانکە دەکات و زۆر جاران تای تەرازووەکەی بۆ لای دەستەمۆیی دەشکێتەوە. ئێدوارد سەعید لەوبارەوە دەڵێ: بارودۆخی ژیانی مرۆڤی هەڵقەندراو لە زێدی خۆی، بەردەوام خەریکە حەیسییەت و شوناسی لێدەستێنێ و "بوون"ەکەی بەرەو "نەبوون" دەبات.

ئەم غیابە سیاسی کۆمەڵایەتییەی گەلی کورد گەورەترین مەترسییە بۆ شوناسی نەتەوەیی. زۆربەی هەرە زۆری پەنابەرە کوردەکانی (دیارە پارچەکانی کورستان بۆ وێنە رۆژهەڵات و باکوور بەنیسبەت یەکتر جیاوازن) ئەم سەردەمە، ئارێنت گوتەنی بەدەست پەتای فەرامۆشییەوە دەناڵێنن و ناتوانن ناسنامە و شوناسی خۆیان بپارێزن و دواجار ئێدوارد سەعید گوتەنی بەرەو نەبوون هەنگاو دەنێن.

**خاک مەیلبڕە! ئەم مەسەلە کوردییە بۆ کەسوکاری کۆچکردوویەک دەگوترێ، بەڵام رەنگە رێک بۆ مرۆڤی پەنابەری کوردیش جێ بگرێ، کاتێ خاکی خۆی جێدێڵێ، مەیلیشی بەنیسبەت ئەم خاکە دەبڕێ!**

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٥

---

## ترسی رۆشنبیری کورد!

ئەگەر سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ رۆشنبیر کراون بخەینە تای تەرازوویەکەوە، دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی و هاوبەشیان تێدا بەدی بکەین کە بریتین لە: داهێنان (Creation) و شوێندانەری (Effectiveness).

رێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان بەدی ناکرێن. دیارە داهێنانی فکری لە فەزایەکی تاکەکەسی و ئیزۆلە (Isolation)دا سازدەبێ، بەڵام شوێندانەری لە فەزایەکی گشتی و پەرەگیر (Inclusion)دا دواجار دێتەدی، واتە ئەگەر وەک پرۆسەیەک سەیری ئەم چەمکە بکرێ، دەتوانین بڵێین کە لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ رێچکە دەبەستێ. بەدەر لەم رەوتە، رۆشنبیری دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت و ناتەواو!

رەنگە هێنانەوەی نموونەیەک بۆ باسەکە یارمەتیدەر بێ. کاتێ کە ئیدوارد سەعید کتێبی رۆژهەڵاتناسی نووسی و شێوەڕوانینی یەکلایەنەی رۆژئاوای بۆ رۆژهەڵات بردە ژێر پرسیارەوە، ئەوەندەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای جیهانی هەبوو کە زانکۆکانی رۆژئاوای هەژاند و کتێبەکە بۆ زیاتر لە ٣٦ زمانی زیندووی جیهان تەرجەمەکرا و بەسەدان وتار و بابەتی زانستی و ئەکادیمی لەسەر نووسرا، ئەمە واتە داهێنانی فکری.

لەلایەکی دیکەوە کاتێ ئیدوارد سەعید لە وێنە ناسراوەکەیدا، هاوڕێی خەڵکی ئاسایی بەرد لە تانکەکانی ئیسرائیل دەگرێ (بەدەر لە شێوەڕوانینێکی بایەخدارانە) گوزارە لە بوونی رۆشنبیر لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگا دەکات و ئەمە واتە شوێندانەری. دیارە نموونەی مێژوویی زۆرن کە رۆشنبیری داهێنەر حزوورێکی کاریگەر و رەخنەگرانەی هەبووە لە کۆمەڵگەی خۆی و کۆمەڵگەی جیهانیدا. ئێنگڵس، گرامشی، ئادۆرنۆ، ئاڵتۆسێر، بۆردیۆ، سەعید، گراس و... مشتێ لە خەڵواری ئەم حزوورەن.

بێگومان هیچ کوردێک وێنەی هارۆڵد پینتێری براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی لەبیر ناکا کە کاتی رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، بە نیشانەی دەنگ هەڵبڕین و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەردەم کۆنسولخانەی تورکیا لە لەندەن مانی گرتبوو!

واتە دەمەوێ بڵێم کە ئەگەر رۆشنبیری کورد تەنانەت لە قۆناغی یەکەم لە خەڵوەتی خۆیدا خەریکی ئافراندن و داهێنانە

بە هەموو کەموکووڕییەکانەوە - کە لەم بابەتەدا بواری باسکردنیان نییە بە تایبەتی لە روانگەی رۆشنبیری بەرهەمهێن و رۆشنبیری دابەشکار - ئەوە لە قۆناغی دووەمدا، واتە شوێندانەری، بەهۆی نەبوونی لەسەر ساحە و غیابی کردەوەیی، پرۆسەکە تووشی نوقسان و دواجار شکست دەکا. لە کوردستان ئەم پرۆسەیە بە کاملی نادیترێ یان تووشی خەلەلی جددی بووە، رەنگە زۆر هۆکار بکرێ بۆ ئەمە دەستنیشان بکرێ،

**بەڵام بە باوەڕی من گرینگترینیان بریتین لە:**

نەبوونی سەربەخۆیی فکری، سەربەخۆیی ئابووری، لاوازیی رێکخراوە مەدەنییەکان، لایەنگریی حیزبی و لە هەمان کاتدا لاوازیی ئاستی ژێرخانە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆمان. لەلایەکی دیکەوە دەبێ ئاماژە بە دەوری نەرێنی خودی رۆشنبیریش بکەین. دەمێک ساڵە دەستەواژەی "پۆزی رۆشنبیری" بۆ ئەم رووناکبیرانە دەکاردەکرێ کە لە قوللەی قافی گۆشەگیریرا نوسخە بۆ شەقام دەپێچنەوە بێ ئەوەی خۆیان لەناو بەتنی کۆمەڵگادا ئامادە بن، بۆیە ناکرێ رۆشنبیر خۆی لەناو لاپەڕەکانی رۆژنامە و ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکان وەک گۆشەنووس و رۆژنامەوان حەشار بدا، واتە دەبێ جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان چەمکی رۆشنبیری و نووسین بە هەموو فۆرمەکانی وەک شیعر، چیرۆک، وەرگێڕان، شانۆنامە، دەقێکی مۆسیقایی قایل بین و دەرئەنجام ناکرێ بە هەموو جۆرە نووسەر و گۆشەنووسی رۆژنامە و هونەرمەندێک بڵێین رۆشنبیر!

هۆکاری ئامادەنەبوونی رۆشنبیریش لەناو کۆمەڵگادا کە بووەتە هۆی لەمپەر لەبەردەم کاملبوونی پرۆسەی رۆشنبیری، چەشنێ "ترسی مێژوویی"یە، ترس لە هەڵەکردن، ترس لە خوێندنەوەیەکی هەڵە بۆ رووداوەکان. واتە رۆشنبیری ئێمە دەترسێ لەوەی ئەگەر ببێتە یەک لە کارەکتەرەکانی هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دواجار تووشی هەڵەیەکی سیاسی بێ، دۆڕاندوویەتی.

ئەمە رێک بەپێچەوانەی دەوری رۆشنبیری رۆژئاواییە. لە مێژووی وڵاتانی رۆژئاوایی کەم نەبوون ئەو رۆشنبیرانەی کە لە قۆناغێکی زەمەنیدا بۆ بابەتێکی تایبەت لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا تووشی هەڵە بوون و خۆشیان دانیان پێدا ناوە، بەڵام دواتر لەسەر بنەمای ئەم ئامادەگییە هەڵەکانیان راست کردووەتەوە و بەگوڕتر لە پێشوو لە ساحەی سیاسیدا کاریگەر بوون. رۆشنبیری ئێمە وەک تاکێکی حیزبی ئاکامخوازە و بەدووی دەسکەوتەوەیە، بۆیە ئەو ترسەی دایم لە دڵدایە کە ئەگەر تووشی هەڵە بێ دەسکەوتێکی بۆ مسۆگەر نابێ، هەربۆیە دەگاتە ئەو قەناعەتە کە لە دوورەوە خەریکی داهێنان بێ با دەنگیشی نەگاتە گوێی خەڵکەکەی. رۆشنبیری کورد ئەگەر دەیەوێ دەوری خۆی هەبێ دەبێ ئەم ترسە مێژووییە وەلانێ و شەهامەتی ئامادەبوونی لەناو گەلەکەیدا هەبێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٢ی جانێوێری ٢٠١٥

## دیسان بەزمی هەڵبژاردن لە ئێران!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی رابردوودا ساڵێ یەک هەڵبژاردنی بەڕێوە بردووە، وەک هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، پارلەمان، ئەنجوومەنی شارەکان، خوبرەگان و... بە درێژایی ئەم ساڵانەش، سەرجەم ئەم هەڵبژاردنانەی وەک هێمایەک بۆ دێموکراسی لە ناوخۆی وڵات و مەشرووعییەتی ژوورەکی و دەرەکی بەچاوی خەڵکی ئێران و دەرەوەی وڵاتیشدا داوەتەوە!

بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە، چاودێرانی سیاسی بەردەوام بە چاوی گومان و دڕدۆنگییەوە سەیری زۆربەی هەرە زۆری ئەم هەڵبژاردنانەیان کردووە، چون لەڕاستیدا هەرچەند رێژەی بەشداریی خەڵک هەندێ جار بەرچاو بووە، بەڵام جگە لە تەزویر و سڕینەوەی ئەو جیابیرانەی خۆیان بەربژێری هەڵبژاردنەکان کردووە، لە جەوهەری بەشدارییەکەدا هەمیشە گرفتێکی سەرەکی هەبووە کە بووەتە هۆی ئەوەی هیچکام لە هەڵبژاردنەکان نەتوانن گۆڕانێکی سیاسیی ئەوتۆ لە ئێران سازبدەن کە ئەویش بریتییە لە چەمکێک بەناوی: "بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی".

سەبارەت بەم چەمکە، هانا ئارێنت پێیوایە بەشداریی سیاسی ئەرێنی واتە پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ بەشێوەیەکی پێکهاتەیی لە قاڵبی حیزب و لایەنی سیاسیدا بێ تا بەر بە دیکتاتۆرییەت بگرێ، بە واتایەکی دیکە بەشداریی سیاسی ناپێکهاتەیی، تەنیا مەبەستی بەشدارکردنی گۆترەیی خەڵکە بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی خۆی و مەبەستی سەرەکی بەرلەوەی چاکسازیی ناوخۆیی بێ، سەلماندنی مەشرووعییەتی خۆیەتی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. ئەمە رێک ئەو شتەیە کە لە سیستەمە تۆتالیتێرەکاندا بەدی دەکرێ. ئارێنت دەیەوێ بڵێت سیستەمی تۆتالیتێر لە هەمان کاتدا کە بە توندی بەر بە بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی دەگرێ، دەیەوێ ئاستی بەشداریی سیاسی ناپێکهاتەیی بەرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر بە میکانیزمگەلێکی پڕوپاگەندەیی و فرتوفێڵئامێزیشەوە بێ و دواجار بە زەبری زۆری و تۆقاندن!
بۆیە مادام پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی نەبێ و بۆ وێنە خەڵک لە کوردستان نەیەنە قاڵبی پێکهاتە و حیزبەوە و رەخنەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی نەکەن، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕدرێ. ئەوەی کە تا ئێستا لە کوردستان سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەدی کراوە - سەرەڕای نەبوونی بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی - ئەوە بووە کە بەشێوەیەکی رێژەیی دەنگی خەڵکی کوردستان بەردەوام پەیامێکی سیاسی بۆ ناوەند پێبووە، بە تەعبیرێکی دیکە دەنگی خەڵکی کوردستان لەسەر بنەمای شعوورێکی سیاسی و خوێندنەوەیەکی دروست دراوە و تەنانەت بایکۆت کردنەکەشی هەڵگری ئەم پەیامە بووە. شرۆڤەی ناوەڕۆکی ئەم پەیامە،

ناهاوتەریببوونی خەڵکی کوردستان بووە لەگەڵ دەسەڵات، واتە کورد هەمیشە دەنگی داوە بەو بەربژێرانە کە رەخنەگری حکوومەت بوون، یان لانیکەم لێی دوور بوون.

بۆ پێکانی ئەم مەبەستە، واتە بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی، کۆمەڵگای کوردەواری پێویستی بە سەرلەنوێ خۆسازدانەوەی ڕێکخراوەیی لەناوخۆ هەیە. خۆ رەنگە دیاریکردنی تاقم و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەرهەست دژوار بێ، بەڵام لانیکەم وەک جووڵەیەکی مەدەنی - بە هەموو خۆپارێزییەکانیەوە - بەدی دەکرێن: لە بەرەی یەکگرتووی کورد و ریفۆرمخوازە کوردەکانەوە بگرە تا جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و مەکتەبی قورئان و NGOکان و تەنانەت هەندێ رەوتی فکری بەرچاوی سەربەخۆ کە زیاتر لە پانتایی هەندێ لە شارەکاندا بەدی دەکرێن. ئەمە خۆی لە خۆیدا پتانسییەلێکی باشە کە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا خەڵک خۆی تێدا ببینێتەوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیەوە لەڕێی دەزگا ئەمنی و چاودێرییەکانییەوە بە فیلتێرکردن و رەدی سەڵاحیەتی بەرفراوان لە هەڵبژاردنەکاندا تا ئەو جێگایەی شیری بڕیوەتی ئیزنی نەداوە جیابیران خۆیان بەربژێری هەڵبژاردنەکان بکەن و حەولی داوە وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر ئەم یونیفۆرمیزاسیۆنە بپارێزێ. لە پاش ئەم پرۆسەی فلتەربرە، ئەوە دێتە گۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی تا چ رادەیەک ئیزن دەدا بەشداری سیاسیی خەڵک بەرگێکی پێکهاتەیی بپۆشێ؟ پرسیارێک کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم رژێمەدا هیچ وەڵامێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئەمجارە حەولی چالاکڤانانی سیاسی مەدەنی ناوخۆ بۆ بە پێکهاتەییکردنی بەشداریی سیاسی خەڵک بەپێی پتانسییەلە جۆربەجۆرەکانی مێدیایی بەتایبەتی سۆشیال میدیا تا چەند دەتوانێ ئەم خەونە بێنێتەدی؟ هەرچەند بەپێی ئەزموون و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، ئاسۆی ئەمجارەش زۆر لێڵ و هیوابڕە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێویری ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## کۆماری ئیسلامی بەراوەژوو!

**مەسەلێکی چینی دەڵێ:** کاتێ شتێک بەراوەژوو نیشان دەدەی، واتە درۆ دەکەی! ئەمە تایبەتمەندیی سەرەکیی حوکمڕانانی وڵاتانی دواکەوتوو و دیکتاتۆرییە کە بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی وڵات ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات بەپێچەوانە نیشان دەدەن، ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتداری لەسەرەتای حوکمڕانیی مرۆڤەوە تا ئێستا وەک شێوەیەک لە دەسەڵاتی ئیستیبدادی لەئارادا بووە.

ماوەیەکە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئایدیۆمی «نفووز»ی کردۆتە بنێشتەخۆشکە و دەستوپەیوەندەکان و میدیاکانی بەردەوام دەیجوونەوە. دیارە ئەمە سیاسەتی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی دوکترینی ڕێبەری ئەم وڵاتەیە و بەردەوام بەرچاوکردنی ئەم سیاسەتە هۆشداری دەداتە نێوخۆ و هەرلەو کاتەشدا چەشنە هەڕەشەیەکیشە.

لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، ستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتە بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوونیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکاندا بووە و بەجۆرێک حەولی داوە سیمای ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و بەپێچەوانەی حەقیقەتەکان خۆی بنوێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر بنەمایەکی پارانۆیدی بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بە لاڕێدابردنیان،لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەلکی وەرگرتوە و بۆ وێنە ئەم وشەو دەستەواژانە بەردەوام لە گوتاری سیاسیی ئەم حکوومەتەدا بەدی دەکرێن: پیلان، دوژمن، تەماع، سیخوڕی، نفووز، خەیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشت پەردە و...ئەم پارانۆیدەش دواجار بۆتە هۆی ئەوە کە بە یەکجاری بەر بە پلۆرالیسمی سیاسی لەم وڵاتەدا بگیرێ.

دیارە زۆر ناوەندی باوەڕپێکراوی نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوە هەن کە بەردەوام لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا خەریکی پلەبەندیی وڵاتانی جیهانن ، با چەند نموونەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بخەینە بەرباس با بزانین سیمای ڕاستەقینەی ئەم وڵاتە بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی خۆی چۆنە:

- پلەی ئازادی میدیایی: ١٧٣ (**Reporters Without Borders** ساڵی ٢٠١٥)،

پلەی سانسۆر: ٧ واتە لە ریزی یەکەمی ١٠ وڵاتی دنیادایە کە سانسۆر پیشەیانە( **Committee to Protect Journalists** ساڵی ٢٠١٥)،

- پلەی پاسپۆرت: ٨٧ لە نێو ٩٤ وڵاتدا (بونیادی Henley & Partners ساڵی ٢٠١٤)،
- پلەی ئێعدام: 1(Amnesty International USA ساڵی ٢٠١٥)،
- پلەی هەڵاتنی مێشکەکان: 1 (international monetary fund ساڵی ٢٠١٥)،
- پلەی دەکارکردنی هێرۆئین وەک ماددەیەکی سڕکەری مەترسیدار: 1 (World Drugs report)
- پلەی شەفافییەتی نێونەتەوەیی کە پێوەرێکە بۆ گەندەڵیی ئابووری لە نێو ١٧٤ وڵاتدا، ١٣٦ە! ( Transparency International ساڵی ٢٠١٥)،
- پلەی فەلاکەت هێمایەکی ئابوورییە کە پەیوەندیی بە ڕێژەی بێکارییەوە هەیە: 2 (Cato Institute)،
- پلەی تەندروستی: ٩٣ (World Health Organization)،
- بەپێی نەخشەی کۆمپانیای راوێژکاری «Control Risks»ئێران وەک ناوچەیەکی « زۆر مەترسیدار» دەستنیشانکراوە.
- لەباری خۆشگوزەرانییەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پلەی ئێران بەم شێوەیە:
ئابووری ١٠٥، حوکمڕانی ١٢٢، ئازادیی تاکەکەسی ١٣١، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ٩٥، سەرمایەی کۆمەڵایەتی ١١٥، ئاسایش ١٢٠ (LEGATUM INSTITUTE ساڵی ٢٩١٥)

ئەم ئامارانە و زۆر داتای دیکەش هەن کە دۆخی کارەساتباری ئێران نیشان دەدەن و لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا نەک باس ناکرێن، بەڵکوو باسکردنیشیان باسی سەرە! دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە دانی داتای هەڵە بە خەڵک حەولی ئەوە دەدەن کە ئێران وەک بەهەشتی مەوعوود نیشان بدەن، لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئێراندا ساڵی ٢٠٠٩ ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئەو کات کە لەگەڵ کەڕرووبی (کە ئێستا لە ماڵێکدا لە ژێرچاوەدێریدایە) وەک ڕکابەری هەڵبژاردن موقابەلەیان هەبوو، هەندێ ئاماری درۆی لەسەر تەلەڤیزیۆن باس کردن کە کەڕرووبی بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: ببوورە تۆ باسی ئێران دەکەی؟!
ئێران ئەو وڵاتە نیە کە خۆی باسی دەکا، ئێران لە هەموو بوارەکاندا تووشی دارمان و هەرەسهێنان بووە و هیچ وڵاتێک لە دنیادا بێگومان شک نابەی کە وەک ئێران قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەرۆکی گرتبێ، ئێران ئەو دارەیە کە لە نێوخۆیدا کرمۆڵ و هلۆڵ بووە و هاکا ئەمڕۆ و هاکا سبەی کەوتە عەرز!

لە ژمارە ٦٧٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٥

## ئێرانی پاش هەڵبژاردنەکان

کەفوکوڵی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووری ئیسلامی (پارلەمان) و مەجلیسی خوبرەگان (ئەنجوومەنی شارەزایان) دامرکایەوە و ئێستا کاتێتی بە شێوەیەکی خەسارناسانە لەم رووداوە بڕوانین. وەرگێڕێکی بەناوبانگی ئێرانی کاتی رکابەرێتی سەرکۆماریی ساڵی ٢٠٠٥ لە نێوان رەفسەنجانی و ئەحمەدی نەژاددا گوتی: لووتم دەگرم و دەنگ دەدەم! مەبەستی ئەوە بوو کە سەرەڕای ناشیاوبوونی رەفسەنجانی بۆ پۆستی سەرکۆماری، وا باشترە دەنگ بە ئەحمەدی نەژاد نەدرێ چوون هاتنە سەرکاری ئەو بەمانای سەرکەوتنی فاشیزمە! وێدەچێ لەسەر بنەمای وەها مەنتقێک لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەیاندا ریفۆرمیستەکان جێگەیان بە بنئاژۆخوازەکان لێژکردبێ لانیکەم لە تاران کە رێک هەر ٣٠ کورسییەکەیان وەچنگ خست و هەروەها مەجلیسی خوبرەگان کە تێیدا رەفسەنجانی وەک براوەی یەکەم، پەیامێکی تایبەتی هەبوو بۆ شەخسی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی! ئەگەر بمانەوێ تەعبیرێکی ئەمرۆژینی و گەنج پەسەند بێنینەوە، لە راستیدا خەڵکی ئێران مۆرکی dislike یان لەبری like بە هەڵبژاردنی ئەمجارەوە نا، واتە لە بەزمی ئەمجارەی هەڵبژاردندا خەڵک لووتیان گرت و دەنگیان دا.

بەڵام چیرۆکی هەڵبژاردن لە کوردستان جیاوازە و تێکچندراوییەکی سەیری پێوە دیارە. بێگومان هەموو لایەک لەسەر ئەوە سوورن کە کۆماری ئیسلامی وڵاتێکی نادێموکراتیکە بە هەموو پێوەرەکان و هەڵبژاردن لەم وڵاتە لەگەڵ ستانداردەکانی جیهانی مەودایەکی یەکجار زۆری هەیە و لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ئەم حکومەتەدا چ بایکۆتی حیزبەکان و یاخود بەشداریی خەڵک، هیچ شتێکی نەگۆڕیوە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەم دەسەڵاتە دانەناوە، بەڵام جوولەکە گوتەنی: کاتێ لەڕووی ناچارییەوە دوو رێگات لەبەردەم بوو، رێک رێگای سێیەم هەڵبژێرە! واتە باشتر بوو ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەبری بایکۆت یان لەبری سەرپشککردنی خەڵک بۆ بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن، تۆپەکەی هاویشتبایە گۆڕەپانی دەسەڵاتەوە، واتە ئەگەر دەسەڵات خوازیاری بەشداریی ناپێکهاتەییە بۆ شەرعیەتدان بەخۆی لەڕێی دەنگدانی خەڵکەوە، دەبووایە بەشداریی پێکهاتەیی (بە تەعبیری هانا ئارێنت) لە قاڵبی بەشداریی سەلبی و دەنگهەڵبڕینێکی مانادار وەک پاتەک بە دژی بەشداریی گۆترەیی رەچاو کرابا. ئەمە کارێکی هاسان بوو، بۆ وێنە خەریتەی رۆژهەڵاتی کوردستان پێمان دەڵێ کە:

- لەم ناوچانەی دێمۆگرافیی کوردستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە وەک: ورمێ، نەغەدە، سەڵماس، ماکۆ، ساینقەڵا، تیکاب

و..هتد، دەکرا خەڵک بۆ بەشداری لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی ئەم شوێنانە هاندرابا کە ئەمە دواجار لەباری ڕەوانییەوە شوێن و دەوری تایبەتی خۆی دەبوو و لە هەمان کاتیشدا پەیامێکی تایبەتی پێدەبوو بۆ پێکهاتەی دەسەڵاتی ئیداری ئەم ناوچانە کە بە دەست نەتەوەی ئازەرییەوە و دەمێک ساڵە نەتەوەی کورد دەچەوسێنێتەوە، تەنانەت لە ڕوانگەیەکی پڕاگماتیستی و ئاکامخوازانەوە دەکرێ بڵێین بەشداریی چالاک لەم ناوچانە و ناردنی نوێنەرێک بۆ پارلەمان چەشنێ گشتپرسی لۆکاڵییە بۆ سەلماندنی کوردبوونی ئەم ناوچانە. (کاردانەوەی هەستی شادی خەڵکی شارێکی وەک نەغەدە لە پاش هەڵبژاردنی نوێنەرێکی کورد ڕەنگە سەلمێنەری دروستی ئەم بۆچوونە بێ.)

- ئەو کەسانەی خۆیان بەربژێری هەڵبژاردن کردبوو، دەبوو بە باشی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ڕای گشتی پێناسەکرابان، ئەگەر دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بوون بەگشتی، دەبووایە ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی ناوخۆ ڕاستەوخۆ ناویان درکاندبان و داوایان کردبا دەنگیان نەدرێتێ و تەنانەت ئەگەر لە ناوچەیەک هیچ بەربژێرێکی شیاو نەبووایە، هەڵبژاردن لەوێ بایکۆت کرابا.

- بە پێچەوانە، ئەو کەسانەی کە لانیکەمی تایبەتمەندییەکانیان هەبوو و دژایەتی پرسە نەتەوەییەکانیان نەکردووە،حەق وابوو پشتگیری بکرێن، لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بەشێوەیەکی نابەرهەست و لەلایەن چالاکانی ناوخۆ بە شکڵێکی ڕاستەوخۆ.

ئەم بەراوردە سادەیە چی لێدەکەوێتەوە: ئەمە سەرەتا دەبوو بەهۆی چەشنێ لێکنزیکبوونەوەی هەڵوێستی جیاوازی حیزبەکان، چەشنێ یەکانگیریی گوتاری لە نێوان ناوخۆ و دەرەوە و دواجار پەلکێشی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش یان هەمان لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار!

با ئەوەش لەبیرنەکەین کە بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردی تا ئێستا نەیتوانیوە لەناوخۆی ئێران لەسەر هاوکێشەکان شوێندانەرییەکی ئەوتۆی هەبێ، بۆیە ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆر بەجێ نەبێ کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە خەڵکی هەبێ بەدەم بانگەواز و داخوازییەکانییەوە بێن. کە سەیری باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا دەکەی، بە سانایی بۆت دەردەکەوێ کە ئەوان بەهۆی هەبوونی هێز، لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی خۆیان و تەنانەت ناوچەکەش شوێندانەرن. هەر بۆیە قسەیان لە ناوەند بە هەند وەردەگیرێ، کەچی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نە حزووری فیزیکییان هەیە، نە میدیایەکی بەهێزیان هەیە بۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، تەنانەت ناتوانن بۆ بچووکترین پرسێکی ناوخۆ ئیجماعێک سازکەن یان بەرەیەکی کوردی پێکبێنن، کەوابوو بۆ دەبێ چاوەڕوانی ئەوەت هەبێ خەڵک بە پیر دەنگتەوە بێن؟

بە پێی هەموو لێکدانەوەکان و خوێندنەوەی دۆخەکە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی شوێندانەرییان هەبێ و بە "هەند"

وەربگیرێن لەلایەن ناوەند و ناوخۆش حیسابێکی تایبەتیان بۆ بکات، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەم نییە جگە لە یەکگرتن کە ئەم یەکڕیزییە مەیسەر بوو، ئەوکات "قسە"یان بڕەکات بۆ هەر ڕووداوێک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٥

## لە خولیای پێچ بەسەرەکانەوە تا سەرڕووتەکانی سەردەم!




**پێشکەش بە ڕووحی پاکی بەڕێزان: کەریم جەهانگیری (کەریم بەفراو) و حەمەدەمین ئەحمەدپوور (حەمەدەمین شەشە)**

ئەگەر بە شێوەیەکی هێڵی سەیری ڕابردووی خەباتی گەلی کورد بکەین لەسەر بنەمای "کارەکتێرە گشتییەکانیی" بەشدار لە خەباتی سیاسی چەکداریی نەتەوەی کورددا، دەتوانین هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کارەکتێرانە بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆژیک دیاری بکەین تا لە هەناوی ئەم بیچمانەدا، چەشنێ تیپ دیاری بکەین کە وەک سەربازی ون ژیان و تەمەنیان بوو بە سووتەمەنی و ئاوردووی شۆڕش. دیارە ئەم چەشنە کارانە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا باوە و وەک نموونەی بەرچاو دەکرێ ئاماژە بە کارەکانی ڤلادیمیر پڕاپ فۆڕمالیستی ڕووس بکەین کە بۆ ئەفسانە ڕووسییەکان ئەنجامیدا.

کارەکتێرە گشتییەکانیی بەشدار لە خەباتی سیاسی چەکداریدا بە کێ دەکوترێ؟ لە ڕاستیدا ئەم کارەکتێرانە سەر بە کۆمەڵگای سوننەتیی کوردستان و جیلەکانی ڕابردوون کە وەک ناوێکی تایبەت لە ڕەوتی خەباتدا نادۆزرێنەوە و نابیندرێن و تەنانەت هەندێ جار لە مێژووی زارەکیشدا ونن، بۆیە دەکرێ بڵێین بە نیسبەت خودی خەبات وەک دەق، ئەمان خودی پەراوێزن، بەڵام پەراوێزێک کە هەرگیز بە دژی دەق قوت نەبوونەوە و بەڵکوو بەردەوام لە خزمەتی خەباتەکەدا بوون. بە پێچەوانەی زۆر "کارەکتێری سەرەکی" کە لەسەر دەسەڵات زۆرجاران زەبری کوشندەیان لە خەبات داوە، ئەوان هەرگیز گیرۆدەی هێز و دەسەڵات نەبوون.

جلوبەرگی کوردی (لێرەدا بەتایبەتی پێچ و جامانە و کەواوپانتۆڵ و پشتێند وەک نموونە) وەک پاژێک لە گشت بۆ

پێناسەیەکی نەتەوایەتی لەبەرچاو گیراوە، واتە ئەگەر چەمکی کوردایەتی وەک سیستەم (گشت) سەیر بکەین دەکرێ جلوبەرگ، زمان، ئەدەب، هونەر، کلتوور و... وەک پاژەکانی پێکهێنەری ئەم سیستەمە شرۆڤەیان بۆ بکرێ و چەشنی پەیوەندییان بەیەکەوە و دواجار لەگەڵ کۆی سیستەم دیاری بکەین، ئەمە هەمان مێتۆدی پێکهاتەخوازییە (Structuralism) کە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کەلکی لێوەردەگیرێ. ئەگەر بمهەوێ زۆر بە کورتی هەندێ پێناسەی ئەم کارەکتێرە گشتییانە بخەمە بەرباس کە قەت سەریان ڕووت نەبووە و بە پێی جوغرافیای شوێنی ژیان پێچ، مێزەر و جامانەیان لەسەردەنا و هەرگیز جگە لە کەوا و پانتۆڵ بەرگێکی تریان نەپۆشی،

**دەکرێ ئاماژە بەم تایبەتمەندییانە بکەین:**

- سەر بە کۆمەڵگەی سوننەتین
- نەخوێندەوارن
- لەباری کۆمەڵایەتییەوە زۆر شوێندانەرن
- تا دوایین ساتی ژیان لە ناوخۆی کوردستان بوون
- هەزینەی قورسیان داوە، بۆ وێنە باوکی شەهید یان باوکی پێشمەرگەن، تووشی زیندان هاتوون، مڵک و ماڵیان لە لایەن دەسەڵاتەوە دەستی بەسەرداگیراوە
- هەرگیز لە حاڵ و ڕۆژی سیاسی حیزبەکان و دۆخی پارچەکانی تریش خافڵ نەبوون
- پێداگری لەسەر یەکڕیزی و یەکێتی، دڵەڕاوکێی ناوونیشان و دەسەڵاتیان نەبووە
- ئەخلاقمەداری و ئیمانێکی پتەو بە دوارۆژی نەتەوەی کورد و...

خۆ حاشا لەوە ناکرێ کە گلۆبالیزاسیۆن (بە زەبری تەکنۆلۆژیا و کەرەسە پەیوەندییەکانی) شوێندانەری تایبەتی خۆی هەبووە لەسەر تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد وەک سەرجەم گەلانی دنیا و بە پێی زۆربەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان گلۆبالیزاسیۆن لەم ساتەوەختەدا بە هۆی ئەم کەرەسانەی لەبەردەستیدایە بۆتە هۆی ئەوەی کە پێناسە و ناسنامەی نەتەوایەتی و ناساندنی پرسی کورد لەسەر ئاستی جیهانی تۆختر و زەقتر خۆی بنوێنێ. بەڵام کە سەیری ئەم شوێندانەرییە لەسەر خودی نەتەوەی کوردە دەکەی دەبینی لەبری سازدانی گوتارێکی هاوبەش یانی لانیکەم نیزیک لێکتر، مەودای و کەلێنێکی زیاتری لەنێو کورددا سازکردووە، ئەگەر جیلە پێچبەسەرەکە لە نەبوونی ئەم کەرەسانە خۆبەخشانە و بەکردەوە خۆی بەختی خەباتی نەتەوەی کردووە ئێستا جیلی تازە کە بەتەعبیری ڕابردوو سەرڕووتەکانن، بەبێ حزووری کردەوەیی تەنیا و تەنیا بە کەلکوەرگرتن لە سۆشیال میدیا خەریکی بەرفراوانتر کردنی کەلێنەکان و مەوداکانن.

ئەوەی کە ئێستا نەوەی سەرڕووت کوردایەتی وەک ڕێبازی ژیان سەیری دەکا بۆ جیلی پێچبەسەر نەک ڕێباز بەڵکوو خودی ژیان بوو، بۆیە حەولی ئەوەی دەدا ژیان و زمانی پاک و بێخەوش بێ، بەپێچەوانەی ئێستا کە لۆمپەنیزمێکی هەوسارپساوی سۆشیال میدیایی و پۆپۆلیسمێکی زاڵ بەسەر ئەم دنیا مەجازییەدا لەبری دەربڕینی بیروڕای ئازاد و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی ژار و تۆوی دووبەرەکایتییە. ئەگەر خەون و خولیای جیلی ڕابردوو بەئەنجام گەیشتنی خەباتی کورد بوو ئەوە سەرڕووتەکانی سەردەم خەونی گولی بەیەکترەوە دەبینن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠١٥

## بارزانی وەکوو راسپێردراو

١

شارەزایانی مافی نێونەتەوەیی سەبارەت بە پرسی جودابوونەوەی بەشێک لە وڵاتێک بەگشتی دوو ئاراستەی جیاوازیان هەیە، یەکێکیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی "دەوڵەتان" پێداگرە و ئەویتر پاڵپشتی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی "نەتەوەکان" دەکا.

لە سیستمی مافی نێونەتەوەییدا لەمەڕ "جودابوونەوە"ی یەکلایەنە یان "پێشگیری لە جودابوونەوە"ی یەکلایەنە هیچ چەشنە یاسایەک بە ئەرێنی و نەرێنی بوونی نییە، بەڵام ڕەوتی ریفراندۆمەکان بۆ پرسی سەربەخۆیی بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا نیشان دەدەن کە ڕێکاری دووەم، واتە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان بە شێوەیەکی سیستماتیک لە پەیوەندییەکی تۆکمەدایە لەگەڵ مافی مرۆڤ، هەر بۆیە جودابوونەوەی یەکلایەنە خەریکە ڕەواییەکی نێونەتەوەیی وەردەگرێ، دوو نموونەی دیاری ئەم چەشنە هەڵوێستە نێونەتەوەییە، دانپێدانان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ بوو لە ساڵی ٢٠٠٨ یان ئەو گشتپرسییەی بۆ سەربەخۆیی سکۆتلەند  ساڵی پار بەڕێوەچوو.

لە ڕوانگەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە، چون جودابوونەوەی یەکلایەنە لەسەر ویستی خەڵکی ئەو بەشە لە وڵاتیک دێتە ئەنجام و ئەم خەڵکە کە خوازیاری جودابوونەوەن پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕ نابەن، کەوابوو دەوڵەتەکانی دیکە دەبێ ڕێز لە ئیرادەی ئەو خەڵکە بگرن و بیسەلمێنن، هەر بۆیە بڕیاری ژمارە ٧١٣ی ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەری ١٩٩١ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر چەشنە سەرکوت و پەنابردنە بەر چەک و چۆڵیان لەهەمبەر ئەم پرسە یاساغ کردووە. تەنانەت رای دیوانی ئەورووپایی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠١ لەمەش هەنگاوێک ئەولاتر دەنێ و دەڵێ هەر حیزب و لایەنێکی خوازیاری سەربەخۆیی، بەو مەرجە کە بنەما دێموکراتیکییەکان بپارێزن و لە توندوتیژی خۆ ببوێرن، دەتوانن چالاکییان هەبێ.

٢

دیارە ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کێشەی کوردی هەر پارچەیەک - لانیکەم لە ساتەوەختی ئێستادا - دەبێ لە

چوارچێوەی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی چارەسەر بکرێ، بەڵام دەبێ هەست و سۆزی هاونەتەوەیی و هاونیشتمانیی سەرجەم کوردەکانی جیهان لەهەمبەر کێشەکانی یەکدی و پاڵپشتییان بۆ یەکتر وەک پوتانسییەلێکی بەهێز سەیر بکرێ.

بەدەر لە هەموو بۆچوون و شرۆڤەی بەرتەسکی حیزبایەتی، لام وایە ئەم پاڵپشتییە لە ناوخۆی کوردستان وەک پاڵپشتییەکی بە تایبەتی ئابووری دەتوانێ بڕیاری چارەنووسساز بدات بۆ پرسی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان. بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە با ئاوڕێکی خێرا بدەینەوە سەر ژمارەی کورد لە دەرەوەی وڵات.

بە پێی سەرژمێرییەک، نزیکەی چوار ملیۆن کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین کە داهاتی هەر تاکێک نێزیکەی ٢٠ هەزار دۆلار مەزەندە کراوە و هەر بەم پێیە ساڵانە دەبێتە ٨٠ ملیارد دۆلار! ئەمە لە کاتێکدایە کە داهاتی هەرێمی کوردستان بەگشتی لە ساڵێکدا ١٥ ملیارد دۆلار مەزەندە کراوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا لە باری تیۆریک و لانیکەم لەسەر لاپەڕەکانی کاغەز واتە لەبارکردنی بەستێنێکی شیاو و گونجاو بۆ پشتیوانی ئابووریی کوردستان و دەرئەنجام بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی.

٣

ساڵی ٢٠٠٦ کە مۆنتینێگرۆ لە سێربستان جودا بووەوە، کۆی خوازیارانی سەربەخۆیی ٥٥.٤%ی دەنگیان بۆ خۆ مسۆگەرکرد، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی ئەو ڕاپرسییە نافەرمییەی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو، ٩٨%ی خەڵک دەنگ دەدەن بە سەربەخۆیی! کەوابوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان نەک نیگەرانی شەقام نییە، بەڵکوو دواجار بەرگی بەرندەیەتی.

لەلایەکی دیکەوە بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆ لە سەرەتای دامەزرانی حکوومەتی بنکە فراوانەوە هەمیشە لە مشتومڕدا بووە، بەڵام ئەو یاساو ڕێساکانی کایەکە دەزانێ، بۆیە لە ساتەوەختێکی زۆر گونجاودا پرسی سەربەخۆیی دیسان وروژاندووەتەوە و خەریکە ئەم بیانووەش لە نەیارە ناوخۆییەکانی دەستێنێ و ئیتر ناتوانن بڵێن ئەمە موزایەدەی سیاسییە و کارتێکە کە بارزانی کایەی پێدەکا، بۆیە زیرەکانە ئیتر ئەمەی کردووەتە ئەمری واقیع لەسەر هەموو لایەک و دەیەوێ مێژوو بکا بە دادوەری داهاتوو و بۆ دواڕۆژ بەرۆکی ئەو کەسانە بگرێ کە دەبنە کۆسپی بەردەم پرسی سەربەخۆیی!

لەم بەینەدا لە ناو هێزە سەرەکییەکاندا یەکگرتوو لە ماوەی ڕابردوودا بووەتە یاری غاری پارتی، یەکێتی و گۆڕانیش

(ئەمیان ناڕاستەوخۆتر) خۆیان بە هەڵگری مێژوویی دروشمی مافی چارەی خۆنووسین دەزانن و نایانەوێ سبەی ڕۆژ هەرچی هەیە بە ناوی پارتی تەواو بێ، بۆیە لارییەکی ئەوتۆیان نییە، هەرچەندە ئەگەر حیزبێکی وەک کۆمەڵی ئیسلامی کە لە کۆی ١١١ کورسی پارلەمان ٦ کورسی هەیە و لە هەموو حیزبەکان زیاتر لەسەر میدیاکان باس لە سازنەبوونی بواری سەربەخۆیی دەکا، بەرلەوەی ببنە هۆی چەت تێخستن لەم پرۆسەیە، زیاتر دەبنە کەرەستەی گاڵتەجاڕیی خەڵک!

کەوابوو سەرەڕای شەڕی داعش، دابەزینی نرخی نەوت، نەمانی بودجە، قەیرانە سیاسییەکانی ناوخۆ، لاوازیی ژێرخانی ئابووری، گەندەڵی، شێوە هەڵسوکەوتی حکوومەتی بەغدا لەگەڵ هەرێم و... تازە بارزانی زەحمەتە پاشگەز ببێتەوە و ڕەنگە ئەمە بە پەیامێکی مێژوویی بزانێ و خۆی وەک ڕاسپێردراو سەیر بکا.

٤

هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی ناوچەکە جیاواز بووە. ئەگەر پێشتر زۆر وڵات سیگناڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان سەوز نەبوو، لانیکەم ئێستا سوور نییە و پێداگری بارزانی لەسەر پرسی سەربەخۆیی خەریکە بیکاتە ماڵ لەسەر ئەم وڵاتانە!

زۆر ساویلکانەیە کە پێمانوابێ سەرۆکی هەرێم لە گۆترە باس لە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم دەکا و لەم ماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا زەمینەسازی نێونەتەوەیی بۆ نەکردووە و جەولەکانی بۆ دەرەوەی وڵات تەنیا بۆ قاوەخواردنەوە بووە! وەبیرهێنانەوەی هەڵوێستی دیپلۆماسی دەگمەنی UN وەک سیگناڵێکی زەرد کە ساڵی ٢٠١٥ دژایەتی خۆی بۆ هەوڵەکانی بارزانی ڕانەگەیاند بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بێلایەنی خۆی نواند، سەلمێنەری ئەم بۆچوونەمانە. هەر بۆیە ڕەنگە چاکسازی نێو حکوومەت و ئەهوەنکردنەوەی نێوانی لایەنەکانیش – کە وێدەچی نەویکێشانی پارتی پێوە دیار بێ - دەبێ لەم ڕاستایەدا هەڵسەنگێندرێ.

بارزانی دەزانێ زۆر دژوارە بتوانێ گوتارێکی هاوبەش لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەم گرفتانەی ناوخۆی هەرێم ساز بدا، بەڵام ئەوەش باش دەزانێ کە دژایەتی هەر هێز و لایەنێک بۆ پرسی سەربەخۆیی، خۆکوژی سیاسییە، بۆیە دەکرێ بڵێین تا ئێستا چاکی هێناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٥

## گورگە درۆزنەکان

هەر لە سەرەتای دامەزرانی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە، هەموو بەڵگە مێژووییەکان دەرخەری ئەو راستییەن کە هیچ کات پان تورکیزم لەوان سەردەماندا وەک بزووتنەوەیەکی شوناسخوازانە بوونی نەبووە، ئەمەش ڕێک بە پێچەوانەی بۆچوونی پان تورکیستەکانی سەردەمە.

لەڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێ، هەر لە سەرەتاوە عوسمانییەکان بە هیچ کلۆجێک مەبەستیان پان تورکیزم نەبووە، چون پانتایی جوگرافیای بەربڵاوی ئەم ئیمپراتۆرییە و بوونی دەیان نەتەوەی جیاوازی غەیرەتورک لەم جوگرافیایەدا نەیدەتوانی ئەم پلانە وەک ئایدیۆلۆژییەکی هاوبەش وەگەڕبخات، بۆیە عوسمانییەکان لەبری زمان و ئێتنیک لە ئیسلام وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی کەڵک وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی ئەم نەتەوانە لە دەوری یەکتر. دیارە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەولاوە (کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی) بەپێی ئەوەی کە کۆڵەکەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی کەوتبوونە لەرزین، حەولێکی نەزۆک بۆ زەقکردنەوەی چەمکی "تورکایەتی" هاتە ئاراوە کە دواجار نەیتوانی بەر بە هەرەسی ئەم ئیمپراتۆرییە کۆنەساڵە بگرێ.

دواتر بیرۆکەی پان تورکیسم بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو لێرەولەوێ لەلایەن هەندێ کەسەوە حەولی بۆ درا تا بەشێوەیەکی تیۆریک بناغەی بۆ دابڕێژرێ، بەڵام پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکرا و نەیتوانی شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ. پان تورکیسم تەنانەت وەک باسێکی تیۆریکیش لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، لەلاپەڕەکانی تاکوتەرای چەند رۆژنامە و چەند کتێبێک تێنەپەڕێ. ئەوەش کە لە بنەڕەتەوە پان تورکیسم لەلایەن سێ کەسایەتی جوولەکەوە فۆرمۆلیزە کراوە بۆ سازکردنی دووبەرەکی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دواجار لەناوبردنی ئەم دەسەڵاتە، لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە، بەڵام چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر سەرچاوە مێژووییە باوەڕپێکراوەکاندا پێمان دەڵێ کە لە بنەڕەتەوە ئیدیعای پان تورکیستەکان سەبارەت بە مێژووی هەزاران ساڵە و زمانی تورکی دووره لەڕاستی، لێکۆڵەرە مێژووییەکان زۆر جاران بەتەوسەوە ڕوو لە تورکان دەڵێن: ئادی، ئێوە راست دەکەن، هەرچی هەیە و نییە تورکە! مینۆرسکی گوتەنی: "لە هەر شوێنێ گرێکوێرەیەک سەبارەت بە مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی کەونارا لەئارادابێ، تورکەکان ڕێک قامک دەخەنە سەر ئەوێ و مێژوونووسە پان تورکیستەکان ئەو گرێکوێرانەیان کردووە بە بەستێنێک بۆ ساختەچێتیی مێژوویی و مەبەستی ئایدیۆلۆژیکی پان تورکیسم".

نوسخەی سەقەتی پان تورکیسم لە ئێران کە بە پان ئازەریسم ناسراوە (دەڵێم سەقەت، مەبەستم ئەوەیە کە پلانی پان ئازەریسم لەباری تیۆریکەوە تا ئاستی داماوی، هەژار و لاوازە و بەگشتی لەسەر بنەمای درۆ و ساختەچێتی دامەزراوە) لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، جارناجارێک لە هەندێ بۆنەدا بە تایبەتی سیاسی، سەروپۆتراکی خویا دەبێ، لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین بە شێوەیەکی شارەزایانە لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە کاناڵیزە دەکرێ تەنیا و تەنیا بۆ دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لەو ناوچانەی نەتەوەی ئازەری وەک میوان لێی نیشتەجێن. کەوابوو ئەوەی ئێستا لە ئێران وەک پان ئازەریسم خۆی دەردەخا، بەرلەوەی ماهییەتێکی شوناسخوازانە و مافخوازانەی هەبێ، بووەتە داردەستێک لە دەست کۆماری ئیسلامیدا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، واتە پان ئازەریسم لەبری ڕۆچوون بە ناخی خۆیدا، لەبری ئاوڕدانەوە لە خۆی، سەلماندنی بوونی خۆی، خەسارناسیی خۆی و خزمەتی بەرژەوەندیی نەتەوەی ئازەری، تەنیا حەولی ئەوە دەدا خۆی لەبەرامبەر "ئەوی دیکە"دا پێناسە بکات کە ئەویش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە. لەوە سەیرتر و سەرسوڕهێنەرتر پان ئازەریسمی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتە. پان ئازەریسمێک کە کۆی چالاکییەکانی لە یەک دوو ماڵپەڕی لاوازدا خۆدەردەخا و بەڕواڵەت دژبەری کۆماری ئیسلامییە، کەچی ئەوەندە دەمارگرژ و کورتبینە کە ئامادەیە بۆ دژایەتیی بزووتنەوەی کوردی و نەتەوەی کورد دەستەوداوێنی کۆماری ئیسلامی بێت!

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پارلەمانی ئێراندا کار گەیشتە جێگایەک کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بەتکاو ڕەجا هاواری بەرزکردبووەوە بۆ مەلای شیعە مەزەبی دژەکوردی شاری ورمێ کە ئازەرییەکان لەهەمبەر کوردەکان یەکگرتوو بن بۆ ئەوەی کورد نەچێتە پارلەمانی ئێران! ئەم هەڵوێستە لە درێژماوەدا دەتوانێ زۆر مەترسیدار بێ بۆ سەر ئاسایش و ژیانی هێمنانەی دوو نەتەوەی کورد و ئازەری، هەرچەند ئەمە ناتوانێ گوزارە لە جۆری بیرکردنەوەی سەرجەم نەتەوەی ئازەری بکا، بەڵام دەبێ بە هەند وەرگیرێ. کە سەیری پێکهاتەی دەسەڵاتی ئیداری خۆجێیی لەم شوێنانەی کوردستان دەکەی کە نەتەوەی ئازەریشی تێدا دەژی، دەردەکەوێ کە دەسەڵات تا چ ڕادەیەک نەتەوەی کوردی خستووەتە پەراوێزەوە.

بۆ وێنە ئامارە نافەرمییەکان باس لەوە دەکەن کە لە شاری ورمێ ٩٥%ی دەسەڵاتی ئیداریی ئەم شارە بەدەست ئازەرییەکانەوەیە! لووره لووری گورگەکان لە ماوەی چوار دەیەی پاش شۆڕشی گەلانی ئێراندا، هەرگیز بۆ داکۆکی لە مافی نەتەوەی ئازەری نەبووە، بەڵکوو لە هاوپەیمانێتییەکی ناپیرۆزدا لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەریکی سەرکوت و هەڵاواردنی کورد، وەک دانیشتووی ڕەسەنی ئەم ناوچانەیە. نەبوونی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیک بۆ نەتەوەی ئازەری ڕەنگە گەورەترین هۆکاری سەرهەڵدانی گورگە درۆزنەکان بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٥

## کتێبەکان بسووتێنن



مێژووی سووتاندنی کتێب دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار دەستی بە نووسین و وەشانی پەڕتووک کرد. دیارە سووتاندنی کتێب بەرلەوەی وەک کردەوەیەکی فیزیکی سەیر بکرێ، لەڕاستیدا بیانوویەکە بۆ سەرکوتی بێ بەزەییانەی هەر چەشنە بیر و هزرێکی جیاواز و دەرئەنجام کوشتنی مرۆڤەکان. دەکرێ بڵێین سووتاندنی کتێب وەک هێمایەک، وەک ئیماژێک بودریار گوتەنی بووەتە بیانوویەک کە مەبەستی واقیعی و سەرەکی واتە فەوتاندنی بیر و هزر و لە هەمان کاتیشدا کوشتنی لەخۆدا حەشارداوە. ئەوەی فەرمانی سووتاندنی کتێب دەردەکا، مەبەستی تەنیا سانسۆر نییە، مەبەستی تەنیا پێشگیری لە دەربڕینی بیروڕای جیاواز نییە، بەڵکوو رێک مەبەستی کوشتن و فەوتاندنی ئەو مرۆڤانەیە کە جیاواز بیردەکەنەوە. هاینریش هاینێ، شاعیری ئاڵمانیی سەدەی هەژدە راستی دەگوت: لەو شوێنەی کتێبەکان دەسووتێنن، دواجار مرۆڤەکانیش دەسووتێنن. مێژووش ئەوەی سەلماندووە کە سووتاندنی کتێب سەرەتایەکە بۆ کوشتنی مرۆڤ.

هێرشی سیستماتیکی داگیرکەران وەک هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنی، مەغۆلەکان، عەرەب، سوڵتانی غەزنەوی و...هتد بۆ سەر وڵاتانی دیکە، لەگەڵ ئەوەدا کە کتێبخانەکانی ئەم وڵاتانەی دەکردە ئامانجی خۆی، رێخۆشکەر بوو بۆ هۆمۆجینسازی (Homogenization) و داسەپاندنی فەرهەنگی لەشکری داگیرکەر. رەنگە نموونەی بەرچاو سووتاندنی کۆگاکانی کتێب لە ساڵی ١٩٣٣ بێ کە لەلایەن ئاڵمانیای نازییەوە زیاتر لە ٢٥٠٠٠ کتێبیان کردە دەستەچیلەی ئاگر بە بیانووی ئەوەی ئەم کتێبانە فاسیدن و بیری لاوانی ئاڵمانی بە لاڕێدا دەبەن!

بەگشتی دەکرێ بڵێین لەناوبردنی بەرهەمە فەرهەنگییەکان بەشێوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو وەک سووتاندنی کتێب دەچێتە خانەی ڤەندالیزم (Vandalism)ەوە. بەڵام ئەم ڤەندالیزمە کاتێک خۆی بە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە تەیار دەکا،

ئەوەندەی دیکە مەترسیدار دەبێ.

بەم دواییە وتاربێژی نوێژی هەینیی تاران لەڕێی ئەو مینبەرە فەرمییەی حکوومەتەوە هۆشداریی دایە بەڕێوەبەرانی پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران و گوتی: ئەگەر گەنجێک کتێبێکی (فاسید) بکڕێ و بیباتەوە ماڵێ و بەهۆی ئەوەوە خوشک و برا و دایک و بابی بە لاڕێدا بەرێ، ئێوە بەرپرسان تا ڕۆژی قیامەت لەژێر غەزەبی ئیلاهیدا دەبن! ئەمە ڕێک لە وتەکانی گۆبێلز، وەزیری پڕۆپاگەندەی ئاڵمانی نازی دەچێ کە لە ڕێوڕەسمی سووتاندنی کتێبدا، باس لە کتێبی فاسید دەکا. ئەم دوو ڤەندالیزمە ئەگەرچی بە دوو ئاراستەی ئایدیۆلۆژیکی جیاوازدا دەڕۆن، بەڵام دواجار یەک بەرهەم بەدووی خۆیاندا دێنن، سووتاندنی کتێب و سووتاندن و ئیعدامی مرۆڤەکان.

هەر لەم ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بوو کە لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە ماڵان وەردەبوون و هەر ماڵێک کتێبی کوردی یان چەپی هەبووایە، خاوەنەکانیان ئیعدام دەکرد. لەم پنتەدا مەلا و نازی یەکدەگرنەوە: کابرای نازی بە سووتاندنی کتێب و دواتر سووتاندنی مرۆڤ، مەلاش بە قەدەغەی کتێب و دواتر ئیعدامی مرۆڤ! نموونەی لەم چەشنە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆرن، کۆتایی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لە زەمانی دەوڵەتی نۆهەمدا بوو کە بڕیار درا کتێبە پەیوەندیدارەکان بە ژن و پرسی ژن لەناوببرێن! ترسی ئەم حکوومەتە ئایدیۆلۆژیکانە لە کتێب خەوی لە چاوی سیستەم زڕاندووە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە زۆربەی هەرە زۆری چاوپێکەوتنەکانیدا هۆشداری داوەتە بەرپرسانی حکوومی کە وریای نفووزی فەرهەنگی بن، هەر سەرەتای نەورۆزی ئەمساڵ بوو کە وەک هەمیشە باسی لە دڵەڕاوکێ فەرهەنگییەکانی خۆی کرد و دیسان هۆمۆژێنی فەرهەنگی هێنایە گۆڕێ.

دیارە ستراتیژی کولتووریی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیک دامەزراوە و بەدەر لەم چوارچێوەیە، هیچ پلۆرالیسمێکی فەرهەنگی بوونی نییە. چاوپێخشاندنێکی خێرا بەسەر کتێبەکانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن هەر لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هۆمۆژێنسازیی فەرهەنگی کۆڵەکەی کولتووری ستراتیژیکی ئەم وڵاتەیە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە هیچ کردەوەیەک ناپرینگێتەوە، ئەگەر ئەمڕۆ وتاربێژی هەینی تاران داوای قەدەغەکردنی کتێب دەکا، دوێنێ بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتنی نووسەری دەردەکرد. ئەوان داوا دەکەن کتێبەکان بسووتێنن تا خۆیان بمێننەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠١٥

**بابەتی: ساڵی ................. ٢٠١٦**

---

## بۆچی کودەتا سەری نەگرت؟

لە تورکیا تەنانەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانییشدا کودەتا وەک نەریتێکی باو بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی بەکارهاتووە، تەنانەت سەری چەند سوڵتانێکی عوسمانیشی خواردووە و لە سەردەمی کۆماری تورکیاشدا، لە ساڵی ١٩٦٠ـەوە تا ئێستا نیزیکەی ٦ - ٧ کودەتا روویانداوە کە رەنگە کودەتای سەرکەوتووی ساڵی ١٩٨٠ بە سەرکردایەتی ژەنراڵ کەنعان ئێڤرەن تەنیا وێکچوونی لەگەڵ کودەتای ئەمجارەیان یەک شت بێ، ئەویش ئەوە بوو کە ٣٦ ساڵ لە پاش ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠، دیسان تانکەکانی سوپا رژانە سەر شەقامەکان و هیچی دی! بەڵام پرسیار ئەوەیە سەرەڕای بەسەرچوونی سەردەمی کودەتاکان، بۆچی کودەتای ١٥ی تەمووز سەرنەکەوت؟ بە باوەڕی من دەکرێ سێ یاریکەری سەرەکی بۆ ئەم سەرنەکەوتنە دەستنیشان بکەین:

### (١) رای گشتی:

شەقام بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەر لە یەکەم ساتەکانی کودەتا لە پاش بانگەوازەکەی ئەردۆغان لە مەرمەڕەوە کە گوتی: وەرنە مەیدان منیش دێم! دژکردەوەیەکی زۆر خێرای لەخۆی نواند. خەڵک رژانە سەر شەقامەکان بۆ پشتیوانی لە دەوڵەت (ئەوەی من لە ناوەندی ئاناتۆلی بە چاوی خۆم بینیم ئامادەیی ئەم خەڵکە بوو بۆ گیانبەختکردنیان لە پێناو مانەوەی دەسەڵات)، میدیا و سۆشیال میدیا دەورێکی بەرچاویان بینی بۆ راوەستان لە بەرامبەر کودەتاچییەکاندا، تەنیا لە هەندێ ناوچەی دوو گەورە شاری ئانکەرەی پێتەخت و بە تایبەتی ئیستانبوڵ شڵەژانێکی کورتخایەن دیترا و لە شارەکانی دیکە بە پێچەوانەوە هەستی هاوسۆزی بۆ دەوڵەت جەماوەری هێنایە سەر شەقام، کودەتاچییەکان چەند شوێن و بنکەیەکی - بە باوەڕی خۆیان گرینگ -ی وەک فرۆکەخانەی ئیستانبوڵ، والیلیکی ئیستنابوڵ، بارەگای TRT و پارلەمانیان لە ئانکەرە بۆ ماوەیەکی کاتی خستە ژێر کۆنترۆڵ، بەڵام مەیدانی تەقسیم و پردی گەورەی ئیستانبوڵ بوو بە ناوەندی کۆبوونەوەی خەڵک



سەرچاوە Serchawe

و هاوکێشەکانی گۆڕی، دەوری پیاوانی ئایینی و مزگەوتەکان یەکجار گرینگ بوو بۆ جاڕدان و ڕێکخستنی جەماوەر بۆ پرۆتێستۆکردنی کودەتا، هەر لە شەوی کودەتاکەوە واتە ١٥ی جولای تا نیوەڕۆی ١٦ی جولای لانیکەم دەیان جار بانگ درا!

**(٢) خودی AKP:**

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە خودی ئەردۆغان لەڕێگەی موبایلێکەوە توانی بەر بە کودەتایەکی نیزامی بگرێ و بە بانگەوازەکەی خۆی، خەڵک بڕژێنێتە سەر شەقامەکان، ئەوەی ئەردۆغان کردی خۆبەدەستەوەنەدان بوو. ٢- خێرایی بوو، ٣- عەبدوڵڵا گول و بولەنت ئارینج و تا ڕادەیەک ئەحمەد داودئۆغلوو کە وەک باڵی ناکۆکی ناو AKP سەیر دەکران، بە لێدوانی خۆیان پشتوانییان لە ئەردۆغان کرد، بە تایبەتی کارتێکەریی قسەکانی عەبدوڵڵا گول وەک سەرکۆماری پێشووی تورکیا زۆر بەرچاو بوو. هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و میت زۆر وەفادارانە کەوتنە بەربەرەکانی لەگەڵکودەتاچییەکان.

دیارە لەم نێوەدا سەرجەم حیزبە سەرەکییەکان واتە CHP، HDP، MHP بە دژی کودەتا هەڵوێستیان گرت (هەرچەندە زۆر بە پارێزەوە)، بەڵام دەوری پارلەمان کە لە ڕاستیدا شێلەی سیاسی خەڵک و حیزبەکانی تورکیا بوو، بە دەستپێشخەریی AKP دژی کودەتا وەستان.

**(٣) کودەتاچییەکان:**

ئەوانەی پلانی کودەتایان داڕشتبوو تووشی چەندین هەڵەی حساباتی و ستراتیژیکی بوون کە دەکرێ ئاماژە بە چەند خاڵێک بکرێ: نەبوونی سیمایەکی کاریزماتیک و ناسراو وەک ڕێبەری کودەتا، بە جۆرێک کە تەنانەت سەربازە ساکارەکەی سوپا گوتەنی، نەیدەزانی فەرمانی لە کێ وەرگرتووە و هەر پێیان گوتووە بچووە سەر شەقام و مەهێڵە خەڵک هاتوچۆ بکەن! سنوورداربوونی ناوچەی کودەتاکە کە تەنیا لە دوو گەورە شاری ئانکارا و ئیستانبوڵ بوو و شارەکانی تری نەگرتەوە، نائاگایی لە دەور و کاریگەریی میدیای ئازاد و سۆشیال میدیا کە بوو بەهۆی خۆڕێکخستنی خەڵک بۆ هاتنە سەر شەقامەکان، کودەتاچییەکان پێیانوابوو بە دەستگرتن بەسەر TRTدا ئیتر کار تەواوە، زەینییەتی ئەوان لەڕاستیدا هی سەردەمی کودەتا کلاسیکەکان بوو. ئەم کودەتایە تەنانەت لەناو سوپاشدا سەرجەم ئەفسەر و پلەدار و سەربازەکانی لەخۆنەگرتبوو، لە کۆتاییدا ترسی میدیایی و سۆشیال میدیایی و کاردانەوە جیهانییەکانی نەیهێشت سوپا قامک بۆ پەلاپیتکەی تفەنگان بەرێ.

ئەردۆغان لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، داوای لێبوردنی لە ڕووسیا کرد، پەیوەندە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل خستە

قۆناغێکی نوێوە و بەنیازە لەگەڵ میسریش بکەوێتەوە گفتوگۆ و دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەگەڵ سووریاش سەرەتاتکێیەک بکات.

ئەمانە هەر هەمووی وەرچەرخانێکی جیددین لە سیاسەتەکانی تورکیادا و بەمەبەستی هاتنەدەر لەم پەراوێز و ئیزۆلاسیۆنەیە کە ماوەی دوو سێ ساڵێکە تووشی بووە و لەباری ئابووری و سیاسییەوە کەوتووەتە نزمترین ئاستی خۆی، رەنگە بە بیری ئەردۆغاندا نەهاتبێ کە ئەو لە کاتێکدا خەریکی چاکسازیی گرژی و ئاڵۆزییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە بوو، لە کاتی پشوودانی لە مەڕمەڕە سوپای تورکیا لێی راستەوەبێ. بەڵام کودەتا روویدا و بە خێراییش کۆتایی هات. ئەوەی دەبێ ئێستا بیری لێبکرێتەوە ئەوەیە کە لە دوای کودەتاکە مێژووی تورکیا و ئاکەپە و بە تایبەتی شەخسی ئەردۆغان ئاوا دێتەبەر چاو:

ئەردۆغانی پێش کودەتا و ئەردۆغانی پاش کودەتا. ئەردۆغان ئەگەرچی وەک باسمکرد بەر لە کودەتا دەستی کردبوو بە چاکسازیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، بەڵام دوای کودەتا ئێستا دۆخێکی سەقامگیرتر و زۆر بەهێزتری هەیە و دەتوانێ درێژە بە سیاسەتەکانی بدا، بۆیە بۆ خەڵکی تورکیا ئەردۆغانی پاش کودەتا بە پەیامە سکاپییەکەی رەنگە لایەنی کاریزماتیکییەکەی چەند قات بەرزبێتەوە، بەڵام دیسان گەورەترین گرفت بۆ ئەردۆغان کێشەی کوردە. کوردێک کە لە درێژایی مێژووی خۆیدا بەهۆی بیرەوەریی تاڵ و کارەساتباری لەگەڵ سوپای تورکیا، وەباڵی بۆ ئەم کودەتایەش نەکێشا و بگرە ئیدانەشی کرد، بۆیە ئەردۆغان و تیمی راوێژکارانی سەرکەوتنیان بەسەر ئەم کودەتایەدا دەبێ لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی کورد لە باکوور گرێبدەن. من وای بۆدەچم سەرکەوتنی کودەتای سەربازی بە قازانجی کورد لە باکوور و باشوور نەدەشکایەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## سێ کوچکەیەک بۆ خەبات

دەکرێ ئێلێمانە سەرەکی‌یەکانی خەبات لە فۆرمی سێ‌کوچکەیەکدا کە بریتین لە: حیزب و هێزە سیاسی‌یەکان، خەڵکی نێوخۆی رۆژهەلات و کوردی دیاسپۆرا کۆ بکەینەوە. خوێندنەوەی ئەزموونەکانی رابردوو پێمان دەڵێن کە ئەم سێ بەشە دەتوانن بە هەموو وردە جیاوازی‌یە فکری‌یەکانیان (بە هۆی ژینگەی سیاسی‌یانەوە) لەسەر هاوکێشە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ شوێندانەر بن. هەرکاتێ ئەم سێ‌کوچکەیە هاوئاهەنگ بوون، شوێندانەریی ئەم یەکڕیزی‌یەمان بەکردەوە لە نێوخۆی رۆژهەلات بینیوە و ناهاوئاهەنگی پاژەکانی ئەم سێ‌کوچکەیە لەگەڵ یەکتر، بۆتە هۆکاری تەریککەوتنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی کوردستان.

بۆیە پێویستە بە خەسارناسی‌یەکی زانستی و واقعبینانە و بەدوور لە کەشوهەوایەکی ئیحساسی، هۆکار و بەربەستەکانی ئەم تەریککەوتن و ناهاوئاهەنگی‌یە – هەرچەند زۆر زۆر بە کورتی – کە دواجار دەبنە بەربەستی خەباتێکی هەمەلایەنە، دەسنیشان بکەین:

### بوونی کەلێنەکان:

ئەوەی راستی بێ لە نێو ئەم سێ‌کوچکەیەدا هەندێ جار بۆ هەندێ بابەت، کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیک بەدی دەکرێ. "شێوەڕوانین"یان جیاوازە (دەڵێم جیاواز نەک دژبەیەک) و رەنگە ئەمە مەترسی‌یەکی گەورە بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوخۆ و دەرەوە پێویستە رەخنەیەکی نێوگوتاری ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەسنیشان بکرێن و دواجار لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکڕا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکان.

### نەقۆستنەوەی هەلەکان:

لە مێژووی خەباتی گەلانی دنیادا لەباری زەمانی‌یەوە، شتێک هەیە کە وەک پنتی خاڵگۆڕانی نەتەوەکان سەیر دەکرێ. واتە لە کاتێکی تایبەتدا بە هۆی رووداوێکی تایبەت گۆڕان و تەنانەت وەرچەرخانێک ساز دەبێ کە دواجار پاش هەموو ململانی‌یەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە رەوڕەوەی خەبات بکەوێتەوە سەر رەوتی خۆی و بە شێوەیەکی دینامیکی درێژە بە

چالاکییەکانی بدا، ئەمە واتە کەوتنەسەر ڕێلی ڕاستەڕێی خەبات، تەنانەت ئەگەر لە کورتماوەشدا سەرجەم ویست و داخوازییەکانی خەبات دەستەبەر نەبێ، هەر ئەوەندە کە شۆکەکە وە بەژنی جووڵانەوە کەوتووە دەسکەوتێکی گرینگە! بەڵام گرینگ ئەوەیە یاریکەرەکانی بزووتنەوە واتە سێکوچکەی خەبات هەڵەکە بقۆزنەوە. لە کۆمەڵناسی سیاسیدا هەندێ جار پێشهاتە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن کە بارودۆخی سیاسی وڵاتێک دەگۆڕن. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی هەڵایسانی ئاڵوگۆڕەکە، دەکرێ جەولە و جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە لەنێوخۆ یان بۆنە جۆربەجۆرەکان یەکێک بن لەم کاتالیزۆرانە.

## نەبوونی گوتارێکی هاوبەش

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات هەر لە نێوەڕاستی حەفتاکانەوە کە قرمەی چەکی هێزی پێشمەرگە وەستاوە، تووشی چەشنێک ناچالاکی بووە. کە دەڵێم وەستانی قرمەی چەک مەبەستم تەنیا خەباتی چەکداری نییە، بەڵکوو ئاماژەم بە نەبوونی گوتارێکە کە لە کۆتایی پەنجاکان تا نێوەڕاستی حەفتاکان گوتاری زاڵ بوو بەسەر کۆمەڵگەدا، گوتارێک کە تەنانەت تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیشی تەنیبۆوە. گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی، گوتارێک کە گرێدراوی "حزوور" بوو! حزوور بە واتای "بوون" بە مانای بوونی پێشمەرگەی کوردستان! واتە "حزوور"ی پێشمەرگەی کوردستان لە پانتایی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا پاڵپشتی ئەم گوتارە بوو و پێشمەرگەش هێمای فیزیکی بوونی نەتەوە بوو. ماوەی نیزیک بە بیست ساڵە کە پێشمەرگەی کوردستان تەقەی لە چەکی نەهاتووە(هێرشی نەکردۆتە سەر بنکە و مۆڵگەکانی ڕێژیم)، بە زۆر هۆکار کە باس لە هۆکارەکانی مەجالی تایبەت بە خۆی دەوێ، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانش سەرەکیترین ئیستراتێژی بۆ بەرگری لە خەباتی گەلی کورد ئەوە بووە کە بەردەوام کەلێنێک، دابڕانێک لە نێوان شار(خەڵک) و شاخ(پێشمەرگە) ساز بکا بە هەر شێوەیەک و لەسەر بنەمای ئەم ئیستراتێژییەش تاکتیکی جۆراوجۆریشی ڕەچاو کردووە و دواجار ئەم دابڕانە بۆتە هۆی ئەوە کە بوون و حزووری شاخ لە نێو شاردا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی، بۆیە لە هەر شوێنێ هەر کاتێک هەست بەمە بکا کە ئەوا خەریکە چەکەرەی حزوورێک سەرهەڵدەدا بێسێودوو دەیقرتێنێ.

گوتاری هاوبەش مانای ئەوە نییە کە ئەم هێز و لایەنانەی تووشی لەتبوون هاتوون یەکبگرنەوە، مانای ئەوە نییە ڕەخنەیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی یەکدی نەبێ، لە هەمبەر یەکدی نەوی بکێشن یان لەگەڵ نێوخۆ هیچ جیاوازییەکیان نەبێ...نا... لە ڕاستیدا ئاراستەی ئەم گوتارە هاوبەشە دەبێ بگۆڕدرێ و ڕووی قسەی لە "ئەویتر" بێ... ڕووی لە دەسەڵات بێ... ئەم گوتارە دەبێ لە سەر چەمکگەلی هاوبەشی سێکوچکە خۆی ساغکاتەوە و بتوانێ قورسایی و بارستایی ئەم بزووتنەوەیە بەرز کاتەوە.

## بەدەستەوەنەگرتنی فەزای سۆشیال میدیا

کۆنترۆڵی ڕەوانی ئەم فەزایە، وەک چوارچێوەیەکی ئازاد زۆر گرینگ و کاریگەرە. لە ڕاستیدا دەکرێ قایل بە سێ فەزای تایبەت بین: فەزای نێوخۆی ڕۆژهەڵات، فەزای دەرەوەی وڵات(حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگەنشین) و فەزای مەجازی. دۆخی ئەم سێ فەزایە بەگشتی لێکتر جیاوازە، ڕەنگە گەورەترین جیاوازییەکەش ئەوە بێ کە بزووتنەوەی مەدەنی لە نێوخۆ بێسەرە و ڕەهەندە ڕێکخراوەییەکانی لاوازە، بۆ وێنە ئەو جووڵانەی لە نێوخۆ ساز دەبن بەردەوامیان پێوە دیار نییە و لەسەر یەک کەڵەکە نابن، ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی نێوخۆ وەک کارگ هەڵدەتۆقن بۆ ماوەیەکی کورت و سەرلەنوێ دادەمرکێنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، لە لایەکی دیکە فەزای دەرەوە تا ڕادەیەک لە باری بوونی پلانێکی ئیستراتێژیک و ڕەهەندی فکری لاوازن. بەڵام وەک خاڵی ئیجابی دەرەوە خاوەنی سیستمێکی ڕێکخراوەیی بەئەزموونە و نێوخۆش پتانسییەلێکی باشی لەباری ڕەهەندی فکرییەوە هەیە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم دوو لایەنە بە هۆی دۆخی دیکتاتۆری لە ئێران پێک نایە، هەر بۆیە فەزای سێهەم واتە فەزای مەجازی و سۆشیال میدیا کە نوێنەرانی هەردوو لای تێدایە دەتوانێ ببێتە ئاڵقەیەکی بەهێزی پەیوەندی نێوانیان، شوێنێک کە هەموو لایەک لێکتر گرێ دەدا، هەر بۆیە ئەرکی بژاردەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە کە لە ڕێی ئەم فەزایە حەولی پڕکردنەوەی کەلێنەکان بدا.

## کەلکوەرگرتن لە وزەی میدیاکانی جیهانی

یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانیکردنی ئەم پرسەیە. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکوور نیشانیان داوە کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لە نێو ڕێکخراوە جیددی و نێونەتەوەییەکان، هەروەها میدیاکانی جیهاندا لە برەودا بێ تا بتوانێ بۆ هەنووکە و دواڕۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا.

دیارە بوونی میدیای جیددی خۆجێیی، دارشتنی پلان و ستراتیژی بە بەراوردی دەسکەوت و دەرکەوت، لۆجێستیک و پشتیوانی ماددی و... ئەمانەش بۆ خەبات پێوستن، بەڵام تا ئەم خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن وەک لایەنی نەرمئامێری ڕەچاو نەکرێن و ئەم سێکوچکەیە نەبێتە ئەمری واقیع و هەمووان لە ژێر کەپرێکی هاوبەشدا نەبن، دۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵات ناتوانێ لەم قەتیسماوییە دەربازبێ!

لە ژمارە ٦٨٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆژهەڵات لە هەناوی باشووردا

**لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی ڕابردوو، کۆماری ئیسلامی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ جموجووڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دوو ستراتیژی ڕەچاوکردووە:**

١- شاردنەوە و دیزەبەدەرخۆنە کردنی هەر چەشنە جووڵەیەک، جا چ سیاسی بێ و چ نیزامی.

٢- کەلکوەرگرتن لە هەرێمی کوردستان وەک حەسارخەڵوەتێک بۆ گوشارخستنە سەر ئەم حیزبانە. لە چەند ساڵی رابردوودا و بە دوای هێندێک جموجووڵی پێشمەرگانە لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و پێشکەش کردنی چەندین شەهید لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بەتایبەتی ئەمساڵ، هەندێ لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریان دا جموجۆڵی سیاسی و چەکداری خۆیان لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات ولەسەر سنوورەکان زیاتر پەرەپێبدەن، دیارە ئەمە هەست کردن بە چەشنێ بۆشایی بوو کە پاش ساڵانێکی زۆر ئەوانی بەم ئاکامە گەیاند کە پێویستە لەسەر بنەمای گوتاری "حزوور" پەیوندی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ناوخۆ پتەوتر بکەن. هەر لەو کاتەوە لەبەر نەبوونی مێدیایەکی پرۆفیشناڵ و جیددی ڕۆژهەڵاتی، ئەم جموجۆڵانە بە هۆی هەندێ میدیای باشوور بە خەستی ڕووماڵ کرا و خەڵکی ڕۆژهەڵات بە وردی ئاگاداری بارودۆخ و چالاکییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بوون، شتێک کە لەوەپێش وەک بڤە و تەنانەت هیڵی سووربوو. بۆیە ئەگەرچی میدیای زۆنی سەوز و نیلی بە هۆی چەشنی پەیوندەنییەکانیان بە تایبەتی لە باری ئەمنییەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بێدەنگییەکی ماناداریان هەڵبژاردووە بۆ باسکردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هەندێ میدیا - بە تایبەتی ڕووداو و K٢٤ - باسەکانی ڕۆژهەڵاتیان بەشێوەیەکی بەردەوام خستە بەرچاوی بەردەنگی کوردەوە و ترسەکەی کۆماری ئیسلامیش ڕێک لەم پنتەوە دەست پێدەکا، واتە کۆماری ئیسلامی کە بە تەعبیرێ، خۆی وەک دورگەیەکی ئارام لە ناوچەی پرشەڕوشۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێناسە دەکا، تاقەتی ئەوەی نییە پرسێکی ئەمنی – نەتەوەیی وەک پرسی کورد بە مێدیایی بکرێ، کارێک کە خۆی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام حەولیداوە بە زەبری سانسۆری مێدیایی، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و سەرکوتی هەمەلایانەی نەتەوەی کورد بشارێتەوە. سانسۆر و شاردنەوەی پرسی کورد لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ کۆماری ئیسلامی بەقەرا خودی پرسەکە گرینگە، بۆیە ڕەنگدانەوەی هەر چەشنە تێکهەڵچوونێکی چەکداری لەگەڵ پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە میدیاکانی باشووردا ژانی پێدەکا و دەرئەنجام زۆر جاران هەڕەشەوگوڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکا. لە لایەکی ترەوە زۆربەی شەقامی باشوور، بەشێکی بەرچاوی ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر و... تەنانەت هەندێ لە ئەندامانی باڵای حیزبەکان - دیارە بە پارێزەوە - دەڵێن: نابێ چیتر بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات ببێتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی باشوور و لە هەمان کاتیشدا حکوومەتی هەرێمیش گەیوەتە ئەم قەناعەتە کە

دژکردەوەیەکی ئەوتۆ لە خۆی نیشان نەدا. کۆماری ئیسلامی دەمێکە بەئاشکرایی دژایەتی خۆی بۆ پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان نیشانداوە و وێدەچێ بەربەستی سەرەکیش بێ بۆ سازبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە داهاتوودا. کەوابوو ئەوەی لەم ساتەوەختەدا زۆر گرینگە شێوە هەڵسوکەوتی حکوومەتی هەرێمە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەم ڕووەوە حکوومەتی هەرێم دەبێ کایەیەکی دووسەر بردنەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سازبکا، بەڵام چۆن؟ لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان دەبێ نەک بەربەست و لەمپەر بێ لەهەمبەر هەڵایسانەوەی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو دەبێ قەرەبووی ئەم بیست و چەند ساڵەش بۆ ڕۆژهەڵات بکاتەوە کە بۆ پاراستنی سەقامگیری باشوور تەنیا بۆ چرکەساتێک گرفتی بۆ هەرێم سازنەکردووە، ئەمە هەم ئەرکێکی ئەخلاقییە هەم نیشتمانی. لە لایەکی ترەوە ئیزندان بە جووڵەی هێزی پێشمەرگە و چالاکی ئەم هێزە لەناوخۆ بێگومان هاوکێشە سیاسییەکانی ڕابردوو دەگۆڕێ و لانیکەمەکەی ئەوەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پاشەکشە دەکا لە هەڕەشە و گوڕەشەکانی و بۆی هەیە دواجار ئەم دەسەڵاتە پێمل بکا بە دانوستانێکی جیددی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە بوونی حکوومەتی هەرێم لە ڕەوتی ئەم وتوێژانەدا. کەوابوو بوونی پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ڕۆژەڤ هەم لە ئیعلان و میدیای باشووردا و هەم لە سەر ساحەی سیاسەتەکانی هەرێم، قازانجی هەر دوو پارچەی لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران نەتوانێ وەک ئێستا باشوور بکا بە مەیدانی تەراتێنی خۆی. ئەزموونی بیست و چەند ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە نە بە نەوی کێشانی حکوومەتی هەرێم و نە بە قەتیسمانەوەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات، کۆماری ئیسلامی هەرگیز لە سیاسەتەکانی دژ بە باشوور و ڕۆژهەڵات پاشگەز نەبۆتەوە، ئەگەر تەعاروفە دیپلۆماسییە درۆیینەکان وەلانێین، بێگومان بە پێی هەموو خوێندنەوەکان کۆماری ئیسلامی ئێران گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، بۆیە باشوور ئەگەر دەیەوێ خۆ لەم مەترسییە قوتار بکا، دەبێ ڕۆژهەڵات بخاتە نێو هەناوی خۆیەوە و لە هیچ پشتیوانییەک دەریغێ لێنەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## هەواکە دەگۆڕدرێ؟

(١)

### دۆناڵد تڕامپ بوو بە ٤٥ مین سەرکۆماری ئەمریکا. (خاڵێک دابنێ و بڕۆ سەرەتای رستە)

ئەگەرچی زۆربەی هەرەزۆری چاوەدێرانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان، ئاکادێمێسیەنەکان، ناوەندەکانی راپرسی، ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ئەمریکا و لە دەرەوە پێیان وابوو تڕامپ وەک کەسایەتییەکی بێئەزموونی سیاسی، بێ‌پلان و بێبەرنامە، بە بێ‌ڕێزی بەردەوامی بەموبەو، هەبوونی گرفتی جیددی لەگەڵ پرسی پەنابەرێتی، بە ئەدەبیاتێکی پۆپۆلیستی کە هەردەم لێرە شتێک دەڵێ و لەوێ شتێکیتر و دەیان خاڵی لەم چەشنە ناتوانێ براوەی ماراتۆنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا بێ، کەچی توانی بە تاقی‌تەنیا جەخت دەکەمەوە بە تاقی تەنیا دێموکراتەکان، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزبەکەی خۆی کە دژایەتیان دەکرد وەلابنێ و ببێتە سەرۆکی ئەم وڵاتە. تەنانەت رای گشتیی دنیا لە ئاستی باڵای سیاسی‌دا زمانی بەخێری پێدانەدەهێنا و زیاتر مەیلەوە هیلاری بوون. بگرە پوتین و دوومای روسیەش لە دوایین رۆژەکاندا لەسەر بنەمای نەناسینی تڕامپ وەک کەسایەتی‌یەکی پێش‌بینی‌نەکراو، بۆ لای هیلاری بایاندابۆوە!

### بەڵام چ رووی دا؟

ئەوە کە بۆچی زۆربەی پێش‌بینی‌یەکان بەپێچەوانە دەرچوون رەنگە بگەڕێتەوە سەر دۆخی نێوخۆیی ئەمریکا، واتە ئەوەی رووی دا جۆرێ دەنگ‌هەڵبڕین بوو بە دژی "سیستم". ئانالیزە سەرەتایی‌یەکان نیشان دەدەن کە بەشێکی بەرچاوی دەنگدەرانی تڕامپ ئەو سپی‌پێستە لادێییانە و چینی کرێکاری ئەم وڵاتە بوون کە بە سازکردنی ئەم شەپۆلە بەدژی سیستم (لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی کە بە دەست دێموکراتەکانەوە بوو) رق و تووڕەیی خۆیان لە هەمبەر ئەم سیستمە بەتایبەتی لە باری ئابوورییەوە دەربڕی. ئەم رقە تا ئەو ئاستە دەڕواتە پێش کە چینی کرێکارەکە کە زاتەن لەگەڵ سەرمایەداری کێشەی هەیە، ئەم جیاوازییە مێژوویی‌یە وەلادەنێ و بە دژی سیستمی هەنووکەیی دەنگ دەدا بە سەرمایەدارە تۆخەکە!

ڕەنگە هۆکارێکی تریش ئەوە بێ کە ئەم خەڵکە زیاتر خوازیاری ئەوە بوون کە سیستم دەبێ زیاتر ئاوڕ وە ناوخۆی وڵات بداتەوە. لە ڕاستیدا دێموکراتەکان دەمێک ساڵە بەدووی ئەوەوەن کە بەرنامەی Pax Americana وەک مەبەستی سەرەکی لە سیاسەتەکانی دەرەوەیاندا بۆ برەوپێدانی دێموکراسی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بخەنە واری جێبەجێ کردنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش تیۆری جۆزێف نای واتە Smart Powerیان کردە کەرەسەی گەیشتن بەم ئامانجە بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان. بەڵام ترامپ لەسەر بنەمای دروشمی America First جۆرێ سیاسەتی تەریک خستنەوەی ئەمریکای لە لا مەبەستە واتە Isolation. کۆماریخوازەکان -هەرچەند هەموویان کۆک نین- دەیانەوێ بەم خۆ دوور خستنەوەیە چیتر تێچوو بۆ وڵاتانی تر سەرف نەکەن. بۆیە پێداگری ترامپ لەسەر نێوخۆی وڵات بە نیسبەت دەرەوە، خەڵکی ئەم وڵاتەی بەم قەناعەتە گەیاند کە وا باشترە سەرۆکەکەیان هەر سەرۆکی ئەمریکا بێ نەک سەرۆکی جیهان! تەنانەت هەندێ پێیانوایە ئەوانەی دەنگیان بە ترامپ داوە، لە ڕاستیدا دەنگیان بە کۆماریخوازەکانیش نەداوە، بەڵکوو دەنگیان داوە بە کەسێک کە دەبێ لە دەرەوی ئەم حیزبەش سەیری بکە. دژایەتی هەندێ سیمای ناسراوی کۆماریخوازەکان لەگەڵ ترامپ سەلمێنەری جۆچوونی ئەوانە.

(٢)

دوو ڕووداوی برگزیت Brexit چوونە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا) و ئێستاش سیاسەتی تەریککەوتنەوە و ئایزۆلێشێنی ئەمریکا وەک هەرەگرینگترین دوو وڵاتی جیهان لە ئاستی سیاسی و ئابووری زەنگێکی مەترسیدارن بۆ زۆر پرسی جیهانی و ناوچەیی.

چون لە ڕاستیدا ئەوەی زۆر بۆتە جێگای مشتومڕ ئەمەیە کە سیاسەتەکانی ترامپ بە نیسبەت دەرەوەی وڵات چۆناوچۆن دەبێ؟ ترامپێک کە ئێستا کۆنگرەشی - بە سێنا و ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کە کەوتۆتە دەست کۆماریخوازەکانەوە - لە پشتە، شتێک کە لە ساڵی ١٩٢٩وە بێوێنە بووە، چۆن دەتوانێ ئەم بەڵێنانەی لە کاتی هەڵبژاردندا بە هاندەرانی دابوو جێبەجێ بکا و لەمانە گرینگتر لە ئەگەری جێبەجێ کردنیاندا دنیا بەرەو چ ئاقارێکدا دەڕوا؟

- ئایا ڕێکەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران و و لاتانی ڕۆژئاوا (ناسراو بە برجام) دەدڕێنێ؟
- ئایا سنوورەکانی دادەخا و دیوارە بەناوبانگەکەی لە نێوان ئەمریکا و مێکزیک سازدەکا؟
- ئایا لە توانایدا دەبێ "Obama care insurance" هەڵوەشێنێ؟
- ئایا دەتوانێ لە عەرەبستان و وڵاتانی تری کەنداو پارە بستێنێ چون هێزەکانی ئەمریکا پارێزگارییان لێدەکەن؟



سەرچاوە Serchawe

- ئایا دەتوانێ ڕێکەوتنە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەندێ وڵات وەک کانادا و مێکزیک هەڵبوەشێنێتەوە؟
- ئایا دەتوانێ ڕێکخراوی World Trade Organization جێبێڵێ؟
- ئایا دەتوانێ خۆ لە پەیمانی ناتۆ بێ‌سێحەب بکا؟
- ئایا دەتوانێ ڕێکەوتننامەی پاریس سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی کەشوهەوا هەڵوەشێنێتەوە؟

و دەیان ئایای تر... دەبێ بە نیگەرانی‌یەوە چاوەڕوان بین بزانین هەواکە دەگۆڕدرێ یان نا؟!

لە ژمارە ٦٩٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ناسر باباخانی: یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ساز بوونی گوتارێکی ڕۆژهەڵاتی کە دەتوانێ دواجار خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا

باسی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لەگەڵ ئەوەیدا کە پرسێکی هەستیارە، هاوکات داخوازیی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و وەک پرسێکی چارەنووس سازی نەتەوەیی دێتە نرخاندن، بەو حاڵەشەوە وەها شرۆڤە دەکرێ لە بەرژەوەندیی هیندێک تاک د (لە ئاستی دەسەلآت لە هەر دوو لا) نیە تا ئەو پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنن.

پرسی یەکگرتنەوە بۆتە ئەمرێکی واقعی سیاسیی نەتەوەیی، ئەگەر ئیرادەیەکی تاک ڕەهەندیی پرش و بڵاو، هۆکارەکانی ئەو لێکدابڕانە بێ، لایەنێکی دیکەی نیشتمانی، هۆکارەکانی پێکەوەبوون شیدەکاتەوە و پێداگری لەسەر دەکا، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەو نەوەی دێمۆکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارێکی گونجاوە و هیچ بەرگرێکی تەکنیکی و تەشکیلاتی بە هۆکاری ئەو جیاییە نازاندرێ.

بۆ تیشکخستنە سەر ئەو باسە، ناوەندی ڕۆژی کورد ڕای نووسەر و چالاکی سیاسی "ناسر باباخانی" دەخاتە ڕوو و چەند پرسیارێکی گەڵاڵە کردووە کە بەڕێزیان وڵامیان داوەتەوە.

**ڕۆژی کورد**: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ پێویستە؟

**باباخانی**: بە باوەڕی من لەتبوونی حیزبی دێموکرات بە گشتی هەم کۆمەڵگا و هەم بژاردەکانی بە تایبەتی تووشی شۆک کرد، کە تا ئێستاش ئەم شۆکە و ئاسەوارەکەی هەر بەردەوامە. هەروەک بۆخۆت دەزانی من هەرگیز ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووم بەڵام ڕەنگە وەباڵم بۆ بکێشی کە ئەوکات کە لە ناوخۆش بووم دێموکراتم نەک وەک حیزب، بەڵکوو گەورەتر لە حیزب و وەک ڕێباز سەیر کردووە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ بۆ بەرژەوەندی ئەم حیزبە درێغیم لە هیچ چەشنێ کارێ نەکردووە.

لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستم نیزیک بە دوو ساڵ لەمەوبەر "کەمپینی یەکی بەفرانبار"مان دامەزراند. بۆیە بەر لەوەی وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە ئەگەر ئیزنم بدەی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی دامەزرانی ئەم کەمپینە بە کورتی هۆکاری دامەزراندنیت بۆ باس بکەم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبوو بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و دواجار لەگەڵ وڵامی پرسیارەکەت لێکیان گرێ بدەم:



سەرچاوە Serchawe

لە ڕاستیدا بیرۆکەی ساز بوونی کەمپینی یەکی بەفرانبار دەگەڕاوە سەر چەشنێ بۆشایی فکری - ڕێکخراوەیی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات و تاراوگە (مەبەستم هەم باشوورە و هەم ئورووپا و ئەمریکا). واتە بۆشایی‌یەکی بیرۆکەیی لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوو کە پێویست بوو پڕ کرێتەوە و پاشان لە قالبێکی ڕێکخراوەیی‌دا پراکتیزە کرێ.

هەر وەک دەزانن ئێمە زۆر جاران لەگەڵ هەندێ دیاردە و پێشهاتە بەرەوڕوو دەبین کە هەندێ جار چاوەڕوان‌نەکراون... ئەم خێرایی‌یە دەرفەتی ئەوەت ناداتێ خۆ ڕێکخەی و خۆ تەیار کەی بۆ دژکردەوەیەکی خێرا و بەجێ و زۆرجاران لە کیست دەچێ. ئەم ڕووداوانە سەرجەم پێشهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگییەکان و تەنانەت پەیوەندیدار بە ماڤی مرۆڤن کە لە ناوخۆ و لە تاراوگەدا ڕوو دەدەن. هەر بۆیە بوونی ڕێکخراوەیەکی فکری بۆ مۆنیتۆرینگی ڕووداوەکان پێویستە. کەمپین لەو ڕاستایەدا وەک ویژدانێکی ئاگا و بەرپرس هەڵوێستی خۆی نواند بە تایبەتی بۆ پرسی یەکگرتنەوەی ماڵی گەورەی دێموکرات. بەڵام پێم خۆشە ئاماژە بەم خاڵە گرینگەش بکەم کە بەرلەوەی وەک کەمپینێکی ڕێکخراوەیی سەیری کەمپینی یەکی بەفرانبار بکەین دەکرێ بڵێین زیاتر ڕەوتێکی فکری بوو بە تام و بۆنێکی سیاسییەوە.

دیارە حەوجێ بە کوتن ناکا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا چالاکیی سیاسی واتە زیندان و پەت و سێدارە و چالاکییەکانی تریش بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێن. هەر بۆیە ناکرێ و ناشبێ زۆرمان چاوەڕوانی لە ناوخۆ هەبێ، هەرچەند با ویژدان سەنگی مەحەک بێ هەندێ کار و چالاکی لە لایەن چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی هاتۆتە ئاراوە کە لە قۆرگی شێردا کراوە... سەبارەت بە دۆخی تاراوگەش بە داخەوە سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان لە دۆخێکی پاسیودان و لەهەمبەر کێشەکان نە بایان پێدا هاتووە و نە باران! کە وا بوو لە گەڵ دۆستانی ماندوویی‌نەناسی کەمپین هاتینە سەر ئەم قەناعەتە کە بوونی کەمپەینێک بەم تایبەتمەندییانەوە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بۆ زانیاریتان هەر چەند کارەکانی کەمپەین تاقمێکی یەکجار سنووردار ڕایدەپەڕاند، بەڵام پرس و مەسڵەحەت و ڕاوێژ و ئیدە وەرگرتن لە چالاکڤانانی ناوخۆ، ئەندام و لایەنگرانی هێزە سیاسییەکان، سیما دیار و ناسراوەکانی سیاسی فەرهەنگی کوردستان، ئێستراتێژی سەرەکیمان بوو و لامان وا بوو ئاوا دەنگمان کاریگەرترە کە بە ئەزموونیش ئەوەمان بۆمان دەرکەوت. هەوڵی کەمپین بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی دێموکرات بەشی هەرەزۆری لەسەر ویستی خەڵکی ناوخۆ بوو کە خوازیاری ئەوە بوون کە بەردەوام بین بۆ ئەم پرسە و ماندوو نەبین، بەڵام بەداخەوە عەقڵانییەتی خێڵەکی (بەرژەوەندی تاکەکەسی، شارچێتی، گەڕەکچێتی، خزمخزمێن و...) تا ئێستاش بە سەر عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانەدا زاڵە و ئیزنی ئەم کارە نادا و جارێ زەحمەتە دێموکراتەکان یەکبگرنەوە.

لە دوو جودا بوونەوەی ساڵانی ۱۹۸۰ و ۱۹۸۸دا زۆرینەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ بڵێین بە جۆرێ قەناعەتییان

بەم دابڕانـانە هێنـابوو... بەڵام لە دوایـین دابـڕاندا خەڵـک ئێستاشـی لەگەڵدا بـێ نە سـەلماندی و نە پێمـل بـوو بەم لێکتـرازانە. هەر بـۆیە خەڵـک تـا ڕادەیەک ڕووی لە حیــزب وەرگەڕانـد و لە دێموکراتەکـان تـۆرا. ئەگەر لە دوو جیابوونەوەکەی پێشوودا بە هۆی بـوونی ڕێبەرێکی کاریزما وەک دوکتـور قاسملوو لەگەڵ بـاڵی سەرەکی، کۆمەڵانی خەڵکی لەگەڵ خۆی هێشتەوە، ئەوا جاری سێهەم بۆشایی کاریزمایەک بە سانایی هەستی پێدەکرا. هەر بۆیە هیچ لایەک نەیتـوانی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی لەگەڵ بـێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە دابڕانـی سـاڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨٨ سـەردەمێک بـوو کە حیزبـی دیموکرات وەک سەرەکیترین حیزبـی کـوردی لە ڕۆژهەڵات کوانـووی شۆڕش بـوو، حزووری لە نـاو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرچاو بوو، هێزی پێشمەرگە لە شار دانەبڕابوو، جیلەکانی ئەوان سەردەمان بە تەواوی گۆشکراوی بیـرو بـاوەڕێکی نەتەوەیـی بـوون و... بەڵام ئێستا ئەم فاکتۆرانە هەر نەماون یان زۆر کاڵ بوونەتەوە هەر بۆیە ناکرێ بە پێوەری ئەو کات بڕوانینە ئەمڕۆ. خۆ ئەگەر یەکەم دابڕان سێبەری خەستی ئایدۆلۆژیکی پێوە دیار بوو و لە دووهەم دابڕاندا سێبەری ئەم جیاوازییـانە کـاڵتر بـۆوە... بەڵام لە لێکترازانی سێهەمدا هیچ گرفتێکی سیاسـی ئەوتـۆ لە گـۆڕێدا نەبـوو!!! دەکرێ بڵێین ئەوەی کە بـوو بە هۆکـاری دابڕانـی دوایـی بەر لەهەمـوو شتێک کەلـک وەرنەگرتن لە میکـانیزمە دێموکراتیکییەکـان بـوو بـۆ چارەسـەری گرفتە سەلیقەیی‌یەکان!

**ڕۆژی کورد**: زۆر باشە با پرسیارەکە ئاوا بنینەگۆڕێ: ئەم هەمووە پێداگرییە بۆ یەکگرتنەوە چییە؟ باشە بە یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە چ ڕووی دەدا؟

**باباخانی**: هەموو لایەک دەزانین کە دۆخی ڕۆژهەڵات لەچاو باشوور و باکوور و ڕۆژئـاوا چەنـدە کارەسـاتبارە، لە یەکەم ڕۆژی وەسـتانی قـرمەی چەکـی پێشـمەرگە گوتـاری ڕۆژهەڵات بـوو بە پاشکۆی گوتـاری بـاکوور و گوتـاری باشـوور، کە بە کـردەوە دیتمـان ئەم دوو گوتـارە نـاتوانن لەگەڵ بـارودۆخی ڕۆژهەڵات خۆ بگونجێنن. من وەک خـۆم سێ سـاڵ لەوەپـێش بە وتـار و نووسـراوە باسم لە "گوتـاری حزوور" کـردووە و ئەم دەستەواژەیەم هێنـاوەتە نـاو گوتـاری سیاسیی ڕۆژهەڵاتـی کوردستـان و تەنـانەت ڕێـک ئەم دەستەواژەیەم دەکـارکردووە: "سووکەئاوڕێک بـۆ سـەر قەنـدیل". چـون لە ڕاسـتی‌دا زیـاتر لە دوو دەیە چاوەڕوانی و دەستەوەستانی ئاکامەکەی هەنووکە بۆتە هیچ! جا سەیرەکە لەوەدایە هەندێ تـاقم و لایەن دیسـان چاوەڕێی ئەوەن بە هاتنی سەرکاری دۆناڵد تڕامپ کوردستان ڕزگاری بێ!!!

من پێموایە یەکگرتنەوەی مەنتقی لە سەر بنەمایەکی خەسارناسانەی ئەم دوو باڵە بە پێـی قورسایی سیاسییان لە نـاوخۆی وڵات و لە لای هێزە سیاسییەکانی تـر، دواجـار بەرەیەکـی یەکگرتـوو لەگەڵ حیزبەکـانی تـری ڕۆژهەڵات سـاز دەکـا و بـاری ڕەوانی ئەم یەکگرتنەوە دەبێتە شۆکێکی بەهێز بـۆ کۆمەڵگـای مەدەنـی بـۆ چـالاکییەکی زیـاتر و بەربڵاوتـر، کە وا بـوو ئێمە

لامان وایە یەکگرتنەوە دەبێتە هۆی ساز بوونی گوتارێکی ڕۆژهەڵاتی کە دەتوانێ دواجار خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا.
ئێستا کە قسە هاتە سەر لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار ئیزن بفەرموو با ئەم ڕاستییەت لە لا بدرکێنم ئەم دەستەواژەیە بەرهەمی بیری ڕۆشنبیرانی ناوخۆ بوو لانیکەم چەند ساڵ لەوەپێش کە پێیان وابوو بۆ نوێژەنکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات ئەم کارە پێویستە و هەر وەک دەزانی یەکەم جار لە بەرگی ٦ی بیرەوەرییەکانی ڕەوانشاد کەریمی حیسامی (١٩٧٩)دا دەستەواژەی "خەباتی شاخ و شار" هاتووە. مامۆستا حیسامی باس لەوە دەکا کە لە خەرمانانی ١٩٧٩ کاتێ کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە لە دەروازەکانی شاری مەهاباد بوو بە تەمای گرتنی ئەو شارە، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی مەهاباد کۆدەبنەوە تا بڕیارێک سەبارەت بە دۆخەکە دەربکەن. بۆچوونەکان جیاواز دەبن بەڵام شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی دەڵێ: "موبارزە شکڵی زۆرن، شەڕ تاقە شکڵی خەبات نییە. من لام باشە ڕێگاکان ئازاد بکەین. ئەگەر بوو بە شەڕ، با لە چیاکان شەڕ بکەین. حیزب (دێموکرات) تێلگرافێک بۆ خومەینی بنێرێ و بڵێ بۆ حوسنی نییەت ڕێگا چۆڵ دەکەین با لەشکر بێتەوە پادگان. ئەگەر پاسدار و ئەرتەش دەسدرێژیان بۆ سەر خەڵک کرد ئەودەم شەڕ دەکەین با هێزی چەکداری پێشمەرگە بچنە چیا (شاخ) و ببنە پشتیوانی ئێمە لە شار. ئەو دەم ئەوانیش ناوێرن دەست لە شار بدەن." هەرچەند ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێ بەڵام بە کورتی بۆ وڵامی پرسیارەکەی جەنابت دەبێ بڵێم یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هاوکێشە سیاسییەکان لە کوردستان دەگۆڕێ.

**ڕۆژی کورد**: تا ئێستا هەوڵێکی زۆر بۆ یەکگرتنەوە لە ئارادا بووە بەڵام سەری نەگرتووە، هۆکارەکانی ئەو یەکنەبوونەوە بە ڕای ئێوە چین؟

**باباخانی**: وەک لە زۆر شوێن باسم کردووە ئەم پرسیارە شابەیتی غەزەلی باسەکەمانە! ئیزن بدە بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پشت بە هەندێ باسی تیۆریک ببەستین. ئەوەی ڕاستی بێ هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات تووشی جۆرێ ئۆستوورەی چوارچێوەیی بوون. پۆپێر دەڵێ من ماوەی پەنجا ساڵە لەگەڵ مارکسیستەکان، فرۆیدیستەکان و... کە خاوەنی "ئۆستورە چوارچێوە"ن ناسیاویم هەیە، هیچ کام لەوان سەبارەت بە ڕوانگەی خۆیان لەمەڕ جیهان و دیاردەکان هەرگیز تووشی شک و دڕدۆنگی نابن و هەر چەشنە دەلیلێکی بە دژی ئەم چوارچێوەی پێوەی گرێدراون وەها شرۆڤە و تەفسیر دەکەن کە لەگەڵ چوارچێوەی ئەوان هاوئاهەنگ بێ. پۆپێر پێداگری لە سەر ئەمە دەکات کە ئەو کەس و لایەنانەی لە ناو فەرهەنگەکان و سوننەتەکان و چوارچێوە جۆراوجۆرەکاندان ئەگەر لە سەر بنەمای ڕاسپاردەیەکی تایبەتی وەک مێتۆدێکی تایبەت حەولی گفتوگۆ لەگەڵ دیتران بدەن لە ڕەوتی دانوستانەکاندا تێدەگەن کە لێکتێگەیشتنێکی ئەوتۆیان بۆ مسۆگەر نابێ کە وا بوو یەکەم گرفتی فکری بوونی ئەم ئۆستوورە چوارچێوەیە کە دەبێ لێی دەرباز بن.

پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بە دەستەواژەیەکی جین شارپ، ئیستراتێژیست و گەورە بیردۆزی خەباتی بێتوندوتیژی

بکەم واتە ئەتۆمیزاسیۆن. شاڕپ دەڵێ ئەم خەڵکانەی کە بە هۆی گوشاری دەسەڵات توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان نییە بۆ مەبەستێکی هاوبەش لە ڕاستیدا لەتوپەت کراون ڕێک وەک شکاندنی مادە بۆ پاژە پێکهێنەرەکان واتە ئەتۆم. ئێستا خوازیارانی یەکگرتنەوە لە هەر دوو باڵدا یەکجار زۆرترن لەوانەی دژی یەکگرتنن بەڵام دەکرێ بڵێین ئەتۆمیزە کراون، کە وا بوو دووەم گرفت ئەم ئەتۆمیزاسیۆنەی ناو هەر دوو باڵە، لە بەدەنەوە بگرە تا سەرکردایەتی، هەر بۆیە دەبێ هاوئاهەنگییەک لەناوخۆیاندا ساز دەن تا ببنە جەرەیانێکی شوێندانەر لە ناو باڵەکانی خۆیاندا و دواجار پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لەگەڵ باڵەکەی تر.

کەواتە لە باری فکرییەوە بوونی ئەم دوو خاڵەی ئاماژەم پێکرد بەداخەوە هەنگاوەکانی بەرەوە یەکگرتنەوەیان شل کردووە بۆیە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە نەزەرییانە بە باوەڕی من بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەکە بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ دەبێ ئیزنی ڕەخنەگرتن تەنانەت دەربڕینی ڕای دژواریش هەبێ - بە مانای دژایەتی لەگەڵ یەکگرتنەوە - با بزانین ئەم ڕوانینە چی پێیە بۆ کوتن! کە وا بوو لە هەر سێ قۆناغی بەر لە یەکگرتنەوە، کاتی دانوستانەکان و لەمانەش گرینگتر و چارەنووسسازتر قۆناغی پاش یەکگرتنەوە، دەبێ هەر هەموو کەس بتوانێ لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا قسان بکا تا ئەم مژارە بە تەواوی خەسارناسی و تاوتوێ بکرێ.

هەرچەند سیگنالەکان هەندێ جار لە کزی دەدەن بەڵام بە گشتی ئەم ئیرادەیە بەهێزە (چون ویستی خەڵکە) و دیارە نکۆڵی لەوە ناکەم لە ناو بەدەنە و تەنانەت لە ئاستی ڕێبەرایەتی‌دا هەن کەسانێک کە بە دژی ئەم پرۆسەیەن کە زۆرم بە لاوە ئاساییە. دیارە تێبینی هەندێ کەس لە سەربنەمای نیگەرانی دوارۆژ لە جێی خۆی‌دایە کە دەڵێن نابێ بە پێی ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو، یەکگرتنەوەیەکی ڕووکەشیانە و ڕواڵەتی بێ و دەبێ بە وردبینییەوە و لە سەر بنەمای خەسارناسی ڕابردوو بێ، بۆ ئەوەی بەر بە لێکترازانێکی تر بگیرێ ئەمە ڕوانینێکی دروستە، بەڵام ئەم تاقمە سنووردارەی تر دەزانن کە لە حیزبێکی یەکگرتوودا جێگایەکی ئەوتۆ بۆ ئەوان نییە، ئەوان ژانی کورسی گرتوونی! بەڵام هەوەک پێشتر باسم کرد پرسی یەکگرتنەوە بۆتە بابەتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، کەس ناتوانێ بە دژی بوەستێ، بەڵام ئەوە بەم مانا نایە کە کەس ڕەخنەی نەبێ و نەوێرێ دەنگ هەڵبڕێ، ڕێک بە پێچەوانە دەبێ خەسارەکان بە باشی دەسنیشان کرێن، گرفتەکان تاوتوێ کرێن تا چی تر شاهیدی لێکترازانێکی تر نەبین.

لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکراتدا، پرسەکە زۆر زۆر هەستیارترە... کۆمەڵێ گرفتی لەمێژینە و چەند ساڵە هەیە کە بە داخەوە تێکەڵ بە ڕق و قین و بوغزێکی شاراوە و نەشاراوە و لە هەمان کاتیشدا تاکەکەسی بووە، هەر بۆیە ئاساییە کە لە هەندێ کاتدا ئەم گەرموگوڕییە لە کزی بدا، بەڵام

دەبینی لە کاتێکی تردا، بە هۆی زرووفێکی زەمانییەوە یان بۆنەیەکی تایبەتییەوە تێیهەڵدێنییەوە.

**ڕۆژی کورد**: دەور و ڕۆڵی دنیای مەجازی و سوسیال میدیا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**باباخانی**: بەهەرحاڵ نابێ ئەمە لە بیر بکەین کە دنیای مەجازیش، بەشێکە لە ژیانی واقێعی و ئاسایی هەموومان، مەگە جگە لەوەیە کە جەنابت و من لە چوارچێوەی دنیایەکی مەجازیدا (وەک کەرەسەیەک) بە یەکەوە دەدوێین و لە هەمان کاتیشدا ئەمری واقێعین. کە وا بوو ئەم باسوخواسانەی لە دنیای مەجازیدا دێنە گۆڕێ هەڵقولاوی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆمانن، تەنانەت من بە ئەرێنی وەسفی دەکەم – هەرچەند ڕەنگە هەندێ جاریش بەداخەوە، بەتایبەتی ئەم دوایییانە سنووری ئەخلاقییاتیان بەزاندووە – ئەزموونە کارەساتبارەکانی ڕابردوو چ کاتی لێدابڕانەکانی حیزبی دێموکرات، چ شەڕی براکوژی ئاگر و خوێنی ڕشتنی تێدابوو، ئێمە لەو قۆناغە ڕزگار بووین، دواتر پێکهەڵپڕژانی فیزیکیمان بە چەکی سارد بینی، لەم قۆناغیش قوتار بووین... ئێستا لەم دنیای مەجازی و فەیسبووکەدا بە زمانی تانەوتەشەر بەرەورووی یەکتر بووینەوە... باش تۆ وەباڵم بۆ ناکێشی کە لەوسایەڕا هاتووینە ئەو پایەیە کارێکی گەورەیە؟ من دڵنیام ئەم قۆناغەش تێپەڕ دەکەین و دەگەینە قۆناغی دیالۆگ هەرچەند ناهومێدییەک باڵی بەسەر ئەم فەزایەدا کێشاوە بەتایبەتی لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی بەڕێز کاک خالید عەزیزی کە بەپێچەوانەی قسە و قسەڵۆکەکان، زیاترین حەولی سادقانەی دا بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان.

ڕەنگە جەنابیشت لە من ئاگادارتر بی ڕادەی ئەم کەسانەش کە لەم دنیا مەجازییەدا ئاقاری باسەکە بەرەو فەزایەکی پڕ لە ڕق و دەمارگرژی دەبەن زۆر کەمن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە سەر تەعبیرە ئەرەستووییەکەی کە دەڵێ: توندوتیژی و دەمارگرژی بەرهەمی نەزانی و قەبووڵ نەکردنی "ئەوی تر"ە . لە لایەکی ترەوە بەش بە حاڵی خۆم پێموایە هەندێ لەم قسە و قسەڵۆکانە بەرهەمی زیاتر لە ٣٠ ساڵ کێشە و ڕکابەرایەتی شەخسی نێوان چەند کەسێکە کە تەشەنە دەکاتە نێو لایەنگرە دەمارگرژەکانیان کە وەک دەروێشی جەزمبوو زیکری شێخەکانیان دەکەن... قەی ناکا با ئەم ڕق و بوغز و قین هەڵڕێژرێ... ئێستا جەنگەیەتی... بە گشتی پێموایە ئەمە شەپۆلێکی تێژتێپەڕو هەیەجانییە کە جێمان دێڵێ و ئەم تاقمە زۆر لەوە سنووردارترن کە بە سازکردنی ئاڵۆزی و پەشێوی لەم دنیا مەجازییەدا بتوانن دەورێکی نەرێنی لە سەر کۆی پرۆسەی یەکگرتنەوە دابنێن، کەشوهەوای زاڵ بەسەر ئەم تاقمە سنووردارەدا عەقڵانییەتێکی گاڵتەجاڕییە کە لە ئاستنزمی سیاسی موتوربە کراوە. بۆیە لە درێژخایەندا دەکەونە پەراوێزەوە و ناتوانن ببنە لەمپەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦

**بابەتی: ساڵی ................ ٢٠١٧**

## خولانەوە لە بازنەی هەڵبژاردنەکاندا

١

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە پاڵپشتیی ئەو ڕێکخراوانەی ڕاستەوخۆ سەر بە ڕێبەری ئەو وڵاتەن، لە هەرسێ قۆناغی هەڵبژاردن: واتە بەر لە هەڵبژاردن، کاتی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن، بە دەستێوەردان لە سەرجەم قۆناغەکاندا، بە جۆرێ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان موهەندیسی دەکا. دیارە پێشتر لە دوو قۆناغی یەکەم و دووەمدا بە کەیفی خۆیان بە فیلتەرینگی دەزگا ئەمنییەکان، وەفدی چاودێریی شار و پارێزگاکان، شووڕای نیگەهبان (ئەنجوومەنی چاودێری) و... کاندیداکانیان قەڵتوبڕ دەکرد، بەڵام ئەوەی لە پاش دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەیان ڕووی دا، دەریدەخات کە قۆناغی سێهەمیش، واتە قۆناغی دوای هەڵبژاردنیش بە تەواوی قۆرخ کراوە.

بۆ وێنە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری دەدرێتە کەسێ کە لە هەڵبژاردنەکانی تاران دوایین دەنگی هێناوە، کەچی دەبێتە سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە! یان سەرۆکی پارلەمانی کۆماری ئیسلامی لە شارێکی وەک قوم بە کەمتر لە دووسەد هەزار دەنگ ئەم پۆستە وەردەگرێ، کەچی نوێنەر هەیە لە شاری تاران دە قاتی سەرۆکی پارلەمان دەنگی هێناوە! یان لە گەورەشارێکی وەک ئیسفەهان خانمێکی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخوازان سەرەڕای هێنانی دەنگی پێویست ئیزنی چوونە پارلەمانی پێنادرێ و ڕەدی سەلاحییەت دەکرێتەوە! ئەمانە مشتێ لە هەشتێن تا بۆمان دەرکەوێ کە ئیتر ئەم قۆناغەش بە مەرەدی قۆناغەکانی پێش خۆی چووە.

٢

لە لایەکی دیکەوە هەڕەشە و گوڕەشەکانی سەرکۆماری تازەی ئەمریکا - بەدەر لەوەی تا کوێ دەگاتە ئاستی کردەوەیی - باوکی رووحیی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران دێنێتە سەر خەت و لەبەر بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی داوای "ئاشتی نەتەوەیی"

دەکا، هەرچەند لە روانگەی خاتەمییەوە ئاشتی نەتەوەیی نەک بەشداریی نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانە لە دەسەڵاتی سیاسیدا (بە شێوەیەکی پێکهاتەیی)، بەڵکوو گەڕانەوەی باڵێکی پەراوێزخراوە بە ناوی ئیسلاحات بۆ لۆسەی دەسەڵات! کەچی سەرەڕای ئەوەش، ڕێبەری ئێران بە توندی وەڵامی خاتەمی دەداتەوە و ئەم پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە، ئەمە بەو مانایە دێ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە دەمێک ساڵە لە سەنگەری توندئاژۆکاندایە، ئامادە نییە بە هیچ کلۆجێک دۆخێکی وەها سازبێ کە بچووکترین هیوای چاکسازی (تەنانەت لە ڕوانگەی باڵی ڕیفۆرمخوازەکانیشەوە) بێتەدی و لە هەمان کاتیشدا وەک لە سەرەتادا باسم کرد، ئیتر ئیزن نادەن بەناو هەڵبژاردنەکانیش بە شێوەیەکی دادوەرانە بەڕێوەبچن.

٣

تەنیا مەبەستی هێزی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی بە سەرکردایەتی ڕێبەری ئەو وڵاتە، بەشداریکردنی گۆترەیی خەڵکە بۆ شەرعییەتدان بە سیستم و سەلماندنی مەشرووعییەتی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لە سیستمە تۆتالیتێرەکاندا بەدی دەکرێ. هانا ئارێنت لەم بارەدا باس لە چەمکێک دەکا بە ناوی: "بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی". ئارێنت پێیوایە بەشداریی سیاسی ئەرێنی واتە پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لە قاڵبی حیزب و لایەنی سیاسیدا بێ تا بەر بە دیکتاتۆرییەت بگرێ، بە واتایەکی تر ئارێنت دەیەوێ بڵێ سیستمی تۆتالیتێر لە هەمان کاتدا کە بە توندی بەر بە بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی دەگرێ، دەیەوێ ئاستی بەشداریی سیاسی ناپێکهاتەیی بەرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر بە میکانیزمگەلێکی پۆپۆلیستی، پروپاگەندەیی و فرتوفێڵیش بێ و دواجار بە زەبری زۆری و تۆقاندن! بۆیە مادام پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی نییە و بۆ وێنە خەڵک لە کوردستان نایەنە قاڵبی پێکهاتە و حیزبەوە و ڕەخنەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ناکەن، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕدرێ.

٤

جگە لەم گرفتە پێکهاتەییەی باسم کرد، لە ڕاستیدا گرفتێکی جەوهەریش لەگۆڕێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی هەڵبژاردن وەک هێمای سەرەکیی دێموکراسییە، بەڵام لە نەبوونی ئازادیدا دەبێتە ئامرازێک بە دەستی دیکتاتۆرەوە بۆ سەپاندنی خۆی. خۆ کەم نین ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرانەی کە تێیاندا پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ، بەڵام دواجار ئەوە ویست و خواستی دیکتاتۆرە دێتە دی. ئەگەرچی دەنگدان وەک ماف بۆ شارۆمەندی وڵات دیاریکراوە تا بە دەنگی خۆی بەربژێرێک بۆخۆی هەڵبژێرێ، بەڵام سیستم کە باوەڕی بە ئازادی نەبێ، دواجار بەربەستە بۆ سازبوونی ڕێکخراوە دیمۆکراتییەکان، واتە ئەوە هێژمۆنی سیستمە کە بە زەوتی ئازادی، دۆخی ئاماڵ دیموکراسییەکی سەقەت لە پرۆسەیەکی

وەک هەڵبژاردندا بەرەو نزمترین ئاستی خۆی دەبات، ئەو وتە مەشهوورە کە دیمۆکراسی سەقەت ئەو باڵندەیەیە لە ڕکەی خۆی هاتۆتەدەر، بەڵام باڵەکانی کراون، واتە ئازادیی لێ زەوت کراوە، ڕێک گوزارە لە دۆخی ئەمڕۆی ئێران دەکات. ڕەنگە ئەم ئانالیز - راپۆرتەی خوارەوە یارمەتیدەری باسەکەمان بێ:

ئانالیز - راپۆرتەکەی ساڵی ۲۰۱٦ی ماڵی ئازادی (Freedom House) ئاماژە بەمە دەکا لە کۆی ۱۹۵ وڵاتی دنیا، ۸٦ وڵات ئازاد و سەربەستن ((Free، ۵۹ وڵات تا رادەیەک ئازادن (Partly Free) و ۵۰ وڵاتیش سەربەست نین (Not Free).

لەم راپۆرتەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دێتە خانەی ئەم وڵاتانەی کە ئازاد و سەربەست نین. ئەم داتایانە بەم مانایە دێن کە ئەگەر تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ئێران پرۆسەیەکی وەک هەڵبژاردنیش بەڕێوەبچێ، لەبەر نەبوونی ڕەوتێکی دیمۆکراتیزە و ئازادیی سیاسی، هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ کۆمەڵگای لێناکەوێتەوە. هەربۆیە سیستەم بەگشتی و لە سەروویەوە لۆسەی دەسەڵات واتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەردەوام خەریکی سڕینەوەی چەمکی ئازادیی سیاسییە لە کۆمەڵگادا. ئەگەر هانا ئارێنت گوتەنی سیاسەت مەزهەر و هێمای ئازادییە، کەوابوو سەیر نییە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بە دژی ئەم بیرۆکەیە بوەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ۱۷ی مارچی ۲۰۱۷

---



سەرچاوە Serchawe

## «کوردستان»، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان!

**(بە بۆنەی دەرچوونی ٧٠٠ەمین ژمارەی کوردستان)**

ناوی ڕۆژنامەکە واتە «کوردستان» جگە لەوەی کە ئاماژە بە جوغرافیایەکی سیاسییە و دیاری کردنی چوارچێوەیەکی سنوورییە بۆ شوێنێکی تایبەت، لە هەمان کاتیشدا مۆرکێکی ناسنامەییشی پێوەدیارە. واتە لە پشت ڕواڵەتی ئەم ناوە جیهانبینییەکی تایبەتی خۆی حەشارداوە و ئەوانەی ئەم ناوەیان بۆ ئۆرگانی ڕەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەڵبژاردووە، هەم ئاگایان لە ڕابردوو بووە و هەم چاویان بڕیوەتە داهاتوو و هەم بە دروستی درکی دۆخی هەنووکەییشیان کردوە.

کە دەڵێم ڕابردوو مەبەستم ئەوەیە ئاگاهیان هەبووە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سەر دەستی کوڕانی بەدرخان بە ناوی کوردستان بڵاو بوەتەوە و تەنانەت لەباری دیزاین (هەرچەند زۆە ساکارە) بە تایبەتی لاپەڕەی یەکیان، فۆرمەتەکەیان زۆر لێکدەچێ. سەرەڕای ئەوەی مەودایەکی نیزیک بە نیو سەدە جیاوازی تەمەنیان هەیە - ڕۆژنامەی کوردستانی بەدرخانییەکان ساڵی ١٨٩٨ و کوردستانی سەردەمی کۆمار ١٩٤٦ - بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردووکیان ناوەکەیە کە بێگومان مەبەستێکی سیاسی لە پشت بووە. واتە ئەم جۆرە ناو لێنانە ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردی پێوە دیارە و پێداگرییە لە سەر بوون و هۆوییەتی کوردستان و کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی کوردی بە نەتەوەی کورد. دەکرێ بڵێین هەر دوو ڕۆژنامەی کوردستان بەر لەوەی دەوری تایبەتی خۆیان - بە مانا ئەمرۆیییەکەی - واتە ڕاگەیاندن، ئانالیز، هەواڵ و... بگێڕن، زۆرتر حەولی سەلماندنی پێناسەیەکی نەتەوەییان داوە.

خاڵێکیتر کە بە باوەڕی من دەبێ گرینگی پێبدەین ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە لە تاراوگە بووە جگە لە قۆناغی سەردەمی لە دایکبوونی لە شاری مەهاباد و قۆناغێکی کورت دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی. بە پێی ئەوەی کە تاراوگەش ژینگەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە و دەرکەوتەکانی لەسەر مرۆڤی کورد زۆر تایبەتتر بووە، بۆیە کوردستان هەم لەباری ناوەرۆکەوە هەم لەباری بەردەوامی بڕێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ کە هەندێ جیاوازە لەگەڵ ژینگەی سەرەکی خۆی.

با ئەوەش لەبیر نەکەین ڕۆژنامەی کوردستان ئەزموونێکی کەموێنەی وەک نیشتیمان ئۆرگانی «ژێ.کاف»ی وەک ڕابردووی خۆی لەپشت بوو هەرچەند ١٠ ژمارە زیاتری لێ بڵاونەبیوەوە. بەڵام ئەوانەی ئەندامی کارا و چالاکی ژێ.کاف بوون و لە نیشتیماندا بابەت و وتاریان بڵاو دەکردەوە، دواتر خۆیان لە کوردستاندا دیتەوە.

***

دەرچوونی ٧٠٠ ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکرات دەکرێ وەک ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەگەرییەوە سەیر بکرێ. ڕۆژنامەیەک کە لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە دایک بوو و پاش هەرەسی کۆمار، سەرەڕای دۆخێکی سەخت و دژوار لە شاخ و تاراوگە و هەندەران درێژەی بە ژیانی خۆی دا.

ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر خێرا و سەرپێیی بمەوێ لەسەر داتا بدوێم دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە لە ماوەی نیزیک بە ٧١ ساڵ و دوو مانگ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان لە بەفرانباری ١٣٢٤ (ژانوییەی ١٩٤٦) نیزیک بە ٢٦٠٠٠ ڕۆژ تێدەپەڕێ، بێتوو ئەم ٧٠٠ ژمارەی دەورەی دووهەمی کوردستان و ١١٣ ژمارەی دەوری یەکەم بەسەر ئەم ڕۆژانەدا دابەش بکەین دەتوانین بڵێین هەر ٣٢ ڕۆژ یەک ژمارە، کە ئەگەر وەک شێوەی دەرچوونی ئەورۆیی بڵاڤۆکەکان چاوی لێبکەین دەکرێ بڵێین مانگێ جارێک کوردستان دەرچووە، کە ئەمە وەک خاڵێکی ئەرێنی و جێگەی سرنج دەبێ لێکبدرێتەوە. بە واتایەکی تر لەباری زەمانییەوە کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بە شێوەیەکی بەردەوام حزووری مەتنی هەبووە بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانییەوە و وەک دەق، لە کۆمەڵگا بەگشتی و بەتایبەتی لە بژاردەکان دانەبڕاوە.

خاڵێکی گرینگتری کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک بە ئاستی توانایی و لێوەشاوەیی نووسەران و ستافی ڕۆژنامەکە هەڵدەسەنگێندرێ، بۆیە من لام وایە ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز بە مانا ژورنالیستییەکەی دانەبەزی، دیارە ڕەنگە تووشی نزمی هاتبێ، کز و لاواز بووبێ بەڵام بە پێی سەردەمی دەرچوون و چاپ و بڵاوبوونەوەی دەکرێ بڵێین جێگەی سەرنج بووە. بۆ وێنە سەیری هەندێ لەم ناوانە بکە کە لە ڕۆژنامەی کورستاندا وەک وەچەی یەکەم بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە: ئەمر سەیید محەممەد حەمیدی (سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان)، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، مامۆستا زەبیحی، مامۆستا حەسەن قزڵجی، ئەمر عەتری گڵۆڵانی، ئەمر محەممەد (دڵشاد) ڕەسووڵی و... ئەوەی کە لە قۆناغی وەچەی یەکەم بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە لە قۆناغەدا بەردەوام هەندێ سیمای ئەدەبی (وەک شاعیر و چیرۆکنووس و فەرهەنگنووس و...) ئەرکی نووسین و ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامەکەیان لەئەستۆ بووە، واتە لەم قۆناغەدا ئەدەب و سیاسەت و ڕۆژنامەگەری وەها تێکەڵ بە یەک دەبن کە دواتر دەبێتە میراتێک بۆ جیلی ئێستا و تەنانەت دەکرێ وەک پرۆسەیەک لێکدانەوەمان بۆی هەبێ!



سەرچاوە
Serchawe

وەچەی دووەم ڕەهەنـدە سیاسییەکانی تـۆخترە، هەرچەنـد شـارەزایییەکی تەواویـان بە سـەر ئەدەبیـاتدا هەیە، بەڵام ئەم وەچەیە بە پێی ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی گەورەی حیزبییـان دەکەوێتە ئەستۆ بـۆ وێنە پۆستی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، تـای تەرازووەکەیان بۆ لای سیاسەت خواردەبێتەوە، بەرچـاوترینی ئەم نـاوانە لەم قۆنـاغەدا بـریتین لە: شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، نەمر کـاک کەریـم حیسـامی، نەمر کـاک فەتـاح کاویـان، مامۆستا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە و... بە پێـی ئەوەی لەم دوو وەچەیەی باسم لێـوەکرد، شیعر و ئەدەب بە بەژنیـان دوورابـوو، زمـان و ڕێزمـانی ڕۆژنامەکە بە تـایبەتی لەسەردەمی ئەواندا ڕێکوپێکتر و وردتر بـوو، تەنـانەت لەچـاو زۆربەی ئەو بڵاڤۆکـانەی بـۆ وێـنە لە باشـوور دەردەچـن و دەسـەڵاتی سیاسـی و ئـابووری پاڵپشـتیانە ئێستاشـی لەگەڵدابـێ زمـانەکە خۆمـاڵیتر و ڕەسـەنتر و کەمهەڵەترە، کەوابوو دەکرێ بڵێین کوردستان بە جۆرێ پارێزەری زمانەکەش بووە!

وەچەی سێهەم کە جیلی ئەمڕۆن، ئەرکەکەیـان چەنـد قـات لەچـاو وەچەکـانی پێشـتر قورستر بـووە، بە هـۆی ئەوەی دنیـای ڕاگەیـانـدنی ئێسـتا لەگەڵ ئەوان سـەردەمان جیـاوازی زۆرە. ئینتێرنێت و سۆشیـال میـدیا و کانـاڵە ئاسمانییەکان و... لە چرکەسـاتێکدا هەواڵەکـان دەگـوازنەوە، شـرۆڤە و ئانـالیزی ڕووداوەکـان ڕاسـتەوخۆ بـۆ تەواوی دنیـا دەنێـرن و لە هەمـان کاتیشدا لەبـاری ئـابوورییەوە زۆر بەهێـزن و... کـۆی ئەمـانە دەبـنە هـۆکـاری سـەرەکی بـۆ ئەوەی ئەم جیلەی ئێسـتا کـارێکی دژوارتری لەبەردەم بێ و دەبێ بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەبەرامبەر ئەم هێژمونییە میدیاییەدا خـۆڕاگرێ و بەردەنگەکەی خـۆی واتە کـوردی ڕۆژهەڵات بـۆ لای خـۆ پەلکێش بکـا. بـۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەرێـوبەرانی ئێسـتای ڕۆژنـامەی کوردسـتان کـارێکی سـەخت و ئەسـتەمیان لەپێشـە بەڵام ئەگەر وەبیـر خـۆیـان بێنـنەوە کە لە جێـی کەسـانێک دانیشـتوون کە لەوەپـێش کەڵلای نووسین و ڕۆژنامەگەری بوون، بێگومان شێلگیرانەتر، جیـددیتر و بەرپرسیارانەتر دەنووسن و ئەرکەکـانی کوردسـتان ڕادەپەڕێنن. یادی سەرجەم نووسەرانی کۆچکردووی کوردستان بەخێر، بەردەوامی و سڵامەتیش بۆ هاوڕێیانی ئێستا!

(لە ژمارەی ٧٠٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# كڵاوەکە بۆ لای ئێران خوار دەبێتەوە؟

## (١) کابینەی ترامپ و کۆماری ئیسلامی!

کابینەکەی ترامپ، کابینەیەکی ئابووری ئەمنییە و تەنانەت هەندێ چاودێری سیاسی لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم کابینەیە تەواو دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە. ئەوان لە لێدوانەکانیاندا بەردەوام ئێران بە هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە لە قەڵەم دەدەن و دەڵێن ئەم وڵاتە خەریکی فێڵ و تەڵەکە و درۆ و دەلەسەیە. کە سەیری ئەم ناوانە دەکەی: ستیڤ بانێن (ستراتێژیستی باڵای ترامپ و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی ئەمریکا، کە هەندێ کەس بە سەرۆک کۆماری پشتی پەردە یان سەرۆک کۆماری سێبەر ناوزەدی دەکەن)، مایکڵ پێنس (جێگری ترامپ)، مایک پۆمپێئۆ (سەرۆکی CIA)، جێیمز ماتیس (وەزیری بەرگری)، ڕێکس تیلەرسن (وەزیری دەرەوە)، پۆل ڕایان (سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا)، جۆن بۆڵتن، بێن کارسن و... بۆت دەردەکەوێ کە ئەوان هیچ متمانەیەکیان بە کۆماری ئیسلامی نییە و تا ئاستی دەستوەشاندن لە ئێران کۆکن.

ئەوەی لە دیسکۆرس و گوتاری ئەوانەدا بەدی دەکرێ، کلیل وشەیەکی سەرەکییە کە ناوەند و چەقی گوتارەکەشە، ئەویش بریتییە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوەندەی لە ماوەی هاتنە سەر کاری ترامپ دیتراوە و بیستراوە، هیچ وشەیەک یان وردتر بڵێین هیچ وڵاتێک هێندەی ئێران وەک مەترسی بۆ سەر ناوچەکە و هۆکاری ناسەقامگیری پێناسە نەکراوە.

## (٢) کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ

مایکڵ پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا ڕۆژی ١٨ی شوبات لە یەکەم ئامادەبوونی لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا، ئێرانی وەک هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە هێنایە ئەژمار. پێنس گوتی ئێران سەرەکیترین وڵاتی پشتیوانی تیرۆریزمە! بەڵام دەوڵەتی ئەمریکا هەرگیز ئەو ئیزنە نادا بە کۆماری ئیسلامی کە دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا.

دانیشتنەکەی میونیخ لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٧ و هاوتەریبی سێ زلهێزی ناوچەیی: تورکیا، عەرەبستانی سعودی و ئیسرائیل، بە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لە سازبوونی جۆرێ لە هاوپەیمانیی نەنووسراو دەکەن کە لەوە پێشتر بێ وێنە بووە.

ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی ترامپ و تیمەکەی کە بەجۆرێ غیرەت و دڵگەرمییەکی بۆ ئەو وڵاتانە ساز کردووە تاوەکو بەر بە کۆماری ئیسلامی بگرن کە خەریکە بە زەبری چەکی ئەتۆمی و چەمکێکی ئایینزایی بە ناوی شیعەگەریێتی، ناوچەکە بەرەو قەیران و ناسەقامگیری بەرێ.

هەر لەو کۆنفرانسەدا، سێناتۆری کۆماریخواز لیندزی گراهام، ئێرانی وەک خراپترین یاریزانی سیاسیی ناوچەکە ناوزەد کرد. ئەو گوتی کە کاتی ئەوە هاتووە کۆنگرێسی ئەمریکا راستەوخۆ ئێران بخاتە ژێر گوشارەوە نەک لەبەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەڵکوو لەبەر بەرنامە مووشەکییەکەی!

### (٣) وڵاتانی ناوچەکە لە هاوکێشەی ئەمریکا و ئێراندا

زۆر وڵاتی ناوچەیی و تەنانەت لە دەرەوەی بازنەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەن کە لەسەر هاوکێشەی ئەمریکا و ئێران شوێندانەرن و هەرکام بەپێی قورسایی و باڵای خۆی لەم پەیوەندییەدا دەور دەگێڕن. تا ڕادەیەکی زۆر ئەم وڵاتانە ئاراستە سیاسییەکانیان دیارە و لەم نێوەدا رووسیا وەک زلهێزێک دەبێ زیاتر هەڵوێستەی لەسەر بکرێ.

وێدەچێ پەیوەندیی ترامپ و رووسیا کە کۆماری ئیسلامی زۆری دڵ پێ خۆش کردووە، دواجار بە دژی ئێران بشکێتەوە. ترامپ و کابینەکەی ئەگەرچی دژی رێککەوتنی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەکن و ئەمە بە حاتەمبەخشی ئۆباما لە قەڵەم دەدەن، بە هەندێ شەرت و مەرجەوە پێمێل بوون پێی. بەڵام وەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن، کێشەکە هەر ئەوە نییە بەڵکوو: کێشەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، تاقیکردنەوەی مووشەکی بالستیک و باوکی تیرۆریزمی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، ئەمانە بۆ کابینەی ترامپ قابیلی قەبووڵ نین. ئەو خاڵە گرینگەش لەبیر نەکەین کە هەوڵی نوێنەرانی کۆنگرێس بۆ ئەوەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بخەنە لیستی تیرۆرەوە و ئەگەر وەک لایحە بێت و پەسەند بکرێ، زەبرێکی گورچووبڕ دەبێ لە ئێران.

بەم پێیە تەنانەت ئەگەر "برجام" بکەوێتە پەراوێزیشەوە، ئەم سێ بابەتەی باسم لێوەکردن لە دوارۆژدا دەبنە تەوەری سەرەکیی نێوان رۆژئاوا - بەتایبەتی ئەمریکا - و ئێران. مێژووی کۆن و هاوچەرخی رووسیا نیشانی داوە کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دوور نییە بە سەودا و مامەڵەیەک لەگەڵ ئەمریکا، لە سووریا بکشێتەوە و پشتی ئێران بەربدا، بەو مەرجەی ئەمریکاش چاوپۆشی لە کردەوەکانی بکات لە ئۆکراین و کریمیا و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەورووپاشی لەسەر هەڵگرێ. لە ئەگەری هاوتەریبنەبوونی رووسیاش لەگەڵ ئەمریکا، رەنگە ڕووسیا زیاتر زەرەرمەند بێ!

ئەوەی کە لەکۆی خوێندنەوەی دۆخی هاوکێشەی ئەمریکا و ئێراندا بۆمان دەردەکەوێ - دیارە دۆخی ناوخۆی ئەمریکا چیرۆکێکی تەواو جیاوازی لەگەڵ بارودۆخی دەرەوە هەیە- ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمریکا، گوشاری زیاترە بۆ سەر ئێران، بە تایبەتی گوشاری ئابووری (کە لە سیاسەتی ئەمریکادا بە Economic Democratization بەناوبانگە) و لە هەمان کاتیشدا بە هێنانە گۆڕێی دۆسیەکانی: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، مووشەکە بالستیکەکانی، پشتگیری لە تیرۆریزم، هەڕەشە لە ئیسرائیل، سازکردنی پشتێنەی ئەمنی واتە هیلالی شیعی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ، کۆماری ئیسلامی ناچار بکا پێمل بێ بە ویست و داخوازییەکانی. لەڕاستیدا ئەم سیاسەتە دەکرێ بە سیاسەتی "کۆنترۆڵ و مەهاری هەنگاو بە هەنگاو" ناوزەد بکەین. ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە بۆسەدایە کۆماری ئیسلامی ئێران لەم جەغزەی بۆیان دیاری کردووە بترازێ، تا کڵاوەکەی بۆ لای خوار بکەنەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## چەهچەهەی بولبول و شمشێری مەلا!

لەم وتارەدا هەوڵم داوە کارتێکەری سۆشیال میدیا لەسەر پرسی هەڵبژاردن تاوتوێ بکەم و بۆ ئەم مەبەستەش چەهچەهەی بولبولم وەک نمادی تویتەر بەگشتی بۆ سۆشیال مێدیای ئازادی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کردووە و، شمشێری مەلایانیش وەک هێمای دەسەڵاتی ئایینی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا!

سەرەتا پێویستە ئەوە بدرکێنم کە باسەکەم نایەوێ پرسی بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردن شرۆڤە بکا و وەک خۆم لەوەپێش ئەم هەڵبژاردنانەم وەک گەمە دەستنیشان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە تاقم و چینە شوێندانەرەکانی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە تا ئێستا دیاری بکەین.

**بە گشتی گرووپە کۆمەڵایەتییە شوێندانەرەکان لەسەر بیچمگرتنی بیروڕای گشتیی ئێران بریتین لە:**

ڕێکخراوە و ئۆرگانەکان وەک: زانکۆکان، بازاڕ، مزگەوتەکان و...

چینە تایبەتەکان: ڕووناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان و...

مێدیا سوننەتییەکان: ڕۆژنامە و گۆڤار و...

مێدیا ئاماڵمۆدێرنەکان: تەلەڤیزیۆن و رادیۆ

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: تێلیگرام، تویتەر، فەیسبووک، یوتیوب، ئینستاگرام و...

هەر کام لەمانە شوێندانەری تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی زەمان، چوار گرووپی یەکەم لەهەمبەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو کارتێکەرییان دابەزیوە. هێنانەوەی نموونەیەک لە ململانێی ڕیفۆرمخوازەکان و بنئاژۆخوازەکانی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ نیشانمان بدا ئاستی پەرەگرتوویی و چوونیان بۆ ناو کۆمەڵانی خەڵک چۆناوچۆنە:

لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلاحاتی خاتەمیدا، تیراژی ڕۆژنامەی بەناوبانگی "شرق" ١٦٠ تا ١٧٠ هەزار نوسخە بوو لە ڕۆژێکدا و بە جۆرێ سەنگەری ڕاگەیاندنی ڕیفۆرمخوازەکان بوو بەرامبەر بە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی کە پێگەی سوننەتی و سەرەکیی توندئاژۆکان بوو و زۆر بە باشی توانیبووی ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و پاشەکشەیەکی سەیر بە

دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی بکا. بەڵام هەر ئێستا تیراژی ئەم ڕۆژنامەیە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دابەزیوە و بووەتە ١٦ تا ١٧ هەزار دانە! ئەمە واتە کارتێکەری مێدیای سوننەتی وەک ڕۆژنامە لە سەت بۆ دە دابەزیوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵک بە گشتی ڕوویان کردووەتە سۆشیال مێدیا و چاویان بڕیوەتە زاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ساتەوەختی ئێستادا لەسەر ڕای گشتی هەرە شوێندانەرترینن. بەواتایەکی تر، لە نێزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا شوێندانەری ڕێکخراوە و ئۆرگانەکان وەک: زانکۆکان، بازاڕ، مزگەوتەکان و...هتد، چینە تایبەتەکان: ڕووناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان... مێدیا سوننەتییەکان: ڕۆژنامە و گۆڤار و... بەرەبەرە هەر لە کزیی داوە و لە دەیەی ڕابردوودا دەوری مێدیا ئاماڵمۆدێرنەکانیش وەک: تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ کاڵتر بووەتەوە، بە باوەڕی من ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ئەمەش بگەڕێتەوە سەر چەمکێک بە ناوی: "دیالۆگ"!

تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە لەوە پێش ئاماژەم پێکردن، بە پێچەوانەی سۆشیال مێدیا تایبەتمەندییەکی مۆنۆلۆگ"یان پێوە دیارە و بە تەعبیرە "ئۆروێڵ"یەکەی وەک برا گەورە لە سەرڕێڕا سەیری کۆمەڵگا دەکەن. بەڵام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دوور لە هەر چەشنە گوشار و ترس و سانسۆرێک لەسەر سێ بنەمای ئازادی، زانیاری و بەرابەری، مرۆڤەکان بە هەموو چین و توێژەکانەوە کۆمەڵێ ڕوویکردی بایەخدارانە دێننە دی کە دواجار دەتوانێ وەک کەرەسەیەکی شوێندانەر لەسەر هەڵسوکەوت و کارکردی دەسەڵات وەک دەوڵەت یان تەنانەت حیزب کارتێکەری تایبەتییان هەبێ. تەنانەت سۆشیال مێدیا بووەتە هۆی ئەوەی تابشتی خەڵک تا ڕادەیەک بچێتە سەر و لە ڕێگای لێکتێگەیشتن، پەیوەندی و پاساوی عەقڵانی لە کەشوهەوایەکی مەنتقیدا، بە جۆرێ مومارەسەی دێموکراسیش بکەن. کەوابوو دەکرێ بڵێین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مۆدێلێکی باشن کە وەک دەڤەری گشتی (Public Sphere) یورگێن هابرماس سەیر بکرێن.

سۆشیال مێدیا (وەک تێلیگرام، فەیسبووک، یوتیوب، تویتەر و...) دەکرێ بڵێین سنوورەکانی شوێن و کاتیان تێکشکاند. ئەو میدیایانە لەسەر بنەمای جۆرێ دابەشکردن (Share) دامەزراون و لە ڕاستیدا گۆڕەپانێکی پان و بەرینن بۆ ئەو کەس و لایەنانەی بە هەر شێوەیەک خراونەتە پەراوێز و ڕێک بە دژی سیستمە دیکتاتۆرییەکان دەوەستن کە تێیاندا فرەدەنگی بوونی نییە و مۆنۆلۆگ پێناسەی سەرەکییانە. ڕەنگە فیلتێرینگی سۆشیال میدیا لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا نموونەیەکی باش بێ بۆ ترسی دەسەڵات لە کارتێکەریی ئەم ڕاگەیاندنانە. هێنانەوەی سێ نموونە لە ئاستی جیهاندا دەتوانێ بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێ:

لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەپێی ئەوە کە دەزگاکانی چاودێری و فیلتێرینگی ئەم وڵاتە دەیانویست گوێ لەمستەکانی ڕێبەر بخەنە ناو ئەنجوومەن، خەڵک لە دژکردەوەیەکی سەرنجڕاکێشدا



سەرچاوە
Serchawe

لە تاران کەمپینێکیان ساز کرد بە ناوی نا بۆ جیم، جیم کورتکراوەی ناوی سێ مەلای بە تەمەنی توندئاژۆ: (جەننەتی، یەزدی، میسباح) بوو، بڵاوبوونەوەی ئەم کەمپینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەها پەرەی ستاند کە خەڵک توانییان نەهێڵن دووانیان بچنە ئەنجوومەن و یەکێکیشیان (سەرەڕای فێڵ و تەڵەکەیەکی زۆر) بوو بە کەسی ئاخر!

لە جەرەیانی کودەتای تورکیادا سەرەڕای ئەوەی کە کودەتاچییەکان ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئەو وڵاتە (TRT) دەگرن و ڕایدەگەیەنن کە کودەتا سەرکەوتووە، کەچی ئەردۆغان بە مۆبایلێک و لەڕێی سکایپەوە خەڵک دێنێتە سەر شەقام و بە جۆرێ کۆتایی بە کودەتا دێنێ.
لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئەمریکادا، زۆربەی ڕێکخراوە و ئۆرگانەکان، چینە تایبەتەکان، مێدیا سوننەتییەکان.
مێدیا ئاماڵمۆدێرنەکان واتە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ، لایەنگری هیلاری کلینتن بوون کەچی ترامپ بوو بە سەرکۆمار. هەر لە پاش هەڵبژاردنەکان بوو کە ترامپ گوتی: سۆشیال مێدیا منی سەرخست.

دیارە دەبێ سیلەی چاوێکیشمان لە کارتێکەرییە سەلبییەکانی سۆشیال مێدیا بێت. بۆ وێنە تیمی ئەمنییەتی فەیسبووک بۆ ئەوەی بەر بە هەواڵی ناڕاست و دەستکرد (Fake) بگرێ، لەم پەیوەندییەدا ٣٠ هەزار ئەکاونتی فەیسبووکی لە فەرەنسا سڕیوەتەوە لەبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەو وڵاتە. ڕەنگە ئەم خاڵە سەرنجڕاکێش بێ کە لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکادا ئەو پۆستە ساختە و دەستکردانەی دادەنران و شەیر دەکران (٣٠ - ٤٠ ملیۆن جار) زیاتر بوون لە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی ئاژانسە بەناوبانگەکانی نیویۆرک تایمز، واشنتن پۆست و NBC News!
بە پێی ئامارە فەرمییەکانی وەزارەتی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نێزیک بە ٢٨ ملیۆن بەکاربەری ئینتەرنێتی مۆبایل هەیە و نێزیک بە ١٠ ملیۆن بەکاربەری ئینتەرنێتی تەلەفۆن کە ئەگەر بۆ هەر ماڵێک ٣ بەکاربەر ڕەچاو بکەین، دەکاتە ٣٠ ملیۆن و سەرجەم دەبێتە ٥٨ ملیۆن بەکاربەر. لەم نێوەدا ئامارە نافەرمییەکانی باس لە ٤٠ ملیۆن بەکاربەری تێلیگرام، ١٥ ملیۆن ئینستاگرام، ٢٠ ملیۆن فەیسبووک دەکەن، ئەم داتایانە واتە پتانسییەلێکی یەکجار بەهێز کە دەتوانم بڵێم کەموێنەیە. بۆیە ئەگەر هەر لایەن و هێزێک پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە و جیددی و هەبێ، دەتوانێ بە دانی کەمترین تێچوو ڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، هەر بۆیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕاستییە دەزانێ و فەیسبووک و یوتیوب و تویتەر لە ناوخۆدا فیلتێر دەکا و خێرایی ئینتەرنێت دێنێتە خوار و... بەڵام ئایا پەتی سێدارە و شمشێری مەلا دەتوانێ بەر بە چەهچەهەی بولبول بگرێ؟ بەڕای من، نا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠١٧

## کاک سدیق کۆمان دەکاتەوە!

ئەوەندەی بیرم بڕ بکا، نەبووە کوردێک بە زیندەسەری بکەوێتە بەر سرنجی مێدیاکانی جیهان و دەوڵەتە بیانییەکان و هەروەها ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەوانی. لەمەش بترازێ چەند خەڵاتێکی پڕبایخی نێونەتەوەیی لە بواری مافی مرۆڤی پێبدرێ و لەمانەش گرینگتر، وەک بەربژێری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دیاری بکرێ.

ئەمانە بۆ هەموو ئینسانێک، بەتایبەتی بۆ مرۆڤی کوردی بێدەوڵەت و ناسنامە، جێگەی شانازین. بەڵام ئەودیوی دراوەکەش بۆ ئەم مرۆڤە بێکیانە لایەنی تراژیکی باسەکەیە. ئەو تێچوویانەی داوێتی تا بگاتە ئەم ئاستە، تێچووگەلێک کە بەنرخی لەدەستدانی تەمەن و گەنجێتی، ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتی، زیندانی تاکەکەسی، دابڕان لە هاوژین و جگەرگۆشەکان، تووشی چەندین نەخۆشی هاتن و زیاتر لە دە ساڵ مانەوە لە بەندیخانەدا و... وە دەست هاتووە.

ئەمانە تاڵ و شیرینی ژیانی مرۆڤێکی خەباتکارە، بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند یان هەمان «کاک سدیق»ی خۆمان. ئەو ماسییە ڕەشە بچکۆلەیەی گۆمە مەندەکەی دیواندەرە، کە تەمای شڵەژاندنی ئۆقیانووسی تارانی هەبوو!

ئەوە کە ئێمەمانان چەندە لە باری فکری و سیاسییەوە لەگەڵ کاک سدیق هاوتەریبین، چەندە لێکتر نیزیکین بە لای منەوە زۆر گرینگ نییە، ئەوەی گرینگە ئەمەیە کە نەفسی «کردەیەکی ئینسانی» بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ و بەتایبەتی کەرامەتی تاکی کورد بۆ ئێمە جێگەی ڕێز و پێزانینە کە لە پێناو ئەم کردەیەدا تێچوویەکی قورسی داوە، تێچوویەک کە ڕەنگە بیر لێکردنەوەشی گیانت وە لەرزین بخا!

من پێموایە ڕەهەندەکانی سێکوچکەی زیندان، بەندیخانە و دەسەڵات، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر ئاوڕی وێدراوەتەوە. چون لە ڕاستیدا لایەنە ڕەقئامێرییەکەی کە تواندنەوەی فیزیکی جەستەی زیندانییە لەبەر چاوانە، بەڵام لایەنی نەرمئامێری کە ئەویش چەشنێ سڕینەوەیە، ڕەهەندەکانی شاراوەترن. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی نیزیک بە چل ساڵ دەسەڵاتداریێتی خۆیدا بەندیخانەکانی لیپاولیپ بوون لە زیندانی سیاسی و ڕۆژنامەوان، بەتایبەتی کورد کە بەشێکی بەرچاوی لەم نێوەدا بەرکەوتووە. دیارە کۆماری ئیسلامی، لە سیستمی سزادانی خۆیدا ئازار و ئەشکەنجە و ئێعدامی بە لێشاو هەبووە و بە عالەم ئاشکرا ئەم پێشێلکارییانەی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە بەندیخانە وەک شوێنێک بۆ

کۆنترۆڵی ڕووح و ڕەوانی زیندانیش کەلکی وەرگرتوە، فۆکۆ کوتەنی وەک سیستمێکی چاوەدێری بالادەست، کە ڕەنگە ئەو ئومێدەت هەبێ کە دەرئەنجامەکەی چاکسازی تاکی لێبکەوێتەوە. بەلام دەسەلاتێکی سەرەڕۆ و نابەرپرسی وەک کۆماری ئیسلامی مەبەستی چاکسازی نییە، کە ئەگەر وەها مەبەستێکی هەبوایە بێگومان ئەشکەنجە و ئێعدامی هەڵدەگرت. کە وا بوو لێرەدا باس لەسەر ئەوە نییە کە وەردیان تەنیا لە ڕوانگەی فیزیکییەوە چاوی بە سەر زیندانییەوە بێ، بەڵکوو ئەم چەشنە دەسەلاتانە دەیانەوێ لە کۆمۆنی بەندیخانەدا، لەم کۆمەڵگە داخراوەدا «تاکێتی»ی تاکەکان بستێنێن و ئۆژن یۆنسکۆ گوتەنی هەمووان بکەن بە کەرگەدەن لە ڕێی هۆمۆژێن کردنیانەوە.

لەم نێوەدا ئەوانەی لەهەمبەر ئەم هۆمۆژێنسازییەدا خۆڕاگری دەکەن، هەرچەند لەباری ڕووحی و ڕەوانی و تەندروستییەوە تێچوویەکی زۆری بۆ دەدەن، بەلام دواجار دەبن بە هێمای خۆڕاگری و سەمبولی خەباتی مەدەنی و لە سایەسەری ئەوانەوە دەنگەهەڵبڕینەکە بە شێوەیەکی گشتی و جەماوەری تەشەنە دەکا. ئەمە ڕێک ئەم خاڵەیە کە دەبێ هەمووان سرنجی بدەینێ، بە جەماوەری کردنی خەبات، لە ڕێی هەر بیانوویەکەوە. بیانووی ئەمڕۆمان کاک سدیق!

بۆ وێنە کاتێ نازناوی باوکی مافی مرۆڤی کوردستانی لێدەنرێ، کاتێ ڕۆژی ٣٠ جون وەک ڕۆژی کەبوودوەند دیاری دەکرێ، کاتێ کەمپینگەلی جۆراوجۆر بۆ پشتگیری و ئازادی کەبوودوەند سازدەکرێ، کاتێ کومیتەی خەلاتی نۆبێلی بۆ ساز دەکرێ، کاتێ بە سەدان سیمای ناسراوی نێوخۆ و دەرەوە بەدووی ئازادیی کەبوودوەندەوەن، کاتێ گەردەلوولی تویتێری بۆ سازدەکرێ، کاتێ گەنجەکان بۆ پاڵپشتی مانگرتن لە خواردنی کەبوودوەند، ئەوانیش لە دەرەوەی ولات ماندەگرن و دەیان کاتێ کاتێ کاتێی تر، مانای ئەوەیە ئەم کەسایەتییانە گرێدەری خەباتی ناوخۆن و دەرەوەن.

کاک سدیق بەرهەمی خەباتی مەدەنییە لە نێوخۆی ولات، با ویژدان سەنگی مەحەک بێ ئەوەندەی ئەم کەسایەتییە وەک تاکێکی کورد، توانیوێتی سرنجی جیهان بۆ پرسی مافی مرۆڤی کورد ڕابکێشێ ئایا بەڕاستی لەم سەردەمەی ئێستادا کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران توانیوێتی وەها کاریگەرییەکی هەبێ؟ کەوابوو ئێمە، هەموومان وەک سێکوچکەی خەبات (نێوخۆ، دیاسپۆرا و هێزە سیاسییەکان) دەبێ ئەم جۆرە هەلانە بقۆزینەوە و بیکەین بە بنەمای و بناغەی کاری هاوبەش، لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین کاک سدیق کۆمان دەکاتەوە!

(لە ژمارەی ٧٠٥ی"کوردستان"دا بلاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## گەورەتر لە حیزب

هەفتا و دوو ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا هەنووکەش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێ گومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە کلیل وشەکانی ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری پارچەکانی تردا زاڵ و دیارە.

بێشک دەکرێ زۆر دەسکەوتی گرینگی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی هی سەرەتای دامەزرانی دەسنیشان بکەین بەڵام جگە لەم دەسکەوتانەش، بە دڵنیاییەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە، لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە، تا دابڕان و لەتبوون و شەهید بوونی سەرکردە کاریزماکانی و دواجار ئەم دۆخە نالەبارەی ئێستای خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەدەر لەم دەسکەوتانەی وەدست هاتووە و بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە، حیزبی دێموکرات «بەرپرسترین» حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم حیزبە لە زۆر بڕگەی مێژووی تێکۆشانی خۆیدا غەدری لە خۆی کردووە، بەڵام داڵدە و یارمەتیدەری شۆڕش لە پارچەکانی دی بووە، لە ڕێبازی نەتەوەیی لای نەداوە تەنانەت بۆ ساتێک، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی وڵاتانی دراوسێی پارچەکانی تری کوردستاندا هەرگیز بەرژەوەندیی براکانی فیدای بەرژەوەندی خۆی نەکردووە و... ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ سازکردووە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێ وێنەیەی لەلای خەڵکی ڕۆژهەڵات نەبوایە و پاڵپشتی ئەم گەلە نەبوایە دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو. پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەم وێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵ و گیانی خەڵکی کوردستاندا.

ئاورێکی خێرا بۆ سەر قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ئێستاشی لەگەڵدابێ سەردەمی کۆماری کوردستان پڕشنگدارترین قۆناغی ئەم حیزبە بووە و لە پاش هەرەسی کۆمار، هەرگیز

نەگەیوەتە داوێنی ئەم لووتکەیە. دیارە زۆر هۆکار هەیە کە ئاماژەی پێبکەین کە بۆچی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغەی تێنەپەڕاندووە. بەڵام کە بێینە زەمانی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە دوو ڕەهەندی سیاسی و ڕێکخراوەییدا تووشی قەیران بووە. بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستووە، بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی نێوخۆی حیزب و نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگاربوونی لەم قەیرانانە و بووژانەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: (پێشەنگیی و ناوەڵناوی شۆڕشگێڕی حیزبێکی سیاسی لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ، حیزبێکی شۆڕشگێڕ نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراویی حیزب لە نێو خەڵکدا دەباتە سەر و «جیددی» بوون و «بەرپرس»بوونی حیزب نیشان دەدا.) دووەم ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکرات کە لە ناوخۆی کوردستان هەیەتی دەکرێ ئەم ئومێدەمان بداتێ کە سەرکردایەتی سیاسی ئەم حیزبە لەم پتانسییەلانە کەڵک وەرگرێ بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار و خەبات، بە ڕەچاوکردنی واقێعبینانەی بارودۆخی ناوخۆیی، ناوچەیی و تەنانەت نێونەتەوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شاخ و شار لە نێو هەناوی یەکتردا بوون و لە دەیەی ٨٠ دا شاخ و شار لێک گرێدرابوون، ئەوە لە ساتەوەختی ئێستادا شاخ و شار بە تەواوی لێکدابڕاون. کەوابوو بە پێی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جیددی و بەرپرس بووە، دەتوانێ بە ئاوڕدانەوەیەکی سەرلەنوێ بۆ دۆخی خۆی و وەرگرتنی ڕەخنە و گلەیی و گازەندەکانی ناوخۆ بە هەموو جیاوازییەکانەوە، دیسان ببێتەوە حیزبەکەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای دامەزرانیدا حیزبی تەواوی گەلی کورستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ بە مکانیزمی گونجاو و کردەیی و پشتئەستوور بە تیۆری لە مەیدانی خەباتدا گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!

(لە ژمارەی ٧٠٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی لە ڕکەی فکری و ڕێکخراوەییدا

ئیزن دەخوازم سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێبکەم کە ئایا لە بنەڕەتڕا لە ئێرانی ئێستادا، ئەم جموجۆڵانەی دەکرێ، دەتوانین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بە پێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ بزووتنەوە دیاری کراوە پێی بڵێین بزووتنەوە بە مانا گشتییەکەی؟ کە خۆیشی دواجار بە هێندێک ژێرمەجمووعەی دی یا وردەبزووتنەوە (خردەجنبش) دابەش دەبێ؟

بە باوەڕی من ئەمڕۆکە شتێک بەم ناوە لانیکەم لەسەر ساحەی سیاسیی ئێران بوونی نییە. چون هیچ کام لە پاڕامێترەکانی کۆمەڵناسی کە بۆ تاریفی ئەو چەمکە ڕەچاو کراوە، ئێمە نایبینین. بەڵام ئەگەر بکرێ بە «تەساهول و تەساموحەوە» قائیل بە بوونی بزووتنەوە بین، بزووتنەوە بە تەواوی ئەو سنووردارییانەی کە ئەمڕۆکە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە، دەکرێ ڕێک ئەو ئیستدلالەی کە بۆ بزووتنەوەی گشتی یا بۆ بزووتنەوەی سەراسەری دەکەین بۆ بزووتنەوەی خوێندکاری، بۆ بزووتنەوەی ژنان، بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوەکانی دیکەی ڕەچاو بکەین و بڵێین لە ڕاستیدا بە هۆی زەبروزەنگ و سیستمی داخراو و دەسەڵاتی تایبەت کە بەسەر ئەم وڵاتەدا حاکمە، ئێمە ئەو بزووتنەوانەمان نییە.

بەڵام ئەگەر بمهەوێ باسەکە گرێ بدەم لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لەم سەردەمەی ئێستادا، دەبێ ئاوڕێک بدینەوە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران، بزووتنەوەیەکە کە ڕیشەیەکی سەدساڵەی دێموکراسیخوازی هەیە و لە سەد و چەند ساڵی ڕابردوودا لەسەر بنەمای دێموکراسی و بەرابەری وەک ژێرمەجمووعەیەک لە بزووتنەوەی گشتی، لە ئێران بوونی هەبووە. کەوابوو دەکرێ بە جۆرێ بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە تای تەرازووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێراندا هەڵسەنگێندرێ. بەڵام بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی تایبەتمەندییەکی زۆر گرینگی دیکەشی هەیە کە میراتگری شتێکە بە ناوی بزووتنەوی نەتەوەیی. کەوابوو ئەگەر بە شێوەیەکی پێکهاتەیی بێنین باس لە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بکەین، دەبینین کە بزووتنەوەی خوێندکاری لە بزووتنەوە دەست پێدەکا وەک بزووتنەوەیەکی سەراسەری و دواجار بە بزووتنەوەیەکی کوردی کۆتایی پێدێ. مەبەستم ئەوەیە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی هەم لە ئاستی بزووتنەوەی سەراسەریدا، هەم لە ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەییدا و لە نێوان ئەو دوو گوتارەدا بوونی هەیە و کەڵکی لێوەرگرتوون. دیارە ئەمە بەم واتایە نایە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پەلکێشی کردبێ بۆ لای بزووتنەوەی سەراسەری، بەڵام لە هەر شوێنێک کە بزووتنەوەی سەراسەری بە شێوەیەکی بەرحەق و دێموکراسیخوازانە، بە دژی دەسەڵات هەستابێ ئەوە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیش تەئسیراتی تایبەتی خۆی

لێ وەرگرتووە و توانیویەتی هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی، لە نێوان ئەم دوو گوتارەدا ئەرکەکانی خۆی بەڕێوەبەرێ. کە وا بوو دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، جگە لە بزووتنەوەی خوێندکاری سەراسەری، لە هەمان کاتیشدا میراتگری بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی حەفتاو چەند ساڵەشە.

دەمەهوێ دەستەواژەیەکی ساموئێل هانتینگتۆن بە قەرز وەربگرم بۆ دەسنیشانکردنی هۆکاری سەرەکیی گوورانی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و بە گشتی بزووتنەوەی خوێندکاری، کە ئەویش بریتییە لە «کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان». هانتینگتۆن پێی وایە کاتێک بزووتنەوەی خوێندکاری شکڵ دەگرێ کە خوێندکار دەچێتە شارێکی گەورەتر، دەچێتە کەلانشارێک و لەوێدا هەست بەوە دەکا کە لە باری کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە چ جیاوازییەکی بەرچاو هەیە و تەنانەت هەر لەم سۆنگەیەوە بۆ ڕادیکالیزمی بزووتنەوەی خوێندکاری پاساو دێنێتەوە.

کەوابوو ئەگەر بمانهەوێ ئەو تەعبیرەی هانتینگتۆن بەکار بەرین زۆر ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین ئەو مەسئەلەیە دەقاودەق لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا هەیە و لەسەر ئەم کەلێن و جیاوازییانە شکڵی گرتووە. واتە کاتێ خوێندکارێکی کورد لە کوردستانێک کە بە گشتی لە باری ئابوورییەوە، لە باری کلتوورییەوە، لە باری گەشەسەندنی هەمەلایانەوە بە نیسبەت گەورە شارەکانی ئێران زۆر لە دۆخێکی دواکەوتووتردا ڕاگیراوە، کاتێک هەست بەم جیاوازییە دەکا بە پێی جەوهەری زاتی خۆی واتە وەک: گەنجێتی، ئارمانخوازبوون و ڕادیکاڵ بوون وردە وردە وەک کاتالیزۆرێک بۆ بیچمگرتنی ئەو بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ شوێندانەر دەبێ.

بەڵام بۆچی بزووتنەوەی خوێندکاری بە گشتی لە ئێران و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە کوردستان، لە سەر ساحەی سیاسیی ئێران لەوپەڕی کزی دایە؟

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ سەر ڕابردوو یارمەتیدەرمان بێ بۆ وڵامی پرسیارەکە، بە تایبەتی مێژووی بزووتنەوەی ساڵانی چل تا کۆتاییەکانی دەیەی پەنجای هەتاوی، لەو کاتەدا کە بیری چەپ بە سەر کەشوهەوای سیاسی وڵاتدا حاکم بوو دەتوانێ بۆ پێکگرتنێکی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوان سەردەمان یارمەتیمان بدا و دواجار بە ئاکامێکی ئیجابیمان بگەیەنێ. هەر وەک دەزانن بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران و لە ساڵانی چل تا نێوەڕاستەکانی پەنجای هەتاوی، بە تەعبیرێک «موتوری محرکە»ی سیاسی لە وڵاتدا جەریاناتی چەپ بوون کە بە شوێنەوەرگرتن لە بیری چەپی ئەو سەردەمی توانیبوویان لە بواری تیۆری و عەمەلییەوە بەسەر جەریاناتی جۆراوجۆری سیاسی نێوخۆی وڵاتدا شوێندانەر بن.

ئەوەی ئەمڕۆ چ ڕووی داوە و بۆچی ئەو جەریاناتە نابینین و بۆچی ئەم دوو بزووتنەوەیە تووشی قەیران و بنبەست بوون،

**به باوەڕی من دەگەڕێتەوە سەر چەند هۆکارێک کە زۆر بە کورتی و بە تیژی بەسەریاندا تێ دەپەڕم و ئاماژەیان پێ دەکەم:**

١- یەکەم شت کە زۆر گرینگە و دەبێ ئاوڕی لێ بدەینەوە پرسی تاکە، واتە دەوری تاک لە جەریاناتی سیاسیدا. دیارە نەک بە واتای کاریزماییەکەی، بەڵکوو بە مانا ڕووناکبیرییەکەی.

لەو سەردەمدا بزووتنەوەی خوێندکاری وامداری هێندێک سیمایە کە دواتر لە سەر هاوکێشە سیاسی و فەرهەنگی و تیۆریکییەکانی نێو ئەحزابی سیاسی شوێندانەر دەبن، یانی تا ئەو ئاستە ئەو شوێندانەرییە دەچێتە پێش کە لە سیمارا یانی لە کەسایەتی، لە تاکرا دێنە ئاستی ڕووناکبیری. بە چ مانا؟ بەو مانایەی کە دوو کارکردی داهێنەری و شوێندانەری لەو سیمایانەدا دەبیندرێ. یانی کەسایەتییەکی سیاسی، کەسایەتییەکی کە لە قالبی ڕێکخراوە و حیزبدا کار دەکا، ئەو ئاستە دەبڕێ بەرەو ئاستی ڕووناکبیری کە هەم داهێنەرە و هەم لە کۆمەڵگەدا شوێندانەرە.

ئەگەر بمەوێ ئاماژە بە ناوەکانی ئەو سەردەمە بکەم بۆ وێنە دەبێ ئاماژە بە مەسعوود ئەحمەدزادە، بیژەن جەزەنی، ئەمیرپەرویز پوویان، عەباس مێفتاحی و... بکرێ کە ئەوانە هەموویان بە تەئسیروەرگرتن لە بیر و باوەڕی چەپی ئەو سەردەمە بە تایبەتی «ڕۆژێ دۆبرۆی» کە بە قەولێک دەتوانین بڵێین مامۆستای تیۆریکی چێگواراش بوو، لەو سەردەمدا دێنن لە خەڵوەتی تاکەکەسی خۆیاندا پرۆسەی داهێنان وەک یەکەم ئەرکی ڕووناکبیری دێننە گۆڕێ.

بۆ وێنە مەسعوود ئەحمەدزادە کتێبی «مبارزه مسلحانه، هم استراتژی هم تاکتیک» دەنووسێ، بیژەنی جەزەنی «پێشەنگیی شۆڕش و ڕێبەریی گەل» دەنووسێ، ئەمیر پەرویزی پوویان «ضرورت مبارزه مسلحانه» و «تئوری رد بقا» دەنووسێ. ئەوانە هەموویان بە تەئسیروەرگرتن لە بیری چەپی ئەو سەردەم دێنە گۆڕێ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە لە خەڵوەتی تاکەکەسیدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە دێنن ئەو بەرهەمانە دەخوڵقێنن و دواجار قۆناغی دووهەمی پرۆسەی ڕووناکبیری کە شوێندانەرییە لەسەر ڕێکخراوە و ئەحزابە سیاسییەکان و دواجار گیانیشیان لە سەر ئەو ڕێبازە دادەنێن و شوێندانەریی خویان لە سەر کۆمەڵگە تا هەنووکەش دادەنێن.

بەڵام لەم سەردەمەدا ئێمە ئەو سیمایانەمان نییە، ئێمە ئەو ئاستی ڕووناکبیرییەمان نییە، چ لە سەتحی ئێراندا و چ لە ئاستی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیدا.

٢- هەموومان ئاگادارین کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا جیاوازییەکەی یەکجار زۆرە. یانی ئەگەر تۆ ژینگەی سیاسی ئەو سەردەمی لەگەڵ ئێستا پێک بگری هەردووکیان سیستمێکی دیکتاتۆڕن بەڵام لانیکەمەکەی ئەوە بوو کە لە سیستمی ئەو سەردەمدا دادگایەک لە گۆڕێدا بوو، لانیکەم گوێبیستنێک لە گۆڕێدا بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا بە پێی ئەوەی زەختەکان بۆ سەر خەڵک، بۆ سەر چینی خوێندکار ئەوەندە بەرز بۆتەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک پاشەکشە و پاشگەز بوونەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان بە تایبەتی و بە گشتی لە سەراسەری ئێراندا بەدی بکەین.

٣- ئەگەر بزووتنەوە وەک گوتارێکی گشتی سەیر بکەین، دەتوانین بزووتنەوەی خوێندکاری وەک گوتارێکی تایبەت پێناسە بکەین و لە کۆتاجاردا دەتوانین لە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی وەک گوتارێکی تایبەتتر باسی لێوە بکەین، دەبینین کە لە هەرسێک لەو قۆناغانەدا بەرەبەبەرە بازنەی چالاکییەکان سنووردارتر و سنووردارتر دەبێ. واتە ئێمە لە بزووتنەوەی سەراسەریڕا دێینە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری، لە بزووتنەوەی خوێندکاریڕا دێینە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی و ئەوە هەمان سنووردارتر کردنەوەی ڕادەی بەردەنگ یان با بڵێین گوتارە، لە گوتاری گشتیڕا دەڕۆین بەرەو گوتاری تایبەت و لە گوتاری تایبەتڕا دێین بەرەو گوتاری تایبەتیتر. کەوابوو لە نەفسی خۆیدا ئەو جۆرە بزووتنەوانە بە پێی ماهییەتەکەی خۆیان گوتارێکن بە بەردەنگی تایبەت بە خۆیانەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر جەوهەری خودی ئەو جۆرە بزووتنەوانە.

٤- هەرچەند بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی ئەو شانسەی هەبووە و هەیە کە پەیوەندییەکی ئەم ئەویتی و ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی هەبێ و بتوانێ هەم شوێندانەر و شوێنوەرگر بێ، بەڵام ئێستا بە پێی ئەو دۆخەی کە بزووتنەوەی نەتەوەییش تێیدا قەتیس ماوە و بەداخەوە ئەو جۆرەی کە دەبێ چالاک نییە لە ئاستی وڵات و لە ئاستی کوردستاندا، کەوابوو ئەوەش بۆخۆی بووە بە هۆکارێک بۆ ئەوەی دووقات ئەوەندەی دیکە ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەک بێ کە گەیشتبێتە ئاستی قەیران.

**هێربێرت مارکووزە ڕستەیەکی جوانی هەیە دەڵێ:** بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر هۆکارێکە بۆ گەشەونەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی. جا من دەمەوێ لەم ڕوانگەیەوە سەیری ئەو ڕستەیە بکەین کە بە هەرحاڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی و بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پەیوەندییەکی دوولایانەیان هەیە کە وەک باسم کرد بەداخەوە ئێستا ئەم پەیوەندییە هەم لە لایەن بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەم لە لایەن بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، دەکرێ بڵێین زۆر لە کزی و نزمی داوە.

٥) لە سەردەمێکدا زانکۆ زۆر کەم بوون لە ئێران، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری خوێندکارەکان ڕوویان دەکردە تاران و تەورێز

وەک دوو گەورەشار کە لە باری سیاسییەوە بەتایبەتی تاران زۆر ئاوانگارد بوو و لەم زانکۆیانە خوێندکارەکانی شارەکانی دیکە یەکتریان دەگرتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە زانکۆ ببوو بە شوێنێک بۆ کۆبوونەوە و لەو شوێنەدا ئەوانە یەکتریان دەدیتەوە و لێرەدابوو کە بیروبۆچوونەکان ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات.

بۆ وێنە ئەوان سەردەمان خوێندکارێک کە لە شاری مەهابادەوە بەرەو تاران دەبێ وەک شەهید سمایلی شەریفزادە، وەک زۆر خوێندکاری دیکە کە دەچنە ئەم گەورەشارانە و ئەو دۆخە دەبینن ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. هەر وەک ئیشارەم پێکرد بە دەستەواژەکەی هانتینگتۆن واتە کەلێن، کاتێ کەلێنە جۆربەجۆرەکانیان دەدی، دواجار کە دەگەڕانەوە بەرەو وڵاتەکەی خۆیان هەوڵیان دەدا کە لە ڕوانگەی ئەو شکافەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە، بە شێوەیەکی ئارمانخوازانە قەرەبووی ئەو کەلێنانە بکەنەوە.

بەڵام لەو سەردەمەی ئێستادا بە پێی ئەوە کە زانکۆ لە هەموو کوێرەدێیەکی ئێستای ئێران ئەویش بەبێ کارناسی داندراوە (زانکۆی سەراسەری، زانکۆی ئازاد، زانکۆی پەیامی نوور، زانکۆی جامعی عیلمی کاربوردی و زۆر زانکۆی کەرتی تایبەتیش...) دەبینین کە خوێندکار لە چوارچێوەی جوغرافیای ژیانی شوێنی خۆی ناچێتە دەر، یانی خوێندکارێک کە قەرار وابوو لە تەمەنی ١٨ و ١٩دا هەستێ بڕوا بۆ شارێکی دیکە و لەوێ هەست بەم جیاوازییانە بکا، نایبینێ و لە سنوورێکی زۆر بەرتەسکی جوغرافیایی ژیانی خۆیدا قەتیس دەمێنێ و دواجار ئەو ئاڵوگۆڕەی کە دەبێ بەسەر بیروبۆچوونیدا بێ، ئەو دگردیسی سیاسییەی دەبێ پێکبێ، نایەتە دی.

٦- هەوڵێکی جیددی و بەبەرنامە هەیە بۆ دەستەمۆ کردنی خوێندکار. لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتۆتە سەر کار، بە تایبەتی لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا هەولێک هەیە بۆ سڕینەوەی چەمکی سیاسەت لە گشت کۆمەڵگا بە تایبەتی لە زانکۆکان. ئێمە ئەگەر سەیری قسەکانی ڕێبەری ئەم وڵاتە دەکەین بەردەوام لە قسەکانیدا هەولی ئەوە دەدا کە زانکۆ نابێ ببێتە شوێنی مشتومڕی سیاسی، کەچی لە تەواوی دنیادا ئەوە زانکۆکانن کە دەبنە شوێنی مشتومڕی سیاسی و گۆڕینی بیروڕای جیاوازی سیاسی. شۆڕشی بە قەولی خۆیان فەرهەنگی لە زانکۆکان، سازکردنی هەندێ ڕێکخراوەی چاوەدێری خوێندکاران وەک ئەنجومەنی ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕش و دواتر جامعەی ئیسلامی لە زانکۆکان هەموو ئەوانە بۆ ئەوەن کە کۆنترۆڵێکی بەردەوام و زیاتر بە سەر خوێندکاراندا هەبێ و لەم هێڵە سوورانەی بۆیان دیاری کردوون نەترازێن.

٧- ئەگەر لەبیرمان بێ لە ساڵانی ٦٧ و ٦٨ی زایینی، چینی گەنج و خوێندکاری کۆمەڵگای ئێمە وەک زۆر شوێنی دی کەوتبووە ژێر تەئسیری بیری چەپ و ئامانجی لابردنی ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی بوو. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو بیرە شکڵی گرتبوو، بۆ وێنە لە جوغرافیای زۆر جیاواز، مەسەلەن لە تورکیە دێنیز گەزمیشمان هەبوو، لە کوردستان سمایل

شەریفزادەمان هەبوو، لە باکووری ئێران مەسعوودی ئەحمەدزادەمان هەیە، هەمووی ئەوانە بە شوێنەوەرگرتن لە بیرۆکەی چەپ لە حەولی ئەوەدان کە بە شێوەیەکی ئاڕمانخوازانە ستەمی چینایەتی بە تایبەتی و لە لایەن ئێمەوە وەک نەتەوەی کورد ستەمی نەتەوایەتیش لابەن. ئەوان لە باری سیاسییەوە زیاتر کەوتبوونە ژێر تەئسیری بیر و بۆچوونەکانی کتێبی «شۆڕش لە شۆڕش»ی ڕۆژێ دۆبرۆ، بیردۆزی فەڕەنسی کە شاگردی لوویی ئاڵتۆسیری مارکسیست بوو و لە باری خەباتی چەکدارییەوە کەوتبوونە ژێر تەئسیری چێگواراوە.

ئەمڕۆ ئێمە، لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان، نە لە بواری سیاسییەوە ڕۆژێ دۆبرۆیەکمان هەیە کە کتێبێکی پیرۆزی وەک شۆڕش لە شۆڕشمان بۆ بنووسێ - قەیرانی فکری - و نە لە بواری خەباتی چەکدارییەوە چێگوارایەکمان هەیە - قەیرانی ڕێکخراوەیی -. یانی لە هەموو ساحەکانی خەباتی چەکداری و خەباتی سیاسیدا ئێمە کەلێنمان هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە لە نەبوونی ئەو دوو باڵەدا فڕین بۆ خوێندکاری کورد زۆر ئەستەمە.

## دوا قسە:

دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پێداچوونەوەیەکی جیددی بەسەر خۆیدا هەبێ و ستراتیژییەکی تۆکمە بۆخۆی دیاری بکا لەسەر سێ بنەمای: ئاوڕێکی ڕەخنەگرانە و لێکۆڵینەوەیی بۆ ڕابردووی، پێناسەیەکی سەرلەنوێ بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئێستا و دواتر دۆزینەوەی ڕێکارێک بۆ داهاتوو.

ئەو کۆنفرانسە بۆیە گیراوە کە ئێمە خەسارناسی بکەین. دەبێ یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران و ئەو کەسانەی کە لە قالبی ڕێکخراوەکانی خوێندکاریدا کار دەکەن گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێ کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەربچێ، بەردەوام دەبێ سمینار و لانیکەم کۆنفرانسی ساڵانەیان هەبێ، پەیوەندییان لەگەڵ ئەو شوێنانە هەبێ کە لە ڕوانگەی نێونەتەوەییەوە وەک سازمان و ڕێکخراوەی خوێندکاری چالاکن. من پێموایە ئەرکی سەرەکی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاران دەبێ سازدانی پەیوەندییەکی ئۆرگانیک بێ لە سێکوچەکەیەک کە پێکهاتووە لە پێشمەرگە - خوێندکار، خوێندکار - تاراوگە، خوێندکار - نێوخۆ.

**داوای لێبوردن کە بە پەلە کۆتاییم بە قسەکانم هێنا. زۆر سپاس.**

(لە ژمارەی ٧١١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## ناسیۆنالیزمی سەر شەقام

«شەقام» بە تەنیا هەر شوێن نییە، شەقام واتا و مانای ڕاستەقینەی ژیانە. تەنیا شوێنێکە کە دەکرێ متمانەی پێبکەی. ئەوەی لە شەقام فێری دەبی لە هیچ شوێنێکی دیکە فێری نابی. هیچ زانکۆیەک، هیچ دەسەڵات و حکوومەتێک، هیچ مزگەوت و کلیسە و کەنیسەیەک وەک شەقام ڕاستگۆ نین. تەنانەت لە زەمەنیش ناچێ، چون هەموو کات و ساتەکانی لە هەموو قۆناغێکی تەمەندا هی تۆن، شەقام ئاوێنەی باڵانوێنی ڕووحی تاکەکانە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکدا، لە شەقامدا خۆتی بە بێدەمامک، وەک هەزاران و سەدان هەزار کەسی دی، دێی و دەچی بەبێ جیاوازی لەگەڵ دیتران. شەقام دەریایە بۆ مەلەوانی ئازا و بەجەرگ.

**(لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم)**

**١**

خرۆشانی ئەم ڕۆژانەی شەقامی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری هەندێ دال و هێمای تایبەتن کە شرۆڤەی هەر هەموویان دەمانگەیەنێتە چەمکێک بە ناوی «پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی». مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە دەبینین کە بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بە ناوی «کەلێن» بەرەڕوو بووە.

لە کۆمەڵناسیی کلاسیکدا، چەمکی کەلێن زیاتر بریتییە لە دابڕان و جیاوازییەکانی نێوان کۆمەڵگای سوننەتی و کۆمەڵگای مۆدێرن، بەڵام لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا ئەم چەمکە بەربڵاوتر دەبێ، بە واتایەکی دیکە ئەگەر لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا کەلێنەکان کەمتر بوون بەهۆی پێکهاتە و نێوەرۆک و چەشنی پەیوەندییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، ئەوا لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ئاست و جۆری کەلێنەکان زۆر زیاتر خۆی دەردەخا. بۆ وێنە ئەو کەلێنانەی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگاکاندا بەدیدەکرێن بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسیی کۆمەڵگە شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن. بەڵام وێدەچێ حزووری ئەم دواییانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر شەقامەکان، خەریکە

کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەلات دادەپۆشێ و، لە ڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ. هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا.

**تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی سەر شەقام ڕەنگە بکرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکرێ:**

**هەمەگیرە:** واتە لە گەنجەوە تا بە ساڵاچوو، ژن و پیاو، لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هەتا باشووری ڕۆژهەڵاتە مەیدانی چالاکییەتی.

**کایەکەرە:** واتە سنووردارییەکان دەناسێ و یاساوڕێساکانی کایەکە دەزانێ و دروشمی ڕادیکاڵ بۆ وێنە ڕووخاندن تاکتیکی ئەم ناسیۆنالیزمە نییە. (لانیکەم تا ئێستا)

**لێک گرێدراوە:** واتە کەلێنی تێدا بەدیناکەی، تەنانەت بە هۆی ئایینزای سوننە و شیعە کە ڕۆژهەڵات دابەش کرابوو، لەم جووڵەی سەر شەقامەدا ئەو کەلێنە بەتەواوی پڕبۆتەوە و خەریکی مەودا گرتنی زیاترە لە دەسەڵات.

**وەبەرهێنەرەوەیە:** واتە بەخەستی شوێن لە پارچەکانی دیکە وەردەگرێ و سەرلەنوێ لە نێوخۆیدا دەزێتەوە (Reproduction)

**ڕەگاژۆکەرە:** واتە بە هۆی کەرەسەی بەردەستی وەک سۆشیال میدیا پەلوپۆ داوێ.

٢

لەم پەیوەندییەدا وەبیرهێنانەوەی بیرۆکەیەکی مەترسیدار بە پێویست دەزانم. بیرۆکەیەک ڕێک بە دژی ناسیۆنالیزمی سەر شەقام. ئەم بیرۆکە مەترسیدارە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا خەریکە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە چەمکە سەرەکییەکانی داماڵێ. دیارە نایهەوێ خودی ناسیۆنالیزمەکە بسڕێتەوە، چونکی دەزانێ ئەوەیانی بۆ ناکرێ و لەوە پێشتریش هەولی داوە ئەم کارە بکا، بەلام لەگەڵ دژکردەوەیەکی بەرگریکارانە بەرەوڕوو بووە و ڕیسەکەی لێ بۆتەوە خوری. بۆ وێنە هێرش بە هێزی سەخت و ئاسیمیلاسیۆن لە ساڵانی ڕابردوودا، حەولێکی جیددی بوون بۆ سڕینەوەی یەکجارەکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات. بەلام کە بۆی دەرکەوت بەم شێوازە بۆی ناچێتە سەر، ئێستا خەریکە بە

داماڵین و سڕینەوەی چەمکەکان (یەک لەوان: پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی) لە ناسیۆنالیزم و دەبەرکردنی قاوغێکی تیۆریکیش بەم داماڵین و سڕینەوەیە، بەرەنگاری تەقەڵەکانی ناسیۆنالیزم لەسەر شەقام بێتەوە و دواجار ئەم تەقەڵ و پێکەوەلکاوی و بەستراوەییە هەڵوەشێننەوە.

ئەوان دەیانەوێ، سەرەتا بە لێدانی مۆرکی ناسیۆنالیزمی سوننەتی و کلاسیک، لە چەمکی نەتەوەخوازی، مرۆڤی کورد لە بەها شۆڕشگێڕییەکان بەتاڵ کەنەوە، دەیانەوێ ڕووحی کێوی مرۆڤی سەرکەشی کوردی ڕۆژهەڵات لە شەقامەکان، کەوی کەن و بەرەو ماڵ کەنەوە و دەرئەنجام سڕینەوە و داماڵینی هەر چەشنە ڕادیکالیزمێک لە هەر چەشنە بزووتنەوەیەک، بەتایبەتی لە بزووتنەوەی مەدەنی و جووڵەی هێزی لەبڕان نەهاتووی شەقامەکان.

ئەم بیرۆکە هەر لە درێژەی پرۆژەکەیدا و بۆ پێکانی مەبەست، هۆکاری گەشەونەشەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵات گرێ دەداتەوە بەوە کە ئەم ناسیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمێکی بێکارە. سەرقاڵی خۆی نییە، سەرقاڵی پارچەکانی دیکەیە و خەریکی کاری جیددی نییە. تەنانەت دێنێ ئەو ناسیۆنالیزمەی کۆمەڵانی خەڵکی لە دەوری یەکتر کۆکردۆتەوە، تا ئاستی سۆزێکی نابەئاگا دادەبەزێنێ و خۆیشی سوورسوور دەزانێ ئەوەی لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات ڕوو دەدا گەشەسەندنێکی بێ وێنەی ناسیۆنالیزمێکی عەقڵانییە لەسەر بنەمای بایەخە ئینسانییەکان.

٣

### وەک لە سەرەتادا باسم لێوە کرد، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی لە ڕۆژهەڵات لەم دواییانەدا کارتێکەرییەکی بێوێنەی بووە کە دەکرێ لە دوو ڕەهەندەوە بۆی بچین:

**یەکەمیان**، لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەدا، لاموایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەسی لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتۆتە پارچەکانی دی و ڕەگئاژۆی کردووە و خەریکی تەقەڵ و دروومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە. ڕۆژێک بۆ پەسندی فیدرالیسم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی بۆ ڕۆژاوا، ڕۆژێک بە بیانووی دەسبەسەر کردی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و... و بۆ هەمووی ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان.

**دووەمیان**؛ سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەی هاتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شەقامەکان پێوانەیەکی باش بێ بۆ مەبەستەکەمان. هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

لە هەمان کاتدا هەر ئەم هەرەوەزە نەتەوەییەی بۆ کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان کرا و لایەنە نێوخۆییەکەشیمان باس کرد، لە ڕاستیدا بەشێکیشی بە جۆرێ دژکردەوەیەکی نیشتمانیش بوو لە سەر بنەمای سایکۆلۆژیکی نسکۆی پاش ئەو کارەساتەی بەسەر باشووری کوردستان هێندرا. ئەو دروشمانەی خەڵک دەیانوتەوە و بەرزیان کردبۆوە گوزارە لەوە دەکەن کە ڕۆژهەڵات بە حەماسەی حزووری لە شەقامەکان دەیویست تاڵایی شکستی باشووریش لە نابەئاگای زەینی تاک و کۆمەڵی کورد کەم کاتەوە و کردیشی. بە دوور لە غەڵبەغەڵب و زەنازەنا و پەرتەوازەیی حیزبەکان، ڕۆژهەڵات بۆخۆی خەریکی تەقەڵ و دروومانی ناسیۆنالیزم و پێکەوەلکاندنی ئەم چەمکەیە لە نێوخۆ و لە پارچەکانی دیکەش.

(لە ژمارەی ٧١٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی: ساڵی ................ ۲۰۱۸

# هێلکەکەی کۆماری ئیسلامی

### (۱) ئەستاندنەوەی شەقام

لە نێو خەڵکی ئێران ئەم ڕۆژانە بۆتە باو، کە گرانبوونی کەلوپەل بۆ وێنە هێلکە - وەک هێمایەک بۆ گرانیی شتومەک - هۆکاری ڕژانە سەر شەقامە! بۆیە دەکرێ لەسەر ئەم بنەمایە، جۆری پەیوەندییەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتە، زیاتر لەسەر هاوکێشەی جیقنە و هێلکە لێکدەینەوە. دیارە تووشی هەڵەش دەبین ئەگەر لێکدانەوەکەمان هەر بە هۆکاری ئابوورییەوە سنووردارکەین و لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی خافڵ بین.

بەهەرحاڵ ئەزموونی چل ساڵ حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە تا ئێستا بەشی خەڵک هەر جیقنە بووە و بەشی حکوومەت و دەست و پەیوەندەکانی هێلکەی دووزەردێنە، هێلکەیەک کە ڕەنگە ئەمجارەیان سەری نەخوا، بەڵام لانیکەم زۆر هاوکێشەی لە نێوخۆدا گۆڕی، کە بە باوەڕی من گرینگترینیان گەڕانەوەی شەقام بوو بۆ خەڵک. خەڵک لە هەموو دنیادا خاوەنی شەقامن، شەقام گەورەترین هێزە بەرامبەر بە چواردیوارییەک کە خاوەن دەسەڵاتەکان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن. کەوابوو لەمەو بەدوا ئیتر ترسەکە ڕژاوە و شەقام هی خەڵکە و هەر کات مەیلیان لەسەر بێ و ئیرادە بکەن دەتوانن بڕژێنە سەر شەقامەکان، ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیە بوو کە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی توانایەوە حەولی بۆ دەدا نەیەتە دی و نەبێتە ئەمری واقیع، بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ چەشنە سەرکوت و زیندان و کوشتنێکیش درێغی نەکرد. خەڵک شەقامیان ئەستاندەوە و ئەمە گرینگترین دەسکەوتی ئەم ڕاپەڕینەی دوایی بوو.

### (۲) کێرد و ئێسقان

ئەوەی لە شەقامەکانی شارەکانی ئێران ڕوودەدەن - لانیکەم تا ئەم ساتەوەختە - زیاتر لە سەرهەڵدان و شۆڕشی چینی

هەژار و پێخواس و مامناوەندی ئێران دەچێ، کە گوشاری ئابووری بڕستی لێ بڕیون. لە لایەکی دیکەوە هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم گوشارە ئابوورییانەدا، دزی و گەندەڵیی بەرپرسانی باڵای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەم خۆیان، هەم خزم و کەسی هەرە نیزیکیان، ئەم دژکردەوەیەی ئێستای شەقامەکانی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە. بەڵام ئەمە تەنیا بەرهەمی گوشاری ئابووریی ئەم ماوەیەی ڕابردوو نییە، ئەمە بەرهەمی کەڵەکەبوونی گوشاری سیاسی و دارمانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی چل ساڵ حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامییە. دەنگ هەڵبڕین لە بۆشایی نایەتەدی، ئەم خۆپیشاندانانە باکگراوندێکی چل ساڵەی لە پشتە.

ئەوانەی گیانیان لەسەر دەستیان داناوە و بەرامبەر بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر وەک کۆماری ئیسلامی ڕاوەستاون، زۆربەی هەرەزۆریان چینی هەژار و مامناوەندی کۆمەڵگەی ئێرانن کە لەم دواییانەدا بە تایبەتی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆتە هۆکاری یاخیبوونیان لەم سیستمە پاوانخواز و ملهوڕە.

کێرد گەیشتۆتە ئێسقانی خەڵک، ئەو ستەمەی لە خەڵکی ئێران دەکرێ، دەبێ خۆت بیچێژی ئەگینا ئازارەکانی دەگوتن نایە. وڵاتێکی دارماو و وێران لە هەموو ڕوویەکەوە. وڵاتێک کە نانی نیە بیدا بە خەڵکەکەی، کەچی گەورە تیرۆریستێکی وەک حەسەن نەسروڵڵا بەبەر چاوی خەڵکی دنیا ڕاشکاوانە دەڵێ: «بەڵێ، پارەی ئێمە، مووشەکی ئێمە... کۆماری ئیسلامی دابینی دەکا، حاڵی بوون؟» ئەمە لە کاتێکدایە کە لەپاش بوومەلەرزەی کرماشان سەرەڕای یارمەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێستاشی لەگەڵدا بێ خەڵک لە دۆخێکی زۆر خراپ دایە و دەوڵەت بچووکترین هەنگاوی جددیی بۆ باشترکردنی ژیانی زیانوێکەوتووان هەڵنەهێناوەتەوە. بۆیە ئاساییە تەنانەت کرماشان گەورەترین شاری کوردستان بەنیسبەت شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات ڕادیکاڵتر لەسەر هێڵ بێ. دیارە زۆر هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی دیکەش هەن کە هەر هەموویان لە ڕاستای ئاسیمیلاسیۆنی ئەم شار و ناوچەیەدا دەوریان گێڕاوە کە باسکردنی مەجالی تایبەت بە خۆی دەوێ.

### (٣) دیاردەیەکی سەیروسەمەرە؛ ئەحمەدینەژاد

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە خۆڕسک و بێ سەر و بێ ڕێبەرانە، زۆر جاران بۆ ئەوەی وەک پشکۆ و ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش بگەشێنەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێویستیان بە کاتالیزۆرێک هەیە کە ئەم کارە ئەنجام بدا. بۆ وێنە خۆسووتاندنی محەممەد بووعەزیزی لە توونێس دەکرێ وەک کاتالیزۆرێکی ڕاستەوخۆی بەهاری عەرەبی سەیر بکرێ. بەڵام هەندێ جار تەنانەت کەسایەتییەک دەبێتە کاتالیزۆر کە خۆی سەردەمێک بەشێک بووە لە دەسەڵاتێکی نگریس. بۆ وێنە هەڵوێست و

قسەکانی ئەم دواییانەی ئەحمەدی نەژاد، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بوو بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگە هێڵە سوورەکان خێراتر ببەزێنێ، هەرچەند ئەو قازانج و مەسڵەحەتی خۆی و پیاوەکانی مەبەستە، بەڵام ناکرێ لە شێوازە پۆپۆلیستییەکەی وەک داکۆکی لە مافی هەژاران بەرامبەر بە مافیای سیستمی دادی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر وا بەسانایی تێپەڕین. بێدەنگیی ئەحمەدی نەژاد تا ئەم ساتەوەختە ڕەنگە نیشان لەوە بێ کە خۆی وەک خاوەنی نابەرهەستی خۆپیشاندانەکان هەست پێ بکا! ڕەنگبێ بۆیە، فەرماندەی سپای پاسدارانی ئێران، مەحموود ئەحمەدی نەژاد وەک بانگەشەکەری خۆپیشاندانەکان تاوانبار دەکا!

## (٤) تێپەڕین لە ڕووحانی – تیپەڕین لە خامنەیی

ئەگەرچی بزووتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩ سنوورەکانی ڕیفۆرمخوازی تێ نەپەڕاند و دروشمەکانی چاکسازی بوو لە نێو پێکهاتەی دەوڵەت و حکوومەتدا، بەڵام لەم بزووتنەوە نوێیەدا، ویستی خۆپیشاندەران ئەوەیە: سەرجەم ڕیفۆرمخواز و توندئاژۆ بەیەکەوە بە دۆڵێدا! واتە ئەم جارەیان خەڵک ئیتر لە ڕووحانی و خامنەیی تێ پەڕاندووە.

دیارە ئەمە جاری یەکەم نیە لە خۆپیشاندانەکاندا وێنەی خامنەیی دەسووتێندرێ، خامنەییەک کە لە ڕوانگەی حکوومەتەوە جێگری خودایە لەسەر عەرز. بەڵام ئەوەندەی ئەو بوو بە نیشانەی تیری دروشمی خەڵک، لەوەپێش بێ وێنە بووە. بۆیە لە یەکەم کاردانەوەی بەرامبەر بەم خۆپیشاندانانە زۆر بە کزی دەردەکەوێ و وەک جاری جاران هێرش ناکاتە سەر خەڵک و ڕەنگە چاوەڕێی ئەوە بکا پاش سەرکوتی خەڵک بە تۆپی پڕەوە بێتەوە مەیدان.

کاتێ کە ڤیدیۆی دڕاندن و سووتاندنی وێنەی پاسدار قاسم سلێمانیش لە گەورەشارێک وەک شیراز بڵاو بۆوە، زیاتر بۆمان دەرکەوت کە سەردارەکەی کاکی مەلا هیچ بایەخێکی لای خەڵک نیە، سەردارێک کە بە پارەی خەڵکی نێوخۆی ئێران، ماڵی خەڵکانی دراوسێ بەقوڕ دەگرێ. کەوابوو ئەمجارەیان ئەوەی کرا لادان لە نۆرمەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، لادان لە هێڵە سوورەکانی بوو. ئەو هێڵانەی بۆ کۆماری ئیسلامی هێڵی شەرەف و شانازی بوون کەچی بە چرکەساتێک؛ سەردار و مەلا (بە ڕیفۆرمخواز و توندئاژۆکەییەوە) فت.

## (٥) دروشمی خۆپیشاندەران

بە باوەڕی من شێلەی هەموو هاتنە سەر شەقامێک، دروشمەکانێتی کە ئاراستەی دەسەڵات دەکرێ. خوێندنەوەیەکی

هێماناسانە بۆ دروشمەکان دەمانگەیەنێتە دوو ئەنجامی گرینگ: یەکەم ڕەخنەی توند لە سیاسەتی درەوەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دەرودراوسێ و مەسرەفی پارەی خەڵک بۆ ئاژاوەنانەوە و سازکردنی ناسەقامگیری لە ناوچە، ڕێک ئەو شتەی چل ساڵە حوکمڕانانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر سەردێڕی ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕش دەرخواردی خەڵکی دەدەن. دووهەم ئەوە بوو کە خوازیاری ئەوەن کە حکوومەت، بەرگی مەلایەتی فڕێ دا و بە مانایەکی دیکە نەمانی حکوومەتی ئیسلامی. کاتێ باوکی ڕووحیی ڕیفۆرمخوازەکان محەممەد خاتەمی بەم خەڵکە نارازییە دەڵێ پیاوی دوژمن و هەلپەرست، دەگەینە ئەم قەناعەتە کە تێپەڕین لە ڕیفۆرم و سەرکردەی ڕیفۆرم مافی ئەم خەڵکە وەزاڵەهاتووە بووە.

## (٦) وەک هەموو شۆڕشێک، لە جنسی باستیل

نامەوێ بە هیچ کلۆجێک شۆڕشی مەزنی فەرانسە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە پێک بگرم، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم جنسی هەرتکیان یەک شتە.

بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرانسە وەک گەورەترین شۆڕشی مێژووی مرۆڤایەتی، دوو هۆکاری سەرەکی ڕەچاو دەکرێ. یەکەم بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیری مێژوویی لەم وڵاتەدا و دووهەم گرفت و کێشەی ئابووری. ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا لە ئێران سەری هەڵداوە لەبری پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی فەرانسە، ئەوە سۆشیال میدیایە کە ئەم بۆشاییەی بۆ پڕدەکاتەوە و لەباری ئابووریشەوە هەمووومان دەزانین کە ئێران چەندە کاول بووە!

شۆڕشی فەرانسەش سەرەتا ڕێبەری نەبوو، خاوەنی نەبوو، بەڵام دواتر بوو بە خاوەن سەر و لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونیدا خۆی ڕێکخست. توندوتیژییەکانی سەرەتای شۆڕشیش کە بە هێرشکردن بۆ سەر بەندیخانەی باستیل دەستی پێکرد لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر نمادی ستەم و نادادپەروەری بوو. ڕووخانی باستیل، ڕووخانی هەیبەتی دەسەڵات بوو. وەک چۆن شۆڕشی فەرانسە بەرهەمی ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ نەبوو بەڵکوو بەرهەمی هەفتا هەشتا ساڵ کەڵەکە بوونی گرفتەکانی کۆمەڵگای فەرانسە بوو، بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێرانیش بەرهەمی چل ساڵ کەڵەکە بوونی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

ڕەنگە تەنیا شتێک کە ببێتە هۆی ئەوە کە دەرئەنجامی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، یەک ئاکامی لێکچووی لەگەڵ شۆڕشە سەرکەوتووەکانی دنیا لێ نەکەوێتەوە ئەوە بێ کە ئەو بزووتنەوانەی لە ئێران ڕوو دەدەن لەبەر بەردەوام نەبوونیان،

لەبەر ئەوەی لە یەک قۆناغی زەمەنیی کورتماوەدا ڕوو دەدەن، زۆر زوو سەرکوت دەکرێن و دواجار وەک ویستێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەمێننەوە.

### (٧) لە دایکبوونی «تووڕەیی» و «هیوا»

حەولێکی بێ ئاکام و بێ ئەنجامی لانیکەم بیست ساڵی ڕابردوو لە قالبی ڕیفۆرمخوازیدا، (دوو دەیەی پێشتریشی لێ زیاد کەن) بۆتە هۆی ڕژانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان. نادادپەروەری کۆمەڵایەتی، گەندەڵی ئابووری و ئیداری، بێکاری، نەداری، ژیان لە ژێر هێڵی هەژاری، هەڵاواردن و... هەموو هۆکارن بۆ سازبوونی ئەم دۆخە، کەوابوو دەکرێ بڵێین لەگەڵ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرەوڕووین کە لە دۆخی هەنووکەیی یەکجار تووڕەیە.

ئەم دەنگ هەڵبڕینانە، ئەم خۆپیشاندانانە و بە گشتی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕاستە بێ سەرە و ڕێبەری نیە، بەڵام سۆشیال میدیا دەتوانێ جۆرێ یەکیەتی سەرانسەری ساز بکا کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز وەک تۆڕێکی بەربڵاو و دوورودرێژ «هیوا» و «تووڕەیی» لە هەناوی یەکتردا کۆکاتەوە. ئەگەرچی شوێنی لۆکاڵی سەرهەڵدان شەقامە و تووڕەیی خەڵک لەوێ خۆدەردەخا، بەڵام سۆشیال میدیا شوێنی کۆبوونەوەی سەرانسەری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە و هیوا بە دواڕۆژێکی باشتر. بۆیە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دەبێ هەر دوو ڕەهەندی باسکراو لەبەرچاو بگرێ.

(لە ژمارەی ٧١٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئەم «قەڵا»یە لەبن نایە

## (۱)دوانەی ئاخوند – پاسدار

لە یەک ڕستەدا دەکرێ بڵێین دوانەی «ئاخوند - پاسدار» لەسەر بنەمای خەرفاندن و بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕێی شیعەگەری و دواجار بە زەبری چەک و زۆرەملی، لە ڕێگەی پاسدارەکانی ئەم سیستمەوە دامەزراوە. ئەمە تا هەنووکەش سەرەکیترین ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئەم دەسەڵاتە، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەوە.

بەلاڕێدا چوونی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەم هەلەی بۆ ئاخوندکان ڕەخساند سواری لۆتکەی شۆڕش بن و بۆ گەیشتن بە ڕۆخی دەسەڵات، چینێکی گەنجی هەژاری نەخوێندەوار بکەن بە سەوڵی لۆتکەکەیان. چینێکی پەراوێزخراوی بێدەرەتان، کە بە نیسبەت حکوومەتی پاشایەتی پڕ بوون لە گرێوگۆڵی دەروونی. ئاخوندکان زۆر باش دەیانزانی ئەم ڕق و کینە پەنگخواردووە تەنیا و تەنیا بە کوشتن و قەتڵوبڕی دیتران دادەمرکێ و ئەوانیش بە ناوی خوا و ئیسلامەوە ئەوەی خواستی دڵیان بوو، پێیان کردن. بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەم گەنجانە کە زۆربەی هەرە زۆریان تەمەنیان لە نێوان ۲۰ بۆ ۲۵ ساڵ لانکەی دەکرد، بەرپرسیارێتی زۆر گەورەیان دەدرێتێ. ئەوان کە بە تەواوی گۆشکراوی ئاخوندی شیعە و ڕێبازەکەی بوون و تا ئێستاش کە لە ساڵانی ٦۰ی ژیانیاندان وەفادارن بە ڕێچکە و ئایدۆلۆژیی شیعی و لە ڕاستیدا ئەوانن کە پارێزەری ڕێژیمن وەک پاسدار. تۆ کە ورد دەبییەوە هەرگیز فەرماندەیەکی پلەبەرزی ئەرتەش نابینی بەمجۆرەی کە فەرماندەرانی سپا لە میدیاکان دەردەکەون و هەڕەشەوگوڕەشە دەکەن لە خەڵک و وڵاتانی دەرەوە، لێدوان بدەن!

لە ڕاستیدا دراوی کۆماری ئیسلامی لایەکی ئاخوندە و لایەکی پاسدار، بەڵام ئەم خاڵە گرینگەش نابێ لە بیر بکرێ کە هەموو ئاخوند و پاسدارێک ئیزنی هاتنی نیە بۆ نێو ئەم بازنەیە، تەنیا ئەو کەسانە لەوێ دەبن کە لە چل ساڵ لەوەپێشەوە، سەفەرێکیان بەیەکەوە دەست پێکردوە بۆ دەستداگرتن بەسەر سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە! تەنانەت کەم نەبوون ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی گوماناوی لەم بازنەیە دوورخران و دواجار سەریان تێداچوو!

## (٢) گێڕانەوە ناڕاستەکە!

وەتەی کۆماری ئێسلامی هەیە هیچ ڕووداو و پێشهاتێک نەبووە کە پەردەیەکی تەمومژاوی بەسەردا نەکێشێ _ئەویش بە مەبەستی شاردنەوەی ڕاستییەکان و پەردەپۆشکردنی ناپاکی و جینایەتەکانیان لە هەموو بوارەکاندا_ کۆماری ئیسلامی هەرگیز لەگەڵ خەڵکی خۆی ڕاست نەبووە و دەرئەنجامی ئەم ناڕاستییە بۆتە هۆی ئەوە کە بچووکترین متمانە بەم سیستمە نەبێ و نەمێنێ.

ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ٧٥ی هەتاوی (٢٨ی جولای ١٩٩٦) هێزێکی زەبەلاحی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی قورسەوە هێرش دەکەنە سەر قەڵا و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیمۆکرات و بە خەستی بە تۆپ و کاتیۆشا و خۆمپارە بۆ ماوەی نیزیک بە ١٢ ساعەت دەیکوتن. وەک باس دەکرێ ٣ تا ٤ هەزار گوللەی ئەم چەکە قورسانە وە ماڵەکان دەکەوێ و بەم هۆیە زیان و خەساری زۆر بەر دەیان ماڵی نێو بنکەکانی حیزب دەکەوێ. بەڵام بە پێی ئەوە کە هەر لەگەڵ جووڵەی ئەم هێزە لە نێوخۆوە، حیزب لە ڕێگەی شانەکانی خۆیەوە ئاگاداری هێرشەکە کرابوو، ماڵەکان چۆڵ دەکرێن و هیچ زیانێکی گیانی بە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان ناگا و سەیر لەوەدایە وەک دەگوترێ قەڵای دیمۆکرات و دەوروبەری کە پڕ بووە لە پێشمەرگە بۆ بەرەبەرکانی لەگەڵ پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هێرشی نەکرایە سەر و ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە پاسدار تەنیا هاتبوون بۆ کوشتنی ژن و منداڵ! دیارە حیزب کومیتەیەکی مەیدانیش بە بەشداریی چەند فەرماندە هێز و ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک دێنێ بۆ ئەوەی هەم باری پاراستن و ئەمنیی دۆخەکە لەستۆ بگرن، هەم ئەگەر بێتوو پێویست بە قسەوباس هەبێ ئەوە حیزب لەسەر هەست بێ. ئەندامانی کۆمیتەکەش بریتی بوون لە مستەفا مەلوودی، برایم چوکەڵی، ئەحمەد پادگانی، ئەحمەد نستانی، سمایل بازیار و کاوە بەهرامی.

بەڵام ئەم عەمەلیاتە سەربازییەی سپا لەباری نیزامییەوە کە یەکێک لە ئەندامانی بازنەی ئاخوند_پاسدار، واتە پاسدار ئەحمەد کازمی فەرماندەیی دەکرد دواجار چیی دەست دەکەوێ؟

کاناڵی «مستند»ی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی بەڵگەفیلمێکی بڵاو کردۆتەوە بە ناوی «کوی سنجق» کە دەیەوێ ڕەوایەتی ڕەسمیی خۆی لەم ڕووداوەی وا بە کورتی لەسەرەوە باسم کرد دەرببڕێ.

**پەیامی بەڵگەفیلمە گاڵتەجاڕییەکەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە:**

«پاسدارێک بە خۆی و لەشکرەکەیەوە سنوور دەبەزێنێ بۆ ئەوەی پێشمەرگەی حیزب تەمبێ بکا. دەی، پاڵەوان بارەگا و مەقەڕەکانیان تۆپباران دەکا و پێشمەرگەش زۆر دەترسێن و دواتر لە لایەن یەکێتییەوە وەک نێوبژیوانکەر حیزب تەسلیم دەبێ و دەڵێ بە غەوس تازە نایەمەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵات! پاسدار کازمیش لەشکر هەڵدەگرێ و بە لای پارتیدا بڕواتەوە ئێران، کەچی پێشمەرگەی پارتی پێشیان پێدەگرن و دەمەقاڵە لە نێوانیاندا ساز دەبێ و کاک کازمی دەڵێ بۆ هەر زللەیەک کە لە لەشکرەکەم بدەن، سەد کەستان لێ دەکوژم. خۆلاسە کاکی پاسدار و لەشکرەکەی بە ڕێگایەکی دیکەدا دەگەڕێنەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان! بەڵام ڕاویی بەڵگەفیلمەکە دەڵێ ئەو کارەی مەسعوود بارزانی کردی زۆر گرانی بۆ تەواو بوو!» ئەمە کۆی گێڕانەوەی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە لە ڕووداوەکە.

## (٣) ئەودیوی گێڕانەوەکە

**بۆ ئەوەی ئامانجە سەرەکییەکان و پشتی پەردەی ئەم فیلمە بخەینە بەرچاو، پێویستە چەند خاڵێک شەنوکەو کەین بۆ ئەوەی دواجار بە دەرئەنجامێکی دروست بگەین:**

- ئەگەر سەرنج بدەنە بەشداربووانی فیلمەکە ئەوانەی خۆیان بەشداری هێرشەکەی کۆیە بوون، لە شێوەی قسەکردنیان ڕا بە تەواوی دیارە کە زۆربەیان تورکن! کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی لەم چەشنە کەلێنانە بۆ نانەوەی دووبەرەکی نەتەوەیی، ئایین و ئایینزایی، چینایەتی، جێندێری و... وەک «ستراتیژی کۆنترۆل» کەلکی وەرگرتوە، بەتایبەتی لەبەریەک ڕۆنانی کوردی سوننە و تورکی شیعە لە ناوچەکەدا! لە ڕاستیدا ئەم کەسانە بە مەبەست لە فیلمەکەدا خویا دەبن تا ئەوە بە بینەرەکەی بڵێن کە کورد وەک ڕابردوو هەر ئەوی ترە و جێی مەترسییە.

- بە شێوەیەکی دەبنەوەبڕانە سازکردنی جۆرێ درزۆنگی لە نێوان ئەندامان و لایەنگرانی دوو باڵەکەی دێموکرات کە ڕێککەوتنامەکە کاک مستەفا هیجری، جێگری سکرتێری ئەوکات ئیمزای کردوە نەک سکرتێر. لەلایەک ئەو ڕێککەوتنە درۆینەی ئەوان ڕێککەوتنێکە حیزب لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی کردوویەتی و لەلایەکی دیکەشەوە شەخسی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئاماژە بەمە دەکا کە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پرنسیپێکی پرۆتۆکۆڵی. واتە بە پێی ئەوە کە دوکتور فوئاد مەعسووم وەک نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانی تەرەفێکی ڕێکەوتنەکە بوو، بۆیە حیزبی دیمۆکراتیش کاک مستەفا هیجری وەک جێگری سکرتێر بۆ ئەم کارە دەسنیشان کرد. لە کتێبی ئەزموونی خەبات (ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئامادە کردنی هەیاس کاردۆ، ٢٠١٢، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەرزان، سوئێد) لاپەڕەی ٣٦٧ تا ٣٧٢دا بە تەسەلی باسی ئەم پەلامارە کراوە و باس لەوە دەکرێ کە ڕێکەوتنەکە بە ئاگاداریی دەفتەری سیاسی کراوە.



سەرچاوە Serchawe

- بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە هەر لەم کتێبەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەسەراحەتەوە دەڵێ: «ئێمە ماوەیەکی زۆر بوو لە ڕێگەی سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆمانەوە دەمانزانی کە ئێران بەتەمایە هێرشێک بۆ ئێرە بکا. ئەو خەبەرەمان هەبوو.» هەرچەند ئاماژە بەمەش دەکرێ کە دواتر لە لایەن یەکیەتییەوە حیزب ئاگاداری پەلامارەکە دەکرێتەوە، بەڵام حیزب بەتەواوی خۆی ئاگادار بوو. باس لە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر یەکیەتی و هێزە زەبەلاحەکەی سپا کە لە سنوور ئاودیو دەبێ و بەرەو کۆیە دەچێ بۆ تۆپبارانی ژن و منداڵ، ڕەنگە لە تاقەتی ئەم کورتەوتارەدا نەبێ، بەڵام دیسانیش دەیانەوێ یەکیەتیی پێ تۆمەتبار بکەن.

- لەم بەڵگەفیلمەدا پارتی لە کوێ وەستاوە؟ سەرەتای بەڵگەفیلمەکە کە لە ڕاستیدا کۆتایی فیلمەکەشە، بە گەمارۆی پاسدارەکان لە لایەن پارتییەوە دەست پێ دەکا و بە فلاش بەک بۆ ڕابردوو و قسەی چەند پاسدار و جاشێک درێژە پەیدا دەکا. لە پاش «فتح الفتوح»ی پاسدار کازمی و تەواو بوونی مەئموورییەت، لەشکر دەگەڕێتەوە بەرەو ئێران بەڵام بە ناوچەی پارتیدا. لێرە چیرۆکەکە هەندێ دەشەمزێ. پێشمەرگەی پارتی، لەشکری کۆماری ئیسلامی گەمارۆ دەدا و بە دیلیان دەگرێ و وەک «برهان عەبدی، خەڵکی جوانرۆ»؛ جاشەکەی نێو بەڵگەفیلمەکە باس دەکا، چەند قونەشەقێکیشیان وێدەکەوێ. بەڵام سرنجڕاکێش ئەوەیە کە بە قسەی خودی پاسدار سەحراڕوودی، دیپلۆمات تیرۆریستی تیمی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، بارزانییەکان بەرەڵلایان دەکەن، بەڵام ئیزن نادەن بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا تێپەڕن. هەروا بەدوای ئەودا، گێڕەوەی فیلمەکە دەڵێ ئیتر لەو ڕۆژەوە سیاسەتەکانی قەرارگای هەمزە و قەرارگای ڕەمەزان بە قازانجی یەکیەتیی نیشتمانی ئاراستەکەی دەگۆڕدرێ و ئەم وەرچەرخانە بۆ مەسعوود بارزانی زۆر گران تەواو دەبێ!

لە دوابەشی فیلمەکە، گێڕەوە باس لەوە دەکا کە پاش ئەم ئۆپراسیۆنە ئاسایش و ئارامییەکی سەقامگیر بەسەر ناوچەدا حاکم دەبێ و خەڵکی کورد بە گۆشت و پێستەوە هەست بە تەناهی و ئاسایش دەکەن! شابەیتی داکیۆمێنتەکەش هەر ئەوەیە، واتە دەسەڵات دەیەوێ ئەوە بە بینەرەکەی بڵێ ئیتر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کێشە و گرفتێکی ئەمنی و سیاسی نیە و شامی شەریفە. بەڵام ئەمە باس ناکا کە دوای ئەو ڕێکەوتەش دەیان جووڵەی نیزامی و سیاسیی پێشمەرگە لە کوردستاندا کراون و لە ناوچەکانی سنە و سەردەشت و مەهاباد و پیرانشار و شنۆ و... دەیان عەمەلیات کراون، هەروەها هەر لەم کوردستانە چەند سەد چالاکی سیاسیی کورد، هەر لە پاش پەلامارەکەی کۆیە ئێعدام کراون، ئەشکەنجە کراون، زیندانی کراون، پەریوەی هەندەران بوون و... باس لەوە ناکا کە خەڵک لە بچووکترین دەرفەت کەڵکی وەرگرتووە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و دژایەتی کۆماری ئیسلامی. کورد گوتەنی ئەوەی لەم بەڵگە فیلمەدا بڵاوبۆوە درۆی حزووری بوو کە تەواوی گەلی کوردستان دەزانێ فڕی بەسەر ڕاستییەوە نەبووە.

## (٤) ترسی کۆماری ئیسلامی

پەیوەندیی نێوان ترس و سازکردنی کەشوهەوای دیکتاتۆری، پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتییە، واتە هەر ڕادە دەسەڵاتی حاکم ترسی زیاتر بێ، گوشارێکی زیاتر دەخاتە سەر خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن و زۆر بێ ڕەحمتر دەجووڵێتەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ شەرعییەتدان بەم زەبر و گوشارانە کە هەر وەک باسم کرد بەرهەمی ترسە لە وریایی گشتی خەڵک، دێنێ کڵاو و پاساوێکی شەرعیشی بۆ ساز دەکا و لەڕاستیدا مرۆڤێکی مکانیکی سازدەکا وەک مەئموور کە ئەرکەکانی ئاخوند جێبەجێ بکا و ئەم مەئموورە دەبێتە پاسدار. پاسدارێک کە لەم ماوەی ئەم ساڵانەدا کاری کوشتن و سەرکوت بووە و نازناوێکی وەهای پێ بەخشراوە کە هیچ هێزێکی رەسمیی هیچ وڵاتێک لە دنیادا بەدرێژایی مێژوو وەها نازناوێکی شەرمەزارانەی نەدراوەتێ: ئەم نازناوە تیرۆریستە، واتە سپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو تیرۆریستانەی وەک دایناسۆرە بێ مێشکەکانی چاخی بەردین، بوون بە هێمای تۆقاندن و کوشتن. سەیر نیە کە سیاسەتوانانی ئەمریکایی لەبەر گوێڕایەڵی و بێ ڕەحمی وەک هێزێکی گێشتاپۆیی وەسفیان دەکەن.

لێرەدا چەمکێکی هانا ئارێنتی دەتوانێ هۆکاری گوێ لە مستی پاسدار بۆ ئاخوند، دەربخا. ئەویش ئەمەیە کە لە ڕاستیدا پاسدار «مەئموور»ی بەڕێوەبردنی ئەمری ئاخوندە، ئەو ئاخوندەی کە وادەی بەهەشتی پێداوە و تەنانەت کلیلەکەشی خستۆتە ملی، بۆ ئەوەی لەبەر دەرگای بەهەشت ماتڵ نەبێ! لەم ڕوانگەیەوە پاسدارەکان وەک مەئمووری خودا لە سەر عەرز، بۆ ئەنجامی ڕاسپاردەی نوێنەری خودا بە وڵاتدا وەردەبن و لە ئەنجامی هیچ جینایەتێک خۆ نابوێرن، جینایەتێک کە لە باری شەرعییەوە ئیزن پێدراوە و ئاخوند فتوای لەسەر داوە.

ترسەکەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، لەبەر ئاستی بەرزی شعووری سیاسیی گەلی کورد بەنیسبەت شوێنەکانی تری ئێران، چەندقات زیاترە. بۆیە هەڕەشە و سەرکوت و کوشتنیش بەهەمان شێوە فرەترە. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا حکوومەت تێچوویەکی یەکجار زۆری لەباری سیاسی، چەکداری، ئەمنی و فەرهەنگی بۆ کوردستان سەرف کردوە کە ئەم بزووتنەوەیە پێمل بکا بە ویستەکانی خۆی، تەنانەت خۆ ئەگەر لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەی کورد لە بواری چەکدارییەکەی بە بەربڵاویی پێشووتری خۆی نەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی لەناخداهەڵگر، ئەم بزووتنەوەیە لە نێو زەین و مێشکی گەلی کورددا خۆی مات کردوە و زۆر جاران بە بۆنەی جۆراوجۆر ئەم وزەیە ڕەها بووە، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ و لێی تۆقیوە. بۆیە دەیەوێ بە زەبری هێزی نەرم (بۆ وێنە لە چەشنی ئەم بەڵگەفیلمانە) چەمکی نەتەوەخوازی کاڵ کاتەوە یان بیسڕێتەوە، کارێک کە چوار دەیەیە دەیکا و نەک هیچی بۆ کۆماری ئیسلامی لێ شین

نەبۆتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خەڵکی کورد زیاتر بێزراوە و بێ متمانە بووە بە سیستم.

### (٥) ئاکام

چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە زبری سەرنێزە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بەربەرەکانی دەکا و لە هیچ کردەوەیەکی دژەئینسانی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردووە، کەچی نەیتوانیوە سیاسەتی هۆمۆژێن سازی و تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە بخاتە واری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە هێزی نەرمی (soft power) بۆ لەبار بردنی بیری نەتەوەیی بە هەموو شێوەکان لە شەڕی ڕەوانی و سایبێرییەوە بگرە تا پڕوپاگەندا و دەنگۆ هێناوەتە گۆڕێ. هێزی نەرمی کۆماری ئیسلامی بە دژی بزووتنەوەی کورد، هەرچەند دەمێکە ساڵە لە فۆرم و شێوازی جۆراجۆردا بەردەوامە و سەرەڕای تەواوی هەول و دەولەکانی نەیتوانیوە »قەلا«ی بیری نەتەوەیی داگیر بکا. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی هێزی نەرم بە ئاکامی دڵخوازیان بگا، هاتوون ئەو دەستەواژەیەی جۆزێف نای، تیۆریسییەنی ئەمریکاییان بەم شێوەیە گۆڕیوە: »هێزی نەرمی ئاوێتەی سەبر« (soft power accompanied with patience) . ئەوان پێیان وایە کەلکوەرگرتن لە هێزی نەرم، وەک هێزی سەخت (hard power) نیە کە لە کورتماوەدا وڵام بداتەوە، بەڵکوو ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێ، ڕێک ئەو کارەی لە زۆر شوێنی نێوخۆی ئێران یان تەنانەت لە جوغرافیای هیلالی شیعی کردوویانە. بەڵام لە کوردستان هەرچەند هێزی نەرمی ئاوێتەی سەبر، زۆر دەمێکە وەگەڕ خراوە، تا هەنووکە نەیتوانیوە ئامانجە سەرەکییەکەی بپێکێ، کە ئەویش داماڵینی چەمکی ناسیۆنالیزم بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

سازکردنی ئەم جۆرە بەڵگەفیلمانەش هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا، بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کارەکانی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی. بۆ وێنە زنجیرە بەڵگەفیلمی «پێشمرگان»یش لە کاناڵی موستەنەدی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی هەر لە پێناو ئەم مەبەستەدا بڵاودەکرێتەوە.

لە دواسێکانسی فیلمی بەناوبانگی بژی زاپاتا (Viva Zapata) لە دەرهێنەری ئیلیا کازان، کاتێ بە فێڵ و تەڵەکە زاپاتا، ڕێبەری شۆڕشی مەکزیک دەکەوێتە بۆسەی سەربازەکانەوە و دەیکوژن، ئەسپەکەی بە یاڵ ڕاوەشاندن ڕادەکا. فەرماندەی سەربازەکان یەک بە خۆی دەگوڕێنێ ئەسپەکە... ئەسپەکە... ئەسپەکە بگرن! فەرماندە دەیزانی خەڵک باوەڕ بە مردنی کەسێک ناکا کە ڕووحی شۆڕشی تێدا زیندوو کردوونەوە، بۆیە هاواری گرتن و کوشتنی ئەسپەکەی زاپاتای دەکرد. ڕێک لە کۆماری ئیسلامی قەوماوە، شۆڕشی کورد لێوڕێژە لەم قەڵایانە، قەڵا وەک هێمای سەرکەشی و شۆڕش، وەک هێمای بەرخۆدانی نەتەوەیی، وەک ڕەمزی نیشتمانپەروەری....

دوێنێ قەڵای دمدم، قەڵای سارم، قەڵای هەولێر، قەڵای وان... ئەمڕۆش قەڵای کۆیە...

قەڵای کوردی هەرگیز لەبن نایە!

(لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

# «کوردستان» ئێستاش پارێزەری زمانی کوردییە

**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

**١٢٠ ساڵ لەوە پێش ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر دەستی بنەماڵەی مشورخۆر و گەورەی کورد، بەدرخانییەکان چاوی بە دنیا هەڵێنا و ڕچەی بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕۆژنامەنووسیی کورد شکا.**

**لەو ماوەیەدا ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەوراز و نشیوی زۆری بڕیوە و بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە، بەڵام هەموو کاتێ دوو ئەرکی گرینگی لەسەر شان بووە، کە بریتی بوون لە پاراستن و خزمەتی زمانی کوردی و خاوەنداریێتیی لە پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی کورد. لە ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی واتە «کوردستان»ی دایکدا، ڕۆژنامەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس کاک ناسر باباخانی پێک هێناوە و پرسی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە ئێستای کوردستانی ئێرانی لەگەڵ بەڕێزیاندا هێناوەتە بەرباس:**

**کوردستان: با پرسیارەکەش کەمێک کلێشەیی بێ، بەڵام جەنابتان لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دۆخی ڕۆژنامەنووسیی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ناسر باباخانی**: لە یەک ڕستەدا، دۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای قۆناغی زێڕینی کۆماری کوردستان لە کەشوهەوایەکی پەسیو و قەتیسماو دایە! بە ڕای من گەشەونەشەی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ کرانەوەی کەشوهەوای سیاسی پێوەندییەکی «ئەم ئەوێتی»یان هەیە. واتە هەر ڕادە ئەم کەشوهەوایە ئاواڵەتر بووبێ، ڕۆژنامەگەریش هەڵکشانی بە خۆیەوە بینیوە. دیارە ڕۆژنامە کەرەسەیەکە بۆ دەربڕینی بیروڕا، بۆ دەربڕینی بۆچوونە جیاواز و تەنانەت دژوازەکان. بێتوو دەسەڵاتی حاکم، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و ملهوڕ بێ، بێگومان پشوو لە ڕۆژنامەش دەبڕێ. ئەمە یاساوڕێسایەکی گشتییە و دەتوانێ لە هەموو جیهان وابێ. بەڵام بە نیسبەت کوردەوە لە نێو کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لەم داخرانە گشتییەی کەشوهەوای سەرانسەری وڵات، دەبێ فاکتۆری شێوەڕوانینی ئەمنیەتیشی لێ زیاد کەین! هاوڕێیەکمان کە ئێستا لە باشوور خەریکی کاری ڕۆژنامەگەرییە و کاتی خۆی لە گۆڤاری سروە کاری دەکرد دەیگوت: «بەرپرسەکانی ناوەند، بە هەندێ وشە لە شێعر و چیرۆکەکاندا دەپرینگانەوە وەک: چوار، شاخ، لافاو، هەڵۆ و...» ئەمە واتە زاڵبوونی نیگای ئەمنیەتی بە سەر ڕۆژنامە و بڵاڤۆکدا.

**کوردستان**: بەڵام با هەر لە سەرەتاوە ئەم باسە بێنینە گۆڕێ کە ئایا دەکرێ قایل بە بوونی دەستەواژەی «ڕۆژنامەگەریی کوردی» لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین؟ ئایا بە پێی ئەم تاریفانەی بۆ ڕۆژنامەگەرییەکی پرۆفیشناڵ بەدەستەوە دراوە، کورد خاوەنی ئەم مێژوو و ئەزموونە بووە؟ یان دیسان هەر بە پێوەرە ستانداردەکان، کورد ڕۆژنامەنووسی پیشەیی هەیە؟

**ناسر باباخانی**: ئەگەر بمهەوێ ڕاستگۆیانە وڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، دەبێ بڵێم بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژنامەگەری پیشەییمان نەبووە و نیە.

ئەگەر قەرار بێ ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەم بەشەی کوردستان بە شێوەیەکی هێڵی چاو لێ بکەین، دەبێ بڵێم کە لە زۆر شوێنان ئەم هێڵە تووشی پچڕان و دابڕان دەبێ، بەرەو ژوور هەڵناکشێ، ماوەی گەشەکردنەکەی کاتییە و... بەڵام پێم خۆشە هەر لێرەدا کەوانەیەک بکەمەوە، لە ڕاستیدا گرینگترین ئەرکی ڕۆژنامەگەری چەمکێکە بە ناوی «بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی.» بە واتایەکی ڕوونتر ڕۆژنامەنووس بەرلەوەی کە کاری خۆی بە شێوەیەکی پیشەیی دەست پێ بکا و لەم ڕێگایەوە ژیان بەرێتە سەر، لە بەرامبەر کۆمەڵگەکەیدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی لەئەستۆیە! من سەرەڕای ئەم قسانەی وەک ڕەخنە لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێران باسم لێوەکرد، دەتوانم بڵێم بە خۆشییەوە ئەم چەمکە واتە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زۆر بە تۆخی لە کوردستان دیار و بەرچاوە. واتە هەر چەند لەباری چەندایەتی و چلۆنایەتییەوە لەگەڵ ستانداردەکانی جیهانی مەودامان زۆرە، بەڵام بوونی ئەم چەمکە کە خۆی لە خۆیدا چەشنێ دەروەستییە و بە باوەڕی من زۆر زۆر گرینگە، جێی دڵخۆشی و هیوایە! ڕەنگە شۆڕشی مامۆستا هێمنی مەزن و دواتر نەمر مامۆستا ئەحمەد قازی نموونەیەکی بەرهەست و باش بێ بۆ باسکردن لە سەر ئەم چەمکە.

دیارە جگە لە داخراوی کەشوهەوای سیاسی لە کوردستان، هەندێ فاکتۆری دی وەک نەبوونی پشتیوانیی ماڵی، نەبوونی ئەزموونی پیشەیی ڕۆژنامەوانی، گیروگرفتی تێکنیکی، نەبوونی کادری لێهاتوو و خوێندەواری ئەم بوارە و... هەموو هۆکارن بۆ ئەم دۆخەی ئێستای ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

**کوردستان**: لە ساڵانی نێوان حەفتا بۆ هەشتا و پێنج کۆمەڵێک ڕۆژنامە و قەڵەمی دیار لە کوردستان چالاک بوون، بە بەراوەرد لەگەڵ ئەو کات ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە یا بە پێچەوانەوە؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە بڕێک دژوار بێ وڵامی ئەم پرسیارە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم ئێستاشی لەگەڵدا زۆربەی قەڵەمە دیار و جیددییەکان هەر هی ئەو سەردەمەن کە ئاماژەت پێکردووە. بەڵام پێم خۆشە لە پرسیارەکەت ئەوەی لێ

زیاد بکەم بۆچی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەیتوانیوە لە ئاستی پێویستدا قەڵەم بەدەستی جیددی بەرهەم بهێنێ؟ ڕەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە سەر گرفتی فەرهەنگی و ڕەوانناسانەی کۆمەڵگەی کوردی، چون دەکرێ ڕێک ئەم پرسیارە ئاراستەی حیزبە سیاسییەکان بکرێ بۆچی لە ئاستی پەروەردەدا کز و لاوازن؟

ئەوەی ڕاستی بێ ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان «نان»ی تێدا نیە و وەک پیشەیەکی سەرەکی و پرۆفیشناڵ سەیر ناکرێ، بۆیە ئاساییە پرینگانەوەی خەڵک لەم ئیشە، ئیشێک کە هەندێ جاریش دەبێتە باسی سەر!

**کوردستان**: ڕۆژنامەنووسی کوردی تا چەند توانیویە پێوەندییەکی شوێندانەری لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆی هەبێ؟

**ناسر باباخانی**: ئەگەر پرسیارەکە وردتر کەینەوە ڕەنگە بە وڵامێکی گونجاوتر بگەین، چون ڕادەی شوێندانەری لەسەر بژاردەکان و چینی رووناکبیر و نووسەر لەگەڵ خەڵک بە گشتی وەک خەڵکی ئاسایی بە ڕای من جیاوازە. لە لایەکی تریشەوە، جۆری ڕۆژنامەکەش وەک لایەکی تری هاوکێشەکە دەورێکی گرینگی هەیە. هەروەها جیاکردنەوەی ڕۆژنامەی ناوخۆ و تاراوگە لە یەکتر.

**کەوا بوو تۆ لەگەڵ سێ فاکتۆر بەرەوڕووی بۆ ئەوەی بتوانی ڕادەی شوێندانەری وەک دەرئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە سەر بەردەنگی کورد دەسنیشان بکەی:**

بۆیە ئەگەر بمهەوێ لەم لای دوایی ڕا دەست پێبکەم دەبێ بڵێم، بەڵێ شوێندانەرییەکە هەستی پێدەکرێ، بەڵام ئەوە کە تا چ ڕادەیەک بووە، پێویستی بە کاری لێکۆڵینەوەی مەیدانی هەیە لە نێوخۆی وڵات، کە بەداخەوە بووز ناخوا. هەروەها ڕادەی شوێندانەری بڵاڤۆکەکانی نێوخۆ بە نیسبەت بڵاڤۆکی تاراوگە بە ڕای من زیاترە، کە ئەمەش ئاساییە چون بە هۆی جیاوازیی ژینگەکانیان، ڕەنگە بڵاڤۆکەکانی نێوخۆ لە رووحی بەردەنگ نیزیکتر بن، ڕەنگە. وەک باسیشم کرد لە نێوخۆ سەردەمانێک چەند هەفتەنامە وەک پەیامی کوردستان، ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، سیروان و بەجۆرێ گۆڤاری سروە و گۆڤاری مەهاباد و... کێبەرکێیان بوو و دیارە خوێنەریش کاریگەری و شوێندانەریی ئەم بڵاڤۆکانەی لەسەر هەست پێدەکرا و ئێمە فیدبەکەکانیمانی دەدیت.

بۆیە وەک ئەزموونی تاکەکەسیی خۆم و کاری ڕۆژنامەگەری لەنێوخۆ، شوێندانەری ئەم هەفتەنامەی کارم تێدا دەکرد لەسەر چینی تایبەتی کۆمەڵگە و هەروەها خەڵک بە گشتی بەرچاو بوو و تەنانەت هەندێ قەڵەمی جیدییش لەم بڵاڤۆکەدا پەروەردە بوون. دیسان وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو، لام وایە ڕۆژنامەیەک «ڕەخنە و سەربەخۆیی» بکاتە ستراتیژی خۆی،



سەرچاوە
Serchawe

بێگومان دەتوانێ زۆر کاریگەرتر بێ لەسەر کۆمەڵگە.

**کوردستان**: بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کورد لە تاراوگە و لە دەرەوەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەژین، ئەوانە تا چەند دەنگیان بە کۆمەڵگەکەیان دەگا؟

**ناسر باباخانی**: دیارە لە وڵامی پرسیاری پێشوودا ناڕاستەوخۆ باسم کرد بەڵام، لەم سەردەمەی ئێستادا ڕۆژنامەنووسی کورد هەموو کەرەسەکانی ڕاگەیاندنی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی دەنگی خۆی بگەیەنێتە بەردەنگەکەی، دوور نەڕۆین سۆشیال میدیا ئەرکی ڕاگەیاندنەکەی وەئەستۆ گرتووە، کەوابوو ڕۆژنامەنووسی کورد ئەگەر تا دوێنێ ملکەچی خاوەن بڵاڤۆک بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی، ئێستا زۆر بێ منەتە! بەڵام دوو گرفت هەیە یەکیان بنێر و ئەوی دی وەرگر.

واتە کاتێ بنێر کە لێرەدا دەبێتە ڕۆژنامەنووس، بابەتێکی کرچوکاڵ دەنووسێ و بڵاوی دەکاتەوە، ئاساییە لە ڕێی جۆراجۆرەوە ئەم دەنگە دەگاتە نێوخۆ، بەڵام لەبەر کزی و لاوازی کڕیاری نیە. هەندێ جاریش ئەوە وەرگر واتە بەردەنگە کە نایەتە خانەی بەردەنگێکی زیت و وریا و لێزانەوە. کەوابوو لەم سەردەمەدا بە هۆی بوونی سۆشیال میدیا وەک بەستێنی ڕاگوازتن لە دەرەوە بۆ نێوخۆ، ئیشەکە گەلێک هاسان بۆتەوە بەڵام وەک گوتم خەسارەکە لە هەردوو لایە و بۆیە دەنگەکە ناگا یان ئەگەر دەگا نزمە! دیارە دەکرێ بە وردەڕیشاڵەوە هۆکارەکانی خەسارەکانی گۆڕین باس بکەین کە ڕەنگە لە تاقەتی ئەم مەجالە کورتەدا نەبێ.

**کوردستان**: چۆن دەکرێ پێوەندییەکی چڕ و تۆکمە لە نێوان ڕۆژنامەنووسی کورد چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە لە گەڵ کۆمەڵگەی کوردستان بۆ کاریگەریی زیاتر دابمەزرێ؟

**ناسر باباخانی**: پرسیارێکی ورد و ژیرانەیە. دیارە بە هۆی کەشوهەوای ئەمنیەتیی نێوخۆ، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەنووسانی نێوخۆ و تاراوگە مەترسیدارە و ناکرێ و لە ڕاستیدا پێویستیش ناکا، چون بە خۆشبییەوە وەک باسم لێوە کرد کەرەسەکانی ڕاگوازتن و پەیوەندی وەک سۆشیال میدیا بوونی هەیە و هەر دوولا ئاگاداری دۆخی یەکتر و بۆچوونەکانی یەکتر هەن. بەڵام لەمەڕ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دەبێ بۆچوونەکان یەکتر «کاوێر» بکەن و بەرەو خاڵە هاوبەشەکان بئاژوێن. من وەک خۆم زۆرم باس لەوە کردووە کە چەمکێک بە ناوی «کەلێن»ی نێوان نێوخۆ و دەرەوە دەبێ بە لێکتێگەیشتن و ڕەچاوکردنی ژینگەی سیاسیی هەر دوو لا پڕ بکرێتەوە. کە ئەم کەلێن یان کەلێنانە پڕ بوونەوە و بەرەو گوتارێکی هاوبەش یانی لانیکەم وێکچوو ڕۆیشتن، کۆمەڵگەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم گوتارەوە.

**کوردستان**: پێگەی ڕۆژنامەنووسیی حیزبی و بۆ نموونە ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا چۆن دەبینی؟

**ناسر باباخانی**: با هەر لەم نموونەی باست کردووە دەست پێبکەم، واتە ڕۆژنامەی کوردستان.

ناوی ڕۆژنامەکە واتە «کوردستان» جگە لەوەی کە ئاماژە بە جوغرافیایەکی سیاسییە و دیاریکردنی چوارچێوەیەکی سنوورییە بۆ شوێنێکی تایبەت، لە هەمان کاتیشدا مۆرکێکی ناسنامەییشی پێوەدیارە. واتە لە پشت ڕواڵەتی ئەم ناوە جیهانبینییەکی تایبەتی خۆی حەشارداوە و ئەوانەی ئەم ناوەیان بۆ ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەڵبژاردووە، هەم ئاگایان لە ڕابردوو بووە و هەم چاویان بڕیوەتە داهاتوو و هەم بە دروستی دەرکی دۆخی هەنووکەییشیان کردوە.

کە دەڵێم ڕابردوو مەبەستم ئەوەیە ئاگاهیان هەبووە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سەر دەستی کوڕانی بەدرخان بە ناوی کوردستان بڵاو بووەتەوە و تەنانەت لەباری دیزاین (هەرچەند زۆر ساکارە) بە تایبەتی لاپەڕەی یەکیان، فۆرمەتەکەیان زۆر لێکدەچێ. سەرەڕای ئەوەی مەودایەکی نیزیک بە نیو سەدە جیاوازیی تەمەنیان هەیە – ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بەدرخانییەکان ساڵی ١٨٩٨ و «کوردستان»ی سەردەمی کۆمار ١٩٤٦– بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردووکیان ناوەکەیە کە بێگومان مەبەستێکی سیاسیی لە پشت بووە. واتە ئەم جۆرە ناولێنانە ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردی پێوە دیارە و پێداگرییە لە سەر بوون و هۆوییەتی کوردستان و کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی کوردی بە نەتەوەی کورد. دەکرێ بڵێین هەر دوو ڕۆژنامەی کوردستان بەر لەوەی دەوری تایبەتی خۆیان - بە مانا ئەمڕۆییەکەی - واتە ڕاگەیاندن، ئانالیز، هەواڵ و... بگێڕن، زۆرتر حەولی سەلماندنی پێناسەیەکی نەتەوەییان داوە.

خاڵێکیتر کە بە باوەڕی من دەبێ گرینگیی پێبدەین ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە لە تاراوگە بووە جگە لە قۆناغی سەردەمی لە دایکبوونی لە شاری مەهاباد و قۆناغێکی کورت دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی. بە پێی ئەوەی کە تاراوگەش ژینگەیەکی سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە و دەرکەوتەکانی لەسەر مرۆڤی کورد زۆر تایبەتتر بووە، بۆیە کوردستان هەم لەباری نێوەرۆکەوە هەم لەباری بەردەوامی بڕێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ کە هەندێ جیاوازە لەگەڵ ژینگەی سەرەکیی خۆی.

با ئەوەش لەبیر نەکەین ڕۆژنامەی کوردستان ئەزموونێکی کەموێنەی وەک «نیشتیمان»، ئۆرگانی «ژێ.کاف»ی وەک

ڕابردووی خۆی لەپشت بوو هەرچەند ١٠ ژمارە زیاتری لێ بڵاو نەبۆوە. بەڵام ئەوانەی ئەندامی کارا و چالاکی ژێ.کاف بوون و لە نیشتیماندا بابەت و وتاریان بڵاو دەکردەوە، دواتر خۆیان لە کوردستاندا دیتەوە.

دەرچوونی ٧٢٤ ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکرات دەکرێ وەک ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەگەرییەوە سەیر بکرێ. ڕۆژنامەیەک کە لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە دایک بوو و پاش هەرەسی کۆمار، سەرەڕای دۆخێکی سەخت و دژوار لە شاخ و تاراوگە و هەندەران درێژەی بە ژیانی خۆی دا. بێتوو ١١٣ ژمارەی دەوری یەکەمیش لەم ٧٢٤ ژمارەیە زیاد بکەین واتە لە ماوەی ئەم ٧٣ ساڵەدا دەتوانین بڵێین هەر ٣٢ ڕۆژ یەک ژمارە، کە ئەگەر وەک شێوەی دەرچوونی ئەوڕۆیی بڵاڤۆکەکان چاوی لێبکەین دەکرێ بڵێین مانگێ جارێک کوردستان دەرچووە، کە ئەمە وەک خاڵێکی ئەرێنی و جێگەی سرنج دەبێ لێک بدرێتەوە. بە واتایەکی دی لەباری زەمانییەوە کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بە شێوەیەکی بەردەوام حزووری مەتنی هەبووە بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانییەوە و وەک دەق، لە کۆمەڵگە بەگشتی و بەتایبەتی لە بژاردەکان دانەبڕاوە.

خاڵێکی گرینگتر کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک بە ئاستی توانایی و لێوەشاوەیی نووسەران و ستافی ڕۆژنامەکە هەڵدەسەنگێندرێ، بۆیە من لام وایە ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز بە مانا ژورنالیستییەکەی دانەبەزی، دیارە ڕەنگە تووشی نزمی هاتبێ، کز و لاواز بووبێ بەڵام بە پێی سەردەمی دەرچوون و چاپ و بڵاوبوونەوەی دەکرێ بڵێین جێگەی سەرنج بووە. بۆ وێنە سەیری هەندێ لەم ناوانە بکە کە لە ڕۆژنامەی کورستاندا وەک وەچەی یەکەم بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە: نەمر سەیید محەممەد حەمیدی (سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان)، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، مامۆستا زەبیحی، مامۆستا حەسەن قزڵجی، نەمر عەتری گڵۆڵانی، نەمر محەممەد (دڵشاد) ڕەسووڵی و... ئەوەی کە لە قۆناغی وەچەی یەکەم بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە لە قۆناغەدا بەردەوام هەندێ سیمای ئەدەبی (وەک شاعیر و چیرۆکنووس و فەرهەنگنووس و...) ئەرکی نووسین و ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامەکەیان لەئەستۆ بووە، واتە لەم قۆناغەدا ئەدەب و سیاسەت و ڕۆژنامەگەری وەها تێکەڵ بە یەک دەبن کە دواتر دەبێتە میراتێک بۆ جیلی ئێستا و تەنانەت دەکرێ وەک پرۆسەیەک لێکدانەوەمان بۆی هەبێ!

وەچەی دووەم ڕەهەندە سیاسییەکانی تۆختره، هەرچەند شارەزاییەکی تەواویان بە سەر ئەدەبیاتدا هەیە، بەڵام ئەم وەچەیە بە پێی ئەوەی کە بەرپرسیارێتیی گەورەی حیزبییان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ وێنە پۆستی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، تای تەرازووەکەیان بۆ لای سیاسەت خوار دەبێتەوە، بەرچاوترینی ئەم ناوانە لەم قۆناغەدا بریتین لە: شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، نەمر کاک کەریم حیسامی، نەمر کاک فەتاح کاویان، مامۆستا عەبدوڵڵا

حەسەنزادە و... بە پێی ئەوەی لەم دوو وەچەیەی باسم لێوەکرد، شێعر و ئەدەب بە بەژنیان دوورابوو، زمان و ڕێزمانی ڕۆژنامەکە بە تایبەتی لەسەردەمی ئەواندا ڕێکوپێکتر و وردتر بوو، تەنانەت لەچاو زۆربەی ئەو بڵاڤۆکانەی بۆ وێنە لە باشوور دەردەچن و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری پاڵپشتیانە ئێستاشی لەگەڵدا بێ زمانەکە خۆماڵیتر و ڕەسەنتر و کەمهەڵەترە، کەوابوو دەکرێ بڵێین کوردستان بە جۆرێ پارێزەری زمانەکەش بووە!

**کوردستان**: ڕۆژنامەنووسیی ئینترنێتی و ئانلاین چ کاریگەرییەکی لە سەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە؟

**ناسر باباخانی**: لە ڕاستیدا ڕۆژنامەنووسی ئانلاین ئێستا خۆی بەشێکی گرینگە لە ڕۆژنامەنووسی. ئەم بڵاڤۆکانەی لە دەرەوەی وڵات چاپ دەبن و ئیزن و بواری هاتنە نێوخۆیان نیە، لە ڕێگەی ئینتێرنێتەوە زۆر بە هاسانی بە دەستمان دەگا و دیارە بە پێچەوانەشەوە. کە وا بوو ڕۆژنامەنووسی ئینتێرنێتی چ وەک وێب سایت و چ وەک وێبلاگ و چ لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە وەک فەیسبووک، تویتێر، یوتیووب، ئینستاگرام و... دەرەتانی پەیوەندییەکی دوولایەنەیان ڕەخساندووە بۆ ئەوەی ئەم کەلێنانەی لەوەپێش باسم لێوەکرد پڕ کاتەوە. ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ئەوەندە کاریگەرن کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز دەکرێ وەک تۆڕەکانی ڕق و هیوا ناویان بەرین ئەمەش واتە ئەوپەڕی کارتێکەری چ بە ڕووی ڕق و تووڕەیی و ڕاپەڕینی خەڵکدا چ بە ڕووی هیوا بە داهاتوویەکی باشتردا!

**وەک دواوتە:**

قسە یەکجار زۆرە لەسەر ئەم باسە و بەداخەوە مەجالەکە کورتە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە یادی ١٢٠ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەرز و پیرۆز دەنرخێنم، سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کۆچکردووی کوردستان و ئاواتەخوازی بەردەوامی و سڵامەتیشم بۆ هەموو هاوڕێیانی ڕۆژنامەنووسم!

(لە ژمارەی ٧٢٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

# پێشمەرگە مەندیل سپییەکان

## کامڵبوون

بۆ کۆچی دوایی نەمر مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنی زادە دەبێ خوێندنەوەیەکی تایبەتیمان هەبێ - دەبێ خوێندنەوەیەکی تایبەتیمان هەبێ - دەنا لەنگییەک لە شرۆڤەی چەرخی تێکۆشان و خەبات دەکەوێ.

مەبەستم لە خوێندنەوەی تایبەت، دەوری «جیل»ێکی تایبەتە، کە سەر بە »چین»ێکی تایبەتن کە لێرەدا وەک «مامۆستایانی ئایینیی جیلی ڕابردوو» دەتوانین پێناسەیان بکەین. دیارە بێگومان ئاست و ڕادەی شوێندانەری و قورساییان دەتوانێ جیاواز بێ، دەتوانێ کەسایەتییەکی نێوبەدەرەوە (کارەکتێری تایبەت) بێ یان کەسایەتییەکی ئاسایی (کارەکتێری گشتی).

بەبێ هیچ شک و گومانێک ڕەوتی کامڵبوونی سیاسی کۆمەڵایەتیی کارەکتێرێکی تایبەتی، وەک مامۆستایەکی پلەبەرزی ئایینی، لە کارەکتێرێکی گشتی وەک فەقێی گوندێکەوە دەست پێدەکا و لەم ڕەوتەدا جگە لە بارودۆخی سیاسیی کوردستان و بوونی هێز و لایەنی سیاسی، بەکگراوندی ئایینی ڕێبەرانی کاریزماتیکی زاتی بزووتنەوەکان، بۆ وێنە وەک نەمران شێخ عوبەیدوللای نەهری، شێخ سەعید پیران، سەید ڕەزا، پێشەوا قازی محەممەد، مەلا مستەفا بارزانی و... زۆرترین کارتێکەریی لەسەریان هەبووە.

## پێگەی کۆمەڵایەتی

ئەگەر قایل بین بەوەی کە گوتاری نەتەوەیی گەلی کورد لە تەواوی قۆناغەکانی زەمەنیدا گوتارێکی دوورەپەرێز لە ئایین و ئایینزا بووە لەگەڵ ئەمەشدا نابێ ئەم ڕاستییە چاوپۆشی لێبکرێ کە ئەم گوتارە لە ڕەوتی بزاڤی خۆیدا بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئایینی کردووە. سووکەئاوڕێک بۆ ڕابردوو ڕەنگە بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێ. ساڵانی پێشوو ئەو کات کە تەکنۆلۆژیا و مۆدێرنیسم کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی کوردەواری نەتەنیبۆوە، هەندێ کەسایەتی بە هۆی جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتییان سەرچاوەی بڕیار بوون لە ژیانی مرۆڤی کورددا. مەلا و شێخ و سەید بە باکگراوندە ئایینییەکەیان دیارترین سیمای ئەم کەسایەتییانە بوون.

مرۆڤی کورد بەردەوام گیروگرفتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی لە چوارچێوەی مێحرابی مزگەوتەکاندا و بە بڕیاری مامۆستایانی ئایینی یەکلا دەکردەوە، یان بۆ چارەسەری زۆر گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی و تاکی پەنای دەبردە تەکیەی شێخ و خانقای سەیدان، واتە ئەم کەسایەتییانە تەنانەت ئەگەر وەک تاکیش لەباری ئاوەز و بۆچوون لە سەرووی کۆمەڵانی خەڵکیش نەبوایەن واتە وەک کارەکتێرێکی گشتی، پێگە کۆمەڵایەتییەکەیان جێگەیەکی تایبەتی پێ دەبەخشین.

## «کارەکتێری تایبەت» و «کارەکتێری گشتی»

با لە کارەکتێری تایبەتەوە دەست پێبکەین کە هەندێ جار شوێندانەرییان دەگاتە ئاستێک کە دەبنە خاوەنی یەکێ لە کلیل وشەکانی گوتاری نەتەوەخوازی.

**بە هێنانی نموونەیەک باسەکە زیاتر شی دەکەمەوە:**

یەکەم جار لە بەرگی ٦ی بیرەوەرییەکانی نەمر کەریمی حیسامی (١٩٧٩)دا چاوم بە دەستەواژەی «خەباتی شاخ و شار» کەوت. مامۆستا حیسامی باس لەوە دەکا کە لە خەرمانانی ١٩٧٩ کاتێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە لە دەروازەکانی شاری مەهاباد بوو بە تەمای گرتنی ئەو شارە، بەرپرسانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی مەهاباد کۆ دەبنەوە تا بڕیارێک لەسەر دۆخەکە دەربکەن. بۆچوونەکان جیاواز دەبن بەڵام شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی دەڵێ: «موبارزە شکڵی زۆرن، شەڕ تاقە شکڵی خەبات نییە. من لام باشە ڕێگاکان ئازاد بکەین. ئەگەر بوو بە شەڕ، با لە چیاکان شەڕ بکەین. حیزب (دێموکرات) تێلگرافێک بۆ خومەینی بنێرێ و بڵێ بۆ حوسنی نییەت ڕێگا چۆل دەکەین با لەشکر بێتەوە پادگان. ئەگەر پاسدار و ئەرتەش دەستدرێژییان بۆ سەر خەڵک کرد ئەودەم شەڕ دەکەین. با هێزی چەکداری پێشمەرگە بچنە چیا (شاخ) و ببنە پشتیوانی ئێمە لە شار. ئەو دەم ئەوانیش ناوێرن دەست لە شار بدەن.» (لاپەڕەی ١٦٥)

کەوابوو وەک باسم کرد داهێنانی دەستەواژەی خەباتی شار و شاخ، بەجۆرێ هی شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندییە کە خۆی مامۆستایەکی ئایینیی پایەبەرزی کوردە کە ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی خەباتدا بەشداربووە.

**با لە ڕوانگەی کارەکتێرە گشتییەکانیشەوە سەیری کارتێکەرییەکە بکەین:**

ئەگەر بە شێوەیەکی هێڵی سەیری ڕابردووی خەباتی گەلی کورد بکەین لەسەر بنەمای «کارەکتێرە گشتییەکانی» بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، دەتوانین هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کارەکتێرانە بە شێوەیەکی مۆرفۆلۆژیک دیاری

بکەین تا لە هەناوی ئەم بیچمانەدا، چەشنێ تیپ دیاری بکەین کە وەک سەربازی ون ژیان و تەمەنیان بوو بە سووتەمەنی و ئاوردووی شۆڕش.

کارەکتێرە گشتییەکانیی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردی بە کێ دەگوترێ؟ لە ڕاستیدا ئەم کارەکتێرانە سەر بە کۆمەڵگەی سوننەتیی کوردستان و جیلەکانی ڕابردوون کە وەک ناوێکی تایبەت لە ڕەوتی خەباتدا نادۆزرێنەوە و نابیندرێن و تەنانەت هەندێ جار لە مێژووی زارەکیشدا ونن، بۆیە دەکرێ بڵێین بە نیسبەت خودی خەبات وەک دەق، ئەمان خودی پەراوێزن، بەڵام پەراوێزێک کە هەرگیز بە دژی دەق قوت نەبوونەوە و بەڵکوو بەردەوام لە خزمەتی خەباتەکەدا بوون. بە پێچەوانەی زۆر «کارەکتێری سەرەکی» کە لەسەر دەسەڵات زۆر جاران زەبری کوشندەیان لە خەبات داوە، ئەوان هەرگیز گیرۆدەی هێز و دەسەڵات نەبوون. بۆ نموونە هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی گوند و شارۆچکە و شارەکان بە مەندیلی سپی و کەواوپانتۆڵەوە ڕێک دێنە خانەی کارەکتێرە گشتییەکانەوە. کەواوپانتۆڵ وەک هێمای کوردایەتی و مەندیلی سپی وەک هێمای ئایینی.

جلوبەرگی کوردی (بەتایبەتی پێچ و جامانە و کەواوپانتۆڵ و پشتێند وەک نموونە) وێڕای جلوبەرگی ئایینی مامۆستایانی کورد (کە مەندیلی سپی هێمایەتی) وەک دوو پاژ لە گشتێک بۆ پێناسەیەکی نەتەوایەتی لەبەرچاو گیراوە، واتە ئەگەر چەمکی کوردایەتی وەک سیستم (گشت) سەیر بکەین دەکرێ جلوبەرگ، زمان، ئەدەب، هونەر، کلتوور و وەک پاژەکانی پێکهێنەری ئەم سیستمە شرۆڤەیان بۆ بکرێ و چەشنی پەیوەندییان بەیەکەوە و دواجار لەگەڵ کۆی سیستم دیاری بکەین، ئەمە هەمان مێتۆدی پێکهاتەخوازییە کە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کەلکی لێوەردەگیرێ.

## ڕووحت شاد مامۆستا

مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنی زادە وەک مامۆستایەکی ئایینی نیشتمانپەروەر لە کارەکتێرێکی گشتی ڕا بوو بە کارەکتێرێکی تایبەتی، کە کوردبوون لای ئەو ببوو بە بایەخێکی نەگۆڕ، بۆیە دەسەڵات هەرگیز نەیتوانی ئەو ڕووحە یاغییە کەوی بکا. (نموونەی بەرهەست و عەینی یەکجار زۆرن کە چۆن بەرهەڵستی سیستم بۆتەوە.) دەکرێ مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنی زادە و کەسانی وەک شەهید مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی، شەهید مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعی، مامۆستا مەلا کریم فیدایی، مامۆستا مەلا مەحموود سالکی، مامۆستا مەلا ئەحمەد عەبباسی، مامۆستا مەلا عەزیز تەئێد و... وەک پێشمەرگە مەندیل سپییەکانی کوردستان ناوزەد بکەین، ڕوو لە خەڵک و لەگەڵ خەڵک و پشت لە دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی.

(لە ژمارەی ٧٣٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨

## تارمایی ژورنالیزمی زەرد بەسەر کوردستانەوە!

سەیری ئەم ڕێکەوتە سەیروسەمەرەیە: ساڵی ١٨٩٨ کە کوردستان لە چاوەڕوانی لەدایکبوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە مێژووی خۆیدا بوو، لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا، بەهۆی شەڕ و ڕکابەرییەکی میدیایی لەنێوان جۆزێف پۆلیتزێر خاوەنی ڕۆژنامەی (New York World) و ویلیام ڕاندۆڵف هێرست خاوەنی ڕۆژنامەی (New York Journal) چەمکی ژورنالیزمی زەرد بەتەواوی ساحەی ڕۆژنامەگەریی ئەم وڵاتەی داگیر کردبوو، ئەم دوو زل بڵاڤۆکە لە ڕەوتی ئەم ڕکابەرییەدا لە هیچ چەشنە کردەیەکی ناپیشەیی خۆیان نەبوارد.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ڕێک لەم ساڵەدا، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان وەک دەروەستترین بڵاڤۆکی کوردی لەدایک دەبێ! بێ هیچ شک و گومانێک دیاریکردنی ئەم ناوە (کوردستان) ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردی پێوە دیارە و پێداگرییە لەسەر بوون و ناسنامەی کوردستان و کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی سادقانە بە نەتەوەی کورد.

لەو کاتەوە تا هەنووکە ڕۆژنامەگەریی کوردی هەوراز و نشێوێکی زۆری بڕیوە و پێ بە پێی گەشەونەشەی تەکنۆلۆژیش کەم و زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوە کە لەباری "بایەخ"ەکانەوە ئەمڕۆ لە کوێ وەستاوە، بەڕای من ڕەنگە نەکرێ پلەیەکی باشی بۆ دیاری بکەین، بەتایبەتی لەسەردەمی ماسمیدیا و سۆشیال میدیادا و دەکرێ بڵێین میدیای کوردی زەرد هەڵگەڕاوە!

هەر وەک دەزانین دوامەبەستی ژورنالیزمی زەرد قازانجە! قازانجیش بێگومان خۆی لە بەردەنگدا (بەرگۆ) دەبینێتەوە، واتە لێرەدا بەردەنگ ڕێک دەبێتە کاڵایەک و لەسەر بنەمای پارسەنگی هاوکێشە ئابوورییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. ژورنالیزمی زەرد بەنیازە لەم کەشە ئاماڵ پۆپۆلیزمییەی سازی دەکا، زۆرترین قازانجی دەستبکەوێ. بۆیە لە ئێستادا دەژی، نە ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە و نە دەڕوانێتە داهاتووش. زەرد بە تەواوی هێزی خۆیەوە دەیەوێ بەردەنگەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاریکراو و بۆ بابەتێکی دیاریکراو لە خۆی کۆبکاتەوە تا دەگاتە بابەتێکی تر و کاتێکی تر. خولانەوە لە بازنەیەکی وەهادا ستراتیژی سەرەکی زەردە.

کەوابوو هەموو چەشنە هەوڵێک ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی کە قازانج مەیسەر بێ و ڕێک لەم پنتەڕایە کە ئەخلاق (ڕاستوێژی و شەفافیەت) هەرەس دێنێ و بێ ئەخلاقی (درۆ، بوختان، قەڵبی ڕاستییەکان، لێڵ و تەماویکردنی حەقیقەت، لێکدانەوەی ناڕاست، سیناریۆسازی، ڕووخاندنی تاک و کۆ و...) دەستپێدەکات.

خاڵێک کە زۆر گرینگە، ئەوەیە بۆ وێنە کە هەواڵێک بڵاودەبێتەوە، ئەگەر بە پێوەرێکی دە ژمارەیی، لەباری گرینگییەوە بایەخەکەی یەک دوویەک بێ، ژورنالیزمی زەرد بە خەستوخۆڵکردنی هەواڵەکە و زیاد و کەم کردنی، سەرنجی بەردەنگ وەها ڕادەکێشێ کە لە فەزای میدیاییدا گرینگییەکەی تا ئاستی نۆ و دە بەرز دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە دنیای واقیعدا هەواڵەکە هیچ بایەخێکی کردەیی نییە و، تەنیا بەلاڕێدابردنی حەقیقەتە بۆ مەبەستی ژورنالیزمی زەرد.

بۆ وێنە بڕوانە ئەم هەواڵە:

"فڕۆکەیەکی بارهەڵگری ڕووسی لە نێزیک چیاکانی مۆسکۆ کەوتەخوار و سەرجەم سەرنشینەکانی کوژران".

ژورنالیزمی زەرد، هەواڵێکی ئاسایی لەم چەشنە چۆن دادەڕێژێتەوە؟ ئەوەی ئەو دەیکا زیاتر سازکردنی شک و گومانێکە بە ئاراستەی وەهمی پیلاندا، کە بۆت ئاکرێ تۆی بەردەنگ بەدواداچوونی بۆ بکەی. بۆ وێنە دەڵێ گۆیا یەک لە موسافیرەکان ماوە و لە ترسی پووتین خۆی شاردووەتەوە چون - دیسان گۆیا - پووتین فەرمانی خستنەخواری ئەم فڕۆکە بارهەڵگرەی داوە و - هەمدیسان گۆیا - سەرجەم نەیارانی پووتین لە فڕۆکەکەدا بوون! هەروەها جگە لە دووکەڵێکی ڕەش لە کاتی کەوتنەخوارەوە گۆیا دووکەڵێکی شینی مەیلەوسووریشی لێ هەستاوە و کەس نازانێ ئەم دووکەڵەی دوایی چ بووە!!! ئەم لێکدانەوە گاڵتەئامێزە ڕێک ئیشی کابرای زەردە!

دیارە لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان و نەبوونی میدیای سەربەخۆ و ڕەخنەگر، ئەم زەردییە زۆر خەستوخۆڵتر دەبێتەوە. دوور مەڕۆن، لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا، ژورنالیزمی زەرد دەورێکی لە سەداسەد نەرێنی هەبوو! هەواڵی بە درۆ و شرۆڤە و لێکدانەوە تا ئاستی بە گەمژە زانینی خەڵک سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم، دەرئەنجامی زۆر مەترسیداری لێکەوتەوە. من لاموایە ئەگەر ئەم کردە زەردانە نەبوایەن، دۆخی باشوور بەرەو ئاقارێکی جیاوازتر ڕۆیشتبا. تاقەتتان هەبێ بە گەڕانێکی سەرپێیی (بابەتەکان زۆربەیان ماون) بۆتان دەردەکەوێ کە بەر لە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە باشوور، میدیای زەرد چۆن خەریکی چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ بووە. ڕەنگە خودی ئەم پرسە و ڕۆڵی ژورنالیزمی زەرد، بکرێ و ببێتە هەوێنی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل!

بێگومان ئەمڕۆ جگە لە بڵاڤۆکی چاپی، میدیای سوننەتی، میدیای ئاماڵ مۆدێرن وەک تەلەڤیزیۆن و رادیۆ و... سۆشیال میدیاش وەک فەیسبووک بە تەواوی زەرد هەڵگەڕاوە، بۆ وێنە "لایڤی فەیسبووک" بووەتە دیاردەیەکی بێزارکەر و زۆر جاران تا ئاستی قێزەونبوون ئازارت دەدا و بووەتە بەرهەمهێنەری سیمای زەرد و سەیروسەمەرە و کەسایەتی ئاماڵ پزدان!

زەرد سەرچاوەیەکی دیاریکراو و باوەڕپێکراوی نییە. ئەوەی دەیڵێ دوورە لە راستی و دەکرێ بڵێین، درۆیەکی زیرەکانەیە کە بەردەنگی ئاسایی توانای بەدواداچوونی هەواڵەکەی نییە، چون سەرچاوەی جۆراوجۆری لەبەردەستدا نییە. هەر بۆیە سەر بۆ هەواڵەکە دەلەقێنێ و بەداخەوە مادام ئاستی فەرهەنگی بەرگۆ بەرزنەبێتەوە، وەک "تیۆری دۆمینە" رادەی بەردەنگەکەش هەر دێ و پێوەی دەچێ.

سەرچاوە ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---



سەرچاوە
Serchawe

## چێگواراکان!

(یادی شەهیدانی بزووتنەوەی ساڵانی ١٣٤٧- ١٣٤٦، شەهید سمایل شەریفزادە، شەهید مەلا ئاوارە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان هەرمان)

کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی زایینی لەباری فکری سیاسییەوە، زاڵبوونی گوتاری چەپی بزووتنەوە دژبەرەکانی ئەو وڵاتە دیکتاتۆرییانەی کە بە تەعبیری ئەوان سەردەمان گرێدراوی ئۆردوگای ئەمپریالیستی بوون، ڕەنگە دیارترین بیروڕای سیاسی بێ؛ بەتایبەتی لە چاخێکدا کە شەڕی سارد لە نێوان دوو جەمسەری ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤییەتدا لەوپەڕی خۆیدا بوو. دیارە سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، خۆڕاگریی خەڵکی ڤێتنام، شەڕی ئەلجەزایر، شۆڕشی ١٩٦٨ی فەڕانسە، سازبوونی ساف لە فەلەستین و... لەسەر زاڵبوونی ئەم گوتارە دەورێکی بەرچاویان هەبوو.

خۆ ئەگەر زۆری خایاند تا بۆ ئەم بزووتنەوانە دەرکەوت کە یەکیەتیی سۆڤیەت بەرلەوەی خەمی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەی هەبێ، مەبەستی زیاتر بەرپەرچدانەوەی بیرۆکەی ئەمپریالیستی بوو لەو وڵاتانەی کە حکوومەتەکانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئەمریکا نێزیک بوون، بەڵام بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیش بۆ بەرگری لە خۆیان و دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم لەڕاستیدا هیچ پەنا و پەسیوێکی تریان شک نەدەبرد؛ بۆیە دەکرێ بڵێین جۆری پەیوەندیی بزووتنەوەکان و ئۆردووی چەپ زیاتر لەڕووی ناعیلاجیی هەردوو لاوە بوو! هەرچەندە کەم نەبوون ئەوانەی بەڕاستی ئیمانیان بەم ئۆردووە هەبوو، لە ئەنجامیشدا سەریان لەم پێناوەدا نایەوە.

***

ئێرنێستۆ چێگوارا (١٩٢٨ - ١٩٦٧) لەو سەردەمدا ببوو بە هێمایەک بۆ ئەو گەنجە خوێنگەرم و ئارمانخوازانەی خوازیاری گۆڕینی «دۆخی هەنووکەیی» وڵات بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ بوون و لەسەر بنەمای ڕێنوێنییەکانی ڕۆژێ دوبرۆی (ڕووناکبیری چەپی فەڕەنسی و قوتابی لویی ئاڵتۆسێری فەیلەسووفی مارکسیست) شۆڕشی چەکدارییان کردبوو بە ئامرازێکی تاکتیکی و ستراتیژیک بۆ _لانیکەم_ نەقورچکێک لە حکوومەتە ئەمپریالیستییەکان، بۆیە کتێبە بەناوبانگەکەی ڕۆژێ دۆبرۆی «شۆڕش لە شۆڕشدا» وەک «کتێبی پیرۆز»ی ئەو نەوەیەی لێ هات و خەباتی چەکداری بۆ ئەوان، هەم بوو بە تاکتیک و هەم ستراتیژی! هەرچەندە پاش ماوەیەک ڕۆژێ دۆبرۆی لە کتێبێکی دیکەیدا «ڕەخنە لە چەک» تا ڕادەیەکی زۆر پاشگەز

بووەوە و دواتر بووە گەورە ڕاوێژکاری فرانسوا میتران، سەرکۆماری ئەو کاتی فەڕانسە! بەڵام کتێبی دووەمی هەرگیز لەلایەن چەپەکانی ئەو سەردەمەوە ئاوڕی بەخێری وێ نەدراوە و شۆڕش جێی بە سازان لێژکرد!

***

هەر لە کۆتایی شەستەکانەوە و پەلکێشی بیری سیاسی بۆ لای چەپ، لە زۆر شوێنی دنیا ئەم بیرۆکەیە خۆی خزاندە نێو چینی گەنج و خوێندەواری ئەم کۆمەڵگەیانەی کە ستەمی چینایەتی و ستەمی نەتەوایەتی ئازاری دەدان، ئەوان شۆڕشگێڕگەلێکی ئارمانخواز بوون کە بەدووی سازکردنی دنیایەکی باشترەوە بوون لە هەر ڕوویەکەوە. ئاماژە بە چەند نموونەیەک سەرەڕای جیاوازیی ژینگەی جوگرافیایی و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەتوانێ بۆ باسەکەمان یارمەتیدەر بێ: شەهید سمایل شەریفزادە (١٣٢١ - ١٣٤٧) مەسعوود ئەحمەدزادە (١٣٢٥ - ١٣٥١) دێنیز گەزمیش (١٣٢٦ - ١٣٥١) کە لە سێ هەڵکەوتەی جوگرافیایی جیاواز واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری ئێران و تورکیە دەستیان کرد بە خەبات. ئەوان لەباری سیاسی و فکرییەوە ڕەچاوی بۆچوونەکانی ڕۆژێ دۆبرۆیان دەکرد و لەباری نیزامی و چەکدارییەوە چێگوارایان کردبووە سەمبولی خۆیان. ئەوانە لە وڵاتی خۆیاندا بە چێگوارا ناسرابوون... ئەوان گەنج، خوێندکار، ئارمانخواز و چەپ بوون کە لە ئاکامیشدا لەلایەن دەسەڵاتەوە کوژران.

***

دیارە ئەم حەوڵانە بەپێی ئەوەی لە جوگرافیایەکی بەرتەسک و سنووردا بەڕێوەچوون و بە سەرانسەری نەکران و لەلایەکی دیکەوە بە هیچ شێوەیەک هاوسەنگیی هێزی لەڕووی نیزامییەوە تێدا نەبوو، هەروەها خەڵکەکە ئاستی فەرهەنگی سیاسییان لەهەمبەر ئەم بزووتنەوانە یەکجار نزم بوو، هاوکاری و خەمخۆرییان بەرلەوەی بەرهەمی ناسین وەک دیاردەیەکی مەعریفی بێ زیاتر بەرهەمی هەست و سۆز بوو بۆ چەند گەنجێک کە بە دژی زوڵم ڕاپەڕیبوون؛ بۆیە ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی دەبووایە لەگۆڕێدا با، نەیانبوو. هەروەها بەردەنگی سەرەکی ئەم بزووتنەوانە زیاتر چینی لادێیی و وەرزێر بوو تا چینی مامناوەندیی شار، کە دەیتوانی بەپێی جەوهەری زاتی خۆی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان شوێندانەر بێ. ئەوەی ئەوان لە کتێبەکەی ڕۆژێ دۆبرۆی وەک ئایەتێکی پیرۆز و نەگۆڕ هەڵیان کراندبوو «شەڕی چەکداری بوو بەبێ کۆمەڵانی خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکی»، تەنانەت لایان وابوو ئەم شەڕە نابەرامبەرەش تا ئەو جێیەی دەکرێ دەبێ درێژخایەن بکرێتەوە، چون دواجار درێژخایەنبوونی شەڕی چەکداری بە قازانجی خەباتی سیاسی و هۆشیاریی کۆمەڵانی خەڵک یەکلا دەبێتەوە، بۆیە ئەگەر لە هەندێ شوێن و لە هەندێ قۆناغی زەمەنیشدا تووشی شکست دەهاتن، هیوابڕ نەدەبوون و پێیان وابوو بە زەبری چەک دەکرێ ڕۆچنەیەک بدۆزنەوە لە شەوەزەنگی دیکتاتۆریی زاڵ بەسەر وڵاتدا. وتەیەکی مەشهوور هەیە کە دەڵێ: ڕادیکالیزم گەورەترین هێمای حەقانییەتی بزووتنەوەکانە. ئەو ڕادیکالیزمەی لە



سەرچاوە
Serchawe

خەباتی ئەو گەنجە خوێندکارە ئارمانخوازانەدا بەدیدەکرا، ئاوێتەی چەشنێ حەماسە و ڕۆمانتیسمیش ببوو و مەبەستی ئەوە بوو کە بە «مەرگێکی خۆهەڵبژاردە» بەستەڵەکی دیکتاتۆری وڵات بشکێنن و خەڵک لەخەو ڕاپەڕێنن، هەربۆیە بە ئامێزێکی ئاوەڵاوە بەرەوپیری مەرگ چوون.

وەک دوا وتە: ئێستا نیزیک بە پێنج دەیە بەسەر نەمانی ئەم چەپە ئارمانخوازانە تێ دەپەڕێ و دۆخی دنیا لە هەموو روویەکەوە گۆڕدراوە. کە سەیر دەکەی ئەوان وەک «مێشک» ئامادە بوون بەڵام خەڵک وەک «لەش» مەودایەکی زۆری لەگەڵیان هەبوو، کەچی لەم سەردەمەدا هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بووە و ئەمجارەیان ئەوە خەڵکن کە لە پێشەوەن، وێدەچێ ئەم وڵاتانە و وەک نموونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کتێبێکی پیرۆزی پێویست بێ تا وانەکانی شۆڕشێکی سەرلەنوێی بۆ بڵێتەوە!

(لە ژمارەی ٧٣٣ی کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# شەقام، ساڕێژکەری زام!

(۱)

«شەقام» بە تەنیا هەر شوێن نییە، شەقام واتا و مانای ڕاستەقینەی ژیانە. تەنیا شوێنێکە کە دەکرێ متمانەی پێ بکەی. ئەوەی لە شەقام فێری دەبی لە هیچ شوێنێکی دیکە فێری نابی. هیچ زانکۆیەک، هیچ دەسەڵات و حکوومەتێک، هیچ مزگەوت و کڵێسەیەک وەک شەقام ڕاستگۆ نین. شەقام لە زەمەنیش ناچێ، چون هەموو کات و ساتەکانی لە هەموو قۆناغێکی تەمەندا هی تۆن، شەقام ئاوێنەی باڵانوێنی ڕووحی تاکەکانە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا. تەنانەت ئەو کات کە بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێ، لێوڕێژە لە وانە، بۆ فێربوون! لە شەقامدا خۆتی بەبێ دەمامک، وەک هەزاران و سەدان هەزار کەسی دی، دێی و دەچی بەبێ جیاوازی لەگەڵ دیتران. شەقام دەریایە بۆ مەلەوانی ئازا و بەجەرگ.

**(لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم)**

(۲)

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ مانگرتنەکان و جووڵە مەدەنییەکانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بتوانێ بۆ شرۆڤەی مانگرتنە حیماسییەکەی ۲۱ی خەرمانان یارمەتیدەر بێ.

شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جاران هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایمە لەسەر خەت بووە، تەنانەت بەنیسبەت پارچەکانی تریشەوە.. شەقامەکانی ڕۆژهەڵات لە قاڵبی خەباتی مەدەنیدا بەردەوام داکۆکییان لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا کردووە، لە بۆنە جۆربەجۆرەکانی ئەم پارچانەدا.

لەلایەکی تریشەوە لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی تایبەتی، دووکان و بازاڕ دادەخا و مانگرتنی سەراسەری سازدەکا. لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، لە سێدارەدانی شەهید فەرزاد کەمانگەر، شەهیدکردنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد و... بوێرانە دەنگ هەڵدەبڕێ و مان دەگرێ و تێچووی قورسیشی بۆ دەدا.

کۆی ئەم نموونانە گوزارە لەوە دەکەن، شەقام لە ڕۆژهەڵات چەمکێکی جیاوازە. بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە! شەقام تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە!

لەڕاستیشدا ئەوە لەسەر شەقامە کە ناسیۆنالیزمی کوردی، خەریکی تەقەڵ و دروومانی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ «پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی» وەک دوامەبەست، بە ئاکام بگەیەنێ.

مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی «کەلێن» بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی.

ئەم کەلێنانە بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و، لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

**سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەکان بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:**

**یەکەم**: هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و درووماتی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

**دووەم**: نەهاتنەدەری خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هاشتاگی # من - لەماڵ - نایەمەدەر لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی ناوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هاشتاگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

دژکردەوەکە ئەوەندە خێرا و بەربڵاو بوو کە کۆماری ئیسلامیی تووشی شۆک کرد. ئەگینا بەپێی ئەو ناسیاوییەی لە کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەم هێرشە تیرۆریستییە درێژەی دەبوو بە ئاقاری مەترسیدارتردا. هەرچەند حاشا لەوە ناکرێ هێرشەکەی سەر قەڵای دێموکرات، کارەساتێکی زیانبار بوو بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و کۆستێکی گەورە بوو، بەڵام بێ هیچ شک و گومانێک مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەهاتنەدەری خەڵک لە ماڵەکانیان، سارێژی برینی شەهیدبوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ئێعدامی سێ گەنجی جیابیری سەر جەستەی نیشتمانی کردەوە. بۆیە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دەبێ بکرێ بە ڕۆژی خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی!

لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەشدا، لاموایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتۆتە پارچەکانی دی و ڕەگئاژۆی کردووە و خەریکی تەقەڵ و دروومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە. ڕۆژێک بۆ پەسەندی فیدرالیزم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە سەر شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی بۆ ڕۆژاوا، ڕۆژێک بە بیانووی دەسبەسەرکردنی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و... بۆ هەموو ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان.

(٣)

ئەم ڕۆژانە لێکدالێکدا ئەم پرسیارە لەسەر ساحەی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستان قوت دەبێتەوە: بۆچی هێرش کرایە سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ساتەوەختەدا؟



سەرچاوە
Serchawe

دیارە زۆر هۆکار دەسنیشان کراوە بۆ هێرشی کۆماری ئیسلامی وەک:

- کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کاتەدا وەک ستراتیژی شاراوە و ئاشکرای خۆی، دەیەوێ بە خولقاندنی قەیران، خۆی لە قەیران ڕزگار بکا.

- پەیامێک بۆ ئەمریکا، پەیامێک بۆ دەسەلاتی سیاسی هەرێم و پەیامێک بۆ هاوپەیمانان کە دەکرێ وەک هەڕەشە دێکۆدەی کەین!

- لە دوای شکانی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سووتاندنی کۆنسولخانەکەی لە بەسرە، لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ قەرەبووی سومعەی تێکشکاوی.

- دارمانی دۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی لە ناوخۆی ئێران.

- گوشارە دەرەکییەکان، بەتایبەتی گەمارۆکانی ئەمریکا
- بەئامانجکردنی لایەنێکی تایبەت بۆ مەبەستێکی تایبەت.

و... زۆر هۆکاری تر. بەلام هۆکارەکان هەرچییەک بن، بێ چەند ئاکامێکی گرینگی لێکەوەتەوە:

- دووپاتبوونەوە و جەخت لەسەر نەبوونی شەرعییەتی سیاسی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (دەتوانین زیاتر وەک جۆری پەیوەندی ولاتێکی داگیرکراو و ولاتێکی داگیرکەر لێی بڕوانین!)
- یەکریزی و یەکگرتوویی خەلکی ناوخۆ.

- بە تەعبیری هەندێ کەس ئەمە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی "نا" بوو بە کۆماری ئیسلامی کە چل سال لەوەپێشیش خەلکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەپێچەوانەی تەواوی خەلکی ئێران بە کۆماری ئیسلامییان گوت: نا!
- ڕەواییدان بە خەباتی چەکداری (دەسەلاتێک کە شەڕت پێدەفرۆشێ، دەسەلاتێک کە قەلاچۆت دەکا... دەبێ و دەکرێ بە چەک بەرەنگاری ببییەوە.)

- وەک چۆن ئەم مانگرتنە لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەتی ئەمساڵ وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕی لێهات، دەبێ چەکی "من لەماڵ نایەمەدەر" بەدەستی خەڵکەوە بێ و بەردەوام لەسەرڕێ بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و ئازادیکوژ!
- سۆشیالمیدیا بەستێن و بواری دەنگهەڵبڕینی ئۆنلاینی بۆ خەڵک ڕەخساند تا بە هاشتاگێک ڕووبەڕووی مووشەکە ڕووسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

ئەگەرچی جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد جارێکی تر بریندار بوو، بەڵام بێگومان ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە زامەکانیان ساڕێژ کردەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ناسر باباخانی: ڕێژیم دووانەی «حوسێن - یەزید»ی کردووەتە گوتاری قوتاربوون لە هەموو دۆخێکی قەیران

کەم چاودێری سیاسی هەیە پێی وانەبێ کە هیچ وڵاتێک وەک ئێران قەیران بەرۆکی نەگرتووە. ڕێژیمێک کە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا کێشمەکێشمی زۆری لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی هەیە و لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕەوایی نییە. قەیرانە ئابوورییەکان لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەوە بڕستیان لە خەڵک و کۆمەڵگە بڕیوە و ئەوەش وای کردووە خەڵک پتر لە جاران مان بگرن و بۆ نارەزایەتیدەربڕین بێنە سەرشەقام. ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ خەڵک لە کوێی گۆڕانکارییەکانی بەردەم ئێراندا وەستاون؟ ئەم مژارەمان لەگەڵ ناسر باباخانی، چاودێری سیاسی تاوتوێ کردووە.

**شەونم هەمزەیی: زۆربەی چاودێرانی سیاسی دەڵێن ئێران بە هۆی فشاری سیاسیی دەرەکی و قەیرانی ئابووری و نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ، لە بەردەم گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دایە، ئایا فشارە دەرەکییەکان دەتوانن یەکلاکەرەوە بن؟**

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە لە نێو خودی ئەم پرسیارەدا وەڵامەکەشیمان دەست کەوێ. بە دروستی باست لە دوو هۆکاری دەرەکی و ژوورەکی کردووە کە هەر دوو هۆکار زیاتر پەیوەستن بە لایەنی ئابوورییەوە. واتە گوشار و گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا وەک گوشاری دەرەکی (Maximum Economic Pressure)و دارمانی دۆخی ئابووری نێوخۆ وەک هۆکاری ژوورەکی. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە بەڕاستی ئەم دوو هۆکارە ئەوەندەیان توانایی هەیە کە بە تەعبیری جەنابت ببنە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ئێراندا؟ یان دەبێ هەندێ هۆکاری تریش ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە کاوێر بکەن، وەک جووڵە سیاسی و بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی ئێراندا.

بە باوەڕی من پرسێکی گرینگتر لەم هۆکارانەی سەرەوەش لەگۆڕێ دایە، ئەویش ئەمەیە کە، ئەم هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی وەک خاڵی بەهێزی ئەم حکوومەتە، دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. واتە ڕاستە ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە لە ڕاستای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەور دەگێڕن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەیەکی دروستمان هەبێ بۆ هاوکێشەکە، دەبێ باس لە هۆکارە دیار و نادیارەکانی مانەوەی ئەم ڕێژیمەش بکەین. دیارە مەبەستم لە هۆکاری دیار ڕێک ئەو شتانەیە کە لەبەر چاومانن و دەیانبینین کە دەکرێ وەک لایەنی ڕەق ئامێری (بۆ وێنە توندوتیژی) ناوزەدیان بکەین. بەڵام ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم هەندێ هۆکاری نادیار، بەڵام یەکلاکەرەوەن بۆ مانەوەی ڕێژیم کە دەکرێ وەک لایەنی نەرم ئامێری لە قالبی پارادایمە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێناسەیان بکەین.

**شەونەم هەمزەیی: وەک چی؟**

**ناسر باباخانی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی لەپاش مردنی خومەینی، سیاسەتەکانی لە سیاسەتێکی ڕووتی کوشتنی دژبەر و کپکردنی دەنگی جیاواز، بەرەو کۆنترۆڵێکی نابەرهەستی ڕەوانی کۆمەڵگەی ئێران برد (هەرچەند سیاسەتە ڕووتەکەشی وەلا نەنا). سیاسەتی کۆنترۆڵی ڕەوانی کۆمەڵگەشی بە کەلکوەرگرتنی کەرەسەیی لە ئایینزای شیعە لە نێوخۆدا بەڕێوەبرد و دواتر لەسەر ئەم بنەمایەش ڕێک ئەم کارەی کرد بە نیسبەت سووریە و عێراق و یەمەن و لوبنانەوە... کە لە جوغرافیای هیلالی شیعی هەڵکەوتوون.

ئەمەی چۆن کرد؟ کۆماری ئیسلامی بە خوێندنەوەیەکی تەواو ئایدۆلۆژیک و ئاکامخوازانە لە ئایینزای شیعە، دەکرێ بڵێین شیعەگەریی سیاسی بردە نێو هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاک و کۆمەڵی ئێرانەوە و بە ئاوڕدانەوە لە هەستی ئایینزایی خەڵک و عاتفەی مەزهەبیی ئەوان، دووانەیەکی ساز کرد بە ناوی «حوسێن - یەزید» کە لە هەموو قەیرانێکی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی دەبوو بە بەشێکی گرینگی قوتار بوون لە دۆخی قەیران.

لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، سەدام دەبێتە سەدام یەزیدی کافر و لە کێشمەکێشمی نێوان ئەمریکا و ئێراندا بووش و ئۆباما و ترامپ دەبن بە یەزید و تەنانەت لەم دواییانە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا، محەممەد بن سەلمان دەبێتە یەزید و لە بەرامبەر هەموو ئەوانەدا ڕێبەری وڵات، - بە دیاری خامنەیی - دەوری حوسێنی مەزلووم دەگێڕێ و لەم نێوەدا لە بۆنە ئایینییەکان و لەخۆدان و قوڕپێوانەکاندا، «هیات»ەکانی شیعە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرنامەدارێژراو ئەرکی سەرشانیانە سیمای حوسێنی کوڕی عەلی لە ڕوخساری خامنەییدا پێشانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕەشۆکی ئێران بدەن. دیارە سێناریۆی دووانەی «حوسێن - یەزید» مەبەستی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری حکوومەتی عەلی، ئیمامی یەکەمی شیعەکان و شۆڕشی حوسێنی کوڕی بە خەڵکی ئێران و جوغرافیای هیلالی شیعی بناسێنن، وەک باسم کرد ئەم ئەرکە بە تەواوی لە ئەستۆی «هیأت»ەکان و «مداح»ەکان دایە کە بە تەواوی بە شێوەیەکی سیاسی ئەم مەبەستە بەرەوپێش دەبەن.

بێگومان لەم نێوەدا دەسەڵات بە سازکردنی سێناریۆی جۆراوجۆر وەک سازکردنی کەشێک بۆ ڕەخنەی توند، تەنانەت بە قەولی خۆیان بەزاندنی هێڵی سوور و هێرش بۆ چەند بەرپرسێکی پلەباڵای حکوومەت بە جۆرێ «تخلیە روانی» کۆمەڵگەشیان لەبەرچاوە و ئەم چەشنە کارانەش لە ڕێگەی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، ئیمامانی جومعە و ناوەندەکانی تری بەناو خێرخوازی و... دەکەن بەڵام کۆتاجار هەموویان بە شێوەیەکی هاوتەریب یاریدەدەری سێناریۆی «حوسێن -

یەزید»ن. بێ هیچ شک و گومانێکیش لە ساتوسەودا لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکان و مامەڵە لەگەڵ باندی ئەحمەدی نەژادیش خافڵ نابن!

لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژوو، ئەم چەمکە واتە دوانەی «حوسێن - یەزید» کەرەسەی بەردەستی ئاخوندی شیعە بووە بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگەدا مەبەستەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ، تەنانەت تۆ کە سەیری حکوومەتی بەناو سێکۆلاری پەهلەوی دەکەی بۆت دەردەکەوێ ئەم چەمکە بە شێوەیەکی جیاوازتر لەنێو کۆمەڵگەدا لەبرەودا بووە. کە سەیری سینەمای بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران دەکەی و شەنوکەوی «فیلم فارسی» دەکەی بۆت دەردەکەوێ کە لەم سینەمایەدا کە بەڕواڵەت ڕەقس و سەمای ژنی ڕووت و عارەق خواردنەوە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی فیلمەکانن، بەڵام دیسان دووانەی «حوسێن - یەزید» بە زەقی خۆی دەردەخا و، کارەکتێری سەرەکی فیلم لە ڕواڵەتی لاتێکدا بە دەروونی ئاخوندێک دەئاخڤێ. بۆیە دەکرێ فیلمی فارسی بە جۆرێ وەک یەکێ لە کاتالیزۆرەکانی شۆڕشی ئێرانیش لە قەڵەم بدەین.

خاڵێکی تر کە دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئایینزای شیعە، چەمکێکە بە ناوی « تقیە » . شیعە پێی وایە لە کاتی گوشاردا دەتوانێ تەنانەت حاشا لە موسڵمان بوونی خۆشی بکا! بۆیە دێنێ ئەم چەمکە دەکاتە چەکێک بۆ پاساوی هەر چەشنە فێعلێک کە تا دوێنێ حەرام بوو، بۆ ئەمەش ڕەنگ و بۆنێکی ئەورووپی پێ دەبەخشێ. بۆ وێنە لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا خومەینی باس لە «جامی ژار» دەکا و خامنەیی بە هۆی گوشارەکانی ئەمریکا باس لە «نرمش قهرمانانە» دەکا، ئەمانە هەمووی پاشگەزبوونەوە لە قسە و کردارەکانی ڕابردوویانە! دوور نەڕۆین ٣٠ی جۆزەردانی ڕابردوو خامنەیی بە توندی بە دژی کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان هەڵوێست دەگرێ بەتایبەتی FATF، کەچی کاتێ دەبینێ شەپکە توندە، پاش سێ مانگ ڕێگە دەدا کە پارلەمانی کۆماری ئیسلامی، پەیوەست بوونی ئێران بەم کۆنڤانسیۆنە پەسند بکا!

**شەونەم هەمزەیی: کەم نین ئەو دەنگانەی باس لە سازانی ئێران و ئەمریکا دەکەن. چەندە پێت وایە ئیمکانی سازان لەنێوان دوولایەندا هەیە و ئایا بە سازانی ژێربەژێری ئێران و ئەمریکا کۆماری ئیسلامی لەو قۆرتەش ڕزگاری دەبێ؟**

**ناسر باباخانی**: پێم خۆشە بۆ وڵامی ئەم پرسیارە چەند ڕستەیەکی مایکێل والزێر، مامۆستای فەلسەفەی سیاسی لە ئەمریکا - هەر ئەو کەسەی بە توندی پشتگیریی لە کوردەکانی سووریە کرد بە دژی ئەردۆغان - بە قەرز وەرگرم. والزێر دەڵێ:

«ڕەنگە هەموو شت بۆ من سەرسوڕهێنەر بێ. ئێمەی مامۆستای زانکۆ و بیردۆز، تێگەیشتنمان بە نیسبەت جیهانەوە، تەواو نییە. ئەوانەی سەبارەت بە یەکیەتیی سۆڤییەت لێکۆڵینەوەیان دەکرد پێشبینیی ڕووخانی ئەم وڵاتەیان نەدەکرد، ئەوانەی

سەرقاڵی جیهانی عەرەب بوون چاوەڕوانی بەهاری عەرەبیان نەدەکرد و تەنانەت چاوەڕوانیی شکستی ئەم بزووتنەوەیان نەدەکرد. من و هاوکارانیشم لەگەڵ دیاردەی دۆناڵد ترامپ خافڵگیر بووین. ئەمن وا بیر دەکەمەوە کۆی ئەمانە هێماگەلێکی هیوابەخشن کە سیاسەت ئێستاش ئەو شوێنەیە کە دەکرێ ئێمە لەوێ خافڵگیر بین، ئەگەرچی هەندێ لەم خافڵگیرییانە زۆر مەترسیدارن.»

لەسەر بنەمای ئەم قسانە دەمەوێ بڵێم بەڕاستی زەحمەتە پێشبینیکردن، بەتایبەتی خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی زۆر زەحمەتە. تۆ سەیری مێژووی چل ساڵی ڕابردوو بکە بزانە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە چەندە دوچاری پارادۆکس بوون لە قسە و لە کردەوەکانیاندا، لێرە قسەیەک لەوێ قسەیەک. پابەندی بە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و عورفی لە قسەکانیاندا بەدی ناکەی، ڕێبەری ئەم وڵاتە دەیگوت ئەگەر بێتوو شەڕ (شەڕی نێوان عێراق و ئێران) بیست ساڵیش درێژەی هەبێ ئێمە هەر ڕاوەستاوین کەچی دواجار دیتمان وا نەبوو. وەک پێشتر باسم کرد کولتووری شیعی لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەندێ تەڵەکەی دەرباز بوونی بۆ ڕەچاو کردوون کە ڕۆژێ دەبێتە »جام زهر«ی خومەینی و هەندێ جار دەبێتە »نرمش قهرمانانه«ی خامنەیی. ئەم سیستمە بۆ قوتار بوون لەم دۆخە بە باوەڕی من دیسان مل ڕادەکێشێ بۆ ویستەکانی ئەمریکا، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن نێوخۆش بەم قەناعەتە بگەیەنن ڕەنگە لە هەندێ دەستەواژەی وەک نەجاتی ئیسلام و ڕزگاریی خەڵک لە گوشارەکان بخەنە نێو زاروزمانانەوە، بۆیە پێم سەیر نییە ئەگەر ئەم سازانە ژێربەژێرە بەم شێوازەی باسم لێوەکرد لەسەر پرسی ناوکیی ئێران سەربگرێ. بەڵام وەک دەزانن کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێ کێشەی تری هەیە وەک: پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، مووشەکە بالستیکەکانی، پشتگیری لە تیرۆریزم، هەڕەشە لە ئیسرائیل، سازکردنی پشتێنەی ئەمنی واتە هیلالی شیعی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ و... بۆیە بە لای منەوە دۆسیەی کۆماری ئیسلامی دۆسییەیەکی هەمیشەکراوەیە.

**شەونم هەمزەیی**: ئەدی خەڵک و هێزی جەماوەر لەو نێوەدا چ دەورێک دەبینن؟ خەڵک لە کوێی هاوکێشەکە دان؟

**ناسر باباخانی**: پرسیاری چاکە. لە ڕاستیدا خەڵک چەق و ناوەندی هاوکێشەکەن. چۆن؟ ئەوەی تا ئێستا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ وەک باسم لێوە کرد، هیوادارییەکی کەم وێنەیە بۆ ئەوەی گوشارەکانی دەرەوە بەدیاری گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا ،کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا بێنێ، بەڵام وەک باسم کرد سیاسەت ئەمرێکی قەتعی نییە، زۆر جاران دیومانە چاوەڕوانیی ئێمە بۆ پێشهاتێکی سیاسی لە سەداسەد جیاواز و دژوار بووە، بۆیە سەیر نییە کە لە دوارۆژدا ئەم هیوایە ببێتە بڵقی سەر ئاو، کەوا بوو پلانی جێگرەوە چییە؟ پلانی B چییە؟ بە ڕای من لەم دۆخەدا، تەنانەت پێشتریش، خەڵک و سەرجەم گەلانی ئێران تەنیا ڕێکاری ڕزگارکردنی ئەم وڵاتەن لەم زەلکاوە بۆیە پلانی A و B و C و... هەر خودی

خەڵکن.

با بەرهەستتر بدوێم. لە دێسامبری ڕابردووە تا ئێستا زۆر هاوکێشەی لە نێوخۆدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، کە بە باوەڕی من گرینگترینیان گەڕانەوەی شەقام بوو بۆ خەڵک. خەڵک لە هەموو دنیادا خاوەنی شەقامن، شەقام گەورەترین هێزە بەرامبەر بە چواردیوارییەک کە خاوەن دەسەڵاتەکان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن. کەوابوو لەمەو بەدوا ئیتر ترسەکە ڕژاوە و شەقام هی خەڵکە و هەر کات مەیلیان لەسەر بێ و ئیرادە بکەن دەتوانن بڕژێنە سەر شەقامەکان، ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیە بوو کە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی توانایەوە حەولی بۆ دەدا نەیەتە دی و نەبێتە ئەمری واقیع، بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ چەشنە سەرکوت و زیندان و گرتن و کوشتنێکیش درێغی نەکرد.

با نموونەیەک باس بکەین، خەڵکی کوردستان لە پاش مووشەکبارانەکەی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارەدانی سێ گەنجی کورد، لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان بە مانگرتن و لەماڵ نەهاتنەدەر و ئەمجارەیان چۆڵکردنی شەقام لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیدا (کە ئەمەش جۆرێ دەسەڵاتی خەڵکە بە سەر شەقامدا) دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە! بۆیە بە ڕای من شەقام، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەمکێکی جیاوازە، بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی، دەوری خۆی دەگێڕێ و ئێستا بۆتە چەکێکی بەهێز بە دەست کۆمەڵانی خەڵکەوە.

**شەونم هەمزەیی**: بۆچوونێک هەیە کە دەڵێ خەڵک دەیانەوێ بژین و نەمرن، سووریە و یەمەن و عێراقیشیان بینیوە، ئەوەش پۆئەنێکە بە دەست دەسەڵاتەوە. ئێوە لەو بارەوە ڕاتان چییە؟

**ناسر باباخانی**: بە سووریەبوونی ئێران، ماوەیەکە لەلایەن ڕیفۆرمخوازانی ئێرانەوە هاتۆتەگۆڕێ. و لەڕاستیدا ئەمە جۆرێ هۆشداری تێدایە بۆ بەردەنگەکەی (لێرەدا خەڵکی ئێران) کە ئەگەر ئێران وەک سووریەی لێ بێ لە ئەگەری شەڕی نێوخۆییدا، خوێن سەران دەبا و با «دۆخی هەنووکەیی» بپارێزین. دەسەڵات بە شێوەیەکی سیستماتیک کار بۆ ئەمە دەکا، لابییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، مۆرەکانی ڕێژیم لەسەر میدیا جۆربەجۆرەکان بەتایبەتی میدیا فارس زمانەکان و لەنێوخۆش ڕیفۆرمخوازەکان کار بۆ ئەم پرسە دەکەن.

ئەمە ئەوپەڕی بێ ئەخلاقی تاقمێکە کە دەیانەوێ خەڵکی ئێران لە ژێر ئەم هەموو زەخت و گوشارەدا بمێننەوە، بەڵام با حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆی چرکە نەکا. باشە بۆ لەبری بە سووریەیی بوون باس لە پارادایمێکی دێموکراتیکی

ڕۆژئاوایی ناکەن، بۆ وێنە ڕیفراندۆم و گشتپرسی، با بزانن خەڵک پاش چل ساڵ بە نیسبەت ئەم دەسەڵاتە چۆن بیر دەکاتەوە؟ ئەوان لەبری ئەوەی تۆپەکە بخەنە زەوەی دەسەڵاتەوە، خەڵکی داماو و لێقەوماوی ئێران دەکەنە بەردەنگ و داوایان لێ دەکەن دەنگتان لێ دەرنەیە با کۆماری ئیسلامی بەردەوام بێ. ئەو تەوژمەی بە هۆی گوشارەکانەوە خەریکی ساز بوونە، پێم وانییە سێناریۆی لەم جۆرە، دادی کۆماری ئیسلامی بدا.

**شەونم هەمزەیی**: **ئاستی بەرگەگرتنی خەڵک چەندە؟ ئایا حکوومەت دەتوانێ بە سەر هەموو قەیرانەکاندا زاڵ بێ؟ ئەو گەمەیانەی حکوومەت دەیکا تا کوێ بڕ دەکەن؟**

**ناسر باباخانی**: دیارە حکوومەت نەیتوانیوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە سەر قەیرانەکاندا زاڵ بێ، بەڵکوو بەردەوام حەولی داوە ڕواڵەت و ڕوخساری کێشەکان داپۆشێ و بەدووی چارەسەرکردنی گرفتەکان نەبووە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا، ستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتە بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوو نیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی خۆی بووە لەسەرجەم بوارەکاندا و بەجۆرێ حەوڵی داوە سیمای ڕاستەقینەی خۆی بشارێتەوە و بە پێچەوانەی حەقیقەتەکان خۆی بنوێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر بنەمایەکی پاڕانۆیدی بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و بەلارێدابردنیان، لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە ئەم دەستەواژانە بەردەوام لە گوتاری سیاسیی ئەو دەوڵەتەدا بەدی دەکرێن: پیلان، دوژمن، تەماح، سیخوڕی، نفووز، خیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشت پەردە و... ئەم پاڕانۆیدەش دواجار بووەتە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری بەر بە پلۆرالیسمی سیاسی لەم وڵاتەدا بگیرێ.

ئاماری ناوەندە لێکۆڵینەوەییە باوەڕپێکراوە نێونەتەوەییەکان گوزارە لە دۆخی کارەساتباری ئێران دەکەن، بەڵام لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا باس ناکرێن. دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە بە دانی داتای هەڵە بە خەڵک حەولی ئەوەیان دەدا کە ئێران وەک بەهەشتی مەوعوود نیشان بدەن، بەڵا ئیتر ئەم کایانە دادیان نادا، زگ بە نان تێر دەبێ نەک بە قسە! بۆیە بە بۆچوونی من وەک باسم کرد دواجار خەڵکی وەزاڵەهاتوون کە هاوکێشەکە دەگۆڕن، کێرد گەیوەتە ئێسقان.

ئێران ئەو وڵاتە نییە کە خۆی باسی خۆی دەکا، ئێران لە هەموو بوارەکاندا تووشی داڕمان و هەرەسهێنان بووە و هیچ وڵاتێک لە دنیادا بێگومان شک نابەی کە وەک ئێران قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی بەرۆکی گرتبێ، ئێران ئەو دارەیە کە لە نێوخۆیدا کرمۆڵ بووە و هاکا ئەمڕۆ و هاکا سبەی کەوتە عەرز.

**شەونم هەمزەیی**: **هەست ناکەن ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان جۆرێکی دیکەن؟ لە پاشترن. بێدەنگترن. ئایا ئەمە**

هۆکارێکی تایبەتیی هەیە؟

**ناسر باباخانی**: ڕاستە... لە جەوهەری خۆیاندا نارەزایەتییەکان لە کوردستان جیاوازییان هەیە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکی ناوەندی ئێران و شارە گەورە فارس نشینەکان. بەڵام لەباری ویستە نەتەوەییەکان، لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێرانی وەک عەرەب و بەلووچ و ئازەری خاڵی هاوبەشمان وەک پێناسەی نەتەوایەتی هەیە، هەرچەند لەم بارەشەوە ئێمە وەک کورد بە حوکمی مێژوویەکی کۆنتر و بوونی ڕێکخراوەی سیاسی لە نیزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەوانیش جیاوازین، من ئەو جیاوازییە وەک چەمکی «وشیاری نەتەوەیی» سەیر دەکەم، کە بە بەراوەرد لەگەڵ نەتەوەکانی تر بۆ پێکگرتن نابێ!

نا، ڕێک بەپێچەوانەوە، تۆ لە کوێی ئێرانت دیوە، مانگرتنی سەراسەریی وەک ٢١ی خەرمانان بەڕێوەبچێ؟ تەنانەت کوردستان دەکرێ وەک پێشەنگی خەباتی مەدەنی سەیر بکرێ، هەر لە پاش مانگرتنە سەراسەرییەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی شارەکانی تری ئێران لە ١٦ی ڕەزبەر دووکان و بازاڕیان داخست.

**شەونەم هەمزەیی**: خۆتان پێتان وایە ئێستاش سەرەکیترین پرسی خەڵک لە کوردستان شوناسخوازی بێ؟

**ناسر باباخانی**: بێگومان پرسی کورد هەرچەند ڕەنگە لە هەندێ شوێن لەگەڵ ویست و داخوازیی خەڵکی ئێران وێکچوونی هەبێ بەتایبەتی لەباری مافە شارۆمەندییەکان و باری گوزەرانی ژیان و ئابوورییەوە، بەڵام پرسی کورد، پرسێکی شوناسخوازانەیە. ئەو تێڕوانینەش کە ویست و پرسی کورد تا ئاستی کۆمەڵێ داخوازی ئابووری دادەبەزێنێ، گیرۆدە و ئەسیری ماوەیەکی سنووردار بووە. واتە ڕاستە کوردیش وەک خەڵکی تر لە ژێر زەخت و گوشاری ئابووری دایە، بەڵام مێژووی گەلی کورد و مێژووی خەباتی ئەم گەلە بەتایبەتی لە سەد ساڵی ڕابردوودا، نیشانی داوە کە پرسی کورد پرسێکی سیاسی بووە و تەنانەت پرسێکی فەلسەفیی گرێدراوی بوون و نەبوون و خەبات بە دژی حاشاکردن لەم گەلە.

**شەونەم هەمزەیی**: با بە نموونەیەک باسەکەم بەرهەستتر و ئیمرۆیی تر بکەم، تۆ کچێکی کوردی پێشمەرگەی، وایە؟ ئایا ویستەکانی تۆ لەگەڵ بۆ وێنە ژنێکی فارس یەکە؟

**ناسر باباخانی**: بۆ وێنە ژنی ئێرانی دێنێ بە هەموو هێز و توانای خۆی پرۆژەی چوارشەممەی سپی وەڕێ دەخا - لەگەڵ ڕێژمدا بۆ ئەم حەرەکەتەیان - بەڵام تۆ گیانت لەسەر بەری دەستت داناوە و ئەویش لێچکەیەکی سپی بە قوڵەدارێکەوە کردووە، بۆیە من لام وایە ویستەکان جیاوازن، مێژوو وا دەڵێ!

**شەونەم هەمزەیی: ئەگەر گۆڕانکارییەکان بەلای بەرەوڕووبوونەوەی گرژ، یان سەرهەڵدانی جەماوەریدا بشکێتەوە، کوردستان بەپێی پاشخانی خەباتی مافخوازانە و هەروەها سروشتی ویست و داواکانی لە چ پێگەیەکدا جێ دەگرێ؟**

**ناسر باباخانی**: دیارە کورد بە نیسبەت نەتەوەکانی تر و ڕێکخراوەکانی تری ئێرانی خاوەنی مێژوویەکی لەمێژینەتر و لەباری ئۆرگانیزاسیۆنیشەوە زۆر لە پێشترە. بەڵام ئەوە بە تەنیا کیفایەت دەکا؟ لە مەیدانی پراکتیک و کردەوەدا کورد لە کوێ ڕاوەستاوە؟ ئایا خاوەنی گوتارێکی دیاریکراوە بەرامبەر بە »ئەوی تر»؟ ئایا بەرەیەک دەبینی؟ ئەم حەولە تاکوتەرا و پەرش و بڵاوانەی حیزب و لایەنەکان تا کوێ بڕ دەکا؟ زۆر جاران بیستوومانە زلهێزێکی وەک ئەمریکا بە کوردی پەراکەندەی ڕۆژهەڵاتی دەڵێ: بە یەک ڕوانگە و یەک بەرە وەرنە پێش. کارەساتەکە لەوەدایە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هەر وامان پێ دەڵێ و بانگهێشتنی کورد دەکا بۆ یەکڕیزی! وەک خۆم گەشبین نیم، لانیکەم لەسەر بنەمای ئەم دۆخەی ئێستای حیزبەکان تێیدان!

**شەونەم هەمزەیی: پێتان وایە لەلایەن بژاردەکانی کۆمەڵگە، لە لایەن حیزب و ڕێکخراوەکانەوە ئامادەکاریی پێویست بۆ ئەم قۆناغە کرابێ؟**

**ناسر باباخانی**: نا، بە هیچ کلۆجێک. چون لە ڕاستیدا «کەلێن»مان زۆرە، کەلێن بەمانا کۆمەڵناسییەکەی. وەک: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسیی کۆمەڵگە شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن و دەبنە ڕێگر لەبەردەم سازبوونی گوتارێکی هاوبەش.

ئەم کەلێنانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساتەوەختی ئێستادا زیاتر لە هەموو کاتێک بەدی دەکرێن تەنانەت زۆر جاران دەگاتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار بۆ داهاتوو. بۆیە دەبێ میکانیزمگەلێک بدۆزرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستەش وەک خۆشت باست کرد ڕێنیشاندەری بژاردەکانی کۆمەڵگە (Elite-directing) باشترین میکانیزم بێ لەم زرووفە زەمەنییەدا.

بژاردەکان وەک «کارگێڕانی گۆڕان» پێناسە دەکرێن کە توانایەکی شوێندانەریان هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بۆ لایەکی تایبەت و دیاریکراو بەرن یان تەنانەت بەر بە ڕوودانی پێشهاتێک بگرن، دیارە مەرج نییە ئەم بژاردانە تەنیا و تەنیا سەرکردەی سیاسیی حیزبێک بن، ڕێک بە پێچەوانەوە بەپێی بارودۆخی ڕۆژهەڵات ئەوە نووسەران، هونەرمەندان،

چالاکڤانانی مەدەنی، ڕۆژنامەوانان و ئەدیبانن کە دەتوانن کەلێنەکان پڕبکەنەوە و هاوتەریبییەکی سیاسی بۆ سازدانی گوتارێکی هاوبەش سازدەن.

کێشەیەک کە لێرەدا خۆی دەردەخا، ئەوەیە کە خودی بژاردەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کەلێنێکی مەعریفەیی و ئانتۆلۆژیکیان هەیە، «شێوەڕوانین»یان بۆ پرسەکان لێک دوورە و ڕەنگە ئەمە گەورەترین مەترسی بێ بۆ سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کەوابوو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوخۆ و دەرەوە وەک یەکەم هەنگاو پێویستە ڕەخنەیەکی نێوگوتاری لە هەردوولا ساز بێ، خەسارناسی بکرێ، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەستنیشان بکرێن و دواجار ئەم دوو هێڵە لە دۆخی هاوتەریبی بێنەدەر و لە پنتێکرا یەکبگرنەوە و ئەم پنتە ببێتە سەرەتای خاڵگۆڕانێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی باسمان لێوەکردن.

**شەونم هەمزەیی:** کورد ئەزموونی ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ی هەیە، پێتان وانییە سووڕێکی باتڵی دیکە چاوەڕوانیی کورد دەکا؟

**ناسر باباخانی:** من لەگەڵ ئەو پێشداوەرییەدا نیم، ڕاستە لێکدابڕان و لێکترازاویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش خەسارێکی گەورەیە، بەڵام لەبیرمان نەچێ هێزی سەرەکی کورد، کۆمەڵانی خەڵکە لە نێوخۆ. بەخۆشییەوە خەڵکی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لە حیزبەکانمان و لە کوردی دیاسپۆرا، بەرپرسانەتر و ڕەنگە زۆر جار وردبینانەتر هەڵسوکەوت بکەن.

بۆیە ڕۆژهەڵات بۆخۆی، بە دوور لە غەڵبەغەڵب و زەنازەنا و پەرتەوازەیی حیزبەکان، خەریکی تەقەڵ و دروومانی ناسیۆنالیزم و پێکەوەلکاندنی ئەم چەمکەیە لە نێوخۆ و لە پارچەکانی دیکەش.

مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، وەک پێشتر باسم کرد دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی «کەلێن» بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و، لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش. ئیزن بدە با باسەکە بکەینەوە:

**سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس لە دوایین نموونەکان بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:**

هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەلات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەلاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

**دووەم:** نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هەشتەگی # من - لەماڵ - نایەمەدەر لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی نێوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربلاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنی نێوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هەشتەگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

بۆیە من لاموایە دۆخی ئێستا لەگەڵ دۆخی چل ساڵ لەمەوبەر زۆر جیاوازە، هەرچەند هەست بە جۆرێ دڵەڕاوکێش دەکەم. بۆیە دەبێ سێکوچکەکەی خەبات بەیەکەوە بەر بە مەترسی هەندێ ڕووداوی تاڵ بگرن کە بەداخەوە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بەرۆکیان گرتین.

**شەونەم هەمزەیی**: ئەوەی نەکراوە و دەبێ لە ئێستادا بکرێ چین وە کێ دەبێ بیانکا؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە بە تەنیا خودی ئەم پرسیارە هەڵگری وڵامێکی ئەوەندە تێروتەسەل بێ کە لە چوارچێوەی وتووێژێکی ڕۆژنامەییدا نەگونجێ. بەڵام بە کورتی و لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە دەبێ بڵێم کە کۆمەڵگەی ئێمە، کۆمەڵگەیەکی «پرسیارکوژە» و دەمێک ساڵە وشەی «بۆ»ی بۆ گۆ ناکرێ! ئەو دەگمەن کەسانەی کە ئەم «بۆ»یەش دەدرکێنن، دەکەونە

بەر شاڵاوی هێرشی نارەوای عەقڵییەتی خێڵەکی و عەشیرەیی کە خۆی پێی وایە سیستمە (لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی ئێمە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ خێڵ و عەشیرە، بە ڕواڵەتێکی مۆدێرن بەڵام بە عەقڵییەتێکی سنووورداری بەرژەوەندیخواز. جا ئەم بەرژەوەندییە بۆ خێڵ و تایفەی خۆت بێ، بۆ حیزب و ڕێکخراوەی خۆت بێ یان هەر گرووپێکی بچووک وەک پاژێکی کۆمەڵگە. ئەم پاژانەی کۆمەڵگە مادام پێکەوەلکاوییان لەنێودا ساز نەبێ نابن بە نەتەوە).

**قۆناغی یەکەم: پێویستی دەرباز بوون و تێپەڕین لە قۆناغی خێڵەکی، بەرەوە قۆناغی نەتەوەسازی.**

ئەمە کارەساتێکە کە ڕەنگە لە ئێستادا کەمتر هەستی پێبکەین، بەڵام لە دوارۆژدا دەبێتە سەرەتای ساز بوونی کۆمەڵگەیەکی داخراو. کۆمەڵگایەک کە ئیتر «توانایی و داهێنان و ڕووحی ڕەخنەگرانە» بەهەند وەرناگرێ و بە هەموو پێکهاتە و سیستمەکانییەوە، تەنانەت ئیزنی دەربڕینی بیروڕای جیاوازیشت لە قالبی ڕەخنەدا پێ نادا و زۆر جاران بە پاساوی، ئەوەی تۆ دەیڵێی ڕەخنە نییە، حەول دەدا دەمکوتت کا.

**قۆناغی دووەم: پێویستی سازدانی جەرەیانێکی ڕۆشنبیری ڕەخنەگری سەربەخۆ.**

واتە ئیدی ئەم کۆمەڵگایە، نەک لە چینی خاوەن قابلییەت و توانایی و داهێنان ناگەڕێ، بەڵکوو پرسیارەکانیشیان دەکوژێ، نموونەی مێژوویی زۆرن. لە هەر شوێنێ پرسیاریان کوشت لە ڕاستیدا ڕووحی ڕەخنەگرانەیان کوشتووە و لە دۆخێکی وەهادا بە تەعبیری پۆپێر بەرەو کۆمەڵگایەکی داخراو دەچین و هێدی هێدی فاشیزم سەرهەڵدەدا!

**قۆناغی سێهەم: حەول بۆ سازکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە بە هەموو تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی وەک ئازادی و دێموکراسی.**

بە گشتی لە هەموو ڕوویەکەوە کار زۆر بە کەمی کراوە، بەتایبەتی حیزبەکان. هەم لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە و هەم لە ڕووی فکرییەوە، تەنانەت هەندێ جار تووشی پارادۆکس لە سیاسەتەکانیاندا دەبن! هەڵبەت ڕووناکبیران و نووسەرانیشمانی لێ زیاد کە. ئەوەی ئەمڕۆ دەدیتری ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد خاوەنی پلان و ستراتیژییەکی تۆکمە نین، تەنانەت تاکتیکی کورتماوەشمان نییە.

**شەونەم هەمزەیی: ئایا کۆمەڵگە و بزووتنەوەکەمان خەسارناسی کردووە؟ ئایا خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان دەسنیشان**

کردووە؟ ئایا دەزانین هەڕەشە و دەرفەتەکان چین؟ چەند ئاگاداری دۆخی ناوخۆین و کەلێنەکان چۆناوچۆن پێناسە دەکەین؟ ئایا حەولی سازدانی گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەیی دراوە؟

**ناسر باباخانی**: بەبێ پاشخانێکی فکری و تیۆریک لە مەیدانی پراکتیک و کردەوەدا تووشی هەڵەی کوشندە دەبین بۆیە بەبێ نوێژەن کردنەوەی لایەنی فکری و لایەنی ڕێکخراوەیی سێکوچکەی خەبات، هەرچی بکرێ خولانەوە لە بازنە دایە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

**بابەتی: ساڵی ................ ٢٠١٩**

---

## ئەوان و کۆمارەکەی ئێمە

**(پێشکەش بە پێشمەرگە ونەکانی کۆماری کوردستان)**

چەمکی داشکاندنخوازی (تقلیل گرایی Reductionism) واتە دابەزاندنی ڕووداوێکی گرینگ و گەورە (وەک گشت) بە ڕووداوێکی بچووک (بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی بەڵام بە جیاجیا). بە واتایەکی تر ڕەچاو نەکردنی هەموو ڕەهەندەکانی لێکدانەوەیی و تەنیا پێداگری لەسەر تاکە ڕەهەندێک بە مەبەستی دابەزاندنی بایەخەکانی پێشهاتێک. لە وەها حاڵەتێکدا، بۆ وێنە شرۆڤەی ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی سەرەڕای پێچەڵاوپێچی زاتی ئەم جۆرە ڕووداوانە، ڕێداکشنیزم تا ڕادەیەکی زۆر نزم ئاستی ڕووداوەکە دادەبەزێنێ.

لە سۆنگەی ئەم چەمکەوە نووسەر و مێژوونووسی نەتەوەی باڵادەست، حەولی داشکاندن و دابەزاندن و دواجار سڕینەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد دەدا.

یەکێ لەم ڕووداوانەی «ئێمە»، کە «ئەوان»پێی هەڵدەبەزنەوە کۆماری کوردستانە. دیارە نابێ ئەم هەڵبەزینەوەیەشمان پێ شتێکی سەیر بێ، چون ئەمە بە جۆرێ بەرەنگار بوونەوەیەکی ناسیۆنالیزمییە بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمێکی هێرشکارانەی هۆمۆژێنسازا لە ڕاستیدا هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ناسیۆنالیزمی داگیرکەری نەتاساندووە، چون نەفسی دامەزرانی کۆماری کوردستان شەرمەگێلاخەی کوردایەتی وەلادەنێ و لەبەرامبەر هۆمۆژێنسازیی نەتەوەکان وەک سیاسەتی سەرەکیی داگیرکار دەوەستێ. چون ئەوان زۆر باش لە هابزباوم تێگەیون کە دەڵێ: ئیتنیستی توانیویێتی و دەتوانێ ئەم خەڵکانەی لە شوێن گەلێکی بەربڵاو و بە شێوەیەکی پەراکەندە دەژین و حکوومەتی هاوبەشیان نییە، دەکرێ "پێش - میللەت"یان پێ بوترێ کە دواجار ئەم چەمکە دەتوانێ لێکیان گرێ بدا بۆ دەسپێکی پێش - نەتەوەخوازی (Proto-Nationalism) و سەرەتای دەوڵەتخوازی. بۆیە ڕێک لەم پنتەڕا چەمکی دابەزاندن و داشکاندن وەگەڕ دەکەوێ بە دژی کۆماری کوردستان.

**ئەم دابەزاندنە بە شێوەی کەمکردنەوە و بچووککردنەوە و سڕینەوە لە بابەتەکانی ئەواندا خۆ دەردەخا کە دەکرێ ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:**

**بچووککردنەوەی پانتای جوغرافیایی (لەبری کۆماری کوردستان دەڵێن کۆماری مەهاباد)**

دەکرێ کۆماری کوردستان وەک سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیتەی سیاسیی کوردی ڕەچاو بکرێ، واتە چەشنێ دۆخی تێپەڕین لە جۆرێک ژیانی خێڵەکی بەرەو پرۆسەیەکی ئاماڵ دەوڵەت - نەتەوە و گووڕانی ناسنامەی نەتەوایەتی بە فۆڕمێکی مۆدێرن. واتە بەرەو سەرەتای چەکەرەی دەوڵەت - نەتەوە وەک فۆڕمی سیاسی مۆدێرنیتە!

لە ڕاستیشدا گووڕانی ئەم ناسنامەیە پەیوەندی بە شوێنەوە نییە، چون لە بنەڕەت ڕا لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەر لە کۆماریش ئەم جووڵەیە بە جیددی چ وەک بزووتنەوەیەکی بەهێز و چ وەک باوەڕێکی زەینی لەئارادا بووە: بۆ وێنە لە باکووری ڕۆژهەڵات شێخ عوبەیدیللای نەهری و سمایل ئاغای سمکۆ، لە موکریان مەلا خەلیل گۆڕەمەڕ، هەمدیسان لە موکریان حیزبی ئازادیی کوردستان و بزووتنەوەیەکی بەهێز وەک کۆمەڵەی ژێکاف (هەرچەند پەلکێشی ژێکاف بۆ سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرسوڕهێنەرە)، یان لە باشووری ڕۆژهەڵات داوود خانی کەلهوڕ... یان وەک ئارچی ڕۆزڤێڵت لە وتارەکەیدا باس دەکا: لە هەورامان و مەریوان مەحموودخانی کانی سانان و لە ناوچەی بانە حەمەڕەشید خان و... (بێگومان ئاستی پەرەگرتوویی و کارتێکەری و شێوازی ئەم بزووتنەوانە بە یەکەوە جیاوازی هەبووە، مەبەستی سەرەکیم زیاتر ئاماژەیە بە »بوون«ی بزووتنەوەکە وەک فۆرمی فیزیکی و وەک باوەڕ)

**دیارە کارتێکەری بزووتنەوەی کورد لە تورکیە و عێراقیش نابێ وەک فاکتەرێکی هاندەرانە لە یاد بکرێ.**

کەوابوو دەکرێ بڵێین جۆرێ تێکشکاندنی دوانەی شوێن_کات لە سەر دەستی کۆماری کوردستان ساز دەبێ بە هۆی زەقبوونەوەی چەمکی ناسنامەی نەتەوایەتی و لە هەمان کاتیشدا حەولی نەزۆکی بە مەهابادکردنی کۆمار پووچەڵ دەبێتەوە و کۆماری کوردستان دەبێتە ئێتیکێتی تاکی کورد لە پانتایەکی بەرفرەوانتر تەنانەت نەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا! بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو هەموو نەتەوەی کورد چاوی هیوا و تاسە و ئارەزووی تێ بڕیبوو. دوکتور قاسملوو هەر لەم بارەوە دەڵێ: «حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیەکی هەشت ماددەییدا باس لە دروشمەکانی نەتەوەی کورد دەکا کە هەموو مافە ئەساسییەکانی خەڵکی کوردستانی تێدایە. بەرنامەکە داوای خودموختاری دەکا، ئەو کاتە شاری مەهاباد بەشێک بوو لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا. وشەی کوردستان خۆی ئەوە

دەگەیەنێ کە ئەو خودموختارییە بۆ ناوچەی مەهاباد داوا ناکرێ، بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان داوا دەکرێ...»

لە ڕاستیدا کۆماری کوردستان ببوو بە کۆمارێک کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەک گوتار، ئەم پتانسییەلەی هەیە زۆربەی هەرەزۆری بیر و باوەڕەکان - تەنانەت جیاوازیش - لە ژێر چەترێکدا کۆ کاتەوە.

## کۆماری کوردستان وەک دەسکردی دەرەکی یان کۆمارێکی گەلی!

ڕەنگە بە پێی زرووفی کات و شوێن هیچ جەرەیانێکی سیاسی لە هیچ سەردەمێکدا بە قەت کۆماری کوردستان «خەڵک میحوەر»نەبووبێ! کە سەیری سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان دەکەی لەسەر بنەمای بەڵگەکان وەک بڵاڤۆکەکانی سەردەمی کۆمار، بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک بۆچوونی مێژوونووسانی تر هەم ئێرانی و هەم بیانی، بیرەوەریی کاربەدەستانی کۆمار و تەنانەت خەڵکی ئاسایی (وەک مێژووی زارەکی) هەموو نیشاندەری ئەوەیە کە لە ئێعلانی جمهووری کوردستان ڕا بگرە تا بڕیاری پاشگەز بوونەوە، ئەوە خەڵکن کە تەمای لەسەر دەگرن نەک زلهێزەکان و بێگانەکان.

**شەهید دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ:** "کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڕێوەبەریی جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام هەوڵ درا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کوڵان و بازاڕ نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پانوبەرینی گەلی پێک هاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو."

بۆیە سیاسەتەکانی کۆمار دیپلۆماسییەکی خەڵک تەوەرە و بە تەعبیری دوکتور عەبباس وەلی ئەمە «خواستێکی گشتی» بووە کە لە نێو خەڵکی ئاساییدا لایەنگرێکی یەکجار زۆری هەبووە.

ڕەنگە دژکردەوەکانی پێشەوا قازی کە بەتوندی بەرپەرچی یەکیەتیی سۆڤییەت و جمهووری ئازەربایجان و شەخسی باقرۆف دەداتەوە ئەم بۆچوونەمان زیاتر بسەلمێنن. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە دووی ڕێبەندان، دژکردەوەیەکی خێرا و بوێرانە بوو، وەک سیگناڵێک بۆ دەرەوە لە ڕاستای سەربەخۆیی لەبڕیارداندا و تەنانەت هەنگاوێک وەپێش تەورێز کەوتن. چون لە ڕاستیدا تەورێز مەبەستی ئەوە بوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە خۆیەوە بلکێنێ و هەندێ پوئەن وەک خودموختاریی فەرهەنگی و پێنج نوێنەر لە مەجلیس بۆ کوردەکان دیاری بکا کە بە ئێعلانی زیرەکانەی جمهووری

کوردستان، ئەم پیلانە پووچەڵ دەبێتەوە. تەنانەت پێشەوای نەمر لە سەفەری دووهەمی بۆ باکۆ بەتوندی بەگژ باقرۆف دادێتەوە کە ویستبووی کۆمار بخرێتە ژێر چاوەدێریی تەورێزەوە. پێشەوا دەڵێ: ئەگەر قەرار بێ هەر ژێردەستە بین، بۆ ژێردەستی تەوریز؟ ئەوە هەر لە ژێر دەستی تاراندا دەمێنینەوە! نەمر میرزا مەناف کەریمی، وەزیری پەروەردەی سەردەمی کۆمار، دەیگێڕاوە تەنانەت ئەو نامانەی تەورێز بۆی دەناردین بەبێ ئەوەی بیانکەینەوە دەماننادەوە تەورێز!

پرۆفسۆر یەرواند ئابراهامیان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: »حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتبوو ئەو ئاکامە کە (هەلێک) هاتۆتە ئاراوە بۆ سازکردنی دەوڵەتی کوردستان، ئەمەش شتێک نەبوو لە مۆسکۆ یان لە باکۆڕا هاتبێ، بەڵکوو لێکدانەوەی ئەوان ئەوە بوو لەم هەلە دەبێ کەلک وەرگرن بۆ ڕاگەیاندنی جمهووریی کوردستان. ئەمە کارێکی سەربەخۆییخوازانە بوو، کوردەکان زۆر لە ئازەرییەکان سەربەخۆییخوازتر بوون، بۆیە بۆ ئازەرییەکان و بۆ باکۆ ئەمە چاوەڕوانکراو نەبوو.» یەرواند ئابراهامیان بەم ئاکامە دەکا کە کوردەکان سیاسەتدارێژییەکی سەربەخۆیان هەبووە.

بە گشتی جۆری پەیوەندیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ تەورێز بە نیسبەت مەهابادەوە، زۆر جیاواز بوو. لە لایەک تەورێز لەگەڵ ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤییەت هاوسنوور بوو و لەباری نەژاد و زمانیشەوە هەر یەک بوون و لە لایەکی تریشەوە یەکی وەک باقرۆف، سەرۆککۆماری ئازەربایجان، سەودای ئازەربایجانی گەورەی لەسەردا بوو. ئەمانە هۆکارگەلێک بوون کە تووەرەج ئەتابەکی گوتەنی: «گەرمای پەیوەندیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەگەڵ تەورێز زۆر زیاتر بێ بە نیسبەت مەهاباد و کوردستانەوە!«

ڕستەیەکی مەنشوور هەیە کە کاربەدستانی ئەمنیەتیی ئازەربایجان بە پیشەوەرییان گوتووە: »سەنی گەتیرەن، سەنە دییەر گێت!« واتە: ئەوەی تۆی هێناوە، هەر ئەویش پێت دەڵێ بڕۆ! مەبەست لەم ڕستەیە نەبوونی سەربەخۆیی لە پێکهاتەی فیرقە دایە، لە کاتێکدا هەرگیز ئەم ئەدەبیاتە بە نیسبەت کۆماری کوردستانەوە دەکار نەکرا.

## کۆماری کوردستان بەرهەمی «جەبری ژئۆپولیتیک»؟!

نەتەوەی باڵادەست دەیەوێ ڕەنگ و بۆنێکی تیۆریک بدا بە تەحلیلەکەی و بۆیە کۆماری کوردستان بە بەرهەمی جەبری ژێئۆپۆلیتیک دادەنێ و بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش باسی دوو خاڵ دەکا. یەکەم: بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەی سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان، دووهەم: کێبەرکێی زلهێزەکان بۆ پەلکێشکردنی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بۆ لای خۆیان. با بزانین ئەم لێکدانەوەیان چەندە ڕاستە؟

وەک باسم کرد ئەوان بە چەمکی داشکاندنخوازی، واتە دابەزاندنی بەهاکانی ڕووداوێکی گرینگ وەک کۆماری کوردستان، بە ڕەچاو نەکردنی هەموو ڕەهەندەکانی لێکدانەوەیی و تەنیا پێداگری لەسەر تاکە ڕەهەندێک، دەیانەوێ لە بایخ و کارتێکەرییەکانی کۆماری کوردستان کەم کەنەوە.

لە ڕاستیدا بابەتێکی گرینگ، کە ئێستا بووەتە بەشێک لە مێژوو و دەرفەت و دەرەتانی گونجاوتر هەیە بۆ لێکدانەوەی هەمەلایەنە و چەندڕەهەندی ڕووداوەکە، بەڵام ئەوان هەر بە «جەبری ژئوپولیتیک»ەوە نووساون!

خۆ ڕاستە زۆربەی توێژەرە بیانییەکانیش وەک دێیڤید مەک داوڵ و ئاڕچی ڕۆزڤێڵت و... ڕاستەوخۆ باس لە فەزایەکی بەتاڵ (vacuum) دەکەن، واتە لە ڕوانگەی ژێئۆپۆلیتیکەوە باس لە بۆشاییەکی جوغرافیایی دەکەن کە لە دواجار دەبێتە هۆی سازبوونی بۆشایی دەسەڵات و ئەمەش ڕەخسێنەری هەلە بۆ خەڵکی خۆجێیی ناوچەکە!

لە لایەکی تریشەوە کێبەرکێی زلهێزەکان لەگۆڕێدا بوو، هەرچەند شەڕی سارد بە مانا سیاسییەکەی کاتی خۆی، نەبوو، بەڵام جۆرێ لە دژایەتی بەرژەوەندییەکان بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەویش خۆی لە پەلکێشکردنی نەتەوەکان و دەوڵەتەکان بۆ لای خۆیان دەردەخست. ئەم دوو هۆکارە بە ڕواڵەت، سەلمێنەری ئەو جەبرە ژێئۆپۆلیتیکەن کە باسمان کرد، ئەمە ڕێک دیوی دیاری پرسەکە و ساکارترین لێکدانەوەیە، بەڵام واقعییەت چ بوو؟

ئەوان بە هیچ کلۆجێک پێشینەی جووڵانەوە و بزووتنەوە سیاسییەکانی ناوچەی موکریان بەتایبەتی و، کوردستان بە گشتی ڕەچاو ناکەن. واتە بەکگراوندی خەباتی نەتەوەی کورد بەر لە کۆماری کوردستان، لێرەدا بە دیاری بیری کۆمەڵەی ژێکاف، وەک دژکردەوەیەک بەرامبەر بە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی باڵادەست، (بەربڵاوی ئەندامەکانی کۆمەڵەی ژێکاف لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلمێنەری ئەوەیە کەم ئەم بیرە، لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی فارسدا خۆی تەیار و ئامادە کردبوو.) سەرنجڕاکێشە کاتێ دێیڤید مەک داوڵ دەڵێ لە ژوئیەی ١٩١٨ سەرۆک عەشیرە کوردەکان کۆ دەبنەوە و داوای سەربەخۆیی خۆیان لە ژێر حیمایەی بریتانیا دەگەیەننە دەستی نوێنەری بەریتانیا لە سەقز!

دیارە وەک پێشتریش باسم کرد لە کوردستان پێشینەیەکی بەهێزی نەتەوەخوازی بوونی هەیە کە ئەوان بەئانقەست چاوپۆشی لێدەکەن. دوکتور قاسملووش لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە وەزعی تایبەتی ناوچەی مەهاباد و دەوروبەری دەکا وەک بۆشایی و نەبوونی دەسەڵات لە ناوچەکە، لە هەمان کاتدا بە دروستی ئاماژەش بە ڕابردووی دووردرێژی جووڵانەوەی کورد لە دەڤەری مەهاباد دەکا. هەروەها ئەوان باس لە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانەکە ناکەن، بۆ وێنە هۆکاری سازبوونی ئەم

**گوتارە چییە؟!**

**سیاسەتەکانی ڕەزاشا بۆ هۆمۆژێنسازیی وڵات، کە لەسەر بنەمای شۆڤێنیزمی فارس و ئاماڵ مۆدێرنیزم و ئاماڵ لائیکی تورکیە دامەزار بوو، تەواوی حەولی سڕینەوەی ناسنامەیی نەتەوەکان بوو، کۆپی پێستی کردنی نەتەوەکان بۆ بوونەوەرێکی تازەخوڵقاو بە ناوی ئێرانی، خۆ زەقکردنەوە لە ڕێگەی خۆسەپاندن بە سەر ئەوی تر و ئەوانی تردا.**

**بۆ ئەم ستراتیژییەش دێنێ لە تاکتیکی سەیروسەمەرە و جۆراوجۆر کەلک وەردەگرێ:**

**هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری، دژایەتی زمانەکانی تر، نیشانەگرتنی دابونەریتی نەتەوەکانی تر، هێرشی چەکداری بۆ سەر ژیانی خێڵایەتی و عەشیرەیێ... و بەگشتی بەرەو پرۆسەیەکی ئاماڵ مۆدێرنیزاسیۆنی تاکەڕەهەندی و ڕەق ئامێری.**

**دەوری کارگێڕیی کاریزما**

**جگە لەم دوو خاڵە، باسێکی گرینگی تری هەیە کە دیسان بەرپەرچدانەوەیەکە بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئەوان بە بیانووی «جەبری ژئوپولیتیک.»**

**کە سەیری بزووتنەوەکانی گەلی کورد دەکەی، بوونی کاریزمایەکی زاتی لە ڕێبەریی بزووتنەوەکاندا، زۆر گرینگ و کاریگەر بووە کە دیسان ئەوان بەئانقەست ئەم بەشەش ڕەچاو ناکەن. بۆ ئانالیزی بزووتنەوەکانی پێشوو وەک دیاردەیەک لە ڕوانگەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێ دەوری کارگێڕ (Agency) زیاتر ڕەچاو بکرێ تاوەکوو پێکهاتە (Structure).**

**بیردۆزە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی گرنگیدان بە کارگێڕ یان پێکهاتە بۆ شرۆڤەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە، بۆ وێنە پێداگری لەسەر دەوری کارگێڕ یان گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان وەک گیدێنز دەڵێ پەیوەندی دەروونی: (کارگێڕ پێکهاتە) دەکرێ بۆ ئانالیز کەڵکیان لێوەربگیرێ.**

**لە سەردەمانی زووتردا کە بزووتنەوەکان لەسەر دەستی ئەم کەسایەتییە کاریزمایانە سەریان هەڵدەدا، دەوری کارگێڕ شوێندانەرتر بو بە نیسبەت پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە کاتێ لە دەوری پێشەوا خورد دەبینەوە، کارتێکەریی ئەو لە**



سەرچاوە
Serchawe

ڕەوتی دگەردیسی کۆمەڵە ژێ.کاف بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاوەستانی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە قەوامەوە بگرە تا کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤییەت و ئازەربایجان وەک باقرۆف، جێگەوپێگەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی قازی محەممەد و...

ڕەنگە تەعبیری دوکتور قاسملوو بۆ پێشەوا کاتێ ئەو وەک ڕێبەرێکی بێ هاوتا و لە هەمان کاتدا "بەتاقی تەنیا"ی دەناسێنێ بۆمان دەربخا کە ئەو وەک کارگێڕێکی کاریزما، بە بەختکردنی گیانی خۆی توانی میراتێکی هەرمان بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ، میراتێک بە ناوی کۆماری کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور!

**مەزن پێشەوام سڵاو!**

لە خزمەت جەنابتدا مرۆڤ زمانی لە گۆ دەکەوێ و تاکولۆی قسەکانی بۆ ناچێتەوە سەر یەک، چۆن و لە کوێوە دەست پێبکا و باسی چ بکا، چۆن دەکرێ لە ئاست ناسنامەی نەتەوەیەک قسەت پێبێ بۆ گوتن، جگە لەوەی ئازای ئەندامت ببێ بە چاو و گوێ بۆ دیتن و بیستنت!

وا خەریکە لەم عەسرەدا کوردیش بۆ ڕێزگرتن لەو کەسانەی گیانیان بەختی سەربەرزی نەتەوەکەیان کردوە، ئاوڕ بداتەوە ڕۆژی لە دایکبوونیان، بۆیە بۆ ئێمەی یاخی، چ بۆنەیەک جوانتر و پیرۆزتر لە ڕۆژی لە دایکبوونی یەکەم سەرکۆماری کوردستان. پیرۆز بێ جەژنی لەدایکبوونت جەنابی ڕەئیس جومهوور!

**گەورەم!**

٧٢ ساڵ و یەک مانگ و دە ڕۆژە ژانێکی وەها خزاوەتە نێو جەرگی نەتەوەیەکی هەڵوەدا، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، هەردەم برینێکی تازەیە. برینێک لە خاکەلێوەی پەت و خنکاندنەوە تا پووشپەڕی خوێن و تیرۆر، لە خاکەلێوەی قازییەوە تا پووشپەڕی قاسملوو.

تۆ لە من زۆر باشتر دەزانی کورد لەو دەگمەن نەتەوانەیە کە لە مەرگەوە دەست پێدەکا بەرەو لە دایکبوون، چ پارادۆکسێکی سەیرە! ڕێک بە پێچەوانەی هێڵی سروشتی ژیانی مرۆڤەکان، چون کورد بە مردن هەرمان بووە و بە مردن لە فەوتان و نەمان ڕزگاری بووە! شەهیدە سەرکردەکانی پاش خۆشت، قوتابییە بە ئەمەگەکانت، قاسملوو و شەرەفکەندیش هەر بە مردن، هەرمان بوون و ئێستاش کە سوێند بە گۆڕی پێشەوا و بە قەبری دوکتور دەخورێ، مەگەر مەرگ، ئەگینا پاشگەز بوونەوەی بۆ نییە...



سەرچاوە
Serchawe

**پێشەوام!**

من لە منداڵییەوە ناوی ئێوەم بیست، تەنانەت ئەو چوار ساڵەی قوتابیی دواناوەندی بووم هەموو ڕۆژێ بە کۆڵانە هەورازە بەرفراوانەکەدا سەردەکەوتم و سیوادی بینا سپییەکەم لێ وەدەردەکەوت: مەحکەمەی پێشەوا، ئێرە مەحکەمەی پێشەوا قازی محەممەدە...

من، ئەو وێنەیەی جەنابتم بەلاوە لە هەموو وێنەکان سەرنجڕاکێشترە، تۆ لەسەر کورسییەک دانیشتووی و نەخشەی کوردستانی گەورەشت لە تەنیشت هەڵواسراوە، بە ڕدێنێکی تەنک و ڕوانینێکی لە جنسی ورە، قایم وەک پۆڵا، هەر ئەو وێنەیەی ئارچی ڕووزڤێڵت ئەفسەرە ئەمریکاییەکە بڵاوی کردۆتەوە. خۆ ئەمن گومانم لەوە نییە خەونی دوارۆژت بۆ ئەم نەتەوەیە ڕێک خەریتەی تەنیشتت بوو، ئەو شوێنەی هەموو سنووره دەسکردەکانی تێدا سڕابوونەوە. خەڵکی تر چ دەڵێن با بڵێن، با حاشا لەم باوەڕەی تۆ بکەن، با چاوپۆشی بکەن لە دۆخی سیاسی سەردەمی تۆ، بەڵام خۆ ناتوانن بەر بە خەونەکەمان بگرن.

**گەورەم!**

من ئەوەندەی ئاوڕم داوەتەوە سەر کۆماری کوردستان و کلیل وشەکانی ئەم کۆمارە ساوایەم هەڵکراندووە، وەک: ئاڵا، سەرکۆمار، هێزی پێشمەرگە، ئیستیقلال و سەربەخۆیی، خەبات و... ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد لە هیچ پارچەیەک نەیتوانی بگاتە داوێنی ئەو لووتکەیەی تۆ لەسەری وێستابووی، ئەو گوتارەی تۆ وێنات کرد با دەسەڵاتی سیاسیی کورد و حیزبی کوردیش نەیتوانیبێ تەعبیری بکا، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆتە هێلێکی فکری و هزری، کە خۆی لە نێو چینی گەنج و خوێندەواری وڵاتدا دەبینێتەوە! باسی دەسکەوتەکانی کۆمارە ساواکەمان ناکەم کە لە هەموو بوارێکدا سەرەڕای تەمەنی کورتی کۆمار بۆتە شانازیی نەتەوایەتی.

خۆ ئەگەر شێرکۆ بێکەس بەلامەوە لووتکەیە، نایشارمەوە کە لە شیعرەکانیدا قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی کردووە بە میوانی دیوانەکانی، ئەوا هەزار ئەوەندە عاشقی قەڵەمەکەی و جگەرەکەی و چاویلکەکەی و ئاخاڤتنەکەی بووم،

**کە دەڵێ:**

**کە لاشەی ساردی چوارچرا**

وەکوو هێشووی سەرمابردوو
لە سێدارە کرانەوە
دار بەجێمان
هەژارانی سابلاخ بردیان
زستانیش بوو نەیانسووتاند
سەرماشیان بوو نەیانسووتاند
لەو دارانە
لەو تەختانە
چوار بێشکەی سووریان دروست کرد
لەم ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ
ئەو لانکانە هەر ئەگەڕێن
ئەم ماڵ ئەو ماڵ
ئەم دەست ئەو دەست
وەریان ئەگرن
ئەی نابینی
هەزاران قازی محەممەد
لەسەر لووتکە وێستاون و چەک هەڵئەبڕن

ڕاست دەکا شێرکۆ، لە زمان منیر خانمی کچتان بیستم کە فەرمووتانە پاشی من هەزاران قازی سەر هەڵدەدا.

مەزن پێشەوام!

هەر ئەو ئارچی ڕووزڤێڵتەی بە خزمەتت گەیشتبوو دەڵێ: "قازی محەممەد مایەیەکی زۆری بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی دانا و بایەخێکی زۆری پێدا..."

بە هاوڕێیانم گوت: گرینگیی زمان و ئەدەبی کوردی بەلای پێشەواوی نەمرەوە، جگە لەم تێبینییەی ئارچی ڕووزڤێڵت، بەخشینی نازناوی شاعیری میللی بە مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمنە لە لایەن جەنابتەوە! گوتم: پێشەوا دەیزانی نووسەر و ڕووناکبیر کۆڵەکەی باوەڕەکانی حکوومەتەکەن و ڕاستیشی دەکرد و بە تێپەڕ بوونی زەمان ئەمە سەلمێنرا و دواجاریش دەوری هێمن و هەژارمان لەسەر گەشەی بیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینی، کەچی ئەمڕۆ سەرکردەی سیاسیی کورد بە لای ڕووناکبیر و نووسەری کورددا ناچێ... کۆڵەوارین.

لە سەردەمی سەرکردە و سەرۆکە مرۆڤخۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی دیکتاتۆرە گچکە و درشتەکانی ئوروپادا... تۆ کە بووی بە پێشەوای نەتەوە، گوتت: ئازادن بۆ ئەوەی چ دەڵێن و چ دەنووسن! تۆ ئەم هێڵی سوورەت چۆن کرد بە هێڵی ئەمنی دەربڕینی بیرورا؟ چۆن لە کاتێکدا زمانی ڕەخنەگریان لە پشت ئەستۆڕا دەردێنا و دەمیان دەدرووننەوە تۆ وتت با ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی کورد دایە بێ سڵەمینەوە دەنگ هەڵبڕێ.... تۆ لە سەرووی سەدەی ژیانی خۆتدا بووی بەبێگومان.

گەورەم!

من بە شوێن پێی تۆوە بووم... لە نێو پەڕتووک و کتێب و وێنە و وتاراندا... سۆراغم لە زۆر کەسان پرسی... زۆر کەس، دواجار قسەکانیانم خستە دووتوێی وتارانەوە،

لەو وەزیری کابینە و ئەفسەرەکانت ڕا بگرە تا ئاجوودان و خزم و کەس و کچ و نەوە و زاوات، بە قسەکانیان، هەر هەموو سەرسامیان دەکردم، تێر نەدەبووم لە باس کردنت...

کەوتمە شوێن ئەو بیانییانەی باسی تۆیان کردبوو لە هەندەران، بەزەییم بۆ خۆماندا هات کە نەمانتوانیوە بتناسین، کاتێ قسەکانتان لە زمان ئەوانەوە دەخوێنمەوە بۆم دەردەکەوێ هەیهات ئەم نەتەوەیە جگە لەباری هەست و سۆزەوە نەبێ، تۆی نەناسیوە! بۆ نموونە کاتێ لە زمان ئەواونەوە بیستم تۆ ئاماژە و پێداگریت لەسەر مەنشووری ئاتلانتیک بووە، مەنشوورێک کە ڕێز لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەگرێ، بڵێی تۆ عەوداڵی چ خەونێک بووبی! بە خۆمم گوت پاش ٧٢ ساڵ بڵێی چەند کەس وەک سەرکردەش ناوی مەنشووری ئاتلانتیکیان بیستبێ، وڵامەکەی ناردەمەوە با لە خزمەتتدا شەرمەزار نەبم.

خۆ نەتەوەی کورد زۆر مرۆڤی هەڵکەوتە و ڕێبەری چازان و لێزانی هەبووە، بەڵام بۆ من وەک تاک ئەگەر تۆم هەبێ بەسە بۆ شانازییەکی هەتا هەتایی.

ڕەنگە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ئێوە کاتێ وەک ڕێبەرێکی بێ هاوتا و لە هەمان کاتدا "بەتاقی تەنیا"تان دەناسێنێ بۆمان دەربخا کە ئێوە وەک کارگێڕێکی کاریزما، بە بەختکردنی گیانی خۆتان توانیتان میراتێکی هەرمان بۆ هەموو نەتەوەی کورد لە پاش خۆتان بەجێ بێڵێن، میراتێک بە ناوی کۆماری کوردستان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستیی هەرەوەزێکی گەشتیی کۆمەڵگەی جیهانی بە دژی کۆماری ئیسلامی

(ڕۆژی ٨ی جوونی ٢٠١٩ کۆنفرانسێک لە کوویینزلەندی وڵاتی ئۆسترالیا لە لایەن ناوەندی مافی مرۆڤی کوردانی ئوسترالیا (Australian Kurdish Association of Human Rights) بە بەشداریی دوو سێناتۆری ئەم وڵاتە و چەند کەسایەتییەکی کورد لەبارەی دۆخی ئێران و بەتایبەتی کوردستان (دۆخی مافی مرۆڤ و تیرۆر) بە زمانی ئینگلیسی بەڕێوەچوو. کاک ناسر باباخانی نووسەر و مامۆستای زانکۆ - نیشتەجێی ئەمریکا - وەک میوان لە ڕێگەی دوورەوە بەشداریی کۆنفرانسەکەیان کردبوو کە لێرەدا دەقی قسەکانی کە لە ئینگلیسی ڕا کراوە بەکوردی، دادەنێین.)

**بەڕێزان، میوانانی هێژا!**

بەر لە دەسپێکی قسەکانم ئیزن دەخوازم سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بەڕێوەبەرانی ناوەندی مافی مرۆڤی کوردانی ئوسترالیا (AKAHR) بکەم. سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی کە درا بە من بۆ ئەوەی لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران چەند وتەیەک لەگەڵ ئێوە بێنمە گۆڕێ. لە سەرەتادا دەمەوێ ئاوڕێک بدەمەوە سەر جۆری شرۆڤە و ئانالیزی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و کردەوەکانیان بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە.

وەک هەموو لایەک بە باشی دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرچاوەی نائەمنی و شێواندنی تەناهی و ناسەقامگیری ناوچەی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. حەولی بێوچانی ئەم ڕێژیمە بۆ وەدەستخستنی چەکی ناوکی، دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچە، دەوری نەرێنی لە هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە لە وڵاتانی یەمەن، لوبنان، سووریە، عێراق و بەحرەین و... پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییە نێونەتەوەییەکان، تیرۆری ئۆپۆزیسیۆن و چالاکانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات و لە ناوخۆی وڵات، سەرکوتی خەڵک و سنووردارتر کردنی ئازادییەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و... ئەمانە هەموو نموونەیەکن لە کردەوەکانی حکوومەتی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەر کاری تا هەنووکە.

دیارە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا ئاگاداری ئەم کردەوانە هەن، بەڵام بەداخەوە لەسەر جۆری پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئەم حکوومەتە دژەمرۆڤ و هەوسارپساوە هەر بەردەوامن و ئەوان هێشتا لەم خەوە ڕانەپەڕیون کە مەترسی ئەم ڕژیمە بۆ سەر ئەوان چەندە جیدییە!

ئێمە لەسەر ئەم باوەڕەین کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، هەندێ بایەخی نەگۆڕ و زۆر گرینگیان هەیە کە کۆمەڵگەکەی خۆیان لەسەر ئەم بایەخانە دامەزراندوە. ئەگەرچی سیاسەت و ئەخلاق بەداخەوە هەمیشە هاوتەریب نین و ڕێگایەکی هاوبەشیان نییە، بەڵام چاوەڕوانی کۆمەڵگەی ڕووناکبیری و بژاردەکان لە ئێران، لەم وڵاتانە ئەوەیە کە بە پێبەند بوونیان بە بایەخە دیموکراتیکییەکانی خۆیان، یارمەتیی گەلانی ئێران بدەن بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە، کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی بەسەر تەواوی وڵاتدا سەپاندووە.

هەر وەک باس کرا، بە پێی سەرجەم شرۆڤە و لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێ لە مەترسیدارترین ڕژیمەکانی سەر گۆی زەوییە. ڕاپۆرتە جۆربەجۆرەکانی سرویسە ئەمنییەکانی وڵاتان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، و هەروەها ژوورەکانی بیرکردنەوە و بیردۆزی، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ کلۆجێک جێگەی بڕوا و متمانە پێکردن نییە و ڕەفتارەکانی پێشبینی نەکراو و کۆنترۆڵ نەکراوە.

ئەگەرچی خولی نوێی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەوەندەیتر زەخت و گوشارەکانی بۆ سەر ئەم وڵاتە زیاد کردوە و گەمارۆکان بە تەواوی ئابووری ئەم وڵاتەیان دارماندوە و ئیفلیج کردوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە مەبەستە سەرەکییەکە (گۆڕینی ڕێژیم) بپێکێ و بەداخەوە خەڵکی ئاساییش زۆر زەرەرمەند بوون و خەساریان بینیوە. بەم هۆیە دەبێ دنیا بە هەرەوەزێکی گشتی گوشارێکی کردەیی زیاتر بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی.

دیارە دانانی ناوی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە لیستی تیرۆری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، خۆی نیشانە و هێمایەکە بۆ ئەوە کە بە دنیا بسەلمێندرێ کە ئەم وڵاتە پشتیوان و پشتگری کردەوەی تیرۆریستییە لە جیهاندا.

**بەڕێزان!**

ڕێک چل ساڵ لەمەوبەر، سپای پاسداران بە شێوەکی بێرەحمانە سەدان جینایەتیان بە دژی نەتەوە کورد ئەنجام دا کە ئەمانە هەمووی نیشانەیەک بوون بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوەیەکی تیرۆریستیی بێ ڕوحمە!

گەلی کورد لە ئێران زۆر زیاتر لە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان بوو بەقوربانی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەگەر دنیا دیهەوێ داهاتوویەکی هێمنانە و ئاشتیخوازنەی هەبێ و لە بایەخەکانی ئازادی بەرگری بکا، دەبێ لەم قۆناغە تێپەڕێ و بەرەو بە کردەویی کردنی بیرۆکەی گۆڕینی ڕێژیمێک کە هیچ چەشنە باوەڕێکی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ

و ئـازادی نییـه، هـەنگاو بنـێ. لـەبری زەخت و گوشـار بـه «قسـه»، دەبـێ تـەواوی دنیـا بـه «کردەوە» بـەرەنگاری ئـەم حکوومەتە بێتەوە.

**زۆر سپاس کە کاتی خۆتان تەرخان بۆ گوێ گرتن لە قسەکانم.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩**

## شەقام لە پشت "قەڵا"

ساڵێک تێپەڕی بەسەر مووشەکبارانەکەی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاتی ئەوە هاتوە لێکدانەوەیەکی وردتر و لەهمان کاتدا خەسارناسانەترمان هەبێ بۆ دۆخی پاش ئەم ڕووداوە تیرۆریستییە.

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ مانگرتنەکان و جووڵە مەدەنییەکانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و بەتایبەتی ئەو بەستێن و بوارەی مانگرتنەکان تێیدا شکڵ دەگرن بتوانێ بۆ شرۆڤەی مانگرتنە حیماسییەکەی ٢١ی خەرمانانی پارەکە یارمەتیدەر بێ. ئەم بەستێنە، ئەم بوارەی کە دەرەتانی ڕەخسانی وەها جووڵە و بزاڤێک دەدا بە خەڵک بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان هەڵبڕن، من وەک "شەقام" پێناسەم کردوە!

شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جاران هەڵکشان و داکشانی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایمە لەسەر خەت بووە، تەنانەت بەنیسبەت پارچەکانی تریشەوە... شەقامەکانی ڕۆژهەڵات لە قاڵبی خەباتی مەدەنیدا بەردەوام داکۆکییان لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا کردوە لە بۆنە جۆربەجۆرەکانی ئەم پارچانەدا.

لە لایەکی تریشەوە لە قاڵبی خۆڕاگری و نافەرمانی مەدەنیدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی تایبەتی، دووکان و بازاڕ دادەخا و مانگرتنی سەراسەری سازدەکا. لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، لە سێدارەدانی شەهید فەرزاد کەمانگەر، شەهیدکردنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد و... بوێرانە دەنگ هەڵدەبڕێ و مان دەگرێ و تێچووی قورسیشی بۆ دەدا.

کۆی ئەم نموونانە گوزارە لەوە دەکەن، شەقام لە ڕۆژهەڵات چەمکێکی جیاوازە. بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە. شەقام تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە!

لەڕاستیشدا ئەوە لەسەر شەقامە کە ناسیۆنالیزمی کوردی، خەریکی تەقەڵ و دروومانی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ "پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی" وەک دوامەبەست، بە ئاکام بگەیەنێ. مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری

بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی "کەلێن" بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی.

ئەم کەلێنانە بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و... کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵگە شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و - هەرچەند تا گەیشتن بۆ ئەم مەبەستە گەلێ کۆسپی تریش لەئارادان - لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

**سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس کردن لە یەک دوو نموونە بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:**

**یەکەم:** هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

**دووەم:** نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هاشتاگی لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی نێوخۆی بەتەواوی ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نێوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هاشتاگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا سەرەڕای هەموو خاڵە لاوازەکانی، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

دژکردەوەکە ئەوەندە خێرا و بەربڵاو بوو کە کۆماری ئیسلامیی تووشی شۆک کرد. ئەگینا بەپێی ئەو ناسیاوییەی لە کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەم هێرشە تیرۆریستییە درێژەی دەبوو بە ئاقاری مەترسیدارتردا. هەرچەند حاشا لەوە ناکرێ هێرشەکەی سەر قەڵای دێموکرات، کارەساتێکی زیانبار بوو بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و کۆستێکی گەورە بوو، بەڵام بێ هیچ شک و گومانێک مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەهاتنەدەرێی خەڵک لە ماڵەکانیان، سارێژی برینی شەهیدبوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ئێعدامی سێ گەنجی جیابیری سەر جەستەی نیشتمانی کردەوە. بۆیە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دەبێ بکرێ بە ڕۆژی خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی!

لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەشدا، لاموایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتۆتە پارچەکانی دی و ڕەگئاژۆی کردوە و خەریکی تەقەڵ و درووومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە. ڕۆژێک بۆ پەسندی فیدرالیزم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە سەر شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی بۆ ڕۆژاوا، ڕۆژێک بە بیانووی دەسبەسەرکردنی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و... بۆ هەموو ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان.

**پرسیارێکی گرینگ کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی هێرش کرایە سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ساتەوەختەدا؟**

**دیارە زۆر هۆکار دەسنیشان کراوە بۆ هێرشی کۆماری ئیسلامی وەک:**

- کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کاتەدا وەک ستراتیژیی شاراوە و ئاشکرای خۆی، دەیەوێ بە خولقاندنی قەیران، خۆی لە قەیران ڕزگار بکا.

- پەیامێک بۆ ئەمریکا، پەیامێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و پەیامێک بۆ هاوپەیمانان کە دەکرێ وەک هەڕەشە دێکۆدەی کەین!

- لە دوای شکانی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سووتاندنی کۆنسوڵخانەکەی لە بەسرە، لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ قەرەبووی سومعەی تێکشکاوی.

- دارمانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوخۆی ئێران.

- گوشارە دەرەکییەکان، بەتایبەتی گەمارۆکانی ئەمریکا

- بەئامانجکردنی لایەنێکی تایبەت بۆ مەبەستێکی تایبەت.

و... زۆر هۆکاری تر.

**بەڵام هۆکارەکان هەرچییەک بن، بێ چەند ئاکامێکی گرینگی لێکەوەتەوە:**

- هەرچەند باس کردن لە چەمکی شەرعییەت لە مابەینی حیزبێکی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە زۆرتر لە پارادۆکس دەچێ بەڵام هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵا، بەتەواوی شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستەبەر و مسۆگەر کرد.

- دووپاتبوونەوە و جەخت لەسەر نەبوونی شەرعییەتی سیاسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دەتوانین زیاتر وەک جۆری پەیوەندیی وڵاتێکی داگیرکراو و وڵاتێکی داگیرکەر لێی بڕوانین!)

- یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی نێوخۆ.

- بە تەعبیری هەندێ کەس ئەمە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی "نا" بوو بە کۆماری ئیسلامی کە چل ساڵ لەوەپێشیش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانەی تەواوی خەڵکی ئێران بە کۆماری ئیسلامییان گوت: نا!

– ڕەواییدان بە خەباتی چەکداری (دەسەڵاتێک کە شەڕت پێدەفرۆشێ، دەسەڵاتێک کە قەڵاچۆت دەکا... دەبێ و دەکرێ بە چەک بەرەنگاری ببییەوە.)

- وەک چۆن ئەم مانگرتنە لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەتی پارەکە وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕی لێ هات، دەبێ چەکی "مـن لەماڵ نایەمەدەر" بەدەستی خەڵکەوە بێ و بەردەوام لەسەرپێ بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و ئازادیکوژ!

- سۆشیال میدیا بەستێن و بواری دەنگھەڵبڕینی ئۆنلاینی بۆ خەڵک ڕەخساند تا بە ھاشتاگێک ڕووبەڕووی مووشەکە ڕووسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

لە کۆتاییدا ڕەنگە جێی خۆی بێ ئەم پرسیارە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین کە دۆسییەی شەھیدانی قەڵا بە کوێ گەیوە و لەم پەیوەندییە چ کراوە؟

ھەموو لایەک لەبیرمانە، نیکی ھێیلی باڵوێزی ئەو کاتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا باسی ھێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکرات کرد، واتە ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا - ئەوەندەی من ئاگادارم - ناوی حیزبی دێموکرات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە گۆڕێ کە بووەتە قوربانی تیرۆریزمی دەوڵەتی، کەوابوو ئەو پتانسییەلە بەھێزە ھەبووە کە ئەم پرسە کە لەم ئاستەدا بۆ تەواوی دنیا خراوەتە ڕوو، بکرێتە کەیسێکی زۆر جیددی بە دژی کۆماری ئیسلامی و تیرۆریزمی دەوڵەتی. لە ھەمان کاتیشدا میدیاکانی جیھان بە نیسبەت ھێرشەکە ڕووماڵێکی باشیان کرد و ئەمەشیان ھەر بە شێوەیەکی لەناخداھەڵگر دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی زیاتر دەمامک لە سەر ڕوخساری دەوڵەتێکی تیرۆریست لادرێ، بە تایبەتی کە ئێستا لە سپای پاسداران و ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بگرە تا پلەکانی خوارێ لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان!

بەھەرحاڵ وەک دواوتە ئەگەرچی جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد جارێکی تر بریندار بوو، بەڵام بێگومان ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە زامەکانیان سارێژ کردەوە و نیشانیان دا کە وەک ھەمیشە شەقام پشت و پەنای قەڵایە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## خولانەوە لە بازنەی خیانەتدا!

خیانەت ڕەنگە تەمەنی بەقەدرا مێژووی مرۆڤ بێ، ڕێک لەو کاتەوە کە قابیل، هابیلی برای کوشت، چەمکێکی دێرین و تێکچندراو کە تەنانەت هەندێ جار ئەوەندە ئاڵۆز دەبێ کە خائین و خیانەتلێکراو جێگۆڕکێیان پێدەکرێ! بەڵام ئەگەر بمهەوێ لە گۆڕەپانی سیاسەتدا مانایەکی ساکاری بۆ دیاری بکەم - بۆ ئەو مەبەستەی دەمەوێ بیپێکم - دەکرێ وەک جۆرێ لە پەیمان شکێنی باسی لێبکەین. واتە سەرەتا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکی هاوبەش، پەیمان و بەڵێنێک دەدرێ (زارەکی یان ڕێککەوتنێکی فەرمی) و تا بە ئەنجام گەیشتنی مەبەست، بە پێی ڕێککەوتنەکە دەبێ لایەنەکان سوور بن لەسەر بەڵێنی خۆیان، بەڵام کە پاشگەز بوویەوە لە بەڵێن و پەیمان، ئیتر ڕێک لەم پنتەڕا خیانەت دەست پێدەکا و ئەخلاق و مۆڕاڵ هیچ شوێنێکی نییە و ئەوە بەرژەوەندی یەکلایانەیە کە یەکلاکەرەوە و یان باشتر بڵێم پێشێلکەری جۆری پەیماننامەکانە.

هەر بۆیە لە پرسی «بەرژەوەندی نەتەوەیی»دا هیچ وڵاتێک گوێ ناداتە بایخە ئەخلاقییەکان و کاری بە سەر چاکە و خراپەوە نییە، تەنانەت سیاسەتی دەرەوەش لەسەر بنەمای ئەم چەمکە دیاری دەکرێ، بۆیە هەموو دەوڵەتێک خۆی بە ملزەم دەزانێ بۆ پاراستنی ئەم چەمکە لە پێناو پاراستنی سەروەریی وڵاتی خۆی!

بێگومان هۆکاری ئەوە کە بۆچی ئەم چەمکە ئەوەندە گرینگە، دەگەڕێتەوە سەر ئەمە کە شوێنکەوتە سەلبییەکان و ئاسەواری خیانەت ئەگەر نەڵێم تا هەتاهەتایە، تا ساڵیانی ساڵ لەنێو هەست و نەستی نەتەوەی خیانەتلێکراودا دەمێنێتەوە و دەبێتە بەشێک لە مێژوو، مێژووی نەتەوەیەکی شکستخواردوو!

بە باوەڕی من ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە ئەم پرسیارە سەرلەنوێ بێنینە گۆڕێ کە بەڕاستی کورد خیانەتی لێکراوە و قوربانیی خیانەتە؟ یان وەک هەندێ کەس دەڵێن ئەوە کوردە کە بۆخۆی هۆکاری خوڵقانی ئەو دۆخەیە کە تێیدایە؟ جنسی ئەو خیانەتە چییە؟ بەر لەوەی وەک خیانەت سەیر بکرێ دەتوانین بڵێین دۆخی کورد گرێدراوی جەبرێکی ژێئۆپۆلیتیکییە؟ بۆ ئەوەی بە دەرئەنجامێکی باش بگەین ڕەنگە دابەشکردنی خیانەت بە دەرەکی و ژوورەکی زیاتر بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێ.

سەبارەت بە هۆکاری نێوخۆیی کە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی یەکڕیزی و یەکدەنگی خودی کورد، دەمەوێ لە دەستەواژەی «سەرکێشی» کەلک وەرگرم:

بێشک هەموو مرۆڤێک ناتوانێ سەرکێش بێ، یاخی بێ لە یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت یاسا نێونەتەوەییەکان. بۆ سەرکێشی دەبێ جۆرێ بوێریی تایبەتت هەبێ کە خۆی لە ئاکامخوازی دەبوێرێ، واتە مرۆڤی سەرکێش بیر لەوە ناکاتەوە کە لە کورتماوەدا بە ئاکام بگا و زیاتر وەک ڕێبواری ڕێگایەکی دوور و درێژ و پڕکەندولەند ملی ڕێ دەگرێ. نسکۆ و هەرەس، سەرکەوتن و سەربەرزی قۆناغ و مەنزڵەکانی ئەم ڕێگایەن، بۆیە جاری وایە بە سەرکەوتن پشوو دەدا، جاری وایە بە نسکۆ، هەنیسکان! بەڵام ئەوەی گرینگە نەوەستان و بڕینی قۆناغەکانە.

لەم نێوەدا عەقڵییەتێکی تریش هاوتەریب لەگەڵ عەقڵییەتە سەرکێشەکە، قۆناغ بە قۆناغ ڕێگا دەبڕێ و سەرەتا بە شێوەیەکی مەسڵەحەتخوازانە لە قۆناغەکانی سەرکەوتندا بەڕواڵەت ڕەگەڵ شەپۆلەکانی سەرکێشی دەکەوێ، بەڵام لەگەڵ یەکەم چرکەی نسکۆ، مەسڵەحەتخوازی ڕوخساری خۆی دەگۆڕێ بۆ خۆبەدەستەوەدەری. ئیتر ناکەوێتە خەسارناسیی هۆکارەکانی نسکۆ بەڵکوو بە بیانووی نسکۆ، بیری سەرکێشی دەداتە بەر تیروتوانج و حەولی دەستەمۆکردنی ئەم بیرە دەدا و بەتوندی لۆمەی خۆڕاگریی بیری سەرکێش دەکا و بۆ ئەم مەبەستەش خۆی بەتەواوی لەگەڵ دەسەڵاتی باڵادەست ڕێک دەخا و دواجار تا ئاستی خیانەتیش دەڕوا. واتە ئەم خیانەتە نێوخۆییە ڕێک لە خزمەت خیانەتی وڵاتی داگیرکەر یا نەتەوە باڵادەستەکەدایە.

کە سەیری مێژووی هاوچەرخ دەکەی، خیانەت لە بزووتنەوەکانی کوردی، لە خودی جووڵە و بزووتنەوەکە تۆختر دێتە بەرچاو. لە ناوچەی موکریان ئایدیۆمێک باوە بە ناوی: «خیانەتی عرووس» کە باس لە خیانەتی ڕووسەکان دەکا بە نیسبەتی کۆماری کوردستانەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا باس لە ڕێککەوتنی ژێربەژێری (خیانەتی خۆجێیی) تاقمێ ئاغا و دەرەبەگیش دەکا کە خۆیان بەدەستەوە دەدەن و ئاخرجار ئەم دوو کردەوەیە دەبنە هۆکاری سەرەکی هەرەسی کۆماری کوردستان. وەک لە سەرەتادا باسی بەرژەوەندیم کرد، هۆکاری کشانەوەی ڕووسەکانیش بەرژەوەندی بوو کە ئەویش بریتی بوو لە نەوتی باکووری ئێران!

نموونەیەکی تر لە باشووری کوردستان، مارسی ١٩٧٥ مەلا مستەفای بارزانی بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقی و سیاسیی ئەمریکا بە نیسبەت گەلی کوردەوە وەبیر هێنری کسینجێر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دێنێتەوە و دەڵێ ئەم بێدەنگییە چاوەڕواننەکراوەی ئێوە بزووتنەوە و خەڵکی ئێمە لەنێو دەبا! چەند ساڵ دواتر بارزانی دەڵێ خیانەتیان پێکردین، بێگومان

مەبەستی بارزانی، خیانەتی ئەمریکا بوو لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە باشوور.

سەیر لەوەدایە هەر ئەم هێنری کسینجێرە دواتر حاشا لەوە ناکا کە ئەوان لەبنەوە خیانەتیان لە کورد کردوە. کسینجێر بۆ پاساوی خیانەتەکانیان بە دژی کومیتەی پایک (Pike Committee) کە لە کۆنگرێسی ئەم وڵاتە ساز ببوو دەڵێ: نابێ ئۆپراسیۆنی شاراوە لەگەڵ کاری خێرخوازی تێکەڵ بکەین! کەچی ڕاپۆرتەکانی پایک نیشان دەدەن کە تەنانەت لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنە شاراوەکانیشدا، بەڵێنەکانی ئەمریکا بە نیسبەت خەڵکانی تر هەمیشە نییەتێکی خراپی لەگەڵ بووە. پایک دەڵێ کە ئەمریکا بە نیازپاکییەوە لەگەڵ کوردەکان نەجووڵاوەتەوە!

ئەرکی ئەم کومیتەیە بەدواداچوون بوو بۆ کار و چالاکییە نایاساییەکانی CIA و هەروەها FBI و NSA. هەرچەند هەرگیز کۆنگرێس ئیزنی نەدا ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی بە فەرمی بڵاوکاتەوە، بەڵام بە نافەرمی ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو بوونەوە نیشان دەدەن کە ئەم وڵاتە هەرگیز بەهایەکی نەداوە بە هاوپەیمانی و هاوڕێیەکی کاتی بووە! ڕاپۆرتەکانی کومیتەی پایک ترسێنەر و ناهومێدکەرن و بەتاڵن لە بنەماکانی ئەخلاقی و تەنانەت ئینسانی!

هێرشی حەشدی شەعبی بە سەرپەرستیی پاسدار سولەیمانی بۆ سەر کەرکووک دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ڕێک بە بەرچاوی هێزەکانی ئەمریکادا، سەرلەنوێ گریمانەی خیانەتی ئەمریکای لە کوردەکان هێناوە گۆڕێ. بە تایبەتی کە جارێکی تر ئەمریکا ڕێک لەو شوێنەی پاسدار سلێمانی لێبوو و سێ ڕۆژ پێشتر لە لایەن ئەمریکاوە خرابوویە لیستی تیرۆرەوە، پشتی تێکردن!

بەڵام کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان لەسەر فەرمانی ترامپ زۆر سەرسوڕهێنەرتر بوو، چون لە ڕاستیدا ڕێک بە دژی چەمکی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و تەنانەت ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی خۆی بوو! بۆیە چراسەوزی ترامپ بۆ هێرش بۆ سەر شەڕڤانان کە هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا بوون بۆ لەناوبردنی داعش؛ وەک پەیمان شکێنی و خیانەت نەبێ هیچ ناوێکی تر بۆ دیاری ناکرێ. تەنانەت شەپۆلی بەربڵاوی هاوسۆزی لەگەڵ ڕۆژاوا ئەوەندە ئاشکرا و ڕوون بوو کە لە باڵاترین ئاستی حکوومیدا یەکی وەک نانسی پلۆسی، سەرۆکی کۆنگرێس و دەیان سێناتۆر و کۆنگرێسمەن و کەسایەتیی سیاسی و ڕۆژنامەنووس، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا وەک «خیانەت لە هاوپەیمانە کوردەکان» ناودەبن، بۆیە بە هیچ کلۆجێک ناکرێ ئەم خیانەتە پەردەپۆش بکرێ.

لە ڕۆژاوای کوردستانیش ئەمریکا پابەندی بەڵێنەکانی نەبوو، ئەمە ڕستەی ژێنراڵ مەزلووم کۆبانی بوو، بە واتایەکی تر

خیانەتیان لێکراوە، وەک لەوەپێش باس کرا خۆ دیارە مێژووی کورد لێوڕێژە لە خیانەتی نێوخۆیی و دەرەکی و ئەمە شتێکی تازە نییە، بەڵام ئەوە کە چۆن خۆت و نەتەوەکەت قوتار کەی لە دۆخەکە شەرتە. بۆیە ئەوان تا ساتەوەختی ئێستا لە پتانسییەلەکان کەلکیان وەرگرتوە: ڕەچاوی سیاسەتی زیگزاگی لەگەڵ زلهێزەکان، شەڕی قارەمانانەی شەڤانەکان و خوڵقاندنی حەماسەی خۆڕاگری، دەوری گرینگی کوردانی تاراوگە (هەر چوار پارچە) بۆ بردنی کێشەکە بۆ نێو دەسەڵاتی سیاسی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا، هاوتەریب کردنی بەشێکی بەرچاوی فەیسە جۆراوجۆرەکانی دنیا لەگەڵ خۆیان، کردنی سۆشیال میدیا بە سکۆی و مەکۆی دەنگ هەڵبڕین و... ئەوان دنیایان ڕەگەڵ خۆیان خست، بۆیە نابێ بە هاسانی ئەم دەسکەوتەیان لەکیس بچێ.

خۆ ئەگەر دوێنێ چەقۆی خیانەتی ئەمریکا لە پشتی ژێنڕاڵ بارزانی درا و ئەمڕۆ هەمان چەقۆ لە پشتی ژێنڕاڵ کۆبانیدایە، دیپلۆماسیی کوردی تەنانەت بە ناعیلاجیش بێ، لەبەر نەبوونی هاوسەنگیی هێز و دەرەتانێکی ئەوتۆ و ژێئۆپۆلیتیکی تایبەتی کوردستان، دەبێ دیسان لەسەر بەرژەوەندیی هاوبەشی کورد و ئەمریکا و ئورووپا پێداگر بێ. بەڵام لە سەرەتادا پێویستیی بە وتە سواوەکەیە، واتە ڕێکخستنی ماڵی کورد! مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم سەرەڕای ئەم ڕاستییە تاڵەی وەک خیانەت باسمان لێکرد و یەکی وەک ترامپ بە ڕووهەڵماڵدراوییەوە بەبێ ڕەچاو کردنی گیانی هەزاران شەهیدی شەڕی داعش لە عێراق و سووریە دەڵێ: واشنگتۆن بەڵێنی بە کورد نەداوە بۆ ٤٠٠ ساڵ پارێزگارییان لێ بکا،

ڕێئاڵ پۆلێتیک پێمان دەڵێ کە ئێستا کورد بۆتە کایەکەرێکی جیددیی گەمەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆتە پرسی سەرەکیی ناوچەکە و ناوی کورد لە کۆنگرێس و سێنا و پارلمانەکانی ئورووپادا دەنگ دەداتەوە و ئەم پشتیوانییە هەمەلایەن و بێ وێنەیە، لەگەڵ یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییەکان دەبێ ببێتە »ئاس«ی کورد، بەڵام لە سەرەتادا وەک گوترا پێویستی بە وتە سواوەکەیە، واتە ڕێکخستنی ماڵی کورد!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## ئەم بزووتنەوەیە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ!

**دیمانە: عەلی بداغی**

**ناسر باباخانی**: ئەم بزووتنەوەیە، سەرهەڵدانێکی خۆڕسکە کە دواجار کۆماری ئیسلامی تێکەوە دەپێچێ!

**ئاماژە:**

**خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە ئێران بە دژی گەندەڵی، ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی، گەڵاڵە چەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی دەسەڵات و هەروەها لەپێناو ماف و شوناسخوازیدا هەتا دێ زیاتر و بەربڵاوتر و ڕادیکاڵتریش دەبن، هەر بەو پێیەش سەرکوتی نارەزایەتییەکان توندتر و بێبەزەییتر. پرسیار ئەوەیە خۆپیشاندانەکان لە ئێران بۆ زوو دادەمرکێن؟ چۆن دەکرێ بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بەرفراوانتر و بەربڵاوتر ببنەوە؟ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرخستنی نارەزایەتییەکان دەبێ چ بکەن و لە چی خۆ ببوێرن؟**

**"کوردستان" ئەم تەوەر و بابەتانەی لەگەڵ کاک ناسر باباخانی، مامۆستای زانکۆ و چاودێری سیاسی لە واشنگتۆن هێناوەتە گۆڕێ.**

**عەلی بداغی**: ئەگەر بمانەوێ نارەزایەتییەکانی ئەمجارە لەگەڵ ئەوانی پێشوو جیا بکەینەوە و تایبەتمەندیی جیاوازی پێبدەین، جیاوازییەکان و ئەدرەسە تایبەتەکانی چین؟

**ناسر باباخانی**: سەرهەڵدانی ئەم دواییەی خەڵکی ئێران بە دژی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە، لە ڕاستیدا دەکرێ وەک کامڵ بوون یان باڵغ بوونی سیاسیی قۆناغ بە قۆناغ، لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سەیر بکرێ. ڕێک بیست ساڵ لەمەوبەر بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا کە دەکرێ وەک وردەبزووتنەوەی خوێندکاری ناوزەد بکرێ، دە ساڵ دواتر سەرهەڵدانی چینی مامناوەندیی ئێران بەتایبەتی لە تارانی پێتەختی ئەم وڵاتە وردەبزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بە ناوی بزووتنەوەی سەوز ساز کرد، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا سەرهەڵدانێک ساز بووە کە خۆی لە قاوغی وردبزووتنەوە دەرهاویشتووە و لە هەندێ ڕەهەندەوە جیاوازیی سەرەکی لەگەڵ وردەبزووتنەوەکانی بەرلە خۆی هەیە.

لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەی دوایی، بزووتنەوەیەکی سەرانسەری بوو کە جوغرافیایەکی زۆر بەرینتری لەخۆ گرتبوو کە لە پاش یەکەم ڕاپەڕینی تەنیا دوو ساڵی پێویست بوو سەرلە نوێ سەرهەڵداتەوە، هەروەها لە ڕوانگەی چنایەتییەوە لەوە پێشتر ئەگەر خۆپیشاندەران سەر بە چینی خوێندکار و چینی مامناوەند بوون، ئەوە ئێستا چینی هەژار و پێخواس و تەنانەت چینێکی دابڕاو لە چینی مامناوەند کە پێی دەوترێ lower-middle class (کە زۆر کات خوێندەوارن و نەمرنەژی دەژین) هێمای سەرەکیی بزووتنەوەکەن.

بە پێی داتا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە یەک لەسەر پێنجی خەڵکی ئێران لە پەراوێزی گەورەشارەکاندا دەژین و لەبەر هۆکاری دارمانی ئابووری و نەبوونی خۆشبژیوی و وێرانی کشتوکاڵ و بێکاری لە گوند و شارۆچکە و شارەکان کۆچیان کردووە بۆ قەراغ شارە گەورەکان کە زۆربەی هەرەزۆریان گەنجن، ئەمە لە کاتێکدایە کە داتا نافەرمییەکان باس لە بوونی ٢٤ملیۆن کەس لە پەراوێزی گەورەشارەکان دەکەن! کە ئەگەر وتەی پارلەمانیی کۆماری ئیسلامی بکەین بە بنەما، کە دەڵێ هێڵی هەژاری لە ئێران ٤\٨٠٠\٠٠٠ تمەنە، ڕادەی ئەم حەشیمەتە لە ٢٤ملیۆن زۆر زیاتر دەبێ، واتە لەشکرێکی تووڕە و وەزاڵەهاتوو کە دواجار دەتوانێ دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ بۆ هەموو پێشهاتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی.

لایەنێکی تر ڕادیکاڵیزە بوونی ئەم شۆڕشەیە، واتە خۆپیشاندەران چی تر خوازیاری سازش و سازان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی نین و لە هەموو دروشمەکانی ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرم و بەخۆداچوونەوە و ئەو جۆرە چەمکانەی بۆ چاکسازی دەکار دەکرێن لایان داوە و خوازیاری گۆڕانن، ئەویش گۆڕانێکی بنەڕەتی.

خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین، ماوەی سەرهەڵدانەکانە، ئێستا ئەو ماوە و برگە زەمەنییە زۆر کەم بۆتەوە و گەیشتۆتە دوو ساڵ. سەیر کە، لە بزووتنەوەی خوێندکاران ساڵی ٧٨ تا دەگەیە بزووتنەوەی سەوزی ساڵی ٨٨ دەبێتە دە ساڵ، تا دێینە سەرهەڵدانەکەی ساڵی ٩٦ کە خەڵک لەبەر پرسی ئابووری ڕژانە سەر شەقام دەبێتە هەشت ساڵ و دوو ساڵ دواتر سەرهەڵدانێکی ڕادیکاڵتر، گشتگیرتر و لە جوغرافیایەکی زۆر بەربەرینتردا ڕوو دەدا. ئەمە بە چ واتایەک دێ؟ بە واتای کەڵەکەبوونی داخوازە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خەڵک دێ کە لە لایەن دەسەڵاتەوە، وڵامی پێ نەدراوەتەوە، بۆیە سەر لە نوێ دوای دوو ساڵ هەڵەسوونی هێناوەتەوە.

**عەلی بداغی:** جەنابت پێشتریش باسی ئەوەت کردبوو کە خەڵک دێن و شەقام لە دەست دەسەڵات دەستێننەوە. یانی ئێمە ئێستا لە قۆناغی خاوەنداریی خەڵک لە شەقام و داخوازەکانیان داین؟

**ناسر باباخانی:** وەک پێشتریش گوتوومە یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەو جۆرە سەرهەڵدانانە، ئەستاندنەوەی

شەقامە لە دەسەڵات. دەبینین لەم سەرهەڵدان و خۆپیشاندانانەدا شەقام دەکەوێتە دەست خەڵک و دەبێتە پێگەیەکی زۆر بەهێز بۆ ئەوەی کە دەسەڵات بەرەورووی تەنگەژە بکا و دواجار بەرەو گۆڕینی ببا یا لانیکەم تووشی چاکسازیی بنەڕەتیی بکا. لە نیزیکبوونەوەی مەودای خۆپیشاندانەکانیشدا ئەو کۆدە دەخوێنینەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ئێمە بۆ ساڵێکی دی یان بۆ شەش مانگی دیکە یان زووتر یان بە هاتنە گۆڕێی هەر دەرفەت و بیانوویەکی دی، خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان، بۆیە بە باوەڕی من ئەوەش وەک خاڵێکی گرینگ دەبێ زۆر بەوردی سەرنجی بدرێتێ.

**عەلی بداغی**: دەسڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیارییەکان و بەربڵاویی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر سەرهەڵدانەکان و بەردەوامییان بووە و دەبێ؟

**ناسر باباخانی**: ئەوە سۆنامییەکە کە بەڕاستی کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە. وەک پۆمپێئۆ باسی دەکا زیاتر لە ٢٠هەزار گرتەویدیۆ و وێنە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نێردراوە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و سەرکوتی خۆپیشاندەران و قەڵتوبڕی ئەوان لە لایەن دەزگا ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەکەن. کۆماری ئیسلامی لە جۆری پێوەندیی خەڵکی ئێران لەگەڵ دنیای ئازاد و دێموکراتیک دەترسێ بۆیە تا ئێستا بەم ڕادەیە سانسۆڕ نەخراوەتە سەر میدیاکان و نەبیندراوە کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەم ڕادەیە خاو بکرێتەوە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو دنیادا ئێران بوو بە یەکەم وڵات کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەم ڕادەیە خاو کاتەوە و تەنانەت بە پێی ڕاپۆرتەکانی نێت بلاکس (NetBlocks) ڕادەی کەلک وەرگرتن لە ئینتێرنێت لە سەتا بگاتە پێنج و دواجار سفر، بۆ سازکردنی دوورگەیەکی ئایزۆلەی دابڕاو لە دنیای ئازاد و بۆ کۆنتڕۆڵ و سەرکوت و داسەپاندنی کەشی ئەمنی بەسەر وڵاتدا و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی هەواڵە مەترسیدارەکانی نێوخۆ کە لە دەوری کوشتنی خۆپیشاندەران خولی دەخوارد. هەر بۆیە ماوەی دە ڕۆژ ئێرانی لە جیهان دابڕاند، تەنانەت ئێستاش ئەم خاوی ئینتێرنێتە بەردەوامە و تا ئەم ساتە کە ئێمە خەریکی ئەو وتووێژەین لە خوزستان و بەلووچستان و لە هەندێک شوێنی دیکە ئینتێرنێت وەسڵ نەبۆتەوە!

بەڵام وەک دیتمان سۆنامی گرتەڤیدیۆییەکان لە پاش بەرقەرار بوونەوەی هێڵی ئینتێرنێت دنیای هەژاند و جیهان ئاگاداری جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خۆپیشاندەرەکان بوو، سەیری هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی بکەی بۆت دەدرەکەوێ کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندە شوێندانەرن.

بەهەر حاڵ سەرەڕای هەموو ئەم حەوڵاڵەی ڕژیم، ئێستا هەموو کەس وەک «شارۆمەند-پەیامنێر» بەس بە موبایلەکەی خۆی سەرکوت و جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تۆمار دەکا.

**عەلی بداغی**: وەک دەزانین و باسیشمان کرد، نارەزایەتییەکان زۆر بەتوندی سەرکوت کران، بۆ؟

**ناسر باباخانی**: دیارە ئەوە تایبەتمەندیی هەموو سیستمێکی دیکتاتۆرییە، بەڵام ئەمن پێم وایە بۆ شرۆڤەی هەموو ڕووداوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی، دەبێ باسی دەور و کردەوەی کەسانی پشت ڕووداوەکەش بکەین! بۆ وێنە ئاکاری ترامپ ڕێک لە ڕوانگەی سایکولۆژییەوە دەتوانی شرۆڤەی دروستی بۆ بکەی.

لە سەرجەم ڕووداوەکانی ئێرانیش ئەوە خامنەییە کە دەبێ وەک چەق و ناوەندی بڕیارەکان لێی بڕوانین. خامنەیی لەباری کەسێتیی و لەڕووی سایکۆلۆژییەوە نەخۆشیی دەروونیی هەیە! نەخۆشیی دەروونی وەک چی؟ تۆ ئەگەر سەیر بکەی هەر لە دوای مەرگی خومەینی بە یەک شەو لە «حجەالاسلام»ڕا بوو بە «آیت اللە»، ئەو ڕقەی لە ڕەفسەنجانی هەیبوو دەگەڕاوە سەر ئەوە کە ڕەفسەنجانی کەسێکی نیزیکتر بوو لە خومەینی، بۆیە ئەم کینەشی نەشاردەوە تا ئەم کارەساتەی بەسەر هێنا و لەسەر ڕێی خۆی لایدا، یان با بڵێین لە پێوەندی جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ «آیت اللە» موتتەزیریدا کە هەرگیز خامنەیی بە هیچ دانانەنا یا تەنانەت لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزدا عەینی شت. ئەگەر تۆ سەیری ئەدەبیاتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بکەی، ئاخاوتنەکانی بەدوورن لە شەئنی دیپلۆماسی و تەنانەت بەدوور لە شەئنی ئەخلاقی بۆ ڕێبەری وڵاتێک. بۆ نموونە چەند ساڵ لەوە پێش ئایدیۆمی «نفووز»ی کرد بوو بە بنێشتەخۆشکە و، دەست و پێوەندییەکانی لە میدیاکان بەردەوام ئەوەیان دەجوو. پێرارەکە تێرمی «اراذل و اوباش»ی بۆ خۆپیشاندەران بەکار هینا. ئەم ساڵ هات و «اشرار»ی بۆ لەکارکردن. هەمووی ئەوانەش کۆدێکن بۆ ئەوەی ناوەندە ئەمنییەتی و بەسیج و هێزە چەکدارەکان بەپێی هەمان دەستەواژەی بەناوبانگی «آتش بە اختیار» لە هیچ نەپرینگێنەوە و بە هەموو هێزەوە خەڵک سەرکوت بکەن. لە ڕاستیدا ترسی دیکتاتۆر و ترسی دەسەڵاتێکی ملهۆر هەمیشە لەبەر ئەوەیە کە دەسەڵاتەکەی لەکیس بچێ، بۆیە خەڵک بێبەزییانە سەرکوت کران. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەوان لە تەنیشتەوە لوبنان و عێراق دەبینن کە خەڵک هاتۆتە سەر شەقامەکان و ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا پێک بێ و تەنانەت ئەم ڕێژیمە بەیەکجاری هەر تێکەوە بپێچرێ. بۆیە ئەم نارەزایەتییانە بەم شێوە توندە سەرکوت کران.

**عەلی بداغی**: کە هەڵسەنگاندن بۆ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەکرێ، «بۆشایی ڕێبەریی دیاریکراو» یەکەم شتە قسەی لەسەر دەکرێ. بەو حاڵە و لە بەردەوامیی ئەو دۆخە، داهاتووی سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکانی خەڵک چۆن دەبێ؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە ئەوە بۆ سەرهەڵدانێکی کلاسیک تا ڕادەیەک ڕاست بێ، بەڵام لە نەبوونی ڕێبەرێک کە ئیجماعی

گشتیی لەسەر بێ، هەندێ جار نەبوونی ڕێبەرییەکی دیاریکراو خۆی لەخۆیدا دەبێ هۆکارێک بۆ ئەوەی کە یەکگرتووییەکی زیاتر - بەتایبەتی لەم جۆرە سەرهەڵدانانەدا - ساز بێ. چون لەبەر جیاوازیی لایەنەکان بەهەر حاڵ بەشێک لە خەڵکانی ئێران هەن کە لەگەڵ لایەنێکی سیاسیدا نین، یان بەشێک لە نەتەوەکان لەگەڵ حیزبێکی سیاسیدا نین.

بۆیە بە ڕای من بۆ بەردەوامیی ئەم خۆپیشاندانانە کە بێ سەرە و ڕێبەری نییە، سۆشیال میدیا دەتوانێ جۆرێ یەکیەتیی سەرانسەری ساز بکا کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز وەک تۆڕێکی بەربڵاو و دوورودرێژ «هیوا» و «تووڕەیی» لە هەناوی یەکتردا کۆکاتەوە. ئەگەرچی شوێنی لۆکاڵیی سەرهەڵدان شەقامە و تووڕەیی خەڵک لەوێ خۆدەردەخا، بەڵام سۆشیال میدیا شوێنی کۆبوونەوەی سەرانسەری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە و هیوا بە دوارۆژێکی باشتر. بۆیە شەقام وەک هێزی ڕەق ئامێری و سۆشیال میدیا دەبێ وەک هێزی نەرم ئامێری ڕەچاو بکرێ.

کۆماری ئیسلامیش ئەوی بەباشی بۆت دەرکەوتبوو بۆیە بە هەموو توانایەوە دەستی کرد بە فیلتێرینگی سۆشیال میدیا و خاوکردنەوەی خێرایی ئینتێرنێت، بۆ ئەوەی کە ئەو دەوری ڕێبەرییە لە سۆشیال میدیادا لەنێو بەرێ.

ئیزنم بدە بڕێک باسەکە بکەمەوە، وەک بۆخۆشت دەزانی بۆ سەرهەڵدانی زۆربەی هەرە زۆری شۆڕشە گەورەکانی دنیا چەند هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ وێنە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕانسە وەک گەورەترین شۆڕشی مێژووی مرۆڤایەتی، دوو هۆکاری سەرەکی ڕەچاو دەکرێ. یەکەم بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیری مێژوویی لەم وڵاتەدا و دووهەم گرفت و کێشەی ئابووری. ئەم بزووتنەوەیەی ئێستا لە ئێران سەریهەڵداوە لەبری پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی فەڕانسە، ئەوە سۆشیال میدیایە کە ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ دەکاتەوە و لەباری...

...ئابووریشەوە هەموومان دەزانین کە ئێران چەندە کاول بووە!

شۆڕشی فەرانسەش سەرەتا ڕێبەری نەبوو، خاوەنی نەبوو، بەڵام دواتر بوو بە خاوەن سەر و لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونیدا خۆی ڕێکخست. توندوتیژییەکانی سەرەتای شۆڕشیش کە بە هێرشکردن بۆ سەر بەندیخانەی باستیل دەستی پێکرد لە ڕاستیدا هێرش بۆ سەر نمادی ستەم و نادادپەروەری بوو. ڕووخانی باستیل، ڕووخانی هەیبەتی دەسەڵات بوو. وەک چۆن شۆڕشی فەڕانسە بەرهەمی ساڵ و دوو ساڵ و سێ ساڵ نەبوو بەڵکوو بەرهەمی هەفتا - هەشتا ساڵ کەڵەکە بوونی...

...گرفتەکانی کۆمەڵگەی فەڕانسە بوو، بزووتنەوەی نوێی خەڵکی ئێرانیش بەرهەمی چل ساڵ کەڵەکە بوونی کێشە سیاسی و

کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

**عەلی بداغی**: بەشێکی پرسیارەکەش ئەوە بوو کە داهاتووی سەرهەڵدانەکان چۆن دەبێ؟

**ناسر باباخانی**: وەک باسم کرد بێگومان سەرهەڵدانەکان بەردەوام و پێم وایە زیاتریش دەبن. چون حکوومەت و دەسەڵات ناتوانێ چارەسەری کێشەکان بکا، حکوومەت تووشی گوشارێکی لە ڕادەبەری دەرەکی و ژوورەکی بۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە ئەساسەن ماهییەتی ئەو حکوومەتەش، ماهییەتێکی نەگۆڕە و هەڵگری ڕیفۆرم نییە، لەبەر ئەوەی ژیانی خەڵک بەرەو دۆخێکی خەراپتر دەڕوا و تەنانەت وەک پێشتر باسم لە کەسێتیی خامنەیی کرد هەر ئەو بوو کە چراسەوزی دا بە هێزەکان بۆ ئەوەی کە خەڵک سەرکوت بکەن. خووی دیکتاتۆر ئەوەیە کە لە بڕیارەکەی پاشگەز نابێتەوە. ئەوەش وا دەکا کە گوشاری سەر خەڵک زیاد بێ و دواجار وەک هۆکارێک بۆ دیسان سەرهەڵدانی خەڵک، ئەویش لە سەرانسەری ئێراندا.

بزووتنەوەی ئەم جارە بە پێی ئەوە کە دوای ماوەیەکی کورت (پاش دوو ساڵ) سەری هەڵداوە و لە باری جوغرافیایی و ڕادەی حەشیمەت زۆر بەرفرەوانتر و ڕادیکاڵتر بوو ئەگەری سەرهەڵدانەوەی لە کورتماوەدا و ڕامالینی سیستم، یەکجار زۆرە، من پێموایە چیی وای نەماوە دواپەردەی شانۆی کۆماری ئیسلامی ببینین!

**عەلی بداغی**: ئەدی چۆن دەکرێ نارەزایەتییەکان بەربلاوتر بکرێن، ئەسڵەن لە بنەڕەتڕا دەکرێ شۆڕشێک بەدژی ئەم ڕێژیمە وەڕێ بخرێ، ڕێژیمێک کە خۆی بەرهەمی شۆڕشە؟ مەلزووماتەکەی چییە؟

**ناسر باباخانی**: ئەمە پرسیارێکە کە چل ساڵە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدوویدا وێڵە، تەنانەت وڵاتانی بیانی و لەسەرروویانەوە ئامریکا کە چۆن دەکرێ شۆڕشێک بەدژی ئەو شۆڕشە وەڕێ بخرێ؟ هەر لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا یا تەنانەت لە ئامریکای لاتیندا شۆڕش ڕووی داوە و کەسێک هاتۆتە سەر کار وەک شۆڕشگێر، وەک نموونەی ئەم ئەفسەرانی عەرەبی وڵاتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست کە وەک قارەمان، وەک ڕزگاریدەر هاتنە سەر کار کەچی دواتر بۆخۆیان بوون بە دیکتاتۆر و هەر بە شۆڕشیش لەبەین چوون. بۆ نموونە لە عێراق و میسر و یەمەن و...

جا بۆیە بۆ ئەوەی کە سەرلە نوێ شۆڕشێک وەڕێ بخرێتەوە ڕەنگە بەو مانا کلاسیکییەی کە ئێمە لە شۆڕش دەڕوانین ڕوو نەدا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. تا ئێستا ئێران پێی وابووە کە لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی جیدیدا دنیا بە هەموو جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ دەکا، یانی ترسی بەسووریە بوونی ئێران و ئەو کابووسەی

کە ئێستا لە سووریە ڕووی داوە، بووە هۆکاری ئەوەی دنیا لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا نەوی بکێشێ.

چون لە ڕاستیشدا لە ئێستادا ئێران ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی نییە، ئۆپۆزیسیۆنێک کە هەندێ ڕوخساری دیار هەبێ نییەتی.

بۆیە سەرەتا پێویستە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و بەهێز هەبێ، بۆ ئەوەی کە لە دنیای دەرەوە وەک ئاڵتێرناتیڤ و بەدیلێکی شیاو سەیریان کا و دواتر بتوانن لانیکەم وەک حکوومەتێکی کاتی یان گوزار لە کۆماری ئیسلامی شکل بگرێ و، پیشانی بدەن کە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە یەک دەستە و تایبەتمەندی دێموکراتیکی هەیە و دواجار بە هەڵبژاردن کارەکانی بەڕێوە دەبا. بۆیە من پێم وایە بەر لە هەموو شتێک سەرەکیترین کار دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشە و تا کاتێکیشئەو بەرە هاوبەشە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا نەبێ ئامریکا و دنیای دەرەوە دەستیان بۆ هیچ ناچێ.

بۆ نموونە کۆبوونەوەی «معارض»یی عێراقی بە ناوی کۆنگرەی لەندەن بۆ لابردنی سەدام بە ئیبتکاری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئامریکا ساز بوو. ئەو دەم هەندێک فەیس لە نەتەوە جۆربەجۆرەکان، کورد و عەڕەبی شیعە و عەڕەبی سوننی یەکیان گرت و دواجار توانییان دەسەڵاتەکە بگوازنەوە بۆ ئەم کۆنگرەیە. بۆیە شتێکی هاوشێوەی وەک کۆنگرەی لەندەن دەکرێ، بەڵام ئامریکا ئەوە نابینێ، ئورووپا ئەوە نابینێ و هەروەها هەندێ فاکتۆری دیکە وەک پێوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێی ئێران و کەنداو دەور دەبینن کە لەواندا ئێران وەک گورگەکەی چیرۆکی هەیاس بۆ ترساندنی ئەوان بەکاری بێنن. لە هەر حاڵدا پاشنەئاشیلی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر دەتوانێ ئەوە، بێ کە بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی گۆڕانخواز و دێموکراتدا خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بچێتە فازی کۆتاییەوە ئەمە کاتالیزۆرە بۆ بەردەوامیی نارەزایەتییەکان، بەڵام لە یادمان نەچێ کە خەڵک لە نێوخۆ هەمیشە هەنگاوێک لە پێش ئۆپۆزیسیۆن بووە!

**عەلی بداغی**: هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەدا چییە؟ وە لە داهاتوودا ئۆپۆزیسیۆن چۆن دەتوانێ کۆمەگ بێ و ببنە فاکتۆرێکی شوێندانەر؟

**ناسر باباخانی**: ئەگەر بێنم ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کورد پێک بگرم دەتوانم بڵێم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە حوکمی ئەو پاشخانە فکرییە، بە حوکمی ئەو چوارچێوە ئۆرگانیک و ڕێکخراوەییەی کە هەیەتی لە هەموو ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە دەتوانێ لە داهاتوودا زیاتر شوێندانەر بێ، دیارە ئەگەر بە گوتاری هاوبەشەوە بچێتە بازنەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە. بەهەر حاڵ ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەیە و ئەگەرچی خۆم ڕەخنەم

لێی هەیە بەڵام دەتوانێ دەسپێکێکی باش بێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بەگشتیدا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەدا بە باوەڕی من ڕۆڵێکی ئۆرگانیک نەبوو. ئەم سەرهەڵدانانە، سەرهەڵدانێکی خۆڕسک بوون وەک زۆربەی سەرهەڵدانەکانی تر.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ کەمکردنەوەی عەزەمەتی گیان بازی خەڵک و بە جۆرێ داشکاندنی سەنگی خۆپیشاندانەکان دەیهەوێ کە بەسەر ئۆپۆزیسیۆنیدا بێنێ و بە تایبەتی یەک دوو جەریان (وەک کوڕی شا و موجاهیدین) زەق دەکاتەوە کە نە توانایی ئەم ڕێکخستنەیان هەیە و نە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە کە بتوانن کارێکی لەم چەشنە بکەن. بۆیە ئەمن سەرهەڵدانەکان بەخۆڕسک دەزانم و دیارە حاشا لە ئینتیمای سیاسیی خەڵکی ئێرانیش ناکەم.

کەوا بوو کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە تیرێک دوو نیشان بپێکێ: یەکەم کەشەکە ئەمنییەتی بکا و دواتر خەڵک تاوانبار بکا بەوەی بە فیتی دەرەکی هاتوونە دەرێ بۆوەی بێبەزەییانە سەرکوتیان بکا. (بڕوانە سێناریۆی هەمیشەیی: ئێعتراف وەرگرتن لە خەڵک لە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا) لە کوردستانیش باس لە حیزبەکانی «ضد انقلاب» بنێشتەخۆشکەی سەر زارێتی!

لە کۆتایی وڵامی پرسیارەکەتدا دەبێ بڵێم ئۆپوزیسیۆن لەم سەرهەڵدانانەدا دەور و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە. بەڵام لە داهاتوودا چۆن دەبێ دەگەڕێتەوە سەرخۆیان. وەک گوتم ئێمە وک کورد دەبێ هاوکاریی بەکردەوە و گوتاری هاوبەشمان هەبێ و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا لای کەم تا ئێستا پێموانییە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوپوتانسیەلەی هەبێ و ئەو هێزە بتوانێ فاکتۆرێکی شوێندانەر بێ.

**عەلی بداغی**: جەنابت ڕۆڵی ژنان لە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەردا چۆن هەڵدەسەنگێنی. پێت وانییە سەرکوتی توندی ژنان لە پێشتریشدا لەو ترسەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕێژیم نایهەوێ ئەم کلێشە نوێیە تەحەممول بکا؟

**ناسر باباخانی**: وەک خۆت ئاماژەت پێکرد لە پرسیارەکەتدا، ڕێژیم نایهەوێ سەرچەشنێکی دیکە لە نێو بزووتنەوەی سەراسەریی ئێراندا بەو وردەبزووتنەوانە زیاد بێ. ئێستا بزووتنەوەی کرێکاریمان هەیە، بزووتنەوەی خوێندکاریمان هەیە، بزووتنەوەی نەتەوەییمان هەیە و بزووتنەوەی دیکە. ترسی ڕێژیم لە بزووتنەوەی ژنان ئەوەیە کە بە جۆرێک ئەمە ڕێک چاوی ئەسفەندیاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانە گرتووە! واتە لە ماوەی ٤٠ساڵ دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا، ڕۆخساری



سەرچاوە Serchawe

ژنی باش و ژنی خەراپی وێنا کردووە. ژنی باش بریتییە لەو ژنەی کە چارشێوێکی بەسەرەوە، دایکێک کە لە ماڵ خەریکی چێشت لێنانە و کاری بە هیچ کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نییە و دەچێتە وانەکانی قورئان و، ئەگەر لەو پەڕی خۆیدا چالاکیی کۆمەڵایەتیی هەبێ ئەوە یان بۆ ئیمام حوسێن یان بۆ بۆنە جۆربەجۆرەکانی مەزهەبییە و چاوی بەسەر ئەوەیە کە منداڵەکانی تووشی کێشە نەبن، ئەوە خوێندنەوەیەکی فەرمییە لە ژنی باش و ژنی موسڵمان لە کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ئێستا لەو سەردەمەدا ئێمە دەبینین دەوری ژنان زۆر زۆر بەرچاوە، وەک ژن و وەک هێزی شوێندانەر. یانی کاتێک لە بزووتنەوەیەکدا ژن دێت هاوشانی پیاو دەست پێدەکا بە خەبات و درووشم دەدا، چەشنێک لە چالاکیی ڕۆمانتیسیزم لە نێو کەشی ئەو سەرهەڵدانەدا ساز دەبێ کە لە هەموو فەزای دنیادا شتی وا هەیە. تەنانەت بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییەکی ئەویندار لە نێو خۆپێشاندەران ساز دەبێ و پێوەندییەکی عاتفی باڵ بەسەر سەرهەڵدانەکەدا دەکێشێ. ڕێژیم دەمەکە بەمەی زانیوە داوە و هەوڵ دەدا ڕێی لێبگرێ. چون سیمین دوبووار گوتەنی ئەوە ژنی ئازایە کە دەتوانێ منداڵی ئازا و ڕەها و چاونەترس رابێنێ، بۆیە لە داوێنی ئەو ژنەیە کە منداڵ پەروەردە دەبێ و دواجار ئەو منداڵە لەسەر بنەمای ئەو بارهێنانە و ئەو پەروەردە کردنە دەتوانێ بەدژی زوڵم و زۆری دەنگ هەڵبڕێ. تەنانەت لە نێو ئەدەبیاتی ڕەسمیی دەسەڵاتدا توندوتیژییەکی گوفتاری و سووکایەتی زمانی بەرامبەر بە ژن هەیە یان وەها باو کراوە کە کاتێک ژنێک دەسبەسەر دەکرێ یان بازجوویی لێدەکرێ ئابرووی بنەماڵەکەی دەچێ، ئابرووی ئەو ژنەی دەچێ واتە لە کەرەسەی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی ژن وەک هێز و دینامیزمێک لە بزووتنەوەدا پاشەکشەی پێ بکرێ و بیبەنەوە چوارچێوەی ماڵ و بیانخەنە ژێر چاوەدێریی باب و برا و مێردەوە و بەم شێوەیە دەیانەوێ ڕێیان لێ بگرن. بەڵام بە خۆشییەوە ئەمە بە دڵی کۆماری ئیسلامی ناچێتە پێشێ و بەشداریی ژنان لە مەیدانی نارەزایەتی تۆختر بووە و تەنانەت هەندێک جار تۆ لەو گرتە ویدیۆییانەدا دەبینی کە ژن دەوری لیدێر دەگێڕێ. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەو هێزە تۆقیوە و لە داهاتوودا ژنان دەورێکی زۆر سەرەکی دەگێڕن.

**عەلی بداغی**: کاک ناسر کەمێک پێشتر ئاماژەت بەو دەستەواژانە دا وەک «خەڵک» و «خەڵکی ڕاستەقینە». خامنەیی چەند ڕۆژ پێش لە کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک بەسیجیدا گوتی کە ئیرادەی «خەڵک» توانیی بەسەر «پیلان»ەکەدا سەر بکەوێ. کاک ناسر ئەگەر هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم قسانە بکەین، کام خەڵک و کام پیلان؟

**ناسر باباخانی**: خامنەیی دەمێکە لە وشەی «مردم»، واتە خەڵک کەلک وەردەگرێ، بۆ ئەو «مردم» بریتین لە دەستوپەیوەندی گوێڕایەڵی خۆت کە لە شەقامەکان بە ئەمری ئەو خەڵک دەدەنە بە گوللە لە ڕوانگەی نیزامەوە ئەوانە «خەڵکی ڕاستەقینە»ن، بۆیە بە یارمەتی وەرزرەتەکان و دەزگاکان خەڵک دێننە سەر شەقامەکان کە زۆربەیان مووچەخۆر و خوێندکار و قوتابی و مامۆستان کە ناچاریان دەکەن کە دەبێ ئیمزا بدەن و دەبێ خۆپیشاندان بکەن و لەسەر شاشەی

تلویزیۆنیش ناوی دەنێن حەماسەی خەڵک!

مەسەلەیەکی چینی دەڵێ کاتێک شتێک بەراوژوو نیشان دەدەی؛ واتە درۆ دەکەی. ئەمە پیشەی وڵاتانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویە کە ڕاستییەکانی نێوخۆ بە پێچەوانە نیشان دەدەن بۆ شاردنەوەی کەموکوڕییەکانی وڵات.

خامنەیی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئێستا، بەتایبەتی پاش مردنی خومەینی کە دەسەڵاتی گرتە دەست، ئیستراتیژیی سەرەکیی ئەم وڵاتەی بۆ نێوخۆ و دەرەوە لەسەر بنەمای بەراوەژوو نیشاندانی واقعییەتەکانی کۆمەڵگە داڕشتووە. ئەمە بەڵکوو دوکتورینێک بووە کە لە سەرەوەی هێرەمەکە واتە خۆی بۆ خوارەوە دیکتە دەکرا و لە هەموو بوارەکاندا بەجۆرێک هەوڵ دراوە کە سیمای ڕاستەقینەی دیاردەکان بشاردرێنەوە. شەخسی خامنەیی لەسەر بنەمایەکی پارانۆییدی بۆ بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکان لە زۆر تاکتیکی سەیروسەمەرە کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە ئەم دەستەواژانە بە بەردەوامی لە گوتارە سیاسییەکانی ئەو حکوومەتەدا کە لە زمانی «ولی فقیە» دەگوازرێتەوە بەدی دەکرێوەک پیلان، دوژمن، تەماح، سیخۆڕی، دەستەواژەی نفووز، خەیانەت، هەڕەشەی دەرەکی، دەستی پشتی پەردە، ئەرازل و ئەوباش و، ئەشرار لەم دواییانەدا و، ئەمە بوتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە بە هەر جۆرێک بەر بە هەر چەشنە پلۆرالیزمێکی سیاسی بگرێ. ئەم «خەڵک»ەی کە جەنابیشت باست فەرموو دەچێتە خانەی ئەم دەستەواژانەی ئەو بۆ مەرامەکانی بەکاری دێنێ.

بەڵام بەپێی هەموو ئامار و داتاکان کە لە ناوەندە ئاکادیمیک و باوەڕپێکراو نێونەتەوەییدا هەیە، کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانە ئیدیعای ڕێبەرەکانی، ڕێژیمێکی دارماوە، ئەم داتایانە تەعبیر لە دۆخی کارەساتباری ئێران دەکەن کە لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کۆماری ئیسلامیدا نەک باس ناکرێ، بەڵکوو باس کردنەکەشیان باسی سەرە؛ بۆیە لە حەقیقەتدا ئەو قەرائەتە ڕەسمییەی کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەقامەکان دەیداتە دەرەوە، ڕێک بەراوەژوو نیشان دانی حەقیقەتەکان و، ئەوەی مرۆڤکوژ و خوێنڕێژە پیاوەکانی ڕێبەرن نەک خەڵکی ئێران!

**عەلی بداغی**: کاک ناسر سپاس بۆ بەشداریت لەم دیمانەیەدا.

**ناسر باباخانی**: سپاس بۆ ئێوە و سەرجەم هاوکارانتان، «کوردستان» ئاوەدان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## دوا پەردەی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیە!

سەرهەڵدانی ئەم دواییەی خەڵکی ئێران لە دژی دەسەڵاتی سیاسی، لەڕاستیدا دەکرێ وەک کامڵبوون یان باڵغبوونی سیاسی قۆناغ بە قۆناغ، لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا سەیر بکرێ. رێک بیست ساڵ لەمەوبەر بزووتنەوەیەک سەری هەڵدا کە دەکرێ وەک وردە بزووتنەوەی خوێندکاری نێوزەد بکرێ، ١٠ ساڵ دواتر سەرهەڵدانی چینی مامناوەندی ئێران بە تایبەتی لە تارانی پێتەخت وردە بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بەناوی بزووتنەوەی سەوز ساز کرد، بەڵام لە دوو ساڵی رابردوودا سەرهەڵدانێک ساز بووە کە خۆی لە قاوغی وردە بزووتنەوە دەرهاویشتووە و لە هەندێ رەهەندەوە جیاوازی سەرەکی لەگەڵ وردە بزووتنەوەکانی پێش خۆیدا هەیە.

ئەم بزووتنەوەی دوایی، بزووتنەوەیەکی سەرانسەری بوو، جوگرافیایەکی زۆر بەرینتری لەخۆگرتبوو کە لە پاش یەکەم راپەڕینی، تەنیا دوو ساڵی پێویست بوو سەرلەنوێ سەرهەڵداتەوە، هەروەها لە ڕوانگەی چینایەتییەوە لەوەپێشتر ئەگەر خۆپیشاندەران سەر بە چینی خوێندکار و چینی مامناوەند بوون، ئەوە ئێستا چینی هەژار و پێخواس و تەنانەت چینێکی دابڕاو لە چینی مامناوەند کە پێیدەگوترێ lower-middle class (زۆر کات خوێندەوارن و نەمرنەژی دەژین) هێمای سەرەکی بزووتنەوەکەن.

ئەو باڵغبوونەی باسمکرد لە نێو گەنج و لاوەکانی چینی هەژار و پەراوێزخراوی ئێراندا گەیشتووەتە لووتکە. بە پێی داتا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە یەک لەسەر پێنجی خەڵکی ئێران لە پەراوێزی گەورە شارەکاندا دەژین و لەبەر هۆکاری دارمانی ئابووری و نەبوونی خۆشبژێوی و وێرانیی کشتوکاڵ و بێکاری لە گوند و شارۆچکە و شارەکان کۆچیان کردووە بۆ قەراغ شارە گەورەکان کە زۆربەی هەرەزۆریان گەنجن، ئەمە لە کاتێکدایە کە داتا نافەرمییەکان باس لە ٢٤ ملیۆن کەس لە پەراوێزی گەورەشارەکان دەکەن! کە ئەگەر وتەی پارلەمانی کۆماری ئیسلامی بکەین بە بنەما، کە دەڵێ هێڵی هەژاری لە ئێران ٤\٨٠٠\٠٠٠ تمەنە، ڕادەی ئەم حەشیمەتە لە ٢٤ ملیۆن زۆر زیاتر دەبێ، واتە لەشکرێکی تووڕە و وەزاڵەهاتوو کە دواجار دەتوانێ دەوری یەکلاکەرەوە بگێڕێ بۆ هەموو پێشهاتێکی سیاسی کۆمەلایەتی، ئەگەرچی دیسان ئاگری سەرهەڵدانەکە بە توندوتیژترین شێوە بەڕواڵەت دامرکاوە.

لەڕاستیدا دەسەڵات زۆر باش بۆی دەرکەوت ئەم راپەڕینەی دوایی لە دروشمی ڕیفۆرم و چاکسازی تێپەڕیوە و رێک وەلی فەقیهی نیشانە گرتووە و خوازیاری نەمانی رژیمە، بۆیە بە تەواوی هێزەوە، ڕێکخراوە سەرکوتکەرە نیزامی و ئەمنییەکانی

بێ سڵەمینەوە خۆپیشاندەرانی سیڤیلیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە!

ئەوەی کۆماری ئیسلامی کردی بە چرای سەوزی ڕێبەری وڵاتەوە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، کارەساتێکی مرۆیی بوو کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا وێنەی نەبووە، تەنانەت بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەموو دنیادا ئێران بوو بە یەکەم وڵات کە خێرایی ئینتێرنێت تا ئەو ڕادەیە خاو بکاتەوە و تەنانەت رادەی کەڵک وەرگرتن لە ئینتەرنێت لە سەتا بگاتە پێنج و دواجار سفر، بۆ سازکردنی دوورگەیەکی ئایزۆلەی دابڕاو لە دنیای ئازاد و بۆ کۆنترۆڵ و سەرکوت و داسەپاندنی کەشی ئەمنی بەسەر وڵاتدا و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی هەواڵە مەترسیدارەکانی ناوخۆ لەبارەی کوشتنی خۆپیشاندەران. هەر بۆیە ماوەی دە ڕۆژ ئێرانی لە جیهان دابڕاند، بەڵام سۆنامی گرتە ڤیدیۆییەکان لە پاش بەرقەراربوونەوەی هێڵی ئینتەرنێت دنیای هەژاند و جیهان ئاگاداری جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خۆپیشاندەرەکان بوو!

ئەوەی لە شارەکانی ئێران بینیمان، زیاتر لە سەرهەڵدان و شۆڕشی چینی هەژار و پێخواس و مامناوەندی ئێران دەچوو، کە گوشاری ئابووری بڕستی لێبڕیون. لەلایەکی ترەوە هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم گوشارە ئابوورییانەدا، فەساد و گەندەڵی بەرپرسانی باڵای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەم خۆیان، هەم خزم و کەسی هەرە نزیکیان، ئەم دژکردەوەیەی شەقامەکانی ئێرانی لێکەوتەوە.

بەڵام ئەمە تەنیا بەرهەمی گوشاری ئابووری ئەم ماوەیەی ڕابردوو نییە، ئەمە بەرهەمی کەڵەکەبوونی گوشاری سیاسی و دارمانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی چل ساڵ حوکمڕانی کۆماری ئیسلامییە. وڵاتێکی دارماو و وێران لە هەموو ڕوویەکەوە.

سەرنجڕاکێشە کاتێ بزانین کە کۆماری ئیسلامی ساڵانە ٨٣٠ ملیۆن دۆلار بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و ٣٦٨ ملیۆن دۆلار بۆ حەماس دابین دەکا! ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی هەواڵی بانکی ناوەندی ئەوروپا لە ساڵی ٢٠١٩، زیاتر لە ٧٠ لە سەدی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین!

بەهەرحاڵ ئەم دەنگهەڵبڕینانە بەڕای من دواجار لانیکەم زۆر هاوکێشە لە ناوخۆدا دەگۆڕن، کە گرینگترینیان، دیسان گەڕاندنەوەی شەقامە بۆ خەڵک. خەڵک لە هەموو دنیادا خاوەنی شەقامن، شەقام گەورەترین هێزە بەرامبەر بە چواردیوارییەک کە خاوەن دەسەڵاتەکان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن. ئەمە ڕێک ئەو دیاردەیەیە کە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی توانایەوە هەوڵی بۆ دەدا نەیەتەدی و نەبێتە ئەمری واقیع، بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ چەشنە سەرکوت و زیندان و کوشتنێکیش درێغی نەکرد و ناکا. دیسامبەری دوو ساڵ لەوەپێش بوو کە خەڵک شەقامیان ئەستاندەوە

و ئەمڕۆش هەمان چیرۆک دووپات بووەوە، واتە گرینگترین دەسکەوتی ڕاپەڕینەکان، وەرگرتنەوەی شەقام بوو!

هەوڵێکی بێ ئاکام و بێ ئەنجامی لانیکەم بیست ساڵی ڕابردوو لە قاڵبی ڕیفۆرمخوازیدا، (دوو دەیەی پێشتریشی لێ زیاد کەن) بوو بەهۆی ڕژانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان.

بۆ بەردەوامی ئەم خۆپیشاندانانە و بە گشتی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کە بێ سەرە و ڕێبەری نییە، سۆشیال میدیا دەتوانێ جۆرێ یەکێتی سەرانسەری ساز بکا کە بە تەعبیری مانوئێل کاستێلز وەک تۆڕێکی بەربڵاو و دووردرێژ "هیوا" و "تووڕەیی" لە هەناوی یەکتردا کۆبکاتەوە. ئەگەرچی شوێنی لۆکاڵی سەرهەڵدان شەقامە و تووڕەیی خەڵک لەوێ خۆدەردەخا، بەڵام سۆشیال میدیا شوێنی کۆبوونەوەی سەرانسەری و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە و هیوا بە دواڕۆژێکی باشتر. بۆیە ئەم بزووتنەوەیە دەبێ هەردوو ڕەهەندی باسکراو لەبەرچاو بگرێ.

بەڵام شەقامی کوردی دەبێ زۆر وریاتر لەگەڵ ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکان بجووڵێتەوە و لەسەر هەست بێ کە نەبێتە کەواسووری لەشکر و ئاوردووی ڕاپەڕین، چون دیتمان کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە دەستی ئاوەڵاترە ڕۆڵەی کورد بەبێ سڵەمینەوە بکوژێ و ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە لە کاتی سەرهەڵدانێکی لەم چەشنە، دەسەڵات زۆر ئەمنییەتیتر لەگەڵ کورد دەجووڵێتەوە، بۆیە بەپێی ئەو پتانسییەلانەی کورد هەیەتی، دەبێ لە پرۆسەی دەنگهەڵبڕینی سەرانسەریدا، ببێتە مێشکی ڕاپەڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٩

**بابەتی ساڵی............ ٢٠٢٠**

---

## پێشەوا، کاریزمایەکی ڕووناکبیر!

لە مێژووی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، کارەکتێری کاریزما و چەمکی کاریزمایی دەورێکی بنەڕەتییان گێڕاوە. دیارە نموونە زۆرن کە دەکرێ بە نیسبەت کاریگەریی بەربڵاویان، یا ئاستێکی سنووردارتر، باسیان لێوە بکەین، بۆ وێنە کەسایەتییەکی کاریزما دەتوانێ تەنیا سەرۆک عەشیرەتێکی کورد بێ یان سەرکردەی ڕاپەڕینێکی بەرینی جەماوەری یان گشتگیرتر، وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی.

هەندێ کەسایەتی لە پاش مەرگیان لایەنە کاریزماتییەکەیان تۆختر دەبێتەوە کە ڕەنگە ئەمیش بەشێکی بگەڕێتەوە سەر چەمکی مەرگ بە تایبەتی لە قالبی کوژران بە دەستی نەتەوەی باڵادەست کە دواجار دەبێتە چەمکێکی ڕەمزی وەک شەهید بۆ نەتەوەی بندەست. ئەم شەهید بوونە لە پێناو گەل و نەتەوە جۆرە پیرۆزییەک دەبەخشێتە کاریزما، کە شوورەیەکی پۆڵایین لە خۆشەویستیی خەڵک بە دەوریدا دەکێشێ و تەنانەت ئەوەندە ئەم ڕێز و سۆزە بەرز دەبێتەوە کە بە هیچ کلۆجێک کۆمەڵگا تابشتی بچووکترین ڕەخنەی لە کاریزما نامێنێ و ڕەنگە بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستی بێبەش لە هەموو مافەکانی، شتێکی سەیر نەبێ وەها پارێزگارییەک لە کاریزماکەی خۆی. بۆیە ماکس ڤێبەر گوتەنی جۆری پەیوەندی کاریزما و خەڵک، زیاتر دێتە خانەی هەست و سۆزدارییەوە، بەتایبەتی کاریزمایەک کە ڕەهەندی ڕووناکبیریشی پێوە دیار بێ!

سەبارەت بە ڕەهەندە ڕووناکبیرییەکەوە ڕەنگە کەلک وەرگرتن لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعید بۆ جۆرەکانی ڕووناکبیر بۆ شرۆڤەی باسەکەمان بەسوود بێ! سەعید قایل بە بوونی دوو جۆرە ڕووناکبیرە: ڕووناکبیرە سوننەتییەکان و ڕووناکبیرە ئۆرگانیکەکان. بە باوەڕی ئەو ڕووناکبیری سوننەتی - وەک مامۆستایانی ئایینی - زیاتر لە ڕوانگەی پەند و نسحەتەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی دیاردەکان دەکەن. بەڵام ڕووناکبیری ئۆرگانیک بوونەوەرێکی شوێندانەر و شوێنوەرگرە. ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک لەگەڵ بارودۆخی وڵات و زرووفی زەمانی بیر و باوەڕیان بیچم دەگرێ و دەبن بە بەرهەمهێنەری گوتار.

بەم تایبەتمەندییانە دەکرێ پێشەوا قازی محەممەد وەک کاریزمایەکی ڕووناکبیر لە قەڵەم بدرێ. دەکرێ بڵێین پێشەوا

لەسەر بنەمای پاشخانێکی فکری لەوەپێش، لەگەڵ هاوڕێیانی بە خوێندنەوەیەکی دروست و واقعبینانە و لە هەمان کاتدا پێویست، بنەمای گوتارێک دادەمەزرێنن کە گوزارشت لە خەون و خولیاکانی نەتەوەیەک دەکا کە توخمی شوناس و پێناسەی نەتەوایەتی لێ سەندرابوو. بێ هیچ شک و گومانێک ئەم گوتارە وامداری کەسایەتی کاریزما و هزری ڕووناکبیری پێشەوایە. گوتارێک کە دواجار دەبێتە گوتاری زاڵی کۆمەڵگا، لە کاتێکدا هەندێ ئاماڵ گوتاری ئایینی و ئاماڵ گوتاری "کۆیلە - ئاغا" و سوننەتیش باڵی بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، لەڕاستیدا لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا هاوکێشەی "چەوسێنەر - چەوساوە" بە ڕوونی دەدیترێ. بۆ وێنە ژن بە گشتی، منداڵ، چینی هەژاری لادێیی، چینی مامناوەندی شار، ڕووناکبیری پەراوێزخراو و... هەموو لەم هاوکێشەیەدا دەچەوسێندرێنەوە.

تا سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووناکبیرانی سوننەتی، بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئابوورییان لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوون و هێزێکی یەکجار زۆریان هەبوو، بەڵام توانایی گوتارسازی و جەرەیانیان نەبوو، چون لە حەقیقەتدا نە بە تیۆری پشتئەستوور بوون و نە بە پێشوازییەکی ئەوتۆی خەڵکی چەوساوە. هەر بۆیە لەگەڵ هەرەسی کۆمار هەر ئەوانن کە دەبنە هاودەست و هاوداستانی ئەرتەشی پاشایەتی. بەلام بەپێچەوانەوە ڕووناکبیرانی ئۆرگانیک، بە ناسینی دۆخی وڵات و کەلک وەرگرتن لە هەلی هەڵکەوتوو، بەرەبەرە گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای پێناسە و شوناسی نەتەوایەتی دەکەن بە گوتاری زاڵ بۆ ڕووخاندنی ئاماڵ گوتارە سوننەتییەکان و دواجار لەناو بردنی هاوکێشەی چەوسێنەر - چەوساوە!

"دەسکەوت"ەکانی کۆماری کوردستان لە ماوەی کەمتر لە یەک ساڵدا وەک دەرکەوتە و دەرئەنجام گرینگترین چەمکی لێکدانەوەی شرۆڤەکارانە بۆ ئەم کۆمارە ساوایە، کە زۆربەی دەسکەوتەکان خۆی لە هەندێ دامەزراوە و ڕێکخراوەی تایبەتدا دەبینێتەوە کە لەوە پێش بوونیان نەبووە و سەرجەمیان تەعبیر لە دەسەڵاتی خەڵکی دەکەن، وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "کۆماری کوردستان کۆمارێکی گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەڕێوەبەری جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لەمانە لە کۆماری کوردستاندا خاوەن دەسەڵات بوون بەڵام هەوڵ درا کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازاڕ نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و بەڕێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن. بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پانوبەرینی گەلی پێکهاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو".

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دەسکەوتانە بەرهەمی ئاڵۆگۆڕێکی مێژوویین، یان وردتر بڵێم خاڵگۆڕانێکی مێژوویی کە لەسەر دەستی پێشەوا ڕوو دەدا کە بریتی بوو لە گۆڕانی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بە تەعبیری مامۆستا هەژار



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر داروپەردووی ژێکاف سەرهەڵدەداتەوە، ڕێک ئەوەی ئەمر زەبیحی باس لێوە دەکا کە حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ڕاستیدا یەک حیزب بوون بەڵام لە سێ قۆناغی زەمانی جیاوازدا.

دەکرێ جۆری خوێندنەوەمان بۆ ئەم خاڵگۆڕانە ئاوا بێ کە ئەوە پێشەوایە کە هزرەکەی کۆمەڵەی ژێکاف لە چینی ڕووناکبیرەوە دەگوازێتەوە قالبی دامەزراوەیەک وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە ئەم جارەیان نەک هەر ئێلیتەکان و بژاردەکان، بەڵکوو کۆمەڵانی هەراوی خەڵک لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی هاوکێشەی "چەوسێنەر - چەوساوە" بە یەکجاری لەناوبچێ! ئەوە ڕێک بەشێنەوەی ناسنامەیەکە بە سەرجەم تاکەکانی نەتەوەیەکی حاشالێکراو و لە هەمان کاتدا کردنی پرسێکی نهێنی و دەروونی و خۆجێیی، بە پرسێکی سەرانسەری و هەروەها تێوەردان و سەرنج ڕاکێشانی زلهێزەکانی جێگیر لە ناوچەکە بۆ پرسی کورد!

پێشەوا لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە وەک ڕەئیس جمهووری کۆمار کاری کردووە بەردەوام هەندێ کۆدی تایبەتی بڵاو کردۆتەوە کە لە زۆر شوێنی ڕۆژنامەی کوردستاندا - ئۆرگانی حیزب - دەدیترێ، کە دەکرێ وەک کلیل وشەکانی گوتاری کۆماری کوردستان سەیر بکرێن، ئیتر لە قۆناغی بوونی کۆمەڵەی ژێکاف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک دەسپێک، کەسایەتی کاریزمای پێشەوا ئەم حەولە بە ئەنجام دەگەیەنێ، لەمەوبەدوا دەوری پێشەوا جگە لە دەوری کارگێڕێکی کاریزما، دەوری ڕووناکبیرێکی بەرهەمهێنەری گوتاریش بەخۆوە دەبینێ.

ئەگەر سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە بکەین: ئاڵا، پێشمەرگە، کۆمار، سروودی نەتەوەیی، میللەت، سەربەخۆیی، ئیستقلال و... ئەمانە هەموویان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بەردەوام وەک مۆتیڤی سەرەکی دووپات دەبنەوە. لە پاڵ ئەمانەوە پێشەوا هەندێ کۆد دەداتە دەرەوە کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ پرسی مافی چارەنووسی دواڕۆژ خوێندنەوەیان بۆ بکرێ و پشتیان پێوە ببەسرێ. بۆ نموونە پێداگری پێشەوا لەسەر مەنشووری ئاتلانتیک وەک جاڕنامەیەک کە ڕێز لە دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەکان دەگرێ، کاتێ ڕاستەخۆ لە ڕۆژنامەی کوردستان سوێند بە شەرافەتی میللی کورد و بە ئاڵای موقەددەسی کوردستان دەخوا بۆ ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان، کاتێ کاروباری دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ بیانییەکان دەسپێرێتە زەبیحی، کاتێ چەمکەکانی سەربەخۆیی لە ڕۆژنامەدا دەبنە مۆتیڤی سەرەکی، کاتێ خەریتەی کوردستانی گەورە لە ژووری کارەکەی هەڵداوسێ و... هەمووی ئەوانە تەعبیر لەوە دەکەن کە پێشەوا چاوی بڕیوەتە دواڕۆژی گەلەکەی. کۆی ئەم کۆدانە و هەروەها مێژووی زارەکی تایبەت بە کۆماری کوردستان، پێمان دەڵێ کە پێشەوا مرۆڤێکی دوورەدەست ڕوان بووە، بیری هەر لە سەردەمی خۆیدا قەتیس نەماوە و گەشبین بووە بە داهاتوو، ئەگینا هەرگیز گیانی خۆی بەخت

نەدەکرد. ئەو بێگومان گیانی لە پێناو ئامانجێک دانا کە لە سەردەمی ئێستادا بۆتە خولیای تاکی کورد کە ئەویش پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووسە!

## پەراوێز:

١- وەک کەوانەیەک، وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە هەندێ جار سنوورێکی زۆر ورد لە نێوان کاریزماتیسم و دیماگۆژیسم هەیە. دیماگۆژیسم لەسەر بنەمای درۆ و فریو و بەلاڕێدا بردنی خەڵک دامەزراوە و بە پێی بەرەوپێشچوونی زەمان ڕووە شاراوەکەی وەدەردەکەوێ و خۆ دەدۆڕێنێ، کەچی ئەم جۆرە کاریزمایەی وەک لە سەرەوە باسم کرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕیشەکانی زیاتر ڕۆدەچێتە قووڵایی هەست و ئاوەزی خەڵکەکەیەوە.

٢- ڕەنگە من لەگەڵ دەستەواژەی ڕووناکبیری سوننەتی گرفتم هەبێ، بەڵام ئەم دابەشکردنەم بۆ ئەم بابەتە پێ گونجاو بوو!

٣- ڕەنگە خوێندنەوەی ئەو دووبابەتەی - هەرچەند بڕێک دوورودرێژن - لینکەکەیان لە کامێنتی یەکە و دووهەمدا داندراوە، بۆ شرۆڤەی باسەکەمان یارمەتیدەر بێ.

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٧١دا بڵاوبۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## واوێژێکی متمانەپێکراو!

### ئاماژە:

"کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە (١٩٩١ - ١٩٤٥)، ئەمە ناونیشانی تێزی دوکتورای کاک سمایلی بازیارە کە ئەم ڕۆژانە بەسەری کردمەوە و بۆی ناردبووم. بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕە جگە لە دەقی تێزەکە، بیروبۆچوونەکانی کاک سمایل لە دەرەوەی دەقی تێزەکەش یارمەتیدەرم بوون. با ئەو ڕاستییەش بدرکێنم کە ئەم یادداشتە تەنیا و تەنیا دێتەی خانە سپاس و پێزانینەوە، چون دڵنیام کارەکەی کاک سمایل هەڵدەگرێ زۆر زیاتری لەسەر بدوێی و ئەمە بەس بۆ ناساندنی ئەم توێژینەوە بە پێزەیە.

مێژووی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانەوە وەک حیزب دێموکراتی کوردستان و دواتر وەک حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاستگۆیانە لە لایەن دوکتور سمایلی بازیارەوە دەگێڕدرێتەوە. گرینگی ئەم ڕیوایەتە لەوەدایە کە گێڕانەوەکە تەنیا لە چوارچێوە و قابی حیزبی دێموکراتدا نامێنێتەوە و پەلکێشی دەکا بۆ دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە تا دواجار بتوانێ ڕەوتی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەگان نیشان بدا و پێداگری لەسەر ئەوە بکا کە بەشێک لەم ئاڵوگۆڕانە کە هەندێ جار ڕادیکالیزمێکی بەحەقیشی پێوە دیارە، بەرهەمی گوشارە دەرەکییەکان و زەختە ناوخۆییەکانە. لە ڕاستیدا ئەم دژکردەوەیە - بۆ وێنە لە دوای کۆنگرەی چواری حیزب - بەرهەمی گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، حیزبی توودە، هەندێ جەرەیانی چەپی کوردی و غەیرەکوردی و هەروەها ڕەوتە ناوخۆییەکەی سەر بە حیزبی توودەی ناو کۆنگرە بوو. ئیتر ئەمە حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان نییە کە خۆی تاقانەی مەیدانی خەبات بێ، بەڵکوو حیزب، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەبێ بەرهەڵستی زۆر لایەنان بێ. بۆیە لە ڕەوتی گێڕانەوەکەدا بازیار هەر لەنگەر لەسەر دژایەتییەکانی ناوخۆ ناگرێ و سەرجەم ساحەکان لە کوردستانەوە بگرە تا ئێران و تەنانەت ڕووداوەکان و کارتێکەرییەکانی جیهانیش دەخوێنێتەوە!

واوێژی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەوەک کادرێکی باڵای حیزب، بەڵکوو وەک چاوەدێرێکی دەرەکی و بێلایەن کە هەندێ جار تێبینییەکانی لە قەرائەتی فەرمی سەرکردایەتی حیزبەکەشی لادەدا، لە حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکافەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بێ ئێران و بە ئێرانەوە! بەڵام ئەمە هەر گێڕانەوەیەکی ساکار نییە، بەڵکوو چەمکە تیۆریکەکان بەردەوام لە نێو دێڕەکانی مێژوودا دێن و دەچن،



سەرچاوە Serchawe

واتە ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکە پشت ئەستوورە بە زیاتر لە چوارسەد سەرچاوەی هەمەجۆر وەک کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕ، یادداشت، بیرەوەری، چاوپێکەوتن، میدیا، ئارشیو و... بەڵام توێژەر بە ئانالیز و لێکدانەوەکانی خۆی لە "تاریخ نقلی" و گێڕانەوە تێدەپەڕێ و بەرەو تاریخی زانستی و شرۆڤەیی هەنگاو دەنێ. بۆ وێنە بە تەسەلی لەسەر جیاوازییەکانی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" و "سۆسیال دێموکراسی" و هەروەها "سۆسیالیزمی مەوجوود" لەنگەر دەگرێ و دەوەستێ بۆ ئەوەی لێزانی و چازانی سکرتێرەکەی نیشانی خوێنەری وردبین بدا!

بازیار زیرەکانە باس لە دوو هێڵی هاوتەریبی ناو حیزب دەکا، دوو هێڵ کە هەر لە زەمانی حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکافەوە تا دەگاتە کۆماری کوردستان و حزبی دێموکراتی کوردستان، بەجۆرێ وەک دەق و پەراوێز بوونیان هەیە: هێڵی چەپ ئاژۆ و هێڵی پەلکێشی ڕاست! خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە زۆربەی ڕووداوەکان لە تێک هەڵەنگوتنی ئەم دوو هێڵەدا خویا دەبن.

مێتۆدی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە ناڕاستەوخۆ لەسەر مێژووی زارەکی دامەزراوە، لە بیرەوەرییەوە بگرە تا شرۆڤە، لە خۆجێییەوە بگرە تا بیانی، لە نەخوێندەوارەوە بگرە تا مامۆستای زانکۆ. هەروەها ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێ بە سەرچاوە مێژووییەکان، بەڵام کە فاکتیان لێ دێنێتەوە و قسە و بۆچوونیان باس دەکا، هەر یەکەوڕێ قسە و شرۆڤەی خۆشی دەخاتە پاڵ قسەی ئەوان، تا دەقی تێزەکە ببێ بە دەقێکی بەرهەمهێنەرانە و ئۆریجناڵ!

لەم نێوەشدا ئەوەی وەک هونەری نووسینی توێژەر خۆی دەردەخا پێکەوەلکاوی فاکتەکانە، چون هەست بە سەکتە و گرێ ناکەی و هەست ناکەی کە یەکێتی بابەتەکە تووشی پچڕان و دابڕان بووبێ.

شابەیتی غەزەلی ئەم گێڕانەوەیە دوکتور قاسملوویە! چەق و ناوەندی ئەم تێزە دوکتور قاسملوویە. بازیار بەردەوام لە حەولی ئەوەدایە کە پێداگری شەهید دوکتور قاسملوو لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی حیزب بۆ خوێنەرەکەی باس بکا، دەڵێی هەستی بەمە کردووە کە لە نەبوونی ئەم سەربەخۆییە، حیزب تووشی چ خەسارێکی مەزن دەبێ! پێم خۆشە سووکەلەنگەرێک لەسەر ئەم چەمکە و گرینگی ئەم چەمکە بگرم:

شەهید دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٧١ بەر لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، بە گەڕاندنەوەی چەمکی سەربەخۆیی بۆ ناو حیزبی دێموکرات و سەربەخۆیی لە بڕیاردانـدا بنـاغە تیـۆری و فیکرییەکـانی ئەم حیزبەی سەرلەنوێ داڕشتەوە، ئەمە لە هەمان کاتدا کە پرستیژی حیزبی دێموکراتی لەناو ئێران و لە خودی کوردستاندا بردە سەر، شۆکێکی بەهێزی ڕەوانی بوو بۆ ئەو



سەرچاوە
Serchawe

کەس و لایانانەی دڵیان بۆ حیزبی توودەی ئێران لێیدەدا یان تەنانەت دڵبەستەی پارتی بوون. ئێستا حیزبی دێموکرات، حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و تەنیا هێز و پاڵپشتی حیزب، خودی گەلە!

ئەمە سەرەتای بنیاتنانەوەی فۆنداسیۆنێکی بەهێز و مەنتقی بوو بۆ حیزبێک کە دەیەوێ خۆی لەناو بازنەی خەڵکەکەیدا ببینێتەوە و بێ منەت لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی تر (بە مانا سەربەخۆیی سیاسییەکەی) بەرنامە و پرۆگرامی خۆی بەڕێوەببا و دواجار بە هۆی شۆڕشی گەلانی ئێران و سازبوونی بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ببێتە گەورەترین حیزبی هەر چوار پارچەی کوردستان.

ئەمە قۆناغی قاسملوو بوو، ئەم قۆناغە لە پاش شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٩ درێژەی دەبێ و سەرەڕای هەموو کێشە ناوخۆییەکانی ناو حیزب، چەمکی سەربەخۆیی وەها لەناو پێکهاتەی حیزب و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکدا پراکتیزە ببوو کە نەیدەهێشت پەراوێز بە دژی دەق قوت بێتەوە!

ڕەنگە یەکێ تر لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم تێزە ئەوە بێ کە بازیار لە مرخێش مرخێشەکانی ناو حیزبدا، زیاتر سەرنجی داوەتەوە بیروبۆچوونەکان نەک ناوی خاوەن بیروباوەڕەکان، نەک کێشە تاکەکەسییەکان! ئەمەش ڕێک تایبەتمەندی توێژینەوەیەکی زانستی و ئاکادیمیکە. کە ئەگەر ئەوەشی کردبا زۆر شتێکی ئاسایی بوو چون باسی مێژوویە و مێژووش بەبێ کارگێڕ مانا نادا!

دوکتور بازیار بۆخۆی دەڵێ من ئەو تێزەم بەر لەوەی بۆ زانکۆ نووسیبێ بۆ حیزبی دێموکرات نووسیوە، بۆیە بە باوەڕی من دەبێ کادر و پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، ئەم ئەمەگناسی و وەفادارییە بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە بقۆزنەوە.

هەرچەند ئاواتی ئەوەم دەخواست کە ئەم توێژینەوەیە سنووری ساڵی ١٩٩١یشی بەزاندبا و گەیشتبا سەردەمی ئێستا و بەتایبەتی ئەم ڕوانینە کرۆنۆلۆژیکە، دۆخی بیری چەپ و پێگەکەی لەسەر وەچەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات شەونوکەو کردبا، بەڵام کە دۆخی حیزبەکان دەبینم، ڕەنگە منیش وەباڵی بۆ بکێشم کە بڵێم هەر لەم ساڵەدا بمێنەوە!

**پەراوێز:**

**١- بێ هیچ شک و گومانێک ئەم تێزە بۆ ئەوەی لە زانکۆ تۆزی فەرامۆشی لەسەر نەنیشێ، دەبێ بخرێتە دووتوێیی کتێبەوە.**

**٢- واوێژ پێشنیاری مامۆستا سەلاحی ئاشتی بوو بۆ ڕاوی، بەڵام بۆخۆم گێڕەوەشم بەلا پەسند بوو. بۆ وێنە قسەگێڕەوە یان چیرۆکگێڕەوە ="ڕاوی داستان" لە زمانی کوردیدا هەیە.**

**٣- ئەگەر هات و بڕیاری بە کتێب کردنی تێزەکە درا، سەرجەم پەراوێزەکان دەبێ ببن بە پاشکۆی هەر بەشێک، چون سەرنجی خوێنەر لەسەر بابەتی سەرەکی لادەبەن .**

**ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٧٣ دا بڵاوبۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠**



سەرچاوە
Serchawe

## شەقام لەپشت قەڵا!

ئاماژە: ئەم وتارە پارەکە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٧٥٧دا چاپ کراوە، پاش دوو ساڵ لە مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکرات سەرەڕای دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ئەم هێرشە لە مێدیا بیانییەکاندا و سەرەڕای ئەوە کە پتانسییەلێکی بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی بەرۆکی کۆماری ئیسلامی پێوە بگری بەداخەوە تا ئێستا ئەو جۆرەی کە دەبێ ئەم پرسە بە نێونەتەوەیی نەکراوە. یادی شەهیدانی قەڵا و سەرجەم شەهیدانی ڕزگاری کوردستان هەرمان.

ساڵێک تێپەڕی بەسەر مووشەکبارانەکەی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاتی ئەوە هاتووە لێکدانەوەیەکی وردتر و لەهمان کاتدا خەسارناسانەترمان هەبێ بۆ دۆخی پاش ئەم ڕووداوە تیرۆریستییە.

ڕەنگە سووکەئاوڕێک بۆ مانگرتنەکان و جووڵە مەدەنییەکانی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و بەتایبەتی ئەو بەستێن و بوارەی مانگرتنەکان تێیدا شکڵ دەگرن بتوانێ بۆ شرۆڤەی مانگرتنە حیماسییەکەی ٢١ی خەرمانانی پارەکە یارمەتیدەر بێ.

ئەم بەستێنە، ئەم بوارەی کە دەرەتانی ڕەخسانی وەها جووڵە و بزاڤێک دەدا بە خەڵک بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان هەڵبڕن، من وەک "شەقام" پێناسەم کردووە!

شەقام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر جاران هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایمە لەسەر خەت بووە، تەنانەت بەنیسبەت پارچەکانی تریشەوە... شەقامەکانی ڕۆژهەڵات لە قاڵبی خەباتی مەدەنیدا بەردەوام داکۆکییان لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا کردووە لە بۆنە جۆربەجۆرەکانی ئەم پارچانەدا.

لە لایەکی تریشەوە لە قاڵبی خۆڕاگری و نافەرمانی مەدەنیدا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات، بە بۆنەی تایبەتی، دووکان و بازاڕ دادەخا و مانگرتنی سەراسەری سازدەکا. لە ژێر زەخت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، لە سێدارەدانی شەهید فەرزاد کەمانگەر، شەهیدکردنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد و... بوێرانە دەنگ هەڵدەبڕێ و مان دەگرێ و تێچووی قورسیشی بۆ دەدا.

کۆی ئەم نموونانە گوزارە لەوە دەکەن، شەقام لە ڕۆژهەڵات چەمکێکی جیاوازە. بوونەوەرێکی زیندوو کە هەندێ جار بە

قەرەباڵغی و هەندێ جار بە بێدەنگی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کش و مات دەکا و پلان و پیلانەکانی پووچەڵ دەکاتەوە. شەقام تەنیا شوێنێکە کە کۆماری ئیسلامی زراوی لێی چووە!

لەڕاستیشدا ئەوە لەسەر شەقامە کە ناسیۆنالیزمی کوردی، خەریکی تەقەڵ و دروومانی خۆیەتی، بۆ ئەوەی بتوانێ "پێکەوەلکاوی ناسیۆنالیزمی" وەک دوامەبەست، بە ئاکام بگەیەنێ. مەبەستم لە پێکەوەلکاوی ئەوەیە کە ئەگەر سەیری بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەی لە ڕوانگەیەکی خەسارناسانەوە، دەبینین بەردەوام لەگەڵ گرفتێک بەناوی "کەلێن" بەرەوڕوو بووە کە دایمە لەمپەر بووە لەسەر ڕێی پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی.

**ئەم کەلێنانە بریتین لە: کەلێنە چینایەتییەکان، کەلێنە حیزبییەکان، کەلێنە ئایینی و مەزهەبییەکان، کەلێنە جێندەرییەکان، کەلێنە جیلییەکان و...** کۆی ئەم کەلێنانە دواجار لەسەر ڕەفتاری سیاسی کۆمەڵگا شوێندانەر دەبن و کەلێنە سیاسییەکان بەرفراوانتر دەکەن. بەڵام وێدەچێ هەم حزووری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر شەقامەکان و هەم چۆڵکردنی شەقامەکان، خەریکە کەلێنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات داپۆشێ و - هەرچەند تا گەیشتن بۆ ئەم مەبەستە گەلێ کۆسپی تریش لەئارادان - لەڕاستیدا ئەو پێکەوەلکاوییە ناسیۆنالیزمییەی باسم لێوە کرد، زۆر بە ڕاشکاوی لەم ساتەوەختەی ئێستادا هەستی پێدەکرێ، هەم بە ڕەهەندە نێوخۆییەکەیدا، هەم لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش.

**سەبارەت بە ڕەهەندە نێوخۆییەکە، ڕەنگە باس کردن لە یەک دوو نموونە بتوانێ بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان بداتێ:**

**یەکەم:** هەرەوەزی نەتەوەیی بۆ کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان و خوێندنەوەی وردی ئەم هەرەوەزە و لێکدانەوەی سەرجەم دال و نیشانەکانی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە باکووری ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات وەک دوو جەمسەری کوردی سوننەمەزەب و کوردی شیعەمەزەب و یارسان لێک گرێ دراون، ئیرادەی گەل لە سەرووی خواستی دەسەڵاتی حاکم بە شێوەیەکی دژکردەوەیی، هاوتەریبە لەگەڵ تاک و کۆمەڵی کوردەواری. بە واتایەکی دی، ئەو بارهەڵگرانەی کەلوپەلی پێویستیان بۆ ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان دەگواستەوە، لەگەڵ بڕینی تاک بە تاکی سنووری نێوان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەڕاستیدا تەقەڵ و دروومانی لێکترازانی مێژوویی شار و ناوچەکان بوو. ئەمە واتە بە دەروونی کردنەوەی چەمکی نەتەوەخوازی لە نێوخۆدا.

**دووەم:** نەهاتنەدەری خەڵک لە ماڵەکانیان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان جۆرێ لە هاوپەیوەندیی نێوان سێکوچکەکەی خەباتی سازکرد، هاشتاگی لە سۆشیال میدیا هەموو کەلێن و قوژبنەکانی تەنی و لە ماوەی سێ چوار ڕۆژدا زەینی ناوخۆی بەتەواوی

ئامادە کرد بۆ دژکردەوەیەکی بەربڵاو! چالاکانی سیاسی و مەدەنی ناوخۆ، بانگەوازی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە ژێر چەتری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرئەنجام خواستی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چالاکانی سیاسی لە دەرەوە، بە یەک گوتار بەرەنگاری مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە. ئەوان بە هاشتاگ چوونە شەڕی مووشەک! لێرەشدا واتە لە دنیای مەجازیدا سەرەڕای هەموو خاڵە لاوازەکانی، پێکەوەلکاویی ناسیۆنالیزمی بەڕوونی خۆی دەردەخا.

دژکردەوەکە ئەوەندە خێرا و بەربڵاو بوو کە کۆماری ئیسلامیی تووشی شۆک کرد. ئەگینا بەپێی ئەو ناسیاوییەی لە کۆماری ئیسلامی هەیە، ئەم هێرشە تیرۆریستییە درێژەی دەبوو بە ئاقاری مەترسیدارتردا. هەرچەند حاشا لەوە ناکرێ هێرشەکەی سەر قەڵای دێموکرات، کارەساتێکی زیانبار بوو بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و کۆستێکی گەورە بوو، بەڵام بێ هیچ شک و گومانێک مانگرتنی سەرانسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەهاتنەدەری خەڵک لە ماڵەکانیان، ساڕێژی برینی شەهیدبوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و ئێعدامی سێ گەنجی جیابیری سەر جەستەی نیشتمانی کردەوە. بۆیە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دەبێ بکرێ بە ڕۆژی خۆڕاگری و بەرخۆدانی نەتەوەیی!

لە پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی دیکەشدا، لامwایە زۆر لەوە ئاشکراترە کە بمانەوێ باسی هەست و دژکردەوەی ڕۆژهەڵات بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هاتنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەر شەقامەکان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات بەتەواوی پەلوپۆی هاویشتۆتە پارچەکانی دی و ڕەگئاژۆی کردووە و خەریکی تەقەڵ و دروومانی سنوورەکانە لەباری زەینی و سۆزدارییەوە. ڕۆژێک بۆ پەسەندی فیدرالیزم لە عێراق یان پشتگیری لە شنگال یان بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشوور دێتە سەر شەقام، ڕۆژێک بە بیانووی کۆبانی بۆ ڕۆژاوا، ڕۆژێک بە بیانووی دەسبەسەرکردنی سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باکوور و... بۆ هەموو ئەمانەش تێچووی بۆ داوە بە گیان و ماڵ و ژیان.

**پرسیارێکی گرینگ کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە کە بۆچی هێرش کرایە سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ساتەوەختەدا؟**

**دیارە زۆر هۆکار دەسنیشان کراوە بۆ هێرشی کۆماری ئیسلامی وەک:**

- کۆماری ئیسلامی ئێران لەم کاتەدا وەک ستراتیژی شاراوە و ئاشکرای خۆی، دەیەوێ بە خوڵقاندنی قەیران، خۆی لە قەیران ڕزگار بکا.

- پەیامێک بۆ ئەمریکا، پەیامێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و پەیامێک بۆ هاوپەیمانان کە دەکرێ وەک هەڕەشە دێکۆدەی کەین!

- لە دوای شکانی ئۆتۆریتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سووتاندنی کۆنسوڵخانەکەی لە بەسرە، لە دەرفەتێک دەگەڕا بۆ قەرەبووی سومعەی تێکشکاوی.

- دارمانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ناوخۆی ئێران.

- گوشارە دەرەکییەکان، بەتایبەتی گەمارۆکانی ئەمریکا

- بەئامانجکردنی لایەنێکی تایبەت بۆ مەبەستێکی تایبەت.

و... زۆر هۆکاری تر.

**بەڵام هۆکارەکان هەرچییەک بن، بێ چەند ئاکامێکی گرینگی لێکەوەتەوە:**

- هەرچەند باس کردن لە چەمکی شەرعییەت لە مابەینی حیزبێکی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە زۆرتر لە پارادۆکس دەچێ بەڵام هێرشی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵا، بەتەواوی شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستەبەر و مسۆگەر کرد

- دووپاتبوونەوە و جەخت لەسەر نەبوونی شەرعییەتی سیاسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (دەتوانین زیاتر وەک جۆری پەیوەندی وڵاتێکی داگیرکراو و وڵاتێکی داگیرکەر لێی بڕوانین!)

- یەکڕیزی و یەکگرتوویی خەڵکی ناوخۆ.

- بە تەعبیری هەندێ کەس ئەمە بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی "نا" بوو بە کۆماری ئیسلامی کە چل ساڵ لەوەپێشیش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێچەوانەی تەواوی خەڵکی ئێران بە کۆماری ئیسلامییان گوت: نا!

- ڕەواییدان بە خەباتی چەکداری (دەسەڵاتێک کە شەڕت پێدەفرۆشێ، دەسەڵاتێک کە قەڵاچۆت دەکا... دەبێ و دەکرێ بە چەک بەرەنگاری ببییەوە.)

- وەک چۆن ئەم مانگرتنە لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەتی پارەکە وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕی لێهات، دەبێ چەکی "من لەماڵ نایەمەدەر" بەدەستی خەڵکەوە بێ و بەردەوام لەسەرڕێ بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەر و ئازادیکوژ!

- سۆشیال میدیا بەستێن و بواری دەنگهەڵبڕینی ئۆنلاینی بۆ خەڵک ڕەخساند تا بە هاشتاگێک ڕووبەڕووی مووشەکە ڕووسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

**لە کۆتاییدا ڕەنگە جێی خۆی بێ ئەم پرسیارە ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین کە دۆسییەی شەهیدانی قەڵا بە کوێ گەیوە و لەم پەیوەندییە چ کراوە؟**

هەموو لایەک لەبیرمانە، نیکی هێیلی باڵوێزی ئەو کاتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا باسی هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکرات کرد، واتە ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا - ئەوەندەی من ئاگادارم - نێوی حیزبی دێموکرات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە گۆڕێ کە بووەتە قوربانی تیرۆریزمی دەوڵەتی، کەوابوو ئەو پتانسییەلە بەهێزە هەبووە کە ئەم پرسە کە لەم ئاستەدا بۆ تەواوی دنیا خراوەتە ڕوو، بکرێتە کەیسێکی زۆر جیددی بە دژی کۆماری ئیسلامی و تیرۆریزمی دەوڵەتی. لە هەمان کاتیشدا میدیاکانی جیهان بە نیسبەت هێرشەکە ڕووماڵێکی باشیان کرد و ئەمەشیان هەر بە شێوەیەکی لەناخداهەڵگر دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی زیاتر دەمامک لە سەر ڕوخساری دەوڵەتێکی تیرۆریست لادرێ، بە تایبەتی کە ئێستا لە سپای پاسداران و ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بگرە تا پلەکانی خوارێ لە لیستی تیرۆری ئەمریکادان!

**بەهەرحاڵ وەک دواوتە ئەگەرچی جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد جارێکی تر بریندار بوو، بەڵام بێگومان ئەوە خەڵکی کوردستان بوون کە زامەکانیان سارێژ کردەوە و ەک هەمیشە شەقام پشت و پەنای قەڵایە!**

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٥٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

# ئایا کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێری نەمان دەچێ؟

تـایتێڵی ئەم بـابەتە گرێـدراوی ئـەم ڕوانگەیەیـە کـە بـە حـوکمی ئەوەی زۆرێـک لە چـاوەدێرانی سیاسی پێیـان وایە کۆمـاری ئیسلامی لەم قۆناخەی ئێستادا لە خراپترین دۆخی خۆیدایە، ئایـا بەڕاسـتی بـەرەو هەڵـدێری نـەمان دەچـێ؟ پرسیـارێک کە هەمـوو جـارێ لـە دۆخێکی هاوشێوەدا لـە مـاوەی ٤١ سـاڵی ڕابـردوودا بـەردەوام هـاتۆتـە گـۆڕێ. واتـە ٤١ سـاڵە زۆر جـاران چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن ئەورۆ نا سبەینێ کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ، جا بـۆیە ڕەنگە بـەجێ بـێ کـە دەسپێکی بـاسـەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین بۆچی کۆماری ئیسلامی ناڕووخێ؟ بـۆچی کۆمـاری ئیسـلامی سـەرەڕای ئەوەی زیـاتر لە ٤١ سـاڵە لە دۆخێکی قەیراناویدایە بەڵام تا ئێستا هەر لەسەر دەسەڵاتە؟

لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بووە قەیرانی بە قەیران تێپەڕ کردوە و هەتا ئێرەی هێناوە و هـەر ئێستا ملی دەبەر ملی زلهێزترین وڵاتی جیهان ناوە و ئێستا خەریکی ئەوەیە لەگـەڵ لایـەنێک دانوسـتان بکـا یـان بە جۆرێک لە جۆرەکان کێشەکەی یەکلا کاتەوە. بـۆ ئەوەی بڵێم کۆمـاری ئیسلامی بـۆ تـا ئێستا توانیـوییەتی لەسـەر پـێ ڕاوەسـتێ دوو لایەنم لەبەرچاو گرتوە، لایەنی یەکەم لایەنی سەخت ئامێری باسەکەیە. مەبەستم لە لایەنـی سـەخت ئـامێری ئەوەیە ڕەنگە هیچ نەتەوەیەک لە ئێران وەکوو کورد هەستی بە دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینی کۆماری ئیسلامی نەکردبێ، هیچ نەتەوەیـەک لە ماوەی هـاتنە سـەر کـاری کۆمـاری ئیسلامی بەقەد کورد تووشی چارەڕەشی و کوشت و کوشـتار و ئـاوارەیی نەبـووە. بـۆیە ڕەنگە ئـێمە لە هەموو نەتەوەیـەک زیـاتر هەستمان بەوە کردبـێ دەزگـای سـەرکوت و ماشێنی کوشتـاری کۆمـاری ئیسلامی لە نێوخۆدا چەندە بە زەبر بووە، چەند قات بەزەبرتر بووە بە نیسبەت نەتەوەکانی دیکە. سـەیر کـە حوکمی هـەر جیـابیرێکی سیاسی لە کوردستـاندا زیندان، ئێعدام و ئەشکەنجە بووە.

لە پەنا ئەمە ئێمە لەو حکوومەتەدا هەمیشە قوربانیی شتێکی دیکە بووین کە بریتییە لە تیرۆری دەوڵەتی یان باشتر بڵێم تیرۆری سیستماتیکی دەوڵەتی. کە سەیر دەکـەین دەبینـین حیزبـی دێموکرات سـەرکردەکانی لە دەرەوەی وڵات تیـرۆر دەکرێن، لە نێوخـۆی وڵاتـدا لە باشـوور، لە ئـاسـت و ڕەدە جۆربـەجۆرەکان کـادر و ئەنـدام و پێشـمەرگە تیـرۆر دەکـرێن، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ! کەوابـوو، کۆمـاری ئیسلامی تەنیـا زمـانێکی کە تـا ئێستا لەگەڵ کورد زانیـویەتی زمـانی کوشتن و هەڕەشە بووە، دیارە ڕەنگە ئەمە بـۆ نەتـەوەکـانی دیکەش هەبـێ، بەڵام بە حـوکمی ئەوەکە ئەو شتە لەنێو ئێمەدا خەستتر بووە ڕەنگە بەرهەستتر بێ.

بۆیە کۆماری ئیسلامی لایەنی سەخت ئامێری بە کار هێناوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی پێ ڕاگرێ. ئەوەی دیومانە لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا لە هەموو ئەو شوێنانە کە دەنگ هەڵبڕین و ناڕەزایەتی هەبووە کراوە. لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا بە تایبەت لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، ئێمە دیتمان خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و وڵامی داواکارییەکانی هەرچەند بەڕواڵەت ئابووریی خەڵک گوللە بوو. بۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەر سیستمێکی تۆتالیتێر ئەوەیە کە بە زەبری چەک و کوشتن دەیهەوێ لەسەر پێ ڕاوستێ ئەوە لایەنی سەخت ئامێرێکەیەتی کە هەمووکمان هەستمان بەو کردەوە. بەڵام لایەنێکی دیکە کە بە باوەڕی من دەبێ بەجیددی هەڵوێستەی لەسەر بکرێ، کە کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە و شاردراوەتەوە لایەنی نەرم ئامێرییە!

کۆماری ئیسلامی چۆن توانیویەتی هەتا ئێستا خۆ ڕابگرێ، ئەو دوڕگەیەی کە لە تەواوی دنیای مۆدێرن دابڕاوە و لەگەڵ چەمکەکانی دێموکراسی و ئازادی نامۆیە چۆن توانیویەتی تابشت بێنێ! بە باوەڕی من ئەمە دەگەڕێتەوە سەر لایەنی سیاسەتە نەرمئامێرییەکانی کۆماری ئیسلامی. لە هەناوی ئەم لایەنە نەرمئامێرییەدا من چەمکێکم دەسنیشان کردوە کە بە "ئاڵترناتیڤوسازی" ناوزەدم کردوە. من ئەو چەمکەم بۆ ئەوەی دەکار کردوە کە زۆر جاران دەنگۆی ئەوە دێتە گۆڕێ دەڵێن ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی و وڵاتانی دەرەوە ترسی ئەوەیان هەیە لە دوای کۆماری ئیسلامی چ دەسەڵاتێکی دیکە دێتە سەر کار؟

کە چاو لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکەن، ئەوان پێیان وایە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە ئەو تواناییەی نییە کە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بێ و لە هەمان کاتدا شانسێکی گەورە کە کۆماری ئیسلامی هێناویەتی ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەک هەڵوێست و یەکگوتار و یەکدەستی نییە.

ئەگەر سەیری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکەی، لە ڕاستی ڕاستەوە تا چەپی چەپەوە پێکەوە ناکۆکن. لەسەر خاڵی زۆر بچووک ناتوانن ویژمانێکی هاوبەشیان هەبێ. لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامی ژووری بیرکردنەوەی هەیە، لە خۆڕا ئەو وڵاتە هەتا ئێستا ٤١ ساڵ نییە لەسەر پێیە. ئەوان هاتن ئاڵترناتیڤسازییان کرد هەر ئێستا لە دوو حەوتووی ڕابردوودا، لایەنێک پەیدا بووە کە پێشتر دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە لە ئێران و خەریکە مێدیاکان و سۆشیاڵ مێدیا گەورەی دەکەنەوە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن تەنیا ئاڵترناتیڤو و تەنیا لایەنێک کە دەتوانێ هەڕەشە لە بوونی کۆماری ئیسلامی بکا، ئەو لایەنەیە! بەڵام لەسەر عەرزی واقیع لە نێو خەڵکی خۆماندا تەنانەت لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا بە کوردیشەوە ئەو لایەنەی کە ئەوان دەیانهەوێ گەورەی کەنەوە جێگەوپێگەیەکی ئەوتۆی نییە. لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕەوتەی کە ئێستا زەق دەکرێتەوە لەنێو مێدیاکانی فارس زماندا بە تایبەتی هیچ جێگەوپێگەیەکی نەبووە، حزوورێکی مەیدانی نەبووە.

بەڵام کۆماری ئیسلامی دێنێ تەنانەت لە قسەکانی ڕێبەری باڵای ئەو وڵاتەدا دێ ڕێک باسی ئەو لایەنە دەکا کە ئێمە پێمان وایە جێگەوپێگەی نییە، بۆ؟ کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئاڵترناتیڤوسازی بکا، دەیهەوێ بڵێ ئاڵترناتیڤوی من ئەوەیە. بۆخۆی دەزانێ ئەو ئاڵترناتیڤە، ئەو لایەنە کە ئەو باسی دەکا نە ئەو هێزەی هەیە نە ئەو توانایییەی هەیە و نە ئەو ڕێکخراوەیە و نە ئەو ئۆرگانیزێیشێنەی هەیە... کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو ٤١ ساڵەدا ئەو کارەی کردوە.

لە سەردەمی ئۆبامادا بەپێی ئەو ئامارانەی کە خۆیان داویانەتە دەرێ زیاتر لە ٢٠٠ مامۆستا خزاونەتە نێو زانکۆکانی ئەمریکاوە کە لە ئێرانەوە هاتوون. هەر ئێستا حوسێن مووسەویان کە لە جەرەیانی دادگای میکۆنووس (تیرۆری شەهید دوکتور شەرەفکەندی) باڵوێزی ئێران بوو لە ئاڵمان ئێستا لە زانکۆی پرینستۆن وەکوو لێکۆڵەر خەریکی کاری لێکۆڵینەوەیە. نموونەی ئەوانە زۆرن کە بەردەوام دەخزێنە نێو مێدیای فارس زمان بۆ داکۆکی کردن لە کۆماری ئیسلامی. ڕەنگە بەرواڵەتێکی مۆدێرن کراوات لێدەن، ڕدێن بتاشن، واتە بە پێچەوانەی قەوارە مۆرفۆلۆژیکییەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام داکۆکی لە ڕێژیمی ئێران دەکەن. ئەوانە هەموو سیاسەتێکن کە خەریکە ئاڵترناتیڤوەکان بەرەو ئەو ئاقارە دەبەن. بۆیە من پێم وایە یەکێک لە هەرە هۆکارەکانی کە بە باوەڕی من زۆر گرینگە، ئاڵترناتیڤوسازییە تا زەینی تاک و کۆمەڵگای ئێرانی بەم شێوەیە لەباری ڕەوانییەوە تەخلیە کەن. بەرەو ئاقارێ بەرن کە بڵێین بەڵێ ئەمەیە ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی! ئۆپۆزیسیۆنێک کە هیچ توانایییەکی نییە، هیچ هێز و دەسەڵاتێکی نییە کە لە داهاتوودا بتوانێ خەڵک لەگەڵ خۆی هاوتەریب بکا و یا بێتە ڕێنیشاندەر بۆ خەڵک!

بابەتێکی تر کە هەر لە بازنەی ئەم نەرم ئامێرییەدا دەکرێ شەنوکەو کرێ، چەمکێکە بە نێوی "سازکردنی کەلێنەکان". ئەم کەلێن سازییە یەکێ لە سیاسەتەکانی تری کۆماری ئیسلامی بووە لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا. بۆ نموونە لە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەک دەبینین هەمیشە کوردی شیعە یەکێک لە هەرە غایبە سەرەکییەکانی ئەو بزووتنەوەیە بووە. ئێمە کوردین وەکوو نەتەوە، بەڵام بەسەر کوردی سوننە، شیعە و یارسان و...دا دابەش کراوین و دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە هەوڵی داوە کوردی شیعە بۆ لای خۆی پەلکێش بکا و کەلێن و بۆشایییەکی گەورە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانی خۆی سازبکا.

دیارە جگە لە سازکردنی کەڵێنی ئایین و ئایینزایی وەک کەلێنی شیعە و سوننە، زۆر کەلێنی تریشی پێک هێناوە وەک کەلێنی چینایەتی، کەلێنی ڕەگەزی، کەلێنی نەوەکان و... کە ئەم کەلێنانە دواجار ڕێگر بوون لەبەردەم سازبوونی گوتارێکی هاوبەش، ڕێک ئەو شتەی کە کۆماری ئیسلامی نەخشە و پلانی بۆ دارشتوە.

بۆیە پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنانە لەسەر ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئەرکی حیزبەکانە بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک ئالاهەڵگری هاوتەریب کردنی خەباتی نێوخۆ و دەرەوە دەیەوێ دەور بگێڕێ. کەوابوو دەبێ یەکێک لە هەوڵەکانی ئەوە بێ سەرەتا ئاڵترناتیڤوسازییەکە پووچەڵ کاتەوە و دواتر دەبێ ئەو کەلێنانە پڕ کاتەوە.

**به باوەڕی من ئەوە کارێکی فیکرییە کە دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ و قسەی لەسەر بکرێ و بخەملێندرێ.**

بابەتێکی تر دەگەڕێتەوە سەر هەناردەکردنی شۆڕش یا ئەو شتەی کە ئەوان وەکوو "صدور انقلاب" باسی دەکەن. هەناردەکردنی شۆڕش، لە ڕاستیدا درێژ کردنەوەی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی بوو وەک پرسێکی ئەمنی بۆ پاراستنی ڕێژیم. بۆیە لە سنوورەکانی سووریو و لە سنوورەکانی لوبنان و عێراق و بە گشتی لە ناوچەی هیلالی شیعی، کۆماری ئیسلامی حزووری هەبوو. ئەمە تا بەر لە کوشتنی سولەیمانی کارکردی خۆی هەبوو بەڵام بە تەعبییری هێندێک لە دۆستان، ماڕلاگۆ ئەو هاوینەهەوارەی کە ترامپ لەوێ فەرمانی کوشتنی قاسمی سولەیمانیی دابوو، دەڵێن ماڕلاگۆ کۆتایی قووڵایی ستراتیژی کۆماری ئیسلامی بوو. ئێستا مەسەلەی قووڵایی ستراتیژیک ڕێک پێچەوانە بۆتەوە، بەتایبەتی لە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی و هەروەها لە دوایی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتی عەرەبی (کە ئەمە هەر بەردەوامە) لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی لە سووریە و یەمەن و لوبنان دابڕاوە. یانی ئەو گوشارە ئابوورییانە وای کردوە کە نەتوانێ یارمەتی ماڵی و نیزامی بدا. بۆیە ئەوجارە هاوکێشەکە بە پێچەوانە بۆتەوە و ئەوە ئیسرائیلە کە قووڵایی ستراتیژیکی لە سنوورەکانی خۆی بەرەو باشووری ئێران و کەنداو پەرە دەستێنێ.

جگە لە دوو لایەنی ڕەق ئامێری و نەرم ئامێری کە باسم کرد هێندێک هۆکاری پێکهاتەییش هەن کە ئاماژەیان پێدەکەم. ئەوەی ڕاستی بێ گەلانی ئێران نیشانیان داوە، کە بە دژی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەسەر هێڵ بوون.

**سەیری ٢٠ ساڵی ڕابردوو بکە:**

ساڵانی ١٣٧٨ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران سەرهەڵدەدا لە گەورە شارەکان، ئەو شوێنانەی زانکۆی گەورەی لێ بوو، دە ساڵ دواتر دێینە سەر بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی سەوز، بەدەر لە شێوازی بیرکردنەوە و لایەنەکانی بەشدار، مەبەستم لایەنی نارەزایییەتی مەسەلەکەیە. دواتر سەرهەڵدانەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ کە لە ئاکامدا کارەساتی زیندان و کوشتن و ئێعدامی خەڵکی لێ کەوتەوە. بەڵام بە داخێکی گرانەوە وەک دەبینین ئەم سەرهەڵدانانە مەودایەکی زۆری تێدەکەوێ، و لەسەر یەک کەڵەکە نابێ و وەک ئەوەیە هەموو سەرهەڵدانێک لە سیفرەوە لە بۆشاییەوە دەست پێ بکاتەوە!

ئەوەش خاڵێکی پێکهاتەییە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێ بمێنێتەوە. هەموومان باش دەزانین کەڵەکە بوونی داخوازییەکانە کە دواجار خەڵک دێنێتە سەر شەقامەکان و بە قەولی لێنین دەڵێ: "شۆڕش کاتێک ڕوو دەدا، خەڵک بگاتە ئەو جێگایەی چی تر تاقەتی سیاسەتەکانی حکوومەتەکەی نەمێنێ". ئێمە دیتمان لەم ڕاپەڕینانەی دواییدا چەند هەزار کەس کوژران و بریندار بوون بەڵام بە حوکمی بەردەوام نەبوونی داواکارییەکانی خەڵک، دیسان ئێمە هاتینەوە سەر خاڵی سیفر.

واتە ئەم جموجۆڵەی کە تەواوی شارەکانی داگرتبوو بە حوکمی بەشە سەخت ئامێرییەکەی باسم لێوەکرد کە خەڵکی پێ سەرکوت دەکرێ دەڕوا بۆ دوو سێ ساڵی دیکە، وەکوو ئەوەیە ئەو جموجۆڵە سەر لە نوێ لە بۆشایی دەست پێ بکاتەوە. بۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕش، پەرەگیربوون و بەردەوامییە. پەرەگیربوون بەو مانایە کە تەواوی وڵات بگرێتەوە و بەردەوام بوون بەو مانایەیە کە مەودایەکی زۆر بۆ ڕاپەڕین ساز نەبێ. ئەوە لە پێناسەی کلاسیکی هەموو شۆڕشەکاندا هەیە.

هەروەها دیسان لە پەیوەندی لەگەڵ هۆکارە پێکهاتەییەکاندا، نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی جیدی وەک ئاڵترناتیڤو دەوری تایبەت بە خۆی هەیە. کاتێک سەددام حوسێن لە عێراق ڕووخا، مادڵین ئاڵبرایت وەزیری دەرەوەی ئیدارەی کلینتۆن، ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کۆ کردەوە بە شیعە بە سوننە و کوردەوە (ئەو کات کێشەی نێوان یەکیەتی و پارتی زۆریش بەرچاو بوو) لە لەندەن کۆنگرەیەکی بۆ سازکردن کە بە کۆنگرەی "معارضین" بەناوبانگە! کۆنگرەی "معارضین" ئەو شوێنە بوو کە بوو بە سەرەتای تێکەوە پێچانی سەددام حوسێن. بەڵام بەداخەوە ئێستا ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوشێوەی عێراق لە ئێران بوونی نییە، تەنانەت ئێمە با ئەو ڕەخنەیەش لە خۆمان بگرین، لەنێو کوردا کەسێکی ئەوتۆمان لێ هەڵنەکەوتووە کە بتوانێ هەموومان لە ژێر یەک چەتردا کۆکاتەوە. خۆ ڕاستە سەردەمی کاریزما بەسەرچووە، ڕاستە سەردەمی تاک بەسەرچووە، بەڵام خۆ سەردەمی عەقڵی بەکۆمەڵ بەسەرنەچووە. حیزب یانی کاری بە کۆمەڵ، حیزب یانی ئاوەزی گشتی، بۆیە من پێم وایە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتووی سەرانسەریدا، کورد دەبێ ماڵی خۆی ڕێک بخا بۆ ئەگەری هاتنە گۆڕێی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک.

ئەگەر کۆی ئەم خاڵانەی وەک لایەنی سەخت ئامێری و لایەنی نەرم ئامێری و هۆکارە پێکهاتەییەکان باسم کردن وەک فاکتۆری مانەوەی کۆماری ئیسلامی ڕەچاو کەین،

**دەکرێ لەنگەرێکیش بگرین لەسەر ئەو خاڵانەی دەبنە کاتالیزۆری ڕووخانی ڕژیم:**

ئێستا کۆماری ئیسلامی بە حوکمی ئەو گۆشارانەی کە بە ماکزیمۆم پرێشێر ناسراوە و لە لایەن دەوڵەتی تڕامپەوە بەسەری داسەپاوە لە خراپترین دۆخی خۆیدایە.

کە سەیر دەکەی لەنێوچوونی نرخی پارەی ئەو وڵاتە شتێکی سەرسوڕهێنەرە! کاتێک کە ڕووحانی بوو بە سەرۆک کۆمار نرخی دۆلارێک بە سێ هەزار تمەن سەودا دەکرا ئێستا دۆلارێک بە زیاتر لە سی هەزار تمەن مامڵە دەکرێ. ئەوە بە پێی هەموو فۆرمۆلێک بە پێی هەموو خوێندنەوەیەکی شۆڕشە کلاسیکەکان ڕۆیشتنی ئەو حکوومەتە هیچ شک و گومانی تێدا نامێنێ. بەڵام بەدەر لە هاوکێشە سیاسییەکان و ئەوە کە باس لەوە دەکرێ کۆماری ئیسلامی ڕەنگە جارێکی تر جامی ژەهر وەکوو خومەینی بخواتەوە، یان نەرمشێکی قارەمانانە وەکوو خامنەیی لە خۆی نیشان بدا، جارێکی تر بووز ناخوا. تەنانەت ئەگەر پێمێل بێ بە ١٢ مەرجەکەی مایک پۆمپیێۆ، ئاخۆ ئەم ڕژیمە دەکرێ چی تر پێی بوترێ کۆماری ئیسلامی؟ واتە ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە زاتی خۆیدا حکوومەتێکی ئایدۆلۆژیکە، بێنێ ئەو مەرجانە جێبەجێ کا ئایا ئەوە هەمان کۆماری ئیسلامی دەبێ؟ بەبێ هیچ شک و گومانێک نا. لە لایەکی دیکەوە ئێران لە نێوخۆدا تووشی دەیان قەیرانی وردودرشت بووە. ئێستا خەڵک باس لەوە دەکا دەڵێن ئێوە ٤١ ساڵە لەبەرامبەر ئەو دروشمانەتان بە دژی دنیا، ئێرانتان تەریک خستۆتەوە، ئێرانتان ئیزۆلە کردۆتەوە، ئێرانتان خستۆتە نێو دوڕگەیەک ئەدی ئێستا چۆنە دوای ٤١ ساڵ بە ئەو قەناعەتە گەیشتوون ئەوەی هەیە و نییە وەلای نێن؟ بۆیە وڵامێک بۆ ئەم خەڵکە لە گۆڕێدا نییە.

بۆیە من پێموایە ئەوە یەکێک لە مەسەلەکانە کە دەبێ بە شێوەیەکی هیوابەخش لێی بڕوانین. مەسەلەیەکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر ئەو بزووتنەوە ئانلاینانەی کە، ئەمڕۆ بۆ وێنە لە تویتێردا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕوویان تێکردوە و تەنانەت هەندێ جار پاشەکشەیان بە دەسەڵات کردوە. من دوو نموونە دێنمەوە بۆ ئەوەی کارتێکەریی ئەو بزووتنەوە ئانلاینانە، ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەر ئینتێرنێت ڕوو دەدەن نیشان بدەم. ئەمڕۆ تویتێر بۆتە گۆڕەپانێکی بەربەرین بۆ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانی. هەر چەند ڕۆژ لەوەپێش پێش نوێژی هەینی ئیسفەهان و بۆجنوورد لە خوراسان گوتبوویان دەبێ هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئینتیزامی لە نێوخۆدا کەشوهەوا بۆ ژنان نائەمن کەن. دەسبەجێ دەقی قسەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو بۆوە و هەڵمەتێکی بەرفراوان سازبوو بە دژیان و بوو بە هۆکارێک کە هەردووکیان لە قسەکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

یان لە پێوەندی لەگەڵ ئێعدامی زیندانیانی سیاسیدا ئێمە "هووشەنگ عەلیپوور"مان هەبوو کە حوکمی ئێعدامی بۆ هاتبۆوە، بەڵام ئەو هەشتەگانەی بۆی سازبوو، بوو بە هۆکاری پاشگەز بوونەوەی دەسەڵات لەم حوکمە.

بەهەرحاڵ ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ خەبات هەمیشە بە ئاکام ناگا، بەڵام کشانەوە و لە شلێدانیش ئێمە بە ئەنجام

ناگەیەنێ. بۆیە ئەوەش دەتوانێ بێتە یەکێک لەو گۆڕەپانانەی کە پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکا کە بەداخەوە، ئێمەی کورد لەو بوارەدا زۆر کەمتەرخەمین و ئەوە کایەیەکی مێدیاییە کە ئەتۆ دەبێ بوونت هەبێ.

بۆ وێنە یەکێکی وەکوو ترامپ بە تویتێر سیاسەت دەکا، کەوابوو ئەو بەستێنێکی لەبارە بۆ ئەوەی بە دژی کۆماری ئیسلامی چالاکیت هەبێ. ئەو هەشتەگەی ماوەیەک لەوە پێش بۆ خامنەیی سازکرابوو، ڕەنگە شەعنی وێبینارەکە نەهێڵێ باسی ئەو ڕستەیە بکەین کە بوو بە ترێندی یەکەمی تویتی فارسی. مەبەستم ئەوەیە کە دەسەڵات لە باری مێدیایی و سۆشیال مێدیاییەوە ناتوانێ زەفەر بە جیابیران و ئەو کەسانەی جیاوازن، بەرێ.

بۆیە دەتوانێ کارتێکەریی زۆر ئەرێنی هەبێ. سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیکە وەکوو عەرزم کردن، لە دوایی کوژرانی قاسم سولەیمانییەوە، ئەو دەسەڵات و هەیمەنەیە کە کۆماری ئیسلامی هەیبوو نەیما، پۆڕتی شکا. قاسم سولەیمانی و عەلی خامنەیی دەتوانین بڵێین نوێنگەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامین بە شێوەیەکی ڕەمزی. کە من وەکوو دوانەی ئاخوند-پاسدار ناوم هێناوەن. ئاخوندێک وەکوو خامنەیی و قاسم سولەیمانی یان سەردار جەعفەری یان سەردارەکان و پاسدارەکانی دیکە. بەبێ هیچ شک و گومانێک قاسم سولەیمانی لە تەواوی ئەو کەسانەی کە لەنێو ئەو حکوومەت دان لە باری مادی، چەکداری و نفووزی کەلامەوە کاریگەریی پتر بوو.

بەڵام بە لە نێوبردنی قاسم سولەیمانی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێهاتوە. ئێستا حووسییەکانی یەمەن دێنن دیلەکانیان لەگەڵ عەڕەبستان و دەوڵەتی یەمەن دەگۆڕنەوە، لوبنان هاتۆتە سەر ئەو قەناعەتی چی دیکە باج نەدا بە حیزبوڵڵای لوبنان، لە سووریە دەبنین ئیسرائیل بەردەوام لە بنکە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی دەدا و کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا فزەی لێ نەهاتووە.

یا ئاسایی کردنەوەی پێوەندی نێوان ئەو چەند وڵاتە عەرەبییە لەگەڵ ئیسرائیل کە بێ هیچ شک و گومانێک ئەمریکای لە پشت بووە و، وڵاتانی دیکە خەریکن پێوەندی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەکەنەوە و ئێران خەریکە بەتەواوی تەریک و ئیزۆلە دەبێتەوە. لە هەمووی گرینگتر خەڵکی ئێران بەتایبەت کوردستان، نیشانیان داوە و من زۆر جار بەو غەیرە کوردانە دەڵێم کوردستان سەرمەشقێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی گەلانی ئێران دەرسی لێ وەرگرن بۆ نافەرمانی و خەباتی مەدەنی.

ئێمە لە ڕەوتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات دیتمان سەرەڕای بوونی هەموو گوشارەکان حەماسەیەک خوڵقا، ئەو خەڵکە پەیمانیان لەگەڵ حیزبێک نوێ کردەوە کە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا شەهید

ببوون. دووکان داخستن و نەهاتنەدەر لە ماڵ، لەژێر گوشاری کۆماری ئیسلامیدا شتێکی هەروا سووک و سادە نییە. بۆیە بە باوەڕەی من شەقام ئەو جێگایەی کە دەسەڵات لێی دەترسێ بە دەست خەڵکەوەیە .خەڵک ئەگەر ئیرادە بکا و شەقام بە دەستەوە بگرێ هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ پێشی پێ بگرێ. بەڵام وەک گوتم ئەو تابۆیە شکاوە، تا بەفرانباری ساڵی ٩٦ ئێمە ئەوەمان نەبوو ئێمە لە کوردستان چەند جار ئەوەمان نیشان داوە، لە جەرەیانی شەهید کردنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەوەیان نیشان دا، من لە نێوخۆی وڵاتدا شاهیدی ئەو جەرەیانە بووم دیومە، یان ئێعدامی گەنجەکان بۆ وێنە بۆ یەکێکی وەکوو شەهید فەرزاد کەمانگر خەڵک دووکان و بازاڕیان بۆ داخست بۆیە من پێم وایە هەر ئێستا شەقام بە دەست خەڵکەوەیە.

**دیارە دارمانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەر باسی لێ ناکەین کە ئەمە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوا!**

ئەگەر بمەوێ قسەکانم کۆکەمەوە و بەرچاوڕوونییەک بدەم بە باسەکەم دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە کۆماری ئیسلامی ئێستا تەواوی هێز و توانای خۆی وەگەڕ خستووە دۆخی هەنووکەیی خۆی بپارێزێ، ئەو توێتەی کە دوو ساڵ لەمەوبەر خامنەیی نووسی کە ئێمە نە شەڕ دەکەین و نە وتووێژ بۆ ئەوە بوو کە لە ئەگەری نەبوونی ترامپدا بتوانن بگەڕێنەوە سەر "بەرجام" و بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دانی هێندێک ئیمتیاز قەرەبووی ئەو دۆخە بکەنەوە و ئاهێکیان بێتەوە بەرەخۆ.

سەیرە کۆماری ئیسلامی دەبوایە زۆر لەوە وردبینتر بوایە کە ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە هەرگیز لەهەمبەر خەڵکی ئەمریکا خۆیان ناکەن بە شەرمەزارێکی مێژوویی و هەتاهەتایی بۆ ئەوەی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگا، چ پارتی کۆماری بێ چ دێموکراتەکان. لە بیرمان نەچێ زۆرترین گوشارەکان لە سەردەمی کلینتۆنی دێموکراتدا بەسەر کۆماری ئیسلامی داسەپا، تەنانەت فرۆشی نەوتی ئێران بوو بە سیفر.

بۆیە من پێم وایە سیاسەتی دەرەکیی ئەم دوو حیزبە ڕەنگە جیاوازیگەلێکی بێ بەڵام لەوەدا کە ئەو وڵاتە دەستی بە چەکی ناوکی بگا و ببێتە هەڕەشەیەکی جیدی، بە هیچ کلۆجێک مەیسەر نابێ. تەنانەت ترامپ هەوڵی ئەوە دەدا کە ئەگەر بۆخۆشی سەرلەنوێ هەڵنەبژێردرێتەوە میکانیزمی ماشە بە جۆرێ چالاک بکا تا دێموکراتەکان بۆ چوار ساڵی داهاتوو نەتوانن ئەو گوشارانە سەر لەنوێ لەسەر ئێران هەڵگرنەوە.

بۆیە من پێم وایە تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەرەو تەواو بوونە، دیارە لە سیاسەتدا پێشبینی کردن بە قەولی مایکل واڵزێر مامۆستای فەلسەفەی سیاسی لە ئەمریکا، ئێستاش سیاسەت ئەو شوێنەیە هەمووومان غافڵگیر دەکا، واڵزێر دەڵێ ئەگەر ئەو شوێنە نەبوایە بەهاری عەرەبیمان پێشبینی دەکرد، ئەگەر ئەو شوێنە نەبوایە هاتنە سەر کاری ترامپ و باڵی ڕاست لە نێو

وڵاتانی ئورووپاییمان پێشبینی دەکرد. بۆیە ڕەنگە پێشبینی کردن لە سیاسەتدا شتێکی زۆر دروست نەبێ، بەڵام بە حوکمی ئەو خاڵانە و ئەو خوێندنەوانەی کردمان، واتە دۆخی دارماوی نێوخۆ لە هەموو بوارەکاندا و دۆخی نێونەتەوەیی ئەم وڵاتە، دەکرێ بڵێین کۆماری ئیسلامی گەیوە!

ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئێمە وەکوو کورد دەور و ڕۆڵمان لەم هاوکێشانەدا چییە؟ لە کوێی ئەو هاوکێشانەداین؟ ئایا بەڕاستی کورد بە عام و حیزبی سیاسی بەتایبەتی خەبات دەکەن؟ ئایا بەڕاستی توانیومانە لەسەر ئەو هاوکێشانە شوێندانەرییەکی ئەوتۆمان هەبێ؟

ڕەخنە لەخۆ گرتن من پێم وایە یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی تۆ بەرەو پێش بچی. بۆیە ئەو باسانەی کە لە ئێستادا هاتۆتە گۆڕێ لەسەر یەکگرتنەوەی حیزب سیاسیەکان و هەروەها لەسەر سازکردنی یەک گوتاری دەبێ لە قۆناخی قسە بێتە دەرێ و بچێتە قۆناخی جێبەجێ کردنەوە. زۆرجار سەرکردەکانی ئەو حیزبە سیاسییانە هاتوونەتە ئێرە و سەردانی وەزارەتی دەرەوەیان کردووە کەچی گوتویانە پێکەوە وەرن، ئێوە هەر کامێکتان لایەنێکن! کە سەیر دەکەی سەیری تەواوی ئەو حیزب سیاسییانە دەکەی، بۆ وێنە سەیری حیزب و لایەنێک دەکەی کە پێشتر چەپێکی تۆخ بووە، ئێستا لە حیزبە نەتەوەییەکان نەتەوەییترن و دروشمەکانیان نەتەوەییترە. کەوابوو ئەگەر لەسەر دروشمە ستراتیژییەکان هیچ کێشەیەک نییە، هیچ گرفتێک نییە بە باوەڕی من ئەوە زۆر بە سانایی دەکرێ ئەتۆ بەرەو گوتارێک بڕۆی کە لانی کەم هاوشێوە بێ.

**ئەوە واتە یەکگرتن و یەکگرتنەوە کە ویست و داخوازی سەرجەم خەڵکی نێوخۆیە و دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە.**

***

- **تێبینی:** ئەم بابەتە دەقی قسەکانی کاک ناسر باباخانی نووسەر و مامۆستای زانکۆیە لە ئەمریکا کە بە شێوەی ئانلاین وەک وێبینارێکی سیاسی بە هاوئاهەنگی کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتانی ئەمریکا و کەنادا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠ی زایینی سەبارەت بە دوایین دۆخی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

# ئەو چوار پەردەیەی دنیایان جوانتر کرد!

## چاوخشاندنێک بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ترامپدا

ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بە گشتی بریتی بێ لە جۆر و شێوازی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر، دەبێ دەوری هۆکارە جۆربەجۆرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەک بارودۆخی جوغرافیایی و ئیقلیمی، ئەزموونە مێژووییەکان، پێکهاتەی قەومی نەتەوەیی، ماهییەتی نیزامی سیاسی، تواناییەکان و سنوورداریەکانی ئابووری و چەکداری و کۆتاجار ماهییەتی سیستمی سیاسی نێونەتەوەیی و ناوچەیی ڕەچاو بکرێن.

بەڵام لەم نێوەدا بەدەگمەن ڕۆڵی نائاسایی کارگێڕێک وەک سەرکۆماری وڵاتێکی وەک ئەمریکا تەواوی ئەم هۆکارانە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، واتە بۆ سیاسەتی دەرەوەی چوار ساڵی ڕابردووی ئەمریکا دەبێ جگە لەم هۆکارانە، ڕۆڵی کەسایەتی و کارەکتێری خودی ترامپیشی لێ زیاد بکەین.

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا ترامپ نیشانی داوە کە بێزارە لە هەموو ئیشێکی هاوبەشی و موشارەکەتی و، پێی وایە ئەمریکا لەوەتی هەیە کڵاوی چۆتەسەر و ئەوە وڵاتانی ترن کە بەشی خۆیان نادەن و ئەمریکا خراوەتە ژێر زەختێکەوە کە پەیوەندی بەوەوە نییە، بۆیە بە دروشمی گەڕاندنەوەی شکۆ و گەورەیی بۆ ئەمریکا، لەباری ئابووری و ماڵییەوە، حەولی ئایزۆلە کردنی ئەمریکای داوە. ڕەنگە ئەگەر ئەوە بزانین بۆ وێنە ٢٥ لە سەدی خەرجەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەستۆی ئەمریکایە، وەباڵ بۆ ئەم پێداگرییەی ترامپ زیاتر بکێشین! بۆیە سیاسەتەکانی دەرەوەی ترامپ بە وتەی زالمای خەلیل زاد دەبێ وەک "دوکتورینی ترامپ" ناوزەد بکرێ، یان بە وتەی هەندێ چاوەدێری سیاسی وەک "دیاردەی ترامپ"، دوکتورین و دیاردەیەک کە لەگەڵ سەرکۆمارەکانی بەر لە خۆی بەتەواوی جیاوازە!

**ڕەنگە بە شێوەیەکی سەرپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک سەرەکیترین پنتەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ماوەی چوار ساڵ سەرۆکایەتی ترامپدا دەسنیشان بکەین:**

هاتنەدەر لە پەیمانی تیجاری هاوبەشی ترانس پاسیفیک، سەرلەنوێ سازدانەوەی پەیمانی نەفتا، دانانی تراوڵ بەن بۆ شەش وڵاتی موسڵمان یەک لەوان کۆماری ئیسلامی، هاتنەدەر لە ڕێکەوتنننامەی پاریس، بە فەرمی ناسینی ئورشەلیم وەک

پێتەختی ئیسرائیل، هێرشەکان بۆ سەر سووریا، پرسی دیواری مێکزیک، شەڕی ئابووری لەگەڵ چین، ئاڵوگۆڕی یاساکانی پەنابەریتی، کشاندنەوەی هێزەکان لە ڕۆژاوا، لایەنگرییەکی بێ شەرت و مەرج لە عەرەبستان، ڕێکەوتننامە لەگەڵ تاڵیبان، هاتنەدەر لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و...

بەڵام بە باوەڕی من ئەم خاڵانەی کاریگەری تایبەتی خۆیان هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە نیسبەت ئاسایشی نێونەتەوەییەوە بریتین لەم پێنتانەی خوارەوە کە بوون بە هۆکاری ئەوە کە بەرەو دنیایەکی ئارامتر و ئەهوەنتر بچین. ڕەنگە ئەمە ڕستەیەکی بەجێ بێ کە بڵێین ترامپ و تیمی سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی پۆمپێئۆ باشترین ناسینیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە.

### ١- ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم (ڕێکەوتنی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی

چامسکی لە هەشتاکان کوتی پرسی فەلەستین گەورەترین کێشەی دنیایە، بەڵام بێگومان پاش ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم دەبێ بە تەواوی ڕای گۆڕابێ! چون بە ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم، پرسی فەلەستین لە پرسێکی گشتی مابەینی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی واتە بەرەیەکی عەرەبی - ئیسلامی (ئیمارات، بەحرەین، سوودان، مۆرۆکۆ) بۆ پرسێکی سنووورداری نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دابەزی! دیارە لەوەپێش میسر و ئۆردۆنیش پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردبۆوە. بێگومان لە پاش تێکچوونی هاوسەنگی دووجەمسەری هێز لە دنیا و نەمانی بەرەی چەپ بە مانا کلاسیکییەکەی، ڕێک ئەم دۆخەی ئێستا هاتە ئاراوە، واتە وڵاتانی سەر بە بەرەی چەپ، لە کێشەی فەلەستین وەلانران و ئەمجارەیان تەنیا وڵاتانی عەرەبی مانەوە، کەچی بەم ڕێککەوتننامەیە وەک باس کرا کێشە جیهانییەکە دەبێ بە کێشەی دوو وڵات. ئەمە ڕێک ئەم مەبەستە بوو کە ترامپ بە باشی پێکای!

لە لایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین ئەوە ڕێک ئەوە شتەش بوو کە کۆماری ئیسلامی و دەستوپەیوەندەکانی زراویان لێی چووە، ڕۆژی قودس کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەسنیشان کراوە بۆ داکۆکی لە مافی فەلەستین مانایەکی ئەوەتۆی نامێنێ و گەلی فەلەستین دەبێ دواجار کێشەی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل چارەسەر بکا. ئەمەش واتە ئەم شتەی کە وەک میحوەری بەناو خۆڕاگری دیاری کراوە و گرووپە تیرۆریسییەکان لەخۆ دەگرێ ئاخرجار ئایزۆلە دەبن و بێگومان ناوچەکە سەقامگیرییەکی زیاتر بەخۆوە دەبینێ. ئیتر دروشمە پووشباییەکانی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ بۆ لایەنگرەکانیشی بایخێکی نامێنێ!

## ٢- مارالاگۆ، کۆتایی تراویلکەی هیلالی شیعی (کوژرانی قاسم سولەیمانی)

تا بەر لە کوشتنی سولەیمانی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر سیمای گەورەترین زلهێزی جیهانی پێوەدیار نەمابوو، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیتر سەبارەت بە کێشەکانی جوغرافیایەک بە ناوی هیلالی شیعی، ناوچەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەمریکا بە تەواوی مەیدانی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ کردبوو، نموونەی هەرەدوایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا. بەڵام لەگەڵ ئەو مەیدان چۆڵکردنەی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ڕەنگە خوێندنەوە و هەڵەی زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیش بووبێ، کە ئەویش بریتی لەمەبوو کە پێش بینی کەسایەتی تێکچنـدراوی ترامپـی بـۆ هاوکێشـە سیاسییەکانی ناوچـە ڕەچـاو نـەکردبوو. کـارەکتێرێکی تێکچنـدراو کـە هەنـدێ جـار لێدوانەکانی ئەوەندە پارادۆکسیکالە کە جاری وایە لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دۆستان و دوژمنانی تووشی سەرسوڕمان یان باشتر بڵێم سەرلێشێواوی دەکا!

ڕۆژنامەی لۆس ئانجلێس تایمز باس لەوە دەکا کاتێ ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیی واتە وەزیری بەرگری، وەزیـری دەرەوە و سەرۆک ئەرکانی سپای ئەمریکا چوون بۆ هاوینەهەواری مارالاگۆ لە ئەیالەتی فلۆریدا، پێش بینی ئەوەیان نەدەکرد کە ترامپ فەرمانی کوشتنی سولەیمانی بدا. ئەم فەرمانە کە ڕێک ساڵێک لەمەوبەر دوابەدوای هێرش بۆ سەر پایگای کێی وان و کۆنسوولی ئەمریکا لە بەغدا دەرچوو ترامپ لە تویتێکدا کوتبووی: ئێران بە بەرپرسی هێرشەکان و گیانە لەدەسچووەکانە و ئەوان دەبێ باجێکی زۆر قورس بدەن!

ئەمە هۆشدار نەبوو بەڵکوو هەڕەشەیەکی جیددی بوو، ئەو باجە گەورەی کە ترامپ باسی کرد کە دەبێ کۆماری ئیسلامی بیدا دیسان لە لایەن ئێرانییەکانەوە بەهەند وەرنەگیرا، چون لەڕاستیدا ئەو کارانەی کۆماری ئیسلامی کردبووی لە ماوەی گرژبوونەوەی زیاتری پەیوەندی ئەمریکا و ئێراندا وەک: خستنەخوارەوەی درۆنی ئەمریکایی، هەڕەشە لە گەرووی هورموز، هێرش بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی ئارامکۆی عەرەبستان، ڕاگرتنی گەمییەکانی نەوت، شەڕی پراکسی و "نامتقارن" لە ناوچە و... دژکردەوەیەکی جیددی و وڵامێکی ئەوتۆی لە لایەن ئەمریکاوە نەدرابۆوە. (تەنانەت واباشە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا سەبارەت بە شەڕی پراکسی پێداچوونەوەمان هەبێ و باس لە "بەشداری ئەکتیو" بکەین چۆن لە ڕاستیدا قاسم سولەیمانی بە عالەم ئاشکرا خەریکی تراتێن لە ناوچەدا بوو، وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە لە پاش ڕێفراندۆمی باشوور چۆن وەپێش حەشدی شەعبی کەوتبوو بۆ داگیر کردنی کەرکووک!) بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر بەم ڕێەی پێشوویان پێوا و بەم شێوەیە خافڵگیر بوون.

چون ڕێک لە شەوی سەری ساڵی ٢٠٢٠دا، ترامپ کۆماری ئیسلامی دڵنیا کردەوە کە ئەمریکا ئاشتی و ئارامی دەوێ و ئێرانیش دەبێ زیاتر لە هەموو کەس خوازیاری سوڵح بێ! سەیر کە، لە ماوەی کەمتر لە سێ چوار ڕۆژ تویتە پڕ لە هەڕەشەکەی ترامپ و قسەکانی شەوی سەری ساڵ، ڕێک بەتەواوی دژبەیەکن و کۆماری ئیسلامی و خودی سولەیمانیان تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیک کرد و دواجار بوو بە هۆی کوێر بوونی چاوی کۆماری ئیسلامی!

بۆیە ئەوەی کرا ڕێک لەناوبردنی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی سرنجەکان بوو بۆ سەر ئەمریکا، کە دنیا ئەو ڕاستییە بزانێ کە نەزم و تەکوزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ ئەمریکا جێبەجێ نابێ! کوشتنی سولەیمانی تەنیا کوشتنی پاسدارێک نەبوو کە جێگاکەی بە یەکی تر پڕ کرێتەوە، کوشتنی سولەیمانی بە سوخرەگرتنی هێما و سەمبولی دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو و بۆ هەموو کەس سەلمێندرا کە سولەیمانی سوپەرمەن نییە. ئەمە شکاندنی پۆرتێک و گەڕاندنەوەی شکۆیەک بوو کە ترامپ هۆکاری سەرەکی بوو. دەرکردنی فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی لە هاوینەهەواری ماڕالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی بوو.

### ٣- سەگە بەڕەڵڵاکەی داعش (کوژرانی ئەبووبەکر بەغدادی)

مایک پێنس جێگری ترامپ لە دیبەتەکانی سەرکۆماری کوتی: کاتێ سەرکۆمار ترامپ هاتە کۆشکی سپی، داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی بەقەرا ئەیالەتی پێنسیلوانیای ئەمریکا (km2 120000) داگیر کردبوو بەڵام پرێزیدێنت ترامپ سپای ناردە سەر داعش و بەبێ کوژرانی تاقەسەربازێک خەلافەتی ئیسلامی تێکەوەپێچا. هەرچەند دێیڤید پێترایۆس، بەرپرسی پێشووی CIA و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقی پاش ڕووخانی ڕژیمی بەعس، کوتی کە کوشتنی سولەیمانی لە کوشتنی بن لادن و کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی گرینگتر بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە وێدەچێ کوژرانی بەغدادی ناوچەیەکی ئەمن و ئارامتری سازکردبێ بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی. بەغدادی تیرۆریستێکی "بەرەڵڵا" بوو، واتە هیچ وڵاتێک لایکەم بە فەرمی پشتگیری نەدەکرد و ماوەی خەلافەتە سنووردارەکەی زۆر درێژ نەبوو، بەڵام پێکهاتەی سپا خوێنخۆرەکەی هەموو نەتەوەکانی دنیای لەخۆ گرتبوو و بە کردەوە ئوممەتی ئیسلامی لە شام و عێراق خویا ببوو و هێمای ترسناکترین بوونەوەری سەر گۆی زەوی نیشانی جیهان دا. ڕەنگە بە لەناوچوونی بەغدادی ئایدۆلۆژییە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکە لەناو نەچووبێ بەڵام بێگومان دنیای سەردەمی بەغدادی و دنیای پاش کوژرانی بەغدادی ئەوەندە جیاواز بن کە بوترێ جیهان ئێستا جوانتر و ئارامترە!

## ٤- پیاوە قوڵە خرپنەکە

ترامپ سەبری ستراتیژیک (strategic patience) و خەسیوی ئۆبامای لەهەمبەر کۆریای کرد بە دیدارێکی ئەکتیو و بێ وێنە، کە لە هەمان کاتیشدا ئاوێتەی هەڕەشە بوو، واتە ڕێک دوان بە زمانی دیکتاتۆرەکە، ئەوە تایبەتمەندی سەرەکی ترامپ بوو کە بەدەر لە نۆرمەکانی ئاخاڤتنی نێوان سەرۆکی وڵاتانان سەیر دەکرێ، بۆ وێنە کاتێ کۆماری ئیسلامی یان کۆریای باکوور هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن، ترامپ لە وڵامیاندا دەڵێ یەک بە هەزار تۆڵەیان لێدەکەینەوە!

بەڵام بەهەرحاڵ چاوپێکەوتنی ترامپ و کیم جۆنگ ئون لە یەکەم ڕوانیندا خاوەنی هێما و کۆدی تایبەت بە خۆیەتی. هەرگیز هیچ سەرکۆمارێکی ئەمریکایی پێ نەناوەتە "گوندی ئاگربەس" لە سنووری نێوان دوو کۆریا، جۆری پەیوەندی ترامپ و کیم زیاتر لە ئەفسانە دەچێ، نامە گۆڕینەوەی بە وتەی ترامپ ئەویندارانەی نێوانیان ڕێخۆشکەر بوو بۆ توانەوەی بەستەڵەکی نێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا و ئومێدێک بۆ داهاتوویەکی هەرچەند تەم و مژاوی! ئەوە زۆر گرینگە کە پیاوە قوڵەخرپنەکە بەپێچەوانەی باب و باپیری ملی ڕاکێشا بۆ وتووێژ و دانوستان، ئەمە گرینگترین توخمە بۆ نیازپاکی سیاسەتی دەرەوە. لە کەوانەدا خاڵی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر بۆچوونی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەم دانوستانانە بوو کە نە تەنیا وەک وڵاتێکی ئاسایی و دێموکراتیک پێشوازییان لێ نەکرد بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە ئیدانەی ئەم وتووێژانەیان کرد!

تیمی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ سەبارەت بە کۆریای باکوور هەستی بە مەترسی نیزیکی لەڕادەبەدەری چینیش کردۆتەوە، هەرچەند چین وەک تاکە وڵاتی سەرەکی دابینکەری پێداویستییەکانی کۆریا دێتە ئەژمار و چین ئەم وڵاتەی کردووە بە داردەستێک بە دژی ئەمریکا بۆ ئەوەی لە دەربیجەیەکی ئابوورییەوە لەم کێبەرکێی ستراتیژییەکەدا خۆی بکا بە باڵادەست! ئەمریکا ڕێگایەکی دوورودرێژی لەبەرە بۆ ئەوەی خۆی لە کۆریا نیزیک کاتەوە.

ئەگەرچی هیوادار بوون بە داماڵینی کۆریای باکوور لە چەکوچۆڵە کۆمەڵکوژییەکانی ڕەنگە ئارەزوویەکی دوورەدەست بێ، بەڵام ئەوەی ترامپ کردی لەوەپێش هیچ سەرکۆمارێکی ئەمریکی نەیکردووە و لە ئەگەری درێژەی ئەم دانوستانانەدا بۆی هەیە ئاماڵ دورگەیەکی ئەمنتر ساز بێ.

ئەگەرچی سیاسەتمدارێکی وەک ڕابێرت بلاک ویل - کارناسی باڵای سیاسەتی دەرەوە - بۆ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی



سەرچاوە Serchawe

تڕامپ بەنیسبەت تەواوی ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ئەمریکای سەردەمی تڕامپ گرفتی سەرەکیان هەیە بۆ هیچیان نمرەی A ڕەچاو ناکا و بە B و C و D و زۆر جاران F کۆتایی بە تاقیکاری تڕامپ دێنێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر تڕامپ لە کۆشکی سپی مابایەوە، نمرەی سیاسەتی دەرەوەی تڕامپ لای کەم لەهەمبەر وڵاتانی پشتیوانی تیرۆر و تیرۆریزم یەک لەوان کۆماری ئیسلامی بێگومان دەبوو بە A.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتی ساڵی............ ٢٠٢١

---

## دڵنووسێک بۆ شەهید مووسا باباخانی

### یەکەم دیدار و دوادیدار

ڕۆژی شەممە، ١٦ی گەلاوێژ قەول بوو ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی ڕێبەرێکی خاکەڕا و خۆنەویست، نەمر مامە جەلیل گادانی بەڕێوە بچێ. بۆ نانی نیوەڕۆ لەگەڵ کاک حەسەن ڕەستگار و دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە میوانی خوانی کاک عەزیز، پێشمەرگەیەکی دڵاوا و دلۆڤان بووین. دەست و چاوی خاتوون خۆش بێ کفتەوشۆرباوێکی بەتام و بۆن. پشوویەکم دا و پاش نیوەڕۆ بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمەکە بەرەو قەڵا بوومەوە. ڕێوشوێنی ئەمنی بەتەواوی ڕەچاو کرابوو، هەربۆیە زۆرم بەدڵ بوو.

چووم لە ڕیزی هەرەدواوە دانیشتم. ئەوەندەی خوا حەز بکا شەرمەزاری لوتفی هەموو هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووم کە بە ناسیاو و نەناسیاوەوە شەپۆلی میهر و میهرەبانیان لە خۆی گرتم. ئەوەی بۆ منیش مابۆوە ئارەقەی شەرمی تەوێڵم بوو.

کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە لە ئاستی من گەورەیی نواند. ئەمری کرد بچینە ڕیزی پێشەوە، هەرچەند عەرزم کرد جێگام خۆشە فەرمووی نابێ. لای کاک عومەر باڵەکی و کاک حەسەن قادرزادە دانیشتم. چەند خولەکی پێ نەچوو، دوکتور ئاسۆ هات و لەلام دانیشت، سەری هێنا بن گوێم و هەواڵێکی بە گوێمدا چرپاند، ئاسمان بەسەرمدا هەرەسی هێنا! مووسا باباخانی شەهید کراوە، لە هۆتێلێکی هەولێر تێرۆر کراوە. کوڵی گریان ئەوکی گرتم. حەولم دا بە ماسکەکەم ڕوخسارم داپۆشم، هەستم بە خەمی ڕوخساری هەموو ئەندامانی ڕێبەرایەتی دەکرد، بەڵام دیار بوو کە حەولی شاردنەوەیەکی کاتیی دەدەن تا تەواو بوونی ڕێوڕەسمەکە.

دیمەنی کوڕە حەیابەخۆ و ماندوویی نەناسەکەی کرماشان بۆ ساتێکیش لە زەینم لانەدەچوو. بۆ بڕواپێکردن نەدەبوو ئەم هەواڵە شوومە. ڕێک دوو ڕۆژ پێشتر لە کوردکاناڵ کە چوومە لایان، لەوێ لەگەڵ عەلی لەیلاخی ئازیز بینیم. گوتم: مووسا گیان ئەوە لێرەی؟ بەدەم بزەوە، بە زاراوە شیرنەکەی گوتی: ئەریوەڵا مامۆسا! لە ئامێزم گرت و دەستمان کرد بە جەفەنگ و قسەوباس... قەرارمان دانا هەفتەی داهاتوو بە یەکەوە بەرنامەیەک سازکەین... ئیتر ئەمە یەکەم دیدار و دوادیدارمان بوو.

من پێشتر چ ئەو کات کە لە تورکیە بووم و چ لە ئەمریکا، بۆ چەند بەرنامەیەکی مووسا لە کوردکاناڵ وەک ڕاوێژکار یارمەتیم دەدا و تێکستی بەرنامەکانیم بۆ دەنووسی و چەند بەرنامەیەکیشمان بەیەکەوە کرد. ئیستا کە خەریکی نووسینی ئەو دێڕانەم، سەیری مەسێنجێرەکەی خۆم و شەهید مووسا دەکەم و بە هەڵکەوت ئەو پرسیارەی هاتە بەرچاوم:

**سڵاو مامۆستا گیان!**

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر پرسی نەتەوەیی لەو وڵاتە شکستی هێناوە؟ یان بە واتایەکی دیکە سیاسەتی تواندنەوە و سەختئەفزاریی ڕێژیم سەرکەوتووە یان تێکشکاوە؟

ڕەنگە ئێستا وڵامی ئەم پرسیارەم لا هاسانتر بێ. مووسا گیان ئەگەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی شکستی نەهێنابا، ئەگەر سیاسەتی کوشتن و تیرۆری دەیان ساڵەی ڕێژیم شکستی نەهێنابا، ئەو شەپۆلی هاوخەمی و نەفرەت و ڕق و بێزارییە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ساز نەدبوو، هاوڕێیانت سوورتر نەدەبوون لەسەر درێژەدانی ڕێباز و ئامانجت. بۆیە بەدڵنیاییەوە وەک هەمیشە تووشی ئابڕووتکان بووە و سیمای دڕندە و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران خۆی دەرخستووە...

با بگەڕێینەوە هۆڵی ڕێزلێنانەکە. کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وتاربێژی ڕێوڕەسمەکە بوو. باسی تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیلی دەکرد. باسی لە ئەخلاقی مامە کرد، باسی خاکەڕایی و بێ دەعیێ، باسی لەوە کرد کە بۆ ئەنجامی هەموو کارێکی حیزبی هەمیشە ئامادە بوو. بۆی گرینگ نەبوو کارەکە چییە، گرینگ ڕاپەڕاندنی کارەکە بوو. ئەمە ڕێک ئەو تایبەتمەندییەیە کە دەبێ هەموو تاکێکی شۆڕشگێڕ بیکا بە مکانیزمی هەتاهەتایی بۆ خەبات. بەڵام چ هەڵکەوتێکی سەیر بوو، ئەو تایبەتمەندییەی مامە جەلیل بەتەواوی لە شەهید مووسادا دەدیترا!

د. ئاسۆ و کاک عومەر باڵەکی باڵەکی کە لەمبەر و ئەوبەرم بوون زۆر بەداخ و حەسرەتەوە بوون. چەند پرسیارێکم

لێکردن سەبارەت بە چۆنیەتیی شەهیدبوونی مووسا، بۆم دەرکەوت دیسان کۆماری پەت و سێدارە بە دەستی سیخوڕ و خۆفرۆشێک داوی بۆ مووسا ناوەتەوە.

مووسا بۆیە بوو بە ئامانج کە وەکازەکەی دەستی لە مەیدان و گۆڕەپانی کوردایەتی لە ناوچەی کرماشان، وردەمارەکانی سیحربازانی فیرعەونی تارانی ڕامالیبوو، کارتێکەریی مووسا و لەسەر خەت بوونی لەگەڵ گەنج و لاوانی باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان و کەسایەتیی خاکەڕای بۆ ئەوەستۆگرتنی هەموو چەشنە ئەرکێکی حیزبی، مووسای کردبوو بە کارەکتێرێکی شوێندانەری مەیدانی و پوختەی حیزبی، بۆیە پلانی تیرۆری دەمێک بوو بۆ دارێژرابوو.

گرفت و تێنەگەیشتوویی و ماڵکاولیی کۆماری ئیسلامی لەوەدایە پاش زیاتر لە چل ساڵ بۆی دەرنەکەوتووە کە بە کوشتنی کورد و بە کوشتنی گیانبازانی دێموکرات، کورد بە دەیان قات بەورەتر و سوورتر لە ڕابردوو لەسەر ڕێ و ڕێبازی شەهیدان بەردەوام دەبن. لە لایەکی تریشەوە کوا ئەگەر مووسا بە مەرگی ئاسایی سەری نابایەوە، دەبوو بە ڕەمز و دەبوو بە مووسای کوردان!

لە حەوشەی قەڵا لەگەڵ "سوڵتانی" و "شەرەفی" و "بداغی" و "مروەتی" و "سەلیمی" ڕاوەستا بووین. جەغارانمان گڕ دا و هەموو لە دوایین ساتەکانی پەیوەندی شەهید مووسا دووان. ئیمان و باوەڕی ئەم کوڕانە دەگوتن نایە، بەدەم بزەوە بەرەو مەرگ ڕۆیشتن و بەسۆخرەگرتنی دەسەلاتێکی ئابڕووتکاو و تیرۆریست. کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات وەک وڵاتێکی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر هەر ئێستا لەبەر جەنایەت و تیرۆر، کەیەسەکانی لە دادگاکانی وڵاتانی ئورووپایی لە سوئید و بلژیک کراوەیە.

دیارە ئەم جۆرە جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت هێزە کوردییەکانی دژی دەسەڵات، شتێکی تازە نییە و هاوتەمەنی ئەم نیزامە نگریسەیە. بێگومان حەوجێ بە گوتن ناکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک وڵاتێکی تیرۆریست و پاڵپشت و پاڵنەری تیرۆریزم لە ناوچە لە هەموو جیهان ناو و ناوبانگی هەیە. وەک ئاماژەم پێکرد دۆسییەکانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێستاش لە ئورووپا و ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و باشوور و لە سەرانسەری جیهاندا کراوەیە و بەرپرسانی باڵای ئەم حکوومەتە تاوانبارى سەرەکین لە تیرۆرەکاندا و ئێستاشی لەگەڵدا بێ زۆربەی هەرە زۆریان ناوێرن پێ بنێنە دەرەوەی وڵات! تێرۆر پێناسەی سەرەکی و ئاواڵدووانەی کۆماری ئیسلامییە. ڕێبەری ئەم وڵاتە و سپا مرۆڤخۆرەکانی لە لیستی تیرۆری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادان. چەندە هۆی شەرمەزاری و سەرشۆڕییە یەکی وەک ڕەئیسی، سەرکۆماری داندراوی ڕێژیم،کە لە ئاخاڤتنی ئاساییدا کلۆڵ و کۆلەوارە و قسەکانی بۆتە هۆی گاڵتە و گەپجاڕی خەڵک، ناوێرێ بچێتە نیویۆرک

بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان! بۆ؟ چون جەلاد دەترسێ لەویندەرێ نەهێڵن بگەڕێتەوە. شا ئەم شوورەییە، شا ئەم ئابڕووتکانە!

مێژوو بۆ کورد جۆرێ وەستان و قەتیس مانەوەیە، بە واتایەکی تر ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ کورد ڕاوستاوە. ڕەنگە ئەمە لەباری فیزیکییەوە قسەیەکی تەواو نەبێ چون کات ناوەستێ و بەردەوام بەرەوپێش دەچێ، بەڵام زیاتر مەبەستم ئاڵوگۆڕە بە پێوەری زەمان. کە دەڵێم مێژوو بۆ کورد ڕاوستاوە، جەختم لەسەر پنتێکە، کە نە شوێنە و نە کاتە! واتە ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە بەدەر بووە لە "دووانەی شوێن - کات"! ئەگەر هەموو ئەم کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتووە لە چەمکێک بە ناوی سڕینەوەدا کۆکەینەوە، حەول بۆ ئەم سڕینەوەیە لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بە درێژایی مێژووی کۆن و هاوچەرخ بە هەموو شێوە و شێوازێک ڕێگەپێدراو و "حەڵاڵ" بووە. بە پانتای ئەم کوردستانە (شوێن) گەورەیە، خوێنی کورد حەڵاڵ کراوە چ دوێنێ و چ ئەمڕۆ (کات)

وەک دوێنێ دەکرێ ئەم کارەساتە ئەنفالی بارزانییەکان بێ لە باشوور، دەکرێ کیمیابارانی هەڵەبجە بێ لە باشوور، دەکرێ کۆمەڵکوژی دەرسیم بێ لە باکوور، دەکرێ قەتلوعامی قارنێ و قەلاتان بێ لە ڕۆژهەلات، دەکرێ سڕینەوەی ناسنامە و پێناسەیی بێ لە ڕۆژئاوا و وەک ئەمڕۆ دەکرێ مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تیرۆری شەهید مووسا باباخانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەدان نموونەی تر. وەک دەبینین لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، لە هەموو سەردەمەکاندا، ئەم سڕینەوەیە بەردەوام دووپات و چەندپات دەبێتەوە. وەک کەوانە: (دیارە بێگومان لە مێژووی کورددا خاڵگۆڕانی زۆر سەرنجڕاکێش هەبووە کە زیاتر لەسەر دەستی ئیرادەیەکی تاکی کاریزماتیک ڕووی داوە و ئەم خاڵگۆڕانەش بۆتە پتانسییەلێک بۆ بەرگری، هەرچەند بە توندوتیژترین شێوەش حەول بۆ سڕینەوەی ئەم خاڵگۆڕانانەش دراوە!)

من لاموایە نەوی‌کێشان و خۆبەکەمزانین، لە بەرامبەر نەتەوەی باڵادەست لە هۆکارە سەرەکییەکانی خولانەوە و مردن لە بازنەی دەسەڵاتدا بووە. بۆ قوتار بوون لەم جەغزە نگریسە و کردنی ئەم بازنەیە بە هێڵێکی ڕاست، پێویستە کورد لە بەرامبەر ئەوەی لەگەڵی دەکرێ ڕێک وەها دژکردەوەیەکی هەبێ: چاو لە هەمبەر چاو، قەڵەم لە هەمبەر قەڵەم! مەبەستم لە چاو لە هەمبەر چاو، وەباڵ کێشان بۆ یاسای تالیۆن نییە، مەبەستم ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانەیە بە هەموو شێوەیەک و کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێواز و پتانسییەلەکان. با وەڵامی تێرۆری شەهید مووسا ببێ بە سەرەتایەک بۆ قوتار بوون لەم جەغزە.

ئەو تەمەنەی مووسا تێکەڵ بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، ڕێک هەڕەتی ئاودیو بوون بۆ ڕۆژئاوا و لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند کۆڕەوێک بۆ ئورووپا ساز بوو، بەڵام مووسا تێکەڵ بەم شەپۆلانە نەبوو و لە قەڵا مایەوە و بێگومان ئەوەیە ڕەمزی مانەوەی مووسا لە ناو دڵی هاوڕێیان و نەتەوەکەیدا.

**یاد و ناوی هەرمان، ڕێ و ڕێبازی پڕڕێبوار.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

---

# "سروە"ی هێمن، قوتابخانەیەک بە پانتایی کوردستان

## گەڕان بەدووی ناسنامەدا: لە نیشتمانەوە بۆ سروە

٢ - ١

### ئاماژە:

(ئەم وتارە دەقی قسەکانی کاک "ناسر باباخانی"یە کە لە وێبیناری یادی سەد ساڵەی مامۆستا هێمندا پێشکەش کراوە. بە حوکمی ئەوەی کە دەقی وتارەکەمان ڕاستەوخۆ دابەزاندووە، دەسکارییەکی ئەوتۆ لە قسەکاندا نەکراوە. دەقی قسەکان لە دوو بەشدا ئامادە کراوە، بەشی یەکەم "گەڕان بەدووی ناسنامەدا: لە نیشتمانەوە بۆ سروە" و بەشی دووهەم و کۆتایی "لە شاخەوە بەرەو شار" کە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە. شایانی باسە ئەم وێبینارە لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی کورد لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ئەم ساڵدا بەڕێوەچووە.)

ئەم بابەتەی کە من هەڵمبژاردووە لەژێر سەردێڕی: "سروەی هێمن، قوتابخانەیەک بە پانتایی کوردستان"، لە ڕاستیدا دوو ئامانجی سەرەکی دەپێکێ. یەکەم زۆر جاران دەگوترێ مامۆستا هێمن مرۆڤێکی سیاسی نەبووە و هێمن ئەدیب بووە و ئەمە بە جۆرێک دەکرێ بڵێین غەدرە لە کەسایەتیی هێمن و من لام‌وایە هێمن کەسایەتییەکی تەواو سیاسییە و مەبەستەکەی تریشم شوێندانەریی گۆڤاری سروەیە لەسەر پەروەردەکردنی جیلەکانی سەردەمی هێمن و پاش کۆچی دوایی هێمن لەسەر بنەمای زمان.

### با سەرەتا بەم پرسیارە دەست پێ بکەین: هێمنی سیاسی یان ئەدیب؟

بە باوەڕی من لە دوو ڕوانگەوە دەکرێ سەیری ئەم پرسیارە بکەین. یەکەم هێمن وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دووهەم هێمن وەکوو بیردۆز یان باشترە بڵێم وەک بیرکەرەوەیەکی سیاسی. (ڕەنگە لەسەر وشەی بیردۆز بڕێکمان جیاوازی هەبێ بەڵام وشەیەکی ئەوتۆم نەدۆزییەوە، چون بیردۆز بە مانای "نظریه‌پرداز" دێ بۆیە پێموابێ بیرکەرەوە ڕەنگە چاکتر جێ بگرێ.) کەوابوو ئەو هێمنەی لە قەوارەی حیزبێکی سیاسی یان ئۆرگانیزێشێنێکدا جێ دەگرێ لەگەڵ هێمنێک وەک بیرکەرەوەیەکی سیاسی جیاوازە، بۆیە دەبێ ئەم دوو ڕوانینە لەیەکتر جیا بکرێتەوە. ئەگەر ئەم دوو ڕوانگەیە پێک بگرین ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونە کە پێی‌وایە هێمن مرۆڤێکی سیاسی نەبووە و لە قالبی

حیزبێکی تایبەتیدا بووە، لەگەڵ ئەو بۆچوونە کە پێیوایە هێمن مرۆڤێکی سیاسییە، بەڵام بە مانا بیرکەرەوەییەکەی بۆمان دەردەکەوێ کە هێمن مرۆڤێکی یەکجار سیاسیش بووە.

لە کۆمەڵەی ژێکافەوە بگرە لە ساڵی ١٩٤٤، واتە لەگەڵ دەرچوونی دووهەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی ژێکاف، تا دەرچوونی رۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار و دواتر سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و رۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێمن لە تەواوی ئەو قۆناغانەدا چالاکانە بە نووسینی وتار یان بە لێدوان حزووری هەیە.

کەوابوو ئەو پێناسەیە کە تۆ دێنی کەسایەتییەکی دیکە لەنێو حیزبێکی سیاسیدا کە وەک هێمنیش چالاک نییە و بە سیاسی دەزانی بەڵام هێمن بە کەسێکی سیاسی نازانێ، تەنیا دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی ئەم دوو ڕوانگەی باسم لێوەکرد ئەویش لە قۆناغێکی زەمەنی تایبەتدا.

ڕەنگە ئەو جیاوازییە بگاتە ئەو ئاستەی کە تۆ پێت وابێ، کەسایەتیی بەرامبەری تۆ هەڵە بێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کەسایەتییەکە سیاسی نییە، هەموو کەسایەتییەکی سیاسی بۆی هەیە لە هەموو قۆناغێکی ژیانیدا تووشی هەڵە بووبێ. کەوابوو من پێموانییە ئەو بۆچوونە لەسەر هێمن ڕاست بێ و من هێمن بە مرۆڤێکی لە سەداسەد سیاسی دەزانم، بەو هۆکارەی کە دەمەوێ لەم وتارەدا ئاماژەی پێ بکەم.

ئەوەی ڕاستی بێ کەڵکەڵەی سەرەکیی هێمن زمانە، لە ماوەی ئەم چل و دوو ساڵەدا، لە دوای ئەوەی کە لە گۆڤاری نیشتمان یەکەمی بابەتی بڵاو دەکاتەوە تا لە ورمێ کۆچی دوایی دەکا، زمان دڵەڕاوکێی هێمنە. بەم مانایە کە سەیر دەکەی هەر لە یەکەم نووسینی کە بە شێوەی فەرمی بڵاو دەبێتەوە لە "نیشتمان"دا، واتە "خۆت بناسە"، بەردەنگەکەی بەردەنگێکە بە ناوی نەتەوەی کورد. یانی هەر لە سەرەتاوە دڵەڕاوکێی سەرەکیی هێمن بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگەڕێتەوە سەر چەمکی ناسنامەیی.

بە باوەڕی من زمان سەرەکیترین توخمی پێناسەی نەتەوەییە، بۆیە دەبێ وەک سیاسیترینیش سەیری بکەین. هێمن هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕێچکەیەی گرتۆتە بەر هەتا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێتەوە. واتە لە سەرەتای "نیشتمان"ی ژێکافەوە هەتا دەگاتە "سروە"، وەک دوامەنزڵگەی ئەم ستراتیژییە کە بە باوەڕی من گەورەترین و کاریگەرترین دەوری گێڕا، کە زمانی کوردی بەرێتە نێو ماڵەکانی کوردستان. با ئەوەش بە بوێری بڵێین ئەو کارەی کە هێمن کردی، بناغەی ئەو کارەی کە هێمن

دایڕشت – لە کەوانەدا دیارە نابێ لە هاوکاریی ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵی بوون و بەتایبەتی دواتر مامۆستا ئەحمەد قازیی نەمر کە ئەو ئەرکەی وەئەستۆ گرت چاوپۆشی بکەین - ئەو کارەی کە هێمن لە "سروە" کردی واتە پەروەردەکردن و فێرکردن و بارهێنانی جیلەکان، بێوێنە بوو. هەر ئێستا من هەر لەم وێبینارەی خۆماندا دوو سێ کەسی پەروەردەی ئەم سیستمە دەبینم، کە دواجار بوون بە قەڵەمی جیددی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بوون بە ڕێفرێنس و سەرچاوە. دەکرێ بڵێیم ئەوانە ئەگەر غەدرم نەکردبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان بەرهەمی پەروەردە لە "سروە"دا بوون و بابەتەکانیان سەرەتا لە "سروە"دا سەریان هەڵدا و دواتر وردە وردە بەرەو پێکهاتەیەکی چوارچێوەدارتر و بەرەو شێوازێکی مێتۆدۆلۆژیکتردا ڕۆیشتن، بەڵام لە هەمووی ئەوانەدا "سروە"یە کە دەوری پەروەردە دەگێڕێ.

ئەوە ڕاستە کە هێمن لە ماوەی هەمووی ئەو ساڵانەدا لە زمان وەک کەرەسەیەک بۆ دەربڕینی باوەڕەکانی، بۆ دەربڕینی شیعر، بۆ دەربڕینی بابەتە ئەدەبییەکانی کەلکی لێ وەرگرت، بەڵام بە باوەڕی من کارکردی سەرەکیی ئەم کەرەسە پەیوەندییە بۆ هێمن سەلماندنی بوونی ئەو گەلە بوو کە بە قەولی خۆی "حاشا دەکەن لێی و هەشە".

**لە "سروە"ی ژمارە سێ و چواردا بابەتێک بڵاو دەکاتەوە بە ناوی:** "زمانی یەکگرتووی ئەدەبی"، کە دواتر من لەگەڵ دۆستان قسەم کرد گوتیان، مامۆستا هێمن بۆخۆی دواجار ئەم بابەتەی ئێدیت کردووە. (هەرواشە چون شێوازی پەخشانەکە و کرۆکیی بۆچوونەکان سەلمێنەری قەڵەمی مامۆستا هێمنن). وتارێکی دووروودرێژ کە لە دوو ژمارەدا بڵاوە دەبێتەوە کە من وەک "مانیفێستی مامۆستا هێمن" سەیری دەکەم، مانیفێستێک بۆ زمان، بۆ زمانێک کە مەبەستێتی ئەو زمانە بگوازرێتەوە بۆ تەواوی کوردستان و تەنانەت پەلکێشی دەکا بۆ کوردەکانی خۆراسان کە لە درێژەی قسەکانمدا باس دەکەم کە چۆناوچۆن بەو شێوازە مەبەستی بووە کە زمان وەکوو ڕوحی نەتەوەیی بکا بە بەری ئەو لەشەی کە لە کوردستانی ئێران و لە شوێنەکانی دیکە کە کورد تێیدا پەراکەندەیە، ئەو ڕوحە بخاتە ئەم لەشەوە.

**لە وتارەکەدا هێمن دەڵێ:** "زمانەکەمان هەروەک نەتەوەکەمان زۆر هەژارە، وە هەتا بڵێی لەدواوەیە، ئاخر کوا خزمەتی کراوە، کوا بایەخی بۆ داندراوە، کوا بە زمانیان زانیوە، ئەگەر نەتەوەکانی دیکە بێجگە لەوانەی کە ژێرچەپۆکە بوون و هەن دەیان و سەدان ساڵ خزمەتیان بە زمانەکەیان کردووە و شێعر و چیرۆک و پەخشان و بابەتە زانستی و فەرهەنگییەکانیان پێ نووسیوە، کەنگێ و لە کوێ بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی هەوڵ دراوە. زمانی کوردی نەک هەر خزمەتی پێ نەکراوە و بەرەو تەکامول نەڕۆیشتووە، بەڵکوو بەرەو فەوتانیش چووە."

ئەم وتانە لە سەردەمێکدا دەنووسرێ کە "سروە"ی ژمارە سێ و ژمارە چوار دەردەچێ. هەستیار بوونی ئەو قۆناغە زەمەنییەی



سەرچاوە
Serchawe

کە بزووتنەوەی کوردی لە شەڕێکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و، دەربڕینی ئەم قسانە لە لایەن مامۆستا هێمنەوە زۆر زۆر سەرنجڕاکێشە. وتاری زمانی یەکگرتووی ئەدەبی زۆر دووروودرێژە و بێگومان دەرفەتی خوێندنەوەی لێرە نییە، بەڵام وەک عەرزم کردن لەم مانیفێستەدا چەند کلیل وشەیەکم لێ هەڵکڕاندووە کە پێم خۆشە سووکەلەنگەرێکی لەسەر بگرم:

مامۆستا هێمن لەم بابەتەدا باس لە "زمان و دەسەڵاتی سیاسی" دەکا. ئەمە یەکێک لە چەمکەکانە. باس لە "وڵاتێکی فرەنەتەوە" و "زمان گەلی جیاواز" دەکا کە ئەو ڕێک بە پێچەوانەی خوێندنەوەی ڕەسمی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ڕێژیمی پاشایەتییە کە باوەڕیان بە یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک میللەت هەبوو.

ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، لەژێر دەسەڵاتی زەبروزەنگی سانسۆڕدا کاری ڕۆژنامەگەریان کردووە، زۆر جاران زیرەکانە هێندێک شت دەدەنە دەرێ، بۆ ئەوەی کە خوێنەران بۆشاییەکانی ئەو بابەتەی کە نووسەر نووسیویەتی پڕی کەنەوە، یان بیاندۆزنەوە یان دیکۆدەیان بکەن، ڕێک ئەو کارەی هێمن لێرەدا بوێرانە دەیکا!

بۆیە دەکرێ لەو وتارەی هێمن ئەم کۆدانەی لێ هەڵێنجی کە نەتەوەیەی کورد زمانەکەی خەریکە بەرەو فەوتان دەچێ، دەسەڵاتی سیاسی خەریکە زمانەکەی لەنێو بەرێ و زۆر زیرەکانە ئاماژە بەوانە دەکا.

دیارە لەم وتارەدا واتە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی، بەردەنگی هێمن بەگشتی خەڵکی ڕەشۆکی نییە، بەڵکوو بەردەنگی هێمن چینێکی تایبەتە، چینێکی خوێندەوارە و هەر بۆیە دەبێ ئەم دیکۆدەکردنە لە لایەن ئەوانەوە بکرێ. بۆیە بە باوەڕی من لەو شوێنانەی باسی وڵاتی فرەنەتەوە دەکا یان باسی زمان گەلی جیاواز دەکا یان باسی زەبروزەنگی سیاسی دەکا، ڕێک بە پێچەوانەی خوێندنەوەی فەرمی کۆماری ئیسلامی بۆ زمان دێتە گۆ، تەنانەت هەر لەو ژمارەیەدا لە لاپەڕەی یەکەم ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ئێران دادەنێ کە خوێندنی زمانە خۆجێییەکان دەبێ ئازاد بێ.

ئەگەر بێتوو لە وتاری زمانی یەکگرتووی ئەدەبی، وشەی ئەدەبی لێ بقرتێنین واتە زمانی یەکگرتوو، زێدەڕۆیی لە قەڵەم نادرێ ئەگەر بڵێم هیچ جیاوازییەک لە نێوەرۆکی وتارەکەدا ساز نابێ چون ڕێک بە پێی ستانداردەکانی زمانێکی یەکگرتوو نووسراوە. وتارێک پشتئەستوور و بەڵگەمەند بە نموونە لە نەتەوەکانیتر کە بۆچی هێمن دەیەوێ ئەم زمانە ببێتە زمانی یەکگرتووی کوردی. بەهەرحاڵ بە باوەڕی من پاش ئەم هەموو ساڵە ئەو پتانسییەلە تیۆریکییانەی هەیە کە ئێستاش لەنگەری لەسەر بگری.

ئەوەی هێمن کردی دەیهێنێتە خانەی ڕووناکبیری ئۆرگانیکەوە نەک ڕووناکبیری سوننەتی، واتە ڕووناکبیرێکی شوێندانەر و شوێنوەرگر. هەم لە پرۆسەی داهێناندا هەم لە پرۆسەی شوێندانەریدا.

بێگومان پرۆسەی داهێنان لە فەزایەکی تاکەکەسیدا دەخولقێ، بەرهەمی فەزایەکی زەینیی تاکەکەسە. شێعر، چیرۆک، ڕۆمان لەوەها کەشێکدا دەخولقێن. بەڵام دواجار هێمن وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک شوێندانەریی خۆی لەسەر خەڵک دادەنێ. شوێندانەریی هێمن بە باوەڕی من جگە لە بابەتە ئەدەبییەکان و شێعرەکانی کە دەبن بە شانۆنامە کە دەبن بە ئاواز و گۆرانی، کە دەبن بە وێردی زمانی خەڵک، کە ئەمانە ڕادەی چوونە نێو قووڵایی دڵی خەڵک نیشان دەدەن، ئەمەش بەم جۆرە ڕوو دەدا کە زمانی فاخیر و زمانی سەقیلی شێعری لە شێعر دادەماڵێ. بە باوەڕی من هێمن بە دەرکردنی "سروە"، توانی زمانی کوردی بەرێتە نێو تەواوی ماڵەکانی کوردستانەوە. ئەوە بزووتنەوەیەک بوو، شۆڕشێک بوو کە دەکرێ بڵێین تەواوی ئەو کەسانەی کە دواجار پەیوەست بەم جەریانە بوون، لە قوتابخانەی "سروە"دا پەروەردە بوون.

٢٢ - ٥ - ٢٠٢١

## بەشی دووهەم و کۆتایی:

## لە شاخەوە بەرەو شار

### ئاماژە:

**ئەم وتارە بەشی دووهەمی دەقی قسەکانی کاک "ناسر باباخانی"یە کە لە وێبیناری یادی سەدساڵەی "مامۆستا هێمن"دا پێشکەش کراوە. بە حوکمی ئەوەی کە دەقی وتارەکەمان ڕاستەوخۆ دابەزاندووە، دەسکارییەکی ئەوتۆ لە قسەکاندا نەکراوە.**

**بەشی یەکەم "گەڕان بەدووی ناسنامەدا: لە نیشتمانەوە بۆ سروە" لە ژمارەی پێشوودا بڵاو بۆوە و ئەمەش بەشی دووهەم و کۆتاییە لە ژێر سەردێڕی "لە شاخەوە بەرەو شار". شایانی باسە ئەم وێبینارە لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی کورد لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ئەم ساڵدا بەڕێوەچووە.**

دەمەوێ لە چەند خاڵدا ئاماژە بەوە بکەم کە هێمن چیی کرد و چۆن بێناسنامەترین گۆڤاری کوردی کرد بە ناسراوترین گۆڤاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چون بۆخۆمان باش دەزانین لە هەموو ڕۆژنامەیەک لەم وڵاتەدا بەشێکی ناسنامەیی هەیە کە تێیدا مودیر مەسئوول و بەرپرس و سەرنووسەر و شورای نووسەران، ناونیشانی بڵاڤۆکەکە و... دیاری دەکرێن، کەچی سروە هیچ کام لەوانەی نەبوو. بەڵام ئەو گۆڤارە بێ ناسنامەیە، بوو بە یەکێک لە کەرەستەکانی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە

ڕۆژهەلاتی کوردستان.

هێمن چیی کرد؟ هێمن سەرەتا لە سروەدا هات بەرەیەکی نەتەوەیی ساز کرد. بە وتەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵی هاوکار بوون، هەڵدەستن لە ورمێ ڕا سەفەرێک دەکەن، لە باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بەرەو موکریان و مەهاباد و بۆکان و دواتر ئەردەلان و سنە و کرماشان. لەوێ چاوپێکەوتن لەگەڵ کێ دەکا؟ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باری سیاسییەوە، پاشخانێکی نەتەوەییان هەبوو. ئەگەر تۆ بە شێوەیەکی "تحلیل محتوایی" واتە شرۆڤەی نێوەرۆکی سەیری ئەو چوار ژمارەیە و ئەو ناوانە بکەی کە لە سروەدا دەنووسن بۆت دەردەکەوێ کە هێمن هەر لەسەر بەڵێنی خۆی وەفاداری نیشتمانە!

**سەیری ئەم ناوانە بکە:** مامۆستا هەژار و مامۆستا سەید تاهیر هاشمی لە ئەندامانی ژێکاف، شەهید مامۆستا مەلا محەممەد ڕەبیعی، مامۆستا حەقیقی، مامۆستا عەتری گڵۆلانی، مامۆستا هێدی، مامۆستا ئەحمەد قازی، مامۆستا مەلا ڕەشید قەرەنیزادە، مامۆستا کامیل ئیمامی و لە جیلی دوای ئەوان یەکی وەک مامۆستا عەلی حەسەنیانی، مامۆستا جەلالی مەلەکشا و...

دیارە ئێمە ئەدیب و نووسەری دیکەشمان هەبووە، لە تاران نیشتەجێ بوون، لە کرماشان نیشتەجێ بوون، لەگەڵ ڕادیۆ تەلویزیۆنی کرماشان کاریان دەکرد، بەڵام هێمن دەچێتە لای ئەو کەسانە کە بۆخۆیان بە شێوازێکی زۆر جیددی کەڵکەڵەی سەرەکییان مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمە. بۆیە دێنێ بە شێوەیەکی کردەیی ئەو کەسانە لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە کە وەک ئەو دەڕوانن، ڕەنگە ئەگەر تەمەن مەجالی دابا بازنەی ئەو کەسایەتییە نەتەوەییانە یەکجار بەربلاوتر بوایە.

**خاڵی دووهەم** کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم بەزاندنی سنووری جوغرافیاییە .بە چ مانا؟ بە لای هێمن زمان بوونەوەرێکی زیندووە، زمانی کوردی لای هێمن وەک ڕوحی نەتەوەیەکی سەرگەردانە. بۆیە پێی وابوو زمان دەبێ ببێتە هۆکاری سەرەکی یەکگرتوویی نەتەوەیی کە ئەو لە قالبی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیدا باسی لێ دەکا. بۆیە ئەم حەولە لە باشووری ڕۆژهەلاتەوە تا باکووری ڕۆژهەلاتی کوردستان خۆی دەردەخا بە بەشداری نووسەرانی ئەم جوغرافیایە. تەنانەت کاتێ دێنێ شیعری جەعفەرقوڵی زەنگڵی کوردی خۆراسان چاپ دەکا لە ڕاستیدا عەوداڵی ئەوەیە کە ڕوحی نەتەوە واتە زمان بخاتە بەر لەشی ئەو کوردەی لە هەر شوێنێکی ئێرانە تەنانەت لە خۆراسان.

**خاڵی سێهەم** دێنێ هەر لە سەرەتاوە لە هەموو شێوەزارەکان کەلک وەردەگرێ لەنێو سروەدا .تەنانەت بە بلاو کردنەوەی تاقە شیعرێک. یانی تۆ لە سروەی ژمارە یەک و دوو و سێ و چوار هەموو شێوەزارەکانی سۆرانی، کرمانجی، هەورامی و

کەڵهوڕی دەبینی. ئیدی مرۆڤی سیاسی، مرۆڤێکی کە ستراتیژیی سیاسی نەبێ، چۆناوچۆن دێنێ زمانی کوردی دەکاتە ئەو ئامرازە بۆ سازکردنی پەیوەندی و دواجار سازکردنی زمانێکی یەکگرتوو؛ بۆیە تەواوی دڵەڕاوکێی سەرەکی هێمن زمانە. زمانیش وەکوو سیاسیترین توخمی پێناسەی نەتەوەیی.

هەرچەند دواتر بەڵگەکانی دێنێتەوە و دەڵێ کە بۆچی ئێمە شێوەزاری موکریانیمان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی کە "سروە"ی پێی بنووسرێ. ئیستدلالاتی خۆی دێنێتەوە کە لە سەردەمێکدا فلانە شێوەزار بە فلانە هۆکار زاڵتر بووە. بەڵام دواجار دەڵێ: ئەم شێوەزارەی کە ئێمە بۆ "سروە"مان هەڵبژاردووە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە زۆرتری پێ نووسراوە و هەروەها لەباری وشەوە دەوڵەمەندترە.

یانی ئەوە ستراتیژی سەرەکییە، ستراتیژییەکی سیاسییە. دیارە ئەوە خوێندنەوەی منە، شرۆڤەی منە بۆ ئەم دەقە، کە ڕەنگە تەنانەت هێمنیش بۆخۆی ئەو تەعبیرەی منی لەسەر کارەکەی خۆی نەبووبێ، بەڵام ئەمە شرۆڤەییەکی هێرمێنۆتیکییە و دەرئەنجامی بۆ منێکی کە دەمەوێ لێکدانەوەم لەسەری هەبێ، بەم شێوەیەیە.

**خاڵی چوارەم** ئەوەیە چوناوچۆن توانیویێتی ئەم پەیوەندییە لە سروەدا لەگەڵ خەڵک ساز بکا .ئەگەرچی هەرە شێعرە سەرکەوتووەکانی هێمن بەرهەمی نائومیدییەکی زۆر تۆخن بەڵام هێمن بە دەرکردنی "سروە" لە دۆخێکی پڕ لە ناهومێدیدا، هیوا و ئومێدی خستە نێو دڵی ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان دڵەڕاوکێی زمانی کوردی و ناسیۆنالیزمی کوردییان هەبوو.

ئەو تروسکەی هیوایە وای لێ هاتبوو، کە لە هەموو ماڵێکدا "سروە" بوونی هەبێ. یانی "سروە" کە چاپ دەبوو، خەڵک پێشوازیان لێ دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ خەڵک یەکجار سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام وردەوردە ئەو تابۆیە شکا. زمانی کوردی بە ڕاشکاوی ببوو بە میوانی ماڵان! "سروە" بوو بە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو ماڵە کوردانەی کە بەرهەرحاڵ وەکوو مەبەست لە مێشکی هێمندا بوون بۆ ئەوەی کە پەیوەستیان بکا بەو بزووتنەوەیەی کە بۆخۆی ڕێکی خستبوو. بۆ وێنە بۆ ئەو کارە هات چیی کرد؟

هات شێعری کەللاکانی ئەدەبیاتی کوردی وەک شاعیرانی کلاسیکی هەموو پارچەکانی لە "سروە"دا بڵاو کردەوە، یانی پەلهاوێژیی کرد بۆ پارچەکانی دیکەش. وەک نالی، حاجی قادر، مەولەوی، سالم، مستەفا بەگی کوردی، مەلای جەزیری و... یانی گەنجێکی ئەو سەردەم، ئیتر دەزانێ کە لە باشوور و لە باکوور زمانی کوردی وەک ڕۆژهەڵات شێعری پێ دەهۆنرێتەوە و ئەوە بەشێکە لە ئەدەبی کوردی، بەڵام هۆکارە سیاسییەکان، بوونەتە هۆی دابڕانی ئەم نەتەوە لە یەکتر و



سەرچاوە
Serchawe

ئەوە بە باوەڕی من یەکێک لەو بوێرییانەی هێمن بووە کە دڵنیام دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە کێشە و گرفتی هەبووە؛ ئەگەر نەشیبووبێ هەروا لێی تێپەڕیوە و پێی نەزانیوە. تەنانەت هێمن کتێبی شاعیرانی پارچەکانی دیکە چاپ دەکا، دیوانی نالی چاپ دەکا، دیوانی مەحوی چاپ دەکا، مەبەستم کتێبی شاعیرانی باشوور و باکوورە و هەروەها دیوانی وەفایی و شاری وێران و...

**خاڵی پێنجەم** ئەدەبی زارەکییە، فۆلکلۆرە .ئەدەبی زارەکی بۆ هێمن پێگەیەکی زۆر زۆر تایبەتیی هەیە، سێبەری خەستی ئەدەبی زارەکی بە سەر شیعرەکانی هێمندا دیارە. یان کتێبی "توحفەی موزەففەرییە" دەبێتە ڕێفرێنسێکی گرینگی ئەدەبی زارەکی بۆ ئەو کەسانە کە کاری لێکۆڵینەوە لەسەر فۆلکلۆر دەکەن. بۆیە هەر لە یەکەم ژمارەڕا دەبینین ئەدەبی زارەکی وەک بەیت و حەیران، بەشێکی سەرەکیی گۆڤارە. چون هێمن وەک زۆربەی زمانناسان و پسپۆڕانی زمانی کوردی ڕای وایە کە پاقژبوون و خاوێنبوون و خۆماڵی بوونی زمان لە موکریان و ئەو پتانسییەلە بەهێزەی کە هەیەتی، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر پشتئەستوور بوونی ئەم زمانە بە ئەدەبی زارەکییەوە لە قالبی بەیت و حەیران و و بەند و ئەم جۆرە شتانەدا. بۆیە تەنانەت دێنێ ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، ئەگەر مێشکم یارمەتی بدا، لە ژمارە یەکدا سەرەخۆشی لە گەلی کورد دەکا بە بۆنەی کۆچی دوایی "حەمەدی بەیتان" بەیت بێژی ناسراو، ئەمە واتە بایخدان بە ئەدەبی زارەکی!

هەتا ئێرە ئەوەی کوترا چیرۆکی مرۆڤێکی سیاسییە، هێمن وەک مرۆڤێکی سیاسی هەڵسوکەوت لەگەڵ زمانی کوردی دەکا و "سروە"ش بۆتە کەرەسەی سەرەکی ئەم شۆڕشە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵکێکی زۆرتر پەیوەست بەم شۆڕشە دەبن! کام سیاسیی کورد توانیویەتی وەک هێمن بەو شێوەیە شوێندانەری هەبێ لەسەر پەروەردەکردنی سێ چوار جیلی دوای خۆی، کە هەموویان بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لەم قوتابخانەیەدا پەروەردە بوون.

**خاڵی شەشەم** کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەم، بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە پتانسییەلە لانیکەمییەکانی ژینگەی سیاسی .هێمن دەیزانی شێوازەکانی خەبات جۆراوجۆرن. بە پراکتیک دەستەواژەی شاخ و شاری تەجرەبە کرد، دیارە "گرێدانی خەباتی شار و شاخ" دەگەڕێتەوە سەردەمی سەرەتای شۆڕش کە لە لایەن شەهید مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندییەوە بۆ یەکەم جار دەکار دەکرێ. واتە هێمن ژینگەی سیاسی خۆی زۆر باش دەناسی. ئەو دەیزانی کە لەم ژینگە سیاسییەدا چ کەلێنێک لەنێوان شاخ بە تەعبیری ئەمڕۆ، لەگەڵ شار بوونی هەیە. بۆیە ئەو هات لەو پتانسییەلە لانیکەمییانەی کە لە ئیختیاریان نابوو، ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەرگرت. ئەم بناخەیەی لە چوار ژمارەدا وەک قۆناغی یەکەمی "سروە" دایمەزراند کە دواجار بوو بە ڕێچکە و ڕێبازی "سروە."

دیارە بێگومان دەسەڵاتی سیاسی، مەبەستی لە هێنانی هێمن بۆ ورمێ بۆ ئەوەی سروە و ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی



سەرچاوە
Serchawe

پێ بسپێرێ، بێ هیچ شک و گومانێک کاڵکردنەوەی دەوری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بوو، یا بە جۆرێک لێدان لەم بزووتنەوەیە و لە هەمان کاتیشدا نیشاندانی "هێمن" وەک سیمبول و هێمای حیزبییەکی شکستخواردوو، کە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی تۆراوە و هاتۆتەوە نێو باوەشی کۆماری ئیسلامی! کۆماری ئیسلامیش گۆڤارێکی پێداوە بۆ ئەوەی کە شێعر و ئەدەبی کوردی تێدا بڵاو بکاتەوە. بەڵام هێمن ئەم هەڕەشەیەی کرد بە دەرفەت و ڕێک بە پێچەوانە، ئەو جیلێکی پەروەردە کرد کە بوو بە مار و چووە نێو دەلینگی کۆماری ئیسلامییەوە. بۆیە لە کەشوهەوایەکی ئاوا داخراودا کە شەڕێکی قورس هەیە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و کۆماری ئیسلامی، دێنێ ئەسڵی ١٥ یاسای بنەڕەتیی ئێران زەق دەکاتەوە، باس لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی دەکا، باسی وڵاتێکی فرە نەتەوە دەکا، باس لە جیاوازیی زمانەکان دەکا و... ئەمە قۆستنەوەی هەلەکان بوو!

هێمن ئەگەر جگە لە شێعرەکانی شتێکی تری جیای هەبێ لەچاو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، کە زۆر جاران بە وەچەیەکی زێڕین ناودێر دەکرێن وەک هەژار، هێدی، حەقیقی، عەتری گلۆلانی، کامیل شا، خاڵەمین و... ئەو تاقمەی با بڵێین دەنگی کۆماری کوردستان بوون، کە وەچەیەکی زێڕینی ئەدەبی بەرگریشن لە هەمان کاتدا، وەچەیەکی ئارمانخواز و ڕۆمانتیکیشن. بۆیە کاتێک لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە، وەک "شاعیری میللی" ناودێر دەکرێ و ئەو نازناوەی پێ دەبەخشرێ لە تەمەنی گەنجیدا، لە دوای کامڵبوونی پرۆسەی ژیانی سیاسی، هێمن لە لایەن شەهید دوکتور قاسملووە، وەک "شاعیری گەل" دەناسرێ.

یانی مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە لایەن دوو سەرکردە، دوو ڕێبەری سیاسیی کوردەوە دوو نازناوی پێ دەبەخشرێ، "شاعیری میللی و شاعیری گەل" کە هەرکام لەوانە بە جۆرێ ئەرکدار کردنی هێمنە کە لە قاڵبی شاعیرێ کە تەنیا لە بازنەی نووسیندا چالاکیی هەیە، بێتە دەرێ و ڕاستەوخۆ ڕەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی بکەوێ. بەتایبەتی بە دەرکردنی گۆڤارێکی وەک "سروە"، توانی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی ساز بکا، کە ئەمە هەمان دەوری شوێندانەری ڕووناکبیری ئۆرگانیکە کە پێشتر باسم کرد.

وەک عەرزم کردن مامۆستا هێمن لە سەردەمی ژێکاف ئەندامێکی هەڵسوور و کارایە، لە سەردەمی کۆماری کوردستان نووسەرێکی چالاکە، لە دوای کۆماری کوردستان و ئاوارەی هەندەران بوون، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ نێوخۆی وڵات و بوون بە ئەندامی باڵای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، لە تەواوی ئەو ساڵانەدا هێمن، وەک مرۆڤێکی سیاسی بە باوەڕی من بەوپەڕی عەشق و خۆشەویستییەوە، خزمەتی نیشتمانەکەی کردووە. بۆ سەلماندنی سیاسی بوونی هێمن تەنیا و تەنیا هەندێ لە شیعرەکانی کیفایەت دەکا.

لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا کە دواجار لەگەڵی تووشی زاویە دەبێ، نامەوێ بچمەوە نێو ئەوەی کە بۆچی کەوتە بەر ڕەخنە توندی حیزب کە ڕەنگە پێویستی بە مەجال و دەرفەتێکی تر هەبێ، هەروەها نامەوێ بە شێوەیەکی بایخدارانە سەیری ڕەخنەکەی حیزبی دێموکرات یان پەرچەکردارەکەی مامۆستا هێمن بکەم، لەوە دەگەڕێم.

بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر سەردەمێک حیزبی دێموکرات بەهەرحاڵ پتانسییەلێکی یەکجار بەهێزی هەبوو لە نێوخۆی وڵاتدا و بەشێکی زۆری گەنجەکانی وڵات پەیوەست بە ڕیزەکانی شۆڕش دەبوون و بۆچوونەکانی ئەم حیزبە لەسەر دیاردە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە لایەن خەڵکەوە بێ سێودوو پشتیوانیی لێ دەکرا و تەنانەت بۆ هێندێ ڕووداوی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا دەبینین کە دژکردەوەی خەڵک هەر پشتیوانییەکەی ساڵانی ڕابردوویە.

بەڵام بە باوەڕی من ئەو بڕیارەی لەسەر مامۆستا هێمن دەرکرا، ئەو ڕەخنەیەی کە لەسەر هێمن گیرا، تەنیا بڕیارێک بوو کە خەڵک لەگەڵ ئەو حیزبەی کە باوەڕی پێی هەبوو هاودەنگیی لەگەڵ نەکرد. یانی لەبری هێمن ئەگەر کەسێکی دیکە بوایە و ئەو ڕەخنەیەی لێ گیرابا، بە بێگومان دژکردەوەی خەڵک بە نیسبەت ئەو کەسە زۆر زۆر جیاوازتر دەبوو، بەڵام بە حوکمی ئەو کاریزما ئەدەبییەی کە هێمن هەیبوو، بە حوکمی ئەوەی خاوەنی مێژوویەکی سیاسی پاک و بێگەرد بوو، بە حوکمی ئەوەی هەڵگری دوو نازناوی شاعیری میللی و شاعیری گەل بوو لە لایەن دوو سەرکردەی کاریزماوە، بە حوکمی ئەوەی گۆڤاری "سروە"ی کردە قوتابخانەیەک بۆ تەواوی ئەو کەسانەی کە دواجار بوونە قەڵەمی جیددی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بڕیارەی حیزب بۆ هێمن جێ نەکەوت! هەروەها ئێستاش، ئەو بابەتانەی کە لە مێدیای حیزبدا لەسەر هێمن بڵاو دەبێتەوە نیشاندەری ئەوەیە مامۆستا هێمن هەروەک پێشوو و بگرە زیاتریش خۆشەویستی حیزبەکەی خۆیەتی!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢١

## "کوردستان"، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان

**ئاماژە:**

ئەم وتارە دەقی قسەکانی کاک "ناسر باباخانی" نووسەر و مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکایە کە بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان لە سمینارێکدا کە لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چووە، پێشکەش کراوە.

**ئەم کاتەتان باش!**

بەخێرهاتنی سەرجەم ئامادەبووانی بەڕێز دەکەم بۆ سمیناری یادی دەرچوونی ٨٠٠ەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بە پێویستی دەزانم هەر لێرەوە سەری ڕێز و نەوازشی خۆم دانوێنم بۆ سەرجەم ئەو قەڵەمانەی لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتیان نووسیوە، هەروەها بۆ سەرجەم ئەو پێشمەرگانەی کە دەکرێ وەک پێشمەرگەی قەڵەم نێودێریان بکەین هەر لە سەرەتای دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستانەوە هەتا ئێستا. چون ئەوانەی ئەرکی ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامە و گۆڤاریان لەئەستۆ بووە، دەزانن ئەمە چەندە کارێکی تاقەتپرووکێن و چەندە ئیشێکی دژوارە. هەروەها پیرۆزبایی دەکەم لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی لە بەشی ڕاگەیاندن بە بۆنەی دەرچوونی ٨٠٠ەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.

**بەر لەوەی کە بپەڕژێمە سەر دەقی قسەکانم، دوو خاڵە وەک پێشەکی پێم خۆشە ئاماژەیان پێ بکەم.**

**یەکەمیان** وەک ئاگادار کرام بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تەشریفیان هەیە لەم سمینارەدا و لەبەر ئەوەی کە پێموایە مامۆستا، یەکێک لەو کەسانەیە کە زیاترین بابەت و وتاری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیوە، جا چ بە وتار بووبێ چ بە دیمانە بووبێ، بە حوکمی ئەوەی کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی خولی سێهەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"، لە پاش شەهید دوکتور قاسملوو بەرپرسی ڕۆژنامە و سەرنووسەر بووە و پاشان لە پەروەردە کردن و ڕاهێنانی سەرنووسەرەکانی دیکە ڕێنوێن و یارمەتیدەریان بووە، سپاسی هەموو زەحمەتەکانیان بکەم و بە شانازییەوە ئەو ڕێچکەیەی کە جەنابی

مامۆستا و هاوڕێیانی، نیزیک بە ٥٠ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژنامەدا گرتوویانە بەر، تەنانەت بەر لەوکات و لە سەردەمی کۆماری کوردستان، ئێستاش بە خۆشییەوە قوتابییەکانیان لەسەر ئەو ڕێچکە و ڕێبازە بەردەوامن.

**خاڵی دووهەم** پەیوەندی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، کە ئەویش سپاسێکە کە دەبێ لەوانیش بکرێ، بە حوکمی ئەوەی کە لە مێدیای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە ڕۆژنامەی ئەم حیزبەدا چەشنێک Flexibility (انعطاف پذیری) یان نەوی کێشان، وەک هەڵکردن لەگەڵ بیری جیاواز، تابشتهێنانی بیری جیاواز بوونی هەیە، هەروەها پلۆرالیزم یان هەمەجۆری و فرەچەشنی لەم ڕۆژنامەیەدا ڕەچاو کراوە.

تۆ ئەگەر سەیر کەی تۆ حیزبێکی سیاسی بی، تۆ حیزبێک بی لە دۆخێکی نائاساییدا بی، پەرتەوازەی وڵات بی، تەنانەت لە سەردەمێکدا لە لووتکەی شۆڕشدا بووبی، بەڵام بە جۆرێک بەم شێوەیە هەم ئێنعێتافپەزیریت هەبێ و هەم پلۆرالیزم بێنی لە ڕۆژنامەکەتدا ڕەچاو بکەی، بە باوەڕی من ئەمە دەکرێ وەک دەرس، دەرسی لێ وەرگیرێ و جێگای شانازییە و بۆیە بە پێویستی دەزانم، سپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەم سینگفراوانییەی ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە، هەروەها بەشی ڕاگەیاندن دەرببڕم.

**ئەو بابەتەی کە دەمەوێ پێشکەشتان بکەم، ناوی: "کوردستان ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان"ە.**

پێموایە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، دەکرێ دوو ئەرکی سەرەکی ڕەچاو کەین، دیارە دەتوانین باس لە زۆر ئەرک بکەین، بەڵام ئەوەی وەک دوو ئەرکی سەرەکی دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم، یەکێکیان بریتییە لە خزمەت و پاراستنی زمانی کوردی. ئێمە دەزانین کە زمان وەک سیاسیترین توخمی نەتەوایەتی دایمە لەنێو کورددا یەکێک لەو ئێلێمێنتانە بووە کە دەوری زۆر زۆر کاریگەری هەبووە لە گەشە و نەشەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازیدا، بۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" پاراستنی زمان بووە بە هەموو شێوازێک. بەخۆشییەوە من پێموایە یەکێک لە هەرە خزمەتە گەورەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە چاو ڕۆژنامە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە بۆ وێنە با بڵێین باشوور، پاقژی و خاوێنی زمان بووە چ لە بواری ڕێنووس و چ لە بواری ڕێزمانەوە.

خاڵی دووهەم کە دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم بریتییە لە، خاوەنداریێتی لەسەرجەم پرسە سیاسییەکان و پرسە نەتەوایەتییەکان کە بەردەوام ڕۆژنامەی کوردستان بە نیسبەت ئەو ڕووداوانەی کە لەنێوخۆی وڵات لە ئێراندا ڕووی داوە، دژکردەوەی هەبووە و لەنێوخۆی وڵاتیشدا خاوەنداریێتی کردووە لە پرسە جۆربەجۆرە سیاسییەکان کە لەنێو کۆمەڵگەدا ڕوویان داوە.

ئەوەی ڕاستی بێ لە دنیای ئەمڕۆدا چەمکێک هەیە کە هەرچەند لە بواری ماناوە چەمکێکی نێونەتەوەییە، بەڵام ڕەنگدانەوەیەکی زۆر تۆخی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەبووە و هەیە، کە دەمەوێ پێکی بگرم لەگەڵ مێدیای ئەم وڵاتانەی کە کوردستان تێیاندا بەش کراوە. ئەو چەمکەش بریتییە لە "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی". بێگومان بەرپرس بوون لەهەمبەر هەر کارێکدا، وەک خاڵێکی پۆزێتیڤ سەیر دەکرێ. ڕەنگە ئەم بەرپرس بوونەی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش قەرەبووی کەمایەسی و کەموکوڕییەکانی کردبێ.

ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" هەیە وەک: نەبوونی بەردەوامی، نەبوونی کادری پرۆفیشناڵ و خوێندەوار لەو بوارەدا، نەبوونی ئیمکاناتی سەختئامێری و نەرم ئامێری وەک کادری نووسەران، وەک ئیمکاناتی ماڵی، تێکنیکی و فەننی و... دەکرێ چاوپۆشییان لێ بکەین چون زیاتر ئەو ڕەخنانە بەرهەمی جەبرێکن کە بەسەر ئەم حیزبەدا داسەپاون و وەک باسم کرد بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستان قەرەبووی ئەم ڕەخنانەی کردۆتەوە.

چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بریتییە لەوەی کە ڕۆژنامە دەبێ وەک ویژدانی کۆمەڵگە، وەک ویژدانی نەتەوەکەی خۆی بتوانێ ئاوێنەیەکی باڵانوێن بێ بۆ سەرجەم پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و فەرهەنگییەکان.

من لێکۆڵینەوەیەکم کردبوو بۆ ئەم سمینارە لەسەر ڕۆژنامەکانی جیهان، سەرتیتر و لۆگۆی ١٥٠ ڕۆژنامەی وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتووم شەنوکەو کرد، یەک دەستەواژە هەیە پێ دەڵێن Slogan واتە "دروشم" کە هەر ڕۆژنامە دروشمی تایبەت بە خۆی هەیە.

**بۆ وێنە ڕۆژنامەیەکی وەک واشینگتۆن پۆست دەڵێ:** "دێموکراسی لە تاریکیدا دەمرێ". یان نیویۆرک تایمز باس لەوە دەکا هەموو هەواڵێک شیاوی بڵاوبوونەوەیە، هەرچەند ئەو باس لەوە دەکا بۆ چاپ بوون دەبێ، یانی هەموو هەواڵێک بایەخی بڵاوبوونەوەی هەیە. یان لە وڵاتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک پاکستان، کە تێیدا دەمارگرژیی ئایینی هەیە، کێشە و گرفتی مەزهەبی زۆر بە زەقی دیارە، مافی ژن و منداڵ پێشێل دەکرێ، لە ڕۆژنامەیەکدا دەڵێ: " ئەوە مافی هەموو مرۆڤێکە کە بزانێ". پاشانیش دەڵێ: "ئەوە دەنگێکی نوێیە بۆ پاکستانێکی نوێ."

**دیارە لیستی ئەو ڕۆژنامانە یەکجار زۆرن و من هەر ئاماژەم بەو چەند دانەیە کرد.**

مەبەستم ئەوەیە لە هەموو ڕۆژنامەیەکی دنیادا، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بوونی هەیە، ئەو ڕۆژنامانە دەڵێن: "مرۆڤەکان مافی خۆیانە کە وەک شارۆمەند سەیر بکرێن، مافە ئینسانییەکانیان ڕەچاو بکرێ، زانیاری حەقی خۆیانە و..."

بەڵام کە دێیە سەر ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان تێدا دابەش کراوە، بۆ وێنە کاتێک کە تۆ دێنی لە ڕۆژنامەیەک بە ناوی حوڕییەت، ورد دەبییەوە لە گۆشەی لای چەپی ئەم ڕۆژنامەیە وێنەیەکی ئاتاتورک داندراوە بە ئاڵای تورکیەوە کە ڕستەیەکی لەو دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: "تورکیە، تورکلەریندر" واتە تورکیە هی تورکەکانە. باوەڕ نەبوون بە پلۆرالیزم، باوەڕ نەبوون بە فرەچەشنی، باوەڕ نەبوون بە فرەنەتەوەیی لە ڕۆژنامەیەکدا کە قەرارە بێتە پێگەیەک و یەکێک لە کۆڵەکەکانی دێموکراسی، کەچی لەودا حاشا لە بوونی میللەتێک دەکرێ. یان کە سەیری ڕۆژنامەکانی ئێران دەکەی باڵێکی توندئاژۆ کە کەیهانی هەیە و سەرنووسەرەکەی کابرایەکی ئەشکەنجەگەر و بازجوویە، باس لە مەرگ دەکا و تۆی مەرگ دەپژێنێ، چ بەرامبەر بەوانەی کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە باری بیروباوەڕەوە جیاوازییان هەیە و چ وڵاتانی دیکە و بەردەوام تەپڵی شەڕ دەکوتێ.

بەڵام ڕێک بە پێچەوانەی مێدیای وڵاتانی داگیرکەر، ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەر بنەمای دێموکراسی، پلۆرالیزم و نەوی کێشان دامەزراوە. پێم خۆشە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم بابەتەکەم لەگەڵ بیرەوەرییەک گرێ بدەمەوە کە پێموایە ڕەنگە چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بتوانێ زیاتر شی کاتەوە، ئەویش بیرەوەرییەکە لە خودی جەنابی مامۆستا حەسەنزادە کە فەرمووی: "بابەتێکم لە ڕادیۆدا بڵاو ببۆوە لەسەر مامۆستا هێمنی نەمر کە بە پێچەوانەی بڕیاری فەرمیی حیزب بوو یان لای کەم هەندێ زاویەی هەبوو، کە دواجار قسەی لەسەر دەکرێ خودی شەهید دوکتور قاسملوو داوا دەکا، لە ڕۆژنامەشدا چاپ بکرێ!" ئەمە ڕێک واتە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی.

سەبارەت بە ڕۆژنامەی "کوردستان" پێم خۆشە ئەوە بڵێم، کە ناوەکەی یەکجار زۆر جێگای سەرنجە! بەهەرحاڵ بە حوکمی ئەوەی کە کۆماری کوردستان لە جوغرافیایەکی سنووردااردا دادەمەزرێ، لە ناوچە موکریان دادەمەزرێ، دەکرا ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە بڵێین، بۆچی ناوەکەی نەبۆتە موکریان؟ بۆچی ناوەکەی نەبۆتە مەهاباد؟ بە باوەڕی من ناوی ڕۆژنامەکە ئەوەندە گرینگە کە ئاماژە بە جوغرافیایەکی سیاسیی تایبەتە. لە جوغرافیایەکی سنووردااردا خۆی نابەستێتەوە و، ئەوە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ئەو کەسانە بۆ ئەو بیانییانەی کە بە عومدە فارسن و دەیانەوێ بزووتنەوەی کوردی پێ بکوتن و لەبری کۆماری کوردستان باس لە کۆماری مەهاباد دەکەن، بۆ ئەوەی کە ئەم کۆمارە داشکێنن کەچی ئەوان ئەو سەردەمی هاتوون ناوی "کوردستان"یان بۆ ڕۆژنامەکە دیاری کردووە. من بابەتێکم لەسەر کۆماری کوردستان - دیارە لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف و بەتایبەتی لەسەر نەمر زەبیحی - ئامادە کردبوو، لەسەر بنەمای مێژووی زارەکی، سەعیدخانی هومایوون خودای لێخۆش بێ ئاجودانی پێشەوا بوو، خوشکەزای پێشەوا بوو، باوەڕی وابوو یەکەم جار ئەو ناوە، لە لایەن سەید محەممەد حەمیدی، یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمارەوە، پێشنیار کراوە و دواجار پەسند کراوە.

پاشان بە باوەڕی من بەڕێوبەرانی "کوردستان"، سیلەچاوێکیان لە "کوردستان"ی بەدرخانییەکانیش بووە. چونکە ئەگەر سەیری فۆڕمەت و لۆگۆکەیان بکەی زۆر وەک یەک دەچن. بۆیە ئەوان ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە لە زەینیاندا هەبووبێ کە کورد نەتەوەیەکە دابەش کراوە و بە هەر شێوەیەک بێ، درێژەدانی هەمان "کوردستان"یان مەبەست بووبێ، یانی ئەو جۆرە خوێندنەوەی بۆ بکرێ. واتە مەبەستم ئەوەیە کە ئەوان لە سەردەمی کۆماردا ئاگایان لە ڕابردوو بووە، چاویان بڕیووەتە داهاتوو و تێگەیشتنێکی دروستی دۆخێکی هەنووکەیشیان هەبووە. کەوابوو "کوردستان" ڕۆژنامەیەک بوو بۆ وڵاتێک، نەک بۆ شارێک، نەک بۆ ناوچەیەک. ئەوە زۆر گرینگە کە ئەوە بزانین کە ئەو "کوردستان"ە کە ئەو ناوی لێنراوە بە جۆرێک لە جۆرەکان، پێدانی پێناسەیەکی نەتەوایەتییە.

ئەوەی ڕاستی بێ بەشی هەرە زۆری ژیانی ڕۆژنامەی "کوردستان" جگە لەو ماوەیەی کە لە مەهاباد دەرچووە، ١١٣ بە تەعبیرێک ١١٤ یان بە تەعبیری پڕۆفسۆر مارف خەزنەدار ١١٦ ژمارە، لە تاراوگە بووە و ئەو ڕاستییە دەبێ بسەلمێنین کە ژینگەی سیاسی نووسەران و ئەو کەسانەی کە لەنێو ئەو ڕۆژنامەیەدا قەڵەم لێ دەدەن، بە حوکمی ئەوەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین جیاوازە. جیاوازی بەو مانایە کە ژینگە سیاسییەکانیان جیاواز بووە. بەتایبەتی لەو سەردەمی سۆشیال مێدیایەدا، بە حوکمی ئەو ژینگە سیاسییە دەبینی ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا دەژین، جۆرێک لە ڕادیکالیزم بەسەر بیروباوەڕیاندا، بەسەر نووسراوەکانیاندا دیارە. کە هەندێ جار دەبێتە هۆکاری سازبوونی کەلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئەوە خەسارێکی جیددییە، یانی دابەشکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئەو ڕادیکالیزمە، دواجار خەساری لێ دەکەوێتەوە بەڵام بە باوەڕی من ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر بەر بەم شتە بگرێ و نەهێڵێ ئەم کەلێنە زۆر بەرز بێتەوە.

وەک باسم کرد ١١٣ یان ١١٤ یان ١١٦ ژمارەی هی دەوری یەکەمە، بەو ژمارەی کە ئەمڕۆ ئێمە بۆی دانیشتووین و سمینارمان بۆ گرتووە ٨٠٠ ژمارەی ئەم خولە کە بە خولی سێهەم ناودێر کراوە و دەرچووە سەرجەم دەبێتە ٩١٤. یانی ئەگەر بێنی ماوەی ٧٦ ساڵ حیساب کەی تەقریبەن دەکاتە ٩١٢ مانگ و ٩١٤ ژمارە. واتە دەکرێ بڵێین هەر مانگەو یەک ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچووە. ڕەنگە ئەوە بۆ حیزبێکی سیاسی ئەگەر لە دۆخێکی ئاساییدا بێ، ئەگەر لەنێوخۆی وڵاتدا بێ، ئەگەر چاپخانە و ئیمکانات و شوڕای نووسەران و پووڵ و پارەی هەبێ و بە شێوەیەکی پڕۆفیشناڵ کار بکا، شتێکی زۆر نەبێ، بەڵام تۆ کە سەیری ژینی نائاسایی ئەم حیزبە دەکەی، دەبینی لە دۆخێکی زۆر دژوار و ئەستەمدا ژیاوە و لە شاخدا توانیوێتی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ، بە باوەڕی من ئەمە یەکجار گرینگە.

تەنانەت لە بیرمان نەچێ لە سەردەمێکدا بژاردەکان و نوخبەکان بوون کە "کوردستان"یان دەنووسی. دواتر ئاماژە بەوە

دەکەم بۆ ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک گرێدراوی ئەو کەسانەیە کە قەڵەمی تێدا لێ دەدەن. بەهەرحاڵ لەو سەردەمیدا کەلاکانی ئەدەب و سیاسەتی کوردین لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بابەتیان نووسیوە و ڕادەیان لەچاو ئێستا زۆریش سنووردار بووە و ئەمە جیاوازییەکی گرینگە. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافدا کاتێ زەبیحی نیشتمانی چاپ دەکرد و بە دزی و بە شاراوەیی دەچوو لە تەورێز دیهێناوە، بە قەولی دۆستیک دەیگوت بە کۆڵێ دیهێناوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی بڵاوکردنەوەی ٩١٤ ژمارە زۆر گرینگە!

یانی کە تۆ سەیری دۆخی ئەو کات بکەی بەم هەموو زەحمەت و کوێرەوەرییەوە و لەگەڵ ئێستا پێکی بگری، بە باوەڕی من غەدرە بڵێی ڕۆژنامەی "کوردستان"، دەبا زیاتر چاپ بوایە، بەڵام هەر ئەوەندی کە چاپ بووە، من پێم وایە جێگای دەسخۆشییە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک گرێدراوە بە توانایی و لێوەشاوەیی ئەو کەسانە کە قەڵەمی تێدا لێ دەدەن. بۆ وێنە ئەگەر بمەوێ باس لە وەچەی یەکەم بکەم، نەمران سەید محەممەد حەمیدی وەک سەرنووسەری "کوردستان"، هەژار، هێمن، زەبیحی، قزڵجی، عەتری گڵۆلانی، دڵشاد ڕەسووڵی و... ئەم وەچەیە دەکرێ بڵێین زیاتر بەکگراوندێکی ئەدەبیان هەبوو، لایەنە ئەدەبییەکەیان بەسەر لایەنە سیاسییەکەیاندا زیاتر زاڵ بوو. لە ڕاستیدا ئەوان ئەو کاتی بە حەقیقەت دەیانویست، وردەوردە دارەداری ئەم ڕۆژنامەیە، دەست پێ بکەن و ڕۆژنامە بێتە نێو کۆمەڵگە.

وەک حاجی قادر کۆیی دەڵێ:

"سەد قایمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پووڵێ
ڕۆژنامە و جەریدە کەوتوونە قیمەت و شان"

مەبەست ئەوە بوو ڕۆژنامە وە قیمەت و شان کەوێ. بۆ وێنە نوتقی جەنابی پێشەوا بڵاو دەبۆوە، هەواڵ بڵاو دەبۆوە.

مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لەو سەردەمدا زیاتر ڕاگەیاندن بەشی سەرەکی بوو، بڵاو کردنەوەی هەواڵ مەبەست بوو تا شرۆڤە و ئانالیز.

بەڵام لە وەچەی دووهەم و وەچەی سێهەمدا کە سەردەمی ئێستایە سیاسەت توخمی زاڵە. لە وەچەی دووهەمدا شەهید

دوکتور قاسملوو، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نەمر مامۆستا کەریم حیسامی، کاک فەتاحی کاویان و زۆر نێوی دیکە کە ڕەنگە مەجاڵ نەبێ لێرە باسیان بکەم ئەم وەچەیە بە نیسبەت وەچەی یەکەم سیاسیترن، ئەساسەن سیاسەتمەدارن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بناغەیەی کە داڕێژراوە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە، دیسانەکە تۆ دەبینی ئەو بەکگڕاوندە ئەدەبییە بەسەر ئەو بەشەشدا دیارە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتێکی ئەدیبە، دوکتور قاسملوو لە ئەدەبدا دەستی هەیە، کاک فەتاحی کاویان یان کاک کەریم حیسامی لە ئەدەبدا دەستی هەیە، بۆیە وەک پێشتر عەرزم کردن نوخبەکانن کە لە "کوردستان"دا دەنووسن. یانی چ لە وەچەی یەکەمدا، چ لە وەچەی دووهەمدا، ئەوە نوخبەکانی سیاسی – ئەدەبی کوردن کە دەرەتانی ئەوەیان هەیە لەو ڕۆژنامەیەدا بابەت بڵاوکەنەوە و دواجار دێینە سەر ئەو قۆناغەی ئێستا، کە بە وەچەی سێهەم دیاری کراوە.

کەوابوو وەک باسم کرد وەچەی سێهەم وەچەیەکە کە لە باری تەمەن لەچاو وەچەی دووهەم گەنجترن، ئەزموونی سیاسی و خەباتیان کەمترە، پاشخانی فکرییان زیاتر لە شارە، بەڵام ئەو جیلە لە باری پەیوەندییان لەگەڵ دنیای سۆشیال مێدیا و لەگەڵ مێدیای بیانیدا بە حوکمی ئەوەی کە بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات دەژین پەیوەندییەکی چڕوپڕتر و تۆکمەتریان هەیە، بۆیە ئەگەر لە سەردەمێکدا نوخبەکانی وەچەی یەکەم و دووهەم شوێندانەریان لەسەر کوردستان هەیە و کوردستان بەهۆی قەڵەمی ئەوانەوە بەو شێوەیە دێتە دەرێ، بەڵام لە وەچەی سێهەمدا بە حوکمی ئەوەی کە سۆشیال مێدیا لە گۆڕێدا هەیە، بە حوکمی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان زیاترە، ئەوانیش دەکەونە ژێر تەئسیری ئەم لێشاوی زانیارییانە، ئەم لێشاوی هەواڵ و لێکدانەوانە و دواجار ئەم کاریگەرییانە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ڕەنگ دەداتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لە وەچەی سێهەمدا پەیوەندییەکی دوولایانە، لە نێوان نووسەران و ڕۆژنامەی کوردستاندا هەیە.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی دووبارە لە ڕۆژنامەگەری کوردی و سەرجەم هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە نازانم لەگەڵ دەرچوونی ژمارەی ١٠٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان ئێمە لە کوێین و شێوازی دەرچوونی کوردستان چۆن دەبێ، ڕۆژانە دەبێ، هەفتانە دەبێ، دووحەوتەنامە دەبێ، بەڵام هیوادارم ئەگەر جەژنێکی تر بۆ کوردستان بگیرێ لە شوێنی لەدایکبوونی ڕۆژنامەی کوردستان بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## ئەخلاق لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی‌دا

٧٦ ساڵ بۆ تەمەنی حیزبێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەک تەمەنێکی کەم نییە، بەڵکوو تەمەنی چەندین جیل و وەچەی نەتەوەیەکیشە. تەنانەت ئەگەر بێتوو سێ ساڵەکەی کۆمەڵەی ژێکاف و بەر لەویش حیزبی ئازادیی کوردستانیشی بخەینە سەر، بە قەولی نەمر مامۆستا زەبیحی دەڵێ حیزبی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا، سەرەتای دەستپێکی یەک هێڵ بوون کە دواجار لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆیان دەبیننەوە یان بە تەعبیری نەمر مامۆستا هەژار کە دەڵێ حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر دار و پەردووی ژێکاف سازبووە، دەبێتە مەودایەکی زیاتر لە هەشتا ساڵ، تەمەنێکی زیاتر لە تەمەنی زۆر وڵاتی سەربەخۆی سەر گۆی زەوی!

بێگومان تا هەنووکە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی ئەم حیزبە دووپات کاتەوە، کە بێگومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کە کلیلوشەکانی ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری پارچەکانی تردا زاڵ و دیارە.

بێشک دەکرێ زۆر دەسکەوتی گرینگی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی هی سەرەتای دامەزرانی دەسنیشان بکەین، بەڵام جگە لەم دەسکەوتانەش، بە دڵنیاییەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە، لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە، تا دابڕان و لەتبوون و شەهیدبوونی سەرکردە کاریزماکانی و دواجار دۆخێک لەژێر زەخت و گوشاری تیرۆر و ژیانی نائاسایی و دابڕان لە بارودۆخی شۆڕش و داگەڕان لە شاخ بەرەو دەشت!

ڕەنگە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەوەی کە ئەم حیزبە سەرەڕای ئەم هەموو زەخت و گوشارە تابشتشکێن و تاقەتپرووکێنە، توانیوێتی تا هەنووکە بەردەوام بێ و پێگەیەکی بەهێز و گرینگی لەنێو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا هەبێ، بگەڕێتەوە سەر چەمکی ئەخلاق کە لە هەناوی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا بەدایمە بوونی هەبووە، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا.

لە کەوانەدا وەبیر هێنانەوەی ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە هەوسارپساوی و بەرەڵلایی و بێئەخلاقی لە سۆشیال میدیادا، زیاتر دەگەڕێتەوە سەر نەخۆشییەکی نەفسی کۆمەڵگەی کوردەواری و کەمتر گوزارە لە پەراوێزەکانی گوتاری نەتەوەیی دەکا و خەسارناسییەکەی هەڵگری دەرفەت و مەجالێکی ترە.

بە ڕای من لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بۆ سیاسەت بڕوانی، ئەگەر بایەخە ئەخلاقییەکان پێشێل بکا، دەبێتە قێزەوەنترین دیاردەی کۆمەڵگە. ئەو دەستەواژە سواوانەی بەردەوام باس لەوە دەکەن کە سیاسەت واتە درۆودەلەسە و فرتوفێڵ و... زۆر جاران لە پاساوێک دەچن بۆ قوتکردنەوە سیاسەت بەدژی ئەخلاق. بەتایبەتی کاتێ کە هاوسەنگیی هێز لەگۆڕێدا نییە، هێزی باڵادەست بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، بەتەواوی ئەخلاق لە سیاسەت ڕادەماڵێ، ڕێک بەپێچەوانەی شێوەڕوانینی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، نموونەی مێژوویی بۆ سەلەماندنی زۆرن.

بێگومان لە هەموو قۆناغەکانی هەڵکشان و داکشانی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی -بە هۆکاری جۆراوجۆری دەرەکی و ژوورەکی - ئەوە چەمکی ئەخلاقە کە بەرامبەری بە "ئەوی تر" نەگۆڕە.

هەندێ جار نەویکێشان و حاوانەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر، دەگاتە ئەو ئاستە کە لە هەناوی گوتاری نەتەوەیی بە تۆخی "ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی" یان "ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی" وەدەردەکەوێ. مەبەست لەم ناسیۆنالیزمە مەدەنییە بایەخەکانی دنیای لیبراڵە لەسەر بنەمای ئازادی و دێموکراسی و ڕێزگرتن لە ویست و ئیرادەی تاک. تەنانەت ئەو هێڵە تۆخ و ڕادیکاڵەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم سەردەمەدا کە وەک ناسیۆنالیزمی دژە - کۆلۆنیالیزم ناوزەد دەکرێ لە هاوکێشەی کۆلۆنیالیست - کۆلۆنیالیکراودا خوازیاری وێکهەڵکردنە.

بەڵام گوتاری هێرشبەری نەتەوەی باڵادەست بەردەوام خەریکی وەشاندن و لێدانە، بەتایبەتی کە بەزەبری هێزی سەخت ئامانجەکانی بۆ ناپێکرێ، هێزی نەرم دەکاتە کەرەسەی وەشاندن بۆ وێنە لەسەر بنەمای شانتاژ، درۆ، بوختان، ناوزڕاندن و... بۆیە ئەم گوتارە هەرگیز نازانێ داوای لێبوردن چییە، چون ئەخلاقتەوەر نییە و بەپێچەوانەوە دژی ئەخلاقە، تەنانەت هەرگیز ئامادە نییە داوای لێبوردنێکی بچووک بکا بۆ تاوانێکی گەورە. ئەمە لە کاتێکدایە کە گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوی کوردی وا ڕاهاتووە کە پابەند و پێمل بێ بە بایەخە ئەخلاقییەکان ئەگەر دواجار بە زەرەری خۆشی بشکێتەوە! شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە شەڕی نەغەدە لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی "جمهوریت"دا دەڵێ: لە نەغەدە ئێمە هەڵەمان کرد، ئەوان "سوءاستفادە!" واتە ددان بە هەڵەدانان لە گوتاری بزووتنەوەی کوردی چونکی ئەخلاقتەوەرە، وەک بایەخ سەیر دەکرێ. ئەو بەناو بەڵگەفیلمانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی بڵاویان دەکاتەوە، سەرلەبەری درۆ و دەلەسەیە و سەلمێنەری ئەوەن کە ئەوان باوەڕیان بە هیچ بایەخێکی ئەخلاقی نییە و لە لایەکی

تریشەوە وەک پەلەقاژەیەکی قێزەوەن دێتە بەرچاو کە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی بۆ ئەوان لێ شین نابێ. دیارە ئەم بێئەخلاقییە هەر لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە نەبووە و لە مەیدانی شەڕیش بە سەدان قات لەمە دڕ و دڕندەتر بووە! دیارە نابێ ئەو ڕاستییەش بشاردرێتەوە کە بەدرێژایی تەمەنی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی هەڵەش ڕووی داوە کە بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە -بەتایبەتی سەردەمی سەرەتای شۆڕش- سەر دیاردەیەک بە ناوی لاوازیی کولتووری لەهەمبەر شۆڕشگێڕییەکی پەتی!

ڕەنگە هێنانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکە واتە چەمکی ئەخلاق، یارمەتیدەر بێ بۆ نیشاندانی جیاوازیی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەگەڵ گوتاری نەتەوە باڵادەستەکان. لە هەمان کاتیشدا باسکردنی شێوەڕوانینی پێشەوای نەمر و شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ئەم چەمکە، دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە بۆچی کورد لەبەرامبەر ئەوی تردا سەردەمیانەتر و لەسەر بنەمای بایەخە ئینسانییەکان جووڵاوەتەوە.

پێشەوا قازی محەممەد لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە تەورێز دیدار و گفتوگۆیەکی هەبووە لەگەڵ مەئمووری کاتی کۆنسوولخانەی ئەمریکا و لە وڵامی داوایەکی کۆنسوولدا کە دەڵێ: "لە ورمێ شارۆمەندانی ئەمریکایی ئێمە دەژین، بێتوو هەر شەڕ و ڕاپەڕینێک لە ورمێ ڕوو بدا من تکاتان لێ دەکەم بۆ پاراستنی گیانی ئەوان." پێشەوا لە وڵامدا دەڵێ: هیچ جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ورمێ و شارۆمەندانی ئەمریکایی لە گۆڕێدا نییە. لە ورمێ ئازەربایجانییەکان، ئاسوورییەکان، ئەرمەنییەکان و کوردەکان وەک خێزانێکی یەکگرتوو بەیەکەوە دەژین و هیچ خیلافێکیان لە نێواندا نییە. ئەمن بەڵێنیتان پێ دەدەم کە هیچ کەس ناتوانێ چەتێک و خیلافێک لەنێو ئێمەدا ساز کا و ئێمە ئیزن نادەین کەسێک سەدەمە بە دۆستایەتیمان بگەیەنێ. (ئەم کۆپلەیە لە وێبلاگی ڕوانگەی مامۆستا حەسەن قازی وەرگیراوە.)

ئەمە بەم واتایە دێ کە کورد شێوەڕوانینی لەسەر بنەمای وێکهەلکردن و حاوانەوە لەگەڵ ئەوی ترە. جا سەیرەکە لەوەدایە ئەمڕۆ لێرولەوێ دەنگێک بەرز بۆتەوە کە دەڵێ کورد دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کێشەکانی یەکلاکاتەوە، کەچی ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە کورد لە سەدەی ڕابردوودا بە هەموو شت ڕازی بووە: بە حوکمی زاتی، بە خودموختاری، بە فیدراڵی و تەنانەت بە "نان و کەوەریش"! کورد هەمیشە ڕووی دەمی لە ناوەند بووە و ئەمە ناوەندە کە کوردی بە هیچ وەرنەگرتووە و بەشداری سیاسی بە مانا ڕاستەقینەکەی لە دەسەڵاتدا نەبووە، لای کەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە دەیان ساڵە بەزەقی دەدیترێ.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوەییدا ئەم مۆتیڤانە هەموو بەرهەمی ئەخلاق- تەوەریی ئەم بزووتنەوەیەن، بۆ وێنە: ددان بە هەڵەدانان، ڕێزی بەرامبەر، بەرپەرس بوون، جیددی بوون، ڕەخنە لەخۆ گرتن، مافی دیتران، سەربەخۆیی

لە بڕیارداندا و... سەرنجراکێشە کە دوکتور قاسملوو بەردەوام خەریکی دووپاتە و چەندپاتە کردنەوەی ئەم مۆتیڤانەیە بۆ چیرۆکی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوی چەمکی ئەخلاق وەک بەستێنی گوتاری نەتەوەیی بچەسپێنێ. بۆیە دەڵێ: "ئێمە بێئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و یەکەم حیزبی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردووە"!

شەهید دوکتور قاسملوو حەول دەدا بەستێنی ئەم گوتارە، بەستێنی ئەم بزاڤە، ئەخلاق بێ و پێی وایە ئەمەش گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتییە و ڕەمزی مانەوەی حیزبەکەشی هەر لەوەدا دەبینێ.

دەکرێ بڵێین ئەوەی لە کلیلوشەکانی ئەم گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەییدا بەدی دەکرێ بۆ وێنە وەک شوناسی نەتەوەیی، لە ڕاستیدا بە جۆرێ ڕێزگرتنە لە کەسایەتیی تاکەکانی نەتەوەیەک کە بەدرێژایی مێژوو، دەسەڵات حەولی سڕینەوەی ناسنامەی داون و تەنانەت سڕینەوەی فیزیکی. بۆیە ئەم ڕێزگرتنە ڕێک دێتە خانەی ئەخلاقەوە، واتە ئەم گوتارە لە هەناوی خۆیدا ئەخلاق تەوەرە و هەڵگری بایخە ئەخلاقییەکانە.

بۆیە ئەم مۆتیڤ و دەستەواژانە باسمان کردن و لە ڕاستیدا لە گوتاری نەتەوەیی هەڵمانکرانـد، بەپێی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی زەمەنی و دۆخی سیاسی - کۆمەڵایەتیی کوردستان و ئێران، حیزبی دێموکرات هەڵگریان بووە. هێندێک جار ئەم دەستەواژانە لەنێو گوتاری سیاسی ئەو حیزبەدا ڕەنگی داوەتەوە، هێندێک جار لە زمان ڕێبەرایەتی ئەم حیزبەوە گوتراوە و دواجار، بوونەتە بەستێنی کلیلوشەکانی ئەم گوتارە. گرینگی ئەم چەمکانە لەوەدایە کە ئەگەر بێتوو لەگەڵ بۆ وێنە گوتارەکانی سەردەمی پەهلەوی و سەردەمی کۆماری ئیسلامی پێکیان بگرین کە گوتارگەلێکی هۆموژێنخواز و هێرشبەر و بێئەخلاقن ڕێک بە پێچەوانەوە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گوتارێکی بەرگریکار و خاکەڕا و ئەخلاق تەوەرە.

**ئەو گوتارەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دایمەزراندووە، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا، ئەخلاقمەدارترین گوتار بووە تەنانەت لەچاو گوتاری نەتەوە بندەستەکانی تری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

# مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی

## خوێندنەوەیەک بۆ جۆری پەیوەندی خامنەیی و قاسم سولەیمانی

لە یەک ڕستەدا دەکرێ بڵێین دووانەی "ئاخوند - پاسدار" لەسەر درۆ و بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگای ئێران لە ڕێی شیعەگەرییەوە و دواجار بە زەبری چەک و زۆرەملی، لە ڕێگەی پاسدارەکانی ئەم سیستەمەوە دامەزراوە. ئەمە تا هەنووکەش سەرەکیترین ستراتیژی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئەم دەسەڵاتە، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەوە. بۆ وێنە ئەرکی سپای قودس، بەتایبەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتی قاسم سولەیمانی ڕێک بۆ ئەم مەبەستە داڕێژرابوو!

بەلاڕێدا چوونی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەم هەلەی بۆ ئاخوندەکان ڕەخساند سواری لۆتکەی شۆڕش بن و بۆ گەیشتن بە ڕۆخی دەسەڵات، چینێکی گەنجی هەژاری نەخوێندەوار بکەن بە سەوڵی لۆتکەکەیان. چینێکی پەراوێزخراوی بێدەرەتان، کە بە نیسبەت حکوومەتی پاشایەتی پڕ بوون لە گرێوگۆڵی دەروونی. ئاخوندەکان زۆر باش دەیانزانی ئەم ڕق و کینە پەنگخواردووە تەنیا و تەنیا بە کوشتن و قەتڵوبڕی دیتران دادەمرکێ و ئەوانیش بە ناوی خوا و ئیسلامەوە ئەوەی خواستی دڵیان بوو، پێیان کردن. بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەم پاسدارانە کە زۆربەی هەرە زۆریان تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵ لانکەی دەکرد، بەرپرسیارێتی زۆر گەورەیان دەدرێتێ، ئەوان بە تەواوی گۆشکراوی ئاخوندی شیعە و ڕێبازەکەی بوون و تا ئێستاش کە لە ساڵانی ٦٠ی ژیانیاندان، وەفادارن بە ڕێچکە و ئایدۆلۆژی شیعی و لە ڕاستیدا ئەوانن کە پارێزەری ڕژیمن وەک پاسدار.

لێرەدا چەمکێکی هانا ئارێنتی دەتوانێ هۆکاری گوێ لە مستی پاسدار بۆ ئاخوند، دەربخا. ئەویش ئەمەیە کە لە ڕاستیدا پاسدار "مەئموور"ی بەڕێوەبردنی ئەمری ئاخوندە، ئەو ئاخوندەی کە وادەی بەهەشتی پێداوە و تەنانەت کلیلەکەشی خستۆتە ملی، بۆ ئەوەی لەبەر دەرگای بەهەشت ماتڵ نەبێ! شینگێڕی خامنەیی بۆ سولەیمانی ڕێک سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە. لەم ڕوانگەوە پاسدارەکان وەک مەئمووری خودا لە سەر عەرز، بۆ ئەنجامی ڕاسپاردەی نوێنەری خودا بە وڵاتدا وەردەبن و لە ئەنجامی هیچ جەنایەتێک خۆ نابوێرن، جەنایەتێک کە لە باری شەرعییەوە ئیزن پێدراوە و ئاخوند فتوای لەسەر داوە، بێگومان تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ڕوونترین نموونەی لەم چەشنە جەنایەتانەیە.

## ٢- شکاندی پۆڕتێک، گەڕاندنەوەی شکۆیەک

تا بەر لە کوشتنی سولەیمانی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر سیمای گەورەترین زلهێزی جیهانی پێوەدیار نەمابوو، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیتر سەبارەت بە کێشەکانی جوغرافیایەک بە ناوی هیلالی شیعی، ناوچەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەمریکا بە تەواوی مەیدانی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆل کردبوو، نموونەی دوایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا. بەڵام لەگەڵ ئەو مەیدان چۆڵکردنەی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ڕەنگە خوێندنەوە و هەڵەی زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیش بووبێ، کە ئەویش بریتی لەمەبوو کە پێش بینی کەسایەتی تێکچنـدراوی ترامپـی بـۆ هاوکێشـە سیاسییەکانی ناوچـە ڕەچـاو نـەکردبوو. کـارەکتێرێکی تێکچنـدراو کـە هەنـدێ جـار لێدوانەکانی ئەوەندە پارادۆکسیکالە کە جاری وایە لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دۆستان و دوژمنانی تووشی سەرسوڕمان یان باشتر بڵێم سەرلێشێواوی دەکا!

ڕۆژنامەی لۆس ئانجلێس تایمز باس لەوە دەکا کاتێ ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیی واتە وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە و سەرۆک ئەرکانی سپای ئەمریکا چوون بۆ هاوینەهەواری مارالاگۆ لە ئەیالەتی فلۆریدا، پێش بینی ئەوەیان نەدەکرد کە ترامپ فەرمانی کوشتنی سولەیمانی بدا. ئەم فەرمانە کە ڕێک دوابەدوای هێرش بۆ سەر پایگای کێی وان و کۆنسوولی ئەمریکا لە بەغدا دەرچوو ترامپ لە تویتێکدا کوتبووی: ئێران بە بەرپرسی هێرشەکان و گیانە لەدەسچووەکانە و ئەوان دەبێ باجێکی زۆر قورس بدەن!

ئەمە هۆشدار نەبوو بەڵکوو هەڕەشەیەکی جیددی بوو، ئەو باجە گەورەی کە ترامپ باسی کرد کە دەبێ کۆماری ئیسلامی بیدا دیسان لە لایەن ئێرانییەکانەوە بەهەند وەرنەگیرا، چون لەڕاستیدا ئەو کارانەی کۆماری ئیسلامی کردبووی لە ماوەی گرژبوونەوەی زیاتری پەیوەندی ئەمریکا و ئێراندا وەک: خستنەخوارەوەی درۆنی ئەمریکایی، هەڕەشە لە گەرووی هورموز، هێرش بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی ئارامکۆی عەرەبستان، ڕاگرتنی گەمییەکانی نەوت، شەڕی پراکسی و "ناامتقارن" لە ناوچە و... دژکردەوەیەکی جیددی و وەڵامێکی ئەوتۆی لە لایەن ئەمریکاوە نەدرابۆوە. (تەنانەت واباشە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا سەبارەت بە شەڕی پڕاکسی پێداچوونەوەمان هەبێ و باس لە "بەشداری ئەکتیو" بکەین چۆن لە ڕاستیدا قاسم سولەیمانی بە عالەم ئاشکرا خەریکی تراتێن لە ناوچەدا بوو، وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە لە پاش ڕێفراندۆمی باشوور چۆن وەپێش حەشدی شەعبی کەوتبوو بۆ داگیر کردنی کەرکووک!) بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر بەم ڕبەی پێشوویان پێوا و بەم شێوەیە خافڵگیر بوون.



سەرچاوە
Serchawe

چون ڕێک لە شەوی سەری ساڵی تازەدا، ترامپ کۆماری ئیسلامی دڵنیا کردەوە کە ئەمریکا ئاشتی و ئارامی دەوێ و ئێرانیش دەبێ زیاتر لە هەموو کەس خوازیاری سوڵح بێ! سەیر کە، لە ماوەی کەمتر لە سێ چوار ڕۆژ تویتە پڕ لە هەڕەشەکەی ترامپ و قسەکانی شەوی سەری ساڵ، ڕێک بەتەواوی دژبەیەکن و کۆماری ئیسلامی و خودی سولەیمانیان تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیک کرد و دواجار بوو بە هۆی کوێر بوونی چاوی کۆماری ئیسلامی!

بۆیە ئەوەی کرا ڕێک لەناوبردنی هێژمۆنی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی سرنجەکان بوو بۆ سەر ئەمریکا، کە دنیا ئەو ڕاستییە بزانێ کە نەزم و تەکوزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ ئەمریکا جێبەجێ نابێ! کوشتنی سولەیمانی تەنیا کوشتنی پاسدارێک نەبوو کە جێگاکەی بە یەکی تر پڕ کرێتەوە، کوشتنی سولەیمانی بە سوخرەگرتنی هێما و سەمبولی دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو و بۆ هەموو کەس سەلمێندرا کە سولەیمانی سوپەرمن نییە. دەرکردنی فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی لە هاوینەهەواری مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی بوو.

### ٣- سولەیمانی "وجەالمصالحە"؟!

سولەیمانی ئامرازی تایبەتی دەستی خامنەیی بوو، بەڵام ئەم ئامرازە چۆن ساز بوو؟ دەبوو ئەم ئامرازە ببێتە ئەم بوونەوەرە "ئەوپەڕمرۆڤەی" (ابرانسان) کە وەک ئارەشی کەوانداری سنوورەکانی شۆڕش (وڵات) بەرینتر دەکا و وەک ڕۆستەمی داستان پارێزەری ئێرانە و وەک ئیمامی عەلی شمشێروەشێنە، بۆیە بە یارمەتی میدیاکانی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی سیاسی، سولەیمانی بوو بە عارفێکی شیعە کە لە سەدەکانی ئێرانی باستانەوە هاتبوو بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی ئێران. سەیر کە، چەمکەکانی نەتەوەی سەردەست، وەک ئایینزای شیعە و زمانی فارسی لەم ئامرازەدا کۆدەبنەوە! ئەم نازناوانە: شەهیدی زیندوو، تەنیا چەکداری خاوەن نیشانی زولفەقار، سەرداری عارف، مالکی ئەشتەر، ژەنراڵی تارمایی و... هەر هەمووی بۆ شوێنەونکەی ئەم جەنایاتانە بوون کە لەسەر دەستی ئەو لە ناوچە و تەنانەت لە ناوخۆدا ئەنجام دەدران!

بەڵام ئەم سیمبولسازییە تا ڕادەیەک گرتی و هەر ئێستا بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ لای خۆی پەلکێش کردووە، تەنانەت لەناو ئۆپۆزیسیۆنیشدا - بە دیاری فاشیستەکان - وەک بەشێک لە پاشاییخوازەکان و کۆماریخوازەکان و چەپەکان و هەندێ سلێبریتی بوون بە شەیدای سولەیمانی پارێزەی خاکی ئێران!

وێناچێ قاسم سولەیمانی لەباری سیاسییەوە شتێکی ئەوتۆی لەباراندا بووبێ، مەگەر وەک خومەینی پاشی مەرگی بیکەن بە

شاعیر و دیوانی شیعری بۆ سازکەن، خومەینییەک کە لە ئاخاڤتنی ئاساییشدا گرفتی هەبوو! دیارە بەپێی ئەم گرتەڤیدیۆییانەی لە سولەیمانی بڵاو بۆتەوە لێورێژە لە هیچ! بەڵام دەسەڵاتێکی بێسنوور و ڕەهای ماددی و چەکداری هەبوو و بە کردەوە وەک دووهەم کەسی کۆماری ئیسلامی پاش خامنەیی سەیر دەکرا.

دیارە ئەو وەک فەرماندەی سپای قودس بە زبری پارەی نەوت و، هاندانی هەستی ئایینزایی شیعی لە ناوچە بوو بە مەترسیدارترین کەسایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دەیان کردەوەی تیرۆریستی لە ناوچەدا ئەنجام دا و هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێک بۆخۆی بوو. لێدوانەکانی تاریق هاشمی جێگری پێشووی سەرکۆماری عێراق سەبارەت بە دەوری نەرێنی قاسم سولەیمانی بۆ سازکردنی شەڕی ئایینزایی و تائیفی و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە هۆکاری سەرەکی جەنایەتەکانی ناوچە، سولەیمانی بوو! چیرۆکی پەلهاوێژی بۆ ئورووپا و ئەمریکای لاتینیش ڕێک لەسەر بنەمای حاتەمبەخشی پارەی خەڵکی ئێران دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکەی.

بەڵام خامنەیی سوورسوور دەیزانی سولەیمانی بە مردنی سروشتی نامرێ و بە تەعبیری خۆی شەهید دەبێ، بۆیە ڕاستەوخۆ ئارەزووی شەهید بوونی بۆ دەکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێ: هەڵبەت جارێ نا!!! خامنەیی کە بە زەبری پارە و چەک سیمایەکی تایبەتی لە سولەیمانی سازدەکا، دەزانێ کە درەنگ و زوو بە پێی ئەم کارانەی ئەو دەیکا تیری ئەجەل دەیپێکێ (دەیان دوژمنی وردودرشتی لە ناوچەدا هەبوو) و بۆیە هەر لە سەرەتای ئەم هێماسازییەوە، کوژران و قۆناغی پاش کوژرانی ئەو، سێناریۆسازی بۆ کراوە. تۆ بڵێی بۆ ئەوەی دواجار ببێتە "وجەالمصالحە" لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی؟ چون ئیتر بۆ هەمووان دەرکەتووە کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی مل بۆ هەموو شتێک کەچ دەکا، تەنانەت قوربانی کردنی قاسم سولەیمانی!

### ٤- جووت شەشی سولەیمانی – بەغدادی

دێیڤید پێترایۆس، بەرپرسی پێشووی CIA و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقی پاش ڕووخانی ڕژیمی بەعس، پێی وایە کوشتنی سولەیمانی لە کوشتنی بن لادن و کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی گرینگترە! دیارە پێترایۆس ڕاست دەکا چون لەم دۆخەی ترامپ تێیدا بوو واتە گوشارەکان بۆ لێپرسینەوە (Impeachment) توانی تا ڕادەیەک ئاهێکی بێتەوە بەرەخۆ و تەنانەت بە شێوەیەکی ڕێژەیی دێموکراتە ناڕازییەکانیش بەخشکەش بێ لەگەڵ خۆی هاودەنگ کا، هەرچەند ئەوان لەبەر کێبەرکێی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ٢٠٢٠ هەر خێسەی لێدەکەن! بەڵام بەگشتی کۆنگرێس و سێنات، ڕایان وایە کە جیهان بەبێ قاسم سولەیمانی دنیایەکی ئەمن و ئارامترە و نەمانی سولەیمانی بە فاکتورێکی گرینگی ئەمنی بۆ ئەمریکا وەسف



سەرچاوە
Serchawe

دەکەن.

ڕاستی ئەوەیە کە پاش کوشتنی بەغدادی و شوبهاندنی ئەو وەک "سەگ" لە لایەن دۆناڵد ترامپەوە، هەڵوێستەکان زۆر لاوازتر بوو بە نیسبەت کوشتنی سولەیمانی، تەنانەت ترامپ کەوتە بەر ڕەخنەش کە بۆ بەغدادی بە سەگ شوبهاندووە؟! بەڵام بۆ سولەیمانی لە بەغدادی گرینگتر و مەترسیدارتر بوو؟

ئەوەی ڕاستی بێ بەغدادی تیرۆریستێکی "بەرەڵڵا" بوو، واتە هیچ وڵاتێک لایکەم بە فەرمی پشتگیری نەدەکرد و ماوەی خەلافەتە سنووردارەکەی زۆر درێژ نەبوو، بەڵام سولەیمانی وڵاتی خۆی هەبوو کە بە تەواوی هێزەوە پشتیوانی بوو بە پارە و چەک و بە سیستمی سیخوڕییەوە و لە هەمان کاتیشدا جوغرافیای هیلالی شیعی لە سەر بنەمای ئاییینزای شیعە پشتگیری لێدەکرد و زیاتر لە دوو دەیە بوو کە لەم ناوچەیەدا تەراتێنی دەکرد، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە دەکرێ بڵێین سولەیمانی زۆر گرینگتر و مەترسیدارتر بوو. بۆیە من پێموایە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ترامپ براوە بێ، یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکان جووت شەشی سولەیمانی - بەغدادی دەبێ!

## ٥- تراویلکەی هیلالی شیعی، دواخەونی قاسم سولەیمانی

پێترایۆس دەڵێ: "جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری ئەو کاتی عێراق پەیامێکی قاسم سولەیمانی دامێ کە تێیدا هاتبوو؛ ژەنەڕاڵ پێترایۆس من قاسم سولەیمانی سیاسەتی ئێران، سەبارەت بە عێراق کۆنترۆڵ دەکەم و جگە لە عێراق، کۆنترۆڵی سیاسەتی ئێران لە سووریا، لوبنان، غەزە و ئەفغانستان لەستۆی منە. ئەو خاڵەی مەبەستی سولەیمانی بوو، ئەوە بوو کە تۆ دەبێ لەگەڵ من ڕێکەوتن بکەی و"...

ڕەنگە هەر ئەو فیزوئیفادەیە، کە سولەیمانی خۆی بە سوڵتانی بێ تاج و تەختی ئەو ناوچانە دەزانی، بوو بە هۆی ئەوە کە سەری خۆی بە فەتەڕات بدا.

خامنەیی لەسەر بنەمای وەهمی دوژمن، دەیکوت و دەڵێ دوژمن چواردەوری تەنیوین و بۆیە دەبێ تا قووڵایی خاکی دەرودراوسێ و تەنانەت ئەو شوێنانەی دوورتریش کە دوژمنەکانمان لەوێندەرێن پەلهاوێژی بکەین بۆ ئەوەی هەڕەشەکان لەسەر خۆمان لابەرین و ئەمە وەک قووڵایی ستراتێژیک وەسف دەکا، نەک دەستێوەردان و هەناردە کردنی شۆڕش! بۆیە بۆ ئەم مەبەستە شەڕی پڕاکسی (شەڕی بەووەکالەت) لە ناوچەدا سازدەکا و قاسم سولەیمانیش دەبێتە کەرەسەی کردەیی ئەم

ستراتیژییە.

کۆماری ئیسلامی بە هۆی شەڕی پڕاکسی، لە هەمان کاتدا کە ویستوویەتی بازنەی نفووزی خۆی لە ناو وڵاتانی دەروردراوسێدا بەربڵاوتر بکا، ئاستی ئەمنییەتی خۆیشی لەسەر بنەمای بیردۆزی پێشگیرانە بردۆتە سەرێ. بۆ ئەم مەبەستەش سوودی لە فاکتەری مەزهەبی شیعە وەرگرتووە و جوگرافیای "هیلالی شیعی" وەک ژێئۆپۆلێتیکی شیعی کردووەتە مەیدانی تەراتێنی خۆی. ئەم هیلالە کە جەمسەرێکی لە لوبنانە و بەسەر سووریا، عێراق، کوەیت، بەحرەین، ئیمارات، قەتەر و ڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا خەرمانەی داوە، جەمسەرەکەی تری دەگاتەوە یەمەن. واتە پانتاییەکی جوغرافی بەرین بە حەشیمەتێکی بەرچاوەوە. بەپێی ئەوەی کە گەورەترین سەرچاوەکانی وزەی دنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە، ئەم هیلالەش بەشێکی بەرچاو لەم سەرچاوانە لەخۆدەگرێ و دەورێکی گرینگی ژێئۆپۆلێتیکی هەیە، بۆ وڵاتێکی وەک ئێران زۆر ئاساییە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خۆی لە حەسارخەڵوەتی ئەم وڵاتانەدا ببینێتەوە و ئاستی ئەمنییەتی خۆی لەمەڕ هەڕەشە دەرەکی و تەنانەت ناوخۆییەکانیشی بەرێتە سەر، بۆ ئەوەش کە بتوانێ شوێن پێی خۆی لەم وڵاتانەدا جێ بێڵێ، باشترین فاکتەر هاوتەریب کردنی ئەو وڵاتانە لەگەڵ خۆیەتی کە خەڵکی شیعە مەزهەبیان تێدا دەژی.

ئەوەی کە ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی لەناو هیلالی شیعیدان بووەتە هۆکاری تێکدانی ئاسایش و ئەمنییەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەکە. لەڕاستیدا ئەم ناسەقامگیرییە پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتی لەگەڵ درێژەی تەمەنی ئەم دەوڵەتە هەیە و زۆر جاران لەم دۆخەی کە خۆی خوڵقێنەریێتی، وەک کارتی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزەکانی جیهان و لەسەرووی هەمووان ئەمریکا کەڵکی لێوەرگرتووە. نموونە، بڕیاری پارلەمای عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا پاش کوشتنی سولەیمانی، ئەگەرچی ئەمەیان بۆ ناچێتەسەر.

جەختی ئێران لەسەر ئەم هیلالە وەک پشتێنێکی ئەمنی بۆ پاراستنی خۆی لە کورتماوەدا جوابی داوە، بەڵام بەم ئاڵوگۆڕانەی ناوچە و بە سەرنجدان بە دۆخی نالەباری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی، لە درێژماوەدا ئێران بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەو هیلالە شیعییەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرکردایەتی قاسم سولەیمانی بەدوویەوە بوو و بەفیز و لەخۆباییەوە بە پێترایۆسی کوت من پاشای ئەم هیلالەم، جگە تراویلکەیەک هیچی تر نەبوو!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی............ ٢٠٢٢، ٢٠٢٣، ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥**

---

## ڕاوەستاو لەسەر دوندی مێژوو

**(چەمکی سەربەخۆیی‌خوازی لە ئەندیشەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا)**

**ئاماژە:**

ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی گشتی و بەپەلەیە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەندێ دەقەکانی شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، وەک یەکێ لە ڕەهەندە فکرییەکانی دوکتور قاسملوو لە دەقەری سیاسەتدا. واتە ئەم مافە وەک حەز و خولیا، وەک ئارەزوویەکی دوورەدەست لە زەینی سەرکردەیەکی سیاسیی کورددا چۆن لەگەڵ چەمکی ڕێئال پۆلیتیک واتە واقیع‌بینیی سیاسی بە شێوەیەکی هاوتەریب بوونیان هەبووە.

هەروەها چۆن تێرمی "پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی" دەکا بە دەستەواژەیەکی کلیدی بە ناوی "یەکیەتیی نەتەوەیی" بۆ ئەوەی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو وەک مافێکی سروشتی پێناسە بکا.

لەم وتارەدا ئاوڕ دراوەتەوە سەر ڕۆڵی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کارگێڕێک کە ئاستی شوێندانەرییەکەی بۆ پرسی "مافی دیاری کردنی چارەنووس" تا چ ڕادەیەک بووە چ وەک بیردۆزێکی سیاسی، چ وەک ستراتیژیستێکی سیاسی و چ وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک.

هەموو پرسێک لەدایکبووی سەردەمی خۆیەتی، واتە دەبێ بە پێوەری دووانەی کات – شوێن پرسەکە شرۆڤە و ئانالیز بکرێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەغمەی سەربەخۆیی لە شەقامی کوردی دێتە بەر گوێ و، لە زەینەوە هاتووە بەرەو عەین و ئەم تابۆیە چیی تر بڤە نییە، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا و لە گوتاری هیچ هێزێکی سیاسیدا ئەم پرسە بوونی نەبوو. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان وەک دیسکۆرس نادیترێ. بۆیە زۆر گرینگە ئەگەر بکرێ بە فاکت و بەڵگەوە بتوانین پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس لە زەینی دوکتور قاسملوودا شەنوکەو کەین. پێداگری لەسەر

ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە خوێنەری بەڕێز بۆ ماوەیەکی زەمەنیی نیزیک بە پەنجا ساڵ بۆ دواوە بگەڕێنمەوە و لە کەشوهەوای ئەو کاتدا سەیری بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بکا. مەبەستم ئاوانگاردی زەینی شەهید دوکتور قاسملوویە هەم بە نیسبەت پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، هەم بە نیسبەت کۆمەڵگای ئەوان سەردەمان.

لە ماوەی سەرکردایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی کەسایەتیی ناسراوی لە ئورووپا و هەروەها ناسیاویی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە، وەک نموونە: گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕانسە)، دەیلی تێلیگراف (بریتانیا)، لوسوار (بلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد تریبیۆن (ئەمریکا)، سەندەی تایمز (بریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمان)، نیوزویک (ئەمریکا)، فایننانشاڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕانسە)، فرانکفۆرتر ئالگماینێ (ئاڵمان) و... تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو دەکاتەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕانسە لە کاتی لە لووتکەدابوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ: "ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک بوونی نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن... فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: "نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە و یەکیەتیی سۆڤییەتدا دابەش کراوە کە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوت کراون".

ئەمە واتە لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا، لە سەردەمی نەبوونی تۆڕی بەربڵاوی ئینتێرنێت تەنیا ستراتیژیستێک دەتوانێ سەرنجی میدیای زەبەلاحی سەردەم بۆ پرسی کورد ڕابکێشێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە باس لە وڵاتێکی لەتوکوتکراو بکرێ کە لەسەر نەخشە بوونیان نییە!

ئەگەر سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ ڕووناکبیران کراون بخەینە تای تەرازووییەکەوە، دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی و هاوبەشیان تێدا بەدی بکەین کە بریتین لە: داهێنان و شوێندانەری. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان بەدی ناکرێن. دیارە داهێنانی فکری لە فەزایەکی تاکەکەسی و ئیزۆلەدا سازدەبێ، بەڵام شوێندانەری لە فەزایەکی گشتی و پەرەگیردا دواجار دێتەدی، واتە ئەگەر وەک پرۆسەیەک سەیری ئەم چەمکە بکرێ، دەتوانین بڵێین کە لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ ڕێچکە دەبەستێ. بەدەر لەم ڕەوتە، ڕۆشنبیری دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت و ناتەواو! شوێندانەری دوکتور قاسملوو لە دوای خۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، حیزبی دێموکرات و تاکی کورد، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەر ئەوەی ئێستا ئێمە خەریکی خوێندنەوەی سەرلەنوێی چەمکی دیاری کردنی مافی چارەنووسین لە

ڕوانگەی شەهید دوکتور قاسملووە، واتە شوێندانەری ئەو لەسەر نەوەکانی دوای خۆی.

پەیمانی پیرۆز ڕووداوێکی گرینگە کە بە سەرپەشتی و کارزانیی ئەمیربەدرخان، میری بۆتان لەنێوان میرنشینەکانی بۆتان، وان، حەککاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس و... واژۆ دەکرێ و تەنانەت پەلهاوێژی دەکا بۆ میرنشینی ئەردەڵان. واتە بەجۆرێ سنووره دەسکردەکان و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەبڕێ و دەچێ بەرەو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوی. بڕینی ئەم سنووره دەسکردانە لە ڕاستیدا پلانێکە بۆ داهاتوو بە مەبەستی سازکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ.

**بۆیە لێکۆڵەرە بیانییەکانیش ئەم حکوومەتە بەم دەستەواژەیە پێناسە دەکەن:**

Semi-Independent Emirate کە گوزارە لە حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆ دەکا و بە تەعبیری ئەمڕۆیی وەک بوونێکی دیفاکتۆ سەلمێندرابوو. ئەمە ئەو حەز و ئارەزوویەیە کە سەرکردەی کورد عەوداڵێتی، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع میری کورد لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی دەکەوێتە گفتوگۆ، هەمان ڕەچاو کردنی هاوسەنگی هێز لە ڕێئاڵ پۆلیتیکی ئەمڕۆدا.

یان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، کە سەیری ڕۆژنامەی کوردستان دەکەی، بە ڕاشکاوی وشەی "ئیستقلال" دەبێتە مۆتیڤی ڕۆژنامە. "ئیستقلال" واتە سەربەخۆیی، قەزائەن هەردوو وشەی سەربەخۆیی و ئیستقلال بەیەکەوە دەبنە مانشێت: جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان. تەنانەت لەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، پێشەوای نەمر لە قسەکانیدا ئاماژە بە مەنشووری ئاتلانتیک دەکا، مەنشوورێک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی پاش شەڕی جیهانی دووهەم! تۆ پێشەوای نەتەوەیەک بی و ئەوکات باس لە پەیمانی ئاتلانتیک بکەی کە لەوێدا ئاماژە بەوە کراوە دەبێ مافی چارەنووسی گەلان ڕەچاو بکرێ، بە باوەڕی من نیشان لەوەیە کە لە زەینی پێشەوا قازی محەممەددا بیرۆکەی سەربەخۆیی بەتەواوی هەبووە. یان ئەو وێنەیەی کە خەریتەی کوردستانی گەورە، لە پشت سەری پێشەوا قازی محەممەد هەڵواسراوە (وێنەکە ئارچی ڕۆزڤێڵت گرتوویەتی) ئەوانە و زۆر هێمای تر، ئەوە دەسەلمێنن کە لە زەینی پێشەوادا چەمکی سەربەخۆیی بە تۆخی هەبووە. بەڵام دیسان لێرەدا دەگەڕێمە سەر ناوهاوسەنگیی هێز و چەمکێکی ژئۆپۆلیتیکی و دواجار سیاسەتی دانوستاندن با لەڕووی ناچاریشەوە بووبێ!

دیارە زۆر نموونەی هاوشێوەی تر هەیە بۆ باسکردن، بەڵام ئەم نموونانەم بۆیە هێنا گۆڕێ کە بڵێم بەردەوام ئەم حەز و خولیایە لە زەینی سەرکردەی کورددا هەبووە. بەڵام ڕێئاڵ پۆلیتیک دواجار بەربەستی سەرکردە بووە بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەم خەونە بێنێتەدی. بەهەرحاڵ من پێموایە هیچ کەس وەک شەهید دوکتور قاسملوو نەیتوانیوە ئەم پرسە هەم لە ڕوانگەی

تیۆریکەوە هەم لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە شەنوکەو بکا و من بە پشت بەستن بە دەقەکانی خۆی وەک نووسراوەکان و قسەکانی، ئەوە دەسەلمێنم.

**با ئاوڕێک بدەینەوە سەر فاکتەکان:**

شەهید دوکتور قاسملوو لە کەلێنی نێوان بۆچوونەکانی لێنین سەبارەت بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان و ڕۆزا لۆکزامبۆرگی سۆسیال دێموکراتدا، قسەکانی لێنین وەک بەڵگەی سەلماندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەخاتە بەر باس بۆ کیشوماتکردنی چەپی ئێرانی لەسەر ئەم پرسە. چون ڕۆزا لۆکزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی لاواز دەکا، کەچی لێنین ئەم بۆچوونە نەک بە بۆچوونێکی سۆسیالیستی دانانێ و تەنانەت وەک ئینتێرناسیۆنالیستیش (وەک ڕۆزا دەڵێ) پێناسەی ناکا، بەڵکوو دەڵێ ئەمە ڕێک شۆڤێنیزمە و بۆیە ئەم مافە و دواجار سازدانی دەوڵەتی سەربەخۆی گەلانی ژێردەستە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ!

کاتێ شەهید دوکتور قاسملوو واز لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم دێنێ، ئیتر لەبری کێشەی چینایەتی ئەوە پرسی نەتەوەییە کە دەبێتە دڵەڕاوکێی قاسملوو. بۆیە زەقبوونەوەی کێشەکانی قاسملوو لەگەڵ حیزبی توودە دەبێ لەم ڕەهەندەوە سەیر بکرێن. تەنانەت شەهید دوکتور قاسملوو بۆخۆی دەڵێ ئەوان من بە ناسیۆنالیست و لادەر دەزانن وەک نەمر کەریم حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا باس دەکا. ئیتر کار دەگاتە ئەوەی یەکی وەک ئێحسانی تەبری وەک لووتکەی چەپی ئێرانی بڵێ بۆ قاسملوو کوردی پێ ئێرانی نییە!

**لە گرتەیەکی دەنگیدا دوکتور قاسملوو دەڵێ:** "ئێمە داوای مافی دانانی (دیاریکردنی) چارەنووس دەکەین، "حق تعیین سرنوشت"، دیارە ئێمە ڕوونمان کردۆتەوە کە بۆ ئێمە مافی دانانی چارەنووس دەتوانێ چ شکڵی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەبێ، چ شکڵی فێدراتیوی هەبێ چ شکڵی خودموختاری هەبێ".

یان لە شوێنێکی تر باس لەوە دەکا لەگەڵ داریووشی فرووهەر لە کاتی وتوێژەکاندا مشتومڕمان هەبوو لەسەر وشەی قەوم و میللەت! قاسملوو دەڵێ قەوم هیچ مانایەکی نییە و ئەوان دەیانگوت "اقوام ایرانی"! بەڕواڵەت قەوم واتە میللەت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و قەوم وەک چەمکێکی نەژادییە واتە ئەوانەی نەژادی ئێرانیان هەیە، قاسملوو لێرەدا زیرەکانە کورد لە ئێران دادەبڕێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە ئیستقلال و سەربەخۆیی دەکا، کە باس لەو خولیایە دەکا کە لە زەینی ئەم سەرکردەیەدا هەیە، بەڵام لەسەر بنەمای ڕێئاڵ پۆلیتیک ئاماژە بەوەش دەکا کە هیچ دەوڵەتێک ئێمە بەڕەسمی ناناسێ کە پشتیوانی لەوە بکا کە کورد حەقی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەیە و بە خشکە باس لە سەرهەنگ قەززافی دەکا کە چەند جارێک درکاندوویەتی کە کورد مافی خۆیانە سەربەخۆ بن.

**لە کتێبی کوردستان و کورددا دەڵێ:** "دەستەبەرکردنی مافی دیاری کردنی چارەنووس لە عێراق، بە واتای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراقە لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیا"...

سەیر کە، قاسملوو باس لە سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باس لە مافی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی پارچەکانی نەتەوەیەکی لەتوکوتکراو دەکا!

**یان دەڵێ:** "کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی تا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە و ئەو مافە بۆ نەتەوەی کورد بە مانای مافی یەکخستنەوەی نیشتمانەکەیەتی." لێرەدا قاسملوو ڕێک وەک بیردۆزێکی سیاسی خویا دەبێ، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەو تەنیا باسی سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باسی یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکا.

**یان لەو شوێنەی کە دەڵێ:** "پێکەوە یەکگرتن مافی جودابوونەوە نییە، مافی یەکگرتنەوە و جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە، لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئەو مافەمان هەیە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، لە واقیعدا دابەشبوونێکی دەسکردە و سروشتی نییە".

دیسان لێرەدا دوکتور قاسملوو وەک بیردۆز دەیەوێ زەینی تاکی کورد ئامادە بکا بۆ پێکەوە لکاندنی جوغرافیایی کورد، هەرچەند مەحاڵێش بێ. لێرەدا ئێمە باس لە ئەمری واقیع ناکەین باس لەوە دەکەین کە سەرکردەیەک دەیەوێ سەرنجی تاکی کورد ڕابکێشێ بۆ ئەوەی کە بڵێ کوردستان وڵاتێکە کە دابەش کراوە.

ڕەنگە ناوی کتێبەکەی خۆیشی "کوردستان و کورد" لەبری کورد و کوردستان، باشتر بتوانێ ئامانجەکەی ئێمە لەم باسەدا بپێکێ.

مەنشووره دەڵێن بۆ ئەوەی ببی بە دەوڵەت - نەتەوە، لە پێشدا ئیتالیا ساز بکە دواتر ئیتالیایی، هەر بۆیەش دوکتور قاسملوو خاک وەپێش مرۆڤ دەدا، واتە کوردستان و کورد.

قاسملوو لە زۆر شوێنی تر، ئەم چەمکە واتە پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی وەک "یەکیەتیی نەتەوەیی" پێناسە دەکا، بەڵام هەلومەرجی گونجاو و بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاتی شیاویشی بۆ ئەم تێزە دەربڕیوە. بۆیە لەگەڵ ئێران و چەمکی ئێرانی بووندا ڕەنگە هەندێ جار بەردەنگ تووشی چەشنێ دژوازی بێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتکردن لەسەر ئەرزی واقیع نەک دروشم و خەیاڵ!

تەنانەت هەر لە نامیلکەی کورتەباسدا سەبارەت بەو سۆسیالیزمەی مەبەستێتی لە دۆخی عەینی و بەرهەستی وڵات خافڵ نییە و دەڵێ ئێمە دەمانەوێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکان ڕێک بکەوێ، واتە لێرەش لاقی تێزەکان لەسەر عەرزی ڕێئاڵپۆلیتیکە و وەک خۆی دەڵێ سیاسەت بە ڕەش و سپی نابینێ و بە هونەری مومکینی ناوزەد دەکا!

**لە کتێبی "٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا، سەبارەت بە کۆماری کوردستان دەڵێ:** "کوردستانی ئێران بوو بە جێی هیوا و ئومێدی هەموو ئازدیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان." پێداگری لەسەر ئەوە کە هەوڵی دوکتور قاسملوو لەسەر ئەوە خول دەخوا کە بەشەکانی دیکەش، لە زەینی بەردەنگی خۆی کە تاکی کورد بێ، زۆر سەرنجڕاکێشە.

**لە درێژەدا دیسان ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێ:** "نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردییەکان، هەروەها شەخسییەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە، سووریە و عێراقەوە، پەیتاپەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد ببوو بە جێگای هیوا و قیبلەی ئازدیخوازانی کورد. هەموو کورێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بەدڵەوە ئاواتی ئەوە بوو، ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ. چونکە دەیانزانی ڕووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە داوڕۆژدا ڕوون دەکاتەوە".

**لە وڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیەدا، کە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەک نووسیبوی:** "ڕووناکایی ئێرە لە داوڕۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە".

**هەروەها لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئاماژە بە هاتنی بارزانییەکان دەکا و دەڵێ:** "هاتنی بارزانییەکان تێکەڵبوونی بەم شێوەیەیان لەگەڵ کۆماری کوردستان ئەم ڕاستییەی پتر دەرخست کە کۆماری کوردستان سیمبولی هاوکاری و تەنانەت

یەکگرتنی هەموو نەتەوەی کورد بوو." دوکتور قاسملوو سازبوونی کۆماری کوردستان ئەوەندە بە دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی دەزانێ کە کارتێکەری ئەم دەسەڵاتە کوردییە بۆ سەر پارچەکانی تر بە شتێکی حاشاهەڵنەگر دادەنێ و پێی وایە ئەمە جۆرێ یەکگرتنی هەمووی نەتەوەی کورد بووە.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا، دوکتور قاسملوو سەفەرێک بۆ ئورووپا دەکا کە نیزیکەی سێ مانگ دەخایەنێ، لەو سەفەرەدا لە ئیسپانیا لەسەر بانگهێشتی ئەنیستیتۆی هاودەردی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، کۆنفڕانسێک لەسەر ئاگربەسی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم تەقەوەستانە،

لەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد وتارێک پێشکەش دەکا، کە ئاماژە بە دوو خاڵان دەکەم:

**یەکەم:** "ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانی گەلی کورد، پێکەوە ڕێککەون (هەرچەند ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە)، کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، بۆ کوردەکان تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لەوە کە یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بەئاشکرا دەبێ ئەمجارە بڵێین کە باسی ئاشبەتاڵ و خۆبەدەستەوەدان لە گۆڕێدا نییە. بەربەرەکانی و خۆڕاگری گەلی کورد لە شار و لادێدا هەر درێژەی دەبێ و لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش دەبێ کەلک وەرگیرێ".

**دووهەم:** "پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەرچاو. مەسەلەی ٢٠ تا ٢٥ میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنێ و مافی بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کردوە خاوەنی ڕێژیمی سیاسی لێک جیاوازن." بەم شێوەیە دەست پێدەکا و دواتر باسی تورکیە و عێراق دەکا.

## دوا وتە

ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بوو بە کەلک وەرگرتن لە ماتریاڵە کاڵەکانی بەردەست، وەک دەقی کتێب و نووسراوە و گرتەی ڤیدیۆیی و فایلە دەنگییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پرسی دیاری کردنی مافی چارەنووس. دیارە فاکت و بەڵگەکان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ڕەنگە هەر ئەوەندە لە تاقەتی وتارێکی ڕۆژنامەدا بگونجێ. لە سەرانسەری ئەم وتارەدا من کەلکم لە وشەی "سەرکردە" وەرگرتووە و مەبەستم زیاتر سکرتێری حیزبێک بووە کە لە بازنەیەکی سنووردار‌دا وەک حیزب دەکرێ

پێناسەی بۆ بکەین، بەڵام کە ورد دەبییەوە بۆ ناو ئەندیشە و بیروبۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو، سیمای "ڕێبەر"ی نەتەوەیەک دەبینی کە لە زەمانی خۆی لە پێشتر بوو.

**ڕەنگە ئەو چەند ڕستەیەی گاریباڵدی فەرماندەی شەڕەکانی سەربەخۆیی ئیتالیا ڕوو لە هاوسەنگەرانی کە دەڵێ:** ئەو ڕێبەرەی بەدووی سەربەخۆیی نەتەوە و وڵاتەکەیەوە بێ جگە لە چەک و جلوبەرگەکەی هیچی تری نییە، ئەوەی ئیدیعای سەربەخۆیی و ڕیبەری هەیە خۆی لە کۆشک و تەلار دانانیشێ و خەڵکەکەی کەپر و ساباتێکیان نەبێ... ئەم قسانە ئەگەر بگوازینەوە بۆ ئەمڕۆ بە پێوەرەکانی خەباتی سیاسی ئەم سەردەمە، ڕەنگە ئاوای لێکدەینەوە گرینگترین میراتی ڕێبەرێکی سیاسی ییروبۆچوونەکانێتی و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری بیرکردنەوە و لێکدانەوە لەسەر میراتە فکرییەکەیەتی، تایبەتمەندییەک کە جگە لە قاسملوو لای کەم بۆ من هیچ کەسی تر نەیبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢

---

# گەلاوێژێک بە تامی بەهار!

هیچ شتێک لە "خەمۆکیی سیاسی" بۆ نەتەوەیەکی بندەست کوشندەتر نییە، چون خەمۆکی سیاسی کە بەرهەمی نەبوونی هیوا بە دواڕۆژە، خەونکوژە. کە خەون و خولیاش نەما، ئیتر وردەوردە و بەئەسپایی، نەتەوەش دەمرێ!

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پێشتر لە چەند قۆناغێکدا بە جۆرێ تووشی ئەم خەمۆکییە بووە، بەلام بە هۆی خالگۆڕانێک لەم قۆناغانەدا، ئامالڕۆنێسانسێکی ناسنامەخوازانەی لە ژیانی سیاسی خۆیدا بەخۆوە بینیوە کە دواجار لەم ئازارە کوشندەیە ڕزگاری کردوە.

لە ڕاستیدا خەمۆکی سیاسی جۆرێ لە ئەتۆمیزاسیۆنی لێ دەکەوێتەوە کە پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەتۆمیزاسیۆن بریتییە لە شکاندن و وردکردنەوەی هەر چەشنە ماددەیەک بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی واتە ئەتۆم، وەک بچووکترین یەکەی پێکهێنەری ماددە کە بە شێوەیەکی جیا و ڕەها دێ و دەچێ. جین شارپ دەستەواژەی ئەتۆمیزە دەگوازێتەوە بۆ واقیعی هەندێ کۆمەلگەی جیهانی سێهەم. بە تەعبیری شارپ خەلکی ئەم ولاتانە، چەشنێ ئەتۆمیزەیان پێوەدیارە، واتە لەتوپەت کراون، بە جۆرێ کە توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان بۆ مەبەستێکی هاوبەش نییە. ئاکامی ئەم ئەتۆمیزاسیۆنە دەبێتە هۆی لاوازیی خەلک و دواجار هیوا و هەستی متمانەبەخۆبوون و هێز و وزەی خۆڕاگرییان لەنێو دەچێ. ڕێک دەکرێ ئەم ئەتۆمیزەبوونە لەنێو حیزبە سیاسییەکانیشدا بەدی بکەین.

ڕەنگە سازبوونی کۆماری کوردستان تەنانەت بەر لەویش واتە دامەزرانی کۆمەلەی ژێکاف، خەباتی چەکداری سالانی ٤٧-٤٦ی هەتاوی و سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە گرینگترین قۆناغەکانی ئەم ئامالڕۆنێسانسانە بن، کە بوون بە هۆی ڕەوینەوەی خەمۆکی سیاسی و ئەتۆمیزەبوون لە قۆناغێکی زەمەنی تایبەتدا! بۆیە دەلێم ڕۆنێسانس چون کارتێکەری و شوێندانەری ئەم ڕووداوانە جگە لە سەردەمی خۆیان تا هەنووکە بە شێوەیەکی بەربلاو، لە ئاستی تیۆریک و فکری و تەنانەت مەیدانیش‌دا هەر بەردەوامە. نەک هەر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەلکوو لە پارچەکانی تریش! دیارە بێ هیچ شک و گومانێک شانازی ئەم دەسکەوتانەش تەنیاوتەنیا بە بەژنی حیزبی دیموکرات دەبڕدرێ.

حەفتاوحەوت سال کە ئەگەر سێ سالەکەی ژێکافیشی - بەحەق - لێ زیاد کەین، هەشتا سال بە سەر تەمەنی حیزبی

دێموکراتدا تێدەپەڕێ، حیزبێک کە تا ئێستاش هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی‌تر لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی دووپات کاتەوە، کە بێ‌گومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان (وەک سەرەتای قۆناغی دەوڵەت – نەتەوە) بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی نەتەوەیی کە سەرجەم کلیلوشەکانی پێناسەیەک بوون بۆ ئەو ناسنامەیەی کە تا ئاستی لەبیرچوونەوە لایکەم لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا ون ببوو. کلیلوشەکانی ئەم گوتارە بریتی بوون لە: پێشمەرگە، پێشەوا، شەهید، ئاڵا، سەربەخۆیی، ئیستقلال، کۆمار و... ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری بەشەکانی تردا زاڵ و دیارە.

جگە لەم دەسکەوتانەی کە وەک ڕۆنێسانێس باسم لێوەکردن، بە دڵنیاییشەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە. لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە، تا سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی جووڵانەوەی سالانی ٤٧ - ٤٦ و دابڕان و لەتبوون و شەهیدبوونی سەرکردە کاریزماکانی و هەروەها دۆخی خەمۆکی سیاسی داسەپاوی ئێستا.

بەڵام بەدەر لەم کارەساتانەی بەسەری هاتووە و بەدەر لەم دەسکەوتانەی وە چنگی خستووە، حیزبی دێموکرات "بەرپرسترین" حیزبی مێژووی نەتەوەی کوردە. ئەم هەست بە بەرپرسیارییەت و مەسئوولییەتە بە تەعبیری شەهید دوکتور قاسملوو، گەورەترین "سەرمایەی کۆمەڵایەتی" لەلای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ ساز کردوە. خۆ ئەگەر ئەم خۆشەویستییە بێ‌وێنەیەی لەلای خەڵکی ڕۆژهەلات نەبوایە و پاڵپشتیی ئەم گەلە نەبوایە، دەمێک ساڵ بوو تێداچووبوو. پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا جگە لە ڕەهەندە ڕزگاریخوازییەکەی وەک بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیک، سۆز و عاتیفەیەکی کەموێنەی پێوەدیارە کە زۆر جاران خۆ لە قەرەی چیرۆک و ئەفسانە دەدا و ئەمە بۆتە ڕەمزی هەرمانی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵ و زەینی خەڵکی کوردستاندا.

بەڵام کە بێینە حاڵی حازر، لە ڕاستیدا ئەم حیزبە ئێستا لە هەر دوو ڕەهەندی فکری و ڕێکخراوەییدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. هەم لە ڕوانگەی گوتارییەوە هەم لە سۆنگەی دامەزراوەییەوە، بەتایبەتی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران جگە لە دەیەی ٨٠ی زایینی، ئەم قەیرانانە زیاتر خۆیان دەرخستوە. بەڵام ئەوەی هیوابەخشە دوو پتانسییەلی گەورەی نێوخۆی حیزب و نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕزگار بوونی لەم قەیرانانە.

یەکەمیان بریتییە لە توانایی و پتانسییەلی نێوخۆی حیزب بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تایبەتی بۆ چارەگەسەدەی ڕابردوو. وەک شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "پێشەنگیی و ئاوەڵناوی شۆڕشگێڕیی حیزبێکی سیاسی لەمەوە

سەرچاوە دەگرێ کە چۆناوچۆن بۆ هەڵەکانی ڕابردووی دەڕوانێ. حیزبێکی شۆڕشگێڕ نابێ ترسی ئەوەی هەبێ کە بە کوتنی هەڵەکانی دوژمن پێی شاد دەبێ یان لە ڕادەی باوەڕپێکراوییەکەی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانە دان بە هەڵەنان و ڕاست کردنەوەیان باوەڕپێکراوی حیزب لەنێو خەڵکدا دەباتە سەر و "جیددی" بوون و "بەرپرس" بوونی حیزب نیشان دەدا. ئەمە ڕێک ئەو پنتەیە کە دەبێ سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات زیاترین نرخ و بەهای پێ بدا کە ئەگەر بێتوو ڕەخنە وەک دیاردەیەکی ئاسایی سەیر نەکرێ و چەمکی وێکهەڵکردن بەتەواوی نەچسپێ، ئەگەری چەندپات بوونەوەی ئەزموونە تاڵەکان هەر هەیە.

دووەم وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەم پێگە قورس و قایمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی حیزبی دێموکراتە کە لە نێوخۆی کوردستاندا هەیەتی. بۆ نموونە لە دوایین دابڕانی ئەم حیزبەدا، خەڵکی کوردستان نە سەلماندی و نە پێمل بوو بەم لێکترازانە، هەربۆیە بەڕاشکاوی جۆرێ لە خەمۆکی سیاسی و ئەتۆمیزەبوونی خەڵک وەبەر چاو دەهات چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە. هەرچەند سەرەڕای ئەم دۆخەش گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات لە زۆر بواراندا چالاک و پێشەنگ بوو و تەنانەت بۆ پشتگیری لە حیزب، حەماسەی ٢١ی خەرمانان دەخولقێنن، بەڵام گوشارەکانی خەڵک بۆ سەر هەر دوو باڵی حیزب سەلمێنەری ئەم ڕاستییە بوو کە ڕۆژهەڵات دوو دێموکراتی نەدەویست و ناوێ!

حیزبی دێموکرات بە هۆی ئەم پتانسییەلە لەناخداهەڵگرانەی کە هەیەتی و بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەی ئەم جارەیان بە مەرەدی یەکگرتنەوەکانی پێشوو نەچێ، دەبێ ڕەخنەگرتن و تەنانەت دەربڕینی ڕای دژواز بکا بە میکانیزمی بەڕێوەبردنی حیزب. دێموکرات تەنیا حیزبی سکرتێر، دەفتەری سیاسی، کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە نییە... دێموکرات وەک چۆن لە سەرەتای دامەزرانی، حیزبی تەواوی گەلی کورستان بوو، ئێستاش دەبێ دوکتورینە سەرەکییەکەی ئەوە بێ کە ببێ بە چەترێک بۆ هەمووان و گەورەتر لە حیزبێک خۆی بنوێنێ!

لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکەم و هیوای ئەوە دەخوازم کە یەکگرتنەوەی دوو دێموکرات ببێتە سەرەتایەک بۆ کۆتایی و ببێتە ئاماڵڕۆنێسانسێک بۆ سڕینەوەی تەمی خەمۆکی سیاسی و لەناوبردنی ئەتۆمیزەبوونی کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوەی نەتەوەیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## ناسر باباخانی: قۆناغی دوای یەکگرتنەوە، دەبێ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی خەبات بێ لە ڕێگەی بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە وڵاتانی دەرەوە

دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

ئاماژە:

یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات پاش چاوەڕوانییەکی زۆر سەرنجی زیاتری لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ کردۆتەوە. پرسی وەسەریەک‌کەوتنەوەی دێموکرات، کاریگەریی ئەو ڕووداوە و قۆناغەکانی دوای یەکگرتنەوە و شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە گرینگترینی ئەو سەرنجانەن. "کوردستان" بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەو بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ ناسر باباخانی، مامۆستا زانکۆ و چاودێری سیاسی پێک‌هێناوە:

**ڕەحمان سەلیمی**: پێویستی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لە چیدا بوو، و ئەم یەکگرتنەوەیە چ دۆخێکی نوێی دیکە بۆ حیزبی دێموکرات دەخوڵقێنێ؟

**ناسر باباخانی**: ئەگەر بە کورتی چاوێک بە مێژووی لێکدابڕانەکاندا بخشێنین، "خەڵک" وەک پێگە و پتانسییەلی سەرەکی ئەم حیزبە بەو لێکترازانانە نیگەران بوون، دیارە کە دەڵێم خەڵک مەبەستم لایەنگرانی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەگەر لە لێکدابڕانەکانی ڕابردوودا بە هۆی بوونی ڕێبەرە کاریزماکانی ئەم حیزبە، تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین خەڵک بە جۆرێک - هەر چەند پێی دڵخۆش نەبوون - قەناعەتیان پێ‌هێنابوو، بەڵام لەم لێکدابڕانەی دوایی‌دا واتە بوونی حیزبی دێموکرات بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵک پێی پێمل نەبوو. یانی پاش ١٦ ساڵ خەڵک چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئەو حیزبە سەرلەنوێ یەک بگرێتەوە و پێویستییەکەی لەوەدا بوو کە لە دۆخێکی هەستیاری وەک ئێستا کە ئێران لە بواری نێونەتەوەیی و ناوچەیی‌دا تەریک کەوتووەتەوە و لە لایەکی دیکەوە خەڵک لەبەر گوشارە ئابوورییەکان برستیان لێبڕاوە، پێموایە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لای‌کەم دەتوانێ لە سەرەتادا لەباری سایکۆلۆژییەوە شوێنداتەریی ئەرێنی هەبێ لەسەر کۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر ئەندامان، بەدەنە و کادر و پێشمەرگە و تەنانەت لە دەرەوەی وڵات. بۆیە من لە یەکەم ڕوانینێدا پێویستی ئەو یەکگرتنەوەیە لەسەر سازکردنی کەشێکی ڕەوانی ئیجابی بەنیسبەت خەباتی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆ و لە دەرەوەدا دەبینم و ئەم ئەم بوارە و ئەم کەشە ڕەوانییە دەڕەخسێنێ بەرەو دۆخێکی نوێ هەنگاو هەڵێنینەوە، کە بە باوەڕی من سازکردنی گوتارێکی نوێیە لەسەر بنەمای پێداویستی

و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها لەسەر پتانسییەل و تواناکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواجار هاوتەریب کردنی ئەم گوتارە لەگەڵ سەرجەم ئۆپۆزیسیۆنی کوردی!

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ کاریگەرییەکی لەسەر یەکڕیزی و هاوخەباتی حیزبە و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دادەنێت؟ ئەمە دەکرێ چەند هەنگاو بۆ پێشەوە بێت؟ هەر لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ چ شوێندانەرییەکی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە دێموکرات و ناوەندگەراوە هەبێت؟

**ناسر باباخانی**: بەبێ گومان یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات وەک باسم کرد یەکەم کارتێکەری، شوێندانەرییەکی سایکۆلۆژییە لەسەر دەوری سێکۆچکەی خەبات! سێکوچکەی خەبات واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیاسپۆرا و حیزبی دێموکرات لە باشوور و سنوورەکان. ئەمە دەتوانێ کاریگەری ڕەوانی هەبێ بۆ ئەوەی کە گڕوتینێکی نوێ ببەخشێتەوە گیانی ئەم حیزبەوە. لە لایەکی تریشەوە دەتوانێ ببێتە کاتالیزۆرێک بۆ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی کە لێک دابڕاون، بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە و دواجار لە بەرەیەکی کوردستانیدا خۆیان ببیننەوە. لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ شوێندانەرییەکی بەرچاوی هەبێ لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و هەروەها دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەو مانایەکە لەمەوبەدوا ئیتر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە چاوی دوو لەت سەیری تۆ ناکا، وەک حیزبێکی خاوەنمێژوو و شوێندانەر کە نوێنەرایەتی چەندین ملیۆن کورد دەکا سەیرت دەکا و ئەمە قورسایییەکی تایبەتی پێدەبەخشێ و ئەمە زۆر کاریگەرە بۆ ئەوەی دواجار لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی نێو ئێران شوێندانەر بێ. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ ئاماژە بە کارتێکەری ئەم یەکگرتنەوەیە لەسەر لایەنە کوردستانییەکانی دیکە بکەین. حاشا لەوە ناکرێ کە هەموو لایەنیکی سیاسی لە پارچەکانی دیکە بەتایبەت ئەو حیزبانەی کە دەسەڵاتدارن، بۆخۆیان جۆرێ لە قووڵایی ستراتیژیک ڕەچاو دەکەن بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام بە بوونی حیزبی دێموکراتی بەهێز و یەکگرتوو، ئەم قووڵاییە ستراتیژیکە کە لە بۆشایی ئەم حیزبە سازبووە، ئەو کاتی پڕ دەبێتەوە، حیزب دەبێتە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکەی خۆی کە لەوە پێش لە نەبوونی ئەودا لایەنەکانی دیکە قووڵایی ستراتیژیکیان بۆ ڕەچاو دەکرد. لە هەمان کاتیشدا شوێندانەرییەکەی لەسەر ئەدمینیستریێشێنەکانی دەرەوەی وڵات بۆ وێنە لەسەر دەوڵەتەکان، پارلمانەکان، حکوومەتەکان. زۆر جاران لە سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتم بیستووە کە سەردانی ئەو شوێنانەیان کردووە و وتوویانە کە ئێوە بۆ دوو لایەنن، ئێوە بۆ بەیەکەوە نایەن، بۆیە کە کۆی ئەوانە چاو لێ دەکەین دەتوانین بڵێین کە ئەم یەکڕیزییە لە سەرەتادا لەنێوان ئەو دوو باڵەدا ببێتە هۆی کۆبوونەوەی لایەنەکانی دیکە لەگەڵ یەکتر و دواجار سازبوونی بەرەیەکی کوردستانی و شوێندانەریی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن و کۆماری ئیسلامی و ئەدمینیستریێشێنی وڵاتانی دەرەوە.

**ڕەحمان سەلیمی**: یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات چ شوێنێک لەسەر پێگە و ستاتوی حیزب دادەنێ و چەندە



سەرچاوە Serchawe

مەیدان بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسیی حیزب لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ئاوەڵاتر دەکا؟

**ناسر باباخانی**: ئەم یەکرێزییە وەک باسم لێوە کرد شوێندانەری دەبێ لە سەر لایەنەکانی دیکە، دەبێ ببێتە هۆکارێک بۆ سازکردنی گوتارێکی هاوبەش، مەبەست لە گوتاری هاوبەش ئەوەیە کە ئەو گوتارە دەبێ بڕواتە نێوخۆی وڵات، ئەو گوتارە دەبێ بتوانێ بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لە سەر بنەمای پتانسییەلەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی بخەملێندرێ و ڕووبەڕووی دەسەڵات بکرێتەوە. بۆیە بەر لە هەموو شتێک قۆناغی دوای یەکگرتنەوە ئەوەیە کە بتوانین گوتارێک لە سەر ئەو دوو بنەما سەرەکییە واتە پێداویستی و پێویستییەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها پتانسییەل و توانایییەکانی حیزبی دێموکرات دابمەزرێنین. دیارە گوتاری بزوتنەوەی نەتەوەیی تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دێرزەمانەوە هەبووە و هەیە، بەڵام ئەو گوتارە بە پێی ئەم دۆخەی کە ئێمە تێیدا دەژین دەبێ بخەملێندرێ واتە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی حیزبی دێموکرات و خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕەچاو بکرێ. کە تۆ توانیت ئەمە ساز بکەی قۆناغی دواتر ئەوەیە کە ئێمە چۆن خەباتی سیاسی بتوانین بگوازینەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان. دیارە ئەوەی کە ئێمە چەندە شوێندانەرین لە سەر هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ڕەنگە ئەوە بە باوەڕی من پرسیارێکی زۆر ورد نەبێ، بەڵام دەتوانین بە پشتبەستن بەو گوتارە مەیدانی خەباتەکەمان بەرفراوانتر بکەین. ڕێک ئەو کارەی شەهید دوکتور قاسملوو لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا کردی، لەسەردەمی کەمی میدیا سوننەتییەکان وەک تلویزیۆن و ڕادیۆدا کردی. ئەویش ئەوە بوو کە لەگەڵ ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەستی پێکرد بە وتووێژ بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دنیا بناسێنێ، بۆیە ئەوەش پێویستی بە وزەیەکی یەکجار زۆر هەیە و دەبێ تەرکیزی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی تێپەڕبوون لەو هەست و سۆز و عاتیفەیە بۆ قۆناغی سازکردنی گوتار یا خەملاندنی گوتار و دواجار پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بێ.

**ڕەحمان سەلیمی**: ڕوانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی یەکگرتوو چۆن دەبێت؟

**ناسر باباخانی**: ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکراتی ڕەنگە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەردا نەیە، ئەو بەنیسبەت هەر دووباڵی حیزبی دێموکرات دوژمنایەتی کردووە، بەنیسبەت لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان و بەردەوام وەک دوژمن سەیری کوردی کردووە و نەک تەنیا هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکوو خەڵکی لەنێوخۆی کوردستانیشدا. چون ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە سوورسوور دەزانێ کە حیزبی دێموکرات خاوەنی پێگە و جێگەیەکی زۆر بەرچاوە لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات. نموونەی هەرەدوایی مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکرات بوو کە بوو بە هۆی شەهید بوونی چەندین کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە. بۆیە کۆماری ئیسلامی فەرقی پێ ناکا کە چ چەکی بە دژی هەڵبگری، چ لە ڕێگەی وتووێژەوە

بکەویە دانوستان لەگەڵی، ئەوەی سەلماندووە کە لە هەموو دۆخێکدا لە هەموو کات و شوێنێکدا دوژمنی کوردە. بۆیە بە تایبەتی لە دوای ئەم یەکگرتنەوەیەش بۆی هەیە لە ڕێگای نەفووزی سیخوڕەکانییەوە، لە ڕێگای سایبێری، لە ڕێگای فیزیکی و لە ڕێگای هەڕەشەی چەکداری گوشارەکان زیاتر بخاتە سەر حیزبی دێموکرات و زیاتر لە جاران لەگەڵی بکەوێتە ململانییەوە. چونکە هەر ئێستا ئەو ژووری فکری هەیە و کاردانەوەکانی ئەو یەکگرتنەوەیە لە ئاستی دەرەوە و نێوخۆدا دەبینێ بۆیە بەباوەڕی من بەنیسبەت پێشوو بەردەوامتر دەبێ لە دژایەتی کردن لەهەمبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەتایبەت حیزبی دێموکرات.

**ڕەحمان سەلیمی**: وەک دواپرسیار. یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەرک و بەرپرسایەتییەکی دی بۆ ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە دروست دەکات؟

**ناسر باباخانی**: ڕەنگە ئەم پرسیارە شابەیتی غەزەلەکە بێ! ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە چ شتێکیان لە ئەستۆیە؟ بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوان بزانن کە ئەم حیزبە حیزبی سکرتێر و جێگر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و پێشمەرگە و بەدەنە نییە، ئەم حیزبە حیزبی هەمووانە. حیزبی دێموکرات دەبی گەورەتر لە حیزبێک خۆ بنوێنێ، وەک ڕێبازێک خۆ بنوێنێ، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ڕاستە حیزبی دێموکرات پەیرەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەو توانایی‌یەی هەیە کە بتوانێ ببێتە چەترێک و هەمووان لە ژێر ئەم چەترەدا کۆکاتەوە، لە ڕاستێکی خۆبوێری سوننەتییەوە بگرە تا چەپێکی ڕادیکاڵ! بۆیە دەبێ سیاسەتی ئەم حیزبە بۆ ئەوەی کە بەر بە لێکترازانێکی تر بگرێ، دەبێ ئیزنی ئەوە بدرێ کە بیروڕای جیاواز تەنانەت دژواز لەم حیزبەدا بوونی هەبێ، خەڵک قسان بکا، دەنگ هەڵبڕێ، ڕەخنە بگرێ و بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە وتووێژ بکەن، حیزبێک کە بە سینگفراوانییەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆی هەڵنەکا و تابشتی ڕەخنە نەهێنێ تووشی گرفتە لەم چەشنە دەبێ.

وەک باسم لێکرد دەبێ بەرنامەی سەرەکی ئەم حیزبە، سەرلەنوێ سازدانەوە و ساغکردنەوە و خەملاندنی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی بێ لە سەر بنەمای پتانسییەل و تواناییەکانی ئەم حیزبە و هەروەها پێداویستییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات لە هەمو بوارێکەوە و دواجار دەبێ ئەم گوتارە شیفت بدرێ بۆ نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات، بۆ ئەوەی ئەم سێکوچکەی خەباتە بتوانن هەموو کوچکەکان کاری خۆیان بکە. وەک ئەزموونی تاکەکەسیم پێموایە گرینگترین شت ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات دەبێ تەواوی تەرکیز و هێز و توانای خۆی وەگەڕ بخا بۆ دەرەوەی وڵات و لە دەرەوە ئەم خەباتە درێژە بدا، ڕێک ئەو کارەی کە شەهید دوکتور قاسملوو کردی واتە کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بۆ خەبات.

١٧ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## کورد وەک مەرجەع! (بە بیانووی مەنشووری جۆرج تاون)




### یەک: لێکەوتەکانی مەنشوور

ئەوەی کە چەند لایەنێک پێکەوە کۆ دەبنەوە، چ وەک جەریانێکی سیاسی یان چ وەک تاکەکەس و دواتر مەنشوورێک بڵاو دەکەنەوە کە لە ڕاستیدا مەبەستە سەرەکییەکەی نەخشەڕێگایەکە بۆ داهاتووی ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی، خۆیلەخۆیدا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە تاکەکانی نێو ئێران، نەتەوەکانی نێو ئێران لە زەینی خۆیاندا پرۆسەی تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامییان تەواو کردووە، یانی لە زەینی خەڵکدا کۆماری ئیسلامی تەواو بووە. ئیتر ئەمە کە دەسەڵات و هێزی ئەوەیان نییە بەکردەوە ئەم کارە بگەیەننە ئەنجام ئەوە باسێکی دیکەیە. بەڵام هۆکاری دەرچوونی ئەم مەنشوورانە ئەوەیە لە زەینی خەڵکدا (چ وەک تاک، چ وەک حیزب و چ وەک نەتەوە) کۆماری ئیسلامی تەواو بووە، کەوابوو ئەمە دەبێ وەک خاڵێکی پۆزێتیڤ و ئەرێنی وەربگرین کە خەڵکانێک لە فکری ئەوەدان کە ئەم جۆرە مەنشوورانە بڵاو بکەنەوە. دیارە ئەمە ڕێک دەکرێ ببێتە پاساوی بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفرانس جۆربەجۆرەکانیش بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی. خاڵێکی گرینگی دیکەش ئەوەیە بەرلەوەی هێزە سیاسییەکان بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات، لە دەرەوە دەکرێ ئەو کێشانەی بە هەڵپەسێردراوی هەر لە سەردەمی پەهلەویڕا تا کۆماری ئیسلامی ماونەتەوە و باسکردنیان بە جۆرێک بڤە بوو لایەنەکان بە تۆخی بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن. بۆ وێنە لایەن هەیە بە هیچ جۆرێک پێمل بەوە نابێ کە ئێران وڵاتێکی

فرەنەتەوەیە، پێمل بەوە نابێ کە مافی دیاری کردنی چارەنووس هەبێ، پێمل بەوە نابێ کە زمانی دایک لە قوتابخانەکان پێی بخوێندرێ و ئەمە ئەو لایەنە ڕاستئاژۆیە کە خۆ لە قەرەی فاشیزم دەدا. لە هەمان کاتیشدا هەندێک هێزی دێموکراسیخواز هەن کە ڕێک پێچەوانە بیر دەکەنەوە، یان بەشی زۆری نەتەوەکانی ئێرانیش لە جەمسەری بەرەی دژە-فاشیستدان. کەوابوو لێرەدا لەژێر تیشکی ئەم جۆرە مەنشوورانەدا سیمای ڕاستەقینەی لایەنەکان زیاتر خۆ دەردەخا و تۆ دەتوانی ساغ ببیەوە کە دەتوانی لەگەڵ کێ ببی بە تەرەف، یان دواتر بەرەیەک لەگەڵ کێ ساز کەی!

دواجار لە نێو زنازنای ئەم بۆچوونانەدا بیرۆکەی ئاڵترناتیوەکە شکڵ دەگرێ، تەنانەت ئەگەر خودی ئاڵترناتیوەکە ساز نەبێ. بە واتایەکی تر دەکرێ تۆ وەک کورد لە ناو جەریانە جۆربەجۆرەکاندا بە پشتیوانی فکری و تیۆریک، ڕێکخراوەیی و مەیدانی و هەروەها ئەزموونی مێژوویی – کە ئەوانی تر لێی بێبەرین - جڵەوی بیرۆکەکە بە دەستەوە بگری.

### دوو: لە ٧+١ تا ٥+١

لە زانستی فیزیکدا کاتێ تیشکی سپی بە مەنشووردا تێدەپەڕێ، دابەش دەبێ بە حەوت ڕەنگی جیاواز! چاوەڕوان دەکرا ئەم مەنشوورەی بە ناوی "مهسا" دەرکراوە وەها تایبەتمەندییەکی هەبێ و جیاوازییەکان نیشان بدا. چون لە ڕاستیدا جەوهەری سەرەکی دێموکراسی ڕێزگرتنە لە چەمکی کەمینە. کە تەواوی مافەکانی کەمینە دابین نەبوو، دێموکراسی دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت. ئەمەش سەرەکیترین گرفتی ئەم مەنشوورەیە، واتە تەعبیر لە دۆخێکی دێموکراتیک و کۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر ناکا.

هەر لە سەرەتاوە ئەو دانیشتنەی جۆرجتاون نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەکی فرەچەشنی نەدەکرد و ڕەخنەکە ئەوە بوو کە میچی ئەو دانیشتنە کورت بوو و دەبوایە خەڵکانێکی زۆرتری تێدا بەشدار بوایە و بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی نەتەوەکانی دیکەی تێدا دیار بوایە. ئەگەر زۆر ڕاشکاوانە بدوێین پێکهاتەکەی ٧+١ بوو. حەوت کەس سەرەڕای جیاوازیی سیاسی بەڵام بەگشتی لێکتر نیزیک بوون و لە یەک کەسەکە دوور، ئەو یەک کەسەی فاشیستەکان بۆ حیزبەکەی هەشتەگی تێرۆریستیان ساز کردووە! تەنانەت بۆ نووسینی مەنشوورەکەش ئەو یەکە هەر بەتەنیا بوو: ٥+١

لە "منشور همبستگی و سازماندهی برای آزادی (مهسا)" لە دوو شوێن هەست بەوە دەکەی کە بۆچوونەکانی مەنشوور و دنیای دەرەوە لەگەڵ یەکتری ناتەبان، بە چ مانا؟ من گومانم لەوەدا نییە کە لەو مەنشوورەدا کە باسی یەک میللەت و یەک زمان نەکراوە و بە خاڵێکی ئەرێنی وەردەگرم، بۆچوونی خۆم ئەوەیە کە پێداگریی کاک عەبدوڵڵای موهتەدی هۆکاری سەرەکی

بووە بۆ ئەمە. بەڵام کێشەکە ڕێک لێرەڕا دەست پێ دەکا کە دەبێتە شتێکی زۆر نێگەتیڤ، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی کاک عەبدوڵڵا وەک کورد، وەک نەتەوە بەری بەوە گرتبێ کە یەک میللەت و یەک زمان لە مەنشوورەکەدا نەبێ، بەڵام ئەمە تەعبیر لە واقیعی دۆخەکە ناکا، بەو مانایە کە ئەمە پاککردنەوەی سووڕەتی مەسەلەیە. واتە مەنشوورێکت داوەتە دەرێ کە تێیدا بەڕاشکاوی باسی دەوری زمان ناکرێ، باسی فرەنەتەوەیی و چەندمیللەتی ناکرێ. یان کاک عەبدوڵڵا کاتێک لە تلویزیۆنی بی‌بی‌سی قسە دەکا باسی فرەنەتەوەیی و چەند میللەت دەکا، بەڵام کوڕی شا و ئەوانی تر باسی یەک نەتەوە دەکەن. کەوابوو لە دەرەوەی مەنشوور قسەکان ناتەبان و ئەمە نەفرزی غەرەزە و بۆیە هەر لە سەرەتاوە مەنشوورەکە لەسەر بنەمایەکی دروست دانەندراوە و لە دواڕۆژدا کێشەخوڵقێنە!

## سێ: ڕوانینێکی هێماناسانە

لە یەکەم ڕۆژەوە کە وشەی مەنشوور لە دانیشتنی جۆرج تاون هاتە گۆڕێ، جۆرێ لە هەستی خۆسەپێنی بە هۆی ئەم وشەوە سازبوو بە حوکمی ئەوە کە نەتەوەی دەسەڵاتدار بەردەوام مەنشووری کوروشی وەک یەکەم جاڕنامەی مافی مرۆڤی دەرخواردی نەتەوەکانی تر داوە و لە سەرکوتیان بۆ ساتێکێش نەوەستاوە. ئەمە جۆرێ لە سەپاندنی ناسنامەییە بەسەر نەتەوە ژێردەستەکاندا، بۆیە لەبری مەنشوور دەکرا لە هاوتایەکی تر کەلک وەرگیرێ. دیارە ئەم ئیرادە مەنشوورەکانی تر ناگرێتەوە چون تەنیا ڕەزا پەهلەوی کوڕی شایە و لە سەردەمی حەمەڕەزا شادا، کوروش دەوری تایبەتی دەبینێ لە هێماکانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا!

لە دوو شوێنی ئەم مەنشوورەدا دوو پەڕانتێز هەیە کە ئەوانیش هەڵگری خوێندنەوەیەکی هێماناسانەن. یەکێکیان هەر لە سەرەتای مەنشوورەکەدایە کە دەڵێ: پس از قتل مهسا (ژینا) امینی ئەوی تریان لە بەشی حکمرانی دموکراتیک لە مادەی دوودا کاتێ کە دەڵێ: حفظ یکپارچگی سرزمین ایران با پذیرش گوناگونی زبانی، قومی (اتنیکی)، مذهبی و فرهنگی آن. وەک دەزانین مەهسا ناوی شناسنامەیی ژینایە، ناوی سەپێندراوی دەسەڵاتە. بە حوکمی ئەوە کە لە ماڵێ بە ژینا بانگ کراوە و ئەو نێوەیان بەلاوە خۆشتر و کوردیتر بووە بەڵام دەرەتانی ئەوە نەدراوە کە نێوە کوردییەکەی لێبنرێ، کە چی لە خودی ئەم بەیانییەدا دیسان ژینا دەخرێتە پەراوێزەوە.

تەنانەت لە سۆشیال مێدیاشدا دەبینی کە فاشیستەکانی لایەنگری پەهلەوی بەتایبەتی، بە ڕاشکاوی هێرش دەکەنە سەر ناوی ژینا. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کورد ئەگەرچی لە کۆماری ئیسلامیدا مافی نێولێنانی لێ زەوت کراوە، کەچی لێرەش دەخرێتە پەراوێزەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ قەوم و ئێتنیکدا کە لەبری میللەت و نەتەوە دەکار کراون پێم‌وایە دەوری کاک عەبدوڵڵای موهتەدی بۆ ئەوەی کە ئەم پەرانتێزە دابندرێ و ئێتنیکی تێدا بنووسرێ حاشاهەڵنەگرە کە دەکرێ وەک خاڵێکی پۆزێتیڤ سەیر بکرێ بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە! بەو مانایە کە دیسانەکە لێرەدا پاککردنەوەی سوورەت مەسەلەکەیە و لادان لەو حەقیقەتەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. کەوابوو ئەگەرچی لەم مەنشوورەدا ئاماژە بە یەک میللەت و یەک زمان نەکراوە بەڵام بە هیچ شێوەیەکیش ئاماژە بە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی و چەند میللییەتی نەکراوە و ئەمانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێک بۆ سازبوونی کێشەی جیددی لە دوارۆژی پاش کۆماری ئیسلامیدا.

## چوار: ئەم مەنشووره و مەنشوورەکانی تر

لەم ماوەیەدا چەند مەنشوورێکی تریش بڵاوبۆوە کە زۆر سەرنجڕاکێش بوون و تەنانەت لە مەنشووری گۆرین پێشکەوتووترن:

- منشور ١٢ مادەای ٢٠ تشکل صنفی مستقل تحت عنوان "برنامه حداقلی انقلاب اجتماعی"
- منشور ٢٣ مادەای فراگیر حقوقی دانشگاهیان برای انقلاب ژن - ژیان - ئازادی
- منشور ١٧ مادەای همبستگی و سازماندهی برای آزادی از طرف:

حامد اسماعیلیون، نازنین بنیادی، رضا پهلوی، شیرین عبادی، مسیح علینژاد و عبدالله مهتدی

- لایحه حقوقی فعالان جنبش زنان تحت عنوان «همبود فمینیستی ایران برای ژن، ژیان، آزادی»

- بیانیه ٥ تشکل جمهوری خواهان سکولار دموکرات، رهبریت جمعی و متکثر

پێم باشە لەگەڵ ئەم مەنشوورانەدا، دە ماددەکەی سازمان مجاهدین خلق کە زۆر لەوە پێشتر دەراوە تەدەرێ، سووکەلەنگەرێکیش لەسەر ئەو بگرین.

وەک باسم کرد ئەم مەنشووره ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیەکی چەندبنەکی بە مانای فرەنەتەوەیی تێدا نییە. لە بەشی حکمرانی دموکراتیک ماددەی ١٢دا باس لە حفظ یکپارچگی سرزمین ایران دەکا بەڵام ئاماژەش دەکات بە پذیرش گوناگونی زبانی، قومی (اتنیکی)، مذهبی و فرهنگی.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئەم هەمەجۆرییە چۆن دەسەلمێندرێ؟ شێوەڕوانینی بەکەمگرتن و لە سەرەوەڕا ڕوانین بۆ پرسی ملت و زەفکردنەوەی قوم ئایا دەتوانێ بە مانای قبووڵی نەتەوەکانی تر بێ؟ یان کوڕی شا کە ئەم مەنشوورەی واژۆ کردووە و بە دەیان جار گوتوویەتی کە من فێربوون بە زمانی دایک نازانم یانی چی؟ ئەمانە دەتوانن بە واتای سەلماندنی ئەم گوناگونی‌یە بن؟

دواتر لە بەندی ٣ی بەشی حکمرانی دموکراتیکدا ئاماژە بە تمرکززدایی از قدرت با سپردن اختیارات مالی، اداری و سیاستگذاری بە نهادهای منتخب استانی، شهری و ناحیەای.

لێرەدا دوو پرسیار دێتە ئاراوە، یەکەم ئەوەیە کە تمرکززدایی از قدرت با سپردن اختیارات مالی، اداری تەنیا مالی، اداری دەگرێتەوە؟ ئەدی سەبارەت بە اختیاراتی ئەمنی و ئیتلاعاتی؟ چون ئەمە کێشەیەکە کە ئێمەی کورد بەردەوام لەگەڵی ڕووبەڕوو بووین و حافزەی گشتی کورد تاڵترین بیرەوەریی لەم بەشە هەیە. هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا و هەم عەسری پەهلەوی، ئیتلاعات و ساواک بۆ کورد نمادی ستەمێکی هەوسارپساون کە ڕێک سیلەیان لە پێناسەی نەتەوەیی گرتووە، بۆیە گرینگە کە کورد دەسەڵاتی بەسەر پرسە ئەمنییەکانی خۆیەوە بێ.

دواتر ئاماژە دەکا بە نهادهای منتخب استانی، شهری و ناحیەای، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەم نهادهای منتخب استانی ئایا هەمان پێکهاتەی دابەشبوونی وڵات (ساختار تقسیمات کشور)ە؟ واتە هەمان پێکهاتەی دابەشبوونی وڵات لە کۆماری ئیسلامی و پەهلەوی لەسەر بنەمای پارێزگا و شار؟ ئەمە ئاماژە بە کام ساختارە؟ بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران کە لە قالبی نەتەوەکاندا خوازیاری سیستمێکی فیدراڵین لێرەدا چیان بەسەر دێ؟

دیسان هەر لە بەشی حکمرانی دموکراتیکدا ئاماژە بەوە دەکا کە تعیین نوع حکومت از طریق همەپرسی بکرێ! باشە، بۆ وێنە لە پاش کۆماری ئیسلامی ئەگەر کورد بیهەوێ ساختارێکی فیدراڵی هەبێ ئەم ڕیفراندۆمە چۆناوچۆن بەڕێوە دەچێ؟ ئایا نەدەبوایە لەو مەنشوورەدا ئاماژە بەوە کرابا کە جوغرافیای جێگیربوونی نەتەوەکان دەبێ ببێتە بنەمای ڕێفراندۆم و دەبێ ڕێفراندۆم تەنیا بۆ ئەوان و لە چوارچێوەی جوغرافیای ئەواندا بەڕێوە بچێت؟

## پێنج: تەمومژی نێو مەنشوور

لە بەشی حقوق بشر و کرامت انسانی ماددەی ٦ شتێکی زۆر گشتی و لە ڕاستیدا گۆترەبێژییە و هەڵگری تەفسیری جۆراوجۆرە کە ئەمە دواجار کێشە و سەرئێشە دەنێتەوە.

پذیرش جایگای زبانهای مادری بر اساس قوانین و کنوانسیونهای بینالمللی، ئەم ڕستەیە زۆر گرینگە و دەمێک ساڵە کێشەی ناوەتەوە. سەرجەم جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ وەباڵ بۆ خوێندن بە زمانی دایک دەکێشن و ئەمە لە کاتێکدایە ٥ کەس لەم ٦ کەسە ئەم مافە بە نەتەوەکانی تر ڕەوا نابینن. ئەو یاسا و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییانەی باسی زمان دەکەن، زمان وەک میراتی فەرهەنگی مرۆڤایەتی پێناسە دەکەن و هەموو حەولێ دەدەن ئەم میراتە بپارێزن، کەچی کێشەی سەرەکیی

ئێمە تەنانەت لەگەڵ ڕووناکبیرە فارسەکان لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەر ئەوە بووە. گرفتی ئەم جۆرە مەنشوورانە ئەوەیە کە تەفسیری دژواز هەڵدەگرن چون وردەکارییان تێدا نییە! یان لە جێگایەکی دیکە لە بەندی ۹ی هەر ئەم بەشەدا ئاماژە بە شتێک دەکا بە نێوی میثاق بین‌المللی حقوق مدنی و سیاسی. لە ئارتیکڵی یەکی ئەم میساقەدا ڕێک دەستەواژەی مافی دیاریکردنی چارەنووس هاتووە.

کاتێک لەم بەشەدا ئەو مەنشوورە باس لە میساقی میثاق بین‌المللی حقوق مدنی و سیاسی دەکا ئایا باوەڕی بە دیاریکردنی مافی چارەنووس هەیە؟ بێگومان نا! تەنانەت یەکی وەک شیرین عیبادی دەڵێ پێویست ناکا سەرجەم ماددەکانی جاڕنامەیەک ڕەچاو کەین!

ئەگەر سەیری منشور فراگیر حقوقی دانشگاهیان بکەین لە ماددەی ۲۱ و ۲۲دا جوابی ئەو دوو ئیرادەی کە ئێمە لە بەشی حکمرانی دموکراتیک و لە بەشی حقوق بشر و کرامت انسانی‌مان گرتووە بەم جۆرە دەداتەوە:

ماده ۲۱: تعهد به استقلال قوا (مقننه، مجریه، قضائیه) و گذار به یک جمهوری غیرمتمرکز فدرالیستی کە لازمەی نهادینه کردن دموکراسی در یک کشور پرجمعیت با شاخص تنوع فرهنگی بالا است.

ماده ۲۲: مخالفت با نگاه‌های مرکزگرایانه، امنیتی و ایدئولوژیک به عنوان موانع اصلی در راه توسعه متوازن سیاسی، اقتصادی و آموزشی کشور و تاکید بر اتخاذ تمهیدات لازم برای جبران خسارت‌های ناشی از آن در مناطقی همچون بلوچستان، کردستان، لرستان، آذربایجان و اهواز.

لە ماددەی ۱۲ و ۱۳شدا دەڵێ:

ماده ۱۲: پذیرش کثیرالمله بودن کشور ایران.

ماده ۱۳: تعهد به توسعه زبان‌های اول از جمله حق آموزش به زبان اول و پذیرش ساختارهای چندزبانه. ئەو ماددانە مۆدێرن، دێموکراتیک، ورد و بێگرێوگۆڵ مەبەستی خۆیان دەپێکن. ئیتر وەک مەنشووری گۆڕین تەمومژاوی و گۆترەبێژی نین.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە تەنانەت لە بەیانییەی لایحە حقوقی فعالان جنبش زنان لەژێر سەردێڕی «همبود فمینیستی ایران برای ژن، ژیان، آزادی» بە سەڕاحەت باس لەوە دەکا کە دەڵێ "حکومت باید آموزش ابتدایی هم به زبان‌های مادری هم بە

زبان‌های رسمی را برای همه شهروندان کشور فراهم کند" واتە ئەم بەیانییەش پێشکەوتووترە لە مەنشووری گۆڕین. ڕاستە ئەو هەر باسی پەروەردەی سەرەتایی دەکا بە زمانی دایک، بەڵام بەهەرحاڵ قائیل بەو مافە هەیە، کەچی لەم مەنشوورەدا ئەو وردەکارییانە نابینین.

ڕەنگە لێرەدا باس لە پێگەی کۆمەڵایەتی واژۆکەرانی مەنشوورەکان بکرێ و بگوترێ کە ئەمانەی مەنشوورەکانی تریان داوەتەدەرێ پێگەی حەقیقی و حقووقیان نییە. بۆ من تا ئەو کات کە ڕاپرسی نەکراوە سەبارەت بە قورسایی تاکەکان یان لایەنەکان ناتوانم پوئەنێکی تایبەت بۆ ڕەزا پەهلەوی قایل بم. لەلایەکی تریشەوە من وەک خۆم سەیری دەقی مەنشوورەکان دەکەم بزانم چی تێدایە نەک ئەوەی کێ مەنشوورەکەی نووسیوە!

بوونی ئەم هەموو تەمومژە، ئەم هەموو دژوازییە، پتانسییەلی تەفسیری جۆراوجۆر لەم مەنشوورەدا، کردوویەتی بە دەقێکی هێرمێنۆتیکی کە بۆ دوارۆژ گرفتی جیددی ساز دەکا.

## شەش: پەهلەویش

لە پێوەندی لەگەڵ بەشەکەی دیکەدا کە باس لە عەداڵەت دەکا، کولانەوەی برینێکی مێژوویی کوردە و ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەسەڵاتی پەهلەویدا بریندار بوون. لە ماددەی ١٢دا زۆر بە جوانی دەڵێ: "دادخواهی برای تمام قربانیان جمهوری اسلامی توسط کمیته‌های حقیقت یاب از طریق تشکیلات دادگاه‌های عادلانه و بی‌طرف با امکان دسترسی آزادانه به وکیل مستقل و انتخابی." بەڵام لێرەدا کەمایەسییەک هەیە، ئەویش لەبیرکردنی ڕێژیمی پەهلەوییە. لە سەردەمی پەهلەویدا چ ئێمەی کورد یا نەتەوەکانی دیکە بە سەدان کەسمان بە دەستی پەهلەوی لەبەر دەربڕینی بیروڕای سیاسی جیاواز زیندان کراون، ئەشکەنجە کراون، ئێعدام کراون، ماڵبەدەر کراون، شاربەدەر کراون. بۆیە دەبێ ئەمە لە بەشی دادپەروەریدا باس کرابا کە دەوری پەهلەوی و سیستەمە ئەمنییەکەی واتە ساواک چەندە دەورێکی ترسێنەر و سەرکوتکەرانەی بووە. واتە ناکرێ بە بۆنەی ئەوەی کە کوڕی شا لە پێکهاتەی ئەم چەند کەسەدایە بێنی چاوپۆشی بکەی لە ڕەفتارەکانی ڕێژیمی پێشوو سەبارەت بە ئازادیی بیروڕا، سەبارەت بە ئازادییەکانی تاکی و کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە جۆرێک پاردۆکسێکە بۆ داپۆشینی ستەمی پەهلەوی.

## حەوت: کۆدی سەرکەت

لە بەشی صلح و امنیت لە ماددەی ١٣دا باسی انحلال سپاه پاسداران انقلاب اسلامی و تمام زیرمجموعه‌های آن دەکا. سپای پاسداران بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە گرووپێکی تێرۆریستی و خوێنمژن و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بۆیە دەبێ

سازمانێکی تیرۆریستی ئەوها بەیەکجاری بسڕدرێتەوە، لە ڕاستیدا ئەمە موغازەلەی کوڕی شا و سپای پاسدارانە!

دواتر دەڵێ وظیفه ارتش صرفا دفاع از یکپارچگی سرزمینی کشور باشد، لێرەدا یەک قەیدی تێدایە ئەویش صرفا! صرفا واتە تەنیاوتەنیا، کەوابوو مانای ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە ئەرکی ئەرتەش پاراستنی وڵاتە وەک یەکەیەکی گشتی. لە هەموو وڵاتانی دنیا ئەرکی ئەرتەش بە پەلەی یەکەم پاراستنی سنوورەکانی وڵاتە لە بەرانبەر هێرشی دەرەکی و وڵاتانی دیکەدا. یان وەزیفەی ئەرتەش ئەوەیە کە لە کارەساتێکی سروشتیدا وەک بوومەلەرزە و ئاگر و تۆفان و بۆرکان و شتی ئاوا سروشتی، خزمەت و یارمەتی خەڵکی لێقەوماو بکا. کەچی لێرەدا کاتێک تۆ وەزیفەی ئەرتەش سێرفەن بۆ یەکپارچەگی سەرزەمینی باس دەکەی ئەمە لە حەقیقەتدا کۆدی سەرکوتە. واتە گریمان سبەی ڕۆژێ خەڵکانێک داوای سەربەخۆیی دەکەن وەک بیروباوەڕ، چەکیشیان پێ نییە و دەڵێن ئێمە دەمانهەوێ سەربەخۆ بین، چیان لێدەکەن. کاتێک دەڵێی وەزیفەی ئەرتەش سێرفەن یکپارچگی سرزمینی کشورە کەوا بوو بۆ پاراستنی ئەم یەکپارچەییە خەڵکیش دەکوژن؟ ئەوەیە کە ئەم دەستەواژانە، ئەم ڕستانە مەترسیدارن و کاریگەریی نەرێنیان هەیە.

### هەشت: شۆڕشبەش و مەرجەع بوون

ئێستا حەولێک لە سۆشیال میدیا یان لە تلویزیۆنەکاندا لەئارادایە کە تێیدا بیرۆکەیەکی فاشیستی بەدژی ئەم مەنشوورە هەڵوێست دەگرێ، کە زۆربەیان لایەنگری کوڕی شان. ئەوان بۆ وێنە پێیان وایە کە چون لەم مەنشوورەدا وشەی یەک میللەت و یەک زمانی تێدانەهاتووە غەدرێکی گەورە لە ئێران کراوە و ئەمە ڕێخۆشکەرە بۆ چەسپاندنی چەمکی فرەنەتەوەبوونی ئێران کە دواتر دەبێتە هۆی تەجزیە!

هەرچەند ئەمە دەکرێ وەک جۆرێک لە تاکتیک سەیر بکرێ، بەڵام دەکرێ بەم شێوەیە بەرپەرچ درێتەوە: کە سەیر دەکەی کورد لەو شۆڕشەدا قوربانی سەرەکییە، سەمبولی ئەم خەباتە کیژێکی کوردە، دروشمی سەرەکی ئەم شۆڕشە دروشمێکی کوردییە کە فەلسەفەی خۆی لەپشتە، مانیفێستی ئەم شۆڕشە لەسەر مەزاری شەهیدان لەلایەن دایک و باوکانەوە دەگوترێتەوە، کوردستان زیاترین قوربانیی داوە چ بە هێزە سیاسییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و چ لە نێوخۆی وڵاتدا، کورد نیشانی داوە لەم ڕاپەڕینەدا جوابی هێزە سیاسییەکانی خۆی لە چ ئاستێکدا داوەتەوە هەم بۆ مانگرتن هەم بۆ خۆپێشاندان و هەم پشتیوانی لە دەرەوەی وڵات. بۆیە ئەمە زۆر ئاساییە کە کورد لەم نێوەدا داوای شۆڕشبەشی خۆی بکا.

دیارە ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەی چەمکی بەرابەری و یەکسانیی گەلان و تاکەکان نییە، بەڵام بەهەرحاڵ یەکەیەک کە

هەژینەی زیاتر دەدا، دەبێ دەنگیشی زیاتر ببیسرێ. بێگومان وەک باسم کرد قورسایی و شوێندانەریی گەلی کورد لەم شۆڕشەدا لەچاو هەموو لایەنەکان لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە. بەڵام قورسایی کەسێکی وەک پەهلەوی دیار نییە هەرچەند بۆ من پێم‌وایە کە وەزنێکی زۆر کەمی هەیە، چون تا ئێستا بوێریی ئەوەی نەبووە کە لە ئورووپا بانگەوازێک بدا بۆ خۆپێشاندان. بۆیە کاتێک تۆ وەک کورد ئەو وەزن و قورساییەت هەیە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەی کە دەوری "مەرجەعییەت" بگێڕی، ڕێک ئەو کارەی کە لە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ٥٧ یان دواتریش لە پەیوەندی لەگەڵ موجاهدین و پاشاییخوازەکان دوکتور قاسملوو کردی. بۆ وێنە کە باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکا لە پێشدا باسی مافی نەتەوەکانی دیکە دەکا! بۆیە بە حوکمی ئەو پشتیوانییەی کە کورد هەیەتی دەبێ وەزنیشی لەم دانیشتنانەدا زیاتر بێ.


## نۆ: وەک دواوتە

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم مەنشوورە دەکرێ وەک ١+٥ سەیر بکرێ. ئەو یەکەی حەولی خۆی داوە، بەڵام کورد کوتەنی هەر ئەوەندەی قەوە پێشکاوە. کێشەکە ئەوە نییە کە لەگەڵ ئەوان لەسەر هەندێ خاڵی هاوبەش وەک شتێکی لانیکەمی ڕێک کەوێ، کێشەکە ئەوەیە کە گرفتی جەوهەری لەگۆڕێدایە. شێوەڕوانینی ئەوان و ئێمە بەنیسبەت هەموو پرسەکان جیاوازە و بۆیە داکۆکیکردن لە مەنشوورەکە پاساوە. ئەگەر تەنیا کوردێک بۆ ئەم دانیشتنە بانگهێشت کراوە لە لایەن ئەوانەوە، هۆکارەکەی قورسایی کوردە لەم شۆڕشەدا. کورد دەبێ باوەڕی بە تواناییەکانی خۆی هەبێ و دەبێ خۆی وەک مەرجەعێک پێناسە بکا و مەنشووری تایبەت بە خۆی هەبێ و نەتەوەکانی تریش لە دەوری ئەم مەنشوورە کۆ کاتەوە و ئەم جار ئەوانی تر لەسەر مەنشوورەکەی بدوێن.

کاتێ سەعد زەغلوول ڕێبەری بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی میسر پاش قوربانییەکی زۆری خەڵک لەپێناو ئیستقلال، دەچێتە لەندەن بۆ دیتنی جۆرجی پێنجەم پادشای بریتانیا، تیمی پرۆتۆکۆڵ و تەشریفاتی کۆشک پێی دەڵێن کاتێ چاوت بە پادشا کەوت دەبێ برێک دابێیەوە. ئەویش دەڵێ زۆر باشە! کەچی کاتێک کە سەنەدی سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەدرێتێ نەک هەر دانایەتەوە، بەڵکوو زۆر لە جاران قیتتر ڕادەوەستێ! کە هاتنەدەرێ گلەییان لێکرد. زەغلوول گوتی ڕاست دەکەن بەڵام کاتێک کە دەمهەویست دابێمەوە هەستم بەوە دەکرد بیست میلیۆن میسری پشتم دەگرن. لەگەڵ ئەوەدا کە باوەڕم بە ڕێئاڵ‌پۆلێتیک هەیە و باوەڕم بە مومکیناتی سیاسەت هەیە، بەڵام دەبێ کورد بە قورسایی خۆی لەم شۆڕشەدا بزانێ!

١٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی، بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە




ڕۆژانی ١٠ و ١١ی ئێپریلی ١٩٩٧ مێدیا بەناوبانگەکانی جیهان مانشێتی سەرەکییان یەک شت بوو: دادگای بێرلین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی وەک بکوژی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند، قاتڵانی میکۆنووس مەلاکان بوون! لە مێژوودا هەرگیز بڕیارێکی لەم چەشنە بۆ هیچ وڵاتێک دەرنەچووە کە ڕێبەرانی وەک قاتڵ پێناسە بکرێن. یەکەم جار بوو دەوڵەتێک وەک تێرۆریست بە دنیا بناسێندرێ. شپیگڵ گەورەترین هەفتەنامەی ئورووپا کە لە ئاڵمان دەردەچێ نووسی:

**ئەمە گەورەترین مەحکەمەی تێرۆری دەوڵەتی لە جیهاندا بوو.**

ئورووپا ماوەیەک بوو بە نەرمی و نەوی کێشان - وەک دیپلۆماسیی هەمیشەیی - خەریکی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەم وتووێژانە بە "دیالۆگی ڕەخنەیی" ناودێر کرابوون. ئورووپا پێی وا بوو ئەمە جۆرە گوشارێکە بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

ڕێک دوو مانگ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، ئورووپای تووشی شۆک کرد. شەقامەکانی پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بە خوێنی جودابیران و دژبەرانی ڕێژیمی ئێران شەلاڵی خوێن کرا. ئەمە سەرەتای قۆناغی

ترس و تۆقاندن بوو لە ڕێی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە لە دەرەوەی وڵات. لە نێوخۆش، کۆماری ئیسلامی بە بەر چاوی دنیای ئازاد و دێموکراتیکدا دەستی کرد بە قەتڵوعامی خەڵک. لە درێژەی کردەوە تێرۆریستییەکانیدا کاتێ فتوای قەتڵی سەلمان ڕوشدی لە لایەن خومەینی دەرکرا و پاش مەرگیشی دەسەڵات پشتگیری لەم حوکمە دژەئینسانییە کرد و پێشوازی لە تێرۆری ئیسحاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسراییل، ئورووپا پێی وابوو "دیالۆگی ڕەخنەیی" دەبێتە هۆی گوشار بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی. دیارە ئورووپا وەک هەمیشە سیلەچاوی ئابوورییشی هەبووە، بەتایبەتی لەم نێوەدا ئاڵمان پشکی شێری بەردەکەوت. باسی گرێبستی چەند میلیارد مارکی لەگەڵ ئاڵمان لەگۆڕێدا بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش بە وتەی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆی ئاڵمان ئەوە بوو کە، لە دانیشتنەکانی دادگادا نوێنەری کۆمپانیایەکی زەبەلاح وەک زیمێنسیش حازر بوو! دەوڵەتی ئاڵمانیش زۆر بە بێمەیلی دەجووڵاوە و مەبەستی دیزەبەدەرخونە کردنی پرسەکە بوو! هەرچەند لێرولەوێ هەندێ دەنگهەڵبڕین هەبوو، بۆ وێنە وەزیرانی دەرەوەی دانمارک و نۆرویژیش هۆشدارییان دا ئەم دیالۆگە هیچی لێ شین نابێ، بەڵام ئەم ڕەوتە درێژەی بە دانوستانەکان دا. تەنانەت وای لێ هات یاسای داماتۆ کە لەلایەن کلینتۆنەوە بەسەر ئێران داسەپابوو -وەک گەمارۆی نەوتی- لەلایەن ئورووپاوە ڕەچاو نەکرێ. ئیدارەی کلینتۆن داوای لە ئورووپا کرد بە حوکمی ئەوەی ئێران وڵاتێکی تێرۆریستییە ئەم وتووێژانە بوەستێنن.

بوومەلەرزەی میکۆنووس ئەگەرچی کۆتایی بە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ئورووپا هێنا (لانیکەم دوو دەیە)، بەڵام تێرۆری دەوڵەتی لەنێوخۆدا و هەروەها لە قالبی شەڕی پڕاکسی لە ناوچە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

لە تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی (فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی) لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١)ەوە تا دەرکردنی بڕیارنەی حوکمەکە واتە ١٥ی ئەپریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوە) واتە ٥ ساڵ و ٤٧ ڕۆژ، ١٧٠ کەسێک بەشدار بوون کە دەوری بەنی سەدر و شایەدی ئەبووئەلقاسم میسباحی دەوری یەکلاکەرەوەیان هەبوو. یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی دنیادا قازییەک قامکی تاوانی بۆ لای بەرپرسانی باڵای وڵاتێک ڕاداشت، ئەم وڵاتە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەمە گەورەترین شەرمەزاری سیاسی مێژووی هاوچەرخ بوو!

دادگا بکوژان و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناکەی بە زیندانی هەتاهەتایی و چەند ساڵێک مەحکووم کرد، بەڵام بوومەلەرزەکە کاتێ ڕووی دا کە خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانیی سەرۆک کۆمار، ویلایەتیی وەزیری دەرەوە و فەلاحیانی وەزیری بەدناوی ئیتلاعات وەک تاوانبار ناسێندران. ئەمە ئابڕووچوون نەبوو، ئەمە حەیاتکان نەبوو، ئەمە هەڵگرتنی دەمامک لە ڕووی فاشیزمی مەزهەبی بوو کە بە خوێن سەودای لەگەڵ جیهان دەکرد. وێنەی خامنەیی لەسەر ئەم پۆستێرانە داندرا کە لەگەڵ تاوانباری مەترسیدار هەڵسوکەوت دەکرێ. ئەو قودسییەت و پیرۆزییەی لە پاش مەرگی

خومەینی خەریک بوون لە خامەنەیی سازکەن، بە یەک شەوە بیکەن بە "ئایەتوڵڵا"، چیرۆک و ئەفسانەی لێ سازکەن و کە لە زگی دایکی بەربۆتەوە و قسەی کردووە و خوانی لە بەهەشتەوە بۆ هاتووە دواتر وەک بڵقی سەر ئاوی لێ هات! ئورووپا سەرجەم باڵوێزەکانی لە ئێران بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنێتەوە، ئەوە هەر سیمای ئەم فاشیزمە مەزهەبییە زیاتر خۆ وەدەردەخا. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچوونی کەسێکی وەک سەعید حەججاریان دووی جۆزەردان وەرچەرخانی گوتار نەبوو لە نێوەرۆک و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئاماڵپرۆژەیەک بوو بۆ ئەوەی دۆخی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوە بە شێوازێکی تر سەقامگیرتر بکەن.

ئەوان باش دەیانزانی خەڵک لەوپەڕی نارەزایەتیدان، لەلایەکی تریشەوە دوای ئابڕووتکانی گەڕانەوەی باڵوێزانی ئورووپایی بۆ وڵاتی خۆیان، کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی ئایزۆلە کرابوو و تەریک کەوتبۆوە. بۆیە پێویست بوو فەزای ڕواڵەتی کۆمەڵگە بگۆڕدرێ، پێویست بوو چەلەحانەی سیاسی لە ئاستی دیالۆگی نێوان دوو باڵی ڕێژیم بەرقەرار بکرێ بۆ ئەوەی نیشان بدرێ کە پشوویەکی سیاسی زیاتر بوونی هەیە. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات تا هەنووکە دەرکەوت دووی جۆزەردان ئەو پوتانسییەلەی نەبوو تا ببێ بە سەرەتای خاڵگۆڕانێک لە ناو ئێراندا، تەنانەت تا ئێستاش هیچ دەسکەوتێکی بەرهەستی نەبووە و بۆیە لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕینی تامی زاری خەڵک بوو و لە هەمان کاتیشدا دانی ڕواڵەتێکی تازە بە سیمای فاشیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی. خودی خاتەمی ڕێبەری ئیسلاحات گوتی دووی جۆزەردان بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو شێوە ڕوانینە بە نیسبەت شۆڕش و کۆماری ئیسلامییەوە، ئەگینا ئەسڵ و بنەما بۆ ئەوان هەر نیزامە، نیزامی کۆماری ئیسلامییە.

***

درکاندنی ئەم ڕاستییە تاڵە هەرچەند زۆر ناخۆشە، بەڵام ئەم برینانەی خراونەتە سەر لەشی حیزبی دێموکرات ئەو پتانسییەلەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی پەلکێشی دادگا نێونەتەوەییەکان بکا. هەر لە تێرۆری شەهید دوکتور قاسملووە بگرە تا بەتایبەتی کەیسی شەهیدانی قەڵا و دادگای بەناوبانگی میکۆنووس. دوور نەڕۆین یەکی وەک جۆزێف بۆڕێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دەڵێ گرفتی یاسایی هەیە و مادام دادگایەکی وڵاتێکی ئورووپایی داوایەکی لەم چەشنەی نەبێ، ناکرێ سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆریستی یەکیەتیی ئورووپاوە. بۆیە کەیسی میکۆنووس تەواو ئەم پتانسییەلەی هەیە سەرلەنوێ بخرێتەوە گەڕ بە حوکمی ئەوەی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لقی دەرەوەی سپای پاسداران وەک بکەری جینایەتی میکۆنووس لە لایەن سیستمی دادوەری فەرمی ئاڵمان وەک تاوانبار ناسێندراون.

ئەگەر کەسانێک وەک برۆنۆ یوست و ئەلێکساندر فۆن شتاڵ وەک دادستان بەبێ ڕەچاو کردنی ساتوسەودا و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان لەگەڵ حکوومەتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت بە لە دەستدانی ئیش و کاریان و لەمانەش



سەرچاوە Serchawe

مەترسیدارتر مەترسی گیانی، بوێرانە تا بە ئەنجام گەیاندنی دۆسیەی میکۆنووس بۆ ساتێ نەوەستان، ئەوە سازدانی تیمێکی حقووقی بێسێودوو پێویستە بۆ سەرلەنوێ وەگەڕ خستنەوەی دۆسیەکە لە یەکێتی ئوورووپا بۆ ئەوەی ئەم کەیسە ببێتە بنەمایەک بۆ داوای نارەوای بۆرێل بۆ ئەوەی سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆرەوە. دیارە لە ڕووی یاساییەوە ئەم کەیسە داخراوە بەڵام بە حوکمی ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەها کردەوەیەکی تیرۆریستیان ئەنجام داوە، دەتوانێ هاندەری سیستمی داد بێ بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی مێژوویی.

**ڕەنگە لێدوانەکانی نیکی هایلی باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات وەک بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ پاڵپشتیی وەها داوایەک زۆر کاریگەر بێ. ئەوەی دەمێنێتەوە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی میکۆنووس بکاتە مۆتەکەیەکی ئەبەدی بۆ خەوزڕاندن لە چاوی کۆماری ئیسلامی. هازا گۆ و هازا مەیدان!**

ای رەزبەری ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe

## وانەکانی ژێر سێبەری دارەکە!



### ١- چەک وەک ئامرازی گوشار

٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی، شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال، کە لەژێر سێبەری دارێک دانیشتوون، قسان دەکا. قسەکانی تێکەڵاوێکە لە چەند بابەتێکی هەستیار کە لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدا لە چوارچێوەیەکی خۆمانە و بە زمانێکی سادە و تا ڕادەیەک تەنزاوی و هەندێ جار گاڵتەئامێز دەریببڕێ. لەوێ باسێک دێنێتە گۆڕێ کە زۆر گرینگە، ئەویش ئەوەیە کە:

"پێویستی هەڵگرتنی چەک چییە؟ یان بۆچی حیزبی دێموکرات چەکی هەڵگرتووە؟ بۆ هەوڵ دەدا کە لە باکوور یان لە باشوور لە هەر جێیەک بۆی هەڵکەوێ، زەبرێک لە کۆماری ئیسلامی بوەشێنێ؟ ئەو چەکەی کە پێیەتی بە چ مەبەستێک بە کاری دێنێ؟"

هەر بۆخۆشی وڵامی پرسیارەکە بە زمانێکی سادە دەداتەوە و دەڵێ: "بۆیە ئەو گورزەی لێ دەدەم، کە بگەڕێتەوە بڵێ ئەرێ تۆ بۆ لێم دەدەی؟! چت دەوێ؟! ئەم جار کە کوتی چت دەوێ، داوای خۆم دێنمە گۆڕێ"!

دوکتور قاسملوو بەم زمانە دەیەوێ بڵێ کە چەک لێرەدا ئامانجی سەرەکی نییە، بەڵکوو چەک کەرەسەیەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتی کە ئەو مەبەستە لێرەدا، مەبەستێکی سیاسییە و بۆ وێنە دەتوانێ مافی نەتەوەیەک بێ. کە وا بوو لە تەواوی هەڵسوکەوتەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا و هەروەها بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا، چەک بۆ ئەوە هەڵنەگیراوە کە نەفسی چەک بۆخۆی وەک پێویستییەک، وەک زەروورەتێک سەیر بکرێ، واتە چەک ئامانجی بزووتنەوە بێ. بۆیە لە درێژەی قسەکانیدا باس لە "ناوهاوسەنگیی هێز" دەکا کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ فاکتۆرێکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیە و ئەم شێوە ڕوانینە لەسەر بنەمای ڕێئال پۆلیتیک باس لە بوونی "هێز لەبەرانبەر هێز"دا دەکا. دواتر دەڵێ ئەگەرچی ئێمە شۆڕشگێڕترین حیزبی سەرانسەری ئێرانین، بەڵام بەرپرسترین و ئاشتیخوازترین جەریانیشین کە ئەم شەڕەیان بە سەردا سەپاندووە. کە وا بوو دەوری چەک وەک ئامرازێکی گوشارە بۆ سەر دوو جەمسەری دژ بە یەک. گوشار خستنە سەر دەسەڵات و هاندانی خەڵک!

## ٢- چەکی چەپ، چەکی کورد

هەر لە سەردەمی پاشایەتییەوە، شێوەڕوانینی چەپی ئێرانی بۆ چەمکی چەک لەگەڵ سیلەنیگای بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان جیاواز بوو. بێگومان ئەندێشەی چەپ لە ئێران، بەنیسبەت بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، لەباری جوغرافیایی و فکرییەوە زیاتری پەلهاوێژی کردبوو و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هەرچەند باسکردن لەوە کە ئایا چەپ خاوەنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی وەک حیزبی دێموکرات لە کوردستان بووە یان لە باری فکرییەوە لە ئاستی بژاردە و نوخبەکان و لە ئاستی خەڵکی ئاساییدا تا چ ڕادەیەک برەوی هەبووە یان ڕادە و نفووزی گوتاری چەپ بە نیسبەت گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی چۆناوچۆن بووە هەڵگری دەرفەتێکی ترە! بەڵام بە ئاوڕدانەوە بۆ سەرچاوە تیۆریکییەکانی ئەوان سەردەمان دەکرێ جیاوازییەکان زیاتر دەسنیشان بکەین.

کاتێک سەیری ئیدەی بیرودۆزەکانیان دەکەی یەکی وەک "مەسعوود ئەحمەدزادە" لە نامیلکە بەناوبانگەکەیدا دەڵێ خەباتی چەکداری هەم ستراتیژییە و هەم تاکتیک، لێرەدا ڕێکاری سەرەکی بۆ خەبات تەنیا چەکە! یان کاتێ کەسێکی وەک "ئەمیرپەرویز پوویان" نامیلکەی "ڕەدی تیوریی بەقا و پێویستیی خەباتی چەکدارانە" دەنوسێ، چەک دیسان دەبێتە مەبەستی سەرەکی.

### بۆچی ئەندێشەی چەپ لە هەوڵی ئەوەدا بوو چەک بکاتە ناوەندی گوتارەکەی خۆی؟

چەپەکان پێیان وا بوو چەک دەبێ ببێتە ئامانج یان ستراتیژی سەرەکی بۆ ئەوەی کە تیۆریی بەقا ڕەد بکرێتەوە. کەچی لە

کوردستان چەک دەبێتە کەرەسەیەک و ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی سیاسی. لەڕاستیدا لە کوردستان چەک ئامانجی سەرەکی نییە، چەک بۆ ئەوە هەڵنەگیراوە تەنیا دوژمنی پێ بکوژرێ، بەڵکوو بۆ بەرگری لە خۆ و بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر هێرشی ڕژیم هەڵگیراوە.

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە کوردستان جۆری پەیوەندی خەڵک لەگەڵ پێشمەرگە و لەگەڵ کەسانی نێو بزووتنەوەی کورد پەیوەندییەکی "ئەموئەویێتی"یە. واتە سنوورێکی تۆخی ئەوتۆ لە نێوان خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگە و سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوە نابینی. پەیوەندییەکی پتەو کە مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە، مێژووی حوکمڕانی و مێژووی ئۆرگانیزێیشێن (بەڕێوەبەری)ی هەیە. بگەڕێوە سەردەمانی کۆمەڵەی ژێکاف وەک مێژووی ئۆرگانیزێیشێن، بگەڕێوە سەر کۆماری کوردستان وەک مێژووی حوکمڕانی. کە سەیری هەموو ئەوانە دەکەی و دەگەڕێیەوە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، هەم مێژووی حوکمڕانیت هەیە، هەم مێژووی ئۆرگانیزێیشێنت هەیە و هەم بەکگڕاوندێکی فکریت هەیە.

بە پێچەوانەوە چەپەکان پێیان وابوو چەک دەبێ بچێتە نێو خەڵکەوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو دیکتاتۆرییەت و ملهورییەی کە ڕژیمی پاشایەتی بەسەر خەڵکی داسەپاندوە و خەڵک، بەتایبەت کرێکاران و وەرزێرەکان ترسیان بشکێ و ڕەگەڵیان کەون تا بەم جۆرە خۆیان گوتەنی چەرخی بچووک چەرخی گەورە وەگەڕ بخا!

ئەوان بیریان دەکردەوە کە زایەڵەی دەنگی تەقەی چەک لە گوێی چینی کرێکار و وەرزێردا دەتوانێ پەلکێشی شەڕی چەکدارییان بکا! بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی پێویستی بەوە نەبوو، بۆیە ئەو جیاوازییە زۆر گرینگە و من بەش بە حاڵی خۆم، نەمدیوە لە جێگاییەک ئاماژەی پێ کرابێ. پێداگریی "بیژەن جەزەنی" سەلمێنەری ئەم بۆچوونەیە کە هەولی ئەوان سازدانی پەیوەندییەکی لەم جۆرە بوو، بۆیە دەڵێ: چ بکەین تا خەباتی چەکداری لەنێو خەڵکدا پەرەگیر بێ؟

### ٣- باڵی سیاسی لەپاڵ باڵی چەکداری؟!

یەکێک لەو خاڵانەی کە سەبارەت بە هەڵگرتنی چەک لە لایەن پێشمەرگەوە ڕەچاو ناکرێ، ئەوەیە کە چەمکی دێموکراسی لەبیر دەکرێ. لە ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە بگرە هەتا ئورووپا و ئەمریکای لاتین دوو باڵی سیاسی و چەکداری بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی هاوتەریب بوونیان هەیە. تەنانەت لە ئەفریقای باشووریش ئەم دوو باڵە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی بەسەر ڕژیمی ئاپارتایدی ئەم وڵاتەدا. کەوابوو باڵێکی سیاسی هەیە کە لە باری سیاسییەوە هەوڵ دەدا، بەڵام ئەو باڵە سیاسییە، باڵێکی چەکداریشی هەیە.

دوور نەڕۆین لە باکووری کوردستان HDP بە هێزێکی سیاسی دادەنرێ، بەڵام هێزێکی سیاسیی نیزیک لە پەکەکە. ئەمە لە وڵاتێکدایە کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئاماڵدێموکراسییەکی تێدا بەدی دەکەی. یانی لەگەڵ ئەوەدا کە تورکیە، پەکەکە بە هێزێکی تێرۆریستی دەزانێ، بەڵام باڵە سیاسییەکەی لەم وڵاتە بە حوکمی ئەو ئاماڵدێموکراسی ڕێژەییە (دیارە بە نیسبەت وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک ئێران) لە نێوخۆی تورکیا میتینگ ساز دەدا، دەفتەری هەیە، ئەندام پارلەمانی هەیە، بەربەستی دە لە سەد تێکدەشکێنێ و... دیارە حاشا لەوەش ناکرێ کە لەژێر زەختێکی تەواودایە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام لە ئێران جەریانی سیاسی یان باڵی سیاسی هەر بوونی نییە، چ بگا بەوەی کە هێزێکی چەکدار بی و بتهەوێ باڵی سیاسیت لە نێوخۆدا هەبێ. ئەوە هەر ناکرێ و ئیمکانی نییە. چونکە تۆ لە وڵاتێکی دیکتاتۆریدا دەژی. کەوابوو لێرەدا، حیزبە سیاسییەکە خەباتێکی سیاسی دەکا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە حوکمی نەبوونی ئەو دێموکراسییە، بە حوکمی نەبوونی ئەوەی کە دەرەتانی ئەوەی نییە کە لە نێوخۆی وڵاتدا چالاکی و خەباتی سیاسی بکا، ئەو چەکە بۆ ئەوە هەڵگیراوە کە بواری خەبات سیاسی لەبار بکرێ!

مەبەست ئەوەیە ئەگەر تۆ لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا بی و هەموو پێوەرەکانی ئازادی و ڕێزگرتن لە فرەیی و پلۆراڵیزم و دێموکراسی بوونی هەبێ، ئەگەر دەست بدەیە چەک، ڕەنگە سەرکۆنە بکرێی. بەڵام کاتێک لە نەبوونی ئەم دێموکراسییەدا تۆ دەرەتانی هیچ چەشنە دەنگهەڵبڕینێکت نییە و تەنانەت حاشا لە بوونت دەکرێ، ئەوکات ئەم چەکە وەک شەرەفی نەتەوەیی پێناسە دەکرێ، با دوو لایەنەکەش هەتا بڵێی ناهاوسەنگی هێزیان پێوە دیار بێ!

## ٤- شەڕ بۆ شەڕ؟ نا!

کارکردی چەکی دەستی پێشمەرگە چییە؟ ئایا پێشمەرگە چەکی هەڵگرتوە تەنیا بۆ ئەوەی دوژمنی پێ بکوژێ؟ یان وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ گورزێکی لێ بوەشێنێ بۆ ئەوەی کە بیهێنێتە سەر هێڵ و لەگەڵی بکەوێتە سەر وتووێژ و داوای خۆی بێنێتە گۆڕێ؟ لێرەدا باسێکی بایخدارانە ناکەم کە ئایا دەکرێ لەگەڵ حکوومەتێکی دڕندە وەک کۆماری ئیسلامی لەسەر مێزی وتووێژ دابنیشی یان نا؟ ئەوە باسێکی دیکەیە کە لای من وڵامی پرسیارەکە "نا"یە. بەڵام مەبەست پێداگری لەسەر ئەم ڕستەیەی دوکتور قاسملوویە کە دەڵێ ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین، شەڕ دەکەین تا ویستەکانمان بەسەر لایەنی بەرانبەردا فەرز بکەین. ئەمەش خولانەوە لە بازنەدا نییە بەڵکوو بڕینی هێڵێکی مێژووییە کە دواجار سەروەریی سیاسی نەتەوەیەکی لێدەکەوێتەوە!

وەک باسم کرد چەک ئامرازە نەک مەبەست، بۆیە زۆر گرینگە کە بزانین بەپێچەوانەی نەتەوەکانی تر یان بەپێچەوانەی ئەوی تر، (نەتەوەی سەردەست) کورد هیچ کات تاوانی جەنگی نەکردوە، ژینۆساید و کۆمەڵکوژی نەکردوە، پەلکێشی بۆ

خاکی کەس نەکردوە و لەسەر هەردی دیتران شەڕی نەکردوە. لە هیچ قۆناغێکی زەمەنیدا، لە هیچ شوێنێک لە تەواوی ئەو ساڵانە کە کورد هەوڵی داوە بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی لە هەموو پارچەکان، هەرگیز کورد تاوانی جەنگی نەکردوە. بە پێچەوانەوە ئەوە ئەوی ترە کە دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە هیچ جینایەتێک درێخی نەکردوە.

ئەمە زۆر گرینگە کە بزانین کاردانەوەی شتێکی ئەوتۆ لە ڕوانگەی نێونەتەوەییشەوە چەندە بایەخدارە. واتە کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە ئەمریکای لاتین یان تەنانەت لە ئورووپا، باڵی چەکداری جەریانێکی سیاسی بۆمب دەنێتەوە، بارمتە دەگرێ و تێرۆر دەکا، کەچی هەرگیز ئەم کردەوە تیرۆریستییانە، لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە نەکراوە و ئەمە خاڵێکی سەرسوڕهێنەرە کە بەداخەوە وڵاتانی دێموکراتیک و پێشکەوتوو زۆر بە کەمی ئاگاداری ئەم تایبەتمەندییانەی حیزب دێموکراتن!

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کانگای توندوتیژی و ڕادیکاڵیزمە و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و فرەیی هیچ مانایەکی نییە، بوونی هێزێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پابەندە بە بەها دێموکراتیکییەکان و خاوەنی گوتارێکی بەرگریکارانە و خاکەڕا و ئەخلاقتەوەرە دەبێ وەک دیاردەیەکی ناسروشتی سەیر بکرێ!

## ٥- چەک بۆ پاراستنی گیان!

ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تەنیا باوەڕی بە چەک بوایە - وەک چەپەکان دەڵێن پێویستییەک - هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتیژی، شەهید دوکتور قاسملوو گیانی خۆی لە پێناو وتووێژ دانەدەنا!

دیارە بە دەیان و سەدان جار، هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕایانگەیاندوە کە چەک لە دەستی ئەواندا کەرەسەیەکە بۆ "دیفاعی مەشرووع" نەتەنیا لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەک وڵاتێکی تێرۆریستی، بەڵکوو لە بەرانبەر ئەو هەرەجمەرجە و ئەو هەڕەشە مەترسیدارانەی کە لە وڵاتێکی ٧٢ میللەتی وەک عێراقدا بوونیان هەیە. بە حوکمی ئەوەی هەموو کەس و ناکەسێک لەم وڵاتەدا چەکی پێیە زۆر ئاساییە مادام تۆ لەوێ دەژیی و لەوێ چالاکی دەکەی، بۆ پاراستنی ژیانی خۆت وەک تاکێکی ئاسایی یان وەک ئەندامێکی حیزبی چەکت لەسەر پێ بێ!

ئەم خاڵەم بە لاوە زۆر سەرنجڕاکێشە و تەنانەت وەک خاڵگۆڕان دەبێ سەیر بکرێ کە لە دوای شۆڕشی ژینا و ئەو کوشت و کوشتارەی کە کۆماری ئیسلامی لەسەر شەقامی شارەکان کردی، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئێستا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە

دەبێ گیانی خەڵک بە هەر شێوازێک بپارێزرێت، تەنانەت بە شێوەی چەکدارانە و ئەمە زۆر گرینگە، هەر ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ڕەخنەگری خەباتی چەکداری گەلی کورد بوو!

## ٦- پێشمەرگە، چاوسووری گەل!

پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە دەوری خەباتی چەکداری بۆ پاڵپشتی و هاندانی خەڵک لە تەواوی ئەم چلوچەند ساڵەدا بسەلمێنێ. ڕاپەڕینی خەڵک، مانگرتن، پشتیوانی لە حیزبەکان، بەرز ڕاگرتنی بۆنە نەتەوەییەکان و خۆپێشاندانی خەڵک لە کوردستان لەچاو شوێنەکانی تر هەر بۆ باس کردن نابێ. چون پاڵپشتی سەرەکی ئەم خەباتە مەدەنی سیاسییە لە نێوخۆ، بەشی زۆری دەگەڕێتەوە سەر حیزبەکانی کوردستان، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی سەمبولیکیش بووبێ بەتایبەتی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا! سەردەمی شەڕی پێشمەرگە و ڕێژیم، خەڵک دەیانگوت: "پێشمەرگە، چاوسووری گەلە!" ئەمە ڕێک بە مانای پشتیوانی کلاسیکی هێزی پێشمەرگەیە لە خەڵکەکەی خۆی.

بۆیە بیانوو پێگرتن بە حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە چەککردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی قامکی لەسەر جێیەکی دروست داناوە، واتە دامالینی چەک لە کاریگەرترین هێز لە سەرانسەری ئێران! چون لە شۆڕشی ژینادا، هێزە سیاسییەکانی کوردستان و خەڵکی کوردستان نیشانیان دا، بە یەکەوە هەم مێشک و هەم دڵی ئەم بزووتنەوەیەن. بۆیە ئەو بیانوویەی کە ئەگەر هێزە کوردستانییەکان چەکیان پێ نەبێ، ئەم هەرێمە دەبێتە شامی شەریف، بەتەواوی هەڵەیە. چون نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات هیچ دەورێکیان نەبوو، باس باسی ئەوان نەبوو، بەڵام بەو پلان و پیلانەی کە کۆماری ئیسلامی بە سەرپەرستی قاسم سولەیمانی و کەڵکوەرگرتن لە حەشدی شەعبی دایانڕشت و هێرشیان کردە سەر کوردستان و کەرکووک و دواجار ٥١ لە ١٠٠ی خاکی هەرێم داگیر کرایەوە، هیچ چەشنە باسێک لە هێزە کوردییەکان لە گۆڕێدا نەبوو. لەڕاستیدا ئەوان لە بیانوو دەگەڕێن و ئەگەر دوورەڕوانینێکی دیکە بێنینە بەرچاو، واتە کۆبوونەوەی بەرپرسانی ئەمنیەتیی ئێران و تورکیە و عێراق کە لە بەغدا بەڕێوە چوو، ڕوون دەبێتەوە کە هەڕەشەکانی ئێران لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ.


ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە درۆن و بە مووشەک لە کوردستان خەڵک دەکوژێ و تۆپبارانی شاخەکان و سروشت و ژینگەی کوردستان دەکا، لەوبەر تورکیە بە درۆن ئەندامانی هێزە سیاسییەکانی باکوور تیرۆر دەکا، تۆپبارانی سنوورەکان دەکا و بۆمبارانی ڕۆژئاوا دەکا، ئەوەمان پێ دەڵێ کە لە نەبوونی کیانێکی سەربەخۆدا، لە نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، تۆ گۆشتی سەر چەپەری. واتە ڕێک لەم جوغرافیایەدا مرۆڤی کورد دەبێتە گۆشتی قوربانی و گیانی مرۆڤی کورد تەواو

بێبایەخە. دەنا ئەگەر تورکێک، عەرەبێک، فارسێک و... دەکوژرێ، لێپێچینەوە و لێپرسینەوە هەیە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەوان کێشەکەیان لەگەڵ تاکی کوردە، لەگەڵ شوناس و ناسنامەی کوردە. بەتایبەتی ئەو تاکەی لە بەرامبەر ئەواندا بە چەکی دەستی، سەری هەڵبڕیوە.

**لەڕاستیدا، چەکی دەستی پێشمەرگە هێمایەک بووە بۆ خۆڕاگری لەبەرامبەر تیرۆریزمی دەوڵەتی و من پێموایە تا ئەو کاتەی مافی کورد لە باڵاترین ئاستیدا دەستەبەر نەکرێ، کورد ئەو هێمایە دانانێ!**

**١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

# چەمکی سەربەخۆییخوازی لە ئەندیشەی شەهید دوکتور قاسملوودا



## ئاماژە:

ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی گشتی و بەپەلەیە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەندێ دەقەکانی شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، وەک یەکێ لە ڕەهەندە فکرییەکانی دوکتور قاسملوو لە دەڤەری سیاسەتدا. واتە ئەم مافە وەک حەز و خولیا، وەک ئارەزوویەکی دوورەدەست لە زەینی سەرکردەیەکی سیاسیی کورددا چۆن لەگەڵ چەمکی ڕێئال پۆلیتیک واتە واقعبینیی سیاسی بە شێوەیەکی هاوتەریب بوونیان هەبووە. دەبێ ئەم خاڵە گرینگەمان لەبەر چاو بێ کە حەولی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافی سەربەخۆیی لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە کزی دەدا - لانیکەم لەباری کردەیییەوە - کە ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە سەر تەکوزیی نوێی نێونەتەوەیی، ساز بوونی دەوڵەتانی تر کە دەبنە لەمپەری سەربەخۆیی کورد، دۆخی ژێئۆپۆلیتیک و دابەشبوونەوەی کوردستان کە بە جۆرێ ئیزنی سازبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکا بە ئارەزوویەکی دوورەدەست!

هەروەها چۆن تێرمی "پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی" دەکا بە دەستەواژەیەکی کلیدی بە ناوی "یەکیەتیی نەتەوەیی" بۆ ئەوەی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو وەک مافێکی سروشتی پێناسە بکا.

لەم وتارەدا ئاوڕ دراوەتەوە سەر ڕۆڵی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کارگێڕێک کە ئاستی شوێندانەرییەکەی بۆ پرسی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" تا چ ڕادەیەک بووە، چ وەک بیردۆزێکی سیاسی، چ وەک ستراتژیستێکی سیاسی و چ وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک.

***

هەموو پرسێک لەدایکبووی سەردەمی خۆیەتی، واتە دەبێ بە پێوەری دووانەی کات – شوێن پرسەکە شرۆڤە و ئانالیز بکرێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەغمەی سەربەخۆیی لە شەقامی کوردی دێتە بەر گوێ و، لە زەینەوە هاتووە بەرەو عەین و ئەم تابۆیە چی تر بڤە نییە، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا و لە گوتاری هیچ هێزێکی سیاسیدا ئەم پرسە بوونی نەبوو. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان وەک دیسکۆرس نادیترێ. بۆیە زۆر گرینگە ئەگەر بکرێ بە فاکت و بەڵگەوە بتوانین پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس لە زەینی دوکتور قاسملوودا شەنوکەو کەین. پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە خوێنەری بەڕێز بۆ ماوەیەکی زەمەنیی نیزیک بە پەنجا ساڵ بۆ دواوە بگەڕێنمەوە و لە کەشوهەوای ئەو کاتدا سەیری بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بکا. مەبەستم ئاوانگاردی زەینی شەهید دوکتور قاسملوویە، هەم بە نیسبەت پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، هەم بە نیسبەت کۆمەڵگای ئەوان سەردەمان.

***

لە ماوەی سەرکردایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی کەسایەتیی ناسراوی لە ئورووپا و هەروەها ناسیاویی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە، وەک نموونە: گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕانسە)، دەیلی تێلێگراف (بریتانیا)، لوسوار (بلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد ترییبیۆن (ئەمریکا)، سەندەی تایمز (بریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمان)، نیوزویک (ئەمریکا)، فاینانشاڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕانسە)، فرانکفۆرتر ئاڵگماینێ (ئاڵمان) و هتد، تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو دەکاتەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕانسە لە کاتی لە لووتکەدابوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ:

"ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک بوونی نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن..." فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: "نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە و یەکیەتیی سۆڤییەتدا دابەش کراوە کە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان

سەرکوت کراون".

ئەمە واتە لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیادا، لە سەردەمی نەبوونی تۆڕی بەربڵاوی ئینتێرنێت تەنیا ستراتژیستێک دەتوانێ سەرنجی میدیای زەبەلاحی سەردەم بۆ پرسی کورد ڕابکێشێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە باس لە وڵاتێکی لەتوکوتکراو بکرێ کە لەسەر نەخشە بوونیان نییە!

***

ئەگەر سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ ڕووناکبیران کراون بخەینە تای تەرازوویەکەوە، دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی و هاوبەشیان تێدا بەدی بکەین کە بریتین لە: داهێنان و شوێندانەری. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان بەدی ناکرێن. دیارە داهێنانی فکری لە فەزایەکی تاکەکەسی و ئیزۆلەدا سازدەبێ، بەڵام شوێندانەری لە فەزایەکی گشتی و پەرەگیردا دواجار دێتەدی، واتە ئەگەر وەک پرۆسەیەک سەیری ئەم چەمکە بکرێ، دەتوانین بڵێین کە لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ ڕێچکە دەبەستێ. بەدەر لەم ڕەوتە، ڕۆشنبیری دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت و ناتەواو! شوێندانەری دوکتور قاسملوو لە دوای خۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، حیزبی دێموکرات و تاکی کورد، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەر ئەوەی ئێستا ئێمە خەریکی خوێندنەوەی سەرلەنوێی چەمکی دیاریکردنی مافی چارەنووسین لە ڕوانگەی شەهید دوکتور قاسملووەوە، واتە شوێندانەریی ئەو لەسەر نەوەکانی دوای خۆی.

***

پەیمانی پیرۆز ڕووداوێکی گرینگە کە بە سەرپەرشتی و کارزانیی ئەمیر بەدرخان، میری بۆتان لەنێوان میرنشینەکانی بۆتان، وان، هەککاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس و... واژۆ دەکرێ و تەنانەت پەلهاوێژی دەکا بۆ میرنشینی ئەردەڵان. واتە بەجۆرێ سنوورە دەسکردەکان و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەبڕێ و دەچێ بەرەو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوی. بڕینی ئەم سنوورە دەسکردانە لە ڕاستیدا پلانێکە بۆ داهاتوو بە مەبەستی سازکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ.

### بۆیە لێکۆڵەرە بیانییەکانیش ئەم حکوومەتە بەم دەستەواژەیە پێناسە دەکەن:

Semi-Independent Emirate کە گوزارە لە حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆ دەکا و بە تەعبیری ئەمڕۆیی وەک بوونێکی دیفاکتۆ سەلمێندرابوو. ئەمە ئەو حەز و ئارەزوویەیە کە سەرکردەی کورد عەودالێییەتی، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع میری کورد لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی دەکەوێتە گفتوگۆ، هەمان ڕەچاوکردنی هاوسەنگیی هێز لە ڕێئال پۆلیتیکی ئەمڕۆدا.

یان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، کە سەیری ڕۆژنامەی کوردستان دەکەی، بە ڕاشکاوی وشەی "ئیستقلال" دەبێتە مۆتیڤی ڕۆژنامە. "ئیستقلال" واتە سەربەخۆیی، قەزائەن(بەڕێکەوت) هەردوو وشەی سەربەخۆیی و ئیستقلال بەیەکەوە دەبنە مانشێت: جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان. تەنانەت لەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، پێشەوای ئەمر لە قسەکانیدا ئاماژە بە مەنشووری ئاتلانتیک دەکا، مەنشوورێک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی پاش شەڕی جیهانی دووهەم! تۆ پێشەوای نەتەوەیەک بی و ئەوکات باس لە پەیمانی ئاتلانتیک بکەی کە لەوێدا ئاماژە بەوە کراوە دەبێ مافی چارەنووسی گەلان ڕەچاو بکرێ، بە باوەڕی من نیشان لەوەیە کە لە زەینی پێشەوا قازی محەممەددا بیرۆکەی سەربەخۆیی بەتەواوی هەبووە. یان ئەو وێنەیەی کە خەریتەی کوردستانی گەورە، لە پشت سەری پێشەوا قازی محەممەد هەڵواسراوە (وێنەکە ئارچی ڕۆزڤێڵت گرتوویەتی) ئەوانە و زۆر هێمای تر، ئەوە دەسەلمێنن کە لە زەینی پێشەوادا چەمکی سەربەخۆیی بە تۆخی هەبووە. بەڵام دیسان لێرەدا دەگەڕێمە سەر ناوهاوسەنگیی هێز و چەمکێکی ژئۆپۆلیتیکی و دواجار سیاسەتی دانوستاندن با لەڕووی ناچاریشەوە بووبێ!

دیارە زۆر نموونەی هاوشێوەی تر هەیە بۆ باسکردن، بەڵام ئەم نموونانەم بۆیە هێنا گۆڕێ کە بڵێم بەردەوام ئەم حەز و خولیایە لە زەینی سەرکردەی کورددا هەبووە. بەڵام ڕێئاڵ پۆلیتیک دواجار بەربەستی سەرکردە بووە بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەم خەونە بێنێتەدی. بەهەرحاڵ من پێم وایە هیچ کەس وەک شەهید دوکتور قاسملوو نەیتوانیوە ئەم پرسە هەم لە ڕوانگەی تیۆریکەوە هەم لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە شەنوکەو بکا و من بە پشت بەستن بە دەقەکانی خۆی وەک نووسراوەکان و قسەکانی، ئەوە دەسەلمێنم.

## با ئاوڕێک بدەینەوە سەر فاکتەکان:

شەهید دوکتور قاسملوو لە کەلێنی نێوان بۆچوونەکانی لێنین سەبارەت بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان و ڕۆزا لۆکزامبۆرگی سۆسیال دێموکراتدا، قسەکانی لێنین وەک بەڵگەی سەلماندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەخاتە بەر باس بۆ کێشوماتکردنی چەپی ئێرانی لەسەر ئەم پرسە. چون ڕۆزا لۆکزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی لاواز دەکا، کەچی لێنین ئەم بۆچوونە نەک بە بۆچوونێکی سۆسیالیستی دانانێ و تەنانەت وەک ئینتێرناسیۆنالیستیش (وەک ڕۆزا دەڵێ) پێناسەی ناکا، بەڵکوو دەڵێ ئەمە ڕێک شۆڤێنیزمە، بۆیە ئەم مافە و دواجار سازدانی دەوڵەتی سەربەخۆی گەلانی ژێردەستە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ!

کاتێ شەهید دوکتور قاسملوو واز لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم دێنێ، ئیتر لەبری کێشەی چینایەتی ئەوە پرسی نەتەوەییە کە دەبێتە دڵەڕاوکێی قاسملوو. بۆیە زەقبوونەوەی کێشەکانی قاسملوو لەگەڵ حیزبی توودە دەبێ لەم ڕەهەندەوە سەیر بکرێن.

تەنانەت شەهید دوکتور قاسملوو بۆخۆی دەڵێ ئەوان من بە ناسیۆنالیست و لادەر دەزانن، وەک نەمر کەریم حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا باس دەکا. ئیتر کار دەگاتە ئەوەی یەکێ وەک ئێحسانی تەبەری وەک لووتکەی چەپی ئێرانی بڵێ بۆ قاسملوو کوردی پێ ئێرانی نییە!

لە گرتەیەکی دەنگیدا دوکتور قاسملوو دەڵێ: "ئێمە داوای مافی دانانی چارەنووس دەکەین، "حق تعیین سرنوشت"، دیارە ئێمە ڕوونمان کردووەتەوە کە بۆ ئێمە مافی دانانی چارەنووس دەتوانێ چ شکڵی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەبێ، چ شکڵی فێدراتیوی هەبێ، چ شکڵی خودموختاری هەبێ".

یان لە شوێنێکی تر باس لەوە دەکا لەگەڵ داریووشی فروهەر لە کاتی وتوێژەکاندا مشتومڕمان هەبوو لەسەر وشەی قەوم و میللەت! قاسملوو دەڵێ قەوم هیچ مانایەکی نییە و ئەوان دەیانگوت "اقوام ایرانی"! بە ڕواڵەت قەوم واتە میللەت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و قەوم وەک چەمکێکی نەژادییە، واتە ئەوانەی نەژادی ئێرانیان هەیە، قاسملوو لێرەدا زیرەکانە کورد لە ئێران دادەبڕێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە ئیستقلال و سەربەخۆیی دەکا، کە باس لەو خولیایە دەکا کە لە زەینی ئەم سەرکردەیەدا هەیە، بەڵام لەسەر بنەمای ڕێئاڵ پۆلیتیک ئاماژە بەوەش دەکا کە هیچ دەوڵەتێک ئێمە بە ڕەسمی ناناسێ کە پشتیوانی لەوە بکا کە کورد حەقی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەیە و بە خشکە باس لە سەرهەنگ قەززافی دەکا کە چەند جارێک درکاندوویەتی کە کورد مافی خۆیانە سەربەخۆ بن.

**لە کتێبی کوردستان و کورددا دەڵێ:** "دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە عێراق، بە واتای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراقە لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیا"...

سەیر کە، قاسملوو باس لە سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باس لە مافی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی پارچەکانی نەتەوەیەکی لەتوکوت کراو دەکا!

**یان دەڵێ:** "کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی تا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە و ئەو مافە بۆ نەتەوەی کورد بە مانای مافی یەکخستنەوەی نیشتمانەکەیەتی." لێرەدا قاسملوو ڕێک وەک بیردۆزێکی سیاسی خویا دەبێ، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەو تەنیا باسی سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باسی یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکا.

**یان لەو شوێنەی کە دەڵێ:** "پێکەوە یەکگرتن مافی جودابوونەوە نییە، مافی یەکگرتنەوە و جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە، لە راستیدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئەو مافەمان هەیە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، لە راستیدا دابەشبوونێکی دەسکردە و سروشتی نییە".

دیسان لێرەدا دوکتور قاسملوو وەک بیردۆز دەیەوێ زەینی تاکی کورد ئامادە بکا بۆ پێکەوە لکاندنی جوغرافیایی کورد، هەرچەند مەحاڵێش بێ. لێرەدا ئێمە باس لە ئەمری واقیع ناکەین، باس لەوە دەکەین کە سەرکردەیەک دەیەوێ سەرنجی تاکی کورد ڕابکێشێ بۆ ئەوەی کە بڵێ کوردستان وڵاتێکە کە دابەش کراوە.

ڕەنگە ناوی کتێبەکەی خۆیشی "کوردستان و کورد" لەبری کورد و کوردستان، باشتر بتوانێ ئامانجەکەی ئێمە لەم باسەدا بپێکێ.

مەنشوورە دەڵێن بۆ ئەوەی ببی بە دەوڵەت - نەتەوە، لە پێشدا ئیتالیا ساز بکە دواتر ئیتالیایی، هەر بۆیەش دوکتور قاسملوو خاک وەپێش مرۆڤ دەدا، واتە کوردستان و کورد.

قاسملوو لە زۆر شوێنی تر، ئەم چەمکە واتە پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی وەک "یەکیەتیی نەتەوەیی" پێناسە دەکا، بەڵام هەلومەرجی گونجاو و بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاتی شیاویشی بۆ ئەم تێزە دەربڕیوە. بۆیە لەگەڵ ئێران و چەمکی ئێرانیبووندا ڕەنگە هەندێ جار بەردەنگ تووشی چەشنێ دژوازی بێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتکردن لەسەر ئەرزی واقیع نەک دروشم و خەیاڵ!

تەنانەت هەر لە نامیلکەی کورتەباسدا سەبارەت بەو سۆسیالیزمەی مەبەستیەتی لە دۆخی عەینی و بەرهەستی وڵات خافڵ نییە و دەڵێ ئێمە دەمانەوێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکان ڕێک بکەوێ، واتە لێرەش لاقی تێزەکان لەسەر عەرزی ڕێئاڵپۆلیتیکە و وەک خۆی دەڵێ سیاسەت بە ڕەش و سپی نابینێ و بە هونەری مومکینی ناوزەد دەکا!

**لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا، سەبارەت بە کۆماری کوردستان دەڵێ:** "کوردستانی ئێران بوو بە جێی هیوا و ئومێدی هەموو ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان." پێداگری لەسەر ئەوە کە هەوڵی دوکتور قاسملوو لەسەر ئەوە خول دەخوا کە بەشەکانی دیکەش، لە زەینی بەردەنگی خۆی کە تاکی کورد بێ، زۆر سەرنجڕاکێشە.

**لە درێژەدا دیسان ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێ:** "نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردییەکان، هەروەها شەخسییەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە، سووریە و عێراقەوە، پەیتاپەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد ببوو بە جێگای هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بەدڵەوە ئاواتی ئەوە بوو، ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ. چونکە دەیانزانی ڕووناکاییی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە دواڕۆژدا ڕوون دەکاتەوە".

لە وڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیەدا، کە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەک نووسیبووی: "ڕووناکاییی ئێرە لە دواڕۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە".

**هەروەها لە کۆتاییی ئەم بەشەدا، ئاماژە بە هاتنی بارزانییەکان دەکا و دەڵێ:** "هاتنی بارزانییەکان تێکەڵبوونی بەم شێوەیەیان لەگەڵ کۆماری کوردستان ئەم ڕاستییەی پتر دەرخست کە کۆماری کوردستان سیمبولی هاوکاری و تەنانەت یەکگرتنی هەموو نەتەوەی کورد بوو." دوکتور قاسملوو سازبوونی کۆماری کوردستان ئەوەندە بە دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی دەزانێ کە کارتێکەری ئەم دەسەڵاتە کوردییە بۆ سەر پارچەکانی تر بە شتێکی حاشاهەڵنەگر دادەنێ و پێی وایە ئەمە جۆرێ یەکگرتنی هەمووی نەتەوەی کورد بووە.

لە کۆتاییی هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا، دوکتور قاسملوو سەفەرێک بۆ ئورووپا دەکا کە نزیکەی سێ مانگ دەخایەنێ، لەو سەفەرەدا لە ئیسپانیا لەسەر بانگهێشتی ئەنیستیتۆی هاودەردیی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، کۆنفرانسێک لەسەر ئاگربەسی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم تەقەوەستانە،

**لەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد وتارێک پێشکەش دەکا، کە ئاماژە بە دوو خاڵ دەکەم:**

**یەکەم**: "ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانیی گەلی کورد، پێکەوە ڕێککەون (هەرچەند ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە)، کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، بۆ کوردەکان تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لەوە کە یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بەئاشکرا دەبێ ئەمجارە بڵێین کە باسی ئاشبەتاڵ و خۆبەدەستەوەدان لە گۆڕێدا نییە. بەربەرەکانێ و خۆڕاگریی گەلی کورد لە شار و لادێدا هەر درێژەی دەبێ و لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش دەبێ کەڵک وەرگیرێ".

**دووهەم**: "پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەرچاو. مەسەلەی ٢٠ تا ٢٥ میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێک دێنێ و مافی بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە خاوەنی ڕێژیمی سیاسی لێک جیاوازن." بەم شێوەیە دەست پێ دەکا و دواتر باسی تورکیە و عێراق دەکا.

لە میتینگی بۆکان لە ساڵی ١٣٥٨ لە کاتی ڕاگەیاندنی ٦ ئەسڵی خودموختاری لەلایەن د. قاسملووەوە، بە پێی ئەو پێناسانەی بۆ کوردستانی دەکا وەک یەکەیەکی سیاسی، واحیدێکی سیاسی لەسەر بنەمای مێژوو، جوغرافیا، ئابووری و ویستی زۆرینەی "میللەت"، دەکرێ بڵێین تەنیا "ئاهێک"ی ماوە کە کوردستان وەک وڵاتێکی سەربەخۆ دیاری بکا!

## دوا وتە

ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بوو بە کەڵک وەرگرتن لە ماتریاڵە کاڵەکانی بەردەست، وەک دەقی کتێب و نووسراوە و گرتەی ڤیدیۆیی و فایلە دەنگییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس. دیارە فاکت و بەڵگەکان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ڕەنگە هەر ئەوەندە لە تاقەتی وتارێکی ڕۆژنامەدا بگونجێ. لە سەرانسەری ئەم وتارەدا من کەڵکم لە وشەی "سەرکردە" وەرگرتووە و مەبەستم زیاتر سکرتێری حیزبێک بووە کە لە بازنەیەکی سنووردار‌دا وەک حیزب دەکرێ پێناسەی بۆ بکەین، بەڵام کە ورد دەبییەوە بۆ ناو ئەندیشە و بیروبۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو، سیمای "ڕێبەر"ی نەتەوەیەک دەبینی کە لە زەمانی خۆی لە پێشتر بوو.

ڕەنگە ئەو چەند ڕستەیەی گاریباڵدی فەرماندەی شەڕەکانی سەربەخۆیی ئیتالیا ڕوو لە هاوسەنگەرانی کە دەڵێ: ئەو ڕێبەرەی بەدووی سەربەخۆیی نەتەوە و وڵاتەکەیەوە بێ جگە لە چەک و جلوبەرگەکەی هیچی تری نییە، ئەوەی ئیدیعای سەربەخۆیی و ڕێبەری هەیە خۆی لە کۆشک و تەلار دانانیشێ و خەڵکەکەی کەپر و ساباتێکیان نەبێ... ئەم قسانە ئەگەر بگوازینەوە بۆ ئەمڕۆ بە پێوەرەکانی خەباتی سیاسی ئەم سەردەمە، ڕەنگە ئاوای لێکدەینەوە گرینگترین میراتی ڕێبەرێکی سیاسی بیروبۆچوونەکانییەتی و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری بیرکردنەوە و لێکدانەوە لەسەر میراتە فکرییەکەیەتی، تایبەتمەندییەک کە جگە لە قاسملوو لانیکەم بۆ من هیچ کەسی تر نەیبووە.

**٢٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤**

## بەرەو خەباتێکی نوێ: گۆڕینی شێواز، گۆڕینی گۆڕەپان و گۆڕینی بەردەنگ




(١)

ڕەنگە نوێبوونەوە بە مانای گۆڕینی "دۆخی هەنووکەیی"، بە هۆی سروشتی مرۆڤەوە زۆر جاران خۆڕاگری لە بەرامبەریدا بکرێ، واتە مرۆڤ کە خووی بە دۆخێک گرت، ئەگەر لەسەر بنەمای دنیابینییەکی نوێوە قەناعەت بە گۆڕین نەهێنێ، زەحمەتە حەول بۆ گۆڕینی دۆخەکە بدا. لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەشدا ئەوە چینی ئێلیت و بژاردەن کە کارگێڕی سەرەکین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێک بێ، گۆڕانکارییەک لە سەر پێناسەی "پێویستییەکی مێژوویی" بۆ ئەوەی دنیایەکی جیاوازتر و نوێتر سازدەن. ئەم پێویستییە مێژووییەش دەبێ هەم بواری زەینی هەم بوارە عەینییەکەی لەبار بکرێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم گۆڕانە و ئەم پێویستییە مێژووییە لە حیزبێکی سیاسی بڕوانین، دەبێ پرسیارەکە ئاوا بێنینە گۆڕێ چۆن حیزبێکی سیاسی دەتوانێ نوێ بێتەوە؟ ئایا پێویستە حیزب بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەمەلایانە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە خۆیدا ساز بکا؟ پێکهاتە و نێوەرۆک لەم گۆڕانەدا چی لێ دێ؟ بە حوکمی ئەوەی کە حیزب ڕێکخراوەیەکی "ئاکامخواز"ە دەبێ بەردەوام وڵامی ئەم پرسیارەی پێ بێ، دەسکەوت و دەرکەوتەکانی بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی چۆناوچۆن بووە؟ ڕادەی شوێندانەری لەسەر بزووتنەوەی گشتی و وردە بزووتنەوەکان چەندە بووە؟ ئەوڕۆیی گوتەنی output ەکانی چ بوون؟

با لە سەرەتادا تەکلیفی خۆم لەگەڵ نێوئاخن و فۆڕم و داڕشت ڕوون کەمەوە، بە باوەڕی من بۆ قوتار بوون لە دۆخێکی پەسیڤ و چەقبەستوو، حیزبێکی سیاسی بەر لەوەی کەڵکەڵەی فۆڕم و پێکهاتەی هەبێ، دەبێ سەرنج بداتە نێوەرۆک، چون لە ڕاستیدا ئەوە نێوەرۆکە کە دواجار قالب و فۆڕمیش دیاری دەکا.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم خاڵەش بکەم کە مەرجی سەرەکی بۆ نوێبوونەوەی هەموو حیزبێکی سیاسی، خەسارناسییەکی لە سەتاسەت دەروونییە بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار. گوتاری نوێ یان بە واتایەکی وردتر پێداچوونەوە بەسەر گوتاردا، هۆکاری زیندوویی و گەشەونەشەی سەرجەم ئەندامانی حیزبە بۆ سازکردنی کەشێکی داهێنەرانە، ڕەخنەگرانە و سازدانی دیالۆگێکی بنیاتنەر. بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، قۆناغی پاش نوێژەنکردنەوەی گوتارە کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەم.

(۲)

ڕەنگە گەڕانەوە بۆ نموونەیەکی مێژوویی لەم نوێبوونەوەیە وەک خاڵگۆڕانێک لە سیاسەتی حیزبیدا، بڕیار و بوێریی شەهید دوکتور قاسملوو بێ بۆ ئەم گۆڕانە. شەهید دوکتور قاسملوو دەکرێ وەک یەکەم کەس سەیر بکرێ کە لە دوو قۆناغدا توانی شێواز و مەیدان و بەردەنگی خەبات بگۆڕێ. جاری یەکەم بە هێنانە گۆڕی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، واتە تێپەڕین لە "سۆسیالیزمی مەوجوود" بەرەو "سۆسیالیزمێکی خۆجێیی" گونجاو لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری، بۆ بەردەنگی کورد و دواجار گەیشتن بە "سۆسیال دێموکراسی" بە مانا ئەمرۆییەکەی ڕوو بە ئورووپا و ئەمریکا. دوکتور قاسملوو بە نووسینی کورتەباس لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە پێداگر بوو لەسەر ئەم باسە، دەیویست حیزبی دێموکرات بەرەو دەڤەر و ئاقارێکی تر بەرێ و سیمایەکی نوێ لە حیزبەکەی نیشانی ڕۆژئاوا بدا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ بە گۆڕینی شێوازی خەبات لە مەیدانێکی جیاوازتر مانۆڕ بدا لەگەڵ بەردەنگی بیانی!

قۆناغەکەی دواتر ئەوە بوو کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دیسان قاسملوو توانی سێ توخمی شێواز و مەیدان و بەردەنگ بخاتە ژێر هزری وردی خۆیەوە. خەباتی چەکداری بوو بە شێوازی سەرەکیی بزووتنەوە (ئەگەرچی داسەپێندراو)، گۆڕەپانی خەبات بوو بە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەنگەکەشی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک. بەڵام هەر لەم قۆناغەدا بە حوکمی پتانسییەلە تاکەکەسییەکانی خۆی و داهێنانی سەبارەت بە کورتە باس، بوارەکەی ڕەخساندبوو کە ڕوو لە ڕۆژاواش بکا و وەک دیارترین سیمای سیاسیی کورد سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، واتە خەبات لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کوردی ئەم پارچە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. ڕەنگە ڕێک هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە بکرێ ڕاکێشانی سەرنجی ئورووپا بۆ کوردانی باشوور بە هۆی قاسملووە تاوتوێ بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر فاکتۆری کات لەم گۆڕانانەدا لەبەر چاو بگرین ڕەنگە بە دەرئەنجامێکی باشتر بگەین. قاسملوو، کەی کورتەباسی نووسی؟ قاسملوو، کەی خەباتی چەکداریی کردە شێوازی سەرەکی؟ قاسملوو، کەی دەستی وتووێژی بۆ لای کۆماری ئیسلامی درێژ کرد؟ لەڕاستیدا ئەم گۆڕانانە بەرهەمی چرکەساتێک نەبوون، بەڵکوو بەرهەمی خوێندنەوەیەکی ورد بوون لە دۆخی بزووتنەوە، لە دۆخی نێوخۆ، لە دۆخی ناوچە و تەنانەت دۆخی نێونەتەوەیی کە هەندێ جار بەرهەمی چەندین ساڵ تێڕامان و خوێندنەوەیەکی وردی خۆی بوون.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا کە قاسملوو خەریکی چەسپاندنی چەمکە تیۆریکەکانە یان گۆڕینی شێواز و مەیدان و بەردەنگە، حەولی گۆڕینی پێکهاتە نادا و ئەم ساختارەی پێ گونجاوترین داڕشتە بۆ حیزبەکەی.

(٣)

قاسملوو بۆیە بەشێک لە مەیدانی خەباتی کردبوو بە هەندەران، چون دەیزانی یەکێ لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانیکردنی ئەم پرسەیە. قاسملوو دەیزانی کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لەنێو میدیاکانی جیهاندا لە بڕەودا بێ تا بتوانێ بۆ دواڕۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا.

لە ماوەی سەرکردایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی کەسایەتیی ناسراوی لە ئورووپا و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە،

**وەک نموونە:**

گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕانسە)، دێیلی تێلیگراف (بریتانیا)، لوسوار (بەلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد تریبیۆن (ئەمریکا)، سەندەی تایمز (بریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمان)، بی بی سی (بریتانیا)، نیووزویک (ئەمریکا)، فاینانشاڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕانسە)، پرێس (تورکیە)، فرانکفۆرتر ئاڵگماینێ (ئاڵمان) و... تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو دەکاتەوە. با دوو نموونە باس بکەین:

**ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پرتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕانسە لە کاتی لە لووتکەدا بوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ:** ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن... فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە و یەکیەتیی سۆڤییەت(ی پێشوو)دا دابەش کراوە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوت کراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدێکدا کە لە ٢٨ی مارس پێشکەشی خومەینی کردوە، خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدراسیۆن لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا بووە و...

**پرتیراژترین ڕۆژنامەی ئاڵمان زوددۆیچە تسایتونگ** لە ١ - ٩ - ١٩٧٩دا باس لەوە دەکا کە کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا لە وڵاتانی ئەندامی **Non-Aligned Movement** لە هاڤانا داوای کردوە سیاسەتەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەمبەر کوشتاری کوردی ئێران ئیدانە بکەن.

بێگومان قورسایی هەرەزۆری ئەرکی بەجیهانی کردنی پرسی کورد لە دەیەی هەشتای زایینیدا تا ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو مابوو، لەئەستۆی خۆی بوو. با ویژدان سەنگی محەک بێ، سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی مێدیایی و سۆشیال مێدیایی لەو سەردەمەدا، توانی سەرنجی مێدیا بەناوبانگەکانی جیهانی بۆ لای خۆی و پرسی نەتەوەکەی ڕابکێشێ.

(٤)

هەنووکە بەپێی ئەم پتانسییەلە مێدیاییەوە و بوونی دەیان ڕێکخراوەی سیاسی نێونەتەوەیی (کە شارەزای دۆزی کوردن) و حزووری کەسانی ئاکادیمیسییەن و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، جێی خۆیەتی بە هەموو چەشنێ ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی تۆکمە و پلاندار سەرلەنوێ ساز درێتەوە و سەرنجی مێدیاکانی جیهان کە ئێستا وەک مێدیای نێونەتەوەیی دەور دەگێڕن و لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و ڕای گشتی نەتەوەکانی خۆیان و تەنانەت دەوڵەتانی تریش شوێندانەرن، بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕابکێشن. هەرچەند بەداخەوە سەرەڕای ئەم پتانسییەلە سەردەمیانە، بە حەشیمەتێکی نیزیک بە چل میلیۆن کورد، ئێستاش پاش ساڵەهای ساڵ بڵاڤۆکێکی ئاکادیمیکی دەوڵەمەند و بەهێزی (**ISI**) لە نێو کورددا نییە کە بکرێ وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانستی لە لایەن پسپۆرانی نەتەوەکانی ترەوە سەیر بکرێ و بەهای پێ بدرێ و ئەمە بەڕاستی بۆشاییەکی گەورەیە.

لە لایەکی ترەوە ئێستا کە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستاوە و هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات دەمێک ساڵە لە باشوور قەتیس ماوە و نەبوونی ئەم "حزوورە" لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک گەورەترین خەسار، کەڵک وەرگرتن لە وزەی ئەم مێدیا جیهانیانە دەروازەیەکی نوێی خەباتمان بە ڕوودا دەکاتەوە... ڕێک وەک ئەوەی دوکتور قاسملوو کردی!

دیارە کە باس لە گۆڕینی شێوازی خەبات، گۆڕینی گۆڕەپانی خەبات و گۆڕینی بەردەنگ دەکەین بەم مانایە نییە کە ئەو چەمکەی وەک خەباتی فرەڕەهەندە نێودێرمان کردوە لەبیر بکەین، واتە کەلک وەرگرتن لە هەموو تواناکان، بەڵکوو جۆرێ خوێندنەوەی واقعبینانەیە بۆ دۆخی حیزبەکان. بە حوکمی دۆخی تایبەتی ئێستای حیزبەکان، گۆڕەپانی خەبات دەبێ بگوازرێتەوە، چون لەڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا خەباتی چەکداری بەم شێوەیە بووز ناخوا و دەبێ تێچوویەکی زۆریشی بۆ بدرێ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو زەینییەتە ڕەنگە نەتوانی وڵامدەرەوە بێ کە پێمان وابێ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی دەکرێ لە نێوخۆ خەباتی مەدەنی یان نافەرمانی مەدەنی بەرێوە بچێ، چون دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەوە داخراوترە ئیزنی ئەوە بدا کورد وەک حیزب و ئۆرگانیزاسیۆن خۆی کۆ کاتەوە.

کەوا بوو ڕێک لەم پنتەڕا دەبێ شێواز و گۆڕەپان و بەردەنگی خەبات بگوازرێتەوە دەرەوەی وڵات واتە ئورووپا و بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوەی دەبێ سەرکردایەتیی کورد نیشانەی بگرێ، سیستەمەکانی دەرەوەی وڵاتن. کۆی سیستەمەکانی وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا وەک ناوەندەکانی: سۆشیال مێدیایی، تینک تانک، ئاکادێمیک، لێکۆڵینەوەیی، ڕاگەیاندن، مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و...

گۆڕینی ئەم سێ توخمە لە خەباتی سیاسیدا دەبێ هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتیژی سەیر بکرێ. لابی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ خێوەتەکەی بەرەو کۆشک و تەلاری دەوڵەتانی تر هەڵ دا، بۆ گۆڕینی بەردەنگ و گۆڕینی گۆڕەپان و دواجار گۆڕینی شێوازی خەبات. واتە دەبێ دیپلۆماسی گشتی وەک هێزی نەرمی بکەوێتە گەڕ، جگە لەوە هیچ دەرەتانێکی تر نییە بۆ کورد بۆ ئەوەی بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بێتەوە. ئەوە کە سەرکرادیەتی سیاسی کورد ئەمرۆ، چەندی پتانسییەلی ئەم کارە و توانایی پراکتیزە کردنی هەیە، وڵامەکەی لای خۆیانە!

١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥


---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان، ماڵپەڕی کوردستان و کورد، رووداو و کوردستان میدیا

کۆکردنەوو و ئامادەکانی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: پووشپەڕی ٢٧٣٦ی کوردی = جوولای ٢٠٢٦ی زایینی





# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ناسر باباخانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوێژو نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

